# کورد و سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان

پێوەندییە ناودەوڵەتییەکان لە ڕۆهەڵاتی ناوین لە ١٩٤٥ەوە

ماریانا خاروداکی

# کورد و سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان

پێوەندییە ناودەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین لە ١٩٤٥ەوە

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
مامکاک

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ماریانا خاروداکی
کورد و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مامکاک
پێداچوونەوەی زمانەوانی: بەدران ئەحمەد حەبیب
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٥٣
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٧٢٠ - ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

# کورد و سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان

ئەم کتێبە ڕووپێو و ڕاڤەکارییەکی درێژپێوی پێوەندییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان و کورد و کاریگەریی ئەم پێوەندییانە لە سەر سیاسەتی ناوەخۆیی و هەرێمی و جیهانی نیشان دەدا. دانیار بە ناو کێشەی کورددا تێ دەپەڕێ لەو ڕێگەیەشەوە شێوەی ئەو تێوەگلانە شی دەکاتەوە کە لە نێوان ولاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کوردی عێراقدا هەیە.

دانیار بۆ ئەوەی توێژینەوەی کێشەکە لە بەرگێکی فرەوانتری پێوەندییە ناو دەوڵەتییەکاندا جێ بکاتەوە، پشتی بە ئەرشیڤی میری بەستووە و ئەو دیمانانەشی کردوونەتە سەرچاوە کە لە باکوری عێراق و لە ولاتە یەکگرتووەکاندا لەگەڵ کەسایەتییە سیاسییەکاندا کردووەتی. چوارچێوەی توێژینەوەکە جەخت لەسەر پێوەندییە هاوپشکەکانی نێوان پاڵەوانەکان (دەوڵەت و بێ دەوڵەت) و جۆرەکانی پێکهاتە مادی و هزرییەکان دەکاتەوە، کەچی درێژەی ڕووپێوەکە و ڕاڤەی پێوەندییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان - کورد، لە تێک هەڵکێشەی لەگەڵ سیاسەتە ناوەخۆیی و هەرێمی و جیهانییەکان توێکڵی توێژینەوە ئەزموونییەکە پێک دێنێ. توێژینەوەی کێشەکە پێی لە سەر تێکەلاویی سیاسەتی ناوەخۆ و دەرەوە دادەگرێ و بە بەشێکی یەک دەستە داینامیکیان لە قەڵەم دەدا و دیسان توێژینەوەی کێشەکە بە دەرکەوتنی ئەو پێوەندییە تێک هەڵکێشە دامەزراوی (موئەسساتی)یەی ولاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کوردی عێراق ڕاڤە دەکات کە هۆیەک بوو بۆ ئەوەی سیاسەتێکی کوردیی ڕەسمیی ڕانەگەیەندراوی ولاتە یەکگرتووەکان لە چوارچێوەی عێراقی دوای سەدام پێک بێنێ.

ئەم کتێبە لە بواری پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی سەبارەت بە زانیاریی پێوەندییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان - کورد و گشت بابەتی پێوەندییە ناونەتەوەییەکانەوە هەیە، سوودێکی گەورەی بۆ ئەوانە دەبێ کە بایەخ بە

پێوەندییە ناونەتەوەییەکان و ڕۆهەڵاتی ناوین و سیاسەتی کوردی دەدەن.

ماریانا خارواکی بڕوانامەی دکتۆرای خۆی لە پەیمانگەی توێژینەوە عەرەبی و ئیسلامییەکانی زانکۆی ئێکستەر وەرگرت. ئێستەش زانایەکی سەربەخۆیە و لە ئەتینای یۆنان کار دەکات و لە بواری توێژینەوەکانیدا بایەخ بە گەلێ لایەن دەدا، لە پێوەندییە ناونەتەوەییەکانەوە تا ڕاڤەکردنی سیاسەتی دەرەوە و تا پێوەندییە ناونەتەوەییەکانی تایبەت بە ڕۆهەڵاتی ناوین، هەموویان دەگرێتەوە.

# پێڕست


سوپاسگوزارییەکان ... 9
کورتکراوکان ... 11
١- پـێـنـاسـین ... 20
١- پێناسین ... 20
٢- ڕێباز ... 22
٣- پێداچوونەوە بەو بابەتانەی لەبارەی کورد و کێشـەی کورد... 25
٤- پێناسەکردنە زاراوەییەکانی نێو نووسینەکان: ڕەخنەیەک ... 33
٥- پێداچوونەوە و ڕەخنەی پەیامی پێوەندییە ناونەتەوەییەکان ... 41
٦- پەیکەری کتێبەکە ... 51
٢- سرووشتی فرە ڕووی کێشـەی کورد ... 67
١- پێشەکی ... 67
٢- دیدەنیی هزریی کێشەی کورد ... 70
٣- ڕیشە مێژووییەکانی کێشەی کورد ... 74
٤- پەیدابوونی کێشەی کورد: فاکتەرە ناوەخۆیی و دەرەکییەکان ... 78
٥- کێشەی کورد: پێوەندیی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد ... 90
٦- پاشبەند ... 106
٣- سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان... 137
١- پێشینە ... 137
٢- شرۆڤەکردنی سیاسەتی دەرەوە: قسە و کردەوە ... 139
٣- ئەو فاکتەرانەی دروستبوونی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان... 145
٤- سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆهەڵاتی ناوین لە ١٩٤٥ەوە: ... 161
٥- سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە سەدەی بیست و یەکەمدا ... 183
٦- پاشبەند ... 192

٤- سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبەر بە کورد ١٩٤٥ - ٩٠ ........... 229
١- پێشـینە ..................... 229
٢- سیاسەتی دەروەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبەری کورد ..................... 231
٣- کێشەی کورد لە سەردەمی شەڕی ساردداا ..................... 236
٤- گۆڕانی فاکتەری کورد لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە... ............ 272
٥- بەرەنجـام ..................... 276
٥- سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبەری کورددا، ١٩٩١-٢٠٠٣ ...... 295
١- بەرکـوڵ ..................... 295
٢- سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبەری کورد لە١٩٩١تا١٩٩٨... 297
٣- سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لەبەرانبەری کورددا هەر لە١٩٩٨ ... 331
٤- بەرەنجـام ..................... 354
٦- وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد لە سەردەمی دوای سەدامدا (٢٠٠٣-٩) ..................... 382
١- بەرکـوڵ ..................... 382
٢- پەرەسەندنەکان لە ٢٠٠٣وە ..................... 384
٣- بەرەنجـام ..................... 407
٧- هێما و بەرەنجامە گشتییەکان ..................... 423
١- پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد و پێوەندییە ناونەتەوەییەکان ...... 423
٢- بەرەنجـام ..................... 436
پاشبەند ..................... 451
بیبلۆگرافیا ..................... 473

## سوپاسگوزارییەکان

ئەم توێژینەوەیە درێژەی نامەی دکتۆرایەکەمە کە لە ئاداری ٢٠٠٩دا، پێشکێشی زانکۆی ئێکستەر (پەیمانگەی توێژینەوە عەرەبی و ئیسلامییەکان)م کردبوو. دامەزراوی زەمالەکانی دەوڵەت IKY لە یۆنان لایەنی دارایی توێژینەوەکانی دکتۆرایەکەی بۆ مسۆگەر کردم. ئەو هاندان و پشتیوانییەی لە دەستپێکی خوێندنەکەمدا پرۆفێسەر ئالێکس جودسی لێی کردم، شایەنی ئەوپەڕی سوپاسگوزارییە.

هەروەها پێم خۆشە سوپاسێکی زۆری ئەندامانی دەستەی پەیمانگەی توێژینەوە عەرەبی و ئیسلامییەکانی زانکۆی ئێکستەر بکەم: سەرپەرشتیارەکەم پرۆفێسۆر گارێت ستانسفیلد یارمەتیی زۆری دام بەو پشتیوانییەی لە کارە مەیدانییەکانی واشنتۆن دیسی و ناوچە ئۆتۆنۆمییە کوردییەکەی کوردستان لە باکوری عێراق لێی کردم. سوپاسی پرۆفێسەر ئیون ئاندرسنیش دەکەم لەبەرئەوەی زۆر ئامۆژگاریی کردم. پێویستە سوپاسی پرۆفێسەر گەرد نۆنمەنیش بکەم لەبەرئەوەی ئەویش لە پەیژە کۆتاییەکانی ئەم نامەیەمدا فرە زانیاریی پێ دام و گەلەکیش ئامۆژگاریی کردم کە هەموویان فرە گرینگ و زۆریش جێی بەرز نرخاندنن.

هەروەها ستایشی ئەوانەش دەکەم کە دیمانەم لەگەڵیاندا کرد بە تایبەتیش بەڕێز فەلاح مستەفا بەکر (سەرۆکی پێوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق) و بەڕێز قوباد تاڵەبانی (نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا) بە بێ زەخیرەی ئەوان ڕەنگ بوو واتەی ئەم کتێبە کەمتر بووایە.

دوور لە چاوپێکەوتنەکانیش، کتێبخانەکانی زانکۆی ئێکستەر و زانکۆی سەسێکس لە شانشینی یەکگرتوو و بەشی ئەرشیڤی نەتەوەیی لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا، سەرچاوە سەرەکییەکانی بابەتی ئەم توێژینەوەیان بۆ بەردەست کردم. هەروەها سوپاسگوزاری خاتوو لیندی ئەیوبیم بۆ

ئەو پێشنیـازانەی بەنـووسینـەوە پێشکەشی کـردم. لە کۆتاییشـدا، من ئەم کتێبـە پێشکێشی هەمـوو ئەو (پێشمـەرگانە) دەکەم بـە بنەمـاڵەکەشـمـەوە، بۆ نموونە بۆ ئەوانەی بە هەمـوو دڵسۆزییانەوە و کۆڵنەدەرانە بە درێژاییی ژیانیان خـەباتیـان بۆ مانەوە و بۆ ئازادی و بۆ مافەکان کردووە.

# کورتکراوەکان

ABM Anti-Ballistic Missile Treaty

پەیمانی دژە مووشەکی بالاستی

AIPAC American_Israel Public Affairs Committee

کۆمیتەی کاروبارە هاوبەشەکانی ئەمەریکی _ ئیسرائیلی

AKIN American Kurdish Information Network

تۆڕی زانیاری کوردی ئەمەریکی

AKP AdaletveKalkınmaPartisi_Justice and Development Party

پارتی داد و گەشەپێدان

AP AdaletPartisiˆgJustice Party

پارتی داد

BDP BarfiveDemokrasiPartisi _ Peace and Democracy Party

پارتی ئاشتی و دیموکراسی

CENTO Central Treaty Organization

ڕێکخراوی پەیمانی ناوەندی

CIA Central Intelligence Agency

ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندی

DDKO DevrimciDoˆguKulturOcakları_Revolutionary Cultural Hearths of-

the East

کۆمەڵەکانی نەریتی شۆڕشگێڕیی ڕۆهەڵات

DEHAP DemokratikHalkPartisi_People Democratic Party

پارتی دیموکراتی گەل

DEP DemokrasiPartisi_Democracy Party

پارتی دیموکراتی

DP DemokratPartisi_Democratic Party

پارتی دیموکراتی

DTK Democratic Society Congress

کۆنگرەی کۆمەڵی دیموکراتی

DTP DemokratikToplumPartisi_Democratic Society Party

پارتی کۆمەڵی دیموکرات

EMASYA Security, Order and Co-Operation Protocol

پرۆتۆکۆلی ئاسایش و ڕێکی و هاریکاری

EU European Union

یەکەتیی ئەوروپا

FBI Federal Bureau of Investigation

بیرۆی لێکۆڵینەوەی فێدراڵ

FIS Front Islamique du Salut_Islamic Salvation Front

بەرەی ڕزگاریی ئیسلامی

HADEP Halk_nDemokrasiPartisi_People's Democracy Party

پارتی دیموکراسی گەل

HAK-PAR HakveOzgurluklerPartisi_Rights and Freedoms Party

پارتی ماف و ئازادییەکان

HEP Halk_nEmekPartisi_People's Labour Party

پارتی کاری گەل

IAEA International Atomic Energy Agency

ئاژانسی وزەی ئەتۆمیی ناو نەتەوەیی

ICP Iraq Communist Party

حزبی شیوعی عێراق

INA Iraq National Accord

ویفاقی نیشتمانیی عێراق

INC Iraqi National Congress

کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقی

KADEK KongreyaAzadi u Demokrasiya Kurdistan_Kurdistan Freedom andDemocracy Congress

کۆنگرەیا ئازادی و دیموکراسیا کوردستان _ کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی کوردستان

KCK KomaCivaken Kurdistan_People’s Confederation of Kurdistan

کۆما جڤاکێن کوردستان – کۆنفیدراسیۆنی گەلی کوردستان

KDP Kurdistan Democratic Party_PartiyaDemokrat a Kurdistan

پارتی دیموکراتی کوردستان

KDP-Bakur Kurdistan Democratic Party-North_PartiyaDemokrat a Kurdistan _Bakur

پارتیا دیموکراتا کوردستان – باکور، پارتی دیموکراتی کوردستان – باکور

KDPI Kurdistan Democratic Party of Iran_PartiDemokratiKurdistaniEran

حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

KDPS Kurdistan Democratic Party of Syria_PartiyaDemokrat a Kurdistan-Suriye

پارتی دیموکراتی کوردستانی – سوریا

KDPT Kurdistan Democratic Party of Turkey_PartiyaDemokrat a KurdistanaTurkiye

پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا

KKK Koma Komalen Kurdistan_Democratic Confederation of Kurdistan

کۆما کۆمەلێن کوردستان – کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتی کوردستان

KNA Kurdistan National Assembly

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان

KNAS Kurdistan National Assembly of Syria

ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانیی سوریا

KNCNA Kurdish National Congress of North America

کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی باکوری ئەمەریکا

Komala Organization of Revolutionary Workers of Iranian Kurdistan

کۆمەڵە – ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی کرێکارانی کوردستانی ئێران

KPE Kurdistan Parliament in Exile

پەرلەمانی کوردستان لە هەندەران

KRG Kurdistan Regional Government

حکومەتی هەرێمی کوردستان

MGK MilliGuvenlikKurulu_Turkey's National Security Council

ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەییی تورکیا

MIT MilliIstihbaratTefikilatı_The National Intelligence Organization

ڕێکخراوی هەواڵگریی نیشتمانی

NATO North Atlantic Treaty Organization

ڕێکخراوی پەیمانی باکوری ئەتڵەنتی (ناتۆ)

NEA Near Eastern Affairs _ Bureau of the State Department

بیرۆی وەزارەتی دەرەوە

NCRC National Council of the Revolutionary Command

ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتیی شۆڕشی

NCRI National Council of Resistance of Iran

ئەنجومەنی نیشتمانی بەرگریی ئێرانی

NSA National Security Agency

ئاژانسی ئاسایشی نیشتمانی

NSC National Security Council

ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی

OPEC Organization of Petroleum Exporting Countries

ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەی پیترۆل (نەوت)

OPC Operation Provide Comfort

ئۆپەراسیۆنی حەساندنەوە

PADEK PartiyaAzadi u DemokrasiyaKurdistane_Party Freedom and Democracyof Kurdistan

پارتی ئازادی و دیموکراسی کوردستان – پارتیا ئازادی و دیموکراسیا کوردستانی

PJAK PartiJiyaniAzadi Kurdistan_Party for a Free Life in Kurdistan

پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)

PKK PartiyaKarkeren Kurdistan_Kurdistan Workers Party

پارتیا کارکەرێن کوردستان (پ.ک.ک.)

PNAC Project for the New American Century

پرۆژە لە پێناوی سەدەی نوێی ئەمێریکا

PRK-rizgariPartiyaRizgariya Kurdistan_Party of the Liberation of Kurdistan

پارتییا ڕزگارییا کوردستان

KSP Socialist Party of Kurdistan _ PartiyaSosyalist a Kurdistan

پارتیی سۆشیالیستیی کوردستان

PUK Patriotic Union of Kurdistan_YeketiNifitimani Kurdistan

یەکێتی نیشتمانی کوردستان

PWDK PartiyaWelatparezenDemokraten Kurdistan_Patriotic Democratic Partyof Kurdistan

پارتییا ولاتپارێزێن دیموکراتێن کوردستان

RCC Republican Command Council

ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش

SALT Strategic Arms Limitation Talks

سۆڵت _ دانوستاندنەکانی سنووردارییی چەکە ستراتیجییەکان

SCIRI Supreme Council for the Islamic Revolution in Iraq

ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق

TRT 6 Channel of the Turkish Radio and Television Corporation

تی ئارتی ٦ کەناڵێکی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی تورکیایە بە کوردی وەشان دەکرێ

UAR United Arab Republic

کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو

UN United Nations

نەتەوە یەکگرتووەکان

UNICEF United Nations International Children’s Emergency Fund

سندووقی ئیمێرجنسیی منداڵانی ناودەوڵەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان

UNSCOM United Nations Special Commission on Iraq

کۆمسیۆنی تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق

UNSCR United Nations Security Council resolution

بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان

WMD Weapons of Mass Destruction

چەکە کۆمەڵ کاولکارەکان

WP Welfare Party_RefahPartisi

پارتی ڕەفا

## نەخشەکان[١]




نەخشەی ١
نەخشەی سیاسیی شوێنی کورد نیشان دەدا[٢]

---

١ تێبینی: ئەم نەخشانە ڕاستیی سنوورێکی دیارنەکراوی خاکێک نیشان دەدەن کە قەوارەیەکی دەوڵەتیی نییە.

٢ ئەم هێڵکارییە ژمارەی دانیشتوانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوین نیشان دەدەن، ئەو ژمارەیە لە ١٩٩١دا خەملێندراوە و لە ماڵپەڕی:

Kurdistanica.com,http://www.kurdistanica.com
?q=gallery&g20=gallery&g2itemId=95

لە ئـ. پ. بڵاو بووەتەوە (دواجار لە ئاداری ٢٠١٠ چوونەتە ناویەوە.)




نەخشەی ٢

نەخشەی سیاسیی ئەو خاکە نیشان دەدا کە کود داوای دەکەن[٣]

٣ ئەم ویستە تەنیا هەندێ بزووتنەوەی سیاسی دەری دەبڕن و هەموو کورد ئەم ویستەیان نییە.




نەخشەی ٤

نەخشەیەکی ویست ئامێزە[4]

---

٤ سەرچاوەکان: عەبدوڵڵا غەفوور، جیۆگرافیای کوردستان، کەریم زەند، جیۆگرافیای کوردستان www.Ardalan.orgsine,www.google.com/Imagekurdistan هەرێمی کوردستان ، تۆماری ژمارە ١١٩، (دووەم)، کوردستان ٢٠٠٢, هەرچەندە نەخشەکە ناوی هیچ بڵاوکەرەوەیەکی بە سەرەوە نییە، بەڵام تۆمار کرابوو و بە ئاسانی و بە خۆڕایی لە کتێبخانەکانی هەرێمی ئۆتۆنۆمیی کوردستانی عێراق (کوردستان) لە ٢٠٠٧دا، بەدەست دەکەوت. ئەگەر ئەوەمان لە بیر بێ چەندین بزووتنەوەی سیاسیی کوردی هەیە دەبێ ئەوە تێ بگەین ئەم نەخشەیە هیچ نیشانەیەکی ئەوە نیشان نادا کە هەموو ئەو لایەنە سیاسییانە هەمان ویستیان هەبێ. ئامانج تەنیا ئەوەیە لە خوێنەر بگەیەنین چۆن لایەنە جودا کوردییەکان ویستەکانی خۆیان سەبارەت بە سەروەریی خاکی هەر وڵاتێکی هاوسنووریان، دەردەبڕن.

# ١ – پێناسین

١– پێناسین

ئەم کتێبە لە ڕۆڵی کورد لە سیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکان، لە شەڕی دووەمی جیهانییەوە تا شەڕی سێیەمی کەنداو (ئاداری ٢٠٠٣) و لە ئەنجامەکانی دەکۆڵێتەوە[1]. کێشەی سەرەکی کە ئەو توێژینەوەیە گەرەکیەتی بە پوختەیی هەڵی بداتەوە ئەوەیە ئاخۆ کورد کاریان لە سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان کردووە و دەشیەوێ بزانێ ئەگەر ئەم جۆرە پێوەندییە لە نێوان سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان و کورددا لە شێوەی پێوەندییەکی هاوپشکی دەوڵەتێک و نا–دەوڵەتێکدا هەبێ. من بە تایبەتیش دەمەوێ داینامیکەکانی ئەو جومگەیەی نێوان سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان و کورد، لە ڕێگەی چوونە ناو چەند کردەیەکدا، بدۆزمەوە، بۆ ئەوەی بەڵگەی سروشتیی گەشەکردنی ئەو جومگەیە بسەلمێنم.

کێشەی کورد کە لەم دواییانەدا دیسان سەرنجی ناونەتەوەیی و ناوخۆییی ڕاکێشاوەتەوە، چەند پارچەی یەکەیەکی گریمەنی پێک دێنێ کە دەخوازێ مافە کۆمەلایەتی سیاسی و مەدەنی و کولتوورییەکان بە پێی یاسای ناودەوڵەتی وەربگرێ و ئەو فاکتەرە هەرە گرینگەشە کە کار لە گۆڕانکارییەکانی سەرتاسەری ناوچەکە و هەموو دنیاش دەکات. ڕۆڵی کێشەی کورد بەو لایەنەی کە جومگەی نێوان کورد و سیاسەتی هەرێمی و ناودەوڵەتییە، تا ئێستە، بە پێی گرینگیی دیفاکتۆی، سەرنجی ئەکادیمیی ڕانەکێشاوە، بەلام ئەو ڕووداوانەی ئێستە لە عێراق ڕوودەدەن و کێشەی بەردەوامی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK و دووبارە سەرهەڵدانەوەی کێشەی کورد لە سوریا بەبیری دونیای هێناوەتەوە کە لە ١٩٢٠ەوە کێشەی کورد لە ڕۆهەلاتی ناویندا چەند بە گرینگی ماوەتەوە.

لە ئەدەبیاتی ئێستەدا شتێکی کەم هەیە بایەخ بە ناواخنی ئەزموونی و

هزرۆکیی ئەم توێژینەوەی کێشەیە بدات. تاکە شتێک لەم بارەیەوە هەبێ ئەو کتێبە سەرچاوەیەیە کە لە ٢٠٠٤ لوقمان محۆ، بە ناوی کێشەی کورد لە ناو سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا[٢] دای ناوە و ئەم کتێبە سەرچاوەیەش، بە قسەی دانیارەکەی، هیچ ڕاڤەگوزارییەکی تایبەتی بابەتەکەی تێدا نییە، بگرە هەندێ کەرەستەی پێویست لەبەر دەستی خوێنەر دادەنێ بۆ ئەوەی پتر لێکۆڵینەوەی لێ بکات. ئەم کەمبایەخییە زانستییە و نەبوونی ڕێبازی سیاسیی گونجاو بۆ کێشەکە ئەوە دەگەیەنێ کە پێویست بە توێژینەوەیێکی قووڵی پێوەندیی نێوان سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد هەیە. هەرچەندە توێژینەوەی کوردی لەم دواییانەدا خەریکە گەشە دەکات، بەڵام هێشتا ئەم ئەدەبیاتەی ئێستە، ئەم ڕێبازە تایبەتە سیاسییەی کەمە، کە کورد لە چەقی هەر توێژینەوەیێکدا شوێن بکاتەوە. جگە لەمەش، ئەو کەمبایەخدانەی ڕێبازی پێوەندییە ناونەتەوەییەکان بە تێک هەڵکێشەی دەوڵەتان و ئەو ئاکتەرە تازە دەرکەوتووانەی بێ دەوڵەت هۆیەکی ژیرانەیە بۆ ئەوەی ئەم توێژینەوەی ئەم کێشەیە بایەخی تایبەتی پێ بدرێ. بەشی سەرەکیی سەرچاوەکانی تایبەت بە کورد و کێشەکەیان (کە بە زۆری لە ١٩٧٠وە بایەخی پێ دراوە) یان تەنیا باسی ناسنامەی کۆمەڵایەتیی سیاسی و ئەنترۆپۆلۆجیای کوردی کردووە، ئەگەریش نا ئەوە هەر لە نێوانی ڕاڤەکردنی لایەنە سیاسی و ناوەخۆییەکانی ڕۆهەڵاتی ناوینەوە ئاماژەی بۆ کێشەکە کردووە.

ئامانجی سەرەکیی ئەم کتێبە ئەوەیە تێڕوانینێکی جێگرەوە لەبارەی کێشەی کوردییەوە پێشکێش بکات و گرینگییەکی تایبەتیش بە ڕۆڵی کورد، وەک ئاکتەرێکی نا دەوڵەت non-state، لە پێوەندییە هەرێمی و ناونەتەوەییەکاندا بدات، بە جوداش پێوەندیی بە وڵاتە یەکگرتووەکانەوە دەربخات. من ئەم کاریگەرییەی لە سیاسەتی هەرێمی و ناونەتەوەیی بەدەر دەخەم و بە پێچەوانەشەوە، ئەوەش بەدەر دەخەم کە تێک هەڵکێشییان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆهەڵاتی ناوین چۆن ئەوانی بۆ خۆیان کردووەتە یاریزانێکی پایەدار[٣].

توێژینەوەکە هەردووک لایەنی ئەزموونگەری و هزربەندی دەگرێتەوە. لەلایەنی ئەزموونییەوە، ڕێبازێکی پسپۆڕیی فرەلایەنە بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ پێشینەی مێژوویی بەکار دێنم بۆ ئەوەی ئەم نموونانە بە گوێرەی ڕۆیشتە (سیاق)ی هەرێمی و ناودەوڵەتی بە درێژی ڕوون بکەمەوە بۆ ئەوەش هەوڵ دەدەم نموونەی ڕەوشت و

کـارکـردنی پێکڕاییی کـورد و وڵاتـە یەکگرتووەکـان لێک بدەمـەوە. لە لایـەنی هزربەندیشـەوە، بەشـی دووەم کێـشـەی کـورد دەسـتنیشـان دەکـات و بە درێژیش دیاریی دەکات دەبێ چۆن تەماشای کێشەی کورد بکرێ. بەشی حەوتەمیش هەوڵی ئەوە دەدا چـۆن بکرێ ئـەو تێک هـەڵکێـشـەی وڵاتـە یەکگرتووەکـان کـورد بە پـێی بنەوای پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان ڕاڤە بکرێ.

هـەر چەندە بە پێی زانیـاریی خۆم، هیچ توێژینەوەیەک لـە قەبارەی کتێب لەبارەی ئەم بابـەتەوە نیـیـە، بەڵام هێـشـتـا شـیـتـەڵکردنەوەکـانی من لەگـەڵ دیارترین ئەو توێژینەوە زانسـتیـیانەی تر بە یەک دەگەنەوە کە بایەخ بـە کێشـەکە دەدەن و لـەگەڵ ناوەڕۆکی نامـەکەشـمدا دەگونجێن. ئامـانجـیش ئەوە نیـیـە هـەر بۆ ڕەخنەگـرتن، ڕەخنە لەو نـووسـینـانە بگرم کـە ئێسـتـە هـەن، بگرە بۆ ئەوەیە هـەمـوو ئەو کـونج و کەلێنانە سـەح بکەمـەوە کە نووسـینیـان تێدا کراوە بۆ ئەوەی پرسـیـارەکـانی خـۆم وەڵام بدەمـەوە و لە هـەمـان کـاتـیـشـدا، هـەر لە بەشـی حـەوتدا هـەوڵ دەدەم لـە سـەر بنەوای ڕاستییە زانستی و گرینگەکانی پێویست بۆ ڕێبازی فرەلایەنە و بە گوێرەی پێوەرە سـەرجەمییەکانیش[٤] وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەمەوە:

ئاخۆ گوتاری سـەرەکیی پێوەندییە ناودەوڵەتییـەکان بە ڕەهایی هەڵسوکەوت لەگەڵ کورد، وەک ئاکتەرێکی نادەوڵەت دەکات؟

ئاخۆ کێشـەی کورد و نووسـانی بە سیاسـەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، تەحـەدایەکی تیـۆری (نظري) تایبـەتی لە پێـوەندییـە ناونـەتەوەییـەکـان یـان لە ڕاڤەکردنی سیاسەتی دەرەوە دەکات؟

جا دەبێ ئەو وەڵامانەی لە توێی ئەم توێژینەوەیەدا دێنە دەست ئەوە نیشان بدەن ئاخۆ پێویستە ڕێبازێکی نوێی بۆ دابڕێژرێ یان نا.

٢- ڕێباز

لەبەرئەوەی بابەتی ئەم توێژینەوەیە پێویستی بە شارەزایی لە کاروباری هەرێمی و جـیـهـانی و کـوردی و مـێـژووی سـیـاسـەتی دەرەوەی وڵاتە یـەکگرتووەکـان لە ڕۆهەڵاتی ناوین هـەیـە، بۆیە چەند ڕێبـازێک پەیڕەو کراون. جگە لەو نووسـینەی کـە لەم بەشـەی خـوارەوەدا خـراوەتە بەر چاو، توێژینەوە ئەزمـوونیـیـەکـەم ئەم کـارە مـەیدانییـانەشی تێدایە کـە لە بـاکـوری عێراق و لـە واشـنتـۆن دیسـی ئەنجـامم دان.

هەرچەندە كۆششى ئەوەشم كرد پێوەندى بە بەرپرسان و ئەكاديمييان لە سوريا و لە توركيادا بكەم، بەڵام بە هۆی هەستیاریی بابەتەکە ئەمەم بۆ نەگونجا. بەم جۆرە، ڕێبازەکەم لە لكاندنی چەند ڕێچكۆڵەیەک پەیدا بوو.

سەرەتا لەو گریمەنی (فَرَضیّة)یەوە دەستم پێ کرد ئاخۆ شتێکی وەک پێوەندیی ولاتە يەكگرتووەكان كورد هەیە و لەوێوە هەوڵم دا بزانم كامانەن ئەو كوردانەی پێوەندییان بە ولاتە يەكگرتووەكانەوە هەیە و ئاخۆ ولاتە يەكگرتووەكان تا ئێستە هیچ سیاسەتێکی کوردیی ساز داوە و ئومێدیشم بووە هێمایەکانی ئەو پێوەندییە پێکەوەیە بە هەردوو ڕووی تیۆری و کردەییەوە ئاشکرا بکەم.

لە دەستپێکی بەشی دووەم، هەندێ نموونە- هێڵکاریم بۆ ڕوونکردنەوە داناوە بۆ تێگەیشتنی کێشەی کورد و ڕۆڵی کێشەکە لە سیاسەتی هەرێمی و دەوڵەتی بۆ ئەوەی لە لایەنی پێوەندییەوە لەگەڵ ئەو ئاکتەرە هەرێمی و دەوڵەتییانە بەراورد بکرێ. لە توێی پێداچوونەوەیەکی مێژووییەوە لەو ڕووداوە گەورانە شارەزا بووم کە پێوەندیی ولاتە يەكگرتووەكان كوردیان نیشان کرد و کۆششیشم کرد بۆ ئەوەی هێما هەرێمی و ناودەوڵەتییەکان و هاندەر و هەڵوێستی ئاکتەرەکانیش ڕاڤە بکەم. بۆ ئەم مەبەستەش کرۆکی ئەو دیمانانەم شیتەڵ کردنەوە کە بە شێوەیێکی مەیلەو ڕێکوپێک لەگەڵ کاربەدەستانی ولاتە يەكگرتووەكان و کورددا کردم. لە دیمانەکاندا، یەک جۆرە پرسیاری گشتی و ورد و کراوەم لێ پرسین. ئەوانەی لە لایەنی کوردییەوە چاوپێکەوتنم لەگەڵیاندا کرد، بە شێوەیەکی سەرەکی ئەو سەرکردە کوردە دیارانە بوون کە لە ١٩٧٠وە ڕۆڵی خۆیان لە پێوەندیی هاوپشکی ولاتە يەكگرتووەكان و کورددا هەبووە. کەسایەتییە گرینگەکان سەرۆکی وەزیران و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ولاتە يەكگرتووەكان و هەندێ کوردی تر بوون کە پێوەندییان بە حکومەتی ولاتە يەكگرتووەكانەوە هەبوو. لەلایەنی ولاتە يەكگرتووەكانیشەوە، دیمانەم لەگەڵ نوێنەرانی کۆنگریسی ولاتە يەكگرتووەكان و کارمەندانی وەزارەتی دەرەوە (سێیانیان، بە هۆی ئەمنییەوە، پێیان باش بوو ناویان نەیە) و توێژەرانی ناوەندی لێکۆڵینەوە think-tank و کەسانی پاڵەپەستۆئامێز lobbyistsدا کرد.

شیتەڵکارییەکە پێویستی بە لێ تێگەیشتنی ئەو ڕاستی و ڕووداوە هەرێمی و

ناودەوڵەتییانەشەوە هەبوو کە لەگەڵ کێشەی توێژینەوەکە دەگونجان.
سەرچاوەکانی ئەمانە داتاکانی ناو ئینتەرنێت بوون وەک ڕاپۆرتەکانی کۆنگریس و ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی CIA و هەندێ لەو بەڵگەنامانەی لە سەر ماڵپەڕە فەرمییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا بوون، بە تایبەتیش ئەوانەی لە وێبسایتی وەزارەتی دەرەوەدا، هەبوون. بۆ ئەوەی پەیڕەوی ڕێبازێکی بەراوردکاریش بکات کتێبەکە بە یەک کات سەیری کێشەی کوردی لە ئێران و سوریا و عێراق و تورکیادا کردووە.

ئەو کەمیی سەرچاوانەی لە سەر بابەتی توێژینەوەکە هەیە، ئەوە نیشان دەدا کە کێشەی کورد هێشتا نەمەییوە و خەریکە دەگۆڕێ. جگە لەمەش، بڵاوکردنەوەی ئەو دۆکیومێنتە فەرمییانەی وڵاتە یەکگرتووەکان کە پێوەندیی بەم بابەتەوە هەیە هەموویان نوێن و هی ٢٠٠٥ یان کەمێک زووتر هی ٢٠٠٣ن و ئەمەش فاکتەرێکە پێویستە بە هەند هەڵبگیرێ. منیش لەلای خۆمەوە، هەوڵم دا ئەم کەلێنە پڕ بکەمەوە و بۆ ئەمەش هانام بۆ کۆمەڵێکی زۆر نووسینی ئەکادیمیایی برد کە لە سەر کورد، وەک نەتەوە و لەبارەی مێژووی کورد و دۆخی ئێستەی کوردەوە نووسراونەتەوە هەروەها سوودم لەو نووسراوانەش وەرگرت، کە لە بارەی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و دەزگای سیاسەتی دەرەوە خۆی بە تەنیا و پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و سەرچاوە گونجاوەکانی تری تایبەت بە وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردەوە، نووسراونەتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، زۆربەی زانیارییە سەرەتاییەکانم لە دیمانەکان و سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکانی حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان و تۆمار و ڕاپۆرتەکانی کۆنگریسی وڵاتە یەکگرتووەکان دەرهێنا.

لە لایەنی دیدەنیشەوە، بۆچوونە شیتەڵکارییەکەی خۆمم لە بواری پێوەندییە ناودەوڵەتییەکاندا وا داناوە کە هەندێ فیکری واقعی لەگەڵ لایەنە بنیاتسازییەکەدا کۆ دەکاتەوە، بەڵام هێشتا شتێک دەخاتە بانیەوە کە تا ڕادەیەک ئەو تێکەڵە سەرەکییەی تێدا کەمە، واتا زەینێکی تایبەتی بە ڕۆڵی ئاکتەرە (نا دەوڵەتەکان) نادات. ڕەنگە (فرەلایەنی) لە هەموو ئەوانە بەکەلکتر بێ کە پێوەندیی بە جۆری ئاکتەر (دەوڵەتان و نا دەوڵەتان و تاک و گرووپ) و بە کاریگەریی تێک هەڵکێشی ئاژانس و ڕێکخراو و بە کۆی هزری و مەتیریالی (مادی)یەوە هەیە. هەرچەندە فرە

کەرەت ڕاڤەگوزارییەکەی من بە جودا دەبیندرێ، بەڵام ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو ڕاڤەکردنە ڕاستەوخۆ پشت بەو بنەوایانە دەبەستێ کە دەشێ و پێویستیشە، پێوەندییە ناودەوڵەتییەکان و ڕاڤەکردنی سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی ناوەخۆش لە بنەڕەتدا بە تێک هەڵکێشە بزاندرێن. ئەمە تاکە ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی وێنەیەکی تێکڕاییی ئەو داینامیکییە دروست بکەین کە جۆرەکانی کارتێکردن و کاریگەریی بەرانبەر لە نێوان لایەنە کارا (نا دەوڵەت)ەکانی وەک کورد کە بە سەر چەند وڵاتێکدا دابەش بوون، لەگەڵ دەوڵەتە هەرێمی و هێزە دەرەکییەکانی وەک وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەو سروشتە پێشکەوتووانەی هەرێمی و ناودەوڵەتی، بە یەکەوە دەبەستێتەوە و ڕاڤەشی دەکات.

٣- پێداچوونەوە بەو بابەتانەی لەبارەی کورد و کێشەی کورد و لایەنە کاریگەرە پێوەندیدارەکانەوە نووسراونەتەوە.

ئاڵۆزیی کێشەی کورد لەو هەموو زاراوانەدا بەدەر دەکەوێ کە بۆ باسکردنی لە نووسینەکاندا بەکار هاتوون و ئەوەتە -پرس question و -گرفت problem - و - دۆخ case نووسراونەتەوە. هیچ تاکە پێناسەیەکیشیان ڕێگەچارەیەکی پێ نییە. بەشی دووەم ڕاڤەی واتە جومگەی کێشەی کورد دەکا و بە کێشە و کێشەکان شییان دەکاتەوە. لایەنە تایبەتەکانی بە واتەی پرس و گرفت و دۆخ لەم بەشەی خوارەوەدا ڕاڤە دەکرێ.

کێشەی کورد وەک دۆخێکی گرینگ لە ئایاری ١٩١٦[٥] سەری هەڵدا و لە پاش لێک ترازانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دابەشبوونی بە سەر دەسەڵاتی هێزە براوەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا کە فرەنسا و ڕووسیا و بەریتانیا بوون دابەش بوو و هەر یەکێکیش لەو هێزانە ڕکەبەریی لایەنەکانی تری دەکرد بۆ ئەوەی پتر کۆنترۆڵی پاشماوەی عوسمانییەکان بکات[٦]. ڕێککەوتنە نهێنییەکەی سایکس ـ پیکۆ لە ١٩١٥، هەرێمی ڕۆهەڵاتی ناوینی، بە مەبەستی ڕێشمەکردنی، بە سەر فرەنسا و بەریتانیادا دابەش کرد، کە لە کۆنفرانسی سان ڕێمۆ لە ١٩٢١، بەریتانیا بە فەرمی ئینتدابی فەڵەستین و عێراقی[٧] پێ سپێردرا، ئەم ڕێککەوتنە کەوتە واری کار پێکردنەوە. بە نیسبەتی بریتانییەکان، کورد لەو کاتیدا، نەتەوەیەک بوو وجوودی خۆی هەبوو و پێویستی دەکرد لە سەر خاکی خۆی و

بەشــێک لەو دەوڵەتـەی عـێـراق کـە تازە پێک هـێندرابـوو پێک بێن و لـەوێ ڕێک بخـرێن، کـەچی لـە کـۆنفـرانسـەکـەی لە دوای شـەڕدا کـرا، بڕیاری سـەرەتاییی زلهـێـزەکـان ئەوە بوو دەوڵەتێک بە کـورد بدەن، بەڵام پاشـتـر بڕیارەکـە گـۆڕا. گـۆڕانـەکـەش لـەبەر ئەوە بـوو ترسـی ئەوە هـاتە گـۆڕێ ڕەنگە ئـەنجـامـەکـانی دروسـتبـوونی دەوڵەتێکی کوردی کار لە مـانەوەی دەوڵەتی عێراق (بە هۆی شـوێنی کێڵگەکانی نەوت لە باکور) بکات و لە پارسەنگی هێزە هەرێمییەکان (بە خواست و لێکدانـەوەکـانی ئـەتاتورک سـەبارەت بە گـرینگیـەتیی ئەو دەوڵەتـە تورکیـیـەی تازە پەیدا دەبوو) بگۆڕێ و لەبەر ئەوەش کورد لە ناو خـۆیاندا یـەک ڕیز نەبوون ئەمـەش ڕەنگ بوو وا بکا پەرت بن و دوایین هـۆی گۆڕانەکەش ئەوە بوو کە لە دوای شـەڕی یەکەمی جیهانی چوار کۆمەڵ پەیدابوون.

بەم شـێـوەیە پێکـهـاتنی بەرژەوەندییە تازەکـانی سیستـمی دەوڵـەتانی ڕۆژهـەڵاتی ناوین، کـوردی کـەل کـرد و بە ناو پێنج دەوڵـەتی جـیـاوازدا دابـەشی کرد. جگە لە یەکەتیی سـۆڤیـەتی پێشوو، کورد بە ناو عێراق و سوریا و تورکیا و ئێراندا پەرت کران. ئێمـەش بۆ مـەبەسـتی ئەم کـتـێبـە تەنیا چوار وڵاتەکـەی دوایی دەخـەینە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوە لەبەرئەوەی کێشەکانی کورد لەو وڵاتانەدا سەریان هەڵدا و لە کـاتی نووسـینی ئەم کـتـێبـە و لەوەتـەی حکومـەتی هـەرێمی کـوردسـتـان لە باکـوری عێراق لە (ئایاری ١٩٩٢) دروست بووە، پـێ دەچـێ گـەشـبـینیی کـورد سـەبارەت بە (کـوردسـتـانـی گـەورە)[٨] تازە بووبـێـتـەوە و تـا ڕادەیەکیش یـەکـێـتـیـیـەکی لە نێـوان بزووتنەوە کوردییـەکاندا پەیدا کردووە – بۆیە ئێستـە ئێمـەش دەتوانین جەخت لەوە بکەینەوە کە لە یەک دەمدا دەتوانین بە چەند لایەنێکی جیاوازەوە باسی کێشـەیەکی کوردی بکـەین و جـیـاوازیی بارودۆخـی کورد لە هـەر وڵاتێکدا ئـەم بۆچوونەش ڕەوا دەکات.

لە ١٩٤٠ بە دواوە، کـێشـەی کـورد لە بندەسـتـیی هـەرێمی دەرچوو و کـەوتە بەر دەسـتـی ئەوروپاییـیـەکـان و لەوانیـشـەوە بۆ وڵاتە یـەکگرتووەکـان هات و ئینجـا کـێـشـەکـە بوو بە کـێـشـەیەکی ناودەوڵەتی[٩] و ئەمـەش کـوردی کـردە گـەمـەبازێکی هـەرێمـــیی گــــەورە. تێک هـەڵچـــوونی کــــورد لـەگــــەڵ یاریزانـە هـەرێمـی و ناونەتەوەیـیـەکاندا، گۆڕانکارییە ناونەتەوەییـەکـانی پێک هێنا، لە لایـەکـیـەوە بە شـێـوەیەکی ڕاسـتـەوخـۆ (وەک دروسـتـبـوونی کـۆمـاری مـەهـاباد) و بە شـێـوەیەکی

ناڕاستەوخۆش (ڕەنگە بەشداری نەکردنی کورد لە شەڕی سەربەخۆییی مستەفا کەمال ١٩٢٢ نەخشەی ڕۆهەڵاتی ناوینی گۆڕیبێت). لە شەڕی سێیەمی کەنداو لە ٢٠٠٣، ڕۆڵی کورد بۆ دانانی سەرەتای سەردەمی پاش سەدام، تا ئەوپەڕ گرینگ بوو. لە هەمان کاتیشدا، ڕۆڵی پ. ک. ک. و سیاسەتەکانی ناوەخۆی تورکیا تایبەت بە کورد[١٠] زۆر کاریگەریی لە سووککردنی بەربەستەکانی سەر کورد هەبوو. لەگەڵ هەموو ئەو شێوە جودایانەی کورد بە ئامانجی وەرگرتنی مافی چارەی خۆ نووسین دەریان دەبڕن، هێشتا دوو فاکتەر هەن شێوازی کێشەی کوردیان داڕشتووە، یەکەمیان پارچەبوونی کورد لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و بوونی بە چوار لەتی جیاواز و دووەمیشیان نکووڵیکردنی هێزە هەرێمی و بیانییەکان لەوەی ڕێگە بە کورد بدەن لە سەر خاکە مێژووییەکەی خۆیدا دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنی. سەرباری ئەم دووەش، فاکتەرێکی تریش هەبووە نەیهێشتووە کورد دەوڵەتی خۆی هەبێ ئەویش ئەوە بووە کورد خۆیان دوودڵ بوونە و بە ڕشتی بەدووی خواستی چارەی خۆنووسینیان نەکەوتوون.[١١] بەشی دووەم ئەوە نیشان دەدا کە دەست تێوەردانی هەرێمی و دەرەکی لە کێشەی کورد، کێشەکەی بەردەوام کردووە و نەیهێشتووە بپسێتەوە و هەر لەو زەمانیشەوە تا ئێستە دەشێ ئامانجەکانی کورد تایبەت بە دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان و بارە گرفتاوییەکەیان و تایبەتمەندییە جودایەکانی نەریتی و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی سیاسییان، کە هەموویان پێکڕا سروشتی کێشەیەکی فرە لایەنە پێک دێنن، بە (کێشە)یەک ناوزەد بکەین.

جا بۆیە وەک کێشەیەک، سروشتییە زنجیرەیەک پرسیار و گرفت لە خۆی بگرێ کە لە ئەنجامی دابەشبوونیان بە سەر چەند دەوڵەتێکدا بەدەرکەوتووە. لەم سەردەمەشدا، ڕەنگە کورد تاکە کێشەی ئاکتەرێکی نادەوڵەتی پێک بێنێ کە تا ڕادەیەک زۆر جیاواز (لە قەرەجەکان) هەموویان بە توندی خۆیان بە (کورد) پێناسە دەکەن. کێشەی کوردی پرسیارێکە لە کن ئەو کوردانە دروست بووە کە بە دوای وەڵامێکدا دەگەڕێن تا بزانن ئاخۆ ئەو ڕۆژە دێ دەوڵەتێکیان پێ بدرێ یان نا[١٢]. لە لایەنی دیرۆکیشەوە، هێزە دەرەکی و هێزە هەرێمییەکان، بەو مەبەستەی بەرژەوەندیی خۆیان پێ بتەوتر بکەن، هەمان پرسیاریان کردووە، بەڵام هەموو ئەو هێزانە لە سەر ئەوە پێک نایەن هەوڵێک بدەن وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە.[١٣] هەرکە کردەوەگەلی کورد ئەو وڵاتانەی تێیاندا دەژین[١٤] و بەرژەوەندیی هێزە

هەرێمی و دەرەکییەکان دەخەنە مەترسییەوە، ئەوان ئەو کات کورد بە گرفت دەزانن. ئەو دەمەی کورد دەست لە بەرۆکی یەکتری دەنێن و شەڕ لەگەڵ یەکتردا دەکەن و ڕێگە لە یەکتر دەگرن و ناهێڵن بەو ئاواتانەیان بگەن کە لە ویستە نەتەوەپەروەرییەکانیانەوە هەڵدەقوڵێ، ئەو کات کێشەی کوردی گرفت بۆ کەسی کورد خۆی دەسازێنێ[١٥]. لەگەڵ ئەمەشدا، شێوەی جودای ئەو گرفت و پرسیارانەی کورد لە وڵاتە جیاوازەکاندا هەیانە یان لە چەند کاتی جودادا هەیانبووە، هەمیشە بەشێکی کێشەی کورد بووە.

ئۆڵسن کێشەی ئێران بە پرسێک دەزانێ و لەو باوەڕەشدایە هێزە هەرێمییەکان، کورد لە دژی یەکتر بە کار دێنن. خۆ ئەمە مشتومڕێکی نوێش نییە، لەبەرئەوەی لە کێشەی کوردی بترازێ، پرسێکی بەم شێوەیە لە ئێران سەری هەڵنەداوە. گشت ئەو مۆزاییکە فرە نەریتییانەی میری، ئەوانەی لە مافەکانی مرۆڤ دەپێچنەوە، هەموو بەشەکانی بزووتنەوەی کوردیان پشتگوێ خستووە و سەرجەم هاوڵاتییانی ئێران بە توخمی فارس دەزانن و ئەگەر بە پێچەوانەی کۆمەڵگە کوردەوارییەکانی تر مافێکی کولتووریشیان هەبێ، بەڵام هەر کەمە[١٦].

سەبارەت بە تورکیاش، وەک گرفتی باشووری ڕۆئاوا ئاماژە بۆ کێشەی کورد دەکات، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەو ناوچانەی باشووری ڕۆئاوا کە زۆرینەی دانیشتووانەکانیان کوردن لەگەڵ شوێنەکانی تری ئەو وڵاتە بەراورد بکرێ، زۆر لەوان دواکەوتووترن[١٧]. گرفتی تریش هەیە، وەک گرفتی پ.ک.ک. و سیاسەتە توندەکانی دەوڵەت بەرانبەری کورد و نکووڵیکردنی کولتوور و مافەکانی مرۆڤی کورد و گرفتی دان نەنان بە کورد و هەوڵەکانی حکومەت بەو مەبەستە دەیدا تا کورد بە هەر هۆیەک بێ، لە نێو کولتووری تورکیدا بتاوێنێتەوە[١٨]. سەرکردایەتی تورکی تا ئەو ڕادەیە چوو کە جاڕی ئەوە بدا شتێک بە ناوی گرفتی کورد لە گۆڕێدا نییە[١٩]، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، دابەشبوونی ناوخۆی ئەنقەرە بووەتە کێشەیەکی نەتەوەیی ناوخۆی وڵات و لەگەڵ ڕکبەرکێی نێوان سەرکردایەتیی سیاسی و عەسکەریدا پێکرا بە ڕێوە دەچن. جگە لەمەش عەسکەریتاری تورک، ڕاستەوخۆ بێ یان نا ڕاستەوخۆ، دەم لە سیاسەت دەکوتێ و بەمەش دووبەرەکییەک پەیدا دەکات کە تەگەرە لە پێش پرۆسەی گۆڕانی دیموکراسی لە تورکیا دروست دەکات[٢٠].

کێشەکەی تریش ئەوەیە کە لە دوای کارەساتی رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە، سیاسەتەکانی میری بەرانبەر بە کورد هەمیشە لەبەر نەشتەری ترسی پارچەبوونی خاک داڕژاون. بەم جۆرە، تورکیا لەو باوەڕەدایە ئەگەر هەر تەنازولێک لە مافە کولتووری یان سیاسییەکاندا بۆ کورد بکرێ، هەڵوێستی تورکە نەتەوەپەرستەکان بەهێز دەکات و کورد دەکاتە گرفتێک و بە ڕووی سەرکردایەتییەکەیدا دەیتەقێنێتەوە[٢١]. ئەو ناوەی کە تورکیا لە کێشەی کوردی ناوە و پێی دەڵێ گرفت چالاکییە توندڕۆیەکانی پارتی کارێکارانی کوردستان پ.ک.ک.ی هێشتا پشت ئەستوورتر کرد و ئاژاوەی دوای گرتنی سەرکردەکەیانی لە کینیا لە ١٦ی شوباتی ١٩٩٩دا تیرتر کرد[٢٢]. بە قسەی دەوڵەتی تورک هێزە دەرەکییەکان ئاگری کێشەی کورد خۆش دەکەن[٢٣].

سەبارەت بە کێشەی سوریاش، هەڵوێستی ڕەسمیی حکومەت ئەوەیە کە لە کۆماری عارەبی سوریادا شتێک نییە پێی بڵێن گرفتی کوردی (...) و کورد هیچ کۆمەڵێک پێک ناهێنن لەبەرئەوەی لە هەموو وڵاتدا دەژین و بەشێکی چنینە (نەسیج)ی کۆمەڵی سوریان[٢٤]. ئەم هەڵوێستەی سوریا لەو گریمانەوە هاتووە کە زۆربەی کوردەکانی سوریا کۆچبەرن و لە تورکیا و عێراقەوە کۆچیان هێناوە[٢٥]. هەر ئەمەشە پرسی هاوڵاتییەتیی کورد و مافە کۆمەڵایەتییەکانی پەیدا کردووە و ڕاڤەی ناسنامەی کوردیش بەوە دەکا کە بیانیی کپکراو و لە بیر کراون[٢٦]. توێژەرێک لە بابەتی پرسی کوردییەوە لە سوریا تێبینیی ئەوەی کردووە کە وا دەوڵەتی سوریا یاری بە کورد دەکات و وەک ئەسپەکەی تەروادە Trojan Horse لە دژی تورکیای بە کار دەهێنێ[٢٧]. دەشێ بڵێین سوریا تا کۆتای ١٩٩٠ەکان پ.ک.ک.ی بەکار هێنا بۆ ئەوەی بنەوای ڕۆڵی سیاسیی تورکیا لە هەرێمەکەدا نەهێڵێ و هەر گرژییەکیش لە کێشەی کوردی خۆیدا سەر هەڵبدا دای بمرکێنێتەوە. سیاسەتەکانی دەوڵەتی وەک ئەوەی مافە مەدەنییەکانی کورد بخوا، هێشتا باری گرفتەکانی کوردی سوریای گرانتر کردووە[٢٨].

لە کۆتاییدا، هەر چەندە وا پێ دەچێ کە لە ١٩٩٠ەکانەوە ئیتر کێشەی کوردی عێراق خەریکە بەرەو پێشەوە دەچێ. بەڵام نائارامیی عێراق و ناسینی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی دیفاکتۆ نەک بە پێی یاسایەکی داڕێژراو و ئەو ڕاستییەش بگرینە بەرچاو کە سەقامگیریی هەرێمەکە لە سەر ترازە، ئەمانە

هەموو گرفتن کە پێویستە چارەسەر بکرێن بۆ ئەوەی کێشەی کورد چارەسەر بکرێ.

بەشی دووەم بارودۆخی کورد و پێوەندیی کورد لەگەڵ ئەو وڵاتانەی تێیاندا دەژین و لەگەڵ وڵاتە یەککگرتووەکانیش بە هۆی نموونەکانی ڕوونکردنەوەوە نیشان دەدات. هەر وەکو تێبینیش دەکرێ، زۆربەی ئەو نووسینە زۆرانەی سوودیان لێ وەرگیراوە بەم لایەنەدا دەچن. بەشێکی زۆریش بۆ لایەنی دیرۆکیی بنەڕەتی کورد و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و نەریتییە کوردییەکان تەرخان کراوە و بە پێی ئەو وڵاتانە ڕێک خراون کە تێیاندا دەژین و کەم شتێکیش باسی سیاسی تێ هەڵچندراوە. ئەم جۆرە نووسینانە بە گشتی وەسفینە و باسی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی کورد لەو وڵاتانەدا دەکەن، کە تێیاندا دەژین. بەڵام ڕەنگە کتێبە نوێیەکەی نادر ئینتسار بە تاکە بەرهەم بژمێردرێ کە سیاسەتی کورد و شوێنی کورد لە چوارچێوەی تارماییەکی هەرێمی و جیهانیدا دیار دەخات[٢٩]. جگە لەوەش ئەم کتێبە ئاماژە بۆ ئەو گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییانە دەکات کە کاریان لە بارودۆخی کورد کردووە، بەڵام لە بنەڕەتدا بایەخ بە سیاسەتی ناوەخۆ و هەرێمی دەدات. ئینتسار بە شێوەیەکی گەلەک چاک و بە درێژی هەقیقەتە مێژووییەکانی کورد لە ئێران و عێراق و تورکیا دەگێڕێتەوە، بەڵام باسی کوردی سوریا فەرامۆش دەکا. لە نێوانی بەرچاوخستنی دەقی سیاسەتی نێوان دەوڵەتە هەرێمییەکانیشدا، ئەو هۆیانە نیشان دەدا کە پێوەندییە سیاسییەکانی نێوان کورد و وڵاتانی دراوسێ دروست دەکات و شوێنەواری ئەو دەست تێوەردانە دەرەکییانەش لەم جۆرە پێوەندییانەدا ڕوون دەکاتەوە بەمەش کۆششێکی سەرەتایی دەست پێ دەکات بۆ ئەوەی لایەنە هەرێمی و دەوڵەتییەکانی کێشەی کورد نیشان بدات.

کتێبەکانی دێیڤد ماکدووڵ[٣٠] و سێ کتێبەکەی کەریم یڵدز[٣١] و کارەکانی دێنس ناتالی[٣٢] و مارتن ڤان برونسن[٣٣] و عەبدوڕەحمان قاسملوو[٣٤] و وەدیع جوەیدە[٣٥] ئەو جۆرە سەرچاوە متمانەدارەن کە زانیاری و توێژینەوەی وردیان پێشکێشی کێشەی کورد کردووە. کتێبی تریش هەن تەنیا تەرکیز لە سەر یەک بابەت یان یەک لایەنی تایبەتی دەکەن. لە نێوانی توێژینەوەکاندا، کوردی تورکیا و ئێران و سوریا و عێراق بە یەک یەکەی یەککگرتوو تەماشا ناکرێن، بگرە تەنیا تەنیا لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکرێ و ئەمەش ڕێگە لە تێگەیشتنی تەواوی کێشەی کورد دەگرێ. خۆ

تەنانەت لەم بابەتانەشدا، خوێنەر لەم توێژینەوانەدا شتێکی سەبارەت بە هەر بارودۆخێکی تایبەتی کورد بۆ ڕوون دەبێتەوە[٣٦].

هەندێ لە دانیارەکان کێشەی کورد وەک ئامێرێک بەکار دێنن بۆ ئەوەی پێوەندییەکانی نێوان هێزەکانی ڕۆهەڵاتی ناوین ڕاڤە بکەن. ڕۆبێرت ئۆڵسن لە کتێبەکەیدا بایەخێکی تایبەتی بە پێوەندیی تورکیا لەگەڵ دراوسێکانی، لە ١٩٩٠ەکان و بە کێشەی کورد داوە[٣٧]. هەروەها کێشەی کوردی لە لایەنی هزری تەشریعی و مرۆیی و ڕاپۆرتەکانی مافەکانی مرۆڤەوەش بە پێی ئەو توێژینەوانەی ئەو ڕێکخراوانەی وەک هیومەن ڕایتس ووٚچ ئەنجامیان داوە، تاووتوێ کراوە.

کارە زانستییەکانی تر بەوە ناویان دەرکردووە کە چەندین ئامێری مەنهەجی و هەندێ کەرستەی نوێیان بەکار هێناوە، یانیش لەبەرئەوەی چەندان ڕێگەی بەدیلیان بۆ نزیککردنەوەی کێشەی کورد پەیڕەو کردووە. لە نێو دوو چینی یەکەمدا، مرۆ دەتوانێ کاری ئێدمۆن غەریب[٣٨] و گارت ستانسفیڵد[٣٩] بەو زانیارییە بنەڕەتییانە بناسێتەوە کە لە سەر بناخەی دیمانەکانی دانیار لە عێراق و لە هەرێمی کورد دروست بوونە. ئەو کتێبەش کە ساڤاس کالێدێریدس لە ١٩٩٩ سەبارەت بە گرتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دایناوە، قسەی شایەدەکان و هەندێ زانیاریی ئاوای بڵاو کردووەتەوە کە مرۆ سەرسوڕماو دەهێڵنەوە[٤٠]. هەرچەندە کتێبەکەی ئەلیزا مارکۆس[٤١] کەموکوڕیی زۆری تێدا هەبووە[٤٢]، بەڵام هێشتا وەک ئەوەکەی پێشتر تەماشا دەکرێت لەبەرئەوەی دانیار فرە چاوپێکەوتنی لەگەڵ کۆنە ئەندامانی پ.ک.ک.دا کردووە. کەچی ڕەنگە کتێبەکەی[٤٣] سامانتا پاوەر تاقە توێژینەوە بێ کە هەڵوێستی کۆنگریس بەرانبەر بە کورد لە درەنگی ١٩٨٠کان و سەرەتای ١٩٩٠ەکاندا ئاشکرا دەکات. لە چینی سێیەمدا، توێژینەوەکانی جێمز سمێنت[٤٤] و نادر ئینتسار[٤٥] وەک ئەو لێکۆڵینەوانەی ناو کتێبەکانی کرینبرۆیک و سپێرل[٤٦] و بارکی و فولەر[٤٧]، هەموویان ڕاستییەکانیان نیشان داوە.

سەبارەت بە کوردی تورکیاش، کتێبەکەی عومەر تاسپیناری بە کارێکی نایاب دەناسرێ[٤٨]، کەچی ڕەنگە کارەکەی لوقمان محۆ یەکەم بێ کە بە ڕاستی بایەخ بە کوردی لوبنان بدات[٤٩]. بەڵام سەبارەت بە هزری نوێوە، هەرچەندە لایەنی سەرەکی نووسینەکەی مەتین هەپەری بەرەو بۆچوونێکی دیرۆکی دەڕوا، بەڵام هێشتا دەشێ

بڵێین کەوا کارەکەی تاکە کتێبە بە وردی نیگاری هەڵوێستی ڕەسمیی تورکی بەرانبەر بە کێشەی کورد کێشاوە[٥٠] و ئیشەکەی هاکان ئۆزوگوڵیش کە لەبارەی نەتەوەپەروەریی کوردییە، شتێکی بە پێزە.[٥١] ئەو بڵاوکراوە بەهادارانەش کە سەرچاوەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بە گشتی و هی ڕۆهەڵاتی ناوین بە تایبەتی پێک دێنن نووسینەکانی لێری ئێڤریست[٥٢] و تیچەرز[٥٣]ن. ئەو بەرهەمانەش کە پێوەندییان بە تێگەیشتنی کێشەکانی سیاسەتی دەرەوە هەیە و فۆکەسیش لە سەر وڵاتە یەکگرتووەکان دەکەن، فرە زۆرن. کتێبەکانی جۆون دەمبرڵ[٥٤] و گلێن پ. هاستێدت[٥٥] و کریستۆفەر کۆوکەر[٥٦] و پفاڵتزگراف[٥٧] و سمیت و هادفیلْد و دەن[٥٨]، سەرباری کتێبەکانی هێنری کیسینگەر، هەموویان بۆ ئەم توێژینەوەی فرە کەڵکدار بوون.

تاکە کتێبێک کە بە تایبەتی توێژینەوە لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد بکات کتێبەکەی محۆ و نیعمەیە. بە قسەی دانەرەکانی، ئەمە سەرچاوەیەکی سادەیە کە باس لە بابەتەکە دەکات بۆ ئەوەی ڕێبازێک بۆ توێژەرانی داهاتوو خۆش بکات و لە ڕاستیشدا فرە بە سوودە[٥٩]. هیچ کتێبێکی تایبەت لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد نەبووە. سەبارەت بەو نووسینانەی ئێستەش، زۆربەیان باس لە کورد و پێوەندییەکانیان لەگەڵ هێزە دەرەکی و هەرێمییەکان دەکەن، کەچی بە راشکاوی دیارە کە توێژینەوەی سیاسیی تایبەت بە گەشەکردنی کێشەی کورد کەمە و ئەوە ئەمە بە دیار دەخات کە لێکۆڵینەوەی زانستیی تایبەت بە کێشەی کورد خۆی وەک یەکەیەکی پارچە نەکراو، زۆر کەمە. گەلەک جاران کێشەی کورد وەک بەشێکی نووسینێک باس دەکرێ کە بایەخ بە کێشەیەکی گەورەتری ڕۆهەڵاتی ناوین دەدات و بەم شێوە کێشەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ کێشەی کورد یەکتری دەگرنەوە. جێی مەترسییە کە هەرگیز بە شێوەیەکی هزرڤانی تاووتوی پێوەندییەکانی کوردی لەگەڵ دەوڵەتە هەرێمییەکان یان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان یانیش شوێنی کورد لە سیستمی ناونەتەوەییدا بە گشتی باس نەکراوە. جگە لەمە دەبینین گەلێک نووسین لەبارەی کوردی تورکیا و عێراقەوە نووسراون، کەچی ئەوانەی باسی باری کوردی ئێران و سوریا دەکەن گەلەک نەقوستانن.[٦٠]

شایانی باسیشە بڵێین کە لە هەندێ لە نووسینەکاندا تێبینی دەکرێ نووسەر

یان لای کێشەی کوردی گرتووە یانیش دژی ڕاوەستاوە. جا بەم شێوەیە دەبینین کارەکەی غەریب کە لە بنەڕەتدا لەبارەی ئەرشیڤی نووسیوەتەوە، کتێبێکی بەرچاوە، بەڵام کە زەینی پارسەنگی سەرچاوەکانی دەکەین دەزانین لایەنی عێراقی کاری تێ کردووە[٦١] و هەر لەم لایەنەشەوە باسی دانوستاندنی بەیانی ١٩٧٠کان، سەدام حوسێن ویستوویەتی کە کێشەی کورد چارەسەر بکات بۆ ئەمەش چەند لاپەڕەیەکی سپی لە بەر دەستی بارزانی دانا بۆ ئەوەی خواستەکانی خۆی تێیاندا بنووسێتەوە و گوتی کە لەوێ ناڕوا تا هەردووک لا مۆری نەکەن و بە گۆتەی ئەو، مەحموود عوسمان کە ئەندامێکی شاندی کورد بووە، ئەمەی ڕەت کردووەتەوە[٦٢].

بەم شێوەیە، بە ئاشکرا لەم کتێبەدا دیارە کە دۆخێک هەیە لەو گۆشەیەوە باسی کێشەی کورد دەکات کە فۆکەس لە سەر تێوەگلانی کورد لەگەڵ هێزە هەرێمی و ناونەتەوەییەکانی وەک وڵاتە یەکگرتووەکان دەکات بەو واتەیەی کە بەشێکە لە کێشەکە و لێی جودا نابێتەوە و ئەوەش دەداتە بەر نشتەر گۆیا کورد تێکەڵی گۆڕانکارییە هەرێمی و ناودەوڵەتییەکان بوونە و لە هەمان کاتیشدا زەینی پێوەندییە ناوەخۆییەکانی کوردیش دەدات.

٤- پێناسەکردنە زاراوەییەکانی نێو نووسینەکان: ڕەخنەیەک

لە لایەنی باس لێکردنی زاراوەکانی تایبەت بەو ئەدەبەی لەبارەی کورد نووسراوەتەوە و بۆ ئەوەی ڕەخنەیەکی کورتی ئاراستە بکەین، من لە سەر ئەوە ڕشتم کە ڕەوایە وەک ئاکتەری نا دەوڵەت ئاماژەیان بۆ بکەم. بێجگە لە دەوڵەتە ئاکتەرەکان، لە ناو پێوەندییە ناونەتەوەییەکاندا ئەو یەکە بنەڕەتییانەی کە کارا و کاریگەرن ئەو تاکانەن کە کار دەکەن و کاردانەوەیان هەیە، جا بە تەنیایی یانیش پێکرا بە کۆمەڵ کار دەکەن. ئەو ئاکتەرانە بە زۆری بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان کار دەکەن یان دەتوانن ئەندامانی کۆمەڵگەی گەورەتر لەناو خۆیاندا بگرن. بۆیە من وا لە ئاکتەرە نا دەوڵەتەکان دەگەم کە ئەوانە لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتێکدا ڕێک نەخراون و تایبەتمەندییەکی لە شێوەی دەوڵەتیان لێ دیار نییە و لە کۆمەڵێک تاکە کەس پێک هاتوون ئامانجی هاوبەشیان هەیە و دەتوانن لەگەڵ سیستەمی ناودەوڵەتیدا بگونجێن. لەبەر ئەمەشە دەشێ ناسنامەیان جودا بێت لەبەرئەوەی: دەتوانن (ئـ) سەربەخۆ بن یان (ب) سەر بە دەوڵەتێک (یان کۆمەڵێک دەوڵەت) بن،

دەشێ ببنە (پ) چەند ڕێکخراوێکی ناحکومەتی یان (ت) چەند کەلێکی کۆمەڵێک لەبەر سێبەری گرووپێکدا پێک بێن، ئەگەر نا دەتوانن (ج) ببنە قەوارەیەک کە هەموو دونیا دانیان پێدا بنێ. دەتوانن لە بواری ئابووری و ئاینی و سیاسی ـ کۆمەڵایەتیدا کارابن و کاریگەریی سیاسیشیان هەبێ.

ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا بە پێویستی دەزانی کە وا دەبێ چوارچێوەیەک ڕێک بخرێ بۆ ئەوەی هەموو ئاکتەرە دەوڵەتی و نا دەوڵەتییەکان کۆ بکاتەوە، لەبەرئەوەی ئاکتەرە نا دەوڵەتەکان بوون کە پێوەندییە ناودەوڵەتییەکانی سەدەی ٢٠ەمیان ڕێک خست و هەر ئەوانیش بوون بەڕێوەیان برد، لەبەرئەوەی سەرچاوە زانستییەکانی ئاکتەرە کاریگەرە نا دەوڵەتییەکان دەگمەن بوون[٦٣]. جیهانگەری و بەدیارکەوتنی ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانەی لەوەتەی ١٩٨٠کانەوە بایەخ بە ئابووری دەدەن و ئاکتەرە نا دەوڵەتییە نەتەوەپەروەرەکانی لە ١٩٦٠ەکانەوە چالاکن و بەدەرکەوتنی ئاکتەری نوێ ئەوانەی لە دوای ٩/١١وە لە مەیدانن و ڕۆڵی پ.ک.ک. و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (ئایاری ١٩٩٢)دا کاریگەرییان لە کۆمەڵگەی ناونەتەوەییدا هەیە و دەری دەخەن کە وا پێویستە لەو ئاکتەرە نا دەوڵەتییانە بکۆڵدرێتەوە کە بۆ ئەجێندەی سیاسیی دەرەکیی تایبەتی خۆیان سەبارەت بە پێوەندییە ناودەوڵەتییەکان کار دەکەن.

سێ هۆ هەن وایان کردووە کێشەی کورد وەک ئاکتەرێکی نا دەوڵەت گرینگییەکی ئەوپەڕ تایبەتی لە بیردۆزەی پێوەندییە ناونەتەوەییەکاندا هەبێ. یەکەم: وەک ئەوەی تێبینی کراوە، سەرچاوەیەکی کەم لەو بابەتەدا هەیە کە لایەنە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان بە یاریزانی کاریگەر لە پێوەندییە ناونەتەوەییەکاندا دەزانێ کە لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتدا تەفاعول دەکات. بەم جۆرە، کەمیی ئەو نووسینانە ئاشکرا کراوە کە بایەخ بە گرووپە ئاینی و سیاسییەکان دەدەن. جا بە پێی ئەم بنەوایە، کتێبەکە هەوڵ دەدا ئەم کەلەنە پڕ بکاتەوە کە هزرڤانانی پێوەندییە ناونەتەوەییەکان لەم لایەنەوە بەجێیان هێشتووە[٦٤] و بۆ ئەمەش پێوەندیی نێوان ئاکتەرە دەوڵەت و نا دەوڵەتەکان دەورووژێنێ.

زۆربەی ئەوەی لەبارەی لایەنە کاریگەرە نا دەوڵەتەکانەوە نووسراوە لە بنەڕەتدا جەخت لە سەر ڕێکخراوە ناحکومەتییەکان و ڕێکخراوە ناونەتەوەییەکان و دەزگا

ئابوورییەکان دەکاتەوە. ئارنۆڵد وۆڵفەرز تاکە زانایەک نییە کە دەزگا ئابوورییەکان و ڕێکخراوە ناونەتەوەییەکان وەک ئاکتەری نا دەوڵەت لە پێوەندییە ناونەتەوەییەکاندا بناسێنێ[٦٥]. کەچی ڤێربریک ڤان ئوفۆرد بەشێکی بە تەواوەتی بۆ کاریگەری لە سەر سیاسەتی دنیای ئاکتەرە ئابوورییەکانی وەک ڕێکخراوە هاو دەرامەتەکانەوە تەرخان کردووە.[٦٦] بە هەمان ڕێگە، بێرچڵ نا ئاکتەرەکانی لەگەڵ کۆمپانیا سەرتاسەرییەکانی وڵات transnational corporations و کۆمەڵەکانی وەبەرهەمهێنان و ئاکتەرە ئابوورییەکان پارسەنگ داوە.[٦٧] کەچی بیێلێر ئەم دەزگایانە دەستەبەند دەکات دەیانخاتە ناو (ئاکتەرە کاریگەرەکانی کەرتی تایبەت) کە ئەوانیش لە بەرانبەردا جودا دەکاتەوە و لە ناو TNC (کۆمپانیا سەرتاسەرییەکانی وڵات) و MNC (کۆمپانیا فرە نەتەوەییەکان) و NGO (ڕێکخراوە نا حکومییەکان)یان ڕیز دەکات (بە پێچەوانەشەوە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جیهانییەکان)، ئەمانە یان دەبێ بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی سەرپەرشتییان بکرێ وەک ئەوەی بە زۆری لە ڕۆئاوادا ڕوو دەدات و یان دەوڵەت سەرپەرشتییان دەکات (بۆ وێنە ڕێکخراوە ناحکومییە کارامەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی حکومەت ڕێکیان دەخات)[٦٨]، بە هەمان شێوەش، ئارتس و نورمەن و ڕیناڵدا و مانسباخ و فێرگەسن و لامپێرت بەدیاریان خستووە چۆن کۆمپانیا ئابوورییەکانی وەک WTO (ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی) و بانکی جیهانی و ڕێکخراوە ناونەتەوەییەکانی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان کار لە سیستەمی ناونەتەوەییدا دەکەن[٦٩]. ئەم دانیارانە باوەڕێکی توندیان هەیە کە ئەم جۆرە ئاکتەرانە لە نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندیی دەوڵەت، گرینگییەتیی خۆیان هەیە.[٧٠]

مانسباخیش وەک ئەوانی تر، تێوەگلانی کۆمپانیا ناونەتەوەییەکانی وەک جێنراڵ مۆتۆرز General Motors لە ململانێیەکانی دنیادا تاووتوێ دەکات و جەختیش دەکاتەوە کە چۆن دنیای ئابووریی سەربەخۆ بەرفرەوانتر دەبێ[٧١]. ستایلزیش لە لای خۆیەوە ڕێکخراوە ناونەتەوەییەکانی وەک ئۆکسفام Oxfam و کۆمپانیا ناوخۆییەکانی وەک گرامین بانک Grameen Bankی بە ئاکتەری نا دەوڵەت پێناسە دەکات[٧٢]. ناشبێ یەکێتییەکانی بازرگانی پشتگوێ بخرێن، ئەمانە لە ١٩٤٥وە، هەمیشە لە پرۆسەی بڕیارداندا وەک ئاکتەری نا دەوڵەت کاریگەر بوونە و لە وڵاتە یەکگرتووەکانیش بارەکە هەر وەها بووە[٧٣]. لەو ماوەیەی مەلا

مستەفا بارزانی لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا بوو، سینەتۆر کێنێدیی سەرۆکی بزووتنەوەی کارکەران بوو، پاڵپەستۆی لە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان کرد بۆ ئەوەی ڤیزا بە سەرکردەی کورد بدات[٧٤].

ویتەیکەر و ژمارەیەکی کەمی تری دانیاران لە گۆشەنیگایەکی ترەوە سەیری ئاکتەرانی نا دەوڵەت دەکەن[٧٥]. بەم جۆرە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەش وەک رێکخراوە قازانج نەویستەکان[٧٦] non-profit organizations و لەشکرە بەکرێگیراوەکان[٧٧] و تاراوگە نشینەکان[٧٨] لەگەڵ لایەنە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان چینبەند (تەسنیف) کراون. وۆڵتەریش باسی لەو کۆمپانیا نیشتمانییانە کردووە کە وەک ئاکتەری نا دەوڵەت لە ١٩٧٠کاندا، رۆڵی پاڵپەستۆئامێزیان هەبوو[٧٩] و دالاکرواش خۆی لە زۆربەی ئەدەبەکە بواردووە و تەرکیزی لە سەر بزووتنەوە ئیسلامییەکان کردووە و بە ئاکتەری نیشتمانیی نا دەوڵەت پێناسەی کردوون[٨٠] و تێیلەریش رۆڵی گرووپە ئیتنییە نیشتمانییەکان راڤە دەکات[٨١].

لەگەڵ ئەمەشدا، پێ دەچێ کە پێناسەکردنی ئاکتەرانی نا دەوڵەت گرفتامێز بێ. لە کاتێکدا تێیلەر بە سادەیی پێناسەیان دەکات بەوەی کە ئەو (قەوارانەن نەک ئەو دەوڵەتە نەتەوەییانە بن کە کار لە سیستمی سیاسی ناونەتەوەییدا بکەن) و مەرجی تریشیان بۆ دادەنێ و دەڵێ ئاکتەرەکانی نا دەوڵەت دەگونجێ ئەو تاکانە یان ئەو گرووپە نیشتمانییە مەیلەو دەوڵەتانەی وەک رێکخراوە نا حکومییەکان بن کە لە دوو دەوڵەت یان پتر نیشتەجێ دەبن و یان ئەوانەن وەک رێکخراوە حکومەتییە ناودەوڵەتییەکان Governmental Organizations International بە فەرمی رێک خراون. لە بواری ئابووری (بۆ نموونە کۆمپانیا فرە نەتەوەییەکان) و سیاسی (وەک رێکخراوە سیاسییەکان) و ئاسایش (ئەو رێکخراوانەن کە هەوڵ بۆ ئاسایشی تێکڕایی دەدەن) یان نەریتی و ئایدیۆلۆجی (بە کۆمەڵە ئیتنی و نەتەوەیی و ئایینییەکانەوە بەندن) و کارەکانیان لە ئاستی هەرێمی و ئەولاتری هەرێمیش بە رێوە دەچن[٨٢]. ئەوەی دەڵێ کە کورد "خەباتکەری لە پێناوی ئازادین" کە "لە ناو دوو دەوڵەت یان پتردا دەژین و هیچ لە ژێر کۆنترۆڵیاندا نییە" واتەی گشتەوەر (تەعمیم)ییەک دەدا[٨٣].

لە هەمان کاتیشدا، ئەو سەرچاوە تایبەتانەی ئاماژە بۆ کورد دەکەن بەوەی کە

بزووتنەوەیەکی نەتەوەپەروەرە و دوا ئامانجەکانی سەربەخۆیی و دەوڵەتێکی نوێیە، جا با هەندێ گرووپیشیان پەیڕەوی توندوتیژی بکەن، تا ڕادەیەک واقعی نییە. سەرەڕای ئەمەش، دانیار دان بەو ڕاستییەدا دەنێ کە هەرچەندە کورد وەک ئاکتەرانی سیاسی، هەرگیز ڕێکخراوێکی نیشتمانیی سەرتاسەرییان نەبووە تەنیا گریمانەیەکە پێوەندیی بە جیاوازیی نێوان بزووتنەوە کوردییەکان و جیاوازیی ستراتیجییەتییەکانیان و خواستەکانیانەوە هەیە[٨٤]. ئەو شتەی لە کتێبەکەی تێیلەر جێی تێبینیکردنە ئەو ڕێگەیەیە کە گرووپە ئیتنییە سەرتاسەرییە نیشتمانییەکان لەگەڵ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لە یەک قالب دادەنێ و بەم جۆرە ئەوانیش مەترسی بۆ سیستمی ناونەتەوەیی دروست دەکەن. بە قسەی جۆسڵین و واڵەسی لایەنە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان لە بن دەستی حکومەتی ناوەندیدا نین و لە کۆمەڵگەی شارستانییەوە یان لە ئابووریی بازاڕەوە پەیدایە و لە ناو تۆڕێکی سەرتاسەریی نیشتمانی لە هەردوو دیوی سنوورەکانی دوو دەوڵەت یان پتردا کار دەکەن. کار لە بەرئەنجامە سیاسییەکانیشدا دەکەن[٨٥]. کەچی هاڵیدێی هەر قەوارەیەکی کە نا دەوڵەت بێ یان لە دەوڵەت مەیلەو دوور بێ، بە ئاکتەری نا دەوڵەت دەناسێنێ، کە کاریان تێ دەکات[٨٦]. لە ئەنجامدا، لایەنە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان دەشێ ڕێکخراوە نا- حکومییەکان و کەنیسەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخراوە تاوانکارەکان و ئەو پاڵەپەستۆکارانەش بن کە کار لە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەکەن[٨٧]. تێیلەر پێنج جۆرە ئاکتەری نا دەوڵەت دەناسێنێ: ڕێکخراوە نا حکومییەکانی وەک ئامنستی ئینتەرناشیۆناڵ و کۆمەڵە پیشەوەری و قەوارە ئاینی و ڕێکخراوە سیاسی و تاوانکارەکان ناو دێنێ[٨٨]. لە نێوانی تێکەڵبوونیان لەگەڵ دەوڵەتدا، لایەنە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان وەک ئاکتەرە تایبەتەکان باس کراون[٨٩]. کەچی دانیاری تر هەنە جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە لایەنە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان پشتبەستەی پارەدەری حکومەتانن و ئەمەش ڕەنگە لە ئەنجامدا بیانکاتە بەشێکی ئەو مەکینە بیرۆکراتەی کە هەیە[٩٠]. لەم بارودۆخەدا پێویستە لایەنە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان بە پێی ڕۆشتەی پەیابوونیان و بە گوێرەی لێ وردبوونەوەی باش لێیان، لە چوارچێوە بگیرێن، جا بەم پێیە لە لایەنگریی پێشوەختە و گریمانەی گشتی و چینبەندییەوە دوور دەمێننەوە.

من لەبەر ڕۆشنایی باری جیاوازی کورد لە عێراق کە لە ١٩٩٠ەکانەوە قەوارەی

دەوڵەتێکی ئەمری واقیعیان هەیە، ئەو کوردانە بە قەوارەیێکی نا دەوڵەت لە قەڵەم دەدەم و ئەم ناوانەی وەک بێ خاک و بێ دەوڵەت و نوێنەر و بارمتە و کەمینەیان بۆ بە پەسند نازانم. فیلیپ تێلەر لایەنە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان وا دیار دەخات کە ئەو قەوارانەن لەو دەوڵەتە نەتەوەییانە جیاوازن کە کار لە سیستمی سیاسیی ناونەتەوەییدا دەکەن و بەم جۆرە ڕێککەوتنی کۆتۆناو، لە نێوانی یەکەتیی ئەوروپا و وڵاتە گەشەکارەکانی باکور ئاماژە بۆ لایەنە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان دەکات کە کۆمەڵگەی مەدەنی بە هەموو لایەنەکانییەوە لە خۆ دەگرێ[٩١]. لەگەڵ ئەمەشدا، قەوارە نا دەوڵەتەکان بەوە دەناسرێنەوە کە لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا پەیدا دەبن و لە ئاستی سەرتاسەری نیشتمانی کار دەکەن و کاریگەرییان لە بەرئەنجامە سیاسییەکاندا دیارە و سەر بە حکومەتی ناوەندیش نین[٩٢].

لەگەڵ ئەمەشدا کورد مەیلەو سەربەخۆن، بەڵام ئەوانە ئەو ئیتنە سەرتاسەرە نیشتمانییەن کە لە یەک یان لە پتر لە یەک وڵاتدا نیشتەجێن و لە ئاستی هەرێمی و لە هەرێمیش بەدەرتر کاردەکەن[٩٣]. بە پێی جۆرسازی typology فیلیپ تێلەری، لایەنە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان دەشێ لە هەموو شوێنێکی نیشتمان بن و بە فەرمی ڕێک خرابن و لە هەمان کاتیشدا لە بوارەکانی ئابووری و سیاسی و ئەو لایەنانەشدا چالاک بن کە بایەخ بە ئاسایش و نەریت و ئایدیۆلۆجیاش دەدەن. بەم پێیە و بە بۆچوونی هەمان دانەر، کورد لەگەڵ جۆری یەکەم و چوارەم و ئەو جۆرەی کۆتایی جێگە دەکرێنەوە[٩٤]. لەگەڵ ئەمەشدا، ڕەنگە ئەو کەسەی بە شێنەیی باری نا دەوڵەتیی کورد ڕاڤە دەکات بڵێ ئەمانە ئەو ئاکتەرانەن کە دەوڵەت نین بەڵام کار لە دەوڵەت و لە کاروباری دەروەشیدا دەکەن[٩٥].

لەوەتەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی رووخاوە تا ئێستە، هەمیشە کورد داوای دەوڵەتی خۆی کردووە و خواستەکانیان بۆ سەربەخۆبوونیان لە ناو خاکێکی دیاریکراودا بە کێشەی کورد ناسراوە و ئەم ڕۆڵەش لە بواری گەشەکردنی هەرێمیدا هەمیشە ناوەندی بووە. بۆیەشە ئەگەر بە کورد بڵێی بێ خاکن یان بێ دەوڵەتن دەبینین دروست نییە ئەگەر ناوەخنەکانیان تاقی بکەینەوە زۆر ئاشکرایە کە ئەوان بێ خاک نین. لە هەندێک بترازێ کە لە سوریادا دەژین، ئەوانی تر هەموو لە چەند ناوچەیەکی دیاردا نیشتەجێن و خاکی خۆیانیان هەیە و شوێنەکانیان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا و باکوری سوریا و عێراق و بەشی ڕۆژئاوای ئێرانەدایە.

خـۆ ئەمـانە بێ دەوڵەتیش نین، بەڵام بە جـودا ڕەگـەزنامـەی خـۆیان هـەیە، لێـرەش ئەگەر لە هەندێکیان بترازێ کە لە سـوریادا دەژین، ئەوانی تریش وەک هـاوڵاتیـانی ئەو دەوڵەتانـەی تێیـاندا دەژین، پشکداریی ئەو بابەتانە دەکـەن کـە لە بەرژەوەندی گـشـتـیـدایە[٩٦]. بۆیە هـەر ناوێک لەو تێگەیشـتنانە فـرەتر بێ پێـویسـتـە بـایەخ بە فرەجۆری بدات.

بە هـەر هـەمـان شـێـوە ئەگـەر زاراوەی نوێنەر و بـارمـتـە لەگـەڵ سـەرچاوە ئەدەبیـیـەکـانی هـەڵوێسـتی بەرانبـەردا بەراورد بکەین، دەردەکـەوێ کـە ئەمـانە نەیانتـوانیـوە بە وردی باری کورد بناسـێنن[٩٧]. تا ئەمڕۆ کـورد بـە پێی بەرژەوەندی خۆیان توانیویانە هـاوپەیمانییەتی لەگەڵ لایەنە هـەرێمی و ناو دەوڵەتییەکاندا بکەن نەک زوڕنای ئـەو لایەنانە بن. جگە لەمـەش، ئـەم هێزانـە بۆ خـۆیـانیش کـوردیان بە نوێنەری خۆیان هەڵنەبژاردووە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی مەزهەبی نیکسن Nixon Doc-trine 1972 و هـی تریش ببنەوە. جـا لە ڕاسـتـیـدا ئەگـەر هـەر یەک لەو پێناسـانە پەیڕەو بکرێن، ڕەنگە بە پێچـەوانەی بەرژەوەندی کـورد بێت کـە بەرگـری لە مـافـە نەتەوەییـیـەکـانی خـۆی دەکـات، لە ڕاسـتـیـدا ئەم جـۆرە بزووتنەوانە فـرە جـار دابەشـبـوونی کـوردانی لێ کـەوتـووەتەوە و ڕکـەبەریی توندی لێ پەیا بووە، وەک ئەوەی لە ١٩٩٠ەکـانـدا قـەومـا، جـا ئـەگـەر لـەبری تاکـە کـەسـان بووبێ یان بۆ بەرژەوەندیی هـەندێ گرووپی ناویـان بێ، یان بۆ هـەمـوو بزووتنەوەکە بـووبێ. جگە لەمـەش، دوور لە قـۆرغکردنی کێشـەی کورد، کـورد خـۆیان هـەرگـیز نەیانویسـتـووە ببنە داردەستی هـیچ هێزێک[٩٨]. لە ڕاسـتیشدا، وا پێ دەچێ کورد زۆریان کۆشش کردبێ بۆ ئەوەی خۆیان بڕیاری خۆیان بدەن جا ئەنجامەکەی هـەر چ بێت.[٩٩]

هـەرچـەنـدە کـورد یـەکـێک لە گـەورەترین نەتـەوەکـانـی ڕۆژهـەڵاتی ناوین پێک دێنن، بەڵام هێشـتـا دەگونجێ کە لە هـەر تاکە وڵاتێک کە تێیدا دەژین، زاراوەی "کەمـینە minority" یان بۆ بەکار بێنین. لەبەرئەوەی زۆربەی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهـەڵاتی ناوین لە چەندین گرووپی جودا پێک دێن هـەر یەک خۆی بە شێوەیەک پێناسـە دەکات بۆیە یەک ڕەگەزی و یەک پێوەریی نیشـتمانییـان جێی گومانە. هـاریسن و بۆید ئەمەیان ڕاڤـە کـردووە و کردوویانەتە ئـەنجامی ئەو ڕێبـازەی کە هێزە ئـەوروپاییـیـەکان لە دروسـتکردنی دەوڵەتانی ڕۆژهـەڵاتی نـاویندا پەیڕەویان کردووە بۆ ئەوەی پارسـەنگی دەسـەڵات لە ناوچـەکە ڕابگرن. بەو پێیـە نەبوونی پێـوەندیی توندی زمـانەوانی و

ئاینی و ئیتنی و نەریتیی ئەوتۆ کە بتوانێ دانیشتووانەکە بە یەکەوە ببەستێتەوە بووە هۆی ئەوەی نوخبە دەسەڵاتدارەکان ناسنامەیەکی دروستکراوی نیشتمانی دابرێژن[100]. بۆیە هەر هەوڵێک بدرێ بۆ ئەوەی بە وردی پێناسەی کورد بکەی کورت دێنێ. لەو وڵاتە یەک توخمانەی کوردیان تێدا دەژی، کورد بە "گرووپی کەمینە minority group" ناو ببەی وردترە لەوەی بە کۆمەڵێک لە ناو کۆمەڵە ڕەگەزێکی گەورەتر و جیاوازتر باسیان بکەی[101].

سەبارەت بە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، کە لە ڕۆهەڵاتی ناویندا، تاکە دامەزراوی دەستووری کوردییە، دەشێ بەوە پێناسە بکرێ کە قەوارەیەکی نیمچە سەربەخۆیە و فرە توانستی هەیە. بەم جۆرە، ئەو بیردۆزانەی وەک نیمچە دەوڵەتان quasi-states ەکەی جاکسنی (ئەو قەوارانەن کە ڕواڵەتی فەرمی شەرعییەتی بوونی دەوڵەت و ناونەتەوەییان هەیە بەڵام کەرستەی کەمیان لەبەر دەستدا هەیە) پێ ناچێ لەگەڵ دۆخی کوردی عێراقدا بگونجێ. هەر چەندە حکومەتی هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی سەربەخۆی فیدراڵە بەڵام هێشتا ئەو بێ تواناییەی وەک نیمچە دەوڵەتێک ڕێی لێ دەگرێ بۆ ئەوەی ڕاژەگوزاری پێشکەشی هاوڵاتیانی خۆی بکات، ئەم هاوپەیوەندییەی لاواز کردووە. هەروەها، پەیابوونی نیمچە دەوڵەتان لە ئەنجامی نەمانی ئیستیعمار بۆ ئەوەی شوێنی ئەو دەزگا کۆلۆنیاڵە ئەورووپییانەی ئەوبەر دەریاکان بگرنەوە پێ ناچێ دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەفسیر بکات[102]. لەگەڵ ئەمەشدا، تێوەگلانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێراق سەرباری تێوەگلانی لە کاروباری کوردیش لە عێراقدا، ئاشکرای کردووە کە بۆ پێناسەکردنی باری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم زاراوەیە بەس نییە، لەبەرئەوەی بە لای کەمەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان پڕ بە پێستی پێناسەکەی نیمچە دەوڵەتی جاکسن نییە، ئاخر لە چەند لایەنێکەوە ئەمە حکومەتی دیفاکتۆیە و ڕۆژ لە ڕۆژیش پتر لە ئاستی سیاسەتی ناودەوڵەتییەوە بە ڕێکی شەرعییەتی پتر بەدەست دێنێ.

٥- پێداچوونەوە و ڕەخنەی پەیامی پێوەندییە ناونەتەوەییەکان

ئەگەر ئەوەمان لە بیر بێ کە کاری زانستی ئەزموونی لەبارەی ئەم بابەتەی وا لەبەر توێژینەوەدایە، کەمە، تووشی سەرسوڕمان نابین کە دەزانین لایەنی تیۆریی

بابەتەکە تاووتوێ نەکراوە. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە بەشی حەوتەم دەیەوێ پێوەندییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان و کورد تیۆربەند بکات بۆیەش پرسیاری ئەوە دەکا ئاخۆ ئەم پێوەندییانە هیچ تەحەدایەک بۆ پێوەندییە ناونەتەوەیییەکان دروست دەکەن و ئاخۆ پێویست بە ڕێبازێکی تری تیۆری لەم بارەیەوە هەیە. لێرە، ئومێدەخوازم کە کەلێنی ناو زۆربەی لایەنە پێوەندییە ناونەتەوەیییەکان بەدەربخەم کە دەچنە سەر بابەتی گرینگییەتیی لایەنە کاریگەرە نا دەوڵەتەکانەوە (پێوەندییە ئابوورییەکان با لەو لاوە بێ) و تێکەڵبوونیان لەگەڵ ئاکتەرە دەوڵەتەکان لە ناو سیستمی ناونەتەوەییدا.

لیسا ئەندرسن تێبینیی ئەوە دەدا کە کۆتاییی سەردەمی شەڕی سارد سەنگەکەی بە لای لایەنە کاریگەرە نا دەوڵەتەکاندا بردووە. بۆیە، پێویستە ئەجێندا نوێیەکان ئاشکرا بکرێن و کارلێکردنی نێوان ناوەخۆیی و ناونەتەوەییش تاقی بکرێنەوە، وەک ئەوەی پێشتریش ئاماژەی بۆ کراوە، ئەو گۆڕانکارییانەی لە سەردەمی پاش هاوچەرخ postmodern ی وەک کردەوە تیرۆریستییەکانی ٩/١١ و ڕۆڵی کوردی عێراق وەک هاوپەیمانێکی گرینکی ولاتە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی سیاسەتەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی تایبەت بە گۆڕینی ڕێژیم لە بەغدا، جێبەجێ بکەن هاودەم لەگەڵ سەقامگیرکردنی دەوڵەتە مەیلەو سەربەخۆیەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تۆوی دەسپێکی پەیامێکی نوێی لە پێوەندییە ناونەتەوەیییەکاندا چاند[١٠٣].

من، لێرەدا بە شێوەیەکی سەرەکی فۆکەس لە سەر گەورە تیۆرییەکانی پێوەندییە ناونەتەوەیییەکان دەکەم نەک خۆم بە مامناوەندەکانە خەریک بکەم. هەروەها بە کورتی ڕووپێوێکی قوتابخانە جودایەکانی لێکۆڵینەوەی سیاسەتی دەرەوە دەکەم و لە بەشی سێیەمدا بە بەرفرەتر تاووتوێیان دەکەم[١٠٤]. هەر لە سەرەتاوە دیارە کە گەورەترین خەوشی بەشە سەرەکییەکانی پێوەندییە ناونەتەوەیییەکان هەردەم لە فرە بایەخدان بە فاکتەرە هەیکەلییەکان یان لە فرە بایەخدان بە ئاکتەرە ناونەتەوەیییەکانی وەک دەوڵەتان بووە کە لە سەر حیسابی لایەنە کاریگەرە نا دەوڵەتەکانەوە جێبەجێ دەبێ[١٠٥]. پێوەندییە ناونەتەوەیییەکان هەمیشە بۆ ئەوەش ڕەخنەی لێ گیراوە لەبەرئەوەی نوێنەرەکانی بیر و بۆچوونی پچڕ پچڕیان هەبووە، تەنانەت لە نێوان ئەوانەشدا کە پەیڕەوی یەک قوتابخانە

دەکەن هەر وا بووە.[١٠٦] لە بەشی داهاتووشدا ئاماژەیەکی تریش دەکرێ بۆ بێ توانستیی ئەو نموونانەی هەن و ناتوانن بڕی ئەو خواستە زانستییانە بشکێنن و بیردۆزەیەکی بتەوی پێوەندییە ناونەتەوەیییەکانی ئاوا بچڕن کە نەک هەر تەنیا ڕۆڵی هەیکەل و نوێنەرەکان بە هەند بزانێ، بگرە بیردۆزەیەک بێ کە پێوەندیی هاوبەش لە نێوان ئاکتەرە دەوڵەتەکان و نا دەوڵەتەکان لە پێوەندییە ناونەتەوەیییەکاندا بالاتر بکات و بە ئاستی کارلێکردنی بگەیەنێ[١٠٧]. لەم بارەی ئێستەدا، بۆ ئەوەی خۆمان لەو ڕێبازە بیردۆزە تاکانە بدزینەوە کە بەشێکی وێنەکە ڕاڤە دەکات، بەشی حەوت پێشنیازی ئەوە دەکات لیستێکی ئەو ئامێرانە بە کار بێنین کە لەبەر دەستدا هەن بۆ ئەوەی دنیای ڕاستی شرۆڤە بکەین.

بەم پێیە، ئەمەی خوارەوە ئەوە دەری دەخات بۆچی ئەو بیردۆزانەی پێوەندییە ناونەتەوەیییەکان کە هەن، ناتوانن بابەتی ئەم نامەیە بە شێوەیەکی تیۆری ڕاڤە بکەن، تەرکیزیان لەسەر ڕۆڵی هەیکەل یان لە سەر ئاکتەرەکان بکەن (دەوڵەتەکان بن پەسندترە) بۆ ئەوەی وەزیفەی سیستەمی ناودەوڵەتی ڕاڤە بکەن[١٠٨]. بە تایبەتیش ئەوە تێبینی دەکرێ کە وا لە کاتێکدا بیردۆزە واقیعییەکان زەوینە بۆ ڕاڤەکردنی دیاردە ناونەتەوەیییەکان خۆش دەکەن، دەبینین عەیبێکی گەورەیان دەبێ و بایەخ بە کارلێکردەیی، نێوان ئاکتەرانی دەوڵەت و نا دەوڵەت نادەن. تەنانەت ڕەخنەگرانی دوای پۆزێتیڤیستەکان (الوضعیون)یش وەک بیردۆزە سەرەوەکییەکان تا ئێستە هەر ڕەخنە لە نموونە واقیعییەکان دەگرن و ناچن هەڵوێستێکی تیۆریی نوێ بۆ پێوەندییە ناونەتەوەیییەکان ڕێک بخەن.

٥-١ پێوەندییە ناونەتەوەیییەکان و قوتابخانە فیکرییە سەرەکییەکانی

لە بەشی خوارەوەدا، هەوڵ دەدەم ڕووپیوێکی ڕێبازە سەرەکییەکانی پێوەندییە ناونەتەوەیییەکان بکەم بەو شێوەیەی کە لەگەڵ ئەو تاقیکردنەوەیەی کێشەی کورد کە من دەیکەم بگونجێ.

٥-١-١ واقیعییەت و واقعییەتی نوێ لە بەرانبەر لیبرالیزم و لیبرالیزمی نوێدا

واقعییەت بە شێوەیەکی سەرەکی تەرکیز لە سەر ئاکتەرە دەوڵەتەکان دەکات و دەیەوێ بزانێ چۆن هەیکەلەکان کاریان تێ دەکەن. هەردووک قوتابخانە

کلاسیکییە (تیۆسیدەرز[١١٠] و میکاڤیلّی[١١١] و هۆبز[١١٢]) واقعییەکانی وەک مۆرگێنتاو[١١٣] و کارِ[١١٤]، لەگەڵ واقعییە تازەکانی وەک کێنت وۆڵتز، پەرەسەندنە ناونەتەوەییەکان بە ئەنجامی کارلێکردنی ناودەوڵەت لە سیستمی گێرەشێوێنیی ناونەتەوەییدا ڕاڤە دەکەن[١١٥]. لەو دەمەی کە ئەوانەی لە بەراییدا دێن بەرگری لە هۆی ڕووداوەکان دەکەن و دەڵێن ئەو کردەوانەی دەوڵەتان دەیانکەن ڕەگیان لە سروشتی مرۆڤایەتیدا کوتاوە[١١٦]، ڕیالیستە نوێیەکان لایان وایە ئەمانە موتەغەیراتن بۆ ئەوەنە ڕەوشتی سیاسیی دەوڵەتان و پارسەنگی هێز[١١٨] و سەرمایەی نەیار و هێزی ئابووری و سەربازی و سیاسی بەڕێوە ببەن، بە مەرجێک ڕەچاوی دانیشتووان و خاک و سەرچاوەکانی دەوڵەت بکات[١١٨]. بە هەمان شێوە، هێزی سەربازی بە شێوەی سەرەکی، بەرژەوەندییەکانی واقعییان پێک دێنێ. کەچی ڕیالیستە نوێیەکان، لە سەر بنەوای کام دەوڵەت کار دەکەن و بەم پێیەش چەندین بەرژەوەندی جیاوازیان هەیە.[١١٩] هەرچەندە ڕیالیستە نوێیەکان لە ڕیالیستەکان کەمتر هزربەند (عەقائدی)ن و وا دەزانن کە سیستمی ناودەوڵەتی لە دەوڵەتان پێک هاتووە و ڕۆڵی یاسای ناودەوڵەتی بە هەند هەڵدەگرن، هەردوو لایەن هێشتا بە ڕژدی پشتیوانیی بالادەستیی دەوڵەتان دەکەن و ئەو ڕۆڵە گرینگەش پشتگوێ دەخەن کە ڕەنگە لایەنە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان ببینن.[١٢٠] بەم جۆرە، بە قسەی وۆڵتەر کارلسنایسی، کردەوەکانی دەوڵەت لە هەر دوو لایدا، لە ڕێگەی ئەو فاکتەرە مەتیرییالانە دەستنیشان دەکرێن کە دەشێ سەرچاوەکانی هەیکەلی ناونەتەوەیی یان سەرچاوەکانی هێزی ناوەخۆیی بن.[١٢١]

گومان لەوەدا نییە کە واقعییەت بنەوای ئەو بەرژەوەندییانە پێک دێنێ کە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان و یاریزانە هەرێمییەکان ئاراستە دەکات. بە هەمان شێوە، ڕیالیزم دەتوانێ پاکانە بۆ پێوەندیی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردی عێراق بکات. ئەو پێوەندییانە ڕۆڵی هێز و بەرژەوەندیی هاوبەشی هەردوو لا ئاراستەی دەکەن جا با هەر نەتواندرێ ئەم کارلێککردنە شی بکرێنەوە، لەبەرئەوەی تەنیا ڕۆڵی تەوەربەندی (محوري)ی دەوڵەتان لە سەر حسێبی ئەو لایەنە کاریگەرە نا دەوڵەتانە سەنگین دەکات کە ناتوانن هیچ قسەیەک لە پێکهێنانی پێوەندییە ناونەتەوەییەکاندا بکەن. بە هەمان شێوەش، ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ (وەک ڕاندەڵ ل. شوێلەر[١٢٢] و ولّیەم وۆڵفۆرت) وەک شەپۆلی

سێیەمی واقعییەت، دەتوانێ داینامیکییە ناوەخۆییەکان و سوخەتەکانی سیاسەتسازانانی دەرەکی لەگەڵ بڕیارە سیاسییە دەرەکییەکانی دەوڵەتان یەک بخەن بۆ ئەوەی وەڵامی هەڕەشە ناونەتەوەییەکان بدەنەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، کە ڕۆڵی ناوەندەکیی دەوڵەت شی دەکەینەوە تا بزانین چۆن هەیکەلە ناوەخۆییەکان و سەرکردایەتیی پێوەندییان بە سیاسەتە دەرەکییەکانی دەوڵەتەوە هەیە، ڕۆڵی لایەنە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان وەک تاکە کەسان بەلاوە دەچێ[١٢٣]. لەو کاتەیدا کە پێ دەچێ ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ لە لایەنی ڕاڤەکردنی کاریگەری نوخبەی بیوروکراتی وڵاتە یەککگرتووەکان لە سیاسەتی بڕیارسازیی وڵاتە یەککگرتووەکان بە کەڵک بێ، لایەنە کاریگەرەکانی لایەنە کاریگەرە نا دەوڵەتەکانی وەکو کورد، پشتگوێ دەخرێن. جا، هەرچەندە ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ دەتوانێ کارلێکردنی نێوان ناوەخۆ و دەرەکی، کە لە سازدانی سیاسەتی دەرەوە بەدەردەکەوێ، بەو شێوەیەی کە لە هێڵکاریی تیۆریی بەشی حەوتدا ڕەنگی داوەتەوە، ڕاڤە بکات، تەنیا بۆ ئەو ئاکتەرە دەوڵەتانە هەیە کە بە شوێن نەریتی قوتابخانە پێشینەکانی هزری واقعی بکەون. لەلایەکی دیکەوە، تەنانەت ئەو لیبرالانەش کە فرە جەخت لە ڕۆڵی لایەنە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان دەکەنەوە، هێشتا هەر پابەندی کۆمپانیا نیشتمانییەکان و دامەزراوە ناونەتەوەییەکانی ئابووری ئامێزن.[١٢٤] لیبراڵەکانی لە شێوەی کیۆهێن و نیی (لە نووسینە کاریگەرەکەیان بە ناوی دەسەڵات و سەربەخۆیی Power and Independence) جەختی هاریکاریی ناو وڵات و کاریگەریی ئابووریی سیاسیی ناونەتەوەیی لە گەشەکردنی سیاسیدا دەکەن[١٢٥]. ئەم نموونەیە دابەشی سەر لیبراڵە ئینتەرناسیۆنالیستەکان (کانت و جێرێمی بێنتام) و لیبراڵە ئینتەرناسیۆنالیستە نوێیەکان (ی وەک فوکویاما)[١٢٦] و لیبراڵە دەزگاچییەکان Institutionalists یان لیبراڵیستە نوێیەکان (بۆ نموونە نایی و کیۆهێن) دەکات.[١٢٧] لیبراڵە نوێیەکانی وەک دۆیڵ و مۆیلەر و مان و تیلی و گیدینز، لە لای خۆیانەوە، بە شێوەیەکی سەرەکی جەخت لە بازرگانیی ئازاد و ئاسایشی تێکڕایی و دیموکراسی دەکەنەوە کە دەبێ بە تێکڕایی لە ڕێگەی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی ناونەتەوەییەوە بەدەست دێ.[١٢٨] لە کن واقعییەکان، کۆمەڵ نییە، بگرە دەوڵەتان ڕکەبەریی یەکتری دەکەن. یاسای ناودەوڵەتی دەستەواژەیەکی بەتاڵە[١٢٩] کەچی لە کن لیبراڵەکان، ئازادیی تاکە کەسان لە ڕێگەی

دامەزراوە دیموکراتییەکاندا پارێزراوە. دەوڵەتیش ملکەچی ویستی ئەوانە[١٣٠]. جگە لەمەش، لەو کاتەی کە ڕیالیستە نوێیەکان پتر جەخت لە سەر هێزی سەربازی دەکەنەوە، لیبراڵە نوێیەکان تەرکیز لە سەر ئابووری دەکەنەوە[١٣١]. بە قسەی لیبراڵە نوێیەکان ئەو گرووپانەی بەرژەوەندەکانیان ڕێک خراوە، وەک گرووپە پارە وەرگرەکان و ڕێکخراوەکانی کرێکاران و سەرکردەکانیان و کۆمپانیا پیشەگوزارە ناودەوڵەتییەکان ، تا ڕادەیەکی زۆر کار لە ئەجێندا نیشتمانییەکاندا دەکەن، بۆ نموونە، وەک ئەوەی کە لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا هەیە.[١٣٢] هەرچەندە ئەو هزرانەی لە ڕەنگی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤن، دەتوانن وەک ئاکتەرە سەرەکییەکانی سیستمی ناونەتەوەیی، کۆنترۆڵی ڕەوشتی دەوڵەتان بکەن، بەڵام بە گوێرەی لیبراڵ و لیبراڵە نوێیەکانیش، گێرەشێوێنیی ئەو سیستمە، کەم و زۆرێک، کردەوەکانی دەوڵەتان دیار دەخات.[١٣٣] لە ئەنجامدا پێ دەچێ کە تیۆرەکان و داوەکانیشیان بە ڕاڤەکردنی سیاسەتەکانی دەوڵەتانەوە پەیوەست بن. هەرچەندە بە پێی ڕۆشتەیەکی لیبراڵی دەگونجێ پەیامی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان، سەبارەت بە بەهێزکردنی بەهای مرۆییەکان لە هەموو دنیادا شی بکرێتەوە، بەڵام کارلێکەری لە ئاکتەرەکانی وەک کورد لە چوارچێوەیەکی نەزەریدا ناکرێ هێشتا ڕاڤە بکرێ.

٥-١-٢ هۆشمەندی Rationalism

هۆشپەروەران بۆ ئەوە دامەزراون تا جیاوازییەکانی نێوان ڕیالیستەکان و ئایدیالیستەکان لەخۆدا بگرن. ئەم هۆشپەروەرانە بە پێی شیکاری کۆمەڵی ناونەتەوەیی جا چ لە بن چەتری قوتابخانەی ئینگلیزیدا بن یان وەک نوێنەرەکانی نەریتیی ئەمەریکایی سەیر بکرێن، وەک مونەزیرانی کۆمەڵی ناونەتەوەیی دەناسرێن[١٣٤]. ئەو باوەڕەی هەیانە سەبارەت بە کۆمەڵێکی ناونەتەوەیی کە دادپەروەریی تێدا نەبێ و هێز و گێرەشێوێنی باڵادەست بێ لەگەڵ ئەگەری هاریکاری بە یەکەوە لکابن، هاودەم لەگەڵ ئەو دووبەرەکییەدا دەبێ کە ئەوان دەیهاوێژنە نێوانی وڵاتانی ڕۆئاوا و وڵاتانی نا ڕۆئاواوە و لە ئەنجامدا سوخەتە کولتوورییەکانی گەل جۆربەند (تەسنیف) دەکەن[١٣٥]. بەم جۆرە هەر چەندە ڤنسنت[١٣٦] و بوڵ[١٣٧] و بەتەرفیلد و وایت[١٣٨] و وۆتسن[١٣٩] و گرۆتییەس[١٤٠]

باوەڕیان بە دەسەڵاتی دەوڵەت (جیاوازی کولتوورییان بە هەند هەڵدەگرن) و ئاسۆییەکانی هاریکاری لە نیزامێکی ناونەتەوەییی گێرەشێوێندا[١٤١] هەیە و هێشتاش جەخت لە سەر کۆمەڵگەیەکی ناونەتەوەییی ئاوا دەکەنەوە لە دەوڵەتانێک پێک هاتبێ ملکەچی دەسەڵاتێکی بالاّبن بۆ ئەوەی پێکەوە هەبن، یان مشتومڕی ئەوەش دەکەن کە دەوڵەت هەن و تاکە کەس هەن و جاری ئاواش دەبێ تاکە کەسەکان لە پێش دەوڵەتانەوە دێن[١٤٢]، ناتوانن هیچ پاساوێک بۆ کارلێکەرەی نێوان ئاکتەرە دەوڵەت و نا دەوڵەتەکان بێننەوە[١٤٣]. بە هەما شێوە، ڕەنگە وا بەدەر بکەوێ کە تێوەگەلانی قوتابخانەی ئینگلیزییەی[١٤٤] کە میکانیکی چۆن و بۆچ دەوڵەتان کۆمەڵ پێک دێنن و چۆن ئەمە پێوەندیی بە نیزامی ناونەتەوەیییەوە هەیە، ناتوانێ ڕووبەڕووی تێگەیشتنە تیۆرییەکەی بابەتی ئەم نامەیە ببێتەوە[١٤٥]. بە هەمان شێوە، بۆچوونی پیشەوەرستەکان functionalistsی وەک ئالمۆند و پارسنز و ئێرنست هاس کە دەڵێن پێویستە دڵسۆزی و پێشبینییەکان و چالاکییە سیاسییەکان، لە دەوڵەتانەوە بەرەو ناوەندێکی تازە بچێت ئەمەش کەم لەگەڵ ئامانجی ئەم نامەیەدا دەگونجێ.[١٤٦]

٥-١-٣ دروستیزمی Constructivism

دروستیزمی بیردۆزەیەکی بەدیلی ڕیالیزمی و ئایدیالیزمییە لە کۆتای شەڕی سارد بەدەر کەوت و جەخت لە دروستکردنەکانی پێوەری و ئایدیۆلۆجی پێوەندییە ناونەتەوەیییەکان دەکات. هەروەها بە شێوەیەکی بنەڕەتی پێوەستی ناسنامەی دەوڵەتانە و بایەخ بەو جیاوازییانەی تر نادات کە ڕەوشتی پێوەندییە ناونەتەوەیییەکان دروست دەکات، بۆیە پێ ناچێ هیچ کام لەو دیاربەند -de-terminant (مُحدِّدات)انەی تر بە هەند بزانێ کە بۆ لێکدانەوەی تیۆریی بابەتی ئەم کتێبە پێویستن[١٤٧]. دروستیزمی بەو پێیەی کە دابەشی سەر قوتابخانەی تەقلیدی و لایەنە ناسکەکان (لەوانە مۆدێرنیست و پاش مۆدێرنیستەکان) دەبێ، چەند ڕێگەیەکی بەدیل نیشان دەدات بۆ ئەوەی گۆڕانە هەیکەلییەکان ڕاڤە بکات[١٤٨]. لە کاتێکدا کە گرووپە تەقلیدییەکە (ئەلێکزاندەر وێندت و پیتەر کاتزێنستێن و کریستییە ریوس ـ سمیت و جۆون ڕوگی و ئیمانوێڵ ئەدلەر و مایکڵ بارنێت و تێد هۆپف و مارتا فینیمۆر) پشتیوانیی ڕاستییەکیی خۆیی دەکات، شەپۆلی ڕەخنەیی

(دێیڤد کامپبێڵ و جم جۆرج و جێمز دێردێریان و ڕ. ب. ج. وۆکەر و ئەندرۆو لینکلێیتەر و ئان تیکەر) کە لە تەقلیدییەکان ڕەت دەدات، بەرگری لە تێگەیشتنی دنیا، بە چەند ڕێگەیەک بە گوێرەی دیدەنیی بینەر دەکات.[١٤٩] بۆیە، چاودێر ئازادە بە پێی زانیاریی تیۆریی خۆی هەر دەسەڵاتێکی کارا دروست بکا و بشیرووخێنێ. واتە، دروستسازان لە ڕێگەی تێک هەڵکێشەی نێوان کردەوەی ئاکتەرەکانی دەوڵەت و ڕۆشتەکانیانەوە، ئەوە لێک دەدەنەوە چۆن ئەو کردەوانەی ئەو نوێنەرانە دەیانکەن و ناسنامەکانیان بەڕێوەیان دەبەن شێوەی هەیکەلەکان دادەڕێژن.[١٥٠] بەم شێوەیە، نوێنەر و هەیکەلەکان لە ئەنجامی ئەوەی کە ئاکتەرەکان دەیکەن، وەبەرهەم دێن و وەبەرهەم دێنەوە، (لەبەرئەوەی) کردەوەکان ئەو ناسنامە و پەیکەرانە دیار دەخەن کە بۆ خۆیان ئەو کردەوانە وەبەرهەم دێننەوە[١٥١]. دروستیزمییەکان هەروەها زەینی خۆیان دەدەنەوە ڕەوشتی ئەو ئاکتەرانە بۆ نموونە دەوڵەتان وەک ئەوەی لە ڕێگەی ناسنامەنەی ئەو دەوڵەتانەوە پێناسە کراون کە لە بەرانبەردا بە هۆی هزر و بۆچوونەکانی دەوڵەتانی ترەوە بەرجەستە بوونە و ئەمانەش ڕەنگە بە گوێرەی پشکداریکردنی ئاکتەرەکان بگۆڕێن.[١٥٢]

لە دەستپێکی ڕێبازی کۆمەڵایەتییەوەش، من وا تێ دەگەم کە دەکرێ دروستیزمەکان لە شوێنێکی ناوەندی کریتیکاڵەکان Criticals (بە پێی بیر و بۆچوونی کولتووری/ ئایدیۆلۆجیی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان)ەوە و ڕیالیستە نوێیەکان (بەگوێرەی تەرکیزکردنیان لە سەر بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان)ەوە جێیان بۆ بکەینەوە. جا لە ئەنجامدا، نە ئەم بیردۆزەیە و نە ئەوانی پێشتریش، ناتوانن بە تەنیا خۆیان بە تەواوەتی بابەتەکە ڕوون بکەنەوە. کەم بایەخدان بە لایەنە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان و ئەو هەوڵانەی ئەو بەشانە بە مەبەستی جێبەجێکردنی پەیامەکانیان بە گشتی دەیدەن، نەختێک پیادەکردنیان لەم کتێبەدا، بە مەبەستی شیکردنەوەی تیۆریی نەختێک بە گرفت خستووە.

لە هەمان دەقدا، واقعی ڕەخنەیی ئەو بیردۆزەیەیە وا تێ دەگا کە هزرەکان لە دروستبووندان و بەم جۆرەش لەگەڵ زەمان گەشە دەکەن. ڕەچاوی ئەوەش دەکا کە نوێنەری مرۆڤ لە ڕێگەی پەیکەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە پێناسە دەکرێن و لە ڕێگەی ئەوانیشەوە تاکە کەسەکان بە هۆی کردەوەکانیانەوە دەتوانن ئەو پەیکەرانە بگۆڕن کە وەبەرهەمیان دێنن. ئەمەش تا ڕادەیەک بە دروستیزمی دەچێ. لەگەڵ هەندێش،

ڕیالیزمی تێپەڕێن تا ئەو ڕادەیە جودایە کە پشتیوانی لە بوونی خوتی واقعێکی بابەتی دەکات.

٥-١-٤ مارکسیزم بەرانبەر قوتابخانەی ڕەخنەی هزری

بە هەمان شێوە، لەو دەمەی کە ڕەنگە لێکدانەوەی دنیا بە شێوەی ڕێبازی مارکسیەتی دەست تێوەردانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆهەڵاتی ناوین ڕاڤە بکات و بزانێ بۆ ئەوەیە تا پێش لە هەر دەسەڵاتێک بگرێ و نەهێڵێ نیزامی سەرمایەداریی وڵاتە یەکگرتووەکان و بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە کۆکردنەوەی سەرچاوە سروشتییەکانی دنیا تووشی مەترسی بکات، ئەمە تەنیا بەس نییە بۆ ئەوەی کارلێکردنی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کورد ڕوون بکاتەوە.

لە کۆتاییدا، قوتابخانەی ڕەخنەی هزری زانای ئاوای تێدایە کە خۆیان لە قوتابخانەی فرانکفۆرتی مارکسی لاتەریک گرتووە. هۆرکهێمەر و ئەدۆرنۆ و مارکۆس و هابەرماس جارِی ئازادکردنی مرۆڤیان لە ڕێی دیموکراسی و ڕۆڵی نەریت و بیرۆکراسی و هۆشبەندی لە پێوەندییە ناونەتەوەییەکان دا[١٥٣]. ئەوانە شیکردنەوە نەگۆڕەکەی پێوەندییە ناونەتەوەییەکان و باس نەکردنی هیچ سەرچاوەیەکی گرفتی نوێنەری پەیکەری و گوێ نەدان بەو بۆشاییەی کە ڕووداوەکانیان تێدا دەبن، بەبەر ڕەخنە دا. لەگەڵ ئەمەش دەرکەوت ئەو هەموو ڕەخنانە هەمووی هەر نواندن ئامێز بوون نەک باش بن و لە ئەنجامدا بووە هۆی ڕەخنەسازیی پێوەندییە ناونەتەوەییەکان وەک ئەوەی تیۆری گومانئامێز assump-tionist و کورتئامێز reductionist بن. لەبەرئەوەی ڕێبازی قوتابخانەی ڕەخنەیی کە هەمیشە گومان لە هەموو شتێک دەکات و هیچ شتێکیش بە سەلمێندراوی وەرناگرێ پێوەندییە ناونەتەوەییەکانی لەگەڵ قوتابخانە باڵا دەستەکەی هزری ڕیالیستی نەریتی یەکسان کردووە، بۆیە دارمانی سەرجەم پێوەندییە ناونەتەوەییەکانی لێ کەوتەوە. لە پاش ئەمە و جودا لە بەیانکردنی ئەو مەرجانەی کە پێویستە لە بواری هەر شیکردنەوەیەکی پێوەندییە ناونەتەوەییەکاندا بە هەند هەڵبگیرێ، قوتابخانەی ڕەخنەیی نەیتوانی بە شێوەیەکی کاریگەر پێشنیازی هیچ بیردۆزەیەکی بەدیل بکات. ئەوان تەنیا چەند پرسیارێکیان ورووژاند، وەک ئەوەی چۆن دەکرێ هەر جارێکی ڕشتێک ڕوو دەدات بگۆڕەکانی تر، دوور لە دەوڵەتان، بە

هەند وەربگیرێن و سەبارەت بە ڕووداوەکانیش، تا چەند شیتەڵکردنەکان دەبێ لە کێشەیەکەوە بۆ کێشەیەکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاواز بن.

بۆیە، هەرگیز پاش وەزعییەت post-positivism یان ڕەنگدانەوە reflectivism تا ئەو ڕادەیە جەخت ناکرێن کە هاودەم لەگەڵ پاش پەیکەریزم post-structuralism و بیردۆزەی ڕەخنەیی و ڕیالیستی ڕەخنەیی و فێمینیزمەوە کە لەبری بیردۆزەیەکی یەکگرتوو، ڕەخنەیەکی بیردۆزەیی سەرێنی پێک بێنێ[١٥٤]. وەک ڕێبازێکی ڕەخنەگر لە پێوەندییە ناونەتەوەییەکان، جەخت لە سەر ئەو گۆڕانانەی ناو پاش مۆدێرنیزم دەکات ڕێگەکانی بەرهەمهێنانی دەوڵەت بۆشاییەکی کەمی بۆ دێڵێتەوە بۆ ئەوەی پێوەندیی بە نموونەی پەیامی پێوەندییە ناونەتەوەییەکانەوە هەبێ. بە قسەی کۆنۆلی، پاش مۆدێرنیزم گەرەکی نییە بیردۆزەیەک دابێنێ بۆ ئەوەی هاریکاریی بینینێکی گشتی بکات تا پشتیوانی لە دروستکردنەوەی لایەنەکانی ژیانی ناونەتەوەیی بکات.[١٥٥]

لەبری ئەوەدا، دەبێ تەلی خاڵە دیارەکانی پێوەندییە ناونەتەوەییەکان لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییانەدا تەماشا بکرێن کە لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە سیستمی نێودەوڵەتییان ماک کردووە. لە نێوانی ١٩٤٠ و ١٩٥٠کاندا گرفتی سەرەکیی هزرڤانانی پێوەندییە ناونەتەوەییەکان ئەوە بوو خۆیان لە شەڕەکانی نێو وڵاتان دوور بگرن و لە نێوان دەوڵەتانیشدا پێکەوەژیانی ئاشتییانە پەیدا بکەن. لە ١٩٧٠کان و بەرەو دوا، دەرکەوتنی ژینگەیەکی نوێ گرفتی نوێ و جیاوازی پەیدا کرد و قوتابخانە نوێیەکانی هزر قۆڵی خۆیانیان لێ هەڵماڵی تا چارەسەریان بکەن. هەرچەندە ئەو قوتابخانانە گریمانەی سەپاوی خۆیانیان سەبارەت بە ڕۆڵی دەوڵەتان و ڕێکخراوە ناونەتەوەییەکان هەبوو، بەڵام شیکردنەوەیەکی ڕاڤەدەر و ڕەخنەسازیان نەبوو بۆ ئەوەی کێشەی وەک ئەمەی ناو ئەم سەرچاوەیە چارەسەر بکات و هەڵسوکەوت لەگەڵ ژینگەکەی بکات یان بایەخ بە ڕووداوە ناوەخۆیی و دەرەکییەکان بدات و هۆی ئەم کەلێنە هەڵەسەنگێنێ کە لە ئەدەبی ئێستەدا هەیە.

ئەو هەڵوێستەی کە زۆربەی تیۆرەکان پەیڕەوی دەکەن لە دەوری وڵاتە یەکگرتووەکاندا خول دەخواتەوە. لە ڕاستیشدا، ڕیالیستەکان فۆکەس لە سەر

دەوڵەتان خۆیان دەکەنەوە، کەچی لیبراڵەکان ئاماژە بۆ ڕێکخراوە ئابوورییەکان دەکەن کە بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستی ناونەتەوەیی کار دەکەن و کار لە ژینگەی ناونەتەوەیی دەکەن و لیبراڵە نوێیەکانیش ڕۆڵی ئەو کۆمپانیایانە لەبەر حوکمی یاسا، بەرز دەنرخێنن. هەر چۆنێک بێ، بنەوای دامەزرێنی ئەم ڕێکخراوانە هەمیشە هەر دەوڵەتانن. لە هەمان کاتیشدا، لیبراڵەکان دەوڵەتان بەو هاوپەیمانانە دەبینن لە سیاسەتەکانیانەوە دیارە بە پێی بەرژەوەندییە هاوپشکەکانیان، کاریان لە پێوەندییە ناونەتەوەییەکاندا کردووە. لە کۆتاییدا، هەرچەندە کە دروستیزمەکان لە کێشەکانی ناسنامە و تێکەوڵێکەی پەیکەرەوە گلاون، بەڵام هێشتاکە هەر فۆکەسیان لە ناسنامەکانی دەوڵەتان کردووە. لەگەڵ ئەمەشدا، پاش پۆزیتیڤستەکان پەیتا پەیتا خۆیان لە ڕاڤەکردنی ڕاستییە ناونەتەوەییەکان و ڕۆڵی دەوڵەتان و ئاکتەرە نا دەوڵەتەکانی تر وەدوور خستووەتەوە و خۆیان بە دیاردە تایبەتەکان یان بە ڕاڤەکردنی هەندێ لە واتاکان خەریک کردووە. وا پێ دەچێ گرینگترین جیاوازی لە نێوان ئەو تیۆرییانەدا لە ناو پرسیارەکانیان و ڕێبازەکانیاندا هەیە نەک لە بابەتەکەدا بێت.

لە سەر ئەم بنەوایە و پشت بەو ڕاستییە ببەستین کە داوەکانی پێوەندییە ناونەتەوەییەکان فۆکەسیان لە سەر کارلێکردەیی ناوەخۆیی کردووە، بەشی حەوت، دوور لە بۆچوونەکەیان، هەوڵ دەدات کە بڕی پێوەندییە ناونەتەوەییەکان بشکێنێ و بیردۆزەیەکیان بۆ دابڕێژێ کە بەیانەکانی سەبارەت بە پێوەندییە ماڵییەکان و ناونەتەوەییەکان بەیەکەوە ببەستێ و جەختیش لە سەر پێوەندییە ناوەخۆییەکانی نێوان ئاکتەرە دەوڵەت و نا دەوڵەتەکان لە دنیای پاش مۆدێرنیزم و جیهانگەریدا دەکات.[١٥٦] لە شیکردنەوەی پشتبەستنی پێوەندییە ناونەتەوەیی و سیاسەتی ناونەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوە بە یەکتری، من بە شوێنی تاکتیکێکی نەزەریی ئەو ئامانجە دەکەوم کە خەریکە تاووتوێی دەکەین و ناکرێ نە لە خوارەوە بۆ سەرەوە و نە لە سەرەوە بۆ خوارەوە ڕاڤە بکرێ. تاکێکی بەکار دێنم، بۆ ئەوەی بزانین ئەم شیتەڵکارییە ڕەوشەنەی پێوەندییە ناونەتەوەییەکان دەبێ چ لە خۆ بگرێ، دەبێ دەقەکە و ئەو سیفەتە گشتییانەی کە هەردوو ئەکتەری دەوڵەت و ئاکتەری نا دەوڵەت دەستنیشان دەکەن، هەموو جار بەدەرکەون و ئەوانەش کە بە دینامیکی ئاراستەکردنی بڕیارە سیاسییەکان دەوترێن، دەبێ ڕەچاو بکرێن.

٦- پەیکەری کتێبەکە

لە بەشی دووی ئەم کتێبە، جەخت لە سەر دوو پرسیار دەکەمەوە کە یەکێکیان ئەوەیە بە درێژتر تاووتوێی کێشەی کورد دەکەم بۆ ئەوەی بە چاکی تێی بگەین. لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی توانای پیادەکردنی دوو پلانی نموونەییەوە کێشەی کورد شی دەکرێتەوە بۆ ئەوەی پێوەندییەکانی نێوان سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان و سیاسەتی هەرێمی و کوردیی ڕۆژهەڵاتی ناوین دیار بکرێن یان با بە شێوەیەکی جیاواز دابنێین، بۆ ئەوەیە تا ڕووناهی لە کێشەی کوردی بدەین و ڕۆڵی کوردیش لە سیاسەتی هەرێمی و ناونەتەوەییدا ڕاڤە بکەین. ئەمەش لە ڕێگەی ڕێکخەرێکی ناوەوە و بە هۆی پریزم (مەوشوور)ی پێوەندییە ناونەتەوەییەکانەوە دەکرێ.

بەشی سێ فۆکەس لە سەر ئەو فاکتەرانە دەکات کە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بە گشتی و سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بە تایبەتی ڕێک دەخەن و ئەوەش نیشان دەدا کە وا کورد بۆ یەکەم جارە کەوتووەتە بەر چاوی ئەم سیاسەتەوە و بووەتە یەکێک لەو فاکتەرانەی سیاسەتەکە پێک دێنن.

بەشەکانی چوار و پێنج هاندەر و ڕاستی و ڕەوشت و ئایدیۆلۆجییەکانی پێوەندیی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بە کورد لێک دەداتەوە، بە تایبەتیش ئەوە نیشان دەدەن کە پێوەندییە کاراکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردی بە لایی کەم تا ١٩٩٠ەکان بە ڕاستی هەر لەگەڵ کوردی عێراق بووە. لەوە بە دواوە، جێی سەرنجە کە وڵاتە یەکگرتووەکان، یەکەم جارە، دەست لە کاروباری کێشەی کوردی تورکیا وەردەدات و ئەمەش لەوەوە بوو کە وڵاتە یەکگرتووەکان ڕۆڵی لە گرتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرکردەی پ.ک.ک. لە ١٩٩٩ لە کینیادا هەبوو.

بەشی شەش پێوەندیی نێوان سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد لە سەردەمی پاش سەدام ڕوون دەکاتەوە. لە کۆتاییشدا، بەشی حەوت تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی شێوەی پێوەندییە ناونەتەوەییەکان کە لەم بەشەدا بە کورتی دیار خراوە و لەوێ بە درێژی باسی لێ دەکرێ بۆ ئەوەی لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی زنجیرەیەک پرسیاری گریمانەیی کە پێشتر کرابوون، پێوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردان هزربەند بکەین.

پەراوێزەکان:

١- لەم کتێبەدا، ئاماژە بۆ شەڕی عێراق ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨) کراوە و وەک شەڕی یەکەمی کەنداو ناوی هاتووە و داگیرکردنی کوێتیش لە لایەنی سەدامەوە (١٩٩٠-١٩٩١) بە شەڕی دووەمی کەنداو ناوی دێ و داگیرکردنی عێراقیش لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە دەبێتە شەڕی سێیەمی کەنداو.

2- Lokman I Meho, The Kurdish Question in US Foreign Policy: A Documentary Sourcebook (Westport, CT: Praeger/Greenwood, 2004).

٣- بە قسەی مایکڵ گەنتەری کێشەی کوردی عێراق گرینگیەتیی ئاکتەرە نا دەوڵەتەکانی وەک کورد بۆ شیکردنەوەی سیاسەتی دەوڵەتی و هەرێمی نیشان دەدات. لەگەڵ ئەمەشدا، من لەگەڵ ئەم گوتارەی سەبارەت بە سەرنەکەوتنە فرە ڕووەکەی کوردی عێراق ڕێک ناکەوم: مایکڵ گەنتەر، سیاسەتی دەرەوەی کوردەکانی عێراق.

4- The Journal of South Asian and Middle Eastern Studies, 20(3) (Spring 1997): 19.

5- Milja Kurki and Colin Wight, International Relations and Social Science, in Tim Dunne, Milja Kurki and Steve Smith, eds., International Relations Theories: Discipline and Diversity (London and New York: Oxford University Press, 2007), pp24-25.

٥- ئەمە گرینگیەتیی دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەسەر ناوچە سوورە بریتانییەکەی میسۆپۆتامیا (عێراق) لە خانەقینەوە تا کوێت و ناوچە شینەکەی فەرەنسی کە سوریا و لبنان و خوارووی ڕۆژهەڵاتی تورکیا (باکوری ڕۆژئاوای کوردستان)ی دەگرتەوە: عەبدوڕەحمان قاسملوو،

Kurdistan and the Kurds London, (1965), p 43

٦- ویڵسن دەخوازێ میسۆپۆتامیا کەرکوک و موسڵی لەگەڵدا بێ و سلیمانی و ڕەواندز و ئامێدیش سەربەخۆ بن بۆ ئەوەی ببنە سنوورێک لەگەڵ ئێران و کۆمارە سۆشیالیستەکانی یەکەتیی سۆڤیەت و ئەرمێنیا و ئازەربایجان بپارێزن. هەروەها ئەمەریکاش دەیویست ناوچە کوردییەکان وەک ناوچەیەکی جیاکەرەوە بهێڵێتەوە، تا دەرکەوت کە بریتانییەکان لە شەڕی یەکەمی جیهانی وەدەر کەوتن پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە سوپایەکەیان لەوێ بهێڵنەوە و پاشان پەل بهاوێن و هەموو ناوچەکە داگیر بکەن، لەوێ بوو کە کێرزنی بریتانی مەرجەکانی کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس بۆ

هاوپەیمانان و بۆ تورکیاش بە جودا لێک دەداتەوە

David McDowall, A Modern History of the Kurds (London: I. B. Tauris, 1996), pp. 11821, 135. See also Alessandra Galie and Kerim Yildiz, Development in Syria: A gender and minority perspective (London: Kurdish Human Rights Project, July 2005), p 24.

٧- ناوی عێراق (بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناوە کۆنەکەی ئوروک کە لە شاری ئونوگی سۆمەرییەوە هاتووە) و بەواتای کەنداڵ دێ، لە کۆنفرانسی قاهیرە لە ١٩٢١، جێی ناوی میسۆپۆتامیای گرتەوە: سەیری

Simon Henderson, Instant Empire: Saddam Husseins Ambitions for Iraq (San Francisco CA: Mercury House, 1991), p.10.

بکە. سایمۆن توانجی خۆی دەنووسێ کە تەنانەت پاش ئەوەش بەریتانیا لە عێراق کشایەوە، بریتانییەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی خۆیان لە ڕێگەی دانیشاندنی مەلیک فەیسەڵ دەگێڕا (و) لە دژی سەید تالیب وەستان و ڕەوانی تاراوگەی سیلان کرا.

Geoff L. Simons, Iraq: From Sumer to Saddam (2nd edn) (New York: St. Martins Press, 1994), p 205.

٨- سەرۆکی کوردستان و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، مەسعود بارزانی لە دیمانەیەکی لەگەڵ توێژەر، لە سەلاحەدین لە ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠٠٧دا گوتی: «کورد وەک نەتەوەیەک، یەک دەگرێتەوە.».

سەرەک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی، لە دیمانەیەکی لەگەڵ توێژەر، لە هەولێر لە ٢٣ی نیسانی ٢٠٠٧، گوتی: «دەکرێ دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێ، بەڵام بە هۆی ئەو بارودۆخە ئەستەمەی ئێستە هەیە، بەم زووانە نابێ.».

لە نێوان دیمانەیەکی لەگەڵ جم موێر، جەلال تاڵەبانی گوتی: «دەزانم گەلی کورد سەربەخۆییی دەوێ، بەڵام تێ دەگەن کە ئەم ئاواتە ناشێ ئێستە بێتە دی. سەرکردایەتیی کورد واقیعییە، دەزانن لەم دەمەدا ناکرێ، بۆیە خەبات لە پێناوی فیدراڵی، لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیدا دەکەن.».

Iraqs pragmatic new leader, BBC News (7 April 2005), http://news.bbc.co.uk/2/hi/middleeast/4421261.stm (last accessed March 2009)

٩- هوشیار زێباری تێبینیی دا کە بە ناونەتەوەییکردنی پرسی کوردی لە ١٩٤٦ دەستی پێ کرد. پاشتر لە ٩ی تەموزی ١٩٦٣ ولآتە یەکگرتووەکان یەکەتیی سۆڤیەتی (لە ڕێگەی گرۆمیکۆی وەزیری دەرەوەی) دەستیان لە کاروباری کورد وەردا و نامەیان بۆ عێراق و تورکیا و سوریا نارد.

KurdishMedia.com (3 January 2006), http://www.kurdishmedia.com/news.asp?id=11528 (last accessed 2007).

١٠- دەستپێشخەرییەکەی ب.د.پ. بۆ بایکۆتکردنی دەستە چاکسازییە دەستوورییەکەی ئا.ک.پ. (لە ١٧ی تەموزی ٢٠١٠) ڕیفراندۆمەکەی (١٢ ئەیلولی ٢٠١٠)ی پەک خست.

١١- کێشەی کوردی ناچارە لە لایەکەوە لەگەڵ هەر چوار ولآتی (سوریا و ئێران و عێراق و تورکیا) هەڵسوکەوت بکا و لەلایەکی ترەوەش لەگەڵ دەستپێشخەرییان بۆ هاندانی یاخیبوونی کورد لە ولآتێک دژی ولآتەکانی تر بۆ بێهێزکردنیان، گرفتی ترە و دەبێ خۆی لەگەڵ بگونجێنێ. کوردی ناوەخۆشیان سەرکوت دەکەن. کورد لە کازاخستان و قەرغیزستان و لبنان و ئەوروپاشدا هەیە، سەیری

Erik Cornell, Turkey in the 21st Century: Opportunities, Challenges, Threats (UK: Curzon Press, 2001), p. 120.

١٢- پرسی کورد گرفتی نەتەوەیەکی کەمینە نییە (بگرە) پرسی دابەشبوونی ولآت/نەتەوەیە.

Kemal Burkay, The Kurdish question _ its history and present situation_ (1997) in http://www.kurdistan.nu/english/eng_kurdish_question.htm (last accessed March 2009).

١٣- تا ولآتە هەرێمییەکان بە پێی ویستی جیۆستراتیجی و جیۆپۆلێتیکیی خۆیان کار بکەن، پێویستە پرسی کورد لە سەر کاریگەرییەکەی لە سەر ئەم دەوڵەتانە کار بکات. دەشبێ هەوڵیش بدا خۆی لە ڕکەبەریی نێوان عێراق و ئێران لە سەر زەریای ناوەڕاست و قەوقاز و ناوەڕاستی ئاسیا دوور بخاتەوە. سەیری

Robert Olson, _The Kurdish question and Chechnya: Turkish and Russian Foreign policies since the Gulf War_, Middle East

Policy, 4(3) (1996): 29_39; see also Robert Olson, Turkey_s relations with Iran, Syria, Israel and Russia, 1991_2000: The Kurdish and Islamist Questions (Costa Mesa CA: Mazda Publishers, 2001), p 1.

14- Olson, Turkey_s Relations with Iran, Syria, Israel and Russia, op.cit., p14.

١٥- "گرفتی كورد" "گرفتێكی" ئیتنی و ناسنامەیە كە "ململانێی كوردیش" دەگرێتەوە.

Henri J . Barkey and Graham E . Fuller, _Turkey_s Kurdish question: critical turning points and missed opportunities_, The Middle East Journal, 51(1) (Winter 1997): 61.

١٦- مەیینی كورد لە ئێران و لە سوریا لێرەدا باس كراوە.

Kerim Yildiz, The Kurds in Iraq:The Past, Present and Future (London: Pluto Press, 2004), p7.

17- Ankara Journalists_ Association, PKK: Reality in Turkey and in the World (Ankara: Gazeteciler Cemiyet Yayinlari, 1994), p 8.

18- Remarks by Dana Bauer (Deputy Director of the office of Southern Europe), _US officials speaks on Turkey and the Kurdish Question_, US Information Service (ed), Dr . Karl Renner Institute, Vienna (Austria), _On the way to Europe: the future of the Kurdish question for Turkey and its neighbours_ (6 July 1998), http://www.mtholyoke. edu/acad/intrel/kurdtur htm (last accessed March 2009), p4.

19- Suleiman Demirel, "Origins of the problem: the roots of Kurdish Nationalism", in Barkey and Fuller, Turkey's Kurdish Question, op. cit., p. 135.

20- The latest revelation of the "Balyoz" (Sledgehammer) Operation, an alleged military coup plan against the ruling Justice and Development Party (AKP) organized by Turkish military offi cers that the daily newspaper Taraf brought into light (January, 2010), is indicative.

21- Barkey and Fuller, "Turkey's Kurdish question: critical turning points..." op. cit., p. 60. This problem started to be internationalized "with a) the 1988 Iran-Iraq War which resulted in the infl ux of refugees to Turkey, b) the 1991 Gulf War and c) finally with the role of Turkey during Ozal's Presidency"; James Ciment, The Kurds: State and Minority in Turkey, Iraq and Iran (New York: Barnes and Noble, 1996), p. 52,

22- Chris Kutschera, "Mad dreams of independence: The Kurds of Turkey and the PKK", Middle East Report, No. 189 (July-August 1994), pp. 12 _15.

23- Suleiman Demirel, "Origins of the problem: the roots of Kurdish Nationalism", in Barkey and Fuller, Turkey_s Kurdish Question, op. cit. , p. 134.

24- UN Committee on the Elimination of Racial Discrimination, Fifteenth Periodic Report of States Parties due in 1998: Addendum; Syrian Arab Republic, CERD/C/338/ Add.1/ Rev.1 (Geneva Switzerland, 26 October 1998), p.4.

25- "The Syrian State does not recognize the Kurds as an endogenous ethnic/national group but as immigrants from Turkey", Kerim Yildiz, The Kurds in Syria: The For-

gotten People (London: Pluto Press, 2005), p.7.

26- Robert Lowe, The Syrian Kurds: A People Discovered, Chatham House Middle East Programme Report (London: Royal Institute of International Affairs. January 2006) (MEP BP 06/01, 13 March2004). "The foreigners are the so-called "Ajanib" whereas the descendants of Syrian Kurds are named "Maktoumeen". They have no passports, official jobs or property and they are suppressed politically_; see Harriet Montgomery, The Kurds of Syria - An Existence Denied (Berlin: Europaisches Zentrum fur Kurdische Studien, 2005), pp. 77-89, cited in Lowe, ibid. "Their lack of citizenship is attributed

to their absence in the records of the Hassakeh's census in 1962 (Decree No. 93) in an attempt of the states to control the north-east area of the country which is rich in natural resources", Maureen Lynch and Ali Perveen, "Buried alive: stateless Kurds in Syria" in Refugees International Report (January 2006), http://www. unhcr. org/refworld/docid/47a6eba80.html

(last accessed March 2009)

27- Bulent Aras, Turkey and the Greater Middle East (Istanbul: Foreign Relations Serial:1, Tasam Publications, 2004), p. 93,

28- Practices such as the Syrian regime,s Arabization of the names of the PKK rebels to protect them from being captured by the Turkish authorities, adds to the identity problem' of Syria's Kurds; See Aliza Marcus, Blood and Belief: The PKK and the Kurdish Fight for Independence (USA: New York University Press, 2007), p. 60. Whereas, the trial of sixteen Kurdish people in Syria who were randomly detained in connection with the activities of Newroz, in the province of Hasakah, without court order from an individual military judicial authority in Qamishli (November, 7th 2010) is also indicative in Kurdistan National Assembly-Syria, "Trial of 16 Kurds in Syria, case 166 of 2010', http://www.kurdnas.com/en/index.php?option=com_content&view=article&id=59%3Atrial-of-16-kurds-in-syria-case-166-of-2010&catid=3%3Anewsflash&Itemid=54&lang=en, (last accessed July 2010).

29- Nader Entessar, Kurdish Politics in the Middle East (Lanham MD: Lexington Books, 2010).

30- McDowall, David, The Kurds: A Nation Denied (London: Minority Rights Publications, 1992); McDowall and Gerard Chaliand, eds., A People Without a Country: The Kurds and Kurdistan, trans. Michael Pallis (London: Zed Books, 1993); McDowall, David, A Modern History of the Kurds (London: I.B. Tauris, 1996 & 2000).

31- Kerim Yildiz and Tanyel B. Taysi, The Kurds in Iran: The Past, Present and Future

(London: Pluto Press, 2007); Yildiz, The Kurds in Syria: The Forgotten People (London: Pluto, 2005); and Yildiz, The Kurds in Iraq: The Past, Present and Future (London: Pluto, 2004).

32- Denise Natali, The Kurds and the State: Evolving National Identity in Iraq, Turkey, and Iran (Syracuse NY: Syracuse University Press, 2005).

33- Van Bruinessen, Martin, Agha, Sheikh and State: The Social and Political Structure of Kurdistan (London, Zed Books, 1992).

34- Ghassemlou, Abdul Rahman Kurdistan and the Kurds (London: Collets Holdings, 1965).

35- Wadie Jwaideh, The Kurdish National Movement: Its Origins and Development (Syracuse NY: Syracuse University Press, 2006).

36- Ismet Cherif Vanli, "A democratic future for the Kurds of Turkey', Proceedings of the International Conference on North West Kurdistan (Germany: Medico International of Frankfurt, and London: Kurdistan Human Rights Project, 1995); Erik Cornell, Turkey in the 21st century: Opportunities, Challenges, Threats (London: Curzon Press, 2001); Farideh Koohi-Kamali, The Political Development of the Kurds in Iran: Pastoral Nationalism (London: Palgrave Macmillan, 2003), William Eagleton, Jr., "The Kurdish Republic of 1946', Middle Eastern Monographs, 5 (1963).

37- Robert Olson, Turkey's Relations with Iran, Syria, Israel and Russia, 1991-2000: The Kurdish and Islamist Questions (Costa Mesa CA: Mazda Publishers, 2001).

38- Edmund Ghareeb, The Kurdish Question in Iraq (Syracuse NY: Syracuse University Press, 1981).

39- Gareth R V Stansfield, Iraqi Kurdistan: Political Development and Emergent Democracy (London: Routledge Curzon, 2003).

40- (The capture of Ocalan: the time of the truth)(Athens: Infognomon, 2007).

41- Aliza Marcus, Blood and Belief: The PKK and the Kurdish Fight for Independence (USA: New York University Press, 2007).

42- I raise such weaknesses in my Review of Marcus's Blood and Belief for the Political Studies Review Journal, Vol. 6. Issue 2 (University of Sheffield, May 2008).

43- Samantha Power, A Problem from Hell: America and the Age of Genocide (New York: Basic Books, 2002).

44- James Ciment, The Kurds: State and Minority in Turkey, Iraq and Iran (New York: Barnes and Noble, 1996).

45- Nader Entessar, Kurdish Nationalism (London: Lynne Rienner, 1992).

46- Philip G. Kreyenbroek and Stefan Sperl, The Kurds: A Contemporary Overview (London& New York: Routledge, 1992)

47- Henri J. Barkey and Graham E. Fuller, Turkey's Kurdish Question (New York: Carnegie Corporation, 1998).
48- Tas,pinar, Omer, Kurdish Nationalism and Political Islam in Turkey: Kemalist Identity in Transition (New York and London: Routledge, 2005).
49- Lokman I. Meho, 'The Kurds in Lebanon: a social and historical overview', International Journal of Kurdish Studies (Kurdish Library, January 2002).
50- Metin Heper, The State and Kurds in Turkey: The Question of Assimilation (New York: Palgrave Macmillan, 2007).
51- Hakan Ozoglu, 'Nationalism and Kurdish Notables in the late Ottoman-Early Republican Era', International Journal of Middle East Studies, Vol. 33. No. 3 (August 2001).
52- Larry Everest, Oil, Power and Empire: Iraq and the US Global Agenda (4th edn) (Canada: Common Courage Press, 2004).
53- Teicher, Howard and Gayle Radley Teicher, Twin Pillars to Desert Storm: America's Flawed Vision in the Middle East from Nixon to Bush (New York: Morrow, 1993).
54- John Dumbrell, The Making of US Foreign Policy (Manchester: Manchester University Press, 1990).
55- Glenn P. Hastedt, American Foreign Policy: The Past, Present, Future (3rd edn) (Upper Saddle River NJ: Prentice Hall, 1997).
56- Christopher Coker, Refl ections on American Foreign Policy since 1945 (London: Pinter Publishers, 1989).
57- James E. Dougherty, and Robert L. Pfaltzgraff Jr., Contending Theories of International Relations: A Comprehensive Survey (3rd edn) (New York, NY: Harper Collins, 1990).
58- Steve Smith, Amelia Hadfield and Tim Dunne, eds. , Foreign Policy: Theories, Actors, Cases (London: Oxford University Press, 2008).
59- Lokman I. Meho, The Kurdish Question in US Foreign Policy: A Documentary Sourcebook (2004), with a contribution by Michel Nehme.
60- 'The ethnic Kurdish minorities in Iran and Syria remain pariahs in every sense ...and there is little hope for immediate progress', Michael Rubin, 'Are Kurds a pariah minority', Social Research (Spring 2003) and see also http://www.fi ndarticles.com/p/articles/mi-m2267/is-1=70/ai-102140955/print (last accessed March 2009), p. 10.
61- Ghareeb, The Kurdish Question in Iraq (1981), op. cit.
86; and 62- Interview with Mustafa Barzani,(13/09/1976), cited in Ghareeb, op. cit., p., Interview by the researcher with Mahmoud Othman, President of the Kurdistan So-

cialist Party, Member of Iraqi Parliament and member of the Iraqi delegation during the 1970s (Manifesto) negotiations (Erbil, 15/04/2007).

63- See Fred Halliday, _The romance of non-state actors_, in Daphne Josselin & William Wallace, eds, Non-State Actors in World Politics (London and New York: Palgrave Macmillan, 2001), pp. 28, 37.

64- Sprout, for example, criticizes International Relation's lack of reference to the role of actors - apart from states - as long as the term has been equated to the 'nation-state' without implications for the individuals; see Harold Sprout, 'International Politics and the Scholar', Princeton Alumni Weekly, Vol. 59 (1959), p. 9.

65- Arnold Wolfers, Discord and Collaboration: Essays on International Politics (Baltimore: The Johns Hopkins Press, 1962).

66- Bertjan Verbeek and Philip Quarles Van Ufford, 'Non-State Actors in Foreign Policy Making: A Policy Subsystem Approach', in B. Arts, Math Noorman, and Bob Reinalda, eds, Non-State Actors in International Politics (Aldershot UK: Ashgate, 2001), p. 136.

67- Scott Burchill, et al., Theories of International Relations (2nd edn) (New York: Palgrave Press, 2001), p. 95.

68- Richard A Higgott, Geoffrey R. D. Underhill and Andreas Bieler, eds., Non-state Actors and Authority in the Global System (London: Routledge, 2000), p. 1.

69- An explanation of the UN role in the 1980 crisis in Afghanistan, in Philip Taylor, 'Introduction: non-state actors and the state-centric model', Part 1, Nonstate Actors in International Politics: From Transregional to Substate Organizations (London: Westview Press, 1984), p. 7. The role of corporations is examined by Verbeek and Van Ufford, 'Non-state actors in foreign policy-making: a policy sub-system approach', in Arts, Noormann and Reinalda, eds., Non-State Actors in International Relations, op. cit.,; also Gilbert Gagne, 'International trade rules and states: enhanced authority for the WTO?', in Higgott, Underhill and Bieler, Non-State Actors and Authority in the Global System, op. cit., p. 220.

70- Higgott, Underhill and Bieler, ibid., p. 5.

71- Richard W. Mansbach, Yale H. Ferguson and Donald E. Lampert, The Web of World Politics: Non-State Actors in the Global System (Englewood Cliffs, New Jersey: Prentice Hall, 1976), pp. 275 -78, 281.

72- Kendall W. Stiles, 'Grassroots empowerment' in Higgott, Underhill and Bieler, eds, Non-State Actors and Authority ... , op. cit. , p. 32.

73- Daphne Josselin, 'Back to the front line; trade unions in a global age', Josselin and Wallace, Non-State Actors in World Politics, op. cit., p. 171.

74- Interview by researcher with Dr Najmaldine O. Karim, President of the Kurdish In-

stitute in Washington and private physician to Mullah Mustafa Barzani (Washington DC, 8/03/2008).

75- Urban G.Jr, Whitaker, ‘Actors, ends and means: a coarse-screen macro-theory of International Relations_, in James N. Rosenau, International Politics and Foreign Policy: A Reader in Research and Theory (New York: The Free Press of Glencoe, 1961).

76- Diane Stone, ‘Private authority, scholarly legitimacy and political credibility’, in Josselin and Wallace, op. cit., p. 212

77- Christopher Coker, ‘Outsourcing war’ in ibid, pp. 199-201.

78- Eva Østergaard-Nielsen, ‘Diasporas in world politics’, in ibid, pp. 223-24, 228

79- Andrew Walter, ‘Globalization and policy convergence’, in Higgott, Underhill and Bieler eds., Non-State Actors and Authority..., op. cit., pp. 51-53.

80- Katerina Dalacoura, ‘Islamist movements as non-state actors and their relevance to International Relations’, in Josselin and Wallace, Non-State Actors in World Politics, op. cit., p. 235.

81- ‘Cultural/ideological international governmental organizations and transnational ethnic groups’; see Taylor, Part 5, in ibid, Philip Taylor, pp. 219–31.

82- Philip Taylor, ‘Introduction: non-state actors and the state-centric model’, op. cit, pp. 4, 7, 20.

83- ‘Cultural/ideological international governmental organizations and transnational ethnic groups’; see Taylor, Part 5, in ibid, p. 219.

84- Ibid, pp. 231, 228.

85- Josselin and Wallace, Non-State Actors in World Politics, op. cit., pp. 3–4.

86- Ibid., p. 36.

87- Fred Halliday ‘The romance of non-state actors’, in ibid, pp. 21, 26.

88- Ibid, p. 26.

89- William D. Coleman, ‘Policy Networks, non-state actors and internationalised policymaking: a case study of agricultural trade’, in ibid, p. 94.

90- Ibid., p. 258.

91- Philip Taylor, ‘Introduction: non-state actors ... ’, op. cit., p. 20

92- Josselin and Wallace, Non-State Actors in World Politics, op. cit., pp. 3–4.

93- The term ‘ethnie’ signifi es a ‘set of local groups that lay claim to a common origin and principles of organization which although not similar, through their differences demonstrate that they belong to a common tradition ... and [as] tribes constitute ethnies and the Kurds belong to tribes then Kurds are ethnies’; see Hosham Dawood, ‘Ethnicity and power: some refl ections on ethnic defi nitions and boundaries’, in Faleh A. Jabar, The Kurds: Nationalism and Politics (London: Saqi, 2006), p. 87.

94- Philip Taylor, 'Introduction: non-state actors ... ', op. cit., p. 20.

95- Halliday, 'The romance of non-state actors', op. cit., pp. 21, 26.

96- Maureen Lynch and Ali Perveen, 'Buried alive: stateless Kurds in Syria', Refugees International Report (January 2006) in http://www.unhcr.org/refworld/docid/47a6eba80.html; and Robert Lowe, The Syrian Kurds: A People Discovered, Chatham House Middle East Programme (MEP BP 06/01, 13 March 2004) (Royal Institute of International Affairs, January 2006).

97- Our argument contradicts the statement of Meho and Nehme that the Iraqi Kurds had 'played the role of dispensable pawns, for the US foreign policy', in Lokman I. Meho, The Kurdish Question in US Foreign Policy: A Documentary Sourcebook (2004), p. 15. Gur-Arieh too, supports the idea that 'no nation in the 20th century has been the pawn of regional and global powers as often as the Kurds', in Danny Gur-Arieh, 'The Kurds: the elusive question', New Outlook 34 (April/May 1991), p. 6.

98- For example Mahmoud Othman notes of the Kurds in Iraq that 'since the 1950s the Kurds tried to have contacts with the Americans', whereas during the 1970s, 'the Kurds were desperate to get any relationship with America because the USSR sided with Saddam ... [but] we had no choice'. Regarding the July 1972 offi cial but covert Kurdish visit to the US, the Kurds 'were happy even with that secret relation'; Interview by the researcher with Mahmoud Othman, President of the Kurdistan Socialist Party, Member of Iraqi Parliament and member of the Iraqi delegation during the 1970s (Manifesto) negotiations (Erbil, 15 April 2007).

99- Indeed, 'the Kurds knew that the 1970s secret relation with the US would not give Them muchU: ibid.

100- Kevin Harrison and Tony Boyd, Understanding Political Ideas and Movements (Manchester: Manchester University Press, 2003), p. 168.

101- Bearing in mind the problematic nature of the term 'minority' as one that should satisfy objective as well as subjective criteria, and given that the rights of minorities are recognized individually and not collectively, a reconsideration of the term per se is raised. Thus, the prerequisites imposed by scholarly positions (e.g., Bakker Van Bosse's objective criterion that a minority should not only desire, but also be in a position to maintain, its own cultural heritage in order to be identifi ed as such), raise even more questions than the term in itself about the exact status of the Kurds in the Middle East where they are labelled/recognized as such.

102- Robert H. Jackson, Quasi-states: Sovereignty, International Relations and the Third World (Cambridge University Press, 1990), p. 26.

103- According to Anderson, the Kurdish State in North Iraq and the 9/11 events shed

light on the importance of the mobilization of socio-political groups, whether religious or ethnic and taking into account the worldwide dimensions of their actions: see Lisa Anderson, 'A Comparativist's Perspective', Polity Forum, 29(2) (Winter 1996): 307.

104- IR is separated into two large categories of theories, the Grand Theories (fi eld, realistic, systemic theories) and the Middle Range Theories (geographical approach, community building, functionalism, deterrence, decision-making theories).
Decision-making, in turn, is becoming divided into Bureaucratic Theory, the Theory of the Rational Actor, Satisfying Behaviour and fi nally the Cybernetic, Refer to James E. Dougherty and Robert L. Pfaltzgraff Jr., Contending Theories of International Relations: A Comprehensive Survey (3rd edn) (New York: Harper Collins Publishers, 1990), p. 10.

105- 'Each event has its effect within the anarchic international system regulated by the power of the stronger states', David Lumsdaine, 'The intertwining of International and Domestic Politics', Polity Forum, 29(2) (Winter 1996):299–306, 300.

106- IR is characterized 'by individualistic conceptions about phenomena where there are no coherent school of thoughts'; see Charles A. McClelland, 'The function of theory in International Relations', The Journal of Confl ict Resolution (London: Sage Publications, September 1960), 4(3): 305–6.

107- Lisa Anderson, 'A comparativist's perceptive', op. cit., pp. 307, 310.

108- Walter Carlsnaes, 'Actors, structures and foreign policy analysis', in Smith, Hadfield and Dunne, eds, Foreign Policy, op. cit, p. 96.

109- Alexander Wendt, 'Anarchy is what states make of it: the social construction of power politics', in International Organization, 46(2) (Spring 1992): 421.

110- Thucydides, The History of the Peloponnesian War (Athens, 431 B.C.).

111- Niccolo Machiavelli, The Prince (Oxford University Press, 2005).

112- Thomas Hobbes, Leviathan (Oxford University Press, July 1998).

113- Hans J. Morgenthau, Politics Among Nations: The Struggle for Power and Peace (Revised, 5th edn) (New York: Alfred A. Knopf, 1978).

114- Edward Hallett Carr, The Twenty Years' Crisis, 1919–1939: an introduction to the study of international relations (USA: Harper Torch Books, 1964).

115- Kenneth N. Waltz, Theory of International Politics (Reading MA: Addison-Wesley, 1979), p. 95.

116- Thomas Hobbes, in his Leviathan, states that 'the causes of war are found in human nature'; cited in Howard Williams, 'Hobbes: War and the Laws of Nature', International Relations in Political Theory (Buckingham: Open University Press, 1992), p. 57.

117- The Balance of Power is 'a necessary outgrowth of politics that cannot be abolished';

see Hans J. Morgenthau, Politics Among Nations: The Struggle for Power and Peace (New York: Alfred A. Knopf, 1948), p. 126.

118- Waltz, Theory of International Politics, op. cit., p. 131.

119- Samuel C. Patterson, Roger H. Davidson and Randal B. Ribley, A More Perfect Union: Introduction to American Government (revised edn) (Homewood IL: Dorsey Press, 1982), pp. 593–95; also Jack Donnelly, Realism and International Relations (Cambridge: Cambridge University Press, 2000), p. 29.

120- Donnelly, ibid, p. 93.

121- Carlsnaes in Smith, Hadfi eld and Dunne, Foreign Policy ... , op. cit., p. 92.

122- According to Gideon Rose, 'Schweller argues that a full theory of foreign policy should include the nature of states' goals or interests, which he operationalizes as the degree to which they are status quo or revisionist – satisfi ed or dissatisfi ed with the existing distribution of international spoils, the prestige, resources and principles of the system', in Gideon Rose, 'Neoclassical realism and theories of foreign policy', World Politics 51 (October 1998), p. 164 and Randall L. Schweller, Deadly Imbalances:Tripolarity and Hitler's Strategy of World Conquest (New York: Columbia University Press, 1998).

123- 'The neoclassical realists believe, understanding the links between power and policy requires close examination of the contexts within which foreign policies are formulated and implemented', in Gideon Rose, 'Neoclassical realism and theories of foreign policy', op. cit, p. 147. Power refers to the 'capabilities or resources ... .with which states can infl uence each other', William Curti Wohlforth, The Elusive Balance: Power and Perceptions during the Cold War (Ithaca, New York: Cornell University Press, 1993), p. 4. Hence, neoclassical realists, 'analyze how systemic pressures are translated through unit-level intervening variables such as decision-makers' perceptions and domestic state structure. In the neoclassical realist world leaders can be constrained by both international and domestic politics', in Gideon Rose, 'Neoclassical realism and theories of foreign policy', World Politics 51 (October 1998), p. 152.

124- On the realist paradigm in developing the scientifi c study of IR see Joseph A. Vasquez, The Power of Power Politics: A Critique (New Brunswick NJ: Rutgers University Press, 1983); also Donnelly, Realism and International Relations, op. cit., p. 29.

125- Harold K. Jacobson, Networks of Interdependence, International Organizations and the Global Political System (Boston MA: Little Brown, 1977).

126- ‘Democracies do not go to war with each other’; see Francis Fukuyama, ‘The End of History’, The National Interest, No. 16 (Summer 1989), pp. 3–18.

127- Robert O. Keohane, International Institutions and State Power: Essays in International Relations Theory (Boulder, CO: Westview Press, 1989), p. 8.

128- Michael W. Doyle, ‘Liberalism and World Politics’, in Charles W. Kegley Jr., ed., Controversies in International Relations Theory: Realism and the Neoliberal Challenge (rev. edn) (New York: St. Martin’s Press, 1995), p. 32.

129- John R. Vincent, ‘The Hobbesian tradition in 20th century international thought’, Millennium Journal of International Studies, 10(2) (1981): 93.

130- Dunne, Tim, ‘Liberalism’, in John Baylis, Steve Smith and Patricia Owens, eds., The Globalization of World Politics: An Introduction to International Relations (2nd edn) (London and New York: Oxford University Press, 2001), p. 163.

131- ‘A trade state replaces the military one’; Richard Rosecrance, The Rise of the Trading State: Commerce and Conquest in the Modern World (New York: Basic Books, 1986)

132- Lawrence R. Jacobs and Benjamin I. Page, ‘Who infl uences US foreign policy?’, American Political Science Review, 99(1) (February 2005): 107–21.

133- Carlsnaes, ‘Actors, structures and foreign policy analysis’, op. cit., p. 92.

134- Andrew Linklater, ‘Rationalism’, in Scott Burchill et al., Theories of International Relations (2nd edn) (New York: Palgrave, 2001), p. 124 and Robert Jackson and Georg SOrensen, Chapter 5: ‘International Society’, in Introduction to International Relations: Theories and Approaches (New York: Oxford University Press, 2007), p. 47.

135- Andrew Linklater, ‘Rationalism’, in Scott Burchill et al., Theories of International Relations (2nd edn) (New York: Palgrave, 2001), pp. 104,121–23.

136- John R. Vincent, Human Rights and International relations (Cambridge University Press, 1986).

137- Hedley Bull, The Anarchical Society: A study of Order in World Politics (Columbia University Press, 1995).

138- Herbert Butterfi eld and Martin Wight, Diplomatic Investigations: Essays in the theory of International Relations, eds (London: Allen and Unwin, 1966).

139- Hedley Bull and Adam Watson, eds, The expansion of international society (Oxford University Press, 1984).

140- Hugo Grotius, On the Law of War and Peace (USA: Kessinger Publishing Co, 2004).

141- Ibid, pp. 121–23.

142- Robert Jackson and Georg SOrensen, Chapter 5: ‘International Society’ in Intro-

duction to International Relations, op. cit, pp. 47,49.

143- Hidemi Suganami, The Domestic Analogy and World Order Proposals (Cambridge: Cambridge University Press, 1989).

144- The reason behind the inauguration of the British Committee on the Theory of International Politics (January 1959), arose out of attempts to establish an order within the anarchical international system. According to Tim Dunne, the English School claims to be an 'alternative to mainstream North American theorizations of IR'. Hence, the paradigm examines not only the three sources of agency – system, society and world society – but also their inter-relation and in turn their 'impact on the rule of structure'. Thus, the analysis of the global system and its historical understanding as the main foci of the paradigm are intertwined with a normative approach and the examination of the role human rights play within such settings. See in particular Tim Dunne's chapter on 'The English School', in Tim Dunne, Milja Kurki and Steve Smith, eds, International Relations Theories: Discipline and Diversity (London and New York: Oxford University Press, 2007).

145- Alexander Wendt, 'Collective identity formation and the international state', The American Political Science Review, 88(2) (June 1994): 128–39.

146- Philip Taylor, 'Introduction: non-state actors and the state-centric model', op. cit, pp. 34–35.

147- Alexander Wendt, 'Collective identity formation and the international state', op. cit, p. 132.

148- 'The modernists focus on the social-inguistic construction of object and subjects whereas post-modernists focus on the relationship between power and knowledge'; see Richard Price and Christian Reus-Smit, 'Dangerous Liaisons? Critical International Theory and Constructivism', European Journal of International Relations, 4(3) (1998): 268.

149- Robert Jackson, Chapter 6: 'Social Constructivism', in Introduction to International Relations: Theories and Approaches, Robert Jackson and Georg SOrensen (New York: Oxford University Press, 2007), pp. 167, 174–76.

150- David Dessler and John Owen, 'Constructivism and the problem of explanation: a review article', Perspectives on Politics, 3(3) (September 2005): 607–8.

151- Wendt, 'Collective identity formation and the international state', op. cit., p. 390.

152- Ibid, pp. 385–86, 389.

153- Steve Hobden and Richard Wyn Jones, 'Marxist theories of International Relations', in Baylis, Smith and Owens, eds., The Globalization of World Politics: An Introduction to International Relations (2nd edn) (London and New York: Oxford University Press, 2001), p. 215.

154- Along these lines, 'post-structuralism does not see itself as a theory ... (but) it is an approach ... that pursues critique', in Tim Dunne, Kurki Milja and Steve Smith, eds, International Relations Theories: Discipline and Diversity (London and New York: Oxford University Press, 2007), p. 225.

155- William E. Connolly, Identity/Difference: Democratic Negotiations of Political Paradox (Ithaca NY: Cornell University Press, 1991), pp. 56–57.

156- Fred Halliday and Justin Rosenberg, 'Interview with Ken Waltz', Review of international Studies, 24(1998): 380–82; also Mohammad Nuruzzaman, 'Beyond the realist theories: neo-conservative realism and the American invasion of Iraq', International Studies Perspectives 7 (Blackwell Publishing, 2006), p. 244.

## ٢- سرووشتی فره ڕووی کێشەی کورد

ئێستە باشترە، بەڵام درەنگە و کەمە...
پێویستە پتر بێ و پێویستیش بوو لەوەش
خێراتر و (زووتریش) بهاتایە.

مەحموود عوسمان[١]

١- پێشەکی

ئەم بەشە زەینی ئەو ڕۆڵە سیاسییە دەدات کە کوردەکانی ڕۆهەلاتی ناوین گێڕاویانە[٢]. هەرچەندە کوردەکانی تاراوگە لە یەکەتیی سۆڤیەتی پێشوو و لە لبنان و لە ئیسرائیل و لە چەندین وڵاتی تری ئەورووپاییدا هەن، بەڵام زۆری کوردەکانی ئێران و عێراق و سوریا و تورکیا و ئەو توانایەی هەیانە بۆ ئەوەی پاڵەپەستۆی سیاسی لە هەردوو لایەنی هەرێمی و ناونەتەوەییدا بکەن، گەلەک بە هێزە و لەبەر ئەمە شایانن توێژینەوەیان لە بارەوە بکرێ[٣]. بۆیە ئەم بەشە لە ڕێبازی کۆمەلایەتی ـ مێژوویی ڕەت دەدا و بە دوای ئەو شیکردنەوە سیاسیەدا دەچێ کە کورد بە وڵاتە یەکگرتووەکانەوە دەبەستێتەوە و بە هۆی کێشەی کوردیشەوە بۆ ئەو سیاسەتە هەرێمی و ناونەتەوەییەوە دەڕوا کە زنجیرەیێک کێشەی لێ دەبێتەوە و هەر یەکێکیشیان لەگەڵ گرفتی تر تێکەلاو بوونە کە لە سروشتیاندا جیاوازن. پارچەکردنی کوردستان و دابەشکردنی کورد بەسەر چەند وڵاتێکدا، لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی کرا. جا ئەو بەشانەی کە لە دواوە دێن پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردی ئێران و عێراق و تورکیا و سوریا، لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی، تاووتوێ دەکەن.

کەمیی ئەو نووسینانەی ئاماژە بە پێوەندییەکانی نێوان کورد و دەوڵەتە بیانییەکان، بە وڵاتە یەکگرتووەکانیشەوە، دەکەن، یان هەڵیان دەسەنگێنن، ئەوە دووپات دەکەنەوە کە بابەتەکە گرینگە. ئەو توێژینەوە هەرێمییانەی تا ئێستە

بایەخـیـان بە ڕۆهەڵاتی ناوین داوە، ویسـتـوویانە یان پێـوەندییـە هەرێمـیـیـەکـانی یانیش پێـوەندییـەکـانی نـاو یەک دەوڵەت ڕاڤـە بکەن و یانیـش کـەمـتـر بایەخـیـان بە پێـوەندییـەکـانی دەوڵەتانی هـەرێمی لەگـەڵ هێـزە دەرەکـیـیـەکـاندا داوە. لەگـەڵ ئەمـەشـدا، لە هـەر شـوێنێکدا پێوەندیی بە کێشـەی کوردەوە هەبێت، بە زۆری وەک ئامێرێک بـەکار هـاتووە بۆ ئەوەی سیاسـەتی هـەرێمیی پێ تاووتوێ بکەن، نەک بچن وەک خـاڵێکی تەوەریی گرینگ لە گەشەپێدانی سیـاسـەتی ناونەتەوەیی و هـەرێمیدا لێـی بکـۆڵنـەوە. ئەو توێـژینـەوە هـەرێمـیـیـانـەی تـازە سـەبارەت بـە پێـوەندییـە ناونەتـەوەییـیـەکـانی دەوڵەتانـی ڕۆهـەڵاتی نـاوین کـراون، ئەوە بە دیار دەخـەن کـە هێـشـتـا پێـوەندییـە هـاوبەشـەکـانی نێـوان ئاکـتـەرە دەوڵەت و لایـەنە کـاریگـەرە نـا دەوڵەتەکان بە چاکی گەشـەی نەکردووە. بۆیـە ئەم کـتێبـە لە بواری بەدواداچوونی پێـوەندیی سـیـاسـەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگـەڵ کوردەکـانی ڕۆهـەڵاتی ناویندا، لە پێوەندییـەکانی نێوان ئاکتەرە دەوڵەت و نا دەوڵەتەکان و لە ڕۆڵی ئەمەی دواییشیان لە سیاسـەتی هـەرێمی و ناونەتەوەییدا دەکۆڵێتەوە.

بۆ توێژینـەوەی کێـشـەی کـورد، ئەم بەشـە بەو ڕێگە مـێـژوویی و کۆمـەڵایەتی و ئەنتـرۆپۆلۆجـیـیـەدا ناچێ کـە زۆربەی نووسـینەکـان پێـیـدا ڕەت بوونە و بە سـەر شـیکـردنەوەی سـیـاسـیـیـانـدا زاڵ کـردووە، بگرە ئەم بەشـە بەشـوێن ئەو تـوێژینەوە سیاسییە دەکەوێ کە لەگەڵ لێکۆڵینەوەی ئەزمـوونی بەیەکەوە بەسـتراونەتـەوە. جا بەم شێوەیە، ئەو پرسـیـارە لەو بەشەدا کراوە، هـاوڕێ لەگـەڵ ئەو پرسیارەی تەواوی توێژینەوەکـە دەیکات و دەڵێ ئاخـۆ کـورد کـار لە سـیـاسـەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکـان دەکەن و ئاخۆ چۆن وڵاتە یەکگرتووەکانیـش کار لە کێشـەی کورددا دەکـات، هـەمـوو لە سـەر بنـەوای لێکۆڵینەوەیەکی مـێژوویی دامـەزراون و شـوێنی لە ناو پێوەندییە ناونەتەوەییـیەکاندا هـەیە[٤]. بۆ ئەوەی لە کێشـەی کورد و دوورییەکانی و لە پێـوەندیی لەگـەڵ سـیـاسـەتی وڵاتە یەکگرتووەکـان و سـیـاسـەتی هـەرێمی تێ بگەین، هـەندێ نموونەی بەیانیی شیکردنەوەی تریش باس دەکرێ. جگە لەمەش، بۆ ئەوەی بایـەخ بەو گـرووپـە کـوردە جـیـاوازانەش بدەین کـە لە وڵاتانـی تردا دەژین، باسـی کاریگەریی ئەوانیش دەکرێ.

بەشـەکـە بـە شـێـوەی سـەرەکی دەیەوێ کـورد، وەک ئاکـتـەرێکی نـا دەوڵەت، لە شـوێنێکی ناو گـۆڕەپانی هـەرێمی و جـیـهـانـی دابنـێ و بەم جـۆرەش بـایـەخ بـە بـارە

ئاڵۆزەکەیان بدات. هەرچەندە بە گشتی لە شێوەی تاک ئاماژە بۆ کێشەی کورد دەکرێ، بەڵام خۆ هێمادەری کۆگەلیشی لێ هەیە. پەرتبوونی کورد لە سەدەی شازدەمینەوە و دابەشبوونیان بە سەر ئەو شوێنانەی ئێستە سنووری ناودەوڵەتیی نێوان سوریا و ئێران و عێراق و تورکیا، زنجیرەیەک کێشەی لێ پەیدا بووە و هەر کێشەیەکیش تایبەتمەندیی خۆی هەیە و ڕێگەچارەی تایبەتیی خۆشی پێویستە. داخوازیی مافە نەرێتی و کۆمەڵایەتی و شارستانیەتی و داواکردنی مافە سیاسییەکانی کورد تایبەت بە دیموکراسی و مافی چارەی خۆ نووسین، جا چ لە شێوەی ئۆتۆنۆمی بێت یان سەربەخۆیی لە چوارچێوەی خاکێکی دیاردا (واتا کوردستان) ئەو فاکەرگەلە ڕاڤە ئامێزە پێک دێن کە بارە جودایەکان و کێشە فرە جۆرەکانی کورد هەر یەکە و لەو وڵاتەی کە تێیدا دەژی ڕوون دەکەنەوە. لەگەڵ ئەمەشدا خواستە جودایەکانی کورد گەلەک لە یەکتری دەچن و لە جۆرێک چارەسەری فێدرالیزمی و لە ئاواتی دامەزراندنی دەوڵەتانی دیفاکتۆی کوردیدا یەک دەگرن. واتا، هەموو کێشە جودایەکانی کوردی بەشێک لە کێشەی کورد پێک دێنن[٥].

وەک ئەوەی لەم بەشەیدا دێ نیشان دراوە، دووبەرەکیی سیاسیی ناوەخۆیی کورد لە لایەکەوە دانێ، بەڵام لەبەرئەوەی هەموو ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا دەژی بایەخ بە کێشەکە دەدەن، بۆیە بەڵگە جەمکەکەی کێشەی کوردی ئەمڕۆ کە یەکبوونی ڕووحیی کورد و نزیکیی خواستەکانیان لە یەکترییە، ڕاڤە کراوە. لەبەرئەوەی دانیشتووانی کوردستان و دڵسۆزیی کورد بۆ ئەو شوێنە هاوبەشە ڕەسەنەی تا ئێستە بە سەر هزری سیاسیی کوردیدا زاڵە ئەوە ڕاست دەکاتەوە ئاماژە بۆ هەردووک زاراوەی کێشەی کورد و کێشەکانی کورد بکەین[٦].

بەشەکە بە ڕەخنە لێگرتنی ئەو پێناسە زاراوەییانە دەست پێ دەکات کە پێیان دەگوترێ نووسینی ئەکادیمی و پێوەندییان بە کوردەکانی ڕۆهەڵاتی ناوینەوە هەیە. ئینجا پاشان شیکردنەوەیەک پێشکەش دەکات کە لە ئەسڵە مێژوویییەکەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی سیاسی کوردی دروست کراوە بۆ ئەوەی ئەو فاکتەرانە نیشان بدات کە باری سیاسیی کوردییان لە ڕۆهەڵاتی ناویندا پێک هێناوە. ئەم بارە سیاسییە گرفتاوییە ئاڵۆزە بە هۆی دوو شێوە گرفتی ـ ناوەخۆیی و دەرەکییەوە پەیدایە. ئەوەی لە لایەنی فرەڕەنگییەوە پێوەندیی بە ئەوەی پێشووەوە

هەبێ، نارێکیی کوردی دەشێ لە لایەنی مێژووییەوە، بەرچاو بکەوێ، کەچی زۆریی لق و پۆپەکانی تا ئێستەش هەر هەستیان پێ دەکرێ و لە جیاوازیی ژیانی سیاسیی کوردیدا بە زەقی دیارە. سەبارەت بەوەی دواییش، ناکرێ بارودۆخی کورد تاووتوێ بکەین بێ ئەوەی دان بەوەدا بنێین کە دەست تێوەردانی هێزە هەرێمی و ناونەتەوەییەکان لە کاروباری کورددا کاریگەریی خۆی هەیە و بێ ئەوەش بزانین چۆن ئەم ڕۆکارانە کاریان لە هەڵوێستی کورددا کردووە. پێداچوونەوەیەکیش بە فاکتەرە دەرەکییەکان ئەو هۆیانە ڕوون دەکەنەوە کە نەیانهێشتووە کورد لە سەدەی بیستەمدا دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن. لە دواییدا، دەشێ ئامادەبوونی کورد لە ناو کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوین و کاروباری ناودەوڵەتی، لە دوای شەڕی دووەمی جیهانیدا، وەک بەرئەنجامێکی بەناودەوڵەتیکردنی کێشەی کورد و پێوەندیی بە تێک هەڵچوونی کورد لەگەڵ هێزە هەرێمی و ناو دەوڵەتییەکان بزاندرێ.

٢- دیدەنیی هزریی کێشەی کورد

٢-١ شێوەکانی تێگەیشتن

بە بۆچوونی فرێد هالیدێی، کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین نموونەیەکی تایبەتی ئاکتەرە نا دەوڵەتەکان پێک دێنن، ئەوانەی دابەشبوونیان بە سەر دەوڵەتانی ناوچەکە ناوکی کێشەی کورد دروست دەکەن[٧]. ئەم کەلبوونە ئاڵۆزیی دۆخی کورد و کێشەی کورد نیشان دەدات، لەبەرئەوەی لەم کەرتبوونە کێشەکانی زیندوویەتی و پرسەکانی ئەو ئازادییە سەر هەڵدەدەن کە پێویستیان بە پیادەکردنی جۆرە سیاسەتێکی جیاوازی تر هەیە. بۆیە، مشتومڕەکەی من لە سەر تەبیعەتی فرەلایەنەی کێشەی کوردییە و ڕەچاوی ئەوە ناکەم کە ماوەیەکی کەمە کورد ئومێدی ئۆتۆنۆمییەکی کوردی ئاوا دەکەن لە سەر بنەوای فێدرالییەت و لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی تێیاندا دەژین، یان لە سەر بنچینەی جاڕدانی سەربەخۆییەکی درێژخایەن و لە ناو ئەو خاکەدا کە پێی دەڵێن کوردستان. لە ئەنجامدا، تەبیعەتە زۆر ڕووەکەی کێشەی کورد وەک جمگەی چەندین کێشە بەدەر دەکەوێ، لەبەرئەوەی جیاوازیی خواستی پارتە کوردییەکان بە پێی ئەو بارودۆخە جودایانەی کورد و لە سەر بنەوای ئەو وڵاتانەی تیایدا نیشتەجێن، سەرچاوە

دەگریّ. بەم جـۆرە، کوردە عێراقـییـەکان هەوڵ دەدەن ئـەو بارە سـەربەخـۆییـەی هەیانە هێشـتـا سـەقـامگیرتر بکەن[٨]. کوردەکانی سـوریاش لە پێناوی مـافـەکانی بوون بە هـاوڵاتی خـەباتێکی بێ وچان دەکـەن و داوای مـافـە نەرێتـی و مـەدەنی و کـۆمـەڵایەتـیـەکـانیـان دەکـەن[٩]. کـەچی کـوردی ئێـران و تورکـیـا چاویان لێـیـە سـەربەخـۆییـەکی وایان هەبێ وەک ئەوەی ئێـسـتـە لە کـێشـەی کـورد لە عـێـراق گەشەی کردووە، هی ئەوانیش وابێ.[١٠]

بەڵام من ئەم کێشـە کوردییـانە هەموویـان بە چەند لایەنی جـودای یەک کێشـەی گەورە دەزانم. بەم جـۆرە ئەو پشـتگوێخـسـتنەی خـواسـتی کـورد بۆ بەدەسـتـهێنانی دەوڵەتێک، لەلایەنی نـاونەتەوەیی و هـەرێمـیـشـەوە، پەرەی سـەند و گـەیشـتـە ئەو ڕادەیەی ئاخۆ دەبێ کورد ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆییان بۆ مسۆگەر ببێ و کێشەکە بگەیێ و پێـویست بێ چارەسـەرێکی سیـاسـیی بینچینەیی بۆ بکرێ؟ کورد لە هەر هەموو بەشەکانی کوردستـان لەم سەردەمەدا داوای خۆیان بەرز دەکەنەوە بۆ ئەوەی بە شـێوەیەکی ئاشـتـییـانە مافـە دیموکـراسـییـەکـانیـان لـە سـەر خـاکی خـۆیان وەربگرن.[١١] ئەمە ئەوە دیار دەخا کە کێشەی کورد تەنیا بە کورد خۆیەوە بەند نییە، بگرە لق و پۆپی تری بەرانبەر بە سیاسەتی هەرێمی و ناونەتەوەیی لێ دەبێتەوە.

لەبـەر ئەم هـەمـوو هـۆیانـەیە کـێـشـەی کـورد لـە ڕۆهـەڵاتی ناوین دەبێ وەک کـێشـەیەکی فـرەلایەنە سـەیر بکرێ. هەر لـەبەر ئەمـەشـە پێـویسـتـە پێکهـاتەی کۆمەڵایەتیی سیاسیی کورد ڕوون بکرێتەوە و لایەنە ناونەتەوەیییەکانی کێشەکەش تاووتوێ بکرێ، کـەچی بەشـە پاشـتـرەکـان ئەو ڕۆڵە بـەدیار دەخـات کـە وڵاتە یەکگرتووەکان لـە گەڵ هـێزە هەرێمـیـیـەکـان لە گۆشـەنیگایەکی ناودەوڵەتییـەوە بەرانبـەر بە کـورد گـێـڕاویانە. لـەم بەشـەی دادێ، من دوو نمـوونەی هێـڵکاری بە مـەبەسـتی ڕوونکردنـەوەی کێـشـەی کـورد پێشکێش دەکـەم. هەردووکـیـشـیـان بە تایبـەتی ڕۆڵی کێشـەی کـورد لە سـیـاسـەتەکـانی دەرەوەی هێزە هەرێمـی و هێزە ناونەتەوەیییـەکـان نیـشـان دەکەم. لەبـەرئەوەی چەندین کێـشـەیان تێدایـە و پێکڕا چەندین گـرفت و پرس دەوروژێنن، بۆیە ڕەنگە لە ڕاڤـەکـردنی ئاڵۆزیی دووانـەیی کێشەی کوردی یارمەتیدەر بن.

هێـڵکاریی ئـەسـتـوونی ـ ئاسـۆیی لـە نیگاری ٢ـ١ نیـشـان دەدا چۆن کـورد پێوەندییـان بە یەکتری و بە وڵاتە یەکگرتووەکان و هێزە هەرێمییەکانیشەوە هەیە.

هەروەها نیشان دەدا چۆن ولاتە هەرێمییەكان و ولاتە یەكگرتووەكان لە كێشەی كوردییەوە گلاون. ئەستوونی لای دەستی چەپ كارلێكردەییی ناوەخۆی كورد نیشان دەدات. لە لای دەستی ڕاستیش پێوەندییەكانی دەوڵەتە هەرێمییەكان نیشان دەدات و لە ناوەندیش ولاتە یەكگرتووەكانە كە پارسەنگی هێزەكە ڕادەگرێ. پێوەندییە ناوەخۆییەكانی ولاتە یەكگرتووەكان لەگەڵ ئاكتەرە دەوڵەت و نا دەوڵەتەكان دیاری كراوە. بۆ ئەوەش كورد لە ئەستوونێكی تایبەت بە خۆی داندراوە و لەو دەوڵەت – هێزانە جودا كراوەتەوە كە تێیدا دەژین، بۆ ئەوەی بوونی كورد بە گەورەیی وەك یەكە جودایەكانی نەتەوەیەكی سەربەخۆی دامەزراو بە دیار بخات. ئاكتەرە كوردییە نا دەوڵەتەكان كار لە یەكتری و لەو دەوڵەتانەی تێیاندا دەژین و لە دەوڵەتە هەرێمییەكانی تر و لە هێزە ناونەتەوەییەكانیشدا دەكەن. ئەمە دیتی وڵیەم هێیلز بەبیر دێنێتەوە كە پێوەندییەكانی ولاتە یەكگرتووەكان و دەوڵەتانی هەرێمی وەك سێگۆشەیەك دەبینێ كە خزمەتی ئامانجەكانی ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی هەر یەك لەو ئاكتەرانە دەكات.[١٢]




هێلكاری ٢–١ نموونەی ئەستوونی – ئاسۆیی

تێبینی: ئەم هێلكارییە چەند پێوەندییەكی هەڵبژاردراوی ئەگەرینە و ڕاستی ڕوون دەكاتەوە (١) لە نێوان هێزە هەرێمی و هێزە ناونەتەوەییەكان. (٢) لە نێوان كورد لە دەوڵەتە هەرێمییە جیاوازەكان. (٣) لە نێوان كورد و ئاكتەرە دەوڵەتەكان.

هێلكاریی تەوەری دادێ (نیگاری ٢ ـ ٢) دووەمین نموونەی ئەو دوو نموونەیەیە

کـه له بەشی پێـشـوودا باس کـرابوو و پێـوەندیی نێـوان کـورد لەگـەڵ ولاتە یەکگرتووەکـان و دەوڵەتە هەرێمـییـەکان ڕوون دەکاتـەوە، دوای ئەوەی کورد بە ناو چەند دەوڵەتێکی هـەرێمــیـدا پـەرت بـوون، ڕوونکردنەوەکــەش بە تـایبــەتی لە ۱۹۷۰کانەوە بۆ ئێستە دەگرێتەوە و گۆڕانی پێوەندییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان و کـورد بۆ پێـوەندیی کـار لێککردن بە بـایەخــەوە وەردەگـرێ. لێـرە کـورد وەک پێکهـاتـەیەکی سـەرەکـیی سـیـاسـەتی هـەرێمی و ناونـەتەوەیی سـەیر دەکـرێ، بەو لایەنەی دەوڵەتە هـەرێمـی و ناونەتەوەیییـەکان هـەم کاری لە سـەر دەکـەن و هـەمـیش کـاریان لـە سـەری کـردووە. هـەروەهـا ڕۆڵی کـوردی لە سـیـاسـەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکـان لە ڕۆهـەلاتی ناوینیش نیـشـان دەدا، لـەبەرئەوەی پێـوەندیی ولاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆهـەلاتی ناوین گـەلەک جـاران لە توێی کێـشـەی کـوردەوە هـەڵناکـشێ (وەک ئەوەی ئێـسـتـە لە عـێـراق وەدی دێت.) هێـڵکارییـەکـە گرینگیی ڕۆڵی کوردیش لە پێوەندییە ناونەتەوەیییـەکاندا نیشان دەدا چۆن کێشەی کورد کارلێکردەییی هەرێمی و کارلێکردەییی نێوان هـەرێم و هێزە دەرەکـییـەکانی وەک ولاتە یەکگرتـووەکانی لە قـاف هەڵکێـشـاوە. لە کـۆتاییـشـدا، بۆچوونی کوردی




هێلکاری ۲-۲ نموونەی تەوەر

سەبارەت بە کێشە تایبەتییەکانی خۆیان، لەبەرئەوەی ئەوەش ڕوون دەکاتەوە ڕەنگە کورد، لەم جۆرە پێوەندییانە، وا خۆیان بێتە بەر چاو کە پەراوێز خرابن.

وەک چۆن لەم تیرانە دیارە، هێلکارییەکە ڕۆژهەلاتی ناوین وەک جەوسەری ناوەند نیشان دەدات و لە دەورەشی کارلێکەرییە هەرێمی و ناونەتەوەییەکان دەخولێنەوە. ئەو تیرانەی ئاراستەی ڕۆژهەلاتی ناوین هێمای هێزی ولاتە یەککگرتووەکانن، کەچی تیرە دەرەکییەکان هێزی دەولەتانی ڕۆژهەلاتی ناوین بەدەر دەخەن. بە یەکتر گەیشتنی ئەم جۆرە هێلانە لەگەڵ سنوورەکانی نێوان ناوەوە و دەرەوە بە یەکتری دەگەن، کە لەوێ هێزی بکێشی کوردی جێگیر بووە. بەم جۆرە دیارە زۆر ئەستەمە جەوسەرە کوردییەکان لەم هێلانە جودا ببنەوە، لەبەرئەوەی ئەوان لە چەقی ئەو هێلانەی هێزەکانی هەرێمی و ناونەتەوەییدا نیشتەجێن. بەم جۆرە، بنکەی کورد لە ناوەندی کارلێکردەیی نێوان هێزە ناوەخۆیی و هێزە دەرکییەکاندا دروست دەبێ.

٣- ڕیشە مێژوویییەکانی کێشەی کورد

دوو جۆرە هۆی زاندراو هەنە بۆ ئەوەی بۆچی کورد لە مافی دەولەت بێ بەش کراون و وای لێ کردوون ئێستە بێ دەولەت بن.[١٣] بە زۆری پێکهاتە فرە جۆرە سەربەخۆیەکانی کۆمەلی کوردەواری و دەست تێوەردانی دەرەکی لە کاروباری کورد، تەگەرەیان لە ڕێی پیادەکردنی داخوازییە مێژوویییەکانی کورد بۆ وەدەستهێنانی مافی چارەی خۆ نووسین و پێکهێنانی دەسەلاتێکی یەککگرتووی کوردی لە سەر خاکێکی سنووردارادا دروست کردووە. لەبەرئەوەی ٤٠٠٠ سالە کورد لە سەر هەمان خاکدا ژیاون، بۆیە ئەو گەلە تایبەتمەندییەکانی خۆی هەیە. فرەڕەنگیی کۆمەلی کوردەواری و ڕێکخستنی بە گوێرەی حوکمڕانیی بنەمالە ـ میرنشینەکان و پاشان لە سەدەی چواردەمەوە ژێردەستیی عوسمانییان، ڕەچەلەکی تاکە کەسییەتیی کوردی بە دیار دەخات نەک ئەوەی پێکهاتەی کۆمەلایەتیی سیاسی سەربەخۆیی کورد نیشان بدات.[١٤] لە دوای ئەوە چوونی ئەورووپاییەکان بۆ ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە فاکتەری سەرەکیی لێک ترازانی دەولەتەکە و دروستبوونی ڕێبازە نەتەوەییە هەرێمییەکان بوو، وای کرد هاولاتییەکانی لە جیاوازیی ناسنامەکانی خۆیان دلنیا بن. لە تۆیی پێکهێنانی دەولەتە نەتەوەییەکەیان، کوردە نەتەوەپەروەرەکان شوێنی دەولەتە هەرێمییەکانیان

هەڵگرت و هەر لە یەکەم دە ساڵەی سەدەی بیستەمین دەنگی خۆیان هەڵبڕی و داوای سەربەخۆیی خۆیانیان کرد.[15] پەیدابوونی ئەم جۆرە نەتەوەپەروەرییە هەرێمییەی کە هێزە دەرەکییەکان لە سەر حسێبی بزووتنەوە ئیتنییە نەتەوەپەروەرییەکەی کورد پشتگیرییان کرد، لە ١٩٢٠ەکان لە پرۆسەی گواستنەوەی کورد بۆ یەک دەوڵەتی نەتەوەیی ئاگادار بووەوە و بزووتنەوەکەی ڕاگرت. لە ئەنجامی سەرنەکەوتنی کورد لە دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان لە دوای ڕێککەوتنەکەی سایکس ـ پیکۆ (١٩١٦)[16] و لەو دەمەی کە هەرێمی ڕۆهەلاتی ناوین دابەشی سەر دەسەلاتەکانی ئەوروپایی کرا، کێشەی کوردی لێ پەیا بوو. دەشێ هۆی بەردەوامییەکەشی دابەشبوونی کورد بێ بە ناو چەند دەوڵەتێکی هەرێمیدا و هەروەها لەبەر ئەوەشە کە هێزە هەرێمی و دەرەکییەکانیش گەرەکیانە ئەو بارە ڕەخساو (ئەمری واقع)ەی گەورە هێزەکانی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی ڕێکیان خست، وەک خۆی لێ بگەڕێن.

لەمەش دیارتر ئەوەیە کە لە شەڕی دووەمی جیهانی و بەرەو هێروە، ئەو سیاسەتانەی هێزە ناونەتەوەییەکانی وەک ولاتە یەکگرتووەکان بۆ دەست تێوەردان لە کێشەی کورد دای دەرێژن، هێشتا پتر گرفتی کێشەی کورد ڕاڤە دەکات. بەم جۆرە وا بە دیار دەکەوێ ئەم گۆڕانکارییانە دۆخی کوردیان وەک ئاکتەرێکی نا دەوڵەت سەقامگیر کردبێ.[17] ئەم جۆرە دەست تێوەردانانە نەک هەر تەنیا کێشەی کوردی بە ناونەتەیی نەکردووە بگرە کوردی گواستەوە بۆ ئەوەی ببنە یاریزانی گرینگی ناونەتەوەیی و لەم لایەنەشەوە بە کوردی عێراقی دەست پێ کرد.

لە سەر ئەم بنەوایە ئەم بەشانەی لە دواوە دێن کێشەی کورد وەک جمگەیەکی پێوەندییە ناونەتەوەییەکانی نێوان کورد و ولاتە یەکگرتووەکان و هێزی هەرێمی نیشان دەدەن، هەروەها ئەو ڕۆڵەش دیار دەخەن کە کورد بە مەبەستی بەهێزکردنی کێشەی کورد لە سیاسەتی ناونەتەوەییدا دەیگێڕێ و کارلێکەریی کورد لە هێزە ناوخۆیی و دەرەکییەکانیش دەسەلێنێ. لە هەما کاتیشدا ئەم بەشەی دادێ کێشەی کورد وەک تێکەڵەیەکی فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بەدەر دەخا.

لە مەرجەکانی پێشوودا دیارە ئەو ئاڵۆزییەی کێشەی کورد کە وای لێ کردووە هەر بە نا دەوڵەت بمێنێتەوە بەرهەمێکی مێژووی کۆمەلایەتیی سیاسیی کورد خۆی

بێ. کورد لەبەرئەوەی تێکەڵەیە لە زنجیرەیەک هۆزی هیندۆ ئەوروپایی (کە) ٤٠٠٠ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ کۆچیان بۆ کوردستان کرد[١٨] بۆ نموونە، لە سەردەمانێکی دەوروبەری هەزار ساڵەی پ. ز. دانیشتووانە ڕەسەنەکانی چیایەکانی زاگرۆس و تۆڕۆسی تاواندنەوە.[١٩] هۆی فرەڕەنگیی کۆمەڵگەی کوردەواریش ئەوەیە کە ئەسلی کورد لە چەند خێڵێکی جودا پێک هاتووە (بۆ وێنە ـ کاردۆخییەکان و ئەدیابینییەکان و زیلاییەکان و خالیدییەکان و هیایگییەکان و فارسەکان و سیتیانەکان و ئالانەکان و حیتییەکان و ئیلامییەکانی وەک گوتی و لولومی و کاسیتییەکانی کە پێوەندییان بە خورییەکانی وەک کورتی و گوتی و مانا و میتانی و مارد و میدییەکانەوە هەبوو)، ئەمەش هێشتا پتر بارودۆخی ئێستایان ڕوون دەکاتەوە.[٢٠] بە یەکچوونی نەک یەکبوونی ڕێچکۆڵەکانی نەریتی ئەو خێڵانە فرە جۆریی نەریتی کوردی بە دیار دەخات.[٢١]

لەبەرئەوەی کورد بەشێکی ئەم فرە جۆرە باپیرەکانیانن، ئێستە بە پێی شوێنی نیشتەجێبوونیان، بە چەند شێوەزاری جودا دەدوێن و باوەڕیان بە چەند ئاین و مەزهەبی جیاواز هەیە و سەر بە چەند چینی جودای ناو کۆمەڵیشن. بۆیە هەندێکیان لەوەڕدارن هی تریان ڕەوەندن[٢٢] تیرە و هۆزن[٢٣] لە سوریا و تورکیا و باکوری عێراق بە کرمانجی قسە دەکەن و شێوەزاری سۆرانی و کاکەیی لە ئێران و باکوری ڕۆژئاوای عێراق بەکار دێ و زازاش لە تورکیا دێتە بکار هێنان.[٢٤] سەبارەت بە ئاینیش، زۆرینەی کورد ئەو موسوڵمانە سوننە مەزهەبانەن کە لە سەدەی ١٢مین و سەدەی ١٦مین بۆ ئیسلام وەرگەڕان، بەڵام شیعە و یەزیدی و عەلەویی کوردیش هەن کە دینەکەیان لە سەر بنچینەکانی ئاینی زەردەشتی هاتووە[٢٥]. جگە لەمانە ٢ لە سەدی ئەو کوردانەی (کە) یەزیدین لە سوریان و نزیکەی ١٥٠,٠٠٠ کوردی جوولەکەش لە ئێران هەن[٢٦] و هەندێ دیانیش هەن کە بنەوا سەرەتاییە کوردییەکانی زەردەشتی کاری تێ کردوون و کەچی ڕەنگە ئەوانەی پەیرەوی ڕێبازی سۆفی دەکەن هێشتا هەر زۆرینە بن.

دێیڤد مەکدۆوڵ[٢٧] و ڤلادیمیر مینۆرسکی لە باری زمانەوانییەوە تێبینیی ناڕێکییان کردووە کە لە زمانی کوردیدا هەیە و ئەوەی دواییان لەو باوەڕەدایە کە واتە ڕووتەکەی وشەی (کورد) لە زاراوەیەکی کۆنی فارسی وەرگیراوە مانای ڕەوەندە.[٢٨] کەچی نادر ئینتسار پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ کە کورد خێڵی

سەربەخۆ بووین و هەر خێڵێک بە جودا نیشتەجێ بووە و بە تەنیا کاری کردووە و پێوەندیی کەمیان لەگەڵ یەکتریدا هەبووە و دەسەڵاتێکی باڵا نەبووە بە یەکەوەیان بهێڵێتەوە ئەمەش فاکتەرێکی ترە فرە جۆریی کوردەواری نیشان دەدات.[٢٩]

نیشتەجێکردنی کورد لە ناو ژمارەیەک دەوڵەتی جودادا بۆ ئەوەی دەسەڵاتە گەورەکان بتوانن ئاسانتر کۆنترۆڵی ڕۆهەڵاتی ناوین بکەن، هێشتا کوردی فرە جۆرتر کرد و دەشێ ئەمەش بە هۆیەکی تر بزاندرێ کە نەیهێشت کورد دەوڵەتی خۆی ببێ. بەم شێوەیە مەیلی کورد بۆ خۆ هێشتنەوەی ئەو فرەڕەنگییەی هەیەتی و ئەو شێوە جیاوازانەی دەوڵەتانی کوردنشین بەرانبەر بە کورد پەیڕەویان کردووە، هێشتا کێشەی کوردی ئاڵۆزتر کردووە. (هەر چەندە گەلێک هۆ هەن وایان کردووە کوردستانی گەورە ببێتە ئامانجی ناواقعی) بەڵام هێشتا وڵاتانی هەرێم هەمیشە ترسی ئەوەیان هەیە هەر ئۆتۆنۆمییەکی کوردی لە شێوەی فێدرالی ئەگەری هەبێ سەربەخۆییەکی تەواوی لێ پەیدا ببێ و ببێتە هۆی ئەوەی خاکیان پارچە ببێ. لە کۆتاییدا، ڕشتی حکومەتە هەرێمییەکان بۆ پاراستنی یەکەتیی خاکەکانیان و وەستانی کێشەی کورد لە دژی ستراتیجییە هەرێمییەکانیان، بارودۆخی ئێستەی کورد هێشتا ڕوونتر نیشان دەدا. بۆیە، لە پاڵ ئەو پاکانە مێژوویی و سیاسییانەی کوردیان ئاوا بەش بەش کردووە، هۆی جیۆگرافیایی و ئابووری و کەسیش هەن دۆخەکەیان ئاوا ڕاگرتووە.[٣٠]

### ٣-١ دیمۆگرافیای کورد

زۆرینەی کورد کە لە ڕۆهەڵاتی ناویندا، گەورەترین ئاکتەری نا دەوڵەتن، لە باشووری ڕۆهەڵاتی تورکیا نیشتەجێن.[٣١] بە پێی خەمڵاندنی گشتی نووسینەکان لە نێوان ١٢ تا ١٣ ملیۆنە و ٤ تا ٥ ملیۆنیان لە عێراقن و لە ٥ تا ٦,٥ ملیۆنیان لە ئێران و لە نێوان ١ بۆ ٢ ملیۆنیشیان لە سوریا دەژین[٣٢]. بەڵام توێژینەوە ڕەسەنەکانی وەک ئەوەی لە ١٩٩٠ەکاندا کراون و تەنیا لەو کتێبە سەرچاوەیەدا پێشکێش کراوە کە بایەخ بە پێوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کورد دەدا و ژمارەی سەرجەم دانیشتووانی کوردی بە ٣٠ ملیۆن خەمڵاندووە[٣٣] کەچی هیتر ژمارەی کەمتریان تۆمار کردووە.[٣٤]

هەوڵێک دراوە بۆ ئەوەی سەرجەم داتا بەردەستەکانی لەمەڕ کوردی سوریا و

ئێران و عێراق و تورکیا لە نێو چوارچێوەی خەمڵاندنێکی پەسند دابنێ و ئەمەش ڕێژەی ژمارەی ٢٦ ملیۆنی لێ دەرچووە.[35] لەبەرئەوەی سەرژمێرییەکی فەرمی نەکراوە، بۆیە هەر ژمارەیەک بگوترێ یان بنووسرێ بەڵگەیەکی پەسندی نییە. لەبەرئەوە ئەم ژمارانەی ئێستە لە خەمڵاندنێکی گشتی و مەیلەو ڕووتی قەوارەی دانیشتووانی کورد بترازێ هیچی تر نییە. لەگەڵ ئەمەشدا، کورد یەکێک لە گەورەترین لایەنە کاریگەرە نا دەوڵەتەکانی هەرێمی ڕۆهەڵاتی ناوین پێک دێنن. لەم پێوەندییەدا، پێویستە تێبینیی ئەستەمیی ژماردنی ئەو ڕەنووسانەش بکەین کە پێوەندییان بە ژن ـ تێکەڵی لەگەڵ نا کوردەکاندا هەیە.

٤- پەیدابوونی کێشەی کورد: فاکتەرە ناوەخۆیی و دەرەکییەکان

٤-١ فاکتەرە ناوەخۆییەکان

٤-١-١ دروستەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسیی کوردی

پاش ئەوەی بنەوا مێژوویی و لایەنە جودایەکانی کێشەی کوردیمان وێنا (تەسەور) کرد، ئیتر ئەم بەشە لەوە دەکۆڵێتەوە بزانێ چۆن ئەمانە بە زنجیرەیەک لەو فاکتەرە ناوەخۆییانە بەستراونەتەوە کە کێشەی کوردیان دروست کردووە و بەم شێوەیەش بووە بەهۆی ئەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی جودا ببیندرێ کە لە دەوڵەت بێبەش کراوە. بۆیە یەکەم جار جۆری ڕێکخراوەی کۆمەڵایەتیی کوردی تاووتوێ دەکەین تا بزانین چۆن ناسنامەی نا دەوڵەتیی کوردی پێک هێناوە. من بە شێوەیەکی دیارتر ئەوە ڕاڤە دەکەم کە چۆن نەبوونی سیاسەتێکی کوردی کە پشتیوانی لە بەرژەوەندی نەتەوەیی هاوبەش بکات، وای کرد ویستی سەربەخۆیی لە ناو بنەماڵە کوردییە جیاوازەکاندا جێگیر ببێ.[36]

بژێوی کورد لە سایەی ئەو میرنشینانەی تا سەدەی دەیەم، لە ئەنجامی تێکەڵبوونی کۆمەڵێک کولتوور بەردەوام بوو، ئەوە نیشان دەدات چۆن پێکهاتەی کۆمەڵایەتییان کاری لە شێوەی کرداری سیاسییاندا کرد.[37] ئەم بارە سیاسییەی ئێستایان تەنیا لە ئەنجامی دەست تێوەردانی ئەوروپایی لە کاروباری ڕۆهەڵاتی ناوینەوە نەهاتووەتە کایە، بگرە ڕێکخراوی کوردی بە خۆشی ئەمەی پتر هان داوە بۆ ئەوەی خێڵەکان بۆ خۆیان حوکمڕانی خۆیان بکەن. ئەو کوردانەی بە ناو میسۆپۆتامیادا بڵاو بووبوونەوە و پاشان هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و

سەفەوی وەک میلیشیا بۆ پاراستنی سنوورەکانی ئیمپراتۆریەتی خۆیان بەکاریان هێنان و هەر ئیمپراتۆریەتێکیش بۆ بەرژەوەندی خۆی هاریکاریی لەگەڵ ئەو یەکانەدا هێشتەوە کە بە جودا خۆیان بەڕێوە دەبرد.[٣٨] هزری کوردی تایبەت بە زاراوەی خێڵ ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە حەزیان لە سەربەخۆییە. کورد لەم لایەنەوە وەک عەرەب نین و کورد وەک قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی دەبیندرێن کە لە سەر پێوەندیی کولتوورێکی بنچینەییی جیاوازیی ئەندامانی دروست بووە.[٣٩] ئەم جۆرە پێکهاتەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە سەربەخۆیە کە چەندین بەرژەوەندی نیشتمانیی جیاوازی ئامانج بووە، یارمەتیی مانەوەی هزرینەی کێشەی کوردی داوە.

دەشێ لە بواری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی سیاسی، لە سەردەمی دروستبوونی میرنشینە کوردییەکاندا، لە سەدەی شازدەمین، هەمان بینەوبەردە بکرێ.[٤٠] (لەلایەنی پێکهاتەی چینایەتی) کۆنفێدراسیۆنی کوردی بە زۆری فرە توخم بووە و لە لایەنی سیاسیشدا (قەوارەکان) یەکگرتوو بوونە و لە ناوەندەوە حوکم کراون... (و پێویستییان بە) دەسەڵاتە دەرەکییەکان هەبووە بۆ ئەوەی باڵادەست بن. لەگەڵ ئەمەشدا، گواستنەوەی باری ڕێکخستنی کوردی تا ببێتە سیستمێکی سیاسیی ڕێک، زۆر لە ڕەوشتی سیاسیی کوردانی نەگۆڕی.[٤١] ئەو پازدە میرنشینە کوردییەی کە لە هۆزە {جوداکانی} ڕەوەند و گوندنشین و نا خێڵەکیی گرووپەکانی شێوەزار جیاواز پێک هاتبوو، میری گەورە دەسەڵاتی سەربازی هەبوو[٤٢]، قەوارەی سەربەخۆ بوون و گەلێ جاریش لەو ئاغانەیان یاخی دەبوون کە هەوڵیان دەدا ملکەچیان بکەن.[٤٣] هەر چەندە کورد وەک نەتەوەیەکی جیاواز، ئەندامانی بە هزری کوردستانی گەورە بە یەکەوە بەستراونەتەوە، بەڵام هێشتا هەر نەیتوانیوە پارسەنگی ویستی میرنشینە کوردییەکان بدا کە وەک کۆمەڵێک هۆز و تیرە لە بەرانبەر دەوڵەت قیت بوونەوە.[٤٤] بەم جۆرە، ڕۆڵی دەسەڵات لە سیستمی پێوەندییە ناونەتەوەییەکان و بێهێزیی سەرکردایەتیی کورد، ڕەچاو بکەین، دەبینین کورد پشتیان بە مرازپاکیی هێزە هەرێمی و ناونەتەوەییەکان بەستووە بۆ ئەوەی بەسەر دووبەرەکی ناوەخۆی کورددا زاڵ بن و ئامانجە سیاسییە کوردییەکان ڕاپەڕێنن.[٤٥]

### ٤-١-٢ خاکی کوردستان

گۆڕانی پەیکەرەی کۆمەڵی کوردەواری (سەدەی دەیەم) لە بنەماڵە سەربەخۆیەکانەوە بۆ هۆزی ڕێکخراو (سەدەی شازدە) وەک میرنشینەکان و پاشان دووبارە لێک جودابوونەوەیان لە سەر بنەوای خێزانی لە سەردەمی عوسمانیدا و ئینجا بوونیان بە کۆمەڵی مەیلەو نیشتمانی کە دابەش بوونە سەر چەندین دەوڵەتی هەرێمیی جودا (سەدەی بیستەم)، تەنیا فاکتەری سەرهەڵدانی کێشەی کوردی نەبوون. هەروەها پەیامی نەتەوەییی کورد لە خواستی سنووری خاکەکەیان، کە ناوەندی خواستی سەربەخۆییی کوردییە (سەدەی بیست و یەک) بە ئاشکرا پێوەندیی بە سەرهەڵدانی کێشەی کوردییەوە هەیە. ئێستە کورد بۆ خۆناساندیان جەخت لە سەر بە هاوڵاتیبوونیان لە خاکی کوردستان دەکەنەوە و ئەمەش بەڵگەی ئەو مافی چارەی خۆ نووسینەیە کە داوای سەرەکیی کوردە.

ئەوەی بە خاکی کوردی ناسراوە ئەو ڕووبەرەیە کە لە دوای داگیردنی مەغۆل (سەدەی سێزدەم) تا بەزاندنی سەفەوییەکان (سەدەی چواردەم) و تەفروتووناکردنی هۆزە کوردییەکان، کورد لێی نیشتەجێنە. ئەو ڕووبەرە لە شاخەکانی زاگرۆسەوە تا بەشی ڕۆهەڵاتی ئەنادۆڵ درێژ دەبێتەوە و ئەو خاکە پێک دێنێ کە کورد داوای دەکەن.[٤٦] کۆردێستان یان کۆردستان وەک چۆن لە لایەنی بنەماڵە کوردییەکانەوە ناسرابوو[٤٧] ئاماژەی بۆ ئەو ئوستانییەی ئێران دەکرد سەنجاری میری تورکی لە سەدەی دوازدەمیندا دایمەزراند.[٤٨] ئەم ناوە تاکە شێوەی بە فەرمی ناساندنی کوردستانە کە ئێران بە کاری هێناوە[٤٩] و لەوێ هۆزەکانی کورد ڕێک خران.[٥٠]

لە سەدەی پازدەیەم بە دواوە، ئیتر وشەی کورد هەرگیز بۆ خەڵکە ڕەوەندەکە بەکار نەهات بەڵام لەبری ئەوە بە وریاییەوە بۆ باسکردنی ئەو گەلی دەڤەری کوردستان بەکار هات[٥١]، ئەمەش ئەو هەرێمە دەگرێتەوە کە باشووری ڕۆهەڵاتی تورکیا و باکوری ڕۆهەڵاتی عێراق و باکوری ڕۆئاوای ئێران و باکوری ڕۆئاوای سوریا دەگرێتەوە.[٥٢] بەم جۆرە، ئەوەی کورد دەڵێن کە بە درێژاییی مێژوو خودانی خاکی خۆیان بووین، پێ دەچێ بنەوای ڕاستی هەبێ. بەڵام ڕەنگە کورد لە لایەنی سیاسییەوە زۆر دەست لە کاروباریان وەردرابێ.

هاودەم لەگەڵ ئەم فاکتەرە ناوەخۆییانەی وەک سروشتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی سیاسی و ئەو بەشبەشکردنەی خاک لە نێوان کورد خۆی و ڕەگەکانی کێشەی کورد، ئەمانە هەموو لەگەڵ فاکتەرە دەرەکییەکان کاریان لە یەکتری کرد، بۆیە من وا بۆی دەچم کەوا بنچینەی کێشەی کورد بۆ ئەوە بچێتەوە کە دەسەڵاتە دەرەکییەکان هەمیشە کوردیان بندەست کردووە. بە هەمان شێوە جەختیش لە سەر ئەوە دەکەم کە باری سیاسیی ئێستەی کورد لە ئەنجامی دەست تێوەردانی هێزە هەرێمی و دەرەکییەکانی وەک یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و وڵاتە یەکگرتووەکانەوە پەیدا بووە.[٥٣] لە دوای تەماشاکردنی پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی سیاسی وەک ئەو فاکتەرە ناوەخۆییانەی کێشەی کوردیان لێ پەیدا بوو، بەشەکەی ئێستە جەخت لە سەر لایەنە ناونەتەوەییەکان دەکاتەوە.

٤-٢ فاکتەرە دەرەکییەکان

سەرچاوەی کارلێکەریی کورد لە هێزە هەرێمی و ناونەتەوەییەکان لە سەدەی شازدەمەوە دەستی پێ کرد، لەو دەمی فارس و عوسمانییەکان ململانێیان بوو بۆ ئەوەی کورد بەبن دەستی خۆیان بگرن بەمەش ئاراستە لە بواری داگیرکردنیان لە ناو خاکی خۆیانەوە گۆڕان و بە ناو کاروباری هەرێمیدا کەوتن. چالاکییە سەربازییەکانی کورد بۆ پاراستنی سنووری سەفەوی و عوسمانییەکان تا سەدەی هەژد[٥٤]ەمین دەوامی هەبوو و شەڕی چاڵدیرانی ١٥١٤ لە باکووری ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ، هاندەرێک بوو بۆ ئەوەی کورد دەستیان لە کاروباری هەرێمایەتی وەربدەن، ئەو شەڕە بوو کە پشتیوانیی کوردی لە عوسمانییەکان لە دژی سەفەوییەکاندا، بارودۆخەکەی لە هەموو سەدەی شازدەمیندا بۆ بەرژەوەندیی عوسمانییەکان گۆڕی.

بڕیاری کورد بۆ ئەوەی لای عوسمانییە سوننەکان لە بەرانبەر فارسە شیعەکان بگرێ، وڵاتی فارسی ناچار کرد ڕێککەوتنی زەهاو (ئاشتیی قەسر شیرین) لە ١٦٣٩دا مۆر بکات.[٥٥] ئاشتیی قەسر شیرین وەک ئەو ڕێکەوتنە هاوشێوانەی پێشتر ڕێک خرابوون سنووری نێوان هەردووک ئیمپراتۆریەتی دەگرتەوە، یەکەم دابەشبوونی خاکی کوردی لێ کەوتەوە.[٥٦] پارچە فارسییەکانی کوردستان بەبەر دەستی ئەو عوسمانییانە کەوتن کە تازە پەیدا بووبوون و لەبەرئەوەی

ئیمپراتۆریەتێکی تازە ئیجادی بەهێز بوو تەنیا هەر سەفەوییەکانی نەبەزاند، بگرە ئەو قاجارە میراتگرانەشیان بەزاندا کە لە ١٧٩٤ دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت.[٥٧] لە ئەنجامدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی باڵادەست هاتە دەرەوە و کەس نەما مل لەبەر ملی بنێ. لەم سیستمە تاک جەوسەرەی کە هێز تەنیا بە دەستی یەک تاکە ناوەندێکی بڕیارەوە بێ، هاوپەیمانیی کوردی لەگەڵ ئەم لایەنە سووددار بوو و سیاسەتی میرنشینە کوردەکانی لێ بەبەر هات. کورد لە سەردەمی میرنشینە کوردییەکانەوە پشتی بە دەوڵەتە بەهێزەکان بەستاوە. تایبەتمەندییەکانی ئەو پشت بەستنەی کە هاوکاریکردن و بەهێزکردن و جیاوازیی نەریتی و چینایەتیی کۆمەڵایەتیشی دەگرتەوە، پێوەندیی زۆر نزیکیشی لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتدا لە خۆ دەگرت.[٥٨]

٤-٢-١ باڵادەستیی عوسمانی

سەروەریی عوسمانی لە سەدەی شازدەیەم بە دواوە، هەر تەنیا کاری لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردیدا نەکرد، بگرە ئەگەری هەندێ گۆڕانکاریشی ترووکاند. هەرچەندە باری خۆ بەڕێوەبردنی کورد ترسی لە یەکترازانی ئیمپراتۆریەتەکەی پەیدا کردبوو، بەڵام تێکەڵاوبوونی کوردیی لەگەڵ سیستمی دەرەبەگایەتیی عوسمانی، نەتەوەپەروەرانی کوردی شۆک کردبوو و بەرەبابە باڵادەستە کوردەکانی هێشتا پتر لە یەکتر جودا کردبووەوە. لەبەرئەوەی ڕکەبەریی نێوان فارسەکان و عوسمانییەکان لە ئارادا نەمابوو، ئەو ئیمتیازانەی سوڵتانی عوسمانی، بە هەندێ لە بەگە کوردییە دیارە دڵسۆزەکانی خۆی دا و بریتی بوو لە زەویوزار و ئەمەش دەسەڵاتە کزەکانیانی بووژاندەوە.[٥٩] دەستبژێرکردنی هەندێ بەگ لە لایەنی سوڵتان و پێکهاتەی کۆمەڵی کوردەواری لە سەر بنەوای تاکەکەسی، هاودەم لەگەڵ ئەوەی بنەوایەکانی ئیسلامەتی تاکە ڕێگەی پێوەندیی نێوان ئیلیت (نوخبە)ی کورد و بابی عالی بوو، کوردی بە سەر چینی دەرەبەگی سیاسیی حوکمڕان و سەرجەمی کوردەواریدا دابەش کرد و باری سیاسیشی لە ناو کوردا مەیاند.[٦٠]

پاشتر، کە عوسمانییەکان دەستیان بە چاکسازیی نوێ کرد بۆ نموونە، تەنزیمات (کە ئامانجی بوو دەوڵەتێکی ناوەندی لە شێوەی ئەوروپا ڕێک بخات)

هەوڵیان دا هەر مەیلێکی جودابوونەوە کە لە ناو هاوڵاتیانیاندا هەبێ بیخنکێنن. لەگەڵ ئەمەشدا، پەراوێزکردنی موڵکدارە کوردەکان و ئەو پەرەسەندنەی لەگەڵ بەتایبەتکردنی زەوی هاتە کایەوە و پەیابوونی چینێکی نوێی بازرگانان، فرەجۆریی لە ناو کۆمەڵدا رواند.

گۆڕانی پێکهاتەی رێکخراوی کورد لە خێڵەکییەوە بۆ شێوەی دەرەبەگایەتی، کە لە دوو توێیدا تەنیا چەند بنەماڵەیەک ئیمتیازاتیان هەبوو، وەرچەرخانێکی نەباش بوو لە کۆمەڵی کوردەواریدا رووی دا.[٦١] هەڵوەشاندنەوەی میرنشینە کوردییەکان کە تا ١٨٤٧ بەردەوام بوون و گۆڕینەوەی سەرکردە خێڵەکییەکان بە براگەورە سەربەخۆیەکان و ئەو پەرەسەندنانەی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا روویان دا، بێگومان کاریان لە ئیمپراتۆریەتەکەدا کرد. بەدەرکەوتنی هزرە نەتەوەپەرستەکانی، کە لە سەرەتادا بە شوێنی شۆڕشی پیشەسازیدا چوون (درەنگی ١٧٠٠ەکان تا ١٨٥٠)، هەر لە شۆڕشی گەنج تورک (١٩٠٨)ی وەک ئەفسەرانی سوپای ئازادی ئەوانەی دەسەڵاتی بابی عالییان پشتگوێ خست و بە دوای نوێخوازی و دیموکراسی کەوتن[٦٢] و لە رووداوە ناونەتەوەییەکانی وەک شۆڕشی رووسی (١٩١٧) و سیاسەتە عیلمانییەکەی ئیمپراتۆریەت و پەیدابوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی ئەوروپا، ئەمانە هەموو رووخانی ئیمپراتۆریەتەکەیان خێراتر کرد.[٦٣] لە پاش ئەو درزەی کەوتە نێوان ئەو کوردانەی بەرگرییان لە مانەوەی ئیمپراتۆریەتە ئیسلامییەکە کرد و ئەوانەی ویستیان سەربەخۆیی وەدەست بێنن،[٦٤] و لە نێوان رۆشنبیرە شارستانەکان و زەویدارە دەوڵەمەندەکان و شێخە خێڵەکییەکان[٦٥] و جووتیارە هەژارەکان،[٦٦] هێشتا کۆمەڵی کوردەواریی پتر لەت کرد.

٤-٢-٢- نەتەوەپەروەریی پێشینەی کوردی

نەتەوەپەروەریی کوردی لە ١٩٠٠ەکان، لە نێو ئەم ژیگەیەدا، سەری هەڵدا و داوای سەربەخۆیی و بەرگریکردنی لە خاکی کوردی لەگەڵە خۆیدا هێنا. ئەنجامەکەشی شۆڕشگەلێکی سەرنەکەوتووی کورد بوو کە پیاوە ئاینی و سیاسییە دیارە کوردەکان لێیان دەستپێشخەر بوون. ئەم بەشە کاریگەریی هزری نەتەوەپەروەرە ئەوروپاییەکان لە سەر کێشەی کورد تاوتوێ دەکات. جگە لەمەش،

سەیری ئەو دەست تێوەردانە دەرەکییەکەی عوسمانی و سەفەوییەکانیش دەکات کە کوردستانی دابەش کرد و تەرکیزیش لە سەر هاندەری سۆزی سەرەتاییی نەتەوەپەروەریی سەرکردایەتیی کورد دەکات وەک فاکتەرێکی تری دەرەکی کە یارمەتیی دروستبوونی کێشەی کوردی دا. من بە تایبەتیش وا دەبینم کە داوای کورد بۆ چارەی خۆ نووسین، کە کێشەی کوردی وەک ئیتنێکی جودای نارێک وێنا کرد، لە ئەنجامی ئەو کارلێکردنە دەرەکییەوە بووە.[٦٧] لەگەڵ ئەمەشدا وا پێ دەچێ کە ڕێچکۆڵەی کوردپەروەری لە پشتیوانیکردنی هەموو ئیسلام لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ڕەگی هەبووبێ و لە دوای ئەویشەوە کە ئیمپراتۆرییەتەکە ڕووخا و دەوڵەتە هاوچەرخەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دامەزران، پەیامێکی نەتەوەیی پەیدا بوو.

ئەم بەشە نایەوێ ئەو پێناسە نەتەوەییانە لەناو ببا کە لە نێو نووسینەکاندا پێناسە کراون. بگرە دەیەوێ ئەو فاکتەرە دەرەکییانەش تێکەڵ بکات کە کێشەی کوردیان دروست کردووە، لەوانە ئەو شکۆفەی ئاگاهیی نەتەوەییی کوردییە کە دروشمە ئەوروپاییەکانی شۆڕشی فرەنسی کاریان تێ کرد. هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا، وا پێ دەچێ کە دەکرێ ناسنامەی نەتەوەیی، بە پێی ئەو گرینگییەی بە ئەسڵەکەی یان زمانەکەی یان ئەو وڵاتەی کە لێیەتی دراوە، بە شێوەیەکی جودا پێناسە بکرێ.

ئەنتۆنی سمیت نەتەوەپەروەری بە ئەنجامی هەر یەک لەو بارودۆخانە دەزانێ کە داوای ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی دەکات و ئەمەش یان بە خاکپەروەری یانیش کۆمەڵ بە خۆ بەڕێوەبردن باس دەکرێ.[٦٨] هاریسن و بۆید وا بۆی دەچن کە نەتەوەپەروەری پێویستی یان بە سەربەخۆیی تەواو هەیە یانیش دەبێ لە ڕێگەی دەزگا سیاسییەکانی دەوڵەتێکی ترەوە دەربڕینی سیاسیی خۆی بکا.[٦٩] بە هۆی یەک نەبوونی کورد و جیاوازیی ئایدیۆلۆجیی نێوان پارێزەران و جوداخوازەکانیان، بە تایبەتیش لە پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، خواستەکانی کورد، ئەوانەی تایبەتن بە حوکمڕانیی خۆیان، کەم وا بووە خواستێکی بە تێکڕایی بووبێ.[٧٠] لەبەر ئەوەی خاکی کورد بەربڵاو بووە بۆیە نوێنەرایەتیکردنی تێکڕاییی کورد کارێکی ئەستەم بووە و لە هەمان کاتیشدا، بەهەند وەرگرتنی ئەو مشتومڕەی کە لە نووسینەکاندا پشتیوانیی هاندەرە خۆئامێزەکانی پیاوە

دیارەکـــانی کـــورد دەکـــات بۆ ئـەوەی پەیـامی نەتـەوەپەروەریـی تایبــەتی خـــۆیان ڕابگەیەنن و پارچەبوونی بزووتنـەوەی کـوردیش کـاریگەریی خـۆیان هەبووە. بۆ ئەوەی هێشتا پتر ڕوونی بکەینەوە، دیارە کە دەنگ دەربڕینە سەرەتاییەکانی کورد لە سـەردەمی عـوسـمـانیـدا، کـاردانەوەی لـە دژی بابی عـالی بووە[٧١] لەبەرئەوەی زەویدارە کـوردە بێ نەوایەکـان یان سـەرەک هۆزەکـان وایان بیـر کـردووەتەوە کـە جـێگەکـانیـان لـە مـەترسـیـدا بووە[٧٢] و لەوەش ترسـاون نەوەکـا سـیـاسـەتە ناوەندییەکانی عوسمانی ئیمتیازاتەکانیان لێ بستێنێتەوە.[٧٣] دێنس نەتالیش بەهەمـان شـێـوە باسی ئەوە دەکا کـە سـەرەک عـەشـیـرەتە کـوردەکـان بە پێی بەرژەوەندی کەسیەتیی خۆیان و هی هۆزەکانیان[٧٤] کاریان کردووە. جا بە پێی ئەم بۆچوونە، ئەو شۆڕشەی شێخ عوبەیدوڵڵا لە ١٨٨٠کاندا کردی، نیشانەی ئامانجی ئۆتۆنۆمـیی نەتـەوەپەروەرەکـانی پێوە دیـار نەبوو،[٧٥] بگرە کـاردانـەی خـودانیـەتیی ئاینی و خـێـڵـەکـایەتیی پێـوە دیار بوو کـە لە دژی چینە نوێیـەکـەی بـازرگـان و زەویداران بەرپا بـوو لەبەرئەوەی ئەوانی بـە مـەترسی دانا لـەوەی نەوەکا دەسـەڵاتە بێ هاوتاکانی جارانی لێ بسـەندرێتـەوە.[٧٦] جـانێت کـلاینیش لەلای خـۆیەوە وا تێ دەگا کە پەیامی نەتەوەپەروەریی شۆڕشـە کوردییـەکان لە دیدی کوردیبوون Kurd-ishness وەک پرۆژەیەک بوو بۆ ئەوەی تەرتیباتە نەریتییەکانی هەر بنەماڵەیەک لە ڕێگەی نەتەوەپەروەرییەوە وەرگرنەوە.[٧٧]

سەرباری ئەمەش، مەیلە جیاوازەکانی ناو گرووپە کوردییە فرە جۆرەکان لە پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە یەکەوە ژیانی کوردی هێشتا پتر گرفتئامێز کرد. لە خێڵ ترازانی کـوردەکانی تورکـیا دۆخـێکی نوێ بوو کـە لە ئایدیۆلۆجـیا توندە نەتەوەپەروەرستییەکەی دەوڵەت و سیاسـەتەکانی بە ڕۆئاواییبوونیـەوە پەیا بوو. ئەمـەش بە ڕاشکاوی لە ڕێکخـراوەکـانی کوردی عێـراقی جودا بـوو. لە عێـراق باڵادەستیی بریتانییـەکان لە عێراق، هۆزگەلی کوردی پاراست و لە ڕێگەی ئاغە و شێخـەکانەوە کۆمەڵی تا ئەوپەڕ بەخێڵـەکایەتی کرد.[٧٨] وا پێ دەچێ کە لە هـەردوو باردا، سـازدانی پێکهـاتە کـوردییـەکـان تا ئەوپـەڕ لە دەرەوەڕا ڕێک دەخـران، ڕێنوێنییـەکانیش یان لە دەوڵەتە هەرێمـییـەکانـەوە بوو یانیش لە نـاو دەوڵەتانەوە دەهاتن. لە کـۆتاییـدا دەبینین کـوردەکـانی ئێـران بە ڕاسـتـی بە سـەر چینە جودایەکانی ڕەوەند و هۆز و تیرە و شارستان و لەوەرداراندا دابەش بووبوون.[٧٩]

بە پێی خواستە زانستییەکان، سەرەتایەکانی نەتەوەپەروەریی کورد، بێ ئەوەی هاندەرەکانی تایبەت بە سەرکردایەتیی کورد بە هەند بزانین، لە ١٨٧٩، بە ڕاستی، سەری هەڵدا. بەگوێرەی تۆماری شۆڕشەکانی کورد، عوبەیدوڵڵای سەرکردەی خێڵەکی و ئاینی لە ترسی پەیمانی بەرلین (١٣ی تەموزی ١٨٧٨) بوو کە دەیویست ئاشتی بەرقەرار بێ و دەوڵەتێکیشی هەبێ تا حوکمی بکا لەبەرئەوەی بە پێی پەیمانەکە زلهێزەکان پشتیوانیی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنییان کرد (کە ڕەنگ بوو بوونی کورد بخاتە مەترسییەوە.[٨٠] بەم جۆرە، شۆڕشەکەی عوبەیدوڵلاش وەک شۆڕشی سەرکردە کوردەکانی پاش خۆی (وەک سمایل ئاغەی سمکۆ لە ئێران) بەڵگەی ڕووحی هاوکاریی کوردی لە نێوان ئەو سەرکردە کوردانەی لە پێناوی پێکهێنانی دەوڵەتدا خەباتیان دەکرد، دەسەلمێنێ.[٨١] ئەو خەملاندنانەی کە سی ئای ئەی CIA لە ١٩٤٠ەکاندا کردوویەتی شۆڕشەکەی عوبەیدوڵلای (١٨٨٠) بە هەوڵێک بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ لە ڕۆهەلاتی دەریاچەی ورمێ، ناساندووە.[٨٢] کورد هەر لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە، بە کردەوە لێژنەی نیشتیمانییان لە ئیستەنبۆلدا لە ڕۆشنبیران پێک هێنا و داوای ئۆتۆنۆمییان کرد.[٨٣]

بژاردەی سەرکردایەتی هانی شۆڕشی کوردیان لە سەر بنەوای ئەو ڕاستییە دەدا کە بە دەگمەن وا بووە کەسانێک هەبووبن لە دەرەوەی ئەو سیستەمەی خۆیان ئومێدی گۆڕینی دەکەن، دەستیان بە شۆڕش کردبێ.[٨٤] هەموو مەرجەکانی هزری نەتەوەپەرستی ئەوەی لە شێوەی بزووتنەوەیەکی (کۆمەلایەتی سیاسی) کۆمەڵگەیەکە کە وەک گرووپێکی نەریتی و سیاسیی دیار خۆی لەوانی تر جودا دەکاتەوە و ئامانجی سەرەکیشی مافی چارەی خۆ نووسینی سیاسییە جا چ جودابوونەوە بێ یان ئۆتۆنۆمی، هەمووی لە کێشەی کورددا پەیدایە. ئەم جۆرە بزووتنەوە کۆمەلایەتییە سیاسییە دەبێتە بزووتنەوەیەکی نەتەوەپەروەری هەر کاتێک کە خواستی سیاسیی تایبەتیی پەیدا کرد بۆ ئەوەی جودا ببێتەوە یان تا ئۆتۆنۆمی وەربگرێ لەو هەرێمەی کە لە لایەنی مێژووییەوە بە نیشتمانی دایکی دەزانێ و زۆرینەی دانیشتووانەکەشی سەر بە یەک کۆمەڵن. هەر چۆنێکیش بێ، بزووتنەوە نەتەوەپەروەرە ئۆتۆنۆمییەکان داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن و لە خاک پتریش بایەخ بە خۆ حوکمکردنی کۆمەڵ دەدەن.[٨٥]

ئاشکرایە کە نەتەوەپەروەری، بە پێی ناواخنەکەی، فرە پێوەندی و شێوەی هەیە. نەتەوەپەروەریی کورد پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دروستبوونی دەوڵەتەکانی ڕۆهەڵاتی ناوین پەیدا بوو.[٨٦] بە شەرعی ناساندنی نەتەوەپەروەریی کوردی لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانیدا ڕوون و ئاشکرا بوو، لەو سەردەمدا دان بە مافی هەموو گەلێک نرا بۆ ئەوەی وەک نەتەوەیەک بەڕێوە بچێ و ئەمەش لە هزری مافی چارەی خۆ نووسیندا ڕوون بووەوە.[٨٧] ئەو ئەدەبەی پێوەندیی پێیەوە هەیە سێ شەپۆلی نەتەوەپەروەریی کورد پێناسە دەکات. سەرەتا بەو سەردەمە دەست پێ دەکات کە پەیمانی سیڤر ماکی خۆی لێ داوە و پاشی ئەویش سەردەمی دامەزراندنی کۆماری مەهابادە کە لە دوای شەڕی دووەمی جیهاندا بوو و شەپۆلی سێیەمیشی لە ١٩٥٠کانەوە تا ١٩٧٠کانی کێشا.[٨٨]

شەپۆلی چوارەمی بزووتنەوەی کورد ڕەنگە لە دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٢وە دەستنیشان بکرێ. بە بۆچوونی هاریسن و بۆیدی، دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتیوانی ئۆتۆنۆمییەکی هەرێمی بووە بێ ئەوەی سنووره ناودەوڵەتییەکان بگۆڕێ.[٨٩]

بەم جۆرە هاتنە ناوەوەی ئەوروپاییەکان و پاشتریش دەستپێکی ئەو بزووتنەوە ئازادیخوازانەی کە لە مافی چارەی خۆ نووسین لە ناو دەوڵەتی عوسمانیدا دەگەڕان (سەدەی نۆزدەمین) نەتەوەپەروەریی هەرێمی لێ پەیدا بوو. دەگوترێ کە نەتەوەپەرستیی تورک شوێنی حوکمی ئیسلامی گرتەوە، کورد هان دران بۆ ئەوەی لە پێناوی سەربەخۆییدا خەبات بکەن.[٩٠] پاشتر، ئەو تەگەرانەی کە پەیامی شۆڤینیی نەتەوەپەرستی تورکی لە ڕێی ئەو نەتەوانە دانا کە دەیانویست مافەکانی خۆیان مسۆگەر بکەن، هێشتا هەستی نەتەوەپەروەریی کوردیان بەهێزتر کرد.

ئاڵۆزیی کێشەی کورد هەر بە تەنیا لە گرفتی مافی چارەی خۆ نووسیندا نییە، بگرە پرسەکانی پێکهێنانی کۆمەڵایەتی - سیاسی و باوانی و خودانیەتیی زەویوزاریش دەگرێتەوە و هەمووشیان پێکرا لەناو یەک کێشەدا گرد بوونەتەوە. ئەم کێشەیە هەروا لەگەڵ کژی ناونەتەوەیی کار لە یەکتر دەکەن و ئەمەش ئەو ڕاستییەیە کە ڕۆڵی کێشەکە لە سیاسەتی ناودەوڵەتیدا ڕاڤە دەکات. لەبەرئەوەی کێشەی کوردی کێشەیەکە فرە ڕووی هەیە، بۆیە بووەتە هۆی ئەوەی کە هێزی لێ

بێتە مەیدان، بۆ ئەوەی لەو بابەتەدا بالادەست بن دەوڵەتە بەهێزەکان پێشبڕکێ لەگەڵ دەوڵەتە بێهێزەکاندا بکەن. هەروا سوودی هێزی لە پارسەنگی بەرانبەردا بۆ مانەوەی قەوارەیەکی بەهێز دیار دەخات و گرینگیەتیی ئەو هۆیانەش نیشان دەدا کە پێویستە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی هەر لایەنێک و (لە بەرانبەر سیاسەتی کوردیشدا) بۆ ئەوەیە تا خواستەکانی خۆیان لە ناو دەقێکی سیاسیی ناونەتەوەییدا، پێشکێش بکەن. بەم شێوەیە ئەم توێژینەوەیە پێوەندیی تەنیا بە کێشەی کوردەوە نییە، بگرە بایەخ بە تێک هەڵچوون لە سیاسەتی ناونەتەوەییش دەدا و تا ئەوەش بزانێ چۆن یەکیان کار لەوی تریان دەکات.

کێشەی کورد لە پاش ڕێککەوتنەکەی سایکس ـ پیکۆ (١٩١٦)، لە ئەنجامی چوونی هێزە ئەوروپاییەکان بۆ ناو ئمپراتۆریەتی عوسمانی و پارچەکردنیەوە پەیدا بوو.[٩١] داتاشینی ڕۆهەلاتی ناوین بۆ ناوچەکانی دەسەلات، بە مەبەستی باشتر بەڕێوەبردنی، سۆزی پێکهێنانی ناسنامەیەکی یەکگرتووی عەرەبی لەناو برد و زۆرینەی کوردی پەرت و بلاو کرد و بە سەر چوار ولاتی ئێران و سوریا و عێراق و تورکیادا دابەشی کرد. دەبێ بە دەوڵەتکردنی کێشەی کورد لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهان و بەشکردنی بۆ چوار کێشە، بۆ دەست تێوەردانی ئەو هێزە ناونەتەوەییانە بگێڕینەوە کە بە دەوڵەتانی ڕۆهەلاتی ناوین (ئێران و تورکیا)وە دەستی پێ کرد و پاشان ڕووسیا و ئەوروپا هاتن و لە دواییشدا ولاتە یەکگرتووەکانی تێوە گلا. گواستنەوەی کێشەی کورد لە تاقانەییەوە بۆ فرەلایەنی بۆ ئەوەی لە دوای پارچەکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە (لەتلەتکردنی کوردستان) پارسەنگی زنجیرەیەک کێشە بدات بەسە بۆ ئەوەی ئالۆزیی توێژینەوەکە ڕوون بکاتەوە. سەرهەڵدان و پارچەکردنی کێشەی کورد لە سیاسەتی ناودەوڵەتیدا، وەک ئەوەی چۆن لەم بەشانەی دواوەدا تاوتوێ کراون، چاوگێکی فرەوانی لە دەست تێوەردانی ئەو هێزە هەرێمی و ناونەتەوەییانەدا گرتووە کە بۆ ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی خۆیان هاتبوون.

بەپێی ئەم بنەوایە، دەشێ بزانین بۆچی بریتانییەکان و ئەمەریکییەکان پەیمانەکانی خۆیانیان پشتەوشار کردەوە و بە پێی پەیمانی سیڤر (١٠ ئابی ١٩٢٠) ئۆتۆنۆمییان بۆ کورد مسۆگەر نەکرد کە دەبوو پاشی ساڵێکیش بکرایە بەسەربەخۆیی و ناوچەی ڕۆهەلاتی فرات و باشووری ئەرمێنیا و باکوری سنووری

تورکیا لەگەڵ سوریا، بە ویلایەتی موسڵیشەوە.[٩٢] بە هەمان شێوە وڵاتە یەکگرتووەکان و فرەنسا و بەریتانیا، لە دوای دۆزینەوەی نەوت لە ویلایەتی موسڵ، کە لە پێش سەرکەوتنی مستەفا کەمال لە شەڕی سەربەخۆیی (١٩٢٢) و پێش پەیمانی لۆزان (٢٤ی تەموزی ١٩٢٣) بەشێکی هەرێمی کورد بوو و لە سان ڕێمۆ (ئاداری ١٩٢٠) کۆبوونەوە و بڕیاریان لە سەر دابەشکردنی کوردستان دابوو.[٩٣] عەباس وانلی ئەو ڕێکەوتنە نهێنییانەی لە کۆنفرانسەکەی کە بەریتانیا و فرەنسا و ڕووسیا و ئیتالیا، لە لەبارەی چارەنووسی کوردستانەوە، لە سەری ڕێک کەوتن، تاووتوێ دەکات.[٩٤]

وا پێ دەچێ دابەشکردنی کوردستان بەم جۆرە کە هۆیەکی سەرهەڵدانی کێشەی کوردە بڕیارێکی سیاسەتی دەرەوە بووبێ کە هێزە دەرەکییەکان دابیان. بە تایبەتیش لەبەرئەوەی ناکرا عێراق بە بێ ئەو داهاتەی کێڵگە نەوتییەکانی موسڵ بمێنێتەوە لەبەرئەوە دروست نەکردنی دەوڵەتێکی کوردی بەشێکی تری ئەو هۆیانە ڕاڤە دەکات.[٩٥] دێیڤد ماکدوێڵ باسی ئەوە دەکات کە دروستکردنی کوردستان کارێکی فرە گرانبەها بوو، لەبەرئەوەی دەمودەست پێویستی بە یارمەتیی دارایی و سەربازی هەبوو، پێویستیشیان پێی نەبوو بۆ ئەوەی لە بەرانبەر دەوڵەتە هەرێمییەکانی تر پشتیوانیان بێ.[٩٦] ترسی ئەگەری بەهێزبوونی نەتەوەپەرستیی عەرەب[٩٧] و ئەگەری گەمارۆدانی هەرێمەکە لەلایەنی ڕووس و تورکەوە وای لە بەریتانیا کرد عێراق یەک بخات و ئەمەش بووە هۆی پارچەبوونی کوردستان.[٩٨] سەرباری ئەمەش، زلهێزەکان ترسی پارچەبوونی سیاسیی ناوەخۆ و نێوانی کوردیان هەبوو ئەگەر دەوڵەتێکی کوردی دروست بووبوایە و نەبوونی دەراوێکی دەریاییش، هەموو ئەوانە ئەو فاکتەرانە بوون کە دابەشبوونی کوردیان لێ کەوتەوە.[٩٩] لە کۆتاییدا، من ئەوەش بە ڕاست دەزانم کە ئەو پشتیوانییەی کورد لە کاتی شەڕی سەربەخۆیی بۆ ئازادکردنی ئەناتۆڵ لە مستەفا کەمالیان کرد ئەویش هۆیەکی ترە کە نەیهێشت کوردستان یەک بگرێتەوە.

بەم جۆرە دەست تێوەردانی دەرەکی لە بەرژەوەندی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و لە دژی نەتەوەپەروەریی کورد ئاواتەکانی کوردی تایبەت بە مافی چارەی خۆ نووسین پووچ کردەوە. پاشان لەبەرئەوەی کێشەی کورد دابەشی سەر چەند کێشەیەک بوو و هەر کێشەیەکیشیان تایبەتمەندیی جودای خۆی هەیە، تا ئێستە

بزووتنەوەی کوردیان پەراوێز کردووە. لە بەرانبەریشیدا، یەکبوونی ڕووحی کوردی وەک دانیشتوانی کوردستان ئامانجەکانی کوردی تایبەت بە کوردستانی گەورە هەر پاراستووە. لە ١٩٥٠یەکانەوە ئەو پێشبڕکێیە بێ کۆتاییانەی لە نێوان هێزە ناونەتەوەیییەکان، بە تایبەتیش یەکەتیی سۆڤیەت و وڵاتە یەکگرتووەکاندا هەبووە، هێشتا دەست تێوەردانی لە کاروباری کوردی چڕتر کردووە. لەم ژیگە ڕکەبەری ئامێزەدا کورد کراونەتە ئامانج و بابەت. بۆیە زلهێزەکان کێشەی کوردیان بە مەبەستی باڵادەستیی خۆیان لە هەرێمەکەدا بەکار هێناوە. کەچی کورد، وەک ئامانج، خەباتیان بۆ دان پێدانانی باری نا دەوڵەتیی خۆیان کردووە.

ئەو هێزە کاریگەرە هەرێمی و ناونەتەوەیییەی کێشەی کوردی لێ دەخوڕی تا ١٩٥٠کان و ١٩٦٠ەکانیش هەر مابوو. لەگەڵ ئەمەشدا تا کۆتاییی گۆڕانکارییەکانی شەڕی سارد، هەموو ئەو کردەوانەی بەرانبەر بە کێشەی کورد دەکران، دەوڵەتە هەرێمییەکان بوون دەیانکرد نەک کاردانەوەی سیاسەتەکانی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان یان هی یەکەتیی سۆڤیەت بوون. بەڵام لە دنیای پاش نوێ postmodern دا و لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی دیفاکتۆی کورد، دیتی سیاسی گۆڕا.

هەرچەندە بەرژەوەندییەکانی هێزە هەرێمی و هێزە ناونەتەوەیییەکان لە دژی یەکترین، بەڵام بۆ ئەوەی باری هەرێمەکە سەقامگیرتر بێ، ڕەنگە ئەو هێزانە ناچار بن، سەبارەت بە کێشەی کورد، هێشتا تەنازولی پتر بکەن. لەم بارودۆخەدا پێ دەچێ چارەسەرێکی سیاسیی کێشەی کوردی ئەرکێکی سەخت بێ بۆ ئەوەی تەعامولی لەگەڵدا بکرێ.

٥- کێشەی کورد: پێوەندیی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد

تا ئێستە من لایەنە فرەلایە دەرەکی و ناوخۆییی کێشەی کوردم تاقی کردووەتەوە و چەند ڕێگەچارەیەکی بەدیلم پێشنیار کردووە بۆ ئەوەی لێی بکۆڵینەوە. بەتایبەتی پێوەندیی کوردم بە وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، لە شێوەی هێڵکێشی، لە ڕووکاری خەباتی کورد لە پێناوی مافی چارەی خۆ نووسیندا پێشکێش کردووە.[١٠٠] هێنانی ئەم نموونانەی کە پێوەندییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد و تێوەگلانی هێزە هەرێمییەکان و کاریگەرییەکانی ئەم

هاوپێوەندییانە لە سەر ئاستی هەرێمی و ناونەتەوەییدا ڕوون دەکەنەوە، ئەم نموونانە خاڵی سەرەکیی ئەم بەشانەی خوارەوە پێک دێنن. کەچی ئەم بەشەی ئێستە باسی کێشەی کوردی وەک بەستەنە linkلێکی نێوان پێوەندییەکانی کورد و ناونەتەوەییدا دەکات. پاشی هەمووشیان، توێژینەوەی لایەنە کاریگەرە نا دەوڵەتەکانی ئەوانەی وەک کوردن و کاریگەریی مل لەبەرمل نانی یەکتریان و سیاسەتە نیشتمانییەکانی دەرەوەی لایەنە جودایەکانی، وایان کردووە ئەم ئامانجە ئاوا سەرنجڕاکێش بێ.

بۆ ئەوەش زانیاری تەواو لەبارەی کوردی ڕۆهەڵاتی ناوینەوە بەدەست بێنین، پێویست بە چوونە ناو ئەو کۆششانەوە هەیە کە کورد، وەک نەتەوەیەکی دیار لەو خاکانەی لە لایەنی مێژوویییەوە بە یەکگرتنەوەی سنوورەکانی نێوان سوریا و ئێران و عێراق و تورکیا دروست بووە، لە پێناوی مافی چارەی خۆ نووسیندا کردوویانە. دیسان ئەو بەشەی دادێ، بە ڕەچاوکردنی نووسینە پێوەندارەکان، وەک بنەوایەکی تێگەیشتنی باری سیاسیی هاوچەرخی کورد، بە درێژی تەماشایەکی دۆخی کورد لەو وڵاتانەدا دەکات کە لێیان نیشتەجێن.

٥-١ دۆخی کورد: ئێران و تورکیا و عێراق و سوریا

ئەو پارچەیییەی دۆخی کورد کە لە ئەنجامی دابەشکردنی کورستان لە پاش شەڕی یەکەمی جیهان و لە توێی سیاسەتەکانی هێزە ناونەتەوەیی و هەرێمییەکانەوە پەیا بوو، دەرکەوتنی کورد لە شێوەی گەورەترین نەتەوەی پەرت و بڵاوی بێ دەوڵەت لە ڕۆهەڵاتی ناویندا شرۆڤە دەکات. بە گوتەی سەرۆکی کوردستان، مەسعوود بارزانی، ئەم دابەشکردنە چەند تایبەتمەندییەکی دیاری پەیدا کرد بۆ ئەوەی هەر کورد، وەک بەشێکی دەوڵەتێکی جودا خواستەکانی خۆیان دیاری بکەن.[١٠١] لەگەڵ ئەمەشدا، دابەشبوونی کورد بە سەر چوار وڵات و بارودۆخی ئەو وڵاتانە جیاوازی سەبارەت بە پەیڕەوکردنی باشترین ڕێ بۆ ئاسانکردنی کێشەی کورد، لە نێوان کورد پەیدا دەکات و لە کۆتاییشدا، بوونی ئەم هەموو پارتە سیاسییە کوردییانە، بۆ ئەم مەبەستە (لە داهاتوودا دەیبینین)، شرۆڤەی کەمیی یەکگرتەیی پەیامی سیاسیی بزووتنەوەی کورد دەکات و دەرکەوتنی چەندین دەنگی واشی لێ پەیا دەبێ کە زیان لە کێشەی کورد دەدەن.

٥-١-١ ئێران

ئەو نووسینە زانستییانەی لەبارەی ئێران نووسراونەتەوە مشتومڕیان لە سەر ئەوەیە کە بزووتنەوەی کورد توانای لە جێبەجێکردنی خواستە دێرینەکانی تایبەت بە دان پێدانان و ئۆتۆنۆمیدا نییە.[١٠٢] ڕێژیمە تیۆکراتەکەی ئێران و پەیامە نەتەوەییەکەی کە دەڵێ فارس و کورد لە یەک ڕەچەڵەکن و هەبوونی بەرژەوەندی جوداکەرەوە لە نێوان زۆرینەی پتر لە ٦٠ لە سەتی هۆزە کوردەکان[١٠٣] و دابەشبوونی کۆمەڵ بە سەر ژمارەیەک ئیتنۆسی جودا، هەموو ئەمانە پێکرا شێوەی ناسنامەیەکی نەتەوەیی کوردی لاوازیان لێ دروست بووە.[١٠٤] هەرچەندە دەوڵەت پەیمانی مافە دەستوورییەکانی لە جۆری بەڕێوەبردنی ئۆتۆنۆمی کەمینە ئاینییەکانی خۆی داوە، بەڵام بە دەگمەن کارێکی لەم جۆرە پیادە کراوە.[١٠٥] لەگەڵ ئەمەشدا، کوردی ئێران مافی زمانەوانی و نەریتییان هەیە و دەتوانن فیلمە کوردییەکان بڵاو بکەنەوە، بەڵام وەک ئەوەیە کە لە بن سەرپەرشتییەکی توندی حکومەتی ئێراندا بن.[١٠٦] دەشێ شێوەی کۆنترۆڵکردنی توندی یەکە سیاسییەکان لە لایەنیی دەوڵەتی ئێرانەوە بە ڕاست بزانین ئەگەر تەماشای پێکهاتەی فرە ئیتنیی ئەو وڵاتە بکەین. فارسەکان (٥١ لە سەت) و ئازەرییەکان (٢٤ لە سەت) و گیلاکی و مازەندەرانی (٨ لە سەت) و کورد (٧ لە سەت) و عەرەب (٣ لە سەت) و بلووش و تورکمانەکان (٣ لە سەت) پێک دێنن.[١٠٧] کوردی ئێران لە شارەکانی ناوچەکانی کوردستان نیشتەجێن، لەوانە نەغەدە و مەهاباد و ورمێ و ئازەربایجان لە باکوری ڕۆئاوای وڵاتەکە* و کرماشان و بەختەرانیش لە باشووری وڵات و هەمەدان و زنجانیش لە باکوری ڕۆهەڵاتدان.[١٠٨]

پێوەندیی کورد لەگەڵ ڕێژیمە ئێرانییەکان بە زۆری هەر دوژمنداریکردن بووە و گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی کە هەر کردەوەیەکی میری کاردانەوەی کوردی لێ کەوتووەتەوە و لە ئەنجامدا بەرگریی چەکداریی پەیا کردووە و شەڕی یەک لە دوو یەکی لێ قەوماوە.[١٠٩] ترسی ڕێژیم لە ئەگەری نەمانی یەکەتییەکەی کە لەسەر

* ڕەنگە لێرە زانیارییەکانی دانیار بە سەرچیغ چووبن، چونکە ئازەربایجان ئوستانێکی ئێرانییە و ئازەربایجانی ڕۆئاواش هەیە کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن و پایتەختەکەشی ورمێیە. (مامکاک).

بنەوای ناسنامـەی فـارسی دروست بووە، بە پێچـەوانەی بەرنامـەی سـیاسـیی لیبراڵی کورد کە لە سەر بنچینەی خواستی ئۆتۆنۆمی و دیموکراسی وەستاوە، پاکانە بۆ باری سیاسیی گرفتاویی کورد دەکات. لەمەش پتر، ئەو بەربەستەی حکومەتی ئێران لە پێش مافی کوردی داناوە و ناهێڵێ وەک گرووپێکی ئیتنی نوێنەری سیاسیی خۆی هەبێ، هێشتا ئاگری دوژمنداریيەتیی نێوان کورد و ئێرانیان خۆشتر کردووە. هەرچەندە لە دەقی برگەی ٥ی دەستووری ئێران (٢٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٩)دا هاتووە کە فارس و تورک و کورد... مافەکانیان یەکسان دەبێ، بەڵام هێشتا حکومەتی ئێران هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی قەدەغە کردووە و بۆیەش ئەو ڕێکخراوە سیاسییە کوردییانە هەر بە قاچاغ ماونەتەوە.[110] ئەگەر یەکێک ناسنامەی فارسیی دەوڵەت ڕەچاو بکات،[111] و ئەوەش لە بیر نەکا کە خومەینی تەرکیزی لە سەر هزرۆکەی ناسنامەی ئاینی هاولاتیان کرد (وەک ئەو بارودۆخەی لە تورکیا باوە) و ئەمەش لە سەر بنەوای ئەو هزرە دامەزراوە کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان موسوڵماناندا نییە جا با هەر وەک عەرەب یان فارس، زمانی جودایان هەبێ، ئەمە چەند هۆیەکی ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە بۆچی کورد، وەک گرووپێکی ئیتنیی جودا، لە مافە سیاسییەکانی خۆیان بێ بەش کراون. دیتی خومەینی بەرانبەر بە خواستی کەمینەکان وا نیشان دران گوایە ئەو گرفتانەن ئەوانە دروستیان کردووە کە نایانەوێ ولاتە موسوڵمانەکان یەک بگرن (بەم جۆرەش) کێشەکانی نەتەوەپەرستی پەیدا دەکەن بۆ ئەوەی ئیسلام و فەلسەفەی ئیسلامەتی بشێوێنن.[112] سەرباری ئەمەش، کوردەکانی ئێرانی ئەمڕۆ لە نوێنەرایەتیی سیاسیی خۆیان بێبەش کراون، لەبەرئەوەی دەوڵەت هەموو هاولاتییانی خۆی بە هاولاتیی ئێرانی پێناسە دەکات و هیچ بایەخێکیش بە بنجوبنەوانی ئیتنییان نادات.

تێبینی کراوە کە وا گرووپە سیاسییە کوردییەکانی بوونیان هەیە قاچاغن. هەرچەندە ئەگەر بەراوردیان بە کوردی تورکیا و سوریا بکەین، دەبینین کوردەکانی ئێران هەمیشە مافێکی نەرێتیی سنووردرایان هەبووە و سەرکوتکردنی ناسنامەی سیاسییان لە ڕێگەی ژمارەی زۆریی پارتە سیاسییەکانەوە دەردەبڕێ و باری سیاسیی کورد لە سوریا بە هەمان ئەم ئاراستەیەدا دەڕوا.[113] لەگەڵ هەندێش زۆربەیان بەرگری لە ئێرانێکی دیموکراسیی فێدراڵ دەکەن. کۆنترین پارتی

کوردی، کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە لە ١٩٤٥، بە پشتیوانی لێکردنی سۆڤیەتی پێشوو دامەزرابوو.[١١٤] لەوەتی ١٩٨٠یەکانەوە، حیزب دەیەوێ خودموختاری لە چوارچێوەی ئێران وەدەست بێنێ.[١١٥] کوشتنی سەرکردایەتیی کوردی لە دوای ئەو دانووستاندنانەی بە مەبەستی ڕاگرتنی پەلامارەکانی سوپای ئێران، لە ١٩٨٤ لە ڤیەنا کرا، هەرەسی بە خواستەکانی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی هێنا.[١١٦] سەبارەت بە کێشەی کۆمەڵەش (ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی کرێکارانی کوردستانی ئێران، ١٩٦٩)، ئەو ڕێکخراوە مارکسییەیە کە یەکەتیی سۆڤیەت پشتیوانیی لێ دەکرد، ئێستە دابەشی زنجیرەیەک کۆمەڵ بووە.

تازەترین و سەرنجڕاکێشترین گۆڕانکاریی نوێ ڕەنگە دامەزراندنی بەرەی یەکگرتووی کوردستانی بێ (٢٠٠٦)، کە بە سەرکردایەتیی بەهائەدین ئەدەب، لە ناو ئێراندا چالاکیی خۆی دەکات[١١٧] و بزووتنەوە هەرە ڕادیکاڵەکەی پژاک (پارتی ئازادی و ژیانی کوردستان، ٢٠٠٤)یش کە وا پێ دەچێ بووبێتە لاوازترین خاڵی سیاسەتی کوردی ئێران و پەیڕەوی خەباتی چەکداریی پ.ک.ک. دەکات.[١١٨]

دەشێ کێشەی کوردی ئێران دژوارترین بابەت بێت و لە هەمان کاتیشدا لە هەمووانیش سەرنجڕاکێشتر بێ. ڕۆڵیان لە مێژووی سیاسیی کوردی وەک ئەوەی کە پێشەنگی یەکەم دەوڵەتی تەمەن کورتی کوردی دنیای هاوچەرخن، بە تەواوەتی بە پێچەوانەی بارودۆخی ئێستەیانە. هەرچەندە ئەو دیموکراتییە کورتەی نێوان ١٩٥١ و ١٩٥٣[١١٩] و ڕەنگە لە سەردەمی محەمەد خاتەمیش (١٩٩٦ ٢٠٠٥) باری ئێستەی کورد بەرئەنجامێکی سیاسەتەکانی شا، بۆ بە شارستانیکردنی کورد و بەرئەنجامی پیادەکردنی شێوەی بەبەرهێنانی سەرمایەدارییە کە وەک ڕێگەیەک بۆ بێهێزکردنی هۆز و لایەنە کوردییەکان، هەر لە ١٩٢١ەوە تا ١٩٧٩ پەیڕەو کراوە و مەحموود ئەحمەدی نەژادی سەرۆکی ئێرانیش (حوزەیرانی ٢٠٠٥ – ٢٠٠٩) سیاسەتێکی توندی دژەکوردی پەیڕەو کردووە.[١٢٠]

### ٥-١-٢- تورکیا

بە هۆی سیاسەتە هاوشێوەکانی تورکیا و ئێران، دەبینین دۆخی کورد لە هەردوو وڵاتدا لە یەکتر دەچێ. هەردووک لا بە ناوی نەتەوەپەرستییەوە جا با بە ڕێگەی جوداش بێ لە تواندنەوەی دانیشتووانە فرە ئیتنییەکانیاندا سەرکەوتن.[١٢١]

لەو دەمەی لە ئێران هاوڵاتییەتی لە سایەی هزری ئوممەتەوە پێک هات، لە تورکیا لە سەر بنچینەی زبانی تورکی و پەروەردە و نەریتەوە هات و بە مەبەستی تورکایەتی Turkismیەوە بوو. لە ئێران ڕەزا شای پاڵەوی (١٩٢٥-٤١) پشتگیریی لە یەکەتیی ئیسلامی لە نێو چوارچێوەیەکی شیعایەتی Shiismدا کرد و بە بۆچوونی ئەو پێکهاتەی فرە ئیتنیی وڵات هەڕەشە بوو.[١٢٢] ئەوانەی کە لە پاشی ئەویش هاتن، بە تایبەتیش حەمەڕەزا شای کوڕی کە بە مەبەستی بنکۆڵکردنی بناخەی بەهێزی هۆزگەلی کوردی سیاسەتەکانی بە ناوەندسازی centralization و بە پیشەسازکردن و شارستانسازی پەیڕەو کرد.[١٢٣] ئەم جۆرە ستراتیجییانە هاوپێچ لەگەڵ ئەو جۆرە تێگەیشتنەی دەوڵەت کە پێی وایە لە ئێران هیچ گرفتێکی ئیتنی نەبووە لەبەرئەوەی نەتەوەی باڵا بایەخی سەرەکیی خۆی بە یەکەتی دەدات و ئەو فاکتەرانە پشتگوێ دەخات کە ڕەنگە دابەشی بکەن، ئەم بۆچوونە لە هەردووک وڵاتی ئێران و تورکیادا سەرکەوتن.[١٢٤]

لەبەرئەوەی مستەفا کەمالیش وەک شای ئێران، ڕێبازی بە ڕۆئاوایکردنی پەیڕەو کرد و دەوڵەتیش سیاسەتی جوداکردنەوەی ئابووری و جیۆگرافیی بۆ هەڵمژینی[١٢٥] کورد پیادە دەکرد بۆیە دۆخی کوردی هێشتا خراپتر کرد. بە هەمان شێوە، خەملاندنەکانی سی ئای ئەی CIA ئەوە نیشان دەدەن کە لە ١٩٣٧ەوە تورکیا پرۆگرامێکی تواندنەوەی پەیڕەو کرد لەگینە بەردەوام بێ. بەم جۆرە ناوچە کوردییەکانی بە چڕی چاودێری کرد و سیاسەتی ڕاگوێزانی کوردی لە زێدی خۆیان و نیشتەجێکردنەوەیان لە ناوچەکانی ڕۆئاوای وڵات پیادە کرد و فێرکردنی زمانی کوردیی قەدەغە کرد و جاڕیشی دا کورد تورکی چیایین، ئەمانە هەموو بەشێکی ئەو سیاسەتانەی تورکیای پێک هێنا کە بۆ بە تورککردنی کورد پەیڕەوی دەکردن.[١٢٦] هزرە سێکولار و نەتەوەپەروەرییەکانی زیا گوکالپ کاری لە زۆرینەی کوردی تورکیا کرد،[١٢٧] ئەوانە بە کرمانجی و بە زازاکی دەدوێن و یان سوننەن یانیش عەلەوین. ئەو سیاسەتانەی تورکیا بۆ تواندنەوەیان پەیڕەوی کردووە، لە سەرەتای پێکهێنانی دەوڵەتی تورکیاوە (١٩٢٣) دەستی پێ کراوە، هەینێ ئاغە و شێخە کوردەکانیان لە هۆزەکانیان جودا کردنەوە و گۆڕدران و کرانە چینێکی زەویدار و لەو کوردانە داندران کە ناسنامەی تورکیی خۆیانیان لە یاد کردووە.

ئەو دیت و بۆچوونەی باڵادەستیی دەوڵەت بەرانبەر بە هاوڵاتییەکانی کە وەک

بنەوایەکی دروستکردنی دەوڵەتی لێ هاتبوو، هێشتا جیاوازیی ئیتنیی کوردانی پتر شاردەوە،[١٢٩] و بنیاتی سیاسەتی تورکی هێشتا بەهێزتریش کرد.[١٣٠] لە ڕاستیدا باڵادەستیی عەسکەریتاریا بەرانبەر بە بیرۆکراسەکان، وای کرد سوپا چوار جار دەست بە سەر کاروباری سیاسیی تورکیادا بگرێ بۆ ئەوەی عیلمانییەت بگێڕێتەوە و ئەمەش هەستی بەتورکبوون Turkishness ی بەهێزتر کرد. بەشەکانی سوپا، ئەوانەی لە ئەنقەرە بە قووڵایی دەوڵەت ناسراون، بە شێوەیەکی تایبەت لە سیاسەتی تورکیدا بەهێز بوونە و بوونەتە پارێزەرانی شەش بنەوایەکەی مستەفا کەمال کە دەوڵەتیان لە سەر دامەزراوە.[١٣١] ئەو نموونەیەی حوکمی تورکی کە وەک دەوڵەتێکی ئیسلامی، لە سەر بنەوای بڕیاری هاوبەشی هەردوو لایەنی سوپا و سەرکردایەتیی سیاسی، لە چوارچێوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەییەوە، بەرجەستە بووە، نموونەیەکی حوکمی دەوڵەتی بێ هاوتای ئاوا لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوین پێک دێنێ کە جێی سەرسوڕمانە. لەگەڵ ئەمەشدا، زۆر جار سیاسەتە نەتەوەییەکەی سوپا ڕێ لە دەستپێشخەرییەکانی سیاسەت دەگرێ، ئەمە ئەوە شرۆڤە دەکات، ئاخۆ بۆچی ڕادەی بەرگریی بزووتنەوەی کورد لە کێشەی عێراق دەچێ.

بەرئەنجامی ئەو ڕووداوانەی لە دوای گرتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە عێراق ڕوویان دا، لەگەڵ سیاسەتە نەتەوەپەرستەکانی تورک، بڕوایان بە کورد هێنا کە هەر چارەسەرێکی غەیرە فێدرالی شتێکی خەیاڵییە.[١٣٢] حوکمکردنی تورکیا بە تایبەتی لە لایەنی ڕژیمە نەتەوە پەرستەکانەوە و بە پێی ئەو ڕێنوێنییانەی لە ئیلیتی ئەو سوپایەوە دەردەچێ کە لەبن پەردەوە ڕۆڵی سیاسیی خۆی دەگێڕێ، هاوکات لەگەڵ تەشەنەکردنی دەسەڵاتی ئیسلامی بە بۆچوونێکی ئەوروپاییەوە کە ئەجێندایەکەی تەنیا لە بەرژەوەندی هاوڵاتییە موسوڵمان و تورکەکانە، بە شێوەیەکی کاریگەر ئاواتەکانی کوردی وەلا ناوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر پاڵەپەستۆی ڕۆئاوا بۆ بە دیموکراتیزەکردنی سیاسەتی تورک لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی ئاکەپە، کە حزبێکی ئیسلامیی ئەوروپا ویستە، بتوانن پارسەنگی دەسەڵاتی سوپا بدەنەوە ڕەنگە پێشبینیی گۆڕانکاریی پتر لە کێشەی کوردی تورکیا بکرێ.[١٣٣] ئێستە پێ دەچێ ئەو پەیامەی کەمالییە نەتەوەپەرستەکان، ئەوەی لە لایەنی سوپا و باڵە مەیلەو عەسکەرییەکەیەوە پێڕۆ دەکرێ، کە ڕکەبەریی پەیامە ئیسلامییەکەی

حکومــەت بکات.[١٣٤] بە بۆچوونی گـوکـاڵپی دەبێ ئەو ســیـاســەتەی ئەنقــەرە لە نەناسـینی کـورد[١٣٥] وەک ئیـتنێکی جیـاواز، پەیڕەوی دەکـات، بەو دیتنەی بژاردە میرییەوە ببەستریتەوە کە دەڵێن نەتەوە واتە کۆمەڵێک کەس کە یەک جۆر پەروەردە کرابن و هەمان جۆرە زمان و ئاین و ڕەوشت و جوانویستییان هەبێ، نەک ئەوەی کە یەک ڕەگەزیان هەبێ،[١٣٦] لەبەرئەوەی تورکەکان ناسنامەی کورد یان خەڵکانی بە ڕەگەز کورد پێناسە دەکەن و بە ئیتنێکی جودایان ناناسن یانیش ئەوەتە تورکیا کورد وەک ناسنامەیەکی دیار پەسند ناکات و دانیان پێدا نانێ بۆیە کێشەی کورد لە تورکیـا، ڕەگی داکوتاوە.[١٣٧] ئەو کۆشـشـەی تورک دەیکا بۆ ئەوەی پاشـماوەی ئەنـاتۆل، لە دوای ڕووخـانی ئیـمـپـراتۆریەتی عـوسـمـانی بپـارێزێ، شـرۆڤـەی هەڵوێستی فەرمیی تورک سەبارەت بە سیاسەتی کورد دەکات. لەبەرئەوەی ترسی دەوڵەت لە دووبارە پارچەبوونی خاکی دەوڵەتی تورکی لە ئەزموونی عوسمانییانەوە هەڵدەقوڵێ، بۆیە تورک نایەوێ هیچ تەنازولێک بۆ ڕەگەزە نا تورکەکان بکا نەوەکا هێشتا داوای خاکی پتر بکەن، هەر ئەمەشە دڵەڕاوکێیەکەیانی کردووەتە ترسێکی ڕەوا.

عـیـسـمـەت ئینۆنۆش باوەڕی بەم بیـرۆکـانە هـەبوو کـە ئێـمـە نەتەوەپەرسـتی دۆسـتـانەین... نـەتەوەپەرسـتی تاکـە بنەوایە بەیەکـمـان دەبەسـتـێـتـەوە. لە ڕووبەڕووبوونـەوەی زۆرینەی تورکـدا، ئەوانی تر هیـچ کـاریگەرییـەکـیـان نـابێ. بە بۆچوونی ئەو پێویست بوو هەموو دانیشتوانی خاکەکەمان بکەینە تورک جا بە هەر نرخێک بێ و ئەوانەش لە ناو دەبەین کە بەرهەڵستی تورک دەکەن.[١٣٨] هاتنی تورگوت ئۆزال بۆ سـەر حوکم لە ١٩٨٠کاندا، خاڵی وەرچەرخانی کێشەی کورد بوو. دان پێـدانانی فـەرمـی بە کـێـشــەی کـوردی لە تورکـیـا و داخـوازیکردنی لە سەرکردە کوردەکان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەوایەتییەک بە خۆیان بدەن لە ١٩٨٧، ڕێگەی بۆ پەیامنێرێکی (میللییەت) خۆش کرد بۆ ئەوەی بۆ یەکەم جار بە ئاشکرا بنووسێ پێویستە تورکیا هەڵسوکەوت لەگەڵ گرفتی کوردیدا بکات.[١٣٩] ئەو سیاسەتەی بەرانبەر بە کورد بۆ ئەوەی چیتر زمانی کوردی قەدەغە نەمێنێ (١٩٩١) و بۆچوونەکەیشی کـە ئێـمـە دەبێ لەگەڵیـان (کـورد) برادەر بین لەبەرئەوەی ئەگەر ببینە دوژمنیان هی وا هەنە لە دژی ئێمەیان بەکار دێنن،[١٤٠] دەیانتوانی چارەسەری نوێ پەیا بکەن ئەگەر لە نیسانی ١٩٩٣دا نەمردایە.[١٤١]

بەم جۆرە، کێشەی کورد لە تورکیا بە زنجیرەیەک گرفت و پرس بەستراوەتەوە. کێشەی کوردی تورکیا لە مسۆگەرکردنی مافە سیاسی و نەریتی و مەدەنییەکان و لە بۆچوونەکانی تورک سەبارەت بە کێشەی کورد کە بە گرفتی باشووری رۆژهەڵاتی ئەناتۆڵ و گرێکوێرەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی ـ ئابووریی دەناسێ[١٤٢] و پرۆگرامی فەرمی تورکیش سەبارەت بە کێشەیەکی تیرۆریزمییە ... پشت بە پشتیوانیی ئەو دەوڵەتە بیانییانە دەبەستێ کە دەیانەوێ تورکیا لاواز بکەن،[١٤٣] ئەمانە هەموویان پێکرا کێشەی کوردی تورکیا پێک دێنن. بنەوای ئەم بابەتە گرفتانە لەوەوە سەر هەڵدەدەن کە تورکیا دوودڵە و دان بە بوونی کۆمەڵگە ئیتنییەکانی تردا نانێ و لای وایە تەنیا تورک لە سەر خاکەکەیدا هەن و دەژین. توند وەستانی تورکیا بەرانبەر بە کێشەی کورد، لە ١٩٨٤ەوە کە گەریلای پ.ک.ک. (پارتی کرێکارانی کوردستان) وەک بزووتنەوەیەکی پڕ هێز، دەستی بە چالاکی کردووە، هێشتا کێشەکەی تەنگەتاوتر کردووە.

لەم بارودۆخەدا، پارتە یاساییە کوردییەکان لە تورکیا ب.د.پ. (بارش و دیموکراسی پارتیسی) و کە د.ت.پ. (دیموکراتیک تۆپلوم پارتیسی) شوێنی گرتەوە و هاک پار (هەق و ئۆزگورلوکلار پارتیسی)ن. بەڵام خۆ زنجیرەیەک پارتی نهێنیش هەن: جگە لە پ.ک.ک.، ک.س.پ. (پارتی سۆسیالیستی کوردستان) و ک.د.پ. باکور (پارتی دیموکراتی کوردستان ـ باکور) و پ.و.د.ک. (پارتیا وڵاتپارێزێن دێمۆکراتێن کوردستان) و پ.ا.د.ی.ک. (پارتی ئازادی و دیموکراسیی کوردستان) هەن. ئەگەر ژمارەی ئەو هەموو گرووپە نهێنییانە لەگەڵ بوونی گرووپی تیرۆریستی ئەلقاعیدە، ڕەچاو بکەین، دەبێ گومان لەوە بکەین کە تورکیا لەو ساڵانەی دواییدا هەر پەلامارێکی ناوخۆیی بدرێ یەکسەر بە ئەستۆی پ.ک.ک.یدا دەدا. بێ توانایی مێژوویی گرووپە کوردییەکان لە دۆزینەوەی باشترین ڕێگە بۆ ئەوەی خواستەکانی خۆیان ڕابگەیەنن، هاودەم لەگەڵ ڕکەبەریی بەردەوامی ناوخۆیان کە لە بەرژەوەندی هێزە ناوخۆیی و دەرەکییەکانەدایە و بەکاریشیان دێنن، دەشێ ئەمانە بەرپرسیار بن لەوەی چارەیەک بۆ کێشەی کوردی تورکیا نەدۆزراوەتەوە.

بەم دواییانە کە پ.ک.ک. ئاگربەستی لەگەڵ دەوڵەتی تورک ڕاگەیاندووە و ئا.ک.پ. دەستپێشخەرییەکی سنوورداری بۆ چاکسازیی دەستوور کردووە کە

هانی پارتە کوردییەکانی وەک ب.د.پ.ی داوە هێشتا چالاکتر بن، لەگەڵ ئەمەش هێشتا بیۆکراسیی تورک هەر سیاسەتێکی توند بەرانبەری کورد پەیڕەو دەکات، بەڵام دیارە گۆڕانکاری سەبارەت بە کێشەی کورد لە تورکیا لە ئارادایە و ئەمەش ئەو بەشانەی ماون ئاشکرای دەکەن.[١٤٤]

٥-١-٣- عێراق

لەو دەمەی سیاسەتی بە ڕۆئاواییکردن کاری لە دۆخی کوردی ئێران و تورکیادا کردووە، کوردی عێراق ئەم کێشەیەیان نەبووە. دەبێ باری جیاوازی کورد لە عێراق لە ڕوانگەی پێکهاتەی خێڵەکیی عێراقەوە، وەک ئامێرێکی پاراستنی دەسەڵاتی ڕژیم، لێی بکۆڵدرێتەوە. سیاسەتی عێراق بۆ پاراستنی پێکهاتەی خێڵەکایەتی کۆمەڵی کوردەواریی بە زۆری لە سەر بنەوای پابەندبوون بە هۆزەوە، هێشتا سەرکردایەتیی کورد و بزووتنەوەکەی بەهێزتر کردووە.[١٤٥]

لە چالاکییەکانی پ.ک.ک. بترازێ کە لە بەشی داهاتوودا شرۆڤە دەکرێ، بزووتنەوەی کورد لە عێراق تا ئێستە لە لایەنی سیاسییەوە، لە هەمووان سەرکەوتووتر و چالاکتر بووە. بەکارهێنانێکی سنوورداری زمانی کوردی و ناسینی نەتەوەییی کوردی لە ١٩٣٠یەکانەوە لە عێراق، جیاوازیی دۆخی کوردی عێراق دەر دەخات،[١٤٦] کەچی سەرەتای بزێویی سیاسیی کورد لەگەڵ سەردەمی بە ناوەندیکردنی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵی عێراقدا، دەستی پێ کرد. ئەگەر عێراق لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی تری ڕۆهەڵاتی ناویندا بەراورد بکەین کە کۆمەڵەکانیان لەچەند ڕەگەزی جیاواز پێک هاتووە و بزووتنەوەی کورد لەوێ بە هۆی بوونی چەند پارتێکی سیاسیی جیاوازەوە پارچە بووە، دەبینین کەوا بە دابەشکردنی پێکهاتەی کۆمەڵی عێراق (٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٣) بە سەر سێ چین (کورد و شیعە و سوننە) کە دەسەڵاتی هاوشێوەیان هەبوو، بارەکەی لە عێراق سەقامگیرتر کرد. جا هۆیەکی تری ناسینی کوردی عێراق کەمیی ژمارەی ئەو پارتە سیاسییانە بووە کە لە ناوەوەی عێراقدا کار دەکەن، لەبەرئەوەی بەم شێوەیە توانیویانە، بە یەک دەنگی، خواستەکانی خۆیان ڕابگەیەنن.

لەگەڵ ئەمەشدا، حکومەتی عێراق هەمیشە گرفتی ئەوەی هەبووە کە نەیتوانیوە پارسەنگی ناوخۆ ڕابگرێ.[١٤٧] ئەو هەلانەی سەبارەت بە مافی چارەی خۆ

نووسین، له لایەنی دەوڵەتەوە، بۆ کوردی عێراق هەڵکەوتووە، هەرگیز نە بۆ کورد و نە بۆ پێوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتانی هەرێمدا نەڕەخساوە. ئەو پارمەتییە دەرکییانەی بۆ کوردی عێراق دەهات لە سەر بنەوای دەست تێوەردانی دەرەکی لە کاروباری ناوەخۆی عێراقەوە بووە و هاوشێوەشی بۆ سەرجەم کوردەکانی تر نەگونجاوە. هۆی ئەم دەست تێوەردانە دەرەکییە کە شەڕی ٢٠٠٣ی عێراق نموونەیەکیەتی، بە هۆی گرینگیی شوێنی جیۆگرافیی عێراقەوە نییە، بگرە بە هۆی زۆری نەوتەکەیەتی. ئەمانە بە تەنیا شرۆڤەی هۆی پێشکەوتنی بزووتنەوەی کورد لە عێراق ناکات، بگرە دۆخی ئۆتۆنۆمیی ئێستەی کوردیش ڕوون دەکاتەوە.

بێجگە لە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و حیزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و حیزبی شیوعی کوردستان، پ.د.ک. پارتی دیموکراتی کوردستان (١٩٤٦) و ی.ن.ک. (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ١٩٧٥) دوو گەورە پارتی سەرەکی کوردی لە عێراق پێک دێنن. هەرچەندە ئایدیۆلۆجیایەکەیان جودایە، بەڵام هەردوو حیزبەکە لە پێناوی مسۆگەرکردنی مافی چارەی خۆ نووسین خەبات دەکەن و دیتی دوورخایەنیشیان کوردستانی گەورەیە. ئێستە، هەردوو پارتە زلەکە، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاڵۆزیی مەیدانی ناونەتەوەیی تێ گەیشتوون، بۆیە پێ دەچێ لە چوارچێوەی عێراقدا، ئەو خۆ بەڕێوەبردنە ئۆتۆنۆمییە بپارێزن کە هەیانە.[١٤٨] لە هەمان کاتدا بزووتنەوەی گۆڕان، کە لە ی.ن.ک. بووەتەوە و نەوشیروان مستەفا سەرکردەیەتی و تازە بەدەر کەوتووە، پێ دەچێ پاریزانێکی نوێ بێ و گرینگیەتیی خۆشی هەبێ.[١٤٩]

٥- ١- ٤- سوریا

لە دوای کوردەکانی لبنان، کوردەکانی سوریا بچووکترین کۆمەڵی کوردی لە ڕۆهەڵاتی ناوین پێک دێنن. دانیشتووانە کوردەکەی سوریا بە زاراوەی کرمانجی دەدوێن و زمانەکەیان لە ١٩٨٦ەوە قەدەغە بووە. کوردەکان یان سوننە یان دیان یان عەلەوی یان یەزیدین. هەرچەندە وا زاندراوە ژمارەیان فرە کەمە، بەڵام ئامارێکی نوێ لە ئارادا نییە.[١٥٠]

قەوارە و شوێنی کۆمەڵی کوردی لە سوریا لەگەڵ شێوەی نەتەوەپەرستیی ڕژیم،

ڕێچکۆڵەیەکی تەسکی بۆ سەرهەڵدانی کێشەی کورد لە وڵات بەجێ هێشتووە. هەڵوێستی فەرمیی سوریا کە دەڵێ ئەوانە هاوڵاتیی سوریایین کە بە ڕەگەز عەرەب بن، نەتەوەپەرستیی ئیتنیی دەوڵەتی بە هێز کردووە و بەم جۆرە بە سیاسەت کورد دەچەوسێننەوە و هەمان سیاسەتی نەریت نەهێشتن و دان پێدا نەنانی تورکیا پەیڕەو دەکەن.[١٥١]

ئاماری ١٩٦٢، بە یەکجاری کۆمەڵی کوردەواریی پەراوێز کرد.[١٥٢] بە پێی ئەو ئەنجامانەی ئەو ئامارە دەری خستووە، کوردی مافی هاوڵاتییەتییان لێ سەندراوە لەبەرئەوەی ئەو ئاوارە قاچاغانە بوون بە شێوەیەکی نایاسایی لە ١٩٢٠ەکان و ١٩٣٠ەکاندا لە تورکیاوە داخلی سوریا بوون.[١٥٣] کوردەکانی سوریاش وەک کوردی تورکیا، سەرباری گرفتی هاوڵاتییەتییان، لەلایەنی سیاسیشەوە پەراوێز کراون، ڕێی نەریت و زمانیشیان لێ گیراوە لە دوای هەڵمەتەکانی بەعەرەبکردنیش فرە بە خەراپی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرێ.[١٥٤] ئەم سیاسەتانە هی سەردەمی کودەتا جوداخوازەکەی ئەدیب ئەلشیشەکلییە ماوەتەوە کە سوریا سەربەخۆییی لە فەرەنسا وەرگرت.[١٥٥] سیاسەتی بەعەرەبکردنی حکومەتی سوریا، گۆڕینی ناوە کوردییەکانی گوندەکان و قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردیی لە شوێنە گشتییەکان گرتەوە و لە هەمان کاتیشدا سەرکوتکردنی سیاسی، کوردی لە دەوڵەت دابڕی.[١٥٦]

ڕەنگە نامۆبوونی کورد لەناو کۆمەڵگەی سوریادا هەندێ فاکتەری تریشی هەبێ. پەیامی فەرمیی سوریایی، کورد وەک گرووپێکی ئیتنی – نەتەوەیی جودا ناناسێ بگرە بە کۆچبەریان دەزانێ کە لە تورکیاوە هاتبن.[١٥٧] لە کن ڕێژیم لە کۆماری عارەبی سوریادا، شتێک نییە ناوی گرفتی کوردیی لێ بنرێ. (لەبەرئەوەی) کورد چینێک پێک ناهێن ... و لە هەموو بەشێکی وڵاتدا مەوجوودن و بەشەکی چنینە (نەسیج)ی کۆمەڵی سوریا پێک دێنن.[١٥٨] لە ڕاستیدا کۆمەڵی سوریا مۆزایکێکی فرە ڕەنگە و (٩٠ لە سەتی) عارەبە و (٧٠ لە سەتی) سوننەیە و عەلەوی (١٢ لە سەت) پێک دێنن و دورزییەکانیش (٣ لە سەت) و ئیسماعیلییەکان (١ لە سەت) و ئەرمەنی و دیانەکانی تر (١٠ لە سەت) و کوردیشی لێ هەن. سوریاش وەک تورکیا، لەبەر فرە نەریتی، لە لێکترازانی شیرازەی وڵاتەکەی دەترسێ.[١٥٩] هەر لەبەر ئەمەشە هەردوو وڵات ڕێبازێکی نەتەوەپەرستیی توندڕۆ پەیڕەو دەکەن. لە

لایەنی جیۆگرافییەوە، وا دیارە کوردەکانی سوریا لە شوێنی جیۆگرافیی جودای دوور لەیەک نیشتەجێن.[١٦٠] هەندێکیان لە جبل الکورد (کێوی کورد)ن و هەندێکی تر لە هەرێمی کۆبان لە (عين العرب) و لە جەرابلس (باکوری ڕۆئاوای حەلەب) و لە دیمەشق و لە ١٩٢٠وەش لە باکوری ڕۆئاوای جزیرە وەک کۆچبەرانی تورک ماونەتەوە و قامشلی (شاری جزیرە) و حەسەکە و حي الاكراد (گەڕەکی کوردان) ئەو گەڕەکەی کوردانە کە لە سەدەی دوازدەمینەوە کوردی تێدایە، لەوانە نیشتەجێن.[١٦١]

بە دامەزراندنی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو (الجمهورية العربية المتحدة ـ ٢٢ی شوباتی ١٩٥٨ـ٦١) نەتەوەپەرستیی سورياييیەکان، بە پەیڕەوکردنی ئایدیۆلۆجیای سەرتاسەریی عەرەبی، گەیشتە لووتکە.[١٦٢] لەم جۆرە ژیگەیەدا بوو کە پارتی دیموکراتی کوردستان ـ سوریا، (١٩٥٧) قەدەغە کرا و لە (٨ی ئاداری ١٩٦٣) باری نائاسایی ڕاگەیەندرا و موحەمەد تالیب هیلال پلانە دوازدە خاڵییەکەی بەعەرەبکردنی جاڕ دا. بە پێی ئەو پلانە کورد لە مافەکانی زمانەوانییان بێبەش کران.[١٦٣] دوای چەند حکومەتێکی یەک لە دوای یەک، کودەتایەکی سەربازی (١٩٦٣) دەسەڵاتی بە حزبی بەعس دا و هەر دەنگێکی بەرهەڵست لەوێوە ئیتر کپ کرا.[١٦٤]

دەوڵەت دابەشبوونی خێڵەکیی کوردی بۆ بەرژەوەندی خۆی قۆستەوە و ئەو پەرت و بڵاوییە جیۆگرافییەیان و بێهێزیی ئابووریی بژاردەی کورد[١٦٥] و نایەکبوونی ناوەخۆی کوردەواری و پەیامی توندی نەتەوەپەرستیی دەوڵەت کە وەک سیاسەتێکی ناوەخۆ پەیڕەو کرا، لە ١٩٧٠دا گەیشتە لووتکە و عەسکەری ناو حزبی بەعس بە ڕێی بزووتنەوەی ڕاستکردنەوە (الحركة التصحيحية) وە لە (١٦ی نۆڤێمبەری ١٩٧٠) حافز ئەسەد دەستی بە سەر دەسەڵاتی وڵاتدا گرت[١٦٦] و ئیتر لەو کاتەوە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی وەک پاریزانێکی سیاسیی لەیادچووی لێ هات. تایفەی عەلەوییەکان لە ناو حزبی بەعس، دەستیان بە سەر دەسەڵاتدا گرت و دەوڵەتیان بە تەواوەتی کردە دەسەڵاتێکی ئۆتۆریتاری و هەموو دەسەڵاتەکانیان لەبەر دەستی سەرۆک دانا.[١٦٧] مانەوەی بەعسییەکان لە دەسەڵات کێشەی کوردی سوریا و پێوەندییەکانی نێوان سوریا و کوردیشی بە بنبڕ گەیاند. هەرچەندە

ئۆپۆزیسیۆنێکی دیموکراتی بەناوی (کۆمەڵەی دیموکراتی نیشتمانی ـ التجمع الدیمقراطي الوطني)[١٦٨] پێک هاتووە، بەڵام زۆری پارتە کوردییەکان[١٦٩] و دەستپێشخەریی ولاتە یەکگرتووەکان بۆ یاسای لێپرسینەوەی سوریایی[١٧٠] بەڵام هێشتا ڕژیم بە تەواوەتی دەستی بە سەر هەموو لایەنەکانی ژیاندا گرتووە.

لەو دەمەی کە کوردی ئێران لەگەڵ ئەو کەمینە ئاینییانە ڕیزبەند دەکرێن کە مافە نەریتییەکانیان هەیە و سیاسەتەکانی پ.ک.ک.یش باڵی بەسەر کێشەی کوردی لە تورکیادا کێشاوە و کوردی سوریا زۆر بزرن. سەبارەت بە کێشەی کوردیش لە عێراق، وا پێ دەچێ لە کۆتاییدا و لە پاش ڕووخانی ڕژیمی سەدام حوسێن (ئاداری ٢٠٠٣)، کێشەی کورد لە عێراق شەرعییەتی نەمابێ لەبەرئەوەی کێشەکە لە ڕێی دامەزراندنی حکومەتی ئۆتۆنۆمیی هەرێمی کوردستانەوە چارەسەر بووە.

٥-٢ بۆچوونی ولاتە یەکگرتووەکانی تایبەت بە کێشەی کورد

بێگومان ئەو کۆمەڵە گرفتە ئاڵۆزانەی کێشەی کوردیان دروست کردووە کاری لە دیتی ولاتە یەکگرتووەکانی سەبارەت بە کێشەی کورد کردووە و لە تویی ڕاپەڕاندنی سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکاندا، ڕەنگی داوەتەوە. سەرچاوە زانستییە ئەدەبی و سەرەتاییەکانی تایبەت بە بۆچوونی ولاتە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کێشەی کورد خۆی، کەم لەبەر دەستدا هەن. لەبەرئەوەی تەنیا یەک کتێبی پێوەند بە بابەتی ئەم کتێبە لەبەر دەستدا هەیە، بۆیە ئەرکەکەی ئەستەمتر کردووە.[١٧١] لەگەڵ ئەمەشدا، ئێستە بە پێچەوانەی پێشان، کە ئەمریکییەکان بە دەگمەن باسی کوردیان دەکرد، ئێستە بیورۆکراسیی ولاتە یەکگرتووەکان لە پێشان کراوەترە، بگرە پێ دەچێ لە جارانیش پتر بیەوێ و لە پێشانیش پتر توانای هەبێ تا بە ڕاشکاوی بۆچوونە جیاوازەکانی سەبارەت بە جیاوازییەکانی کێشەکانی کورد دەرببڕێ.[١٧٢]

لەم لایەنەوە، ئەم بەشانەی دێن پێناسەی بۆچوونە جودایەکانی بیورۆکراسیی ولاتە یەکگرتووەکانی تایبەت بە کوردی ڕۆهەڵاتی ناوین دەکەن. هەندێک لە ناو ئەنجوومەنی پیران (سێنەت) جەخت لەوە دەکەنەوە کە وا ولاتە یەکگرتووەکان پێوەندییەکی ستراتیجیی لە ١٩٩١ەوە لەگەڵ کوردی عێراقدا هەیە و ولاتە

یەکگرتووەکان سیاسەتێکی مەیلەو نیشتمانیی لە بەرانبەریاندا هەیە.[١٧٣] هی تریش هەن، کە کەمینەن، باسی نەبوونی هیچ جۆرە پێوەندییەک یان سیاسەتێک لە بەرانبەریاندا دەکەن و دەڵێن هیچ لە گۆڕێدا نییە:[١٧٤] یان هەر بۆ نموونە، کوردەکانی تورکیا بە تورک دەناسن.[١٧٥] لێرەدا پێویستە بۆچوونە جودایەکانی بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کورد بۆ کەمی ئەو زانیارییانە ببەینەوە کە کارمەندانی وڵاتە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کێشەی کورد و سیاسەتی ناوەخۆ و سیاسەتەکانی کورد بەرانبەر بە دەوڵەتەکانی هەرێم هەیانە. بەم جۆرە، ئەگەر ئەوە ڕەچاو بکەین کە کارمەندە فەرمییەکانی لە پۆستێکەوە بۆ پۆستێکی تر یان لە وەزارەتێکەوە بۆ وەزارەتێکی تر پاش ماوەیەکی کورت دەگوازرێنەوە، بۆیە پێ دەچێ ئەو فەرمانبەرانە سەریان لێ شێوابێ و هەر بۆیەش زۆر باوە کە ناشێ یەک هەڵوێستییەکی بیرۆکراتیی وڵاتە یەکگرتووەکان بدۆزیتەوە لە بری بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان بێ. لەگەڵ هەندێش ئەم کتێبە هەوڵی ئەوە دەدا بۆچوونە باوەکانی بیرۆکراسیی وڵاتە یەکگرتووەکان بسەپێنێ و بۆ ئەمەش پشت بەو دیمانانە دەبەستێ کە وا لەگەڵ ئەو کارمەندانەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا کراون کە شارەزاییان لەبارەی کورد و سیاسەتە هەرێمییەکان و وردبینی لە بەڵگەنامە ڕەسمییەکاندا هەیە.

لەم بەشانەی داهاتوو، سەحکردنی ئەو ڕووداوە جیاوازانەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بە کورد دەبەستێتەوە و پەیامەکانی سیاسەتی دەرەوەی سەرۆکایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئامانجەکانی ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان ڕێگە خۆش دەکەن هەڵوێستێکی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە کێشەی کورد هەڵببەستێ و ڕۆڵی کێشەکەش لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە هەرێمەکەدا ڕوون ببێتەوە.

بەشی سێیەم نیشان دەدا چۆن لە ١٩٤٠ بە شێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ وڵاتە یەکگرتووەکان زانیاریی لەبارەی کێشەی کوردەوە دەست کەوت.[١٧٦] هەینێ وڵاتە یەکگرتووەکان تەنیا بایەخی بە کێشەی کوردی لە ئێران دەدا و هەرچەندە ڕەنگە لە سەرەتادا هەندێ ئاسانکاریی تەکنیکیی بە کورد دابێ بۆ ئەوەی ئامانجەکانی خۆیانی پێ دەرببڕن، بەڵام لەو دەمی کە سۆڤیەتەکان لە کورد نزیک دەبوونەوە، وڵاتە یەکگرتووەکان، بە زۆری هەر تەنیا وەک چاودێر سەیری دۆخەکەی کردووە.

تا هەینێ، دەست تێوەردانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆهەڵاتی ناوین بە توندی جەختی لە سەر بابەتە ئابوورییەکان و ئەو ئەجێندایانە دەکردەوە کە پێوەستی کۆمەڵایەتی ئابووری بوون بۆیە بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و گرفتە ناوەخۆییەکان ئەم ئەجێندەیان بەڕێوە دەبرد. مەترسییەکانی ناوەخۆی وڵاتە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کەمیی وزە[177] و بێ توانایی سوپایەکەی[178] بنچینەی ئەو هاندەرانە بوون کە وا بکەن وڵاتە یەکگرتووەکان لە شەڕی یەکەمی جیهانییەوە بە ناو ڕۆهەڵاتی ناویندا بخزێن.

لە ۱۹۵۰کان و ۱۹٦۰ەکاندا، ئەو دەست تێوەردانە سیاسییە نهێنییەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆهەڵاتی ناویندا، بۆ ئەوەی، لە ڕێگەی پشتیوانیکردنی ئایدیۆلۆجیا لیبراڵە نموونەییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دژی کۆمیونیستەکاندا، یەکەتیی خاک و سەربەخۆیی سیاسی دەوڵەتەکانی (ڕۆهەڵاتی ناوین) بپارێزێ، ئەو دەست تێوەردانە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو بزووتنەوە نەتەوەیی و لیبرالانە دەگۆڕا کە لە هەموو دنیادا بەدەرکەوت.[179] لە ئەنجامدا، ئاگای وڵاتە یەکگرتووەکان لە کێشەی کوردی ئێرانەوە بۆ کوردەکانی ناو عێراق گۆڕا.

بە بۆچوونی سەرۆک مەسعوود بارزانی، وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردەکانی عێراق هەمان ئامانجی ستراتیجیی هاوبەشیان هەیە ئەویش شەڕی دژە تیرۆریزم و دروستکردنی بناخەی دیموکراتییە لە عێراق و لە سەر دەستووریش ڕێککەوتنی هاوبەشمان هەیە.[180] هەرچەندە وڵاتە یەکگرتووەکان لە بواری تێوەگلانی لە کاروباری کوردی سوریا و تورکیادا دانی بە خۆیدا ناوە، بەڵام هێشتا خۆ هەر بایەخێکی باش بە کێشەکانیان دەدات.[181] بۆ ئەوەی هێشتا وردتر بین لەم لایەنەوە، دەبینین هەر چەندە وڵاتە یەکگرتووەکان پ.ک.ک.ی لەبەر کردەوە توندەکانی، بە ڕێکخراوێکی تیرۆریست لە قەڵەم داوە،[182] بەڵام هێشتا سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان هاوسۆزییەکی بۆ کێشەی کورد لە تورکیا هەیە و لە ناواخنی پرۆژەی بە دیموکراتیزەکردنی سەدەی بیست و یەکەمی داناوە. لە بەشەکانی داديێن ئەمە ڕوون دەبێتەوە.[183] بەم جۆرە پشتیوانیکردنی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دیموکراسی و ڕێزگرتن لە ناسنامە نەتەوەییەکان لەگەڵ خواستەکانی کورد لێک دەدەنەوە. لە لایەکی ترەوەش، پێوەندییە دیپلۆماتییەکانی شەڕی ساردی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و سوریا پاکانە بۆ کەمتر دەست

تێوەردانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە کێشەی کوردی سوریا دەکات.

بەشەکانی پاشتریش، لە سەر بنەوای تێگەیشتنی کێشەی کورد بە گوێرەی ئەو نموونانەی لەم بەشەدا هەیە، سەیری پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەتە هەرێمییەکان و وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد دەکات. کاریگەریی کێشەی کورد لە سەر سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی تایبەت بە ڕۆهەڵاتی ناوین شرۆڤە دەکرێت و پێوەندیی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کورد کاردانەوەی لە سیاسەتەکانی هەرێمی و ناونەتەوەییشدا ئاشکرا دەکرێ. بەم جۆرە ڕۆڵی کورد لە ناو سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆهەڵاتی ناویندا، هەر لە شەڕی دووەمی جیهانییەوە تا ٢٠٠٣ بەدیار دەخرێ. ڕاپۆرتی پایک Pike Report کە بەرژەوەندییە پێشەنگەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە پیادەکردنی ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان نیشان دەدات، ئاماژە بۆ ڕەوشی سیاسیی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە ئاکتەرە دەوڵەتە هەرێمی و ئاکتەرە نا دەوڵەتەکان دەکات. لە سەر بنەوای نموونەی عێراقدا... (وڵاتە یەکگرتووەکان) لایەنگری دەوڵەتی کوردی نەبووە، بەڵام دەیانویست گرفتی کوردی بسەپێنن بۆ ئەوەی بتوانن پارسەنگی هێز لە بەرژەوەندی خۆیادان بهێڵنەوە. لەم ڕێگەیەوە دوو کێلیان بە بەردێک ئەنگاوت. لە لایەکەوە، عێراق بێهێز دەکرێ و لە لایەکەی تریشەوە بڕوا بە کورد دێن بە لایەنی کەمییەوە نیمچە ئۆتۆنۆمییەکیان بۆ مسۆگەر بکرێ.[١٨٤]

٦- پاشبەند

ئەو ڕکەبەرییانەی لە سەر ناسنامە لە ڕۆهەڵاتی ناویندا هەیە، سەرچاوەیەکی زەقی ململانەی لە ڕۆهەڵاتی ناویندا پێک هێناوە. بە پێی ئەنجوومەنی هەواڵگریی نیشتمانیی وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕەنگە ڕکەبەریی ئیتنی لە ١٥ ساڵی داهاتوودا پەرە بستێنێ.[١٨٥] جا ئەو پێوەندییانەی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کورد، کە کارتێکردە هەرێمییەکان بنبەستیان کردووە، پێ دەچێ بابەتێکی خۆش بێ و ناوەڕۆکی تیۆری و پراکتیکیی هەبێ. لە ناوەڕۆکی تیۆرییەوە پێوەندیی بە گرینگیەتیی تیۆری لە دیتی پێوەندیی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بە قەوارە نا دەوڵەتەکان و پێویستی لێکۆڵینەوەی بنەوا جودایەکانەوە هەیە. ئاڵۆزیی

کێشەی کورد لە ڕێگەی ڕۆڵی وڵاتە هەرێمییەکان وەک پێچکەی پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد لێرە ئاشکرا دەکرێ.

بە پێی ئەم بنەوایانەیە من هێڵکاریی ناوەڕۆکـدەرم هێناوە بۆ ئەوەی لە جـووتەوەریی بابەتەکە تێ بگەین. تا ڕادەیەکی بەرچاو، تێوەگلانی وڵاتە یەکگرتووەکان و دەوڵەتە هەرێمییەکان لەو سیاسەتانەی کورد بە مەبەستی وەدەستهێنانی مافی چارەی خۆ نووسین دایان دەڕێژن، سیاسەتە هەرێمی و کارلێکردە ناونەتەوەییەکانی تایبەت بە کوردیان دروست کردووە. ئەم پلانە فەرمییانە بە تەنیا دینامیکییەکانی کێشەی کورد و پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و هێزە هەرێمییەکان لەگەڵ کورد نیشان نادات، بگرە هەڵوێستی کورد و دیتی کێشەی کوردی لە کن ئەو هێزانەش بە دیار دەخات و سیاسەتە تایبەتەکانیشیان بەرانبەر بە کێشەی کوردی ڕەنگ دەداتەوە. دووەم هێڵکاری تێگەیشتنی بۆچوونی کورد سەبارەت بە کێشەی خۆیان نیشان دەدات، وەک ئەوەی چۆن ئەوان خۆیان دەبینن کە دوای پێوەندییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و دەوڵەتەکانی هەرێم کەوتوون. دابەشبوونی کورد بە سەر چەند چینێکدا و لە ناو چەند دەوڵەتێکی جوداشدا، دیمەنێکی گشتی، دۆخی نا دەوڵەتیی کورد نیشان دەدات، ئەوەش دەسەلمێنێ چۆن تاکتیکەکانی هێزە ناوەخۆیی و دەرەکییەکانیش لە توێی کاردانەوەیان لە بەرانبەر بە کورد هێشتا پتر لێکیان دەترازێنێ.

لایەنە کردەییەکەی بابەتەکە بە مشتومڕی ناو بەشەکەوە بەستراوەتەوە. تێگەیشتنی کێشەی کوردی لە ڕێگەی بەستنەوەی لایەنە سیاسییە ـ مێژووییەکان لەگەڵ باسە زاراوەییەکانی توێژینەوەیەکی تایبەتیدا و لە ناو چەندین گرووپی کوردی جیاوازدا ڕوانگەی نوێی ئاوا دروست دەکات کە دەشێ بابەتی ئەم باسەی تێدا ببیندرێ.

من بەتایبەتی بە شوێن بنچینە مێژووییەکانی کێشەی کورد و ئەو هۆکارە ناوەخۆیی و دەرەکییانەدا دەچم کە دروستی کردوون. لە توێی پێداچوونەوەیەکی مێژوویدا کە بە شرۆڤەکردنی سیاسییەوە بەستراوەتەوە و هۆی پەرت و بڵاوبوونی کوردیش بۆ فرە گرووپیی بێ هاوتای ڕێکخراوە کوردییەکان دەگەڕێنمەوە، لەبەرئەوەی ڕاستە پێوەندییەکی ڕووحی لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام هەر یەکێکیان

سەرقاڵی بەدیهێنانی ئامانجە تایبەتەکانی خۆیەتی.

لە دوای پارچەکردنی تەواوی کورد لە پاش شەڕی یەکەمی جیهاندا، دۆخەکە زۆر ترسناک بوو. لەو کات و بە دواوە و بۆ ئەوەی سروشتی کێشەکە بەدەربخەم، لە باری ئێستەی کوردی لەم وڵاتە هەرێمییانەدا ـ لە خواستەکانی کورد لە تورکیا و لە ئێران و لە عێراق و لە سوریا بە جودا دەکۆڵمەوە.

لە کۆتاییشدا، ئەو بەشانەی دێن بە وردی لە کاریگەریی کێشەی کورد لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کورددا دەکۆڵمەوە. ئەم بەشەی دادێش، بە شێوەیەکی تایبەتی لە بنەوا پێکهێنەرەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی ناوینیش بە تایبەتی دەکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی بزانین پێوەندیی بە کوردەوە چییە و ناوەڕۆکەکانی بۆ پێوەندییە هەرێمی و ناونەتەوەیییەکانیش چ دەگەیەنن.

پەراوێزەکان:

١- دیمانەی لێتۆژەوە لەگەڵ دکتۆر مەحموود عوسمانی سەرۆکی حزبی سۆشیالیستی کوردستان و ئەندامی پەرلەمانی عێراق و ئەندامی شاندی کورد لە دانوستاندنی بەیانی ئاداری ١٩٧٠، هەولێر ١٥ی نیسانی ٢٠٠٧.

٢- زاراوەی ڕۆژهەڵاتی ناوین Middle East ستراتیجناسی زەریایی ئەمەریکی ئالفرید تێیەر ماهان بۆ یەکەم جار بەکاری هێناوە و پاشتر کە لە گوتاری کەنداوی فارس و پێوەندییە ناونەتەوەیییەکان The Persian Gulf and International Relations لە لەندەن لە ناشناڵ ریڤیو National Review لە سێپتێمبەری ١٩٠٢دا بە کاری هێنا ئیتر زاراوەکە مەشوور بوو. سەیری ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

Koppes, Captain Mahan, General Gordon and the origin of the term Middle .R.C .cf Roger Adelson, London and the In- .East, Middle East Studies, 12 (1976): 9598.: cf vention of the Middle East: Money, Power, and War, 19021922 (New Haven: -321 Yale University Press, 1995), pp. 22–23.

ئێستەش ڕێککەوتنێکی وا نییە کە بە تەواوی هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دیار بکات. من ئەو وڵاتانەم لێرە وەک بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بە کار هێناوە کە بەزۆری ئەمەریکییەکان بەکاریان دێن و ئەو وڵاتانەی کە ڕۆڵی سەرەکییان لە دوو

لایەنەوە لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا هەیە: لایەنی یەکەم، ململانێی عارەب ـ ئیسرائیل و لایەنی دووەمیش ئاسایشی کەنداوی فارس و سەرچاوەکانی نەوت لەوێ. ئێران و عێراق و سوریا لەو وڵاتانەن.

کەچی کۆندۆلیزا رایسی وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان سەبارەت بە سنووری رۆژهەڵاتی ناوین دەنووسێ: ئەو ناوچەیە لە مەغریب تا پاکستانە سەیری ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە....

'Rethinking the National Interest: American Realism for a New World', Foreign Affairs, 87(4) (July–August 2008): p. 12.

دابەشکردنی وەزارەتی دەرەوەش بۆ بیورۆ Bureauکان ئەوە نیشان دەدات کە وڵاتە یەکگرتووەکان بە جودا سەیری ناوچەکانی دەکات و ئۆفیسی کاروباری باکوری کەنداو Office of Northern Gulf Affairs کار لە سەر سیاسەتی دەرەوە و کاروباری ناوخۆی ئێران و عێراق دەکات و سەر بە بیرۆی رۆژهەڵاتی نزیکە Bureau Near East کەچی تورکیا سەر بەبیرۆی باشووری رۆژهەڵاتە South East Bureau.

رۆژهەڵاتی ناوین بە مەبەستی ئەم کتێبە هەر جیهانی عەرەب لە میسرەوە بەرەو رۆژهەڵات و ئیسرائیل و ئێران و تورکیاش دەگرێتەوە.

جگە لە ئێران و عێراق و سوریاو تورکیا، کورد لە لبنان و کۆمارە یەکگرتووەکانی یەکەتیی سۆڤیەتی پێشوشدا هەیە بەڵام ژمارەیان هێندە کەمە شایانی باس نییە. In specific, Fawcett comments, 'The Kurds in Europe and former Soviet Union outnumber 1.1 million'. See Louise Fawcett, 'Down but not out? The Kurds in International Politics', Review of International Studies, Vol. 27 (British International Studies Association, 2001), pp. 109–18. However, David McDowall puts the Kurdish population in Europe and the ex-Soviet Republics at up to 2 million; see D. McDowall, A Modern History of the Kurds (London: I.B. Tauris, 1996), p. 3. Meho offers a fi gure of 75,000–100,000 Kurds in Lebanon. See Lokman I.Meho, 'The Kurds in Lebanon: a social and historical overview', International Journal of Kurdish Studies, Vol. 16, Nos.1–2 (Kurdish Library, January 2002).

4- Here, one should note the distinction between International Relations (IR) and international relations. The use of the capitalized term refers to IR theory whereas use of the lower case form refers to international relations practice.

٥- دیمانەی لێتۆژەوە لەگەڵ عەدنان موفتیی سەرۆکی (ئەنجوومەنی نیشتمانیی

کـوردسـتـان) باسی خـەباتی بزووتنـەوەی کـوردی لە پێناوی هزرە دیمـوکـراسی و مافەکانی مرۆڤ و چارەی خۆ نووسینی کرد (هەولێر ١٥ی نیسانی ٢٠٠٧)

بڕگەی ١ و ٢ی جاڕی نەتەوە یەکگرتووەکان چارەی خۆ نووسین بەم شێوەیە پێناسە دەکات، کە گەشـەکردنی پێـوەندییـە دۆستـایەتییـەکـانی نێـوان نەتەوەکانە لـە سـەر بنچینەی ڕێزلێنانی بنەواکانی مافە یەکسانەکان و چارەی خۆ نووسینی گەلان.

Kerim Yildiz, ‘Self-determination and autonomy’, The Kurds in Iraq: The Past, Present and Future (London: Pluto Press, 2004), p. 151.

بە بۆچوونی کـەریم یەڵدز چارەی خـۆ نووسین دابەشی دەرەکی و ناوەکی دەبێت و دەکرێ یان لـە ڕێگەی پەیدابوونی دەوڵەتەکی سەربەخۆ دەرببڕێ، یانیش ئەوەتـە مافی گەلانە بۆ ئـەوەی شێوەی حـوکمی خۆیان بۆ خۆیان هەڵبژێرن و بە دوای گەشـەکردەی سیاسیی خۆیاندا بچن و بە ئازادی دەستبژێری هاوپشکی خۆیان بکەن. سەیری ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

ibid, p. 156. Hence, discussion about ‘self-determination’ suggests ‘the right of the people to determine freely their political status and to pursue their economic, social and cultural development’. Ibid, p. 151.

6- Interview with Massoud Barzani, op. cit. (Salahaddin, 23 June 2007).

Adnan Mufti, interview, op. cit. (Erbil, 15 April 2007).

Mahmoud Othman, op. cit. (Erbil, 15 April 2007).

7- Fred Halliday, ‘Can we write a modernist history of Kurdish Nationalism?’ Faleh A. Jabar and Hosham Dawod, eds, The Kurds: Nationalism and Politics (London: Saqi, 2006), p. 11.

بە قسەی جەلال تالەبانی: سەربەخۆیی، ناکرێ ئێستە وەدەست بێ، سەرکردایەتیی کورد واقیعییە. لەم کاتەدا هەرگیز ناکرێ، بۆیە (کورد) لە پێناوی فیدرالیزم لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیدا خەبات دەکەن. سەیری چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ جم موير بکە.
See interview with Jim Muir, op. cit. (07 April 2005).

9- According to Ahmad Barakat (Syrian Kurdish Democratic Progressive Party) ‘our problem is very different from that of the Kurds in Iraq ... their aim in Iraq is to get a state of their own. But in Syria, we just want our culture and freedom as Syrian nationals’, CRS Report, ‘Syria: political conditions and relations with the United States after the Iraq War’, Order Code RL32727 (The Library of Congress, 10 January 2005), pp. 1–26.

10- According to Ghareeb, KDPI’s (Kurdistan Democratic Party of Iran – Parti De-

mokrati Kurdistani Eran) letter to Khomeini on 5 August 1979 stated the Kurdish aim of overthrowing the corrupt Shahnshahi regime and establishing a democratic one in Iran that would guarantee the Kurdish people its rights of 'self-rule or federal union'. See Edmund Ghareeb, The Kurdish Question in Iraq (Syracuse University Press, 1981), p. 23. According to Agri, 'Iran has chosen autonomy, democracy for Iran and autonomy for Kurdistan'. Therefore, 'Kurdish language must be recognized as an official one in Iran' and 'Kurdistan affairs must be governed by democratically-elected representatives of the Kurds'. Asso Agri, 'The Kurdish movement in Iran: the need for a political solution', A democratic future for the Kurds of Turkey, Proceedings of the International Conference on North-West Kurdistan, Brussels, 12–13 March 1994 (London, Kurdish Human Rights, 1995), p. 174.

In the same vein, the KNCNA (Kurdish National Congress of North America), including mainly representatives of Turkey's Kurdish movements, called explicitly for self-determination for the Kurds, either through a unifi ed Kurdistan or through the establishment of four Kurdish nation-states. See: Kurdish National Congress of North America, Kurdish Independence Conference in Kurdistan (Kurdistan: November, 2005), www.kncna.org (last accessed 2008). As is shown next, from the 1990s onwards even the rhetoric of the PKK shifted in favour of the federal solution to the 'Kurdish Issue'.

11- 'Our party believes in the right of the Kurdish nation in any part of Kurdistan they belong to live in peace and progress enjoying their democratic rights in their own land', statement in 'Interview with Mustafa Hizri-Secretary of KDPI', (Greek newspaper) (Athens, 27 July 2008).

12- William Hale, Turkey, the US and Iraq (London Middle East Institute: SOAS Middle East Series, 2007), p. 27. Hale views the Iraqi–Turkish relationship as a triangle where, following the 1991 Gulf War II, the US was found in the third corner. However, the researcher disagrees to the extent of believing that the US occupied the top corner of such a triangle, especially during the 1990s.

13- According to Nader Entessar, ''internal and external factors'' such as Kurdish linguistic heterogeneity and geography, regional nationalism, Kurdish decentralized structure along with the socio-economic marginalization of the Kurdish areas 'inhibited the emergence of an independent Kurdish homeland' in Nader Entessar, Kurdish Politics in the Middle East, op. cit, p. 4.

١٤- نادر ئینتیساریش به هەمان شێوە مشتومڕی ئەوەیەتی کە بنەوای ناڕێکی کوردی، سروشتی پێکهاتەی کۆمەڵی کوردەواری لە سەر بنەوای شانەی سیاسیی بچووک دروست بووە کە خۆی لە ناو ماڵە شاخاوییە بچووکەکەی حوکمی خۆی بکات. منیش

ئەو تێکەوڵێکەیە بەر فرەوانتر دەکەم دەڵێم ئەم جۆرە هێمایانە شێوەی ژیانی کوردی و دۆخی سیاسیی هاوچەرخی کوردەواریی پێک هێناوە. تەماشای ئەمە بکە:

See Nader Entessar, Kurdish Ethno Nationalism (London: Lynne Rienner Publishers, 1992), p. 4.

15- 'Kurdish nationalism emerged from the Ottoman era' in the aftermath of which Kurdish claims to statehood arose, Faleh A. Jabar, 'Arab nationalism versus Kurdish nationalism: reflections on structural parallels and discontinuities', Jabar and Dawod, eds, The Kurds ... op. cit, p. 278

16- Indeed the Agreement between 'General Sharif Pasha as representative of the Kurds and General Boghos Pasha representing the Armenians in Paris (20 September 1919), that would influence the Allies in the Treaty of 1920s for the recognition of a Kurdish and Armenian independent state, was never materialized' in

بە ڕاستی ڕێککەوتنەکەی جەنراڵ شەریف پاشا کە نوێنەری کورد بوو، لەگەڵ جەنراڵ بۆغۆس پاشا کە نوێنەری ئەرمەنییەکان بوو لە پاریس (٢٠ی سێپتێمبەری ١٩١٩) کە بۆ ئەوە بوو لە کاتی پەیامەکەی ١٩٢٠ەکاندا کار لە هاوپەیمانان بکات تا دان بە دەوڵەتێکی کوردی و دەوڵەتێکی ئەرمەنی بنێن، هەرگیز بەرجەستە نەکرا.

Nader Entessar, Kurdish Politics in the Middle East, op. cit, p. 111.

17- 'Although the rise of 'non-state' actors is not a new phenomenon, its importance lies in the autonomy these actors have gained within international politics'.

هەرچەندە بەرزبوونەوەی ڕۆڵی ئاکتەرە نا دەوڵەتەکان دیاردەیەکی نوێ نییە، بەڵام گرینگییەکەی لەو سەربەخۆییەوە دێ کە ئەو ئاکتەرانە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا وەدەستیان هێناوە. سەیری ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

...See J. Martin Rochester, US Foreign Policy in the 21st Century (Boulder CO: Westview Press, 2008), p. 17.

بۆیە کورد هەر لە شەڕی یەکەمی جیهانییەوە وەک ئاکتەرانی مەیلەو دەوڵەتی – ئینتیقالی لە ناو دەوڵەتانی ڕۆهەڵاتی ناویندا بەم شێوەیە هەبووە.

18- Kurdistan Democratic Party Politburo, Central Bureau for Studies and Research, Kurdistan: An Economic, Geographic and Historical Brief Explanation, No 33 (Kurdistan, 1999), p. 7.

19- Kurdistan Human Rights Project, The Safe Haven in Northern Iraq (London: KHRD, 1995), p. 6.

٢٠- ناوی کورد تەنیا هەر هەموو گەلەکە ناگرێتەوە کە بە ڕەگەز لە نەوەی میدییەکانن،

بگره میوانداریيەکی ئەو ئیتن و گرووپانەشی کردووە کە تێکەڵی یەکتری بوون و لە ڕێگەی تێکەڵبوونی ڕەگەزەکانەوە، کۆمەڵگەی نوێیان پێک هێناوە، لەمە وەرگیراوە؛

21- Wadie Jwaideh, The Kurdish National Movement: Its Origins and Development (Syracuse University Press, 2006), pp. 11–12.

22- Larry Everest, Oil, Power and Empire: Iraq and the US global agenda (4th edn) (Canada: Common Courage Press, 2004), p. 46.

23- Erik Cornell, Turkey in the 21st Century: Opportunities, Challenges, Threats (UK: Curzon Press, 2001), p. 120.

24- Servet Mutlu, 'Ethnic Kurds in Turkey: a demographic study', International Journal of Middle Eastern Studies 28 (1996), pp. 518–19; also Henry J. Barkley and Graham E. Fuller, Turkey's Kurdish Question (New York: Rowan & Littlefi eld Publishers, Inc, 1998), p. 63.

25- David McDowall, A Modern History of the Kurds (London: I.B.Tauris, 2000), p. 10.

26- www.kurdish-patrnership.com/religion.html (last accessed 2007).

٢٧- کۆمەڵگەی کوردەواری فرەزمان و فرەڕەگەز و فرەئاینە، سەیری ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

Jonathan Randal, Kurdistan: After Such Knowledge, What Forgiveness? (Oxford: Westview Press, 1999), p. 12.

28- Vladimir Minorsky, 'The tribes of Western Iran', The Journal of the Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland, 75(.) (1945): p. 76.

29 'Lack of unity explained by divisions into independent tribes [where there are] no blood relations [only] different entities acting according to its own interests', Philip G. Kreyenbroek and Stefan Sperl, eds, The Kurds: A Contemporary Overview (London and New York: Routledge, 1992), p. 11.

٢٩- دابەشبوونیان بە سەر ئەو خێڵە سەربەخۆیانە (کە) پێوەندیی خوێنیان نییە و (تەنیا) قەوارەی جیاوازن هەر یەکەی بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی کار دەکات، یەکەتیی لە نێوانیاندا نەهێشتووە.

Philip G. Kreyenbroek and Stefan Sperl, eds, The Kurds: A Contemporary Overview (London and New York: Routledge, 1992), p. 11.

٣٠- بە قسەی سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ئەو ململانێیەی لە سەر خاک هەیە و پشت بەستنی دانیشتووان بە پارتە سیاسییەکان بۆ ئەوەی ئاسایشیان بپارێزن و دەودەوانێی نێوان پارتە کوردییەکان لە سەر باشترین شێوەی سیاسەت بۆ ئەوەی

بەرژەوەندییەکانی کورد بپارێزن، هەموو شەرعییەت بە جودایی ناو کورد دەدەن. دیمانەی لێتۆژەوە لەگەڵ عەدنان موفتی، سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان (هەولێر ١٥ی نیسان ٢٠٠٧)

٣١- بە قسەی ئەرمان شاهینی وەزیر لە حکومەتی دیمیرێل، و بە پێیەی میللییەت لە (١٦ی دیسێمبەری ١٩٩١)دا بڵاوی کردەوە، ژمارەی کوردی تورکیا ١٥ ملیۆنە.

32- McDowall reports that ‘Kurds in Turkey are 13 million (23 per cent), in Iraq 4.2 million (23 per cent), in Iran 5.7 million (10 per cent) and in Syria 1 million (6 per cent)’, David McDowall, op. cit, p. 3. Cf. Also Martin Van Bruinessen, Agha, Sheikh and State: The Social and Political Structure of Kurdistan (London, 1992), p. 15. According to Cornell (2001) there were 12 million Kurds in Turkey, 6 million in Iran, 4 million in Iraq and less than 1 million in Syria. See Erik Cornell, Turkey in the 21st Century, op. cit, p. 120. Rubin (2003) claimed that ‘Kurds constitute 24 million with 12 million in Turkey, 6 million in Iran, 1 million in Syria, 500,000 in Caucasus and 1 million diaspora’. See Michael Rubin, ‘Are Kurds a pariah minority?’ Social Research (Spring 2003), pp. 1–17. Official Iranian sources estimate the number of Kurds in Iran at 1.5 million; see Iran Chamber Society (2001–6), http://www.iranchamber.com/people/articles/iranian_ethnic_groups.php (last accessed March 2009). The Kurds in Iran number 6 million according to Jim Muir, in ‘Weary of war, Turkish Kurds try talking’, The Christian Science Monitor (12 December 1993). Katzman and Prados identify Iraq’s Kurds at 4–4.5 million; cf. Kenneth Katzman and Alfred B. Prados, ‘The Kurds in post-Saddam Iraq’, CRS Report for Congress, Order No RS22079 (The Library of Congress, 5 May 2005). According to McDowall’s 1992 estimates, the Kurdish population in Turkey was ten million, in Iraq around four million, in Iran fi ve million and in Syria one million (cited in Gareth R. V. Stansfield, Iraqi Kurdistan: Political Development and Emergent Democracy (Routledge Curzon, 2003), p. 32. James Ciment estimates, ‘Kurds in Turkey to be 15 million, in Iran 6.5 million, in Iraq 4 million, in Syria 1.25 million, in Soviet Union 330,000 and in Europe 500,000’. See James Ciment, The Kurds: State and Minority in Turkey, Iraq and Iran (New York, 1996), p. 76. Writing in the 1940s, Hourani estimated Syrian Kurds to be ‘100,000 in the North of the Taurus Mountains and Aleppo and 20,000 in Damascus’: see Albert Habib Hourani, Minorities in the Arab World (London: Oxford University Press, 1947), p. 85. Similarly, Yildiz estimates the Kurds in Syria at between roughly 8.5 to 12 per cent (or 1.5 to 2 million), as cited by the Human’s Right Association whereas the State Department estimated them at about 9 per cent or 1.82 million. See Kerim Yildiz, The Kurds in Syria: The Forgotten People (London: Pluto Press, 2005), pp. 1, 23. Galie and Yil-

diz also estimated Syrian Kurds at 8.5–12 per cent: see Alessandra Galie and Kerim The multifaceted nature of the Kurdish Issue 57 Yildiz, Development in Syria: A Gender and Minority Perspective (UK: Kurdish Human Rights Project, July 2005), p. 21. Another source claims the Syrian Kurds are between 8–15 per cent of the population: cf. Maureen Lynch and Ali Perveen, 'Buried alive: stateless Kurds in Syria', Refugees International Report (January 2006), http://www.unhcr.org/refworld/docid/47a6eba80.html (last accessed March 2009).

33- Meho and Nehme quote 51 per cent in Turkey, 24 per cent in Iran, 10 per cent in Iraq, 5 per cent in Syria, 3 per cent in Europe and 1 per cent in the former Soviet Union. See Lokman I. Meho and Michel G. Nehme, 'The legacy of US support to Kurds: two

major episodes', Lokman I Meho, ed., The Kurdish Question in U.S. Foreign Policy: A Documentary Sourcebook (Westport, Connecticut: Praeger, 2004), p. 16. Burkay speaks of 35 million, of which 18–20 million are situated in Turkey, 8–10 million in Iran, 5 million in Iraq, and 1.5 million in Syria: cf. Kemal Burkay, 'The Kurdish Question; its history and present situation', http://members.aol.com/KHilfsvere/Kurds.html (2007). Everest puts the number of Kurds at between 25–30 million: see Larry Everest, Oil, Power and Empire: Iraq and the US global Agenda (4th ed.) (Canada: Common Courage Press, 2004), p. 46. According to Prados the Kurds in Syria number about 2 million: Alfred B. Prados, 'Syria: political conditions and relations with the US after the Iraq War', CRS Report for Congress, Order Code RL32727 (The Library of Congress, 10 January 2005), p. 9.

بەشی پێشوو دۆخی کوردی لە ڕۆهەلاّتی ناوین و کارلێکەردەیی لەگەڵ ئەو سیستمە دەوڵەتییە شرۆڤە کرد کە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیدا پەیا بوو. سیاسەتی دەرەوەی واشنتۆن، بە گشتی و لە ڕۆهەلاّتی ناوینیش بە تایبەتی، هەر لە شەڕی دووەمی جیهانییەوە تا شەڕی سێیەمی کەنداو (ئاداری ٢٠٠٣) لە بەشی سێیەم ڕووپێو دەکرێ. بەم پێیە، ئەم دوو بەشەی دادێن ئەو کاریگەرییە هاوبەشە ڕوون دەکەنەوە کە لە نێوان کێشەی کورد و سیاسەتی دەرەوەی ولاّتە یەکگرتووەکاندا هەبووە.

لە سەرەتادا، بۆ تێگەیشتنی ئەم کارلێکردنە هاوپشکەدا، جەخت لە سەر گرینگیی شرۆڤەی سیاسەتی دەرەوە، لە سەردەمی پاشی شەڕی سارد، دەکەمەوە. ئەوەش دەڵێم، لەو دنیایەی جیهانگەری کە لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی پەیدا بوو، کاروباری دەرەوە باڵی بە سەر کاروباری ناوەخۆییدا کێشا لەبەرئەوەی هێزەکانی ناونەتەوەیی و هەرێمی هێزە نا دەوڵەتەکان، لە جاران پتر پشت بە یەکتری دەبەستن. لەو دەمەش کە بەشە زۆرەکەی ئەدەبی کارلێکردنی هاوبەشی نێوان ئەم دەوڵەتانە تاووتوێ دەکات، ئەم بەشە و بەشەکانی پاشتریش ڕژدی لە سەر پێوەندیی دوولایەنەی نێوان سیاسەتە نیشتمانییە دەرەکییەکان و لایەنە کاریگەرە نا ـ دەوڵەتەکان دەکەن بەو شێوەیەی هەیە و بایەخی شرۆڤەی سیاسەتی دەرەوە، لە دنیای جیهانگەریی ئەمڕۆدا ئاشکرا دەکات.

بۆ ئەوە پێکهاتەی دەزگەی سیاسەتی دەرەوەی ولاّتە یەکگرتووەکان شرۆڤە دەکەم تا نیشان بدەم چۆن کار لە بڕیاردانی سیاسەتی دەرەوەی ولاّتە یەکگرتووەکاندا دەکات. چۆنیەتیی هەڵسوکەوتکردنی ولاّتە یەکگرتووەکان لەگەڵ

کێشەی کورددا ڕەچاو دەکەم و سەیری فاکتەرە ناوەکی و ڕووداوە دەرەکییەکانیش دەکەم کە ئەم سیاسەتانە ڕێک دەخەن ئینجا بایەخ بەو دیارخەرە پێکهێنەرانە دەدەم کە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا پێک دێنن. لەم چوارچێوەیەدا، ڕۆڵی کێشەی کوردی لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان تاقی دەکەمەوە، کەچی ئەو دوو بەشەی دادێن لەو دیت و هاندەرانەی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکۆڵێتەوە کە پێوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد بەڕێوە دەبات.

توێژینەوەکەم لە ڕێگەی شرۆڤەکردنی ناواخنێکی سیاسییەوەیە و پشتی بە ئەرشیڤە مێژوویی و ئەزموونییەکان بەستووە. لە سەرەتادا چاودێریی ڕێبازی سیاسەتی دەرەوە و پراکتیزەکردنەکەی وڵاتە یەکگرتووەکانم کرد و ئامانجیشم ئەوە بوو شتێک لەبارەی ڕەوشتی سیاسیی وڵاتە یەکگرتووەکان بە گشتی وەدەست بێنم.[1] بە گوێرەی سەرۆکایەتییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، پێوەندییەکانی کوردی بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، بە پێی کات دابەش بووە. بەم جۆرە، شیکردنەوەکە بایەخ بە باکگراوندی هەر یەک لە سەرۆکایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان و سیاسەتە فەرمی و نافەرمییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بواری پێڕۆکردنی بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ڕووداوە ناوەخۆیی و ناونەتەوەییەکان، دەدات.

جێی سەرسوڕمانە تێبینیی ئەوە بکەین کە لەبارەی کێشەکانی بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی دەرەوە، سەرۆکایەتییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەستیان بە سەر بیرۆکراسییەکان و کۆنگرێسی وڵاتە یەکگرتووەکانیشدا دەشکێ. لەگەڵ ئەو هەموو ڕیسواکارییانەی لە ١٩٨٠یەکان لە کاتی سەرۆکایەتیی نیکسۆن لە کۆشکی سپیدا کران و پاشانیش ڕۆناڵد ڕێگن لە پۆستەکەی خۆیدا ماوە و پاشتریش ئەوەی لە سەردەمی بەڕێوەبەرایەتیی سەرۆک جۆرج و، بوش کرا، هێشتا باڵادەستیی سەرۆک لە لووتکەی هەرەمی سازدانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان هەر دیار ماوەتەوە.[2] سەرۆک بە خۆی و بە ڕاوێژکارەکانی و باڵیۆزخانەکان لە سەرتاسەری دنیا و ئەو یارمەتییانەی پێشکێشی هێزە چەکدارەکان و سی ئای ئێی CIA دەکرێ هەمووی ئاماژە بەوە دەکەن کە باڵاترین کەسایەتییەکان لە سازدانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا تێ وەرهاتوون.

٢- شرۆڤەکردنی سیاسەتی دەرەوە: قسە و کردەوە

لەبەرئەوەی لە سەردەمی پاش شەڕی سارددا شرۆڤەکردنی سیاسەتی دەرەوە لە جاران گرینگتر بووە، بۆیە بەر لەوەی دەست بە شرۆڤەکردنێکی سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان بە گشتی و سیاسەتە تایبەتییەکەشی بە ڕۆهەلاتی ناوین بکەم، لەم بەشەدا بۆچوونی خۆم دیار دەکەم.

سیاسەتی دەرەوە لەو لایەنەی کە بەرهەمی ئەو دەستبژێرییەیە کە سیاسەتسازان[٣] دەیکەن، کارێکی زۆر ئالۆزی ناو پێوەندییە ناونەتەوەییەکانە و ئێستە تا ئەوپەڕ ڕەنگدانەوەی ناوەوە و دەرەوەیە[٤]. بۆیە وا پێویست دەکا لە چەند بنەوایەکەوە سەرچاوە بگرێ.[٥] ڕاستە لە ١٩٥٠کاندا بایەخی پێ نەدەدرا، بەلام توێژینەوەی سیاسەتی دەرەوە لە دوای شەڕی ساردەوە بە شێوەیەکی بێ هاوتا پێش کەوتووە و بە تۆقەلان گەیشتووە.[٦] پەیابوونی ئەو بزووتنەوە نوێیانەی بۆ بەرژەوەندی خۆیان لە بواری ناونەتەوەییدا کار دەکەن، لەگەل جیهانگەری، پێکڕا چەندین پرسیاریان سەبارەت بە پرۆسە نەریتییەکانی سیاسەتی دەرەوە وروووژاندووە. بۆیە ئێستە ئەوە لە بن گەردەبیندایە ئاخۆ دەولەت بایەخێکی تایبەتی بە سیاسەتسازی دەدات یان سیاسەتسازی تەنیا پێوەندیی بە کاردانەوەی دۆخەکانی ناو دەولەتەوە هەیە.

سەردەمی پاش شەڕی سارد ڕۆلی کارلێکەری لایەنە کاریگەرە نا دەولەتەکانی لە سازاندنی سیاسەتدا ئاشکرا کرد،[٧] کەچی سەرهەلدانی زنجیرەیەک لە گرووپە توندڕۆیە ئیتنییە سیاسییە ئاینییەکان سەرنجی پێوەندییە ناونەتەوەییەکانی گۆڕی و وای کرد ئیتر بە تەنیا بایەخ هەر بە پێوەندییە ناوخۆییەکان نەدەن.[٨] لە هەمان کاتیشدا، تەنانەت سیاسەتە دەرەکییە نیشتمانییەکانیش لایەنە کاریگەرە نا دەولەتەکان بە بایەخەوە وەردەگرن، وەک ئەوەی لە بابەتی سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان و کوردی عێراقدا پەیدایە. ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە بۆچی سازاندنی سیاسەتی دەرەوە چیتر بە تەواوەتی لەبەر دەستی قەوارە دەولەتییەکاندا نەماوە. ڕێبازە (دەستی خۆ بە پێش خستنەکەی) جۆرج و، بوش لە دژە ئاکتەرە دەولەت و نادەولەتەکانیش لە چوارچێوەی (شەڕی دژە تیرۆر) بەرفرەیی شرۆڤەکردنی بەلگەکانی سیاسەتی دەرەوە دەسەلمێنێ.[٩] ئێستەش

سرووشتی سیاسەتی دەرەوە بە هۆی ڕووداوە نارێک و پێشبینی نەکراوەکانەوەی وەک ۹/۱۱، هێشتاکە لە جاران ئاڵۆزتر و کاریگەرتر بووە.[10]

ئەمڕۆش سیاسەتی دەرەوە، بە هۆی پێوەندیی ڕووداوە ناوەخۆیی و دەرکییەکانەوە پتر خۆی گرتووە. بۆ نموونە دۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ناو عێراق و پاکستان یان پێوەندیی نێوان کوردی ناو تورکیا کێشەی ئەوتۆن کە ڕەنگە لە هەرێمێکی فرەوانتردا، هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بکات. بەم شێوەیە، بیردۆزەی بڕیاردان، ئەوەی کە کێ بڕیارەکە دەدات و لەبری چ دەستگەیەکەوە بڕیار دەدات، لە دوای شەڕی سارد، تووشی ڕکەبەرییەکی گەورە بووەتەوە.[11] دروستکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە باکوری عێراق (ئایاری ۱۹۹۲) کە وەک دەوڵەتێکی دیفاکتۆ، لە گۆڕەپانی ناودەوڵەتیدا سیاسەت دەکات کار لە کۆمەڵەی شارەزایان و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی تر و سەرۆکایەتیش دەکات. لەبەر ئەم هۆیانەیە بەشی حەفتەم، کە پێویست بێ، جەخت لە سەر پێداچوونەوەی شرۆڤەکردنی سیاسەتی دەرەوە و پێوەندییە ناونەتەوەییەکانیش دەکاتەوە.

هەرچەندە دەوڵەت ڕۆڵی سەرەکیی هەیە و ئاکتەری سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەیە، کە باڵادەستیی پێکهاتەی دەوڵەتە، بەڵام ناکرێ سیستمی ناودەوڵەتی پشتگوێ بخرێ لەبەرئەوەی ناوەندی پرۆسەکەیە و دەشبێ بە چڕی بە دیدەنی دەوڵەتی نەتەوەیی وەک تاکە سەرچاوەی دەسەڵاتدا بچینەوە، نەک هەر لەبەرئەوەی کە ئاکتەری نا دەوڵەت لە پێیوەندییە ناونەتەوەییەکاندا پەیدا بوونە، بگرە لەبەرئەوەی چەندین قەوارەی ئۆتۆنۆمیی نوێ وەدەر کەوتوون، ( بۆ نموونە، حکومەتی هەرێمی کوردستان).[12] ڕاستە ناسنامەی دەوڵەت و تایبەتمەندییە ناوەخۆییەکانی وەک ئابووریی کۆمەڵایەتی و سوپا و بژاردەی سیاسی و میدیا و گشتەوەر و گرووپە نزمەکانی وەک بیرۆکراسی سیاسەتی دەرەوە ڕێک دەخەن، بەڵام هێشتا هەر دەبی دیاردەکانی تریش ڕەچاو بکرێن.[13]

دوور لەو بەهایانەی بڕیاردەران هەیانە و لەو زنجیرە فاکتەرە ناوەخۆیی و دەرەکییانەی کار لە دانانی سیاسەتی دەرەوە دەکەن، وا دەردەکەوێ ئاکتەرە دەوڵەتەکان لەمەودوا چیتر تاکە نوێنەرێکی پرۆسەی سازدانی سیاسەتی دەرەوە

نەبن و بۆیە لە جێبەجیکردنیدا، دەسەڵات تاکە بڕیاردەر نەماوە.[١٤] پێ دەچێ چەند مەرجێکی وەک بابەتی پێوەندیی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد هەبن کە جەدەلییەتی نێوانی ئایدیۆلۆجیا و دەسەڵات ببڕێتەوە. کەچی ئەوەی پێوەندیی بە هەستی دەسەڵاتەوە هەیە، بە کردەوە نەک هەر بە پێشبینیکردنی نەرێتیی لەشکر بالایی، پێ دەچێ کە کاریگەریی هاوشێوەیان هەبێت.[١٥] ڕەنگە ئایدیۆلۆجیا و هاندەرە ئابوورییەکان و کردەوە ئاینییەکان و لەدەستدانی پارسەنگەکانی ناوەخۆ و دەرەوە هەندێ توخمی تری دەسەڵات لە کەشی دوای شەڕی ساردا پێک بێنن. لەم لایەنەوە، ڕەنگە هەرچەندە دەوڵەت ئامێری خۆی هەیە، بەڵام جاری وا دەبێ تەنانەت ئاکتەرە باڵادەستەکانیش ناتوانن لە سیستەمە ئاڵۆزەکەی پاش شەڕی سارد، کۆنترۆڵی هەموو شتێک بکەن.[١٦]

بە قسەی ڤالێری هەدسنێ، لەم حاڵەتەدا ئەو بڕیارەی لە سیاسەتی دەرەوە دەدرێ ڕەنگە لە فرە سەرچاوە وەربگیرێ.[١٧] دەکرێ بڕیارێکی میری بێت:[١٨] دەشێ بڕیارێک بێ ئایدیۆلۆجیای کەسایەتییەکی کاریزماتیکی کاری لێ کردبێ.[١٩] یاخۆ هەر دەبێ بەرئەنجامی یەکبوونی ڕێبازی جودا بێت کە سەرەک و چەند بیرۆکراتێک پێشنیازیان کردبێ.[٢٠] بۆیە دەکرێ بڕیارە دەرەکییەکان بەگوێرەی بەرژەوەندییەکان و خاوکردنەوەی دۆخەکانەوە دابەشی سەر زنجیرەیەک پلە و شێوە و بڕیارە چارەنووسساز وردە بڕیار micro-decisions ببن بە پێی بارودۆخی بڕیارەکە دەبێ.[٢١] ئەم جۆرە بڕیارانە بە چەند ڕێگەی جودا هەن.[٢٢] سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بەتایبەتی فرەجاران بە شێوەی مەرسووم یان بە فرە جۆری ڕێنیشاندەرانە دەردەچن.

ڕیزبەندکردنی شرۆڤە و لایەنە جودایەکانی سیاسەتی دەرەوە لە ناو چەند کۆزێکدا، ئەوە نیشان دەدەن کە بنەوا وردیلەکانی بە پێی پێویستییەکانی سیستەمی پێوەندیی ناونەتەوەییەوە دەگۆڕێ.[٢٣] شرۆڤەکردنی دیاردەی ناونەتەوەیی ئێستە دوور لە ڕاڤەکردنەکانی ڕیالیست و لیبرالیست و پارێزگارەکان پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە خواستە تیۆرییەکانی چوارچێوەیەکی گشتیی پێوەندییە ناونەتەوەییەکانەوە هەیە.[٢٤] لەبەرئەوەی بەشی حەوتەم بایەخ بە پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد و ئەو بنەوایانە دەدات کە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی لەسەر دادەڕێژرێ، بۆیە ئەو پرسیارانە دەورووژێنێ کە نکوڵی لە

هزری پێوەندییە ناودەوڵەتییەکانی پێوەست بە شێتەڵکردنەوەی سیاسەتی دەرەوە دەکەن. ئاخۆ تەنیا دەوڵەتە بەهێزەکان یان هەر دەوڵەتێک بۆ خۆی دەتوانێ سیاسەتی دەرەوەی بۆ خۆی دابڕێژێ و چۆنیش ئەمە دەکات؟[٢٥] شایانیشە بزانین کێ، لە بواری پێوەندییە ناونەتەوەییەکاندا، بە دوای سیاسەتی دەرەوەدا دەچێت و کێش کاری لێ دەکات.

بەم پێیانە، ئەو بۆچوونە سەرەکییەی ئەدەبی ئەمڕۆ کە ڕژدی لەسەر ئەو فاکتەرانە دەکات کە سیاسەتی دەرەوە بەڕێوە دەبەن، ڕژتییان لە سەر دیارخەرەکانی سیاسەتی دەرەوە لە سەر ئاستی ناوەخۆیی و هەرێمی و ناونەتەوەییەوە کردووە.[٢٦] هەر چەندە ئەم بەشە هەموو ئەو لایەنانە بە گرینگ بۆ شیتەڵکردنەوەی سیاسەتی دەرەوە وەردەگرێ، بەڵام جەخت لە سەر ئەوانە دەکاتەوە کە لە شێوەکەردەی بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە لە هەمووان کاریگەرترن. بەم شێوە ڕوون دەبێتەوە کە شرۆڤەکردنی سیاسەتی دەرەوە نە هەر ئاوا بە سادەییەوە لە ئەنجامی فاکتەرە گشتییەکانەوە پەیدایە (جا چ پێکهاتە و نوێنەرگەل بێت یان ئەوەتە تا رادەیەک هزر و کارەکتەرەکانی بژاردەی سیاسەتی دەرەوە کاری تێ کردبێ) و نە بە تەنیا لە دەوڵەتانەوە دەردەبێ. لەم بارودۆخانەدا، ئەو بەشانەی دێن ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە بڕیاردان چەند دیارخەرێکی ناوەخۆیی و دەرەکی نیشان دەدەن.

شرۆڤەکەی ئەم بەشە جەخت لە سەر پرۆسەی بڕیاردانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکاتەوە نە لە سەر سیاسەتی دەرەوە خۆی. پرۆسەیەکە هەموو فاکتەرە گونجاوەکان دەگرێتەوە ئەو ئاکتەر و پێکهاتە و هزرانە دەگرێتەوە کە کار لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکات.[٢٧] کاتێ بەو فاکتەرە ناوەخۆییانەدا دەچمەوە کە کار لە بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەکەن، تەرکیز لە سەر پێکهاتەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان و کاریگەریی بژاردەش[٢٨] لە سەر سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان ڕەچاو دەکەم و کاریگەری (باکگراوند)ی هزری سەرۆکایەتییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و بیرۆکراسییەکانیش فەرامۆش ناکەم. هەر چۆنێک بێت، لەم فاکتەرانەوە ئەو بەرژەوەندییە نیشتمانییەی وڵاتە یەکگرتووەکان هەڵدێنجم کە ئامانجیەتی دەوڵەت لە بواری گەشەکردنی ئابووری و لەشکریشدا هەر باڵادەست

بمێنێتەوە و ئەم باڵادەستییەشی لە خشتەبەندیی ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا، هێزێکی دیارە و پشتیوانیی ئیجرائاتی سیاسەتی دەرەوە دەکات. لە ڕاستیشدا ئەو پلانە ستراتیجییە نوێیەی باراک ئۆباما، وەک خۆی دەڵێ، بۆ ئەوە هات ئەم ستراتیجییە ... لە سەرەوەی هەمووشیانەوە ... پێوەستە بە نوێکردنەوەی سەرکردایەتیمان و ئەمەش لەو ڕێگەیەوە دەکرێ کە پشتیوانی لە هەموو ئەو داهێنان و توانستانە بکەین کە بۆ ئەمەریکا چاکن.[٢٩] من هەروا بایەخ بە تاکرەویی واقیعی و هەلخوازیی مرۆییی وڵاتە یەکگرتووەکان دەدەم،[٣٠] بۆ نموونە پەیامی فەرمیی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان وەک بنەوایەکی ئایدیۆلۆجیی پراکتیزەکردنی چەند دەساڵێکە هەر ماوەتەوە.

من وەک بەرئەنجامێکی چەند سیاسەتێکی جودا، بە تایبەتیش لە ڕۆهەڵاتی ناویندا، سەیریان دەکەم کە دیارخەرە ناوەخۆیی و پێکهاتە هزرییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەو ڕووداوە دەرەکییە هەرێمی و ناونەتەوەیییانە کاریان لێ کردووە کە لە هەندێ کاتی جودادا، سەرۆکایەتییە جودایەکان بۆ حکومەتیان داناوە. ئەو بەشانەی خوارەوە ئەوەش نیشان دەدەن کە گەورەترین گرفتی پێوەست بە سازدانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لەوەوەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکان بە دوای ئەو سیاسەتەدا دەچی کە لە تێگەیشتنی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕووداوەکانی دنیاوە داتاشراوە.[٣١] پێ دەچێ ئەمە فرە گرفتامێز بێ، لەبەرئەوەی بە پێی بنەوای بەرژەوەندی نیشتمانیی وڵاتە یەکگرتووەکان خۆی، ڕەنگە بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان دەستخەڵەت بدات ئەگەر ڕاستییە هەرێمی و ناونەتەوەیییەکان بە هەڵە لێک بدەنەوە. لەم لایەنەوە، دەشێ بەڕێوەبەرایەتی و هەموو فەرمانگەکانی بە ئاسانی هەموو دیمەنەکەیان لە بەر چاو ون بێ و بە شێوەیەکی نوێ بیبینن و زۆری بەرژەوەندییەکانیش هێشتا بابەتەکە چوستتر دەکات و وا دەکات جۆرە سیاسەتێکی ناکامی لێ پەیڕەو بکرێ.

من وا بۆی دەچم کە سیاسەتی دەرەوە پرۆسەیەکی تێک هەڵکێشی وا بێ کەسانێک سازی بدەن کە هەر ناوی دەستگەکانیان جودا بێ و دوا بڕیاریش، بە زۆری بە دەسەڵاتترین کەسی ناو بەڕێوەبەرایەتییەکە ڕێکی بخات، کە ئەویش سەرکردایەتییە. فرە فاکتەری پێکهاتە و هزری دەرەکی و ناوەخۆیی کار لە سەرکردایەتییەکە دەکەن. دەقی ئەو ڕووداوەی بڕیارەکەی بۆ دەردەچێ و

ئەجێندەکانی ئاکتەرەکانیش (جا ئەگەر دەوڵەت بن یان نا دەوڵەت بن) کار لە دەرچوونی بڕیارەکان دەکەن. بەرهەمی کۆتاییی ئەم پرۆسەیە، ئەو بڕیارانەن وەڵامی چالاکییەکانی ئەکتەرانی سیستمی ناونەتەوەیی دەدەنەوە، یان ئاکتەرە دەوڵەتەکان یانیش نا دەوڵەتەکان دەیاندەنەوە.

جا بۆیە، شرۆڤەکردنی سازدانی سیاسەتی دەرەوە وەک لایە کردەییەکەی پێوەندییە ناونەتەوەییەکان، پێویستی بە ڕاڤەکردنی دەقەکانیەوە هەیە. لەبەرئەوەی بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوە نیمچە ڕەنگدانەوەی ڕووداوی ناوەخۆیە، بۆیە هەر ڕێبازێکی تاکلایەنە،[٣٢] چ بە کورتی بێ یان چ بە درێژی، بەس نییە بۆ ئەوەی کردەوەکانی سیاسەتی دەرەوەی هیچ ئاکتەرێک شی بکاتەوە.[٣٣] بەم شێوەیە، بەشی یەکەم پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ کە نموونەکانی سیاسەتی ناونەتوەیی بۆ شرۆڤەکردنی شیکاری سیاسەتی دەرەوە ناشێ جا چ نموونە واقیعییەکان یان لیبرالیزمەکان یان پارێزگارییەکان بن بەتایبەتیش لە سەردەمی دوای شەڕی سارد هەر نابن.[٣٤] ڕیالیست و ڕیالیستە نوێیەکان دەتوانن بە تەنیا باسی کاریگەریی پێکهاتە ناونەتەوەیی و ناوەخۆییەکان لە سەر بژاردەی هێزە کاریگەرەکان و لە سەر ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بکەن، وەک چۆن بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی پاراستووە و باڵادەستییەکەشی وەک بزوێنەری ڕۆکارەکانی سیاسەتی دەرەوەی هێشتووەتەوە.[٣٥] لیبراڵە ئینتەرناسیۆنالەکان دەتوانن بانگەوازەکەی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ بەرفرەکردنی هزرە ئازادەکانی وەک فەناری دیموکراسیی دەسمایەداری لە سەرتاسەری دنیادا، شرۆڤە بکەن بۆ ئەوەی ئاشتیی جیهان بسەپێنن. لیبراڵەکانیش لەلای خۆیانەوە، دەتوانن جەخت لە سەر کارتێکردەییی نێوان فاکتەرە هزری و پێکهاتە ناونەتەوەییەکان بکەن بەوەی ئەوپەڕی بایەخ بە پێوەندیی هاوبەشی نێوان بەهایەکانی دیموکراسیی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەو ئاشتی و ئازادی و بەرژەوەندە ئابوورییانە بدەن کە لە ڕێگەی هاریکاریی دەزگە ناونەتەوەییەکانەوە وەدەست هاتوون. لە کۆتاییدا، لە سەر بنەوای تێک هەڵکێشەی نێوان پێکهاتە هزری و ماتیریالییەکانەوە، پارێزگاریستەکانیش ڕۆڵی ناسنامەی ئاکتەرەکانیان بە گرینگ زانی، زانیشیان کار لە چۆنیەتیی هەڵسوکەوتکردنی دەوڵەتان دەکات، جا بە ناو مەیدانی شرۆڤەکردنی سیاسەتی

دەرەوە کەوتن. لەگەڵ ئەمەشدا هەموو قوتابخانەکانی پێوەندییە ناودەوڵەتییەکان ناشێ بۆ شرۆڤەی سیاسەتی دەرەوە بەکار بێن. بەشی حەوتەم هەوڵ دەدات ئەم کەلەنە پڕ بکاتەوە.

دوای شارەزابوون دەشێ سیاسەتی دەرەوە وەک پرۆسەیەکی بەیەکەوە بەستراو بزانرێ. چەند ئاکتەری وەک دەوڵەت و تاکە کەس و حکومەت و ئاکتەری نادەوڵەتی تێدا هەیە و زنجیرەیەکیش فاکتەری هێزی مەتیریالی، دەرەکی و ناوەخۆیی، هەن کاری لێ دەکەن. ئەم بەشەی دواتریش باسی دروستبوونی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە ڕۆهەڵاتی ناوین دەکات.

٣- ئەو فاکتەرانەی دروستبوونی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان دەچەسپێنن

لە ئەنجامی جیهانگەری و گەورەبوونی ئابووریی سەرمایەداری، پردێک لە نێوان پێوەندییەکانی ناوەخۆ و دەرەوەی وڵات دروست بوو. لە ڕێگەی دانانی سیاسەتی دەرەوە لەناو پێوەندییە ناونەتەوەییەکانەوە، شرۆڤەیەکم پێشکێش کردووە. فاکتەرە ناوەخۆییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان مەکینەی سیاسەتی دەرەوە پێک دێنن. لێرە دەبێ دەسەڵاتی سوپا و پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی و دیمۆگرافیا، بەلاوە بنێین. پەیامی سەرۆکایەتییەکان و بیرۆکراسییەکان کار لە ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆهەڵاتی ناویندا دەکەن. ئەو بەرژەوەندییە نیشتمانییەی کە بە کردەوەی فەرمی و بە نافەرمی و لە ئەنجامی هاندەرە دەرەکییەکانەوە، دەردەبڕێ، دوا قۆناغی چەسپاندنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبەر بە ڕۆهەڵاتی ناوین، پێک دێنێ. بەم جۆرە لەو دەمەی کە کۆمیتەکانی کۆنگرێس و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی گشتی و زانیارییەکانی کۆشکی سپی سیاسەتە ئاشکرایەکان دەردێنن، کردەوە نافەرمییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان نوێنەرەکانی وەکوو سی ئای ئەی CIA ئەو لۆبی lobby یانە ڕایان دەپەڕێنن و کە شرۆڤەکانی دەستەی دانایان Think-Tank کاریان تێ دەکەن. بوونی ژمارەیەکی زۆری دەستەی ڕاوێژکار و کۆمیتە و بەرکۆمیتە subcommittee بۆشاییی نێوان بەشەکانی ڕاپەڕاندن و یاسادانان و پاسازی بەرین دەکات.[٣٦] بۆیە پێویستە سەرکردە ئەو بریارانە بدات کە گەلێ جار زۆر لە داتاکانەوە دوورن.[٣٧] لەبەرئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە سەرتاسەری دنیادا،

دەســتی لە زۆر لە کــاروباری دەرەوەی فــرە جـۆرەدا هـەیە، بۆیە فــرەوانبــوونی بیرۆکراسیی وڵاتە یەکگرتووەکان جەخت لە ئاڵۆزی سروشتی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکاتەوە.

## ٣-١ پێکهاتەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان

### ٣-١-١- سەرەک

ســەرۆکــایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکــان ســازدانی ســیـاســەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکــان لە ســەرووی هەرەمی بڕیارســازی دادەنێ، بۆیە پێ دەچێ وەک هێـڵـێکی ڕاسـتی نەگـۆڕ بێت و هـەمـیـشـە بەرژەوەندیی نیـشـتـمـانیی وڵاتە یەکگرتووەکان ڕەنگ بداتەوە.[٣٨] سـەرۆک وەک سـەرۆک ئەرکـانی سـوپا و هێـزە چەکدارەکان، دیپلۆماتەکان دادەمەزرێنی و پەیمانەکان ڕاستێن (تەسدیق) دەکات و خۆی لە کێشـەی کـەمـینەکـانیش هەڵدەقـوتێنێ.[٣٩] لەگەڵ ئـەمـەشـدا، لە بـەرانبـەر کـۆنگریس و گـرووپـەکـانی پاڵـەپەسـتـۆ، وەک ئـەو لۆبیـیـانەی لەگـەڵ لێـژنەکـانی کۆنگریسدا کار دەکەن و لە بەرانبەر گشتەوەریشدا بەرپرسیارە.[٤٠] ژمارەیەک دەزگەی وەک ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و دەستـەی سـەرۆکایەتیی کۆشکی ســپی و وەزارەتی دەرەوە لـە ڕاپەڕاندنی ئـەرکـەکـاندا یارمــەتیی ســەرۆک دەدەن. دەستـەی سـەرۆکایەتی کاروباری نێوان وەزارەتەکان و ئۆفیسی سـەرۆکایەتی ڕێک دەخــەن و وەزارەتی دەرەوەش چەندین پســپـۆڕی لێـزان لە کــاروباری ڕۆژهـەڵاتی ناوینی لێـیــە. ڕۆڵی وەزیری دەرەوە لە هـەمــووان بەرچاوترە و بەشی تریشی لە وەزارەتەکـەدا هەیە لەوانـە یاریدەرانی وەزیر و بیـرۆکـانی وەک بیـرۆی باشـووری ئەفریقیا و کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک و سی ئای ئەی.[٤١]

ئەو بەشانەی دادێن نیشان دەدەن چۆن سی ئای ئەی CIA کاریگەریی زۆری لە بڕیاردەرکـردنی وڵاتە یەکگرتووەکاندا هەبووە و بە تایبـەتیش چۆن پێـوەندیی بە ڕووخانی سەدام حوسێنەوە هەبووە. ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەزگەیـەکە لە ناو کـۆشکی سپی دامـەزراوە تا لە سـازدانی سـیـاسـەتدا یارمـەتیی سـەرۆک بدات.[٤٢] لەبەرئەوەی بەشێکی ڕاستەوخۆی ئۆفیسی سەرۆکایەتییە بۆیە لە سەرۆک زۆر نزیکە و ڕۆڵی بە هێـزیشی لە سیسـتـمی بڕیاردانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەوە بەدەر دەکەوی کە سـیـاسـەتی دەرەوەی دژە سـۆڤیـەتی دانا، سیاسـەتەکـە بە پێی

بەڵگەی ژمـــارە NSC-68 ڕێک خـــرا بـوو و بناخـــەی شـــەڕی ســـاردی دانـا و ڕۆکارەکـانی دژی سیـاسـەتە شـەڕئەنگێزەکـەی یەکـەتیی سـۆڤیـەت ڕێک خست. هەروەها ئـەنجوومـەنی ئاسـایشی نەتـەوەیی ئەرکی ڕێکخسـتنی هەمـوو دەسـتگە تەنفیزییـەکان ڕادەپەڕێنێ.[٤٣] هەندێ ڕێکخـراوی مەیلەو سەربەخۆی وەک ئاژانسی زانیـاریی ئـەمـەریکی و ئاژانسـی هـاریکاریی گـەشـەکـردنی ناونەتەوەیی ئـاژانسی کۆنترۆڵکردنی چەک و چەکدامـاڵین هەن کە لەبەر کۆنتـرۆڵی کۆشکی سپیدا کار دەکـەن.[٤٤] لە دوای شـــەڕی سـێـیـەمی کـەنداو (٢٠٠٣) وەزارەتی بـەرگـری پتـر بەشداریی لە بڕیاردانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەکات. لەبەرئەوەی سەرچاوەی زۆرینـەی ســەرۆکـایـەتیـیـەکـان لە ســوپاوەیە، بۆیە دەبینین وەزیری بـەرگـری و سەرکردەکانی لەشکر بەشوێن کردەوەکان دەکەون و ئەمەش دەسەڵاتی پێنتاگۆنی تا رادەیەک بەدەر خسـتووە. سـەبارەت بە ڕاژەگوزارییـەکانی هەواڵگری و دوور لە ئاژانسی هـەواڵگریی بەرگـری و ئاژانسی ئـاسـایشی نـەتەوەییـشـەوە، وا دیارە کـە سی ئای ئەی (ئاژانسـی هەواڵگریی ناوەندی) لە هـەمـووان دیارترە چونکە ئێف پی ئای FBI (بیرۆی لێکۆڵینەوەی فیدراڵ) فرە بە کێشە ناوخۆییەکانەوە مژووڵە.[٤٥] هێـشـتـا تەوەری سـیـسـتـمی هەمـوو بڕیارێکی سـیـاسـەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان هــەر سەرۆکە. دیاریشـە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی NSC بە شێوەیەکی سەرەکی، بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان دەدات و سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان خۆی سەرۆکی ئەم ئەنجوومەنەیە. هەرچەندە بڕیاری کـۆتایی بەدەسـتی ئەنجـوومـەنی ئاسـایشی نـەتەوەییـیـەوەیـە، بەڵام هێـشـتـا دەستگەکانی شارەزایان کاریگەریی خۆیانیان لە بابەتەکەدا هەیە و بە پێی پرس و بابەتە دیارکراوەکان، لە پرۆسەی بڕیارداندا هاوبەشی دەکەن.[٤٦]

ڕۆڵی کـۆمـیـتـەکـانی پێـوەنـدییـەکـانی دەرەوەی کۆنگریس و دەسـتـەی دانایان و گرووپە پێوەستەکانی کە لەگەڵ کۆنگریسدا کاردەکەن هێشتا گرینگییەتیی خۆیان هەیە و پێکڕا لەگـەڵ ڕێکخـراوە جـودایەکـانی تر کـاریگەریی خـۆیانیـان هـەیە. بە بۆچـوونی هـاوەرد تیکەری هـەرچەندە کـــەم و زۆرێک ئـەنجـــوومـــەنی ئـاســـایشی نیـشـتـمانی سیـاسـەتی دەرەوەی ترومـەنی بەڕێوە دەبرد، بەڵام هێـشـتا وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی بەرگری و کۆمپانیـایەکانی نەوت سـەنگی خۆیان لەم مـەیدانەدا هەر هەبوو.[٤٧] جگە لەمـانە، لۆبییـەکان و بۆچوونی گشـتیی وڵاتە یەکگرتووەکانیش

کاریگەریی بەرچاویان هەبوو.[٤٨] پاشتر ئێیزینهاوەر و لە پاش ئەویش کارتەر، شەرعییەتیان بە سی ئای ئەی دا تا کارە نهێنییەکان راپەڕێنی... (بێ ئەوەی پێشوەختە)... ڕەزامەندیی کۆنگرێس و وردبینیی گشتی بەدەست بێنێ.[٤٩] بەم جۆرە دەودەوانێی نێوان وەزارەتە جودایەکان لەسەر ئەوەی کێ لە هەمووان پتر کاریگەری لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکات هێشتا چڕتر بووەوە.[٥٠] بە بۆچوونی پیتەر شرێیدەریش لە ١٩٦٠ و ١٩٧٠کاندا، ململانێی نێوان کۆنگریس و بەڕیوەبەرایەتی لەسەر ئەوەی کامیان دەتوانن پتر سیاسەتی دەرەوە دابڕێژن فرە بەرچاو بوو.[٥١]

بە پێی ئەم بنەوایە، دیارە کە ڕێبازی ڕووداوە ناونەتەوەییەکان کار لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکەن و دانانی سیاسەتەکەش، کەم و زۆرێک، پێوەندیی بەو ململانێیە ناوەخۆیەوە هەیە کە لە سەر دەسەڵات لە نێوان کۆنگریس و سەرەک و فەرمانگەکانی دیکەدا هەیە.[٥٢] ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەبەرئەوەی دانانی سیاسەت لە چوارچێوەی بەشی ڕاپەڕاندندا، شەڕێکی هزرییە و هەر فەرمانگەیەک گەرەکیەتی بەرژەوەندییەکانی دەستگەکانی خۆی تێدا ڕەچاو بکات.[٥٣] تەنانەت ئەگەر بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بە ڕێکەوتنیش بێت، هێشتا پرۆسەی بڕیاردانی وڵاتە یەکگرتووەکان چەند گرووپێکی جودا دەیدەن (هەر یەکێکیشیان هەوڵ دەدات بە شێوەیەک لێکی بداتەوە کە لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکان و لە بەرژەوەندیی وەزارەتەکانیش بێت) و ئەمەش پتر جیاوازی نێوان فەرمانگەکان ڕوون دەکاتەوە. ڕاشکاوترین نموونە، ڕەنگە ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی NSC بێت، ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە لە چەند کەسێک پێک هاتوون هەر یەکێکیان سەر بە وەزارەتێکە و بەدوای ئەو پرۆگرامانە دەچن کە لە سەر مێزەکەیانە و هەر یەکێکیان بە پێی دیتی خۆی سەیری دەکات و ئەمەش شەرعییەتی بە مشتومڕەکەیان داوە.[٥٤] هێشتا لەمەش پتر ئەوەیە کە کۆمیتە و کۆمیتە لاوەکییەکانی subcommittee کۆنگریس لە هەردوو ئەنجوومەنەکەدا، بڵاوە پێکردنی دەسەڵات لە نێو سیستمی بڕیاردانی وڵاتە یەکگرتووەکان حەتمەن ئەو دەسەڵاتدارانەی کردووەتە نوێنەرانی گرینگی ئاوا کە لە چوارچێوەی بڕیاردانی سیاسەتدا بە تەنیا کار بکەن.[٥٥]

٣-١-٢- کۆنگریس

نوێنەرە هەڵبژاردراوەکانی کۆنگریس لە ئەنجوومەنی نوێنەرەکان House و ئەنجوومەنی پیران Senate دەسەڵاتی یاسایی ولاتە یەکگرتووەکانیان هەیە.[٥٦] هەرچەندە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەمین، کۆنگریس بالادەست بوو و هەموو دەسەڵاتی سەرچاوە و هێزەکانی ڕێکخستنی کۆنترۆڵ کردبوو بەلام ئەو هەولانەی ڕۆزڤیلت ١٩٠١-١٩١٠ و ویلسن ١٩١٣-١٩٢١ دایان بۆ ئەوەی سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان دیار بخەن ڕۆڵەکەیانی لاواز کرد.[٥٧] لە ئەنجامدا، تروومەن ١٩٤٥-١٩٥٣ شەڕی کۆریای بێ ڕەزامەندیی کۆنگرێس کرد.[٥٨] دەستەی توێژینەوەی کۆنگرێس کە سیناتۆرەکان کاری لێ دەکەن، خەبەری کێشەکانی سیاسەتی دەرەوە بە کۆنگریس دەگەیەنن و ئەوانیش بۆ خۆیان خەبەرەکان لە دەستەی دانایانی پسپۆر وەردەگرن.[٥٩] جگە لەمەش، بە بۆچوونی جۆون پێرکنزی، دەزگە و سەرکردەی پیشەوەران ـ ئەوانەی هەموو دنیا بەڕێوە دەبەن ـ کاری تایبەتی لە کۆنگریسیش دەکەن.[٦٠] هەردوو ئەنجوومەنی ناو کۆنگریس، بەگوێرەی ئەرک و یاسادانان و چاودێریکردنیان، بە سەر کۆمیتە و کۆمیتەی لاوەکیدا بەش کراون. کۆمیتە لاوەکییەکان لە ئەنجوومەنی پیرانی ولاتە یەکگرتووەکان ژمارەیەکی سنوورداریان نییە، کەچی لە ئەنجوومەنی نوێنەران تەنیا پێنج کۆمیتەی لاوەکی هەن. کۆمیتەکانی کۆنگریس ڕیکخراوی لاوەکیی یاسازانن و ئەرکی تایبەتییان هەیە. کۆمیتەی کاروباری پێوەندییەکانی دەرەوەش لە ناو ئەنجوومەنی نوێنەراندا بە شێوەیەکی سەرەکی لە سەر کاروباری سیاسەتی دەرەوە ئیش دەکەن و لە میانی ئەرکە سەرەکییەکەیان بە یاسا فرە جۆرەکاندا دەچنەوە و چاودێریی دەکەن و لێکۆڵینەوە لە هەر سکالایەک دەکەن کە لە دژی حکوومەت بکرێ و ڕێنوێنی لەبارەی هەندێ کردەوەی تایبەتیش دەکەن. ئەنجوومەنی نوێنەران پتر کار لە سەر کێشە تەکنیکییەکان دەکەن. کۆمیتە لاوەکییەکانیش بە زۆری زانیاری کۆ دەکەنەوە و چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان پێشنیاز دەکەن و لە نارێکیی کاروباری حکومەتیش دەکۆڵنەوە. ئەو ڕاستییەی سەبارەت بە دەسەڵاتی کۆمیتەکانی نوێنەر و سینەت لە کارلێکردنیان لە سی ئای ئەی و بەڕێوەبەرایەتیی ولاتە یەکگرتووەکان لە بەشی دێت تاووتوێ دەکرێ.[٦١]

٣-١-٣- پارسەنگی نێوان کۆنگریس و سەرۆکایەتی

لە سەردەمی شەڕی سارد، ڕۆڵی کۆنگریس وەک هاوکارێکی سەرۆکایەتی پەرەی سەند. کۆنگریس پەیماننامەکان پەسند دەکات و دامەزراندنی دپلۆماتی و سەربازی دەسەلێنی و شەڕ ڕادەگەیەنی و دارایی پێویست بۆ لەشکر مسۆگەر دەکات و ڕەچاوی پیادەکردنی سیاسەتی دەرەوەش دەکات.٦٢ لەگەڵ ئەوەشدا، ئەرکی سەرەکیی هەر تەشریعییە و ئەمەش بڕیارەکانی تایبەت بە دارایی گونجاو و یاسایەکانی دەسەڵاتدان دەگرێتەوە.٦٣ ئەو دەسەڵاتەی سەرۆک لە ڤیتۆکردنی پرۆژە یاساکان و دانوستاندنی پەیماننامە و پەسندکردنیان هەیەتی بێ ئەوەی پرس بە کۆنگریس بکات، نیشانەی ئەوەنە سەرۆک دەسەڵاتی بە سەر کۆنگریسدا دەشکێ. تەنانەت کەس ناتوانێ قسە لە قسەی سەرۆک بکات و ئەگەر کۆنگریس لە سەرەتادا دەست بە کارێکیش بکات، پاشتر سەرۆکایەتی دەتوانێ خۆی تێکەڵ بکات و بڕیاری دەسەڵاتی شەڕیش هەڵبوەشێنێتەوە.٦٤ لەگەڵ ئەمەشدا، لەبەرئەوەی کۆنگریس پارەی بە دەستەوەیە و خەرجییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دەرەوە دیار دەکات، بۆیە هێشتا دەتوانێ ڕۆڵێکی گرینگ بگێڕێ. ئەم تێوەگلانە ناڕاستەوخۆیەی کۆنگریس و جەختکردنی لەسەر کاروباری نێوخۆیی لەبری کێشە دەرەکییەکان، نەرێنییەکەی تا ١٩٧٠کان شرۆڤە دەکات.٦٥ کۆتاییهاتنی شەڕی سارد و ڕووداوەکانی پاشی ٩/١١، جوولەی کۆنگریسیان فرەتر کردووە، تا وایان کردووە هاوپەیمانیی نێوان سەرۆک و کۆنگریس بە شێوەیەکی سەرەکی گۆڕاوبێ.

٣-١-٤- ئەنجوومەنی پیران بەرانبەر ئەنجوومەنی نوێنەران

بە بەراوردکردنی بۆچوونەکانی سینەتۆرەکان سەبارەت بە کێشە دەرەکییەکان لەگەڵ ئەوانەی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران هەیانە، ئەوانەی سینەتۆرەکان گرینگترن. سینەت وەک سەرۆک دامەزراندنی باڵیۆز و ڕاوێژکارانی سیاسەتی دەرەوەیان بە دەستە و ئەمەش وایان لێ دەکات ڕاستەوخۆ لە پرۆسەی سازدانی سیاسەتی دەرەوە پشکدار بن. لە کۆتاییشدا، سینەت پێوەندیی لەگەڵ چەندین دەستەی کاریگەری دانایاندا هەیە و ئەمەش ڕێگەی بۆ خۆش کردووە تا هزر و بۆچوونەکان لە پێشدا بە خەڵک ڕابگەیەن و ئەمەش زۆر جاران کار لە ئۆفیسی سەرۆکایەتی دەکات.٦٦

ئەنجوومەنی نوێنەران پتر خۆی بە کردەوە خەریک دەکات و ئەو ڕەشنووسانەی یاسا دەسەلمێنی کە پێوەندییان بە خەرجییەکانی یارمەتیی دەرەوە هەیە.[٦٧] لەگەڵ ئەمەشدا هیچ سیستمێکی یاسادانان نابێ ئەگەر ئەنجوومەنی نوێنەران کاری تێدا نەکات لەبەرئەوەی هەموو ڕەشنووسێک بۆ ئەوەی ببێتە یاسا، دەبێ لە هەردوو ئەنجوومەنەکان دەرباز ببێ. سەرکردەکانیشی ئەندامانی کۆمیتەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران دادەمەزرێن.[٦٨] هەرچەندە هەردووک ئەنجوومەن دەتوانن پێکەوە یان لەیەک کاتدا یان هەر بە تەنیا ڕەشنووسەکانی یاساکان پێشنیاز بکەن، بەڵام ڕەشنووسەکانی یاسایی داهات کۆکردنەوە یان ڕەشنووسەکانی کۆنترۆڵ bills appropriation لە بنەڕەتدا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەگەر هەردووک ئەنجوومەن لە سەر ڕەشنووسێکی یاسایی ڕێک نەکەوتن، ئەو کات ڕەوانی سێیەم ئەنجوومەنی کۆنگریس دەکرێ و پێویستی بە ڕێکخستنی کۆمیتەیەکی تر دەبێ و لەوێ هەردوو ئەنجوومەنەکە کۆنفرانسێک دەکەن.[٦٩] گرینگیی ئەنجوومەنی پیران لە شارەزاییی لە کاروباری دەرەوەدا پەیدایە، کەچی گرینگیەتیی ئەنجوومەنی نوێنەران لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە متمانەی دارایی و پسوولەی دەسەڵاتدانی بە دەستەوەیە.

٣-٢- گرووپەکانی پاڵەپەستۆکاری

٣-٢-١- لۆبییەکان

ئەو گرووپە پاڵەپەستۆکارانەی کە هەمیشە بە دەسەڵات بوون، لە شێوەی گرووپەکانی بەرژەوەندی و لۆبییەکان و دەستەکانی دانایان و ڕای گشتی و ڕێکخراوە بازرگانییەکان، ئەمانە کاریگەریی زۆریان لە میکانیزمی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا هەیە.[٧٠] وا پێ دەچێ کە ئەمەریکییەکان یان لەبەر نەشارەزاییان یانیش بە هۆی سەرقاڵییان بە کاروباری ناوەخۆیانەوە، بە گشتی، پشتیوانیی بڕیارەکانی سەرۆکایەتییان دەکەن.[٧١] بەڵام بە تێگەیشتنی تواناکانی گرووپەکانی بەرژەوەندی لە پاڵەپەستۆکردن بۆ سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان پێ دەچێ زۆر لەوە گرینگتر بێ. گرووپەکانی بەرژەوەندی زانیاری لەبارەی کێشەکانی سیاسەتی دەرەوە بە دەستگەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەدەن و بە پێی جۆری بەرژەوەندی گرووپەکانیشەوە ڕیزبەند دەکرێن.

گلێن هاستێدت گرووپەکانی پیشەوەرانی وەک ژووری بازرگانی و گرووپەکانی کشتوکاڵیی وەک فیدراسیۆنی بیرۆی کێڵگەکانی ئەمەریکایی و گرووپەکانی کرێکاران دەناسێنی و ئەو ڕۆڵەش تاووتوێ دەکات کە گرووپەکانی ئایدیۆلۆجایی و بەرژەوەندییە گشتییەکانی وەک ئامۆژگەی توێژینەوەکانی سیاسەتی دەرەوە هەیانە.[٧٢] بە بۆچوونی گابریێل ئالموندی گرووپە ئیتنییەکان لە هەموو ئەوانی تر کاریگەرترن و ئەوانە بە گرووپە ئیتنییەکان ناسراون و پاڵەپەستۆ لە کۆنگریس و لقی جێبەجێکردن دەکەن.[٧٣] لەگەڵ ئەمەشدا، هەموو لۆبییەکان وەک یەک گرینگ نین. بە بۆچوونی نووسینەکان، لۆبیی جوولەکەی ئەمەریکی کە بۆ بەرژەوەندی ئیسرائیل چالاکی دەکات، لە هەر هەموو ئەوانی تر پتر کار لە بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکات.[٧٤] کۆمیتەی کاروباری گشتیی ئەمەریکایی - ئیسرائیلی (ئایپاک) و سەرۆکانی ڕێکخراوە دیارەکانی جوولەکە، کە پشتیوانیی پارتی لیکۆدی جوو دەکات، لە هەموو ئەوانی تر دیارترن.[٧٥] بە پێی فۆرچن مەگەزین Fortune Magazine یش میرشیمەر و وۆڵت، دەرکەوت کە ئایپاک کاریگەرترینی ئەو لۆبییانەیە کە ئەندامانی کۆنگریس لە ١٩٩٧دا لیستبەندییان کردبوو و لە نیسانی ٢٠٠٥یش ناشناڵ جۆرنەڵ National Journal هەر لە هەمان ڕیزبەندیی پێشووی داناوە.[٧٦]

دیانە زایۆنیستەکانی وەک هەندێ لە سەرکردەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران و لەناو ئەوانیشدا، پارێزگارە تازەکان، لەوانەی باوەڕیان وەیە کە دووبارە دامەزراندنەوەی ئیسرائیل یەکێکە لەو پێشبینییانەی ئینجیل کە وەدی هاتووە، لۆبیی لایەنگری ئیسرائیل لە واشنتۆن پێک دێنن.[٧٧] کاریگەریی ئەم کەسایەتییانە جێی سەرسوڕمان نییە، لەبەرئەوەی هەندێکیان پۆستی فرە بەرزیان وەرگرتووە و گەلەک کەسی جوولەکەش ئەندامی کۆنگریسن و سینەتۆرن و لە دەزگای داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەدا کار دەکەن.[٧٨] چالاکییە سەرەکییەکان ئەم ئەم گرووپە لایەنگرانەی ئیسرائیل ئەوەیە کە پارەی بانگێشتنی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنەکان دەدەن و هەڵمەتیش لە دژی ئەو کەسانە دەکەن کە ئیسرائیل بە هەڕەشە دەناسن و کەمتر بایەخ بە پێوەندیی نێوان ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکان دەدەن.[٧٩] شایانی باسە ئەوەش بزانین کە ڕۆڵی ڕەشەکان و هسپانیکەکانیش لە دانانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا فرە گرینگە.[٨٠]

هەرچەندە لۆبیی کوردی لە ولاتە یەکگرتووەکاندا نوێیە، بەلام لۆبییەکی کوردی لە واشنتۆندا هەیە. مێژووی لۆبیی کوردی بۆ سەردەمی مستەفا بارزانی دەچێتەوە. بارزانی پێوەندیی لەگەل ئیسرائیلدا پەیا کرد لەبەرئەوەی بە بۆچوونی ئەو کورد دەیانتوانی لە ڕێگەی ئیسرائیلەوە کار لە ولاتە یەکگرتووەکان بکەن. تا ئەو کاتیش ئیسرائیل هەر هاوپەیمانێکی مەعنەوی کورد بوو.[81] پاشتر مەلا مستەفا لە ١٩٧٦ تا ١٩٧٩ کە لە دوا قۆناغی ژیانی لە ولاتە یەکگرتووەکان بوو، بە بۆ خۆی لۆبیی بۆ کێشەی کورد دەکرد.[82] لەگەل ئەمەشدا، لەبەرئەوەی کورد ئاکتەرێکی نا دەولەت بوون، بۆیە لە بواری پیادەکردنی سیاسەتەکانی خۆی بێبەش بوو. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، ئێستە، لۆبی بۆ کورد دەکات جا یان لە ڕێگەی چەند کۆمپانیایەکی کاریگەری لۆبیکردندا، یانیش بە هۆی چەند کەسایەتییەکی تایبەتەوە ئەرکەکە ڕادەپەڕێنێ.[83] پێ دەچێ لۆبیی کورد پشتیوانیی لۆبییەکانی تری هەبێ لەوانەش ڕەنگە لۆبییە هەرە بەهێزەکەی جوولەکە پشتیوانیی لێ بکات.[84] لە ٢٠٠٣وەش، لۆبیی کوردی توانیویەتی پشتیوانییەکی داراییی بەرچاو لە چوارچێوەی عێراقدا وەدەست بێنێ.[85]

بێجگە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستگەیەکی تریش لە ولاتە یەکگرتووەکاندا هەیە لۆبی بۆ کێشەی کورد دەکات، ئەویش کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی باکوری ئەمەریکایە و پەرلەمانی تایبەتیی خۆی لە هەندەران دامەزراند. ئەم پەرلەمانەی هەندەران لە ١٩٩٥، لە لاهای کرایەوە و ئەندامانی پ.ک.ک. پشتیوانیی لێ دەکەن.[86] هەرچەندە ئەم پەرلەمانە نوێنەرایەتیی یەک ملیۆن کوردی ئەوروپا دەکات، بەلام ئەرکی سەرەکیی ئەوەیە چارەسەرێکی سیاسیانەی بێ توندوتیژی بۆ کێشەی کورد لە تورکیادا بدۆزێتەوە. ئەو کۆششانەی بە مەبەستی ڕاگرتنی شەڕی لە باشووری ڕۆژهەلاتی تورکیادا دەیدا، وای لە هەندێ لە ئەندامانی کۆنگریس کرد پێشنیازی ئەوە بکەن بیکەنە ئەو دەستەیەی لە ڕێگەیەوە چارەسەری ئەو شەڕەی نێوان کوردی تورکیا بکەن کە لە مێژە سیاسەتسازانانی خەریک کردووە.[87]

ئەوەی لە بەشی دووەمدا بە دووانەی سروشتیی کێشەی کورد باس کراوە، لەو پرۆگرامەی کۆنگرەی نەتەوەییی کوردی باکوری ئەمەریکادا دیارە لەبەرئەوەی لە لایەک داوای دەولەتێکی نەتەوەییی سەربەخۆی کورد لە هەر چوار پارچەی

کوردستاندا دەکات لەلایەکی تریشەوە خواستی چوار دەوڵەتی فێدراڵی یان دەوڵەتی نەتەوەیی دەکات و داوای ستراتیجییەکی هاوپشکی تایبەت بە سەربەخۆیی دەکات و بایەخیش بە فیدراڵی دەدات بۆ ئەوەی کێشەی باشووری کوردستان، باشووری ڕۆهەڵاتی تورکیای پێ چارەسەر بکات.[٨٨] ئەنجوومەنی بەرگریی نیشتمانیی ئێران، بە دەستپێشخەریی مەسعود ڕەجەویی سەرۆکی مقاوەمەتی ئێرانی، لە ١٩٨١دا دامەزرا و وەک پەرلەمانی هەندران کار دەکات. هەرچەندە سەرجەمی لە کورد پێک نەهاتبوو، بەڵام ٥٠٠ ئەندامی هەبوو و ئامانجیشی ئێرانێکی دیموکراتی سیکیولاری فێدراڵ بوو. جگە لە بلوش و ئەرمەنی و جوولەکە و زەردەشتییان، ئەنجوومەنەکە ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێرانی گەورەترین گرووپی بەرگریی میللیی ئێرانیشی تێدا هەبوو.[٨٩] جگە لەمانە، تۆڕی زانیاریی کوردیی ئەمەریکاییش هەیە AKIN.

پاڵەپەستۆ لە ناو کۆنگریسدا دەکرێ، شێوەکانی تری پاڵەپەستۆ دەشێ لە ڕێگەی ڕای گشتییەوە بێ ئەمەش بە هۆی میدیا و چاپەمەنییەوە دەکرێ و دەشبێ پارەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بە مەبەستی لۆبیکردن بدرێ. بە گوێرەی واشنتۆن پۆست The Washington Post جوولەکەکان لە سەدا ٦٠ی پارەی هەڵمەتی بانگێشتنی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییان داوە.[٩٠] ئەو کەسانەی پشتیوانیی گرووپێکی تایبەتی دەکەن، گەلەک جاران پۆستی گەورە لە بەڕێوەبەرایەتیدا وەردەگرن.[٩١] جۆون بۆڵتن و ئیلیەت ئابرامز و پیتەر ڕۆودمەن و دۆونەڵد ڕەمسفیڵد و پۆوڵ وۆڵفویتز و ڕیچەرد پیرڵ کە دامەزرێنەری پرۆژەی لە پێناوی سەدەی نوێی ئەمەریکای دەستەی دانایانن Think-Tank و هەندێک لە پارێزگارە نوێیەکانیش، کاریگەریی فرەزۆریان لە سیاسەتی دەرەوەی جۆرج و، بوشدا کرد[٩٢] و هەمان دەستەی پارێزگارە نوێیەکان لە ناو بەڕێوەبەرایەتیی کلینتۆن سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانیان هان دا بۆ ئەوەی هێشتا بە گوڕتر ستراتیجی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ لادانی سەدام حوسێن لە حوکم پیادە بکەن.[٩٣]

پێش دەچێ کەنەدی لە بواری سیاسەتی دەرەوەیدا، بەبەر کاریگەریی لۆبیکار و ڕاوێژکارانیی کەوتبی و دەشڵێن گۆیا پشتیوانیی لۆبی جوولەکە بوو وای کرد لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا بیباتەوە.[٩٤] دیاریشە کە پارێزگارە تازەکانی ناو بەڕێوەبەرایەتییەکەی بیل کلینتۆنیش کاریان لە سیاسەتی نەرمە ـ سیاسەتەکەی

کردووە، کەچی ئەو نەخشەی ڕۆهەڵاتی ناوینی گەورەتری جۆرج و. بۆشی، بە کاریگەریی هەندێ لە کەسایەتییە تایبەتییەکانی ناو بەڕێوەبەرایەتییەکەی بێ، لەوانەی کە پشتیوانی لۆبیی ئیسرائیلییان دەکرد. دەگوترێ کە هەر هەمان ئەو تیمە بوون پاڵپەستۆی زۆریان لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا کرد بۆ ئەوەی شەڕی ٢٠٠٣ لە دژی عێراقدا بکەن.[٩٥] میرشیمیر و وۆڵت دەڵێن کە مارتن ئیندیک کە یاریدەری بەڕێوەبەری ئایپاک بووە، سیاسەتی دەرەوەی کلینتۆنی بەرەو لای ئیسرائیلدا لار کردووەتەوە.[٩٦] وا باوە کە پێوەندیی ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان ئیسرائیل دەپارێزێ. پشکداریی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ئیسرائیل، لە سەدەی نۆزدەمینەوە ڕەواییی پێ دراوە و ئەو شەرعییەتەشی لە ئەنجامی بیرۆکەیەکی ئەمەریکییەوە هاتووە کە پێی وایە ئەم ڕۆڵەی لەوەدایە خوا بە نوێنەری خۆی هەڵی بژاردووە کە لە وڵاتێکدا دەژین خوا بۆ خۆی چارەنووسێکی ئاوا بێ هاوتای بۆ سازداون. بە هەمان شێوەش خوا بۆ خۆی خاکی ژوانی جوولەکانی Jews Promised Land هەڵبژاردووە.[٩٧]

### ٣-٢-٢- دەستەکانی دانایان Think-Tanks

بە پێی ئەو نووسینانەی هەن، کۆمەڵانی دانایان، وەک ئاکتەری نا دەوڵەت، کە بیرۆکەی جیاواز سەبارەت بە گریمانە دژەوەرەکان دەردەچوێنن، لە پاشی شەڕی سارد و سەبارەت بە کێشەی عێراق و دیتی وڵاتە یەکگرتووەکان دەربارەی ترسناکی ڕۆڵی سەدام لە ناوچەکەدا لە جاران چالاکتر بوون.[٩٨] دابەشبوونی دەسەڵات بە سەر چەند ناوەندێکی بڕیاردان و پەیابوونی چەند دەستەیەکی دانایان، توانیویانە لە ڕێگەی ڕاپۆرت و توێژینەوە زانستییەکانیانەوە نەرێتی پرۆسەی سازدانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بگۆڕن. هەرچەندە ئەوانە لە ڕۆژانی شەڕی دووەمی جیهانەوە پەیدا بوونە، بەڵام تازە گەیشتوونەتە ئەو ڕادەیەی بتوانن کار لە سیاتسازیدا بکەن.[٩٩] یەک لەو دامەزراوانەی ناو گرووپە ئیتنییەکان، پرۆژەی لە پێناوی سەدەی نوێی ئەمەریکایە کە هەندێ لە لایەنگرانی ئیسرائیل و پارێزگارە نوێیەکان پێکیان هێناوە و تا ئەوپەڕ کار لە ڕای گشتیی وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەکات.[١٠٠] ئەوانە لە لایەک هانی بەڕێوەبەرایەتیی

بوشیان دەدا تا ڕژیمی سەدامی بە هێز بڕووخێنی و لە لایەکیشەوە ئەندامەکانی پشتیوانی ئۆپۆزیسیۆنیان دەکرد و لە ڕێگەی میدیاوەش پرۆپاگەندەیان بۆ سیناریۆی پرۆگرامی شەڕی عێراق دەکرد کە بوش داینابوو.[١٠١] دامەزراوی نەرێت Heritage Foundation و دەستەی پیشەی ئەمەریکی و ناوەندی توێژینەوە هاوسەردەمییە عەرەبییەکان و ناوەندی پێشکەوتنی ئەمەریکیاش نموونەی ترن.[١٠٢]

سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ١٩٨٠کانەوە قۆرغکراوی بەردەستی سەرۆکایەتی بووە. ڕاوێژکارە نزیکەکانی سەرۆک و بیرۆکراسە جودایەکانیش (زانایان و جۆرەکانی سوپا) چالاکانە پشکداریی سازدانی سیاسەت دەکەن[١٠٣] و لە ڕاستیشدا کە دەستگە جیاوازەکان تێکەڵی پرۆسەی دانانی سیاسەت دەبن، ئیشەکە هەندێک لەباریەکتری دەترازێ.[١٠٤] سیاسەتی کلنتۆنی بۆ دەقاوغگرتن containmentی لە تویی ڕاگرتنی گەمارۆی ئابووری نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر عێراق پیادە دەکرا و ئەم سیاسەتەش بەرهەڵستی زۆری ئەو پاڵەپەستۆیەی کرد کە پارێزگارە نوێیەکان لە ڕێی پاڵەپەستۆی ناوەخۆوە بۆ گۆڕینی ڕژیم لە عێراق و بە پشتیوانیی کۆنگریس کردیان. لە سەردەمی بوشیش، سی ئای ئەی و وەزارەتی دەرەوە بەرهەڵستیی زۆری پێشنیازی دیک چینیی بریکاری سەرۆکی کرد و پشتیوانیی گۆڕینی ڕژیمی لە عێراق کرد. ئەو ململانێیانە چەند دەستەیەکی دانایان و لۆبی و ئاکتەری ناونەتەوەییی سەربەخۆی لێ پەیا بووە و هاودەم لەگەڵ ئۆفیسەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان کار لە سیاسەتی دەرەوە دەکەن. بەهێزکردنی هاوڵاتییەتیش کاری لە بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوە کردووە و کاریگەرییەکەیشی بە تایبەتی لە کاردانەوەی گشتیی پاش شەڕی عێراقی ٢٠٠٣ بوو کە داوای چارەسەری کرد. دیاریشە کە ڕۆژنامەوانیش لە جاران پتر ڕەخنە لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان دەگرێ. ئەو کۆششانەی گرووپە جودایەکانیش لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیاندا دەیکەن، شێوەی داڕشتنە نەرێتییەکەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی گۆڕیوە.

هەرچەندە لە واقیعدا، نموونەیەکی دیار، لە دانانی سیاسەتی دەرەوەدا هەیە، وەلی سەرۆکایەتییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان هەمیشە پەیڕەوی یەک تاکە ڕێباز ناکەن.[١٠٥] لیندن جۆنسن پێی خۆش بوو پشت بە کابینەی فراڤینی سێشەموو ببەستێ، ئەم کابینەیە لە برادەرە سیاسی و ڕاوێژکارانی و گرووپێکی چکۆڵەی

گەورە ڕاوێژکارانی پێک هابتوو.[106] کەنەدیش وای پێ خۆش بوو بە شێوەیەکی نافەرمی پرس بە فەرمانبەرە پلە نزمەکان بکات،[107] کەچی نیکسن لە ڕێگەی چەند دەستەیەکی (کۆمیتەکانی بریکاری وەزارەتەکان و گرووپە هاوبەشەکانی بەڕێوەبەرایەتییە ناوەخۆییەکان و هی تریش) کە بەرپرسی کێشە تایبەتەکانی سیاسەتی دەرەوە بوون و بە هاریکاریی هێنری کیسینگەری وەزیری دەرەوەیەوە، سیاسەتی دەسەڵاتی پەیڕەو کرد. لە دوای ئەویش کارتەر و ڕێگن، سیاسەتێکی نەرمتری دەرەوەیان پەیڕەو کرد و بنەوای ئەم سیاسەتەش پشکداریکردنی هێزە ناونەتەوەییەکان بوو.[108] بە هاتنی ڕیچەر نیکسن و لە پاش ئەویش بەڕێوەبەرەتییەکانی جۆرج و، هـ. بوش و بیل کلنتۆن و جۆرج و بوش ڕۆڵی سەرۆکایەتییان لە تۆقەڵانی پرۆسەی بڕیاردان دانا. کەسایەتییە هێزدارەکانی وەک سەرۆک نیکسن و کیسینگەری ڕاوێژکاری سیاسەتی دەرەوەیان دانا و لە پاش ئەویش جۆرج بوش ڕۆڵی ئاژانسە ناوەخۆییەکانی لە ڕێکخستنی سیاسەتدا بزر کرد.

دارشتنی سیاسەتی دەرەوە توێکڵەی ئەرکی سەرۆکایەتییە و کەمیش وا دەبێ بە گوێی نەکرێ، سەرۆکایەتی لە دانانی سیاسەتی دەرەوەشدا چەند شتێک ڕەچاو دەکات. پاش ئەوەی شارەزاییم لە سیستمی ڕێکخستنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان وەدەست هێنا، ئێستە خەریکم ئەو دیارخەرانەی سیستمی دانانی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆهەڵاتی ناویندا شرۆڤە دەکەم، پاشتریش بناخەی پێوەندیی کێشەی کورد بە سیاسەتی هەرێمی وڵاتە یەکگرتووەکان شرۆڤە دەکەم.

### ٣-٣- سەرۆکایەتییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان نموونەکانی بیرۆکەکان و ڕێبازەکەی

چەند لایەنێک کاریگەرانە لە بابەتی دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان پشکداری دەکەن. چەندان بەڕێوەبەرایەتی پرۆژە ڕێک دەخەن و چەند سیناریۆیەکی گونجاو بۆ هەر کێشەیەک بە جودایی بۆ دادەنێن و پاشان یان بیرۆی بەڕێوەبەرەکان یان وەزیری دەرەوە خۆی بڕیاری ڕەواهی کردنیان دەدەن، وەلی هێشتا سەرۆک دوایین کەس دەبێ کە بڕیاری لێ دەدا.[109] لەمەوە دیار

دەکـەوێ کـە پاڵەپـەسـتـۆی فـرەلایەنـە لە سـیـاسـەتـی دەرەوەی وڵاتە یـەکگرتووەکـان دەکرێ و پاڵەپـەستۆش لەلایەنی کۆنگریس و فەرمـانبەرانی خـوار سـەرۆک و لۆبییە ناوەخۆییـیەکانەوە دەکرێ.[١١٠] هـەر چۆنێک بێ، فاکتـەرە بنیاتسازە ناوەخۆییـیەکان و ئەو ئایدیۆلۆجـیـایـەی کـە سـیـسـتـمـی بڕیاردانی وڵاتە یـەکگرتووەکـانی لە سـەر دروست بووە، بێ ئەندازە کـار لە سیاسـەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگـرتووەکان دەکات. ئەم بەشـە بەر لەوەی دیارخـەرەکـانی سـیـاسـەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتـووەکـان لە ڕۆهـەڵاتـی ناویـنـدا شــرۆڤــە بکـا، ڕێبــازی ئـایـدیـۆلـۆجــیـی ســەرۆکــەکــانـی وڵاتە یەکگرتووەکان و پێوەندی بە بەرژەوەندییە نەتەوەییـیەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان وەک ئەو فـاکتـەرە تێکەڵاوانەی کـار لە سیـاسـەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکـان دەکـەن، ڕاڤە دەکات. پاشتر دەبیندرێ کە بەرژەوەندییە نەتەوەییـیەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بە ئایدیۆلۆجیای سیاسەتی دەرەوە و کارامەکردنیەوە بەستراوەتەوە.

لەبەرئەوەی چەند فـاکتـەرێک کـار لە سـیـاسـەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگـرتووەکـاندا دەکـەن، بۆیە ئەو سـیاسـەتە پتر پابەندی بەرژەوەندەکـانی وڵاتە یەکگرتووەکانە.[١١١] لە پاش شــەڕی دووەمـی جـیـهـانەوە، سـەرۆکـەکـانی وڵاتە یـەکگرتووەکـان پەیڕەوی دروشـمـی نزامـێکی نێـودەوڵەتـی کـە بەهـایەکـانـی ئێـمـە ڕەنگ بداتەوە باشـتـرین مـتـمـانەیە بۆ ئەوەی بەرژەوەندییـە نەتەوەییـیـەکـانمان بپـارێزێ.[١١٢] ئەم عـەقـیـدە ئەمـەریکـیـیـە لە جـاڕدانی سـەربەخـۆیی ئەمـەریکی ١٧٧٩ کـە مـێـژوونووسـە ئەمـەریکییـەکانیش بە پارچەکی دیرۆکی دەناسن، ڕەگی هـەیە و هـەموو هـاوڵاتیـانی ئەمەریکی لە نێو هزری بە ئەمەریکیبوونیـان یەک دەخات.[١١٣] لەگەڵ ئەمەشدا، مرۆ دەبی تێبینیی ئەوە بکات کـە توانەوەی هـاوڵاتییـانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە هـەموو ڕەگـەز و ئاین و نەرێتـەکان لە نێو دیموکراسییـە فرە ئێتنییـەکەیدا بـە ویستی خـۆ هاتووەتە دی و نەک بە زۆری زۆردار وەک ئەوەی لـە دەوڵەتە فرە ئێتنییـەکانی تردا دەقەومێ.[١١٤]

ئەمـەریکانیـزم لە سـەر بنەمـای جـوداییـزمی وڵاتـە یەکگرتووەکان دروست بووە و ئەمــەش وەک ئـایدیۆلۆجـیـا لەگـەڵ ئازادیزم ئاوێتـە بـووە و لە بواری جـیـۆگـرافی (دووری لە هـەمـوو دنیـا) و ئەرکی مزگێنیدەریشدا (بە باوەڕی مـەسـیـحـییـەت خـوا پێی بـەخـشـیـوە)، بێـهـاوتاییی وڵاتە یەکگرتـووەکـان ڕەنگ دەداتەوە.[١١٥] لەلایەکی ترەوەش ئازادیزم بە واتەی قـورتاربوون لە ئەهریمەن لە سـەر وڵاتە یەکگرتووەکـانی

پێویست کردووە کە سوپاسگوزاری خوا بێ، لەبەرئەوەی کردوویەتییە وڵاتێکی خێرخواز و شایەن بۆ ئەوەی سەرکردایەتیی دنیا بکات.[116] لەم نموونانەوە دەردەکەوێ کە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە سەر چەند گریمەنێک سازدراوە. کۆوکەر پێی وایە کە نموونە ئاساییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەو وڵاتەی کردووەتە نموونەی نەتەوەیەکی ئاشتیخواز و دەست تێوەرنەدەرێکی ئاوا کە ئەوانی تر دەتوانن شوێن پێی بکەون.[117] بۆیە ئەوەی بۆ دەوڵەتانی دیکە ناچارییە، بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان بژاردەیە (ئیختیارییە).[118]

کریستۆفەر کۆوکەر باسی ئەوەش دەکات کە وڵاتە یەکگرتووەکان بۆیە نایەوێ هاوپشکیی دەستگە ناونەتەوەییەکان بکات، لەبەرئەوەی ناچار دەبێ پابەندی یاسا گشتییەکان بێ. لەگەڵ ئەنجوومەنی نەتەوەکان League of Nations و دادگەی دادی ناودەوڵەتی International Court of Justice بابەتەکە ئەمە بوو. لەو باوەڕەشدایە کە ئایدیۆلۆجیای سیستمی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ باڵی ڕاستی پارێزگارە نوێیەکان[119] چاودێری تاکڕێگەیی سیاسەتی زاوزێ دەکەن و بەم شێوەیەش سیاسەتی دەرەوەی ئاژانسەکانی سەرۆکایەتی بە کۆماری دیموکراتەکانیشەوە پێک دێ. سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوینیش هەر بە هەمان شێوە دادەڕێژ و گەرەکیەتی ناوچەکە بەرەو دیموکراتی بچێت و تورکیاش وەک نموونەی دەوڵەتێکی ئیسلامی دیموکراتی وەربگیرێ.

سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان دوور لە توندوتیژییە و پرۆگرامێکی پراگماتیی هەیە. کۆندۆلیزا ڕایس دەڵێ ژمارەیەکی کەم لەو کێشانەی کە لە دنیادا هەن، دەکرێ بێ ئێمە چارەسەر بکرێ. ئەم گوتەیەش ڕێمان بۆ خۆش دەکا بڵێین کە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان هەر لە شەڕی دووەمی جیهانەوە لە سەر بنەوای واقعییەتی تاکەکەسی و مرۆڤایەتیی هەلپەرستەوە داڕژاوە.[120] لەو پاساوەی ڕایس بۆ لادانی سەدام هێنایەوە کە بە هەڕەشەیەکی درێژخایەنی لە ئاسایشی ناونەتەوەیی ناساند و سەرۆکیش باسی پێویستیی بە ڕێژیمێکی نوێ کرد کە هێمای ئازادیی نەتەوەکانی تری هەرێمەکە بێ بۆمان بە دیار دەکەوێ کە چۆن وڵاتە یەکگرتووەکان ڕیالیزمی بە بابەتی مرۆییەوە بەستاوەتەوە و واشی ڕێک خستووە کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا بگونجێ.[121]

ئەم گۆتە claim دژەوەرانە ناتفاقیی نێوان کردەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ڕێبازەکەی نیشان دەدەن، کەچی لە هەمان کاتیشدا ئەوەش نیشان دەدەن کە وڵاتە یەکگرتووەکان، بە ناوی پاراستنی لیبرالیزمەوە، بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆی دەپارێزێ. کەچی کە وڵاتە یەکگرتووەکان چووە عێراق بۆ ئەوەی بە قسەی خۆیان لە سەدامی ئازاد بکەن، هێزی بەکار برد و لەبەرئەوەی بۆ پەلامارەکەشی، تەخویلی لە ئەنجوومەنی ئاسایشی ناونەتەوەییش وەرنەگرتبوو، بۆیە دەگوترێ کە بە شێوەیەکی نایاسایی ڕەوتی کرد.[١٢٢] لێرەوەیە کە ڕایس سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بە بەرهەمی تێک هەڵکێشەی ئایدیالیزم و ڕیالیزم دەبینێ و ناوی لێ دەنێ ڕیالیزمی بێ هاوتای ئەمەریکایی.[١٢٣] ئەم جۆرە سیاسەتە نوێ نییە و لەوەتی شەڕی دوومی جیهانەوە تا ئێستە هیچ نەگۆڕاوە. تاکە جیاوازییەکەی لە جۆری شرۆڤەی بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەردەکەوێ. پێشتر بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ڕێژیمە ئۆتۆریتارییەکانی ڕۆهەڵاتی ناوین بوو، لەبەرئەوەی پشتیوانییان لە پاراستنی تەناهیی هەرێمەکە دەکرد بەڵام بە بۆچوونی ڕایس ئێستە ئەمە گۆڕاوە.[١٢٤] ڕووداوەکانی ٩/١١ سەلماندی کە ئەم جۆرە سیاسەتە ئارامییەکی بەدرۆی پەیا کردبوو، لەبەرئەوەی هیچ دەروازەیەکی شەرعی لەو هەرێمەدا نەبووە بۆ ئەوەی مرۆڤ بۆچوونی خۆی لێیەوە دەربرێ.[١٢٥] دیارە کە وڵاتە یەکگرتووەکان بەرژەوەندیی نیشتمانی لە پاراستنی پارسەنگی هێز لە هەرێمەکەدا گۆڕیوە و ئێستا دەیەوێ گەشەکردنی دیموکراسی لە ڕۆهەڵاتی ناویندا بکاتە تۆقەڵەی کارە پێشینییەکانی priorities خۆی و بەهێزی بکات.[١٢٦] بەم جۆرە، ئەمەریکا ئێستە گەرەکییەتی لایەنگریی پرۆسەی دروستبوونی دەوڵەتی دیموکراسی بکات و ئازادیشی کردووەتە مەرجی سەرەکی بۆ ئەوەی ئارامی لە هەرێمەکەدا سەقامگیر ببێ.[١٢٧] بە گوتەی جۆرج و، بوش، ئەم ئامانجانەیە ئەوەیان کردووەتە پێویست کە لە ساڵانیدا دێت پشکداری دروستکردنی دەوڵەتان بن (...) بۆ ئەوەی یارمەتیی دەوڵەتانی ڕۆهەڵاتی ناوین بدەن تا بە سەر بیرۆکەی توندوتیژی (عونف)ی ئیسلامی توندڕۆدا زاڵ ببن و ستراتیجی پێوەندییەکان لەگەڵ دەسەڵاتە گرینگەکان ساز بدەین.[١٢٨]

لە سەر ئەم بنەوایەدا بە شوێن ئەو دیارخەرانەدا دەچم کە لەوەتی شەڕی

دووەمی جیهانییەوە سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکانی لە ڕۆژهەلاتی ناویندا ساز داوە. لێرە بەدەر دەکەوێ کە سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان بە پشتیوانیی هێزی سەربازی و توانستی ئابوورییەوە، ژیگەکەی بۆ بەرژەوەندی خۆی ساز دەکات نەک ئەوەی کە خۆی لە ڕووداوە ناوەتەوەییەکان ڕابێنێ. پشتیوانیکردنی جۆرج و، بوش لە کورد بۆ لادانی سەدام حوسێن لە دەسەلات و ناسینی وەک مەترسییەک لە هەرێمەکەدا، زەقترین نموونەی ئەو سیاسەتەیە. بە پێی گوتارەکەی سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان باراک ئۆباماش هەمان ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەیی پەیڕەو دەکات.[١٢٩] هەر بۆیە ولاتە یەکگرتووەکان تایبەتمەندیی ئەوەی هەیە کە بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەچێ و هیچ بایەخێک بە دەقی سیاسەتە نێودەوڵەتییەکان نادات.

بۆیە بەشی دادێت، ئەوە نیشان دەدات کە بەرژەوەندییە ئابووری و جیۆپۆلیتیک و ستراتیجییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان لە توێی ڕێبازی سیاسەتی سەرۆکایەتی دەردەکەوێ و بنەوای دیارخەرە فەرمی و نافەرمییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان نیشان دەدات. بەشەکانی دواتریش ئەوە پێشنیاز دەکەن کە پێوەندییە ئاژاوەییە ناوەتەوەییەکان و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان لە سیاسەتە ئاشکرا و نهێنییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبەر لایەنە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان ڕوون دەکەنەوە.

٤- سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوین لە ١٩٤٥ەوە: گەڕان بە دوای بەرژەوەندیی نیشتمانیدا

لە شەڕی دووەمی جیهانەوە سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوین، لە ژێر نەشتەری بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانەوە زنجیرەیەک گۆڕانکاریی بە سەردا هاتووە. سەرۆکایەتییەکان کاریگەری بیورۆکراسییەکان و پاتەپەستۆی کەشی دەرەکی و مانەوەی ولاتە یەکگرتووەکان بە خۆی و بە ئاسایشی ئابووری و سەربازییەوەیان، بە شێوەیەکی جودا بینیوە و ئەم بۆچوونانەش هەمیشە دیارخەری زیندووی ڕێکخەری سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان لە هەرێمەکەدا بووە.[١٣٠] سووربوونی ولاتە یەکگرتووەکان لە سەر پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و جیۆستراتیجییەکانی خۆی لە ڕۆژهەلاتێکی ناوینی مەزنتر،

بۆچوونی سیاسەتی دەرەوەی پێک هێناوە، جا با پیادەکردنی ئەو سیاسەتەش بە شێوە جیاواز بێت.[١٣١]

یەکەم گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکانم لە ڕۆژهەلاتی ناوین لە سەردەمی دوای شەڕی دووەمی جیهانی دەستنیشان کردووە. لەبەرئەوەی لەو سەردەم ولاتە یەکگرتووەکان لە دۆخی خۆ پەراوێزگرتنی لە کاروباری ناونەتەوەییەوە دەرچوو و هات سیاسەتی خۆ تێوەگلانی ناڕاستەوخۆی پەیڕەو کرد.[١٣٢] هەرچەندە ولاتە یەکگرتووەکان پێشتر ڕێککەوتنی ئابووریی لە هەرێمەکەدا هەبووە، بەلام ئەو سیاسەتە کۆنەپەرست پارێزەرەی ولاتە یەکگرتووەکان، وەک ڕوسیا و ئەلمانیای هیتلەری، پەیڕەوی دەکرد، بۆ ئەوە بوو نەهێلی بۆشاییی دەسەلات لەو شوێنانەدا پەیدا ببێ کە دەسەلاتە ئەوروپاییەکان بە لاوازییەوە بەجێیان هێشت، پێ دەچێ لەوەوە ڕەگی پەیدا کردبێ کە ولاتە یەکگرتووەکان ویستبێتی، باری ڕەخساو (وەزعی ڕاهن) نەگۆڕێ.[١٣٣] بۆیە ولاتە یەکگرتووەکان دەخوازێ باری سیاسی و ئابووری سەقامگیر بێ و ڕۆژهەلاتی ناوین گەشە بکات ئەمەش لە خوتی بنەوای سیاسەتی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیەوە دەرچووە. ئەو ئەمبارە ژێرزەوینە نەوتاوییە لە ڕۆژهەلاتی ناویندا هەیە و ئەو پێویستییەی کە ولاتە یەکگرتووەکان بۆ نەوت هەیەتی، لەبەرئەوەی گەورەترین سووتێنەری وزەیە و کۆگەی ستراتیجیی کەمی هێناوە، ڕێبازی سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان شرۆڤە دەکەن.[١٣٤]

مانەوە و بەرفرەبوونی ئابووریی ولاتە یەکگرتووەکان بە سەرچاوەی وزەوە بەندە[١٣٥] و ئەمەش وا لە ولاتە یەکگرتووەکان دەکات کە هەوڵ بدا کێلگە گەورەکانی نەوت لەبەر دەستی ئەو کۆمپانیانەدا بمێنێتەوە کە ولاتە یەکگرتووەکان خودانیانە.[١٣٦] لەبەرئەوەی واشنتۆن گەرەکیەتی دەستی بە سەر ئەم هەرێمەدا بشکێ، بۆیە هەستا سیاسەتێکی تایبەتی لێی پەیڕەو کرد و دەوڵەتی ئیسرائیلی (١٩٤٨) لێ دامەزراند و بابەتی ئاشتیی جیهانی پەیا کرد و لە دژی بەرفرەبوونی سۆڤیەتە کۆمیونیستەکان وەستا و ڕێژیمی دۆستی خۆی لە ڕۆژهەلاتی ناوین دامەزراند.[١٣٧] لەو سەردەمەوە تا ١٩٧٠کان، سەرۆکەکانی ولاتە یەکگرتووەکان لە کۆماری دوایت ئێیدیناوەر ١٩٥٣–١٩٦١ و لە دیموکراتیش جۆون ف. کێنێدی ١٩٦١–١٩٦٣ و لیندن ب. جۆنسن ١٩٦٣–١٩٦٨، سیاسەتی فەرمی و نافەرمیی

ولآته یەکگرتووەکانیان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان ڕێک دەخست.

٤-١ سیاسەتی دەرەوەی ولآتە یەکگرتووەکان لە ترومانەوە بۆ نیکسن

پاش ئەوەی جـۆرج کـێنان و دوایت ئێـیـدیناوەر ئەنجـوومـەنی ئاسـایشی نەتەوەییـیان وەشـاند، سیاسـەتی دەرەوەی ولآتە یەکگرتووەکان لـە ١٩٥٠کاندا لە بنـچـینەوە پێش کـەوت لەبەرئەوەی بۆمـبی ئەتۆمـی لە ١٩٤٩دا سـازکـرا.[١٣٨] بەڕێوەبەرایەتیی ولآتـە یەکگرتووەکـان پابەندی لە قـاف کـێشـان (ئیـحـتـیـوا)ی سۆڤیـەت،[١٣٩] بوون و بەکارهـێنانی هێزی لەشکر و دەست تێوەردانی نهـێنیی لە ڕێگەی ڕێکخراوە سیـخـوڕییـەکانی وەک سی ئای ئەیان پەیڕەو کرد و یارمـەتیی ئابووری و سـەربازی هاوپەیمانە هەرێمییەکانیان[١٤٠] دا و ئەمانەش، بۆ چەند دەیە ساڵێک، بنچینەی سیاسەتی دەرەوەی ولآتە یەکگرتووەکانیان پێک هێنا.[١٤١]

ڕۆڵی سی ئای ئەی و ئەوانی تریش ئەوە بوو لەو شـوێنانەدا کار بکەن کە ولآتە یەکگرتووەکان نەیدەویست بە ئاشکرا خۆی تێ وەر بدا.[١٤٢]

بە بۆچوونی هۆشـەنگ ئەمیر ئەحمـەدی سیاسـەتی لە قاف کێشان داهێنانێکی ولآتە یەکگرتووەکان نەبووە بگرە لە سەرەتادا لە بەرانبەری ئەو ئایدیۆلۆجیا دژوارە دروست بووە کە ستالین لە ئاست ئایدیۆلۆجیای لیبرالیزمی ولآتە یەکگرتووەکاندا پەیڕەوی کردبوو.[١٤٣] لە ئەنجامی شێوازە بەرفرەئامێزەکەی یەکەتیی سۆڤیەت و وازهێنانی سـتـالین لە سـیسـتـمی سـەرمـایەداری لیـبـراڵـی ولآتە یەکگرتووەکـان، گـومـانی ولآتە یەکگرتووەکـانی سـەبارەت بە یەکـەتیی کـۆمـارە سـۆشـیـالیسـتـە سـۆڤـیـەتیـیـەکـان (ی.ک.س.س.) بە هـەقـیـقـەت گـەیاند. لە بـەرانبـەریشـدا ئەو دوژمنداریـیەی سۆڤیـەتییـەکانیش لە لیبرالیزمی ولآتـە یەکگرتووەکانی دەکرد بە ڕادەیەکی زۆر بنـچـینەی سـۆڤـیـەتی شـیـوعـیی گـۆڕی. کـاردانـەوەی ولآتە یەکگرتووەکـان و چڕترکـردنی ڕکـەبەریی ئایدیۆلـۆجی لەگـەڵ ی.ک.س.س. تۆوی شەڕی ساردی چاند. پێوەندییەکانی نێوان ولآتە یەکگرتووەکان و ی.ک.س.س. لە ڕووخـانی کۆمـاری مـەهاباد لە ١٩٤٦وە دەردەکەوێ و ڕەنگە ئەمـەش، لە ڕۆهـەڵاتی ناویندا، یەکـەم قـەفی زنجـیرەی ڕووبەڕووبوونەوەی و.ی - ی.ک.س.س. بـووبێ. لە بەشی چوارەمیشدا دەردەکەوێ کە کێشەی کورد لە ڕاستیدا لەگەڵ دروستبوون و لەگـەڵ یارمـەتیـیـەکانی سـۆڤیـەت بۆ یەکـەم دەوڵەتی تەمـەن کورتی کـورد لە پاش

شەڕی دووەمی جیهاندا پەیا بووە.

ولاّتە یەکگرتووەکـــان لەوە ترســـا نەکـــا هەرێمی ڕۆهـەلاّتی ناوین بکەوێتـــە بەردەسـتی شـیـوعـیـیـەکان، بۆیە بنەوای ئایزینـهـاوەری (لە ٥ یەنایری ١٩٥٧) بە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ولاّتە یەکگرتووەکان شرۆڤە کرا.[١٤٤] شوێنی جـیـۆسـتـراتیـجـیی ڕۆهـەلاّتی ناوین وەک سـەنگەرێکی دژی سـۆڤـیـیـەتیـیـەکـان و دەوڵەمەندیی ناوچەی کەنداو بە سەرچاوە پیترۆلییەکانی و کەمبوونەوەی کانگەی پێترۆڵی ناو ولاّتە یەکگرتووەکان، لە ١٩٧٠کانەوە، دیارخەری سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی ولاّتە یەکگرتووەکانیان پێک دەهێنا.[١٤٥] بۆیە ڕێککەوتنەکانی بەرگری و ڕێککەوتنەکـانی هاریکاری لە ١٩٥١ و ١٩٥٢، بە پێی پەیمانی بەغـدا لە ١٩٥٥، لەگـەڵ تورکـیـا و ئێـران (پاشـان بووە ڕێکخـراوی پەیمانی ناوەندیی سـەنتـۆ لە ١٩٥٩دا) لە قاف کێشانی سۆڤیەت و دان پێدانانی ئیسرائیل بەرجەستە بوو.[١٤٦]

دەست تێـوەردانی تایبـەت بە هاندانی کـودەتا سـەربازییـەکـان کـە لـە هەرێمـە بەرفـرەوانتـرەکـاندا دەبن، سـتراتیـجـییـەتێکی نافـەرمـیـیـە.[١٤٧] بە پێی بنەوای ئایزینهاوەر کە لە ئاداری ١٩٥٧ەوە پیادە کرا، ولاّتە یەکگرتووەکان پێویستی بە بەکارهێنانی لەشکر هـەبوو بۆ ئەوەی بەرگری لە یەکەتیی خـاک و سـەربەخـۆییی سیاسیی هەر دەوڵەتێکی ڕۆهەلاّتی ناوین بکات کە بە ئاشکرا داوای یارمـەتی لە ئەمـەریکا دەکـات بۆ ئەوەی بەرپەرچی هەر لەشکرکـێشـیـیـەکی ئاشکرای هەر دەوڵەتێک لەو دەوڵەتـانە بداتەوە کە لەبن دەسـتی کۆمـونیـزمیی ناودەوڵەتیدانە.[١٤٨] بۆیە خــەمی گــەورەی ولاّتە یەکگرتووەکـان ئەوە بوو کــە یارمــەتیی ســەربازی و ئابووریی نەتەوەکـانی ڕۆهەلاّتی ناوین بدات تا بتـوانن بەرپەرچی سـۆڤـیـەتەکـان بدەنەوە.[١٤٩] لێرە بەکارهێنانی زاراوەی (نەتەوەکان) بە واتەی (نـەتەوە دەوڵەتەکان) ئەوە ڕوون دەکـاتەوە کـە ولاّتە یەکگرتووەکـان لایەنـە کـاریگـەرە نا دەوڵەتەکـان و بەرژەوەندییـەکـانیـانی لە بەرژەوەندییـە تایبـەتەکـانی خـۆی ترازاندبوو.[١٥٠] لە ڕاسـتـیـدا، سـیـاسـەتی دەرەوەی ولاّتە یەکگرتووەکـان تا ١٩٦٠ەکان و ١٩٧٠کـان بایەخی بە قـەوارە نادەوڵەتییەکان نەدەدا و سـەری خـۆی پێیانەوە نەدەهـێشـاند. سیاسـەتی هەڵبـژاردنی قـەوارە دەوڵەتییەکان بەردەوام بـوو شـەرەکایەتییـەکانی دیموکـراتی هاری ترومـەن و کـۆمـاریی دوای ئایزینهـاوەر سـیـاسـەتی پاراسـتنی سەرچاوەکانی وزەیان پەیڕەو کرد و بەرپەرچی هەر دەسـەلاّتێکی کۆنەپەرستیی لە

جـۆری ی.ک.س.س. داوه و ئـایزینهــاوەر نەک هەر بە تەنیــا بـە چڕی خــۆی لە کاروباری ڕۆهەڵاتی ناوین هەڵقورتاند، بگرە لە ڕێگەی سی ئای ئەیەوە، دەستی بە کردە نهێنییەکانیش کرد.[151]

لە ١٩٦٠ەکـانیش سیـاسـەتی دەرەوەی وڵاتـە یەکگرتووەکـان هـەر بە ئاراسـتـەی پاراستنی باری ڕەخسـاو و پارسەنگی هێزی لـە ناوچەی کەنداوی تژە نەوت چوو بۆ ئەوەی بەرژەوەندی وڵاتە یەکگرتووەکان بپارێزێ.[152] لەو کاتەی کە شیـوعییـەت تەشـەنەی دەکرد و ئایدیۆلۆجیای نەتەوەپـەرستیی جەمال عەبدولناسریش سـەری هەڵدەدا، پەلە بە سیـاسـەتی نهێنی و ئاشکرا دەکرا. بەپێی دەسـتـەی پـلاندانانی ئەنجوومـەنی ئاسـایشی نەتەوەیی لە ١٩٦٠دا، نەتەوەپـەرستی لـە ڕۆهەڵاتی ناویندا هێـزی بالادەست بوو و دژایەتیکردنی ڕۆئاواش تەشـەنەی کـرد.[153] کـە دەوڵەتانی عـەرەبی خۆیان لە ڕێکخراوی پەیمانی باکوری ئەتلەسی (ناتۆ) دوورەپەرێز گرت و دەستگەیەکی ڕۆئاواییی دەسەڵاتداریش لەو ناوەدا نەبوو، ئیتر وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەر کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە ڕشتتر بوو.

لە کـاتێکدا کە سـەرکـردایەتییـە نوێیـەکـەی وڵاتە یەکگرتووەکـان وەک جـاران بایـەخی بە سـەقـامگیـریی نـاونەتەوەیی دا، ئـەو سیـاسـەتانەی سـەرۆکـایەتیی دیموکراتە نوێیەکانی جۆون ف. کێنێدی چیتر بە دەوری هەڕەشـەی کۆمـونیسـتدا نەخـولایەوە.[154] هەروا لەو کـاتەشـدا کـە وڵاتە یەکگرتووەکـان کـۆشـشی دەکـرد لێزمـەی کۆمیونیسـتی لە ڕۆهەڵاتی ناویندا بەربەست بکات، لەو کاتیشدا پشتی ئیـسـرائیلی گرت و لای پێشکەوتنی ئابووری ـ سـیاسی بەرنـەدا و بەکارهـێنانی چەکیشی ڕیسـوا کـرد. لە ڕاسـتیدا سـیـاسـەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لەو کـاتدا دەیویست پارسـەنگی هێـز لە هەرێمـەکـەدا ڕابگرێ بۆیەش ئیـسـرائیلی پڕ چەک کــرد.[155] ڕاوێژکــاری کــەنێــدی و وەزیری دەرەوە، وۆڵت ڕۆســتــاو، بە نـاوی مـاسـۆنییـەتەوە لـەشکری ڕەوانی دەوڵەتە گەشـەکردووەکان کرد بـۆ ئەوەی پەلە بە گەشەکردنیـان بکەن. لە کاتێدا کە کەنێدی سەری زۆر بـە ئیشـەکانی سیاسـەتی دەرەوە قـاڵ بوو، لیندن جـۆونسن کـە لە دوای ئەودا هـات، تووشی شـەڕی ڤـێتنام بوو.[156] وڵاتە یەکگرتووەکان لە شەڕەکە دۆڕاندی و جۆنسن ئیستیقالەی دا، ئینجا هەڵبژاردن کرا و ڕیچەرد نیکسن ١٩٦٩-٧٤ تێیدا سەرکەوت.

٤-٢- سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ١٩٧٠کاندا

هاتنی ریچارد نیکسن بۆ حوکم دووەم وەرچەرخانی لە سیاسەتی ناونەتەوەییی وڵاتەیەکگرتووەکاندا پێک هێنا. ئەمە تەنیا لەبەر ئەوە نەبوو کە نیکسن دەوڵەتانی هەرێمی وەک ساتێلایت بۆ خۆی بەکار هێنا، بگرە لەبەر ئەوەش بوو کە ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبەری لایەنە کاریگەرە نا دەوڵەتەکانیش گۆڕا. لەو دەمەی کە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان وەک خۆی ماوە و نەگۆڕا، ئەمەریکا لە سەردەمی نیکسن و کیسینگەردا، لە جاران توندتر پابەندی بەرژەوەندییە نەتەوەیییەکان بوو.[١٥٧] ئەو خەرجییە زۆرەی لە شەڕی ڤێتنام رۆیی و گەشەکردنی بازاڕە ژاپۆنی و ئەوروپاییەکان، سیاسەتی نیکسنی بەرەو والابوون برد و وڵاتە یەکگرتووەکان لە رێگەی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی رۆهەڵاتی ناوینیش، ویستی لە لایەکەوە، هەرێمەکە بپارێزی و نەهێڵی هیچ جیۆستراتیجییەکی سۆڤیەتی گلی بداتەوە و لەلایەکەی تریشی نەهێڵی ی.و.س.س. بە قەراخی دەریا بگات.[١٥٨]

بنەوای جمکە جەوسەر Twin Pillarsی نیکسنی بۆ ئەوە بوو باری ئێستەی هەرێمی و ناونەتەوەیی وەک خۆی بێڵێتەوە. تایبەتمەندیی ئەم سیاسەتە ژیرانەیە بۆ ئەوە بوو هێز بەکارهێنان بکاتە نایاسایی و پارسەنگی هێزیش رابگرێ.[١٥٩] بۆیە لەبری ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ خۆی هێز بەکار بێنێ، هێزە هەرێمییەکان رۆڵی بنکەکانیان گێڕا تا رێخۆشکەری بۆ ئامانجەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە هەرێمەکەدا بکەن و لەو ماوەیەدا تێبینی دەکرێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان یارمەتیی ئێران و عەرەبستانی سعوودیی دا بۆ ئەوەی باری ئێستەی ناوچەکە بپارێزن.[١٦٠] ئەگەر رووداوێک هاتە پێش و ئێرانییەکان نەیانتوانی وەک پێویست یارییەکە بکەن، عێراقی سەدام جێیانی دەگرتەوە.[١٦١]

نیکسنیش شوێن پێی ئەوانی پێشی خۆی کەوت و بەرژەوەندیی نەتەوەییی لە هەمان چوارچێوەدا پیادە کرد و جیاوازییەکەی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ بنەمای سیاسەتی راستیی ویلسنییەکان زاووزێ پێ کرد.[١٦٢] ئەمجارە وڵاتە یەکگرتووەکان سیاسەتی نزمی هەڵبژارد بۆ ئەوەی ئامانجەکانی خۆی پێیانەوە وەدی بێنێ.[١٦٣] کیسینگەر بنەوای تێوەگلانی وڵاتە یەکگرتووەکانی لە کاروباری

ناونەتەوەییدا ڕێک خست، بۆ ئەوەی شێوەیەکی تازەی سەرکردایەتی ئاوا نیشان بدا کە بە پێی بۆچوونی ئێمە بێت نەک لە بن دەستی ئێمەدا بێت، لەبەرئەوەی چیتر هێندە بەهێز نییە تا بە تەنیا کار بکات.[١٦٤] بۆیە ولاتە یەکگرتووەکان خۆی لە چین و لە ی.ک.س.س. نزیک کردەوە و چەکی لە سیاسەتی دەرەوەی خۆی داماڵی و هەرچەندە ئامانجە نەریتییەکانیشی نەگۆڕان، بەلام پەیمانی دژە مووشەکی بالاستی و وتووێژی کەمکردنەوەی چەکە ستراتیجییەکان (ساڵت ١، لە ١٩٧٢) و پاشتریش ساڵت ٢ی[١٦٥] لەگەڵیاندا ڕێک خست.

تاکتیکی سیاسەتە نزمەکەی ولاتە یەکگرتووەکان زۆری نەخایاند و تووشی نەتەوەپەرستیی عەرەبی و ئایدیۆلۆجیای کۆمیونیستیی ی.ک.س.س. و هەڕەشەی ڕادیکاڵە ئیتنییەکان هات.[١٦٦] لە ١٩٧٠کاندا، قووڵبوونەوەی ململانێی عەرەب ـ ئیسرائیل[١٦٧] و تەنگژەی ئابووری لە ١٩٧٣ و پەیابوونی ئەو هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتانەی وەک بزووتنەوە نەتەوەیی و دینییەکان، هێشتا بەڕێوەبەرایەتیی ولاتە یەکگرتووەکانیان تەیارتر کرد.[١٦٨] بەم پێیە پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل هاودەم لەگەڵ کۆمیتەی کابینەی شەڕی تیرۆر و گرووپی کارای لەبارەی تیرۆریزم (٢٥ی سێپتێمبەری ١٩٧٢)، کە وەزارەتی دەرەوە بەڕێوەی دەبرد و ئامانجەکەیشی بەرەنگاربوونەوەی توندڕۆیی ئاینی و کردەوە تیرۆریستییەکان،[١٦٩] بوو دیسانەکە هاتنەوە سەر تۆقەلانی ئەجێندەی سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان[١٧٠] ڕەنگە لەم سەردەمەوە بێ، ولاتە یەکگرتووەکان بایەخی بە هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان دابێ و ئەو ١٦ ملیۆن دۆلار یارمەتییە نهێنییەی ولاتە یەکگرتووەکان لە کۆتایی ١٩٦٠ەکاندا، بۆ کوردی عێراقی نارد تا عێراقی هاوپەیمانی ی.ک.س.س. بێهێز بکەن، ئەمەی تێدا ئاشکرایە.[١٧١] لە بەشی چوارەمدا، بە ڕاشکاوی باسی ئەوە کراوە کە ولاتە یەکگرتووەکان دەستی لە پشتیوانیکردنی مەلا مستەفا بارزانی لە ١٩٧٥دا هەڵگرتووە و وەک نوێنەری بزووتنەوەی کوردی عێراق پشتی نەگرتووە و هۆیەکانی ڕەوشتی سیاسیی ولاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە کورد شرۆڤە کراوە.

لە ١٩٧٠کانەوە بە دواوە، هەرێمی ڕۆژهەلاتی ناوین تووشی وەرچەرخانێکی سیاسی هات و لە ئەنجامی دەرکەوتنی خومەینیزم لە ئێرانی ١٩٧٩ و بە هۆی شەڕی یەکەمی کەنداو، لەشکرسازی لە سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان

پەیا بوو. کەچی پێ دەچێ کە بەرژەوەندییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆهەلاتی ناوین نەک هەر نەگۆڕابێ بگرە تەنیا چەند وردە جیاوازییەکی تێ کەوتبێ. سەرۆکایەتی لە سەردەمی سەرۆکی دیموکرات جیمی کارتەر ١٩٧٦-١٩٨٠ لە سەر کۆنترۆلکردنی سەرچاوە سروشتییەکانی ڕۆهەلاتی ناوین و پاراستنی کەنداو و لە قاف کێشانی شیوعییەت و شیعەییزمی خومەینی (کە ئەویش ئایدیۆلۆجیایەکی دیکەی بەرفرەبوونە) مکوڕ بوو. ئەو سیاسەتی ئارامکردنەوە کە کارتەر لە کاتی ماوەی یەکەمی حوکمەکەیدا پەیڕەوی کرد و پێوەندیی ولاتە یەکگرتووەکان - ی.ک.س.س.ی باش کرد و چەکی کەمتر فرۆشت و خەرجیی سەربازیشی کەم کردەوە و کەمتریش پشتی بە هێزە هەرێمییەکان بەست، بەلام ئەمەش وەک جمکە جەوسەری نیکسن زۆری نەخایاند.[١٧٢] ئەم گۆڕانەی سەرنجی ولاتە یەکگرتووەکان بەرەو عێراق و ئێران، تا ئێستەش سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکانی قۆرغ کردووە.

٤- ٣ سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان لە نێوان دوو شەڕی کەنداوی ١٩٨٠. ١٩٩٠دا

ڕێبازی زبیگنیێڤ برزینسکێ، ڕاوێژکاری ئاسایشی سەرۆک کارتەر، لە ١٩٨٧وە دیار بوو کە هەلپەرستیی مرۆیی ولاتە یەکگرتووەکان و ڕیالیزمی تاکەکەسی بوو.[١٧٣] نیگاری سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان لەلایەکەوە دیموکراتیزەکردن و مافەکانی مرۆڤی دەگرتەوە[١٧٤] و لەلایەکەی تریەوە دامەزراندنی بنکە ستراتیجییەکانی لە میسر و سۆمال (بەربرا) و کێنیا (مۆمباس) و عومان (ئەلەسیرە و سیب) و ئیسرائیل و دامەزراندنی هێزی کاردانەوەی خێرا لە کەنداو لە ٣٠,٠٠٠ سەربازی ولاتە یەکگرتووەکان پێک هاتووە، نیشان دەدا.[١٧٥] لە گوتاری باری ولایەتەکان، (٢٣ یەنایری ١٩٨٠) سەرۆک جەختی کردەوە کە هەر هەولێک لە هەر لایەنێکەوە بدرێ بۆ ئەوەی کۆنترۆلی ناوچەی کەنداو بکات، بە هێرشکردنە سەر بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان (لە ڕۆهەلاتی ناوین) دەژمێردرێ و ئەو جۆرە پەلامارەش بە ڕێگەی شیاوە بەرچەرچ دەدرێتەوە.[١٧٦] کارتەر یارمەتیی یاخیبوونی لە دژی کۆمیونیستەکان دا...(و) پشتیوانی کۆنتراکانی نیکەراگوەی و دوژمنانی

کۆمیونیستەکانی ئیتیۆپیا و ئانگۆلای کرد.[177] ولآتە یەکگرتووەکان پێویستیەتی لە ڕووی هەستانی خومەینیزم لە ئێران لە ١٩٧٩ بوەستی و بەرپەرچی داگیرکردنی ئەفغانستانیش لەلایەنی سۆڤیەتییەکانەوە بداتەوە کە لە دیسێمبەری ١٩٧٩ ئەو وڵاتەیان داگیر کرد، لەبەرئەوەی لەوە دەترسا نەکا ئێرانییەکان لە کەنداو ببنە هێزی بالآدەست و ئەمەش سیاسەتی دەرەوەی ولآتە یەکگرتووەکانی بەرەو لەشکربەندی برد.

مەشقبازیی لەشکری ولآتە یەکگرتووەکان لە سەردەمی سەرۆکی کۆماری ڕۆنەڵد ڕێگن (١٩٨١–١٩٨٩)دا نەپساوە. ١٩٨٠یەکان و سەرکەوتنی ڕێگنی وەک سەرۆکی ولآتە یەکگرتووەکان زنجیرەیەک ڕووداوی گەورەی لەگەڵدا بوو،[178] شەڕی کەنداوی ١٩٩٨٠–١٩٨٨و سیاسەتەکانی ولآتە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی شیعایەتی و گرتنی باڵیۆزخانەی ولآتە یەکگرتووەکان لە تاران (٤ نۆڤەمبەری ١٩٧٩ تا ٢٠ یەنایری ١٩٨١) بە دەستی شیعە ڕادیکاڵەکان و ڕێگرتن لە سۆڤیەت نەکا بە ناوچەی کەنداو بگات و کۆتاییی کاتی شەڕی سارد هەموو لە ١٩٨٠یەکاندا قەومان. لە سەردەمی سەرۆکایەتیی ڕێگنیش هەر هەمان قسەی جاران دەبیسترا کە دەیانگوت ئەمەریکا گەورەترین هێزی ئاشتییە لە هەرکوێیەک بێ و لایەنگری بلاوبوونەوەی دیموکراسییە لە هەموو جیهاندا و ئەمانەش لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ولآتە یەکگرتووەکاندا یەک دەگرنەوە.[179] بەم شێوەیە ڕێگن هەمان دەستەواژەی دیموکراسیی بەکار هێنا کە بە پێی بنەوای ئامانجەکانی خۆی بوو.[180] توێکڵەی سیاسەتی دەرەوەی ولآتە یەکگرتووەکان ئەوەبوو کە بەرهەڵستی ی.ک.س.س. بکا لەبەرئەوەی جیاوازییە ئایدیۆلۆجییەکانی لە دژی ڕۆئاوا کردبوویە ئیمپراتۆریەتی شەیتان[181] و لە ئەنجامی ئەمەشدا ولآتە یەکگرتووەکان ویستی ستراتیجییەتی بالآدەستیی سۆڤیەتی ببڕێتەوە.[182] ڕێگن لەو سەرەکەی پێشی خۆی زیتتر بوو و قۆشمەی چەکی لەگەڵ سۆڤیەتییەکان توندتر کرد و کردییە پێشبڕکێی بۆشاییی ئاسمان (سپێیس).[183] لەگەڵ کەمبوونەوەی ماوەی مانەوەی ڕێگن لە حوکم، گێرباچێڤ نەیتوانی چاکسازیی پێویست لە سیستمی سۆڤیەتیدا بکات و ئەمەش گلۆڵەی شیوعییەکانی خستە لێژی و لە ئەنجامیشدا ی.ک.س.س. تاواندەوە.[184]

شەڕی یەکەمی کەنداوی کە لە سەردەمی حوکمی ڕێگن ڕووی دا، یەکەم

ڕووبەڕووبوونەوەی گرینگ بوو کە پێوەندیی سێگۆشەی وڵاتە یەکگرتووەکان و عێراق و ئێران تێیدا ڕەنگی داویەوە. ڕێبازی نیکسن ئەوەی بڕیار دابوو ئەگەر ئێران نەیتوانی بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکە بپارێزێ، ئیتر عێراق شوێنی دەگرێتەوە.[١٨٥] وڵاتە یەکگرتووەکان دەیویست ڕۆژهەڵاتی ناوین لە شەڕەنگێزیی خومەینی و سەدام حوسێن دوور بخاتەوە بۆیەش دەیویست هەردوو لا یەکتری مارکوژ بکەن تا هەردووکیان بدۆڕێن و لەوەش دەترسا هەر بۆشاییەکی دەسەڵات ڕەنگە ی.ک.س.س. بیقۆزێتەوە، بۆیە دەیویست دەوڵەت دەستی لێ نەدرێ.[١٨٦] لە کاتێکدا کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە سەرەتادا پشتیوانیی هەردووک لای دەکرد، لە پاش ١٩٨٣، پارسەنگەکە بە لای سەدامی عێراقدا کەوت.[١٨٧] بۆ ئەوەی باری ئێستەی هەرێمەکە وەک خۆی بمێنێتەوە، بەرژەوەندییە ئابووری ستراتیجییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە کەنداو و لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناویندا لەوەدا بوو پشتیوانیی عێراق بکات.[١٨٨] لەبەرئەوەی کەس نەبوو لە بواری هەرزانفرۆشکردنی نەوتی کەنداوی فارس مل لەبەر ملی عێراق بنێ[١٨٩] و ئەمەش لە بەرژەوەندی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو و ئەو بڕییانەش (دوو ملیۆن بەرمیل نەوتیان لە عێراق و عارەبستانی سعودییەوە)[١٩٠] بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان دەبرد لە ترکزە بوون.

بۆیە لە ئایاری ١٩٨٣، لە بواری بەرژەوەندی هاوبەشیان لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم، وەزیری دەرەوە جۆرج شوڵتز بۆ تاریق عەزیزی وەزیری دەرەوەی عێراقی نووسی کە سیاسەتی عێراق خەریکە لەوە تێ بگات کە تیرۆریستە ناونەتەوەییەکان هەرگیز خزمەتی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان ناکەن.[١٩١] لە گەرمەگەرمەی شەڕی یەکەمی کەنداو (١٩٨٤)، وڵاتە یەکگرتووەکان سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەنی عێراقییەکانەوە، بەرژەوەندی وڵاتە یەکگرتووەکان ناگۆڕێ و پێوەندی نزیکتر لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و عێراقدا هەر دەمێنێ[١٩٢] و نەشیویست ئەم کێشەیە چارەنووسی پێوەندی لەگەڵ عێراق دیار بخات لەبەرئەوەی بەرژەوەندیی هاوبەشیان لەوەدا بوو شەڕەکە زوو بە کۆتایی بێت و لەسەر حسێبی ئێرانیش بێ.[١٩٣] ویستی عێراقێکی سەقامگیر و لە باری ناوەخۆشییەوە ئارام هەبێ و ببێتە هێڵی بەرگری یەکەم کە لە بەرانبەر بەرفرەبوونی ئێران بوەستێ.[١٩٤]

ڕەنگ بوو بەردەوامیی شەڕ گرفتی ڕاستەقینە بۆ ئابووریی وڵاتە یەکگرتووەکان و بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی دنیای ئازادیش دروست بکات،[195] لەبەر ئەمە بوو کە وڵاتە یەکگرتووەکان قەرزی داراییی لە ڕێگەی بانکی هەنارده و هاوردەی عێراقییەوە (بنک التصدير والاستيراد) بۆ عێراق مسۆگەر کرد و ئامانجیشی لەمەدا ئەوە بوو بتوانێ شوێن پێیەک بۆ خۆی لە بازاڕی گەورەی عێراقدا بکاتەوە.[196] سەرۆک لە ١٩٨٢ بڕیاری ئەوەشی دا کە هەر هەنگاوێکی پێویست و یاسایی دەهاوێ بۆ ئەوەی نەهێڵێ عێراق شەڕەکە بەرانبەر بە ئێران بدۆڕێنێ لەبەرئەوەی ئێران بە هەڕەشە دادەندرا.[197] بۆیە لە ١٩٨٢، وەزارەتی دەرەوە عێراقی لە لیستی ئەو وڵاتانە لادا کە پشتیوانیی تیرۆر دەکەن و لە هەمان کاتیشدا وڵاتە یەکگرتووەکان ٥ بلیۆن دۆلاری بۆ عێراق نارد و هانی هاوپەیمانەکانیشی دا بۆ ئەوەی چەک و تفاق بۆ عێراق بنێرن.[198] بە پێی ئەو بەڵگەنامانەی لە ئەرشیڤی ئاسایشی نەتەوەیی لە زانکۆی جۆرج واشنتۆندا پارێزراون، لە ١٩٨٣ وڵاتە یەکگرتووەکان ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی خۆی لە لەقاوغگرتنی دووانەی ئێران و عێراقەوە گۆڕی و لە قاف کێشانێ ئێران و پشتیوانیکردنی عێراقی پەیڕەو کرد.[199]

ڕیجوێی لە توانجێکیدا دەنووسی کە لە ١٩٨٨، هەناردەی کشتوکاڵیی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ عێراق خۆی لە ١ بلیۆن دۆلار دا و عێراقیش بایی ٦.٤٣٣ بلیۆن دۆلار بازاڕی لە وڵاتە یەکگرتووەکان کرد. وڵاتە یەکگرتووەکان لە ١٩٨٨ تا ١٩٩١، ڕۆژانە ڕێژەی ٥٠٠.٠٠٠ بەرمیل نەوتی عێراقی هاوردووە.[200] ئەندامی کۆنگریسی تێکساس (هێنری گۆنزالێس) تێبینیی کردووە کە کۆمپانیاکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بە شێوەیەکی بەرچاو عێراقیان پڕچەک کردووە.[201] حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان هەژدە مانگ زانیاریی سیخوڕیی بۆ سوپای عێراق ڕەها کردووە بۆ ئەوەی یارمەتیی بدات بەرپەرچی ئێرانییەکان بداتەوە[202] و لە نەتەوە یەکگرتووەکانیش پشتیوانیی سیاسیی عێراقی کردووە.[203]

پاش ئەوەی ئێران لە (٢٠ ئابی ١٩٨٨) بڕیاری ژمارە ٥٩٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی قەبووڵ کرد، کە داوای ئاگربەست و دوورکەوتنەوەی لە شەڕ کرد و بەم جۆرە شەڕی یەکەمی کەنداو (سێپتێمبەری ١٩٨٨) لە سەر حسێبی ئێران بەکۆتایی هات. پاشانیش پیرۆسترۆیکا بیرکردنەوەی نوێی گۆرباچێڤ چرای

سەوزی بۆ کۆتایی پێهێنانی شەڕی سارد هەڵگیرساند.

چیتر ئەو دروشمەی کە دەیگوت، هەرچی لە دنیا دەقەومێ ئەگەر لە ئەمەریکای ناوەڕاست نەبی ئێمە هەقمان بە سەریەوە نییە.[٢٠٤] ڕەواجی نەما. ئەو نەرمە چڕبوونەی سیاسەتی ستراتیجیی ولاَتە یەکگرتووەکان و پیادەکردنی کاری بە نهێنی بۆ ئەوەی ئامانجەکانی خۆی بپێکی هاودەم لەگەڵ سیاسەتی بە عەسکەرکردن[٢٠٥]، بە تایبەتیش لە دنیای پاشنوێ postmodern بۆچوونەکانی ولاَتە یەکگرتووەکانیان گۆڕی. بۆیە ولاَتە یەکگرتووەکان گەیشتە ئەو باوەڕەی کە وەک زلهێز، پێویست بوو لە سەری کە شتێک بکات لەبارەی هەر شتێک کە لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایەدا بقەومێ.[٢٠٦] لەم بارەیەوە، دەردەکەوێ کە ولاَتە یەکگرتووەکان لە سیاسەتی ڕاگرتنی یەکەتیی سۆڤیەتی بەردەوام بوو و پشتیوانیی دەسەلاَتی ئیسرائیلی بە سەر خاکدا کرد[٢٠٧] و لەبەرانبەر هزرە ئاینییە ڕادیکالەکانیش وەستا (بە تایبەتیش ئەوانەی کە پێوەندییان بە ئێرانگەیتەوە هەبوو.)[٢٠٨]

شەڕی یەکەمی کەنداو بە ڕاشکاوی ئەوە بە دیار دەخات کە ولاَتە یەکگرتووەکان بە دوای بەژەوەندییەکانی خۆیەوە عەبداڵ بوو و ستراتیجیی سیاسەتی دەرەوەی بەم پێیە داڕشت. لێرەوە دیارە کە سیاسەتی دەرەوەی ولاَتە یەکگرتووەکان هەرگیز بە تایبەت بۆ هێزێکی کاریگەری دەوڵەت یان نا دەوڵەت داڕێژراوە.[٢٠٩] ئاشکرا بوو کە ئۆلیڤەر نۆرت (ئەندامی دەستەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ڕێگنی بوو) لە ئۆکتۆبەری ١٩٨٦ پیلانی بۆ ڕووخاندنی سەدام داڕشتبوو، لەبەرئەوەی ئەو هاوپەیمانەتییەی بەڕێوەبەرایەتیی ولاَتە یەکگرتووەکان ڕێکی خستبوو ئیتر بە تەواوەتی پووچ نەمابوو. ئەو بەیانەش کە دۆناڵد ڕەمسفیلد جاڕی دا و تێیدا گوتی کە ولاَتە یەکگرتووەکان دژی بەرئەنجامی شەڕی عێراق و ئێرانە کە ئەگەر ڕۆڵی عێراق بێهێز بکات یان بەرژەوەندی و ئامانجەکانی ئێران بەهێز بکات،[٢١٠] لەو دەمی بە تەواوەتی لەگەڵ هاوردەکردنی ئەوسای نەوتی ئێران بۆ ولاَتە یەکگرتووەکان ڕێک نەدەکەوت.[٢١١]

هەرچەندە لە ١٩٨٠یەکاندا، بەڕێوەبەرایەتیی ولاَتە یەکگرتووەکان لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی عێراق و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و مرازەکانی لە کەنداو نارەحەت بوو، بەلاَم هێشتا ڕێی لە ولاَتە یەکگرتووەکان نەگرت بۆ ئەوەی

هاوپەیمانی لەگەڵ سەدامدا بکات لەبەرئەوەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە پێش هەموو ئەوانی ترەوە بوو. بە پێی بیرۆی کاروباری سیاسی سەربازی[٢١٢] کە سەر بە وەزارەتی دەرەوەیە، لە خەمڵاندنی پرۆگرامی چەکی ناوکیی عێراق ئەوەی سی ئای ئەی کردی، دەرکەوت کە لە هەردوو لایەنی پلانەکانی عێراق بۆ وەدەستهێنانی چەکی ناوکی[٢١٣] و بەکارهێنانی ڕۆژانەی چەکە کیمیاییەکانی، فرە گرینگ بووە.[٢١٤] تەنانەت ڕێنوێنیەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ژمارە ١١٤ (٢٦ نۆڤێمبەری ١٩٨٣) و ١٣٩ (٥ی نیسانی ١٩٨٤) داوای پاراستنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی لە کەنداو و پتریش کردووە، ئەگەر هاتو عێراق کارێکی وای کرد نەشیا کۆنترڵ بکرێ.[٢١٥]

لە لایەکەوە، پێ ناچێ کە لەو خۆ ئامادەکردنانەی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی پیترۆڵی کەنداو و لە قاف کێشانی ئێران[٢١٦] دەیکرد، هیچ بایەخێکی بە ئاشتیی جیهان دابێت.[٢١٧] لە لایەکی تریشەوە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان هەقیقەتی هەلپەرستی بووبێ و هەر بۆ ئەوەش ئاراستە کرابێ تا باڵادەستیی وڵاتە یەکگرتووەکان لە سیستمێکی سەقامگیریی ناونەتەوەییدا بپارێزێ.[٢١٨] لێرەوە دەردەکەوێ ئەوەی دەگوترێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان ویستوویەتی لەگەڵ هەندێ هێزی کاریگەر هاوپەیمانی بکات، جا دەوڵەت بن یان نا دەوڵەت، قسەیەکی بێ بنەوانە و لەبەرئەوەی دیارە کە گرینگترین بابەت لێرەدا ئەوە بووە وڵاتە یەکگرتووەکان تەنیا ویستوویەتی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی لە ڕێگەی پارسەنگدانەوەی هەر هێزێکدا بەدی بهێنێ.

٤- ٤- سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە سەردەمی دوای شەڕی سارددا

سەردەمی دوای شەڕی سارد دەرگەی گۆڕانی سێیەمینی لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا کردەوە. داتەپینی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی و تێوەگلانی وڵاتە یەکگرتووەکان، بۆ یەکەمین جار، لەگەڵ قەوارە نا دەوڵەتەکان و بە ئاشکرا دەست تێوەردانی لە کاروباری ڕۆهەڵاتی ناوین وەک ئەوەی لە دووەمین شەڕی کەنداو، لە چەند ڕووداوێکدا شرۆڤە دەکرێ.[٢١٩] بەهێزبوونی سەدام لە کۆتاییدا ئێرانی ناچار کرد بە ئاگربەست قایل ببێ (ئابی ١٩٨٨) و داگیرکرنی کوێت لەلایەنی عێراقەوە و بڵاوبوونەوەی شێوە توندڕۆیەکەی ئیسلام[٢٢٠] و تەنگژەی پەنابەران لە ئەنجامی ئەو

هەولانەی سەدام بۆ سەرکوتکردنی ئۆپۆزیسیۆنی ناوەخۆ دای بۆ نموونە: کورد و زێدەبوونی کاریگەریی قەوارە نا دەوڵەتەکانی وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئایاری ١٩٩٢) شێوەی سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکانی لە سەردەمی دوای نوێدا، ساز دا.[٢٢١] ئەمەریکا پێویستیەتی باری هەرێمی و ناونەتەوەییی خۆی وەک گەورەترین هێز لە ناو سیستمی ناودەوڵەتی و بلاوکردنەوەی هێزی ولاتە یەکگرتووەکان لە سەرتاسەری دنیادا، سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان لەم ماوەیەدا دەربخات.

لە دەستپێکی سەرۆکایەتیی جۆرج و، بوش (٢٠ یەنایری ١٩٨٩ تا ٢٠ یەنایری ١٩٩٣) و ئەو ڕێنوێنییەی ئاسایشی نەتەوەیی بە ناوی سیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکانەوە بەرانبەر بە کەنداوی فارس (ژمارە ٢٦، ٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٩) ئەو خواستە وەدی دەکرا کە بەرژەوەندییە نەریتییەکانی ئاسایشی ولاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەیەکی بەرفرەتر لە ڕۆهەلاتی ناویندا دەبێ پەیڕەو بکرێ.[٢٢٢] پێویستییە پێشوەختەکانی ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان لەمانە پێک هاتبوو، کە پێویستی بە دەروازەیەک هەبوو بۆ ئەوەی بە پێترۆڵی کەنداو بگات و پێویستی بەوە هەبوو دەوڵەتە دۆستەکانی پێ بپارێزی و تفاقی سەربازییان بۆ ڕەها بکات و لە دواییشدا پێویستی بوو پێوەندی لەگەڵ ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداودا هەبێ و ئاسایشی ئیسرائیلیش بپارێزێ.

سەبارەت بە عێراقیش، ولاتە یەکگرتووەکان گەرەکی بوو پێوەندیی ئاساییی لەگەڵدا بهێڵێتەوە لەبەرئەوەی خزمەتی بەرژەوەندیی درێژخایەنی ولاتە یەکگرتووەکانی دەکرد و سەقامگیریی لە کەنداو و لە ڕۆهەلاتی ناویندا بتەوتر و باشتر دەپاراست.[٢٢٣] ویستی ئەو ئامانجانە ئەوە بوو کە بەرەنگاری هەڕەشە هەرێمییەکان ببێتەوە و لە ١٥ی نۆڤەمبەری ١٩٨٩دا بەکار خرا. لە ڕێگەی ئەم ستراتیجییەوە کە بەکارهێنانی هێز و دانانی بودجەی پتری سالانە بۆ خەرجیی سەربازی[٢٢٤] تێکەڵ کرابوو، جۆرج و، بوش پەیتا پەیتا و لەوانی پێش خۆی پتر، سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکانی بەلای سەربازیدا لار کردەوە. ئاراستەی هاوچەرخی سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان پێ ناچێ باش بێ. دیاریشە کە لە دوای سەردەمی شەڕی ساردەوە، ئەو سیاسەتە پتر ڕووەو ڕۆهەلاتی ناوین بووەتەوە.[٢٢٥]

شەڕی دووەمی کەنداو گرینگییەکی تایبەتی لە تێگەیشتنی ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ١٩٩٠ەکاندا هەیە. لە قاف کێشانی ئەو وڵاتانەی چەکە کۆمەڵکوژەکانیان هەبوو و مافەکانی مرۆڤیان پێشێل دەکرد و مەترسییان بۆ بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە هەموو جیهاندا هەبوو، توێکڵەی ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو. لە سەر ئەم بنەوایانە بوو کە وڵاتە یەکگرتووەکان لای پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕژیمی سەدام دەگرت و پاڵپەستۆشی دەکرد بۆ ئەوەی لە دوای شەڕی دووەمی کەنداوەوە، سەرکردەکان هەڵوێستەکانیان نەرم بکەن.[٢٢٦] بە قسەی سەعید ئەبوریشی سەربردەنووسی سەدام، دەبێ دیمانە سەرەتاییەکانی سی ئای ئەی لەگەڵ سەدام و وریاکردنەوەکانی کارمەندەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بە هەمان چاو تەماشا بکرێن.[٢٢٧]

ئەو بڕیارەی وڵاتە یەکگرتووەکان دای بۆ ئەوەی هاوپەیمانی لە دژی سەدام لەگەڵ کوێتێدا بکات لە ترسی سیاسەتە کۆنەپەرستەکەی عێراقەوە هات کە کوێتی داگیر کرد و باری ئێستەی هەرێمەکەی تووشی مەترسی کرد. وڵاتە یەکگرتووەکان ئاگای لە توانستە کیمیاییەکەی عێراق هەبوو لەبەرئەوەی کۆمپانیا ڕۆئاواییەکان لە ١٩٨٨ لە دوای سێیەمین شاڵاوی ئەنفال[٢٢٨] بۆیان ئاسان کرد و ئەنفالیش وای کرد کورد لە شەڕی یەکەمی کەنداو لای ئێران بگرن هەروەها ئاگایشی هەبوو لەوەی ڕژیم مافەکانی مرۆڤی پێشێل دەکرد و کورد سزا دەدا و ئەمەش بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکانی تا ڕادەیەکی بەرچاو نیگەران کرد. ئەو متمانە سەربازییەی سەدام لە دوای شەڕی کەنداو بە خۆی پەیدای کردبوو دوژمنداریەتیی لە هەرێمەکە توندتر کرد، لەبەرئەوەی کوێت دەیویست، بە پشتیوانیی وڵاتە یەکگرتووەکان، سەدام ناچار بکات بێتە سەر مێزی دانوستاندن و ئاشتییەکی ئاوای لەگەڵدا مۆر بکات مافی بیر لێدان لە ڕومەیلەی پێ بدات و پەیمانێکی لێ وەربگرێ ئیتر دوژمنداریی نەکات.[٢٢٩]

هەرچەندە بە پێی ڕێککەوتنی ئۆپێک (ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەی پێترۆڵ) لە ١٩٨٩، دەبوو هەر وڵاتێک بڕێکی تایبەتی نەوتی بۆ دیار کرابوو بۆ ئەوەی بۆ دەرەوەی بینێرێ،[٢٣٠] بەڵام کوێت لە ٤٠ لە بەشی خۆی هەنارد و ئەمەش نرخی نەوتی دابەزاند.[٢٣١] بە قسەی سەدام حوسێن، کوێت بە درێژاییی ساڵانی شەڕی

یەکەمی کەنداو نەوتی لە کێڵگەی نەوتی ڕومێلە دەرهێناوە. نرخی نەوتی خاو لە ١٨دۆلاری ئەمەریکییەوە بۆ ١٢دۆلاری ئەمەریکی دابەزی و ئەمەش ڕۆژانە ١٤ بلیۆن دۆلاری لە داهاتی عێراق کەم کردەوە و لەم بارەیەوە سەدام گوتی شەڕێکی تریان لە دژی عێراق بەرپا کردووە.[٢٣٢] بە قسەی لایەنی عێراق بەڕێوەبەری سی ئای ئەی، وڵیەم وێبستەر، لەگەڵ سەرۆکی ئاسایشی کوێت لیوا فەهد ئەحمەد ئەلفەهد، لە نۆڤێمبەری ١٩٨٩دا کۆبووەوە بۆ ئەوەی پاڵەپەستۆ بخەنە سەر عێراق تا سنووری نێوان هەردوو دەوڵەت دووبارە بکێشنەوە. سی ئای ئەی بۆچوونی خۆی سەبارەت بە چۆنیەتیی پاڵەپەستۆکردنی گونجاویان بە عێراقییەکان گوت.

ئەو کۆششانەی وڵاتە یەکگرتووەکان کردی بۆ ئەوەی سەدام قایل بکا کوێت نەگرێ، یان هەر بە قەستی بووە یانیش داو بووە و لە ناو دوولایەنەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا هەبووە. بۆ گۆتەی باڵیۆزی وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێراق، ئێپرڵ گلاسپی، لە نیسانی ١٩٩٠، بە پێی ڕێنوێنیی ڕاستەوخۆی سەرۆک ویستوویەتی پێوەندییەکان لەگەڵ عێراقدا چاکتر بکات، لە ٢٥ی تەموزی ١٩٩٠یش وڵاتە یەکگرتووەکان ئومێدی خواستووە عێراق بتوانی گرفتی (لەگەڵ کوێت) بە ڕێگەچارەی گونجاو چارەسەر بکات.[٢٣٣] لەلایەکی ترەوەش، دیارە کە بوش گوێی بەوە نەداوە کە عێراق دوژمنداریی زۆری لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا هەیە، ویستوویەتی نەهێڵی عێراق هێرش بکات و ئەم پەیامەی هەنارد، ئێمە باوەڕمان وایە کە ناکۆکییەکان باشتر لە ڕێگەی ئاشتییانەوە چارەسەر دەکرێ و هەڕەشە و تێوەگلاندنی هێزی سەربازی هیچ شتێک چارە ناکات. هێشتا بەڕێوەبەرایەتییەکەم مەیلی پێوەندیی باشتری لەگەڵ عێراقدا هەیە.[٢٣٤] ئەو بەیانانەی سەدام لە نیسانی ١٩٩٠وە دەری چواندن، وای لە بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان کرد چیتر لە لە قاف کێشانی سەدام دوودڵ نەبێ.[٢٣٥]

لە خواستەکانی سەرانی عێراق بۆ لکاندنی کوێت بە عێراقەوە و لە چەکە کۆمەڵکوژەکان[٢٣٦] و لە سیاسەتە توورەکەی سەدامی بەرانبەر بە ئیسرائیل بەڕێوەبەرایەتی لە ١٩٩٠ەکاندا، زۆر نیگەران بوو.[٢٣٧] ڕاوێژکارانی بوش گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە ناکرێ سەدام وەک کارتێکی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا ئیتر بەکار بێ.[٢٣٨] ئەو گومانەی بەڕێوەبەرایەتیی سەبارەت بەوەی نەکا سەدام دەست بەسەر کەنداودا بگری و ئەگەری پەلاماردانی عەرەبستانی سعودییە و ترسی

وڵاتانی عـەرەبی لـە هێـزەکـەی سـەدام، ڕێگەی بە باڵی پارێزگـارە نوێیـەکـانی ناو بەڕێوەبەرایەتیـی وڵاتە یەکگرتووەکـان دا کـار لەســەر بنبـڕیی ئەگــەری هێـرشــە ناوکـیـیـەکـانی هـەرێمـەکـە بکەن. سـەرباری ئەمــەش، ئەو باوەڕەی بوش هـەیبـوو بۆ پەلامـاردانی ئەو دەوڵەتە لامـلانەی rogue states کـە بە دوای چەکی کـۆمـەڵکوژدا دەگەڕان و پشـتیوانی تیرۆریزمـیان دەکرد و مافـەکانی مرۆڤیشیان پێشـێل دەکرد، لە بنەڕەتدا لە سـیاسـەتی دەرەوەی عێراقی سـەدامـییـەوە دەربـوو. لەو دەمـی بوو، وڵاتە یـەکگرتووەکـان داوایـەکـانی عـێـراقی بۆ بایـی ٥٠٠ ملیـۆن دۆلاری قــەردی کشـتوکاڵی ڕاگرت و پێنتاگۆنیش چیتر ئەو پارچە یەدەکانەی پێ نەفرۆشت کە دەشیا بۆ مووشەک سازدان وەکار بێن.[٢٣٩]

کـە لـە ٢ی ئابی ١٩٩٠ سـەدام کـوێتی داگیـر کـرد، شـەڕی دووەمی کـەنداوی ڕاگەیاند و دەسـتی بە قـەڵاچۆکردنی کوردیش کرد بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ڕوون کـردەوە دەبێ ئـیـتـر دوژمنداریی ڕژیمی عـێـراق بکات.[٢٤٠] بۆیە بـوش ڕێنوێنیـی ئاسـایشی نەتـەوەییی ژمـارە ٤٥ی لـە ٢٠ ئابی ١٩٩٠دا دەرکـرد و داگـیـرکـردنی کوێتی لەلایەنی عێراقـەوە ڕسـوا کرد و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی ژمـارە ٦٦٠ و ٦٦٢ش داگیرکردنەکەیان بە هـەڕەشـەیەکی گەورە لە بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا ژمارد.[٢٤١] لەبەرئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان پشـتی بە هاوردەی نەوتی کەنداو بەستاوە، بۆیە بە پێی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکانی ژمارە ٦٦١، وڵاتە یـەکگرتووەکـان گـەمـارۆی ئابووری لـەسـەر عـێـراق دادەنێ بـۆ ئەوەی نەهێڵی هـەناردەی نەوت لە عێراق و لە کوێت تووشی خراپی بێت. هێـشـتا لەبەر ئەوەش کــە داگـیـرکـردنی کـوێت لـە ٢ی ئابی ١٩٩٠ لـەلایەنی عـێـراقــەوە هـیچ پاکـانـەیەکی نیـیـە لـەبەرئەوە پەلامـارەکـەی بەهـیچ جـۆر قـەبـووڵ ناکـرێ،[٢٤٢] بۆیە ڕێنوێنیی ئاسـایشی نـەتەوەیی ژمـارە ٥٤ (١٥ی یـەنایری ١٩٩١) جـەخـتـی لەوە کردەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکان هێزی سـەربازی لە دژی عێراق وەکار دێنی ئـەگەر بەرژەوەندییـە گرینگەکانی وڵاتە یـەکگرتووەکـانی وەک نەوتی کەنداوی فـارس یان ئاسـایشی دەوڵەتە دۆسـتـەکانی وەک ئیـسـرائیل لە هـەرێمـەکـەدا وەبەر مـەترسی بدات.

ئەو ڕێنوێنیـیـانەی کــە سـتـراتیـجی وڵاتە یـەکگرتووەکـان بەرانبــەر بـە هـەر پەلامـارێکی گەورەی عێراق تێدا بوو، باسی ئەوەشی دەکرد کە ئەگەر شـتێکی وا

ڕوو بدات، وڵاتە یەکگرتووەکان بەرگری لە عەرەبستانی سعودی و هەر دەوڵەتێکی تری ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو دەکات و هەوڵیش دەدات نەهێڵی مووشەکە بالەستییەکانی عێراق ئاراستەی وڵاتە دراوسێکانی بکرێت و چەکە کیمیایی و ئەتۆمییەکانیشی تێک دەشکێنێ.[٢٤٣] دیاریش بوو وڵاتە یەکگرتووەکان مەرجی ئەوەشی دانا ئەگەر عێراق دووبارە چەکی کیمیایی و بایۆلۆجی و ئەتۆمی بەکار بێنێ بۆ ئەوەی پشتیوانیی تیرۆریستان لە دژی وڵاتە یەکگرتووەکاندا بکات یان ئەگەر کێڵگەکانی نەوتی کوێت تێک بدات. ئەوا وڵاتە یەکگرتووەکان سەرکردایەتییەکەی ئێستەی دەگۆڕێ. لەبەرئەوەی سەدام ڕێنوێنییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی بەلاوە نا، بۆیە وڵاتە یەکگرتووەکان سەدامی بە هەڕەشەی یەکەم بۆ پارسەنگی هێز لە هەرێمەکەدا دانا. وڵاتە یەکگرتووەکان عێراقی بە یاریزانێکی چەمووش دانا کە ناکرێ لغاو بکرێ و بەمەش بەهێزبوونەکەی ئەگەری ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە ڕەنگە مەترسی بۆ دەسەڵاتی وڵاتە یەکگرتووەکان بە سەر نەوتی هەرێمەکە پەیا بکات.[٢٤٤]

دەگوترا لە دوای داگیرکردنی کوێتەوە لە سەدا ١٠ی بەرهەمی نەوتی جیهانی بەبن دەستی سەدام کەوتبوو.[٢٤٥] بۆیە بوش بڕوای بە ئەنجوومەنی ئاسایش هێنا تا بڕیاری ٦٧٨ (٢٩ی نۆڤێمبەری ١٩٩٠) دەربکا و بڕیارەکە دەسەڵاتی ئەندامەکانی دا هەموو هۆیەکی پێویست، بە هێزی چەکداریشەوە، بەکار بێنن بۆ ئەوەی دوژمنکارییەکەی عێراق ببڕنەوە و سەروەریی کوێتیش بگەڕێننەوە.[٢٤٦] کە سەدام نکوڵیی لە کشانەوەی خۆی لە کوێت کرد، تووشی ئۆپەراسیۆنی ڕەشەبای بیابان هات. وڵاتە یەکگرتووەکان بە شەش حەفتە کوێتی ڕزگار کرد. ئەو دوژمنداره‌تییەی سەدام چیتر لە بەرژەوەندی وڵاتە یەکگرتووەکان نەبوو بۆیە پەلاماری دا و هەڕەشەکانی نەهێشت.[٢٤٧] شەڕی دووەمی کەنداو (کە لە ١٧ی یەنایری تا ٢٨ی شوباتی خایاند) و ئەو پەیمانەی عێراق (بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی ژمارە ٦٨٧ لە ٣ی نیسانی ١٩٩١) بۆ نەهێشتنی چەکە کیمیایی و بایۆلۆجییەکانی دای، هاودەم لەگەڵ بەردەوامبوونی گەمارۆی ئابووری (بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی ژمارە ٦٦١) ناوچەی دژە فڕینی (بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی ژمارە ٦٨٨ لە ٥ی نیسانی ١٩٩١) لێ کەوتەوە.[٢٤٨]

هاوپەیمانێتیکردنی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کوێت و لە دژی عێراق و ئەو هەوڵانەی سەدام دای بۆ ئەوەی کورد کۆنترۆڵ بکات و تێوەگلانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی لە ڕێگەی سزا یاساییەکانەوە ئاشتی بگێڕێتەوە، عێراقیان ڕووخاند و ئیتر وەک هێزێکی پڕ دەسەڵاتی هەرێم نەما. هەرچەندە وڵاتە یەکگرتووەکان دژی چالاکییە سەربازییەکانی عێراق بوو کە بۆ سەرکوتکردنی دانیشتووانی سیڤیل و بۆ ڕاماڵینی سەدان گوندی کوردستان لە ١٩٨٠یەکاندا دەکرا، بەڵام هێشتا هەر قایل نەبوو گوێ لە خواستەکانی شۆڕشە ٦٠ ساڵییەکەی کوردستان لە عێراق ڕابگری یان بەرهەڵستیی ئەو هەوڵە شەرعییانەی عێراق بکا کە بۆ سەرکوتکردنی دەیدا.[٢٤٩] هەر لەبەر ئەوەش بوو وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ دووەمین جار پشتیوانیی شۆڕشی کوردی لە دژی عێراقی سەدام لە ئاداری ١٩٩١دا نەکرد. لەدوای شەڕی دووەمی کەنداو بوو کورد لە عێراق وەک هاوپەیمانێکی گرینگی وڵاتە یەکگرتووەکان بەدەرکەوتن و توانییان یارمەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان بدەن تا لە پاشی سەردەمی شەڕی ساردەوە، لە ناوچەکەدا هەر بالادەست بمێنێتەوە. بۆیە پێ دەچێ فاکتەری کورد ئەو دەسەڵاتە بووبێ کە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی لە ١٩٩٠دا، داڕشتبێ. سزادانی کورد لە لایەنی ڕژیمی سەدامەوە، دەسەڵاتی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان ڕەخساند تا لە شەڕی سێیەمی کەنداو لە ٢٠٠٣، دەست بە سەر عێراقدا بگرێ و سەدام لە سەر حوکم لادا.

لە هەمووان دیارتریش بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی ژمارە ٦٦٨ (٥ی نیسانی ١٩٩١) بوو کە داخوازیی لە عێراق کرد کۆتایی بە سەرکوتکردنی کورد بێنی و یارمەتیی مرۆییی کورد بدات. دامەزراندنی ناوچەی دژە فڕین لە باکوری هێڵی پانی ٣٦ لە باکوری عێراق، ڕێگەی نەدا باڵەفڕە عێراقییەکان ناوچەکە ببەزێنن و لەوێ پەلاماری کورد بدەن و بەم جۆرەش باکوری بە تەواوەتی لە هەموو بەشەکانی تری وڵات جودا کردەوە.[٢٥٠] پاشتر وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و فرەنسا و تورکیا ناوچەی ئارامیان (لە ٢٤ی نیسانی ١٩٩١) بە سەر عێراقدا سەپاند و ئەمەش پلانێک بوو بۆ ئەوەی دانیشتووانی کوردی عێراق بپارێزن. هاندەری ڕاپەڕاندنی ئەم پلانە ئەو کۆڕەوەی کورد بوو کە لە دوای شەڕی دووەمینی کەنداو بەرەو ئێران و تورکیا چوو و تەنگژەیەکی بێ

ئەندازەی مرۆییی نایەوە. لە کاتێکدا کە ئێران کوردی عێراقی جێ کردەوە، تورکیا ویستی دووبارە لە عێراق و لە شوێنەکانی خۆیاندا جێنشینیان بکاتەوە. بەم شێوەیە تورکیا ناچار بوو ١٥٫٥٠٠ تەن پێداویستی مرۆیی لە پرۆگرامی ئۆپەراسیۆنی حەواندنەوەیان Comfort Operation Provideدا پێشکێش بکات و بەرنامەکە پاشان (لە ١٩٩٧)دا ناوی گۆڕا و بووە چەکوچی ئامادە -Poised Hammer پاشان دیسان گۆڕ و ئەمجارە ناوی چاودێریی باکور Operation Northern Watchی پێ گوترا.[٢٥١]

بەرئەنجامەکانی دوای شەڕی دووەمی کەنداو و گەشەکردنی کورد تۆوی سەردەمی پاش سەدامی چاند. لەبەرئەوەی سەدام بە بڕیاری ژمارە ٦٨٧ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان قایل نەبوو و ئاگربەستی لەگەڵ کورددا نەکرد و ڕێگەی نەدا بە ڕێکی بە دوای چەکە کیمیایی و بایۆلۆجی و مووشەکە بالەستییەکانی بگەڕێن، ولاتە یەکگرتووەکانی هێنا سەر ئەو باوەڕەی کە عێراق هەوڵ دەدا کەرستەی پێویست بۆ پرۆگرامێکی چەکە ناووکییەکان پەیا بکات.[٢٥٢] ئەو سزا یاساییانەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە سەر عێراقیدا سەپاند و ئەو ئومێدەی بوش دەیخواست کە گەلی عێراق جڵەوی کاروباری خۆی بە دەست خۆیەوە بگری و سەدام حوسێن دەربکا، گۆڕانی هەڵوێستی سیاسیی ولاتە یەکگرتووەکانی ئاشکرا کرد.[٢٥٣] لەوێوە خەمی گەورەی ولاتە یەکگرتووەکان ئەوە بوو سەدام لەوێ نەهێڵێ. هەموو قسەکانی بوش ئەوەیان نیشان دەدا کە ولاتە یەکگرتووەکان ویستی سەدام لەوێ نەمێنێ، لەبەرئەوەی ئەوە لە بەرژەوەندی ئارامیی ئێران و عێراق بوو، بەڵام ئێستە پێچەوانەی ئەمە بەدی هاتووە.[٢٥٤] لە ١٩٩٢ بەدواوە ولاتە یەکگرتووەکان پشتیوانیی لە دەوڵەتی کوردیی ئێستەی باکوری عێراق کردووە و ئەم پشتیوانییە و باوەڕنەمانی بە سەدام، ڕێی پلانەکانی گۆڕینی ڕۆهەلاتی ناوینی خۆش کرد و شەڕی لە عێراق لە ٢٠٠٣دا بەرپا کرد.

لە سەردەمی سەرۆکایەتیی بیل کلینتۆن لە (٢٠ یەنایری ١٩٩٣ تا ٢٠ یەنایری ٢٠٠٣) چوارەم گۆڕانی گەورە بە سەر سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکاندا هات و ئەمجارە سیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکان بۆ لە قاف کێشانی تیرۆریستە جیهانییەکان، هێزە کاریگەرە دەوڵەت و نا دەوڵەتانیشی گرتەوە. لێرەوە دەکرێ سیاسەتی جووتە لە قاف کێشانی ئێران و عێراق شرۆڤە بکرێ و لێرە بوو

سـیاسـەتی توندی وڵاتە یەکگرتووەکانی تایبەت بە یاسـای ئازادکردنی عێراق (١٩٩٨) سـازدرا و پاشـتریش سـیاسـەتی بوش بۆ لێدانی ڕاسـتەوخۆ پەیڕەو کرا.[٢٥٥] هەر چەندە ئەجێندای سیاسـەتی دەرەوەی بیڵ کلینتۆن لە سـەرەتا پێ دەچوو هەندەی ئەوانی پێش خۆی توند نەبێ، لەبەر چڕی لە پارسـەنگی هێز -bal ance of Power و دەشیویست بنەواکانی دیموکراسی و گەشەکردنی ئابووری بە کەمترین خەرجی بڵاو بکاتەوە. ئەمەش هێشتا هەر لە چوارچێوەی ڕیالیزمی هەلپەرستی مرۆی تاکەتی individualistic دا بوو.

ئاندرۆ ویتلی پێی وایە سـیاسـەتی دەرەوەی بیڵ کلینتۆن دابەشی سـیاسـەتی دوورخایەن و سیاسەتی کورتخایەن کرابوو.[٢٥٧] سیاسەتی کورتخایەنە بۆ ئەوە بوو باری ئێستە (بپارێزی و لەگەڵ پرۆسەی ئاشتیی عەرەبی ئیسرائیل و پاراستنی ئامانجەکانی کورد تێک هەڵکێش بووبوو. ئامانجی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوەبوو ئیسرائیل بکاتە هێزێک کە دەسەڵاتێکی خۆبژێو (ئیکتیفای زاتی)ی ببێت و چیتر لە لایەنی ئابووری و یارمەتییەکانی ترەوە پێویستی بە ئەمەریکا نەبێ.[٢٥٨] لایەنە دوورخایەنەکەی ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوە بوو کە ئێران لە قاف بکێشێ و پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ تورکیادا بەهێزتر بکات و پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و سعودییەش بپارێزێ، لەبەرئەوەی سەرچاوەی هاوردەی نەوت و بازاڕەکی باشی بەرهەمە ئەمەریکییەکان بوو.[٢٥٩]

دەستەی بەڕێوەبردنەکەی سەرەک کلینتۆن، بە (مارتن ئیندک)ی ڕاوێژکاری تایبەتی خۆی و گەورە بەڕێوەبەری کاروباری ڕۆهەڵاتی نزیک و باشووری ئاسیا، کاریان لە کلینتۆن کرد بۆ ئەوەی بیرۆکەی بنەوای سەرکردایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان لە سیستمی ناونەتەوەیی لە هەموو دنیا بە هەر هۆیەک بێ بهێڵێتەوە،[٢٦٠] بۆ ئەوەی باری ئێستەی هەرێمی بپارێزی و ڕێگە نەدا هیچ هێزێکی تری لێ هەڵدا. هەر لە چوارچێوەی ئەم ئایدیۆلۆجیایەش بوو کە وڵاتە یەکگرتووەکان ناوبژیوانیی ئەو شەڕەی ١٩٩٤ تا ١٩٩٨ی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد.[٢٦١]

مارتن ئیندک لە دوای ١٩٩٣، دەنووسێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان دەبوو

چاودێریی سـەدام حـوسـێن بکات، لەبەرئەوەی هەرچەندە چیـتـر مـەترسـیـی بۆ دراوسـێـیـەکـانی نەبـوو، بەڵام هێـشـتـاکـە بۆ گـەلەکـەی خـۆی هـەڕەشـە بوو. ئەو بۆچوونەی کە بەڕێوەبەرایەتی دەری بڕی ئەوە بوو ڕژیمی ئێستەی عێراق ڕژیمێکی تاوانکارە و لە کـۆبەندی ناونەتـەوەیی بەدەرە و نـاکـرێش بگەڕێندرێتـەوە.[٢٦٢] بە بۆچوونی ئیندک، لەقـاف کـێـشـانی ئێـران کـارێکی پێـویست بوو، لەبەرئەوەی سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی ئێران دەیویست چەکی ناوکی و چەکە نەرێتییەکان بەدەست بێنی بۆ ئەوەی بتـوانی بۆ دووریان بهـاوێژی، بە هۆی پشـتـیـوانیـشی لە بەرهەڵسـتـیکردنی تـوندوتیـژی... (و) بەهێـزکـردنی تیـرۆریزم لە هـەمـوو دنیـادا، پرۆسـەی ئاشـتـی (عـەرەبی ئیـسرائیلی) هەڵبـوەشـێنێتـەوە. وڵاتە یەکگرتووەکـان تۆماری مـافەکانی مرۆڤی ئێرانی بە تۆقێنەر دەنـاساند و لەبەرئەوەی سیاسەتێکی ئاواشی پەیڕەو دەکـرد کـە هەڕەشـەی لـە بەرژەوەندییـە ڕۆئاواییـیـەکـان دەکـرد و بەرهەڵسـتـیی ڕێککەوتنەکـانی ئیـسـرائیل – بەرەی ڕزگـاریخـوازی فـەلەسـتـینی دەکرد،[٢٦٣] بۆیە ئیرانییەکان بە خـەیاڵیاندا نەدەهات ڕۆژێک لە ڕۆژان پێوەندییەکی ئاسـاییـیان لەگەڵ ڕۆئاوادا هـەبێت. ولیـەم پێری، وەزیری بەرگری لە ١٩٩٥، باسی ئەوەی کردووە کە ئەو دەوڵەتە لامـلانە ویستـوویانە ... دراوسـێکانیـان چاوترسـێن بکەن و هێـزە جـیـهـانیـیـەکان دادۆشن (ئیبـتـزاز) و باڵادەسـتـیی لەشکری وڵاتە یەکگرتووەکانیش نەهێڵن.[٢٦٤]

ئەو مکوڕبوونەی بـەڕێوەبەرایەتی لە سـەر پەیڕەوکردنی هەندێ سـتـراتیـجی دیار نە لەگەڵ ئـەو سزا ئابوورییانە دەگـەیشـتنە یەک کە کلینتۆن بە سـەر سـەدامـیدا سـەپاندبوو نە لەگـەڵ گەشـەکـردنی سـیـاسـەتەکانیـدا یەکیـان دەگـرتەوە.[٢٦٥] لەو توێژینەوەش کە بۆ دەستەی دانایانی ئۆرۆشـەلیم کرا دەرکەوت بۆچوونی پارێزگارە نوێیـەکـان وەک ئەو بانگەوازانە وابوو کـە کەسـانێکی وەک ڕیچـەرد پێرڵ و دێیـڤد وۆرمسـتـەر و دۆنـەڵد فێیت بۆ لادانی سەدام لە حوکم دەریان چواند.[٢٦٦] لە پەیامی بەڕێوەبـەرایەتیـدا دەردەکـەوێ کـە چالاکیـی وڵاتە یەکگرتووەکـان لەم مـاوەیەدا، لە پێـشـدان سـەرکـەوتووتر بـوو. هـەر چۆنێک بێ، تیـمی پـارێزگـارە تازەکـانی ناو بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەو داینامیکەیان پەیڕەو کرد کە ئەجێندای سیاسـەتی دەرەوەی جۆرج و. بوشی بۆ سـەدەی بیست و یەکەمین ڕێک خست.

٥- سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە سەدەی بیست و یەکەمدا

جۆرج و بوش هەمان سیاسەتی باڵادەستی و سەرکردایەتی و قۆرغکردنی سیستمی ناودەوڵەتی، لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا، پەیڕەو کرد و شەڕی دژی عێراقیش لە ٢٠٠٣ لووتکەی ئەو سیاسەتە بوو. ئەو سیاسەتە لە ١٩٩٢ ڕەشنووس کرابوو و پارێزگارە نوێیەکانی ناو بەڕێوەبەرایەتیی بوش بە گەڕیان خست. ئەو بەرنامەیەی دیک چینی بۆ وەزارەتی بەرگری سازی کردبوو، ئەوە بوو وڵاتە یەکگرتووەکان دنیا حوکم بکا و بە تەنیا کار بکات و باڵادەستیی سەربازیی خۆی بپارێزی و نەهێڵێ ڕکەبەری نوێ سەر هەڵبدەن و وەک یەک دەسەڵاتی بە سەر دۆست و دوژمناندا بسەپێنی و تاکە هێزیش بمێنێتەوە.[٢٦٧] لە بەڵێنی بوشدا هاتووە کە هێرشە تێرۆریستییەکەی ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ لە جەرگەی نیویۆرک، شێوازی ڕێکخستنی دنیای نوێی New World Order دامەزراند.

ئەو پەیمانە لە سەر بنەوای بەهێزکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و سەروەریی[٢٦٨] وڵاتە یەکگرتووەکان داڕێژراوە، بۆیە بەرپەرچی هەر هەڕەشەیەکی نوێ دەداتەوە ئەگەر لە ناو سیستمی ناودەوڵەتیدا سەر دەربکا.[٢٦٩] وەک چۆن لە ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەیی لە ٢٠ سێپتێمبەری ٢٠٠٢دا دیارە، پێ دەچوو پەیمانەکە پشتیوانیی ئەوە بکات کە وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ هەوڵ بدا بارودۆخێکی وا لە پێوەندییە ناونەتەوەییەکاندا بخولقێنێ کە پێوەندییە ناونەتەوەییەکانی تێدا کار بکات.[٢٧٠] بۆیە وڵاتە یەکگرتووەکان پەلەی کرد تا لە سەرتاسەری دنیادا، بەرگری لە دادوەری بکات و ئازادیش بەرەو پێشەوە ببات. ئەرکی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو ئەوانە ببەزێنی کە هاریکاریی تیرۆریستانیان کردووە و دەیانحەوێننەوە و دەشبێ سزا بدرێن.[٢٧٢] وڵاتانی وەک ئێران و عێراق و کۆریای باکور تەوەری چەکداریی شەیتانیان پێک هێنا بۆ ئەوەی هەڕەشە لە ئاشتیی جیهانی بکەن،[٢٧٣] بۆیە دەبی بەرپەرچ بدرێنەوە. وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ ئامێرەکانی بازرگانیی ئازاد و لێبوردەیی و تێکشکاندنی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە شەڕی لە دژی شەیتاندا پەیڕەو بکات.

بە گۆتەی بوش لەو بەرەنگاربوونەوەیدا، هێزەکانی دنیا یان دەبێ لەگەڵ ئەودا

بن یانیش تیرۆریستـان هەڵبـژێرن.[٢٧٤] جـۆرج و بوش سیاسـەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکـانی لە دوای شـەڕی دووەمی جـیهانییـەوە تا ئێستـە گـۆڕی و بەرزی کـردەوە. سـەرۆک جـەختی لەوە کـردەوە کـە ئەو خـەباتەی لە سـەردەمی شـەڕی سارددا وڵاتە یەکگرتووەکان دەیکرد، هاوشێوەی ئەم شەڕەی ئێستەیە، لەبەرئەوەی ڕەوشت لە هەر دووک شـەڕەکـاندا بنەوای سـەرکەوتنی ئێمـە بووە.[٢٧٥] بۆیە دیتی میکاڤیلی لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوەی دەڵێ کە ئامانج پاکانە بۆ هۆیەکـان دەکـات، هەر وەک خـۆی مـاوەتەوە. بۆیە لـەم مـاوەیـەدا، پەیڕەوکـردنی ڕێبازە توندەکان بۆ ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بە ئامانجە ستراتیجییەکانی بگات و بەهـایەکـانی دیموکـراتی و سـەرمـایەداری لە هـەر شـوێنێک و هـەر کـاتێکدا بوەشـێنێ و نەهێـڵێ هیچ دەوڵەتێک ڕکـەبەری بەرژەوەندییـەکـانی وڵاتە یەکگرتووەکان[٢٧٦] بکات پەرەی سەندووە و شەڕی تاکتیکی (بۆ نموونە شەڕەکانی بژاردە، وەک ئەوەی کە لە عێراق بوو) و کردەوەی لاچەپیشی گرتووەتەوە.[٢٢٧]

هەرچەندە ئامـانجەکانی سیاسـەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دادوەریی جیهانی و ئازادی و دیموکراتیزەکردن و مافەکانی مرۆڤ لە سەرتاسەری دنیادا ئاشکرایە، بەڵام هەڵەپاسیی سـەرۆک بوش زۆر بەرچاو بووە. لەبەرئەوەی لەلای ئەو، سیاسەتەکانی پێشتری بەڕێوەبەرایەتی لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشانەدا هەرەسـیـان هێناوە کـە لە ڕۆهەڵاتی ناویندا پەیا دەبن و ئەمـەش وای کـردووە پێویستی بە ستراتیجییەکی نوێی ئازادی لە ڕۆهەڵاتی ناویندا هەبێ لەبەرئەوەی پێ دەچێ کارێکی بنچینەیی بێ.[٢٧٨] بوش ئایزینهاوەر ئاسا، بەرژەوەندییـەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی لە تۆقەڵانی سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا دانا. جۆرج بوشیش وەک سـەرۆک کلینتـۆن، کـە لە پێش خـۆی سـەرۆک بـوو، مـرۆڤـپـەروەریی وڵاتە یەکگرتووەکانی لەگەڵ بەکارهێنانی هێز[٢٧٩] پێکەوە ڕاپەڕاند و لە ڕێگەی پەیامێکی واتاییەوە Manichean دەستیان بە سەر بەڕێوەبەرایەتی داگرت و بەو پێیەش وڵاتە یەکگرتووەکان باش شەڕ لە دژی هەر شتێکی جودا دەکات و بەمەش خراپی دەکات. شەڕی دژە تیرۆر و هەرەسهێنانی جیهادییەکان[٢٨٠] بۆ هەموو ئەوانەی هـاریکاری وڵاتە یـەکگرتووەکـان ناکـەن نـوێ نیـیـە.[٢٨١] بـە پێـچـەوانەوە، دوژمنایەتیکردنی توندڕۆیی لە لایەنی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، جا لە شێوەی ئاینی بێ یان نا، درێژە پێدانی ئەو دژایەتییـەیە کـە وڵاتە یەکگرتووەکـان پێـشتـر لە

سۆڤیەتی شیوعی و نەتەوەپەرستیی عەرەبی دەیکرد. لە هەمان کاتیشدا ڕێبازی مرۆییی وڵاتە یەکگرتووەکان و پەیامی دیموکراتیزەکردنی کە بە پێچەوانەی دەقی کردەوەکانیەتی لەوەوە هاتووە وڵاتە یەکگرتووەکان تاکە دەوڵەتێکە لە دنیا بتوانێ هێزەکانی بۆ ئاشتی کۆ بکاتەوە ئەمەش هەقیقەتی تاکڕەوی و هەڵپەرستیی مرۆییی وڵاتە یەکگرتووەکان نیشان دەدات.[٢٨٢] بوش گۆڕانکاریی پێنجەمینیشی لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا کرد. بوش پلانی ستراتیجیی سیاسەتی دەرەوەی کلینتۆنی توندتر کرد و ڕێکخستنی دنیای نوێی بە شێوەیەکی بنچینەیی لە سەر بەکارهێنانی هێزدا دارشت نەک بە هۆی سیاسەتی نەرم و بڵند.

٥ – ١ سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان و شەڕی ناو عێراق

سەرۆکایەتیی بوش زۆر زوو بەوە ڕیسوا و شەرمەزار کرا کە بازی بە سەر بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکاندا داوە و شەڕی لە دژی سەدامی عێراق لە ٢٠ ئاداری ٢٠٠٣دا ڕاگەیاند. هەر ئەمەشیان پێنجەمین گۆڕان بوو کە لە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکاندا کرا.[٢٨٣] لەقاف کێشانی تیرۆریزمی جیهانی و پێویستیی ئەوەی کە وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ بەرەنگاری هەر هەڕەشەیەکی پێشبینی نەکراو لە سەرتاسەری دنیادا ببێتەوە، وایان کرد خەرجیی سەربازی لە هەموو کاتێکی پێشتر ڕەت بدات.[٢٨٤] لە ڕاستیدا تێوەگلانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان کاریگەریی دیاری لە سیاسەتی ناودەوڵەتیدا هەبوو.

گرینگ نییە ئاخۆ وڵاتە یەکگرتووەکان لەوەتی شوباتی ٢٠٠١ەوە، لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا، تاوتوێی داگیرکردنی عێراق و دابەشکردنی سامانە نەوتییەکەی (کە بە قسەی پۆڵ ئۆنێیلی وەزیری گەنجینەی وڵاتە یەکگرتووەکان دووەم گەورەترین سەرچاوەیە لە جیهاندا) کراوە یان نا.[٢٨٥] بەڕێوەبەری دەستەی پلاندانانی سیاسەت لە وەزارەتی دەرەوە، ڕێەردز هاس، دەڵێ لە تەمووز بڕیارەکە درا و ئامادە بوو[٢٨٦] و جێگری سەرۆکیش، دیک چینی، لە ناو قسەکانی کە بۆ کۆنگرەی نیشتمانیی شەڕوانە دێرینەکانی شەڕەکانی دەرەوە (٢٦ ئابی ٢٠٠٢) کردی باسی مکوڕبوونی لە دژایەتیکردنی سەدامدا کرد.[٢٨٧] دیارە کە وڵاتە یەکگرتووەکان، هەر لە دوای شەڕی دووەمی کەنداوەوە، ویستوویەتی سەدام لە سەر حوکم لادات و ئەمەش هەر لە ١٩٨٩وە، لە قسەکانی جۆرج و، بوش و کۆڵن

پاوڵەوە دیار بوو کە لە دژی عێراقی سەدامیان دەکرد.

ئەو بڕیارەی بوش دای بۆ ئەوەی شەڕ لە دژی عێراقدا بکات، بە چەند شێوەیەک شرۆڤە کراوە. جگە لە لکاندنی عێراقی سەدام بە ڕووداوەکانی ٩/١١ و دەلەسەی ئەوەی سەدام چەکی کۆمەڵکوژی هەبووە و بە تیرۆریستانی داوە (وەک ئەوەی لە دواتر ڕاڤە دەکرێ)[٢٨٨] و جگە لە ڕەوشتە دکتاتۆرییەکەی سەدامیش،[٢٨٩] لەبەرئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان پشت بە هاوردەی نەوت دەبەستێ، پێویستی بوو لە دوای شەڕی سارد، لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی وزە و بە تایبەتیش نەوتە زۆرەکەی عێراقەوە،[٢٩٠] بالادەستیی ئابووریی خۆی بپارێزێ.[٢٩١] ئەم فاکتەرانە بوون هەڵوێستە نارێکەکەی دەست تێوەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانیان لە هەرێمەکەدا گۆڕی بۆ ئەوەی ئەو بالادەستییەی خۆی بپارێزی کە لە بەرژەوەندی وڵاتە یەکگرتووکاندا بێ.[٢٩٢] بە قسەی سایمن برۆملێ، ئەو داگیرکردنەی عێراق لە لایەنی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، وای کرد لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی ڕۆهەلاتی ناوینەوە، وڵاتە یەکگرتووەکان بتوانێ کۆنترۆڵی ئابووریی دنیا بکات و بەمەش نەهێڵی هیچ هێزێکی ئەوروئاسیایی Eurasian پەیا ببێ.[٢٩٣]

سەرباری قازانجەکانی لە سەرچاوە سروشتی و شوێنی جیۆسیاسیی خۆیەوە، کۆنترۆڵکردنی جیۆستراتیجیی هەرێمی ڕۆهەلاتی ناوین لە لایەنی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە پارسەنگی لەگەڵ چین و ڕوسیادا بەلای خۆیدا دەشکێنێتەوە.[٢٩٤] ڕۆڵی خوتی وڵاتە یەکگرتووەکان بە جۆرێک کاریگەر بووە، وەزارەتی دەرەوە و جێگری سەرۆک لە بەڕێوەبەرایەتیی بوشدا، وەک پۆول وۆلفوۆتز کە بریکاری وەزیری بەرگری بوو، زۆربەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانیان ڕاپەڕاندووە. باڵی پارێزگارە نوێیەکان چۆن لە دووەمین ماوەی حوکمڕانی سەرەک کلینتۆندا سیاسەتی دەرەوەیان ئاراستە دەکرد، لە سەردەمی سەرەک جۆرج و. بوشیشدا هەر وایان کرد. ئەمە ئەوە ڕوون دەکاتەوە بۆچی هێرشەکانی پێشوەختە بۆ خۆپاراستن لە هەڕەشەی چەکە کیمیاییەکان و تیرۆریستان دەکران وەک ئەوەی ئێستە وڵاتە یەکگرتووەکان پێناسەی دەکات کەوا ناوەندی ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان پێک دێنێ.[٢٩٥]

ئەم هزرۆکانەی پارێزەرە نوێیەکان تازە نین. بە قسەی مارتن ئیندک ئەمانە هی

ئەجێندای سەردەمی جۆرج و، هـ. بوشە و هی ساڵی ١٩٩٢وە و پێوەندیی بە دۆکیومێنتی ڕەشنووسی ڕێنوێنیی پلاندانانی بەرگرییەوە هەیە کە دیک چێنی دایناوە و داوای باڵادەستیی وڵاتە یەکگرتووەکان لە جیهاندا دەکات.[٢٩٦] ئەم پلانە چوارچێوەی ستراتیجیی بەرگریی وڵاتە یەکگرتووەکانی لە پاش شەڕی سارد داڕشت و لە بنەڕەتدا کۆشکی سپیی ماندەلی کرد و لە دوای پەلامارە تیرۆریستییەکانی ئەلقاعیدە لە دوای ٩/١١ لە ڕەگەوە دەرهێندرا[٢٩٧] لە سەردەمی سەرەک بوش، لە ٢٠٠٢دا بنەوای ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی پێک هێنا. بە قسەی بوش ئێمە دەزانین کە ڕژیمی سەدام حوسێن لە دوای ٩/١١ ئاهەنگی بە بۆنەی پەلامارە تیرۆریستییەکەی سەر ئەمەریکا گێڕا.[٢٩٨] لەوەش زێتر، دکتاتۆرێک کۆنترۆڵی چەکە کۆمەڵکوژەکانی عێراق دەکات و ئەو دکتاتۆرە پێشتر هەزاران خەڵکی بەو چەکانە کوشتووە، ئەگەر زەینی کردەوەکانی ئێستە و ڕابردووی عێراق بدەین و تەماشای ئەو توانا تێکنۆلۆجییانەی هەیەتی و سەیری ئەو سروشتە بێ ڕەحمەی بکەین، دەزانین ئەو وڵاتە بێ هاوتایە.[٢٩٩] پارێزگارە نوێیەکان پرۆژەی سەدەی ئەمەریکای نوێ Century Project for the New Americanیان بە زەبری کاریگەریان لە ١٩٩٧/٦/٣ داهێنا. بۆی ئەگەر هۆشیارانە تێی بڕوانین، دەزانین ئەو بڕیارەی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ داگیرکردنی عێراق دای، لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی لە ڕۆهەڵاتی ناویندا هاتووە.

ئامانجە واقیعییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان پتر لە جارێک لەگەڵ ڕێبازی نموونەییدا (مثالیة) ئاوێزان بووە.[٣٠٠] بە بۆچوونی کۆڵن پاوڵی وەزیری بەرگری لە ٢٠٠٣دا، وڵاتە یەکگرتووەکان ئاواتی ئەوەی خواستووە وەک ڕزگارکەر سەیری بکرێ لەبەرئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لایەنگری پاراستنی یەکەتیی خاکی عێراق بووە و ویستوویەتی کورد و شیعە و سوننە بتوانن ڕێگەیەک بۆ خۆیان بدۆزنەوە بتوانن پێکەوە بژین.[٣٠١] جۆرج و، بوش لە ٢٠٠٢دا جاڕی دا کە وڵاتە یەکگرتووەکان ناحەسێتەوە تا شەڕی دژە تیرۆر نەباتەوە. وڵاتە یەکگرتووەکان عێراق بەجێ دێڵی کاتێ ئازاد و ئارام بوو. عێراق مەیدانی شەڕی دژە تیرۆریزم بوو، نەک ئەوەی مەیدانی شەڕی تیرۆریستان بێ لە دژی مرۆڤایەتی و بۆ ئەوەی هەرێمەکە سەقامگیر بێ وڵاتە یەکگرتووەکان هەرگیز بە کەمتر لە سەرکەوتنی یەکجارەکی قایل نابێ.[٣٠٢]

سەردەمێکی نوێی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە پاشی شەڕی سێیەمی کەنداو (ئاداری ٢٠٠٣) و لادانی سەدام لە دەسەڵاتی عێراق دەستی پێ کرد. ئەو باوەڕەی وڵاتە یەکگرتووەکان هەیەتی کە وا ئەرکی گەورەی لەسەر شانە، وای لێ کرد لە نۆڤمبەری ٢٠٠٣دا، پلانی ڕۆژهەڵاتی ناوینی گەورە پێشنیاز بکات. بە پێی ئەم پلانە ئەو وڵاتانەی پێویستیان بە گۆڕان هەیە، تۆێکڵەی ستراتیجیی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان پێک دێن بۆ ئەوەی دنیای عەرەبی و ئیسلامی بە شێوەیەک بگۆڕن پڕ بە پێستی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانیان لێ بێ.

ئەو قسانەی وڵاتە یەکگرتووەکان لەبارەی سەدامەوە دەیکرد و دەیگوت کە چەکی کۆمەڵکوژی هەیە، پێ دەچێ لە سەر بنەوای گریمانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و (بەڵگە لەبارەی گریمانە زۆر تۆکمەکانی هەواڵگری نەتەوەییەوە...) و ڕاپۆرتە بێ متمانەکان بووبێ.[٣٠٣] لە ٣ ٢٠٠٣ بوو، کۆڵن پاوڵ باسی ڕاپۆرتێکی بریتانیی ١٩ لاپەڕەیی کرد کە نیشان دەدا چۆن عێراقییەکان پشکێنەرەکانیان فریو دا و بە ڕێگەیەکی جودایاندا بردن.[٣٠٤] بە هەمان شێوە، لێکۆڵینەوەیەک بە پشتیوانیی واشنتۆن پۆست کرا، خوشی ئەو گریمانانەی وڵاتە یەکگرتووەکان سەبارەت بەوە کردی کە سەدام چەکی کۆمەڵکوژی هەیە خستە پاڵ ئەوە کە هەردووک سەرۆک جۆرج و. هـ. بوش و ڕۆونەڵد ڕێگن ڕێگەی چەکی گازی کیمیایی و ڤایرۆسەکانی چەکە بایۆلۆجییە بکوژەکانیان بە عێراق دابوو.[٣٠٥]

ئەوەی ماوە ببینین ئەوەیە ئاخۆ سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا وەک ئێستەی خۆی دەمێنێتەوە. خۆشیش دەبێ ئەگەر چاودێریی وڵاتە یەکگرتووەکان بکەین تا بزانین وەک دیارترین هێز لە سیستمی ناونەتەوەییدا لە ڕێگەی وەدەستهێنانەوەی بەهایەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و چاکسازیی جیهانییەوە دەتوانێ دیسان بالادەستیی خۆی بسەپێنێتەوە.[٣٠٦]

٥- ٢ کێشەی کوردی لەناو سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا

لە شرۆڤەکردنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا پێوەندیی ئەمەریکییەکان لەگەڵ کورددا وا بەدەرخراوە کە بەشێکە لە سیاسەتی دەرەوەی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوین و بۆ ئەوەشە ڕێ بۆ بەرژەوەندییە

نەتەوەییەکانی ولاّتە یەکگرتووەکان لە هەرێمەکە خۆش بکات. بۆیە ڕێبازی ولاّتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە هێزە کاریگەرە دەوڵەت و نا دەوڵەتەکان بە شێوەیەک ڕێک خراوە تا لەگەڵ دەقی ستراتیجیی هەرێمیی ولاّتە یەکگرتووەکاندا بگونجێ.[٣٠٧] بەم پێیە، ئەو بەشانەی دێن لە پێوەندیی هاوبەشی نێوان کێشەی کورد و سیاسەتی دەرەوەی ولاّتە یەکگرتووەکان لە ڕۆهەلاّتی ناویندا دەکۆڵنەوە و بایەخ بەو هۆیانەش دەدا کە ڕوونی دەکەنەوە بۆچی تا ئەم دواییانە ئەو پێوەندییانەی نێوان ولاّتە یەکگرتووەکان و کورد هەر زۆر بەلاوازی مابوونەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەو کەرستانەی لە بەردەستدا هەن، لە لایەنی تیۆری و پراکتیکەوە، تێراییی ئەوە دەکەن گرینگیی ئەم بابەتە لە سیاسەتی دەرەوەی ولاّتە یەکگرتووەکاندا دەربخەن و ئەو دوو بەشەی لە پاش ئەمەوەش دێن، ئەو کۆششانە ڕوون دەکەنەوە کە سیاسەتی دەرەوەی ولاّتە یەکگرتووەکان لە بارەی کێشەی کوردەوە، داویەتی.

من لە ڕەوشی سیاسیی ولاّتە یەکگرتووەکان بەرانبەری کورد و لە کاردانەوەی کوردیش لەوەتی شەڕی دووەمی جیهانەوە دەکۆڵمەوە و تا داگیرکردنی عێراقیش لە (٢٠٠٣) دێم. جەختیش لەو هاندەرانەی ولاّتە یەکگرتووەکان دەکەمەوە کە لە پەنای پێوەندییەکانی نێوان ولاّتە یەکگرتووەکان و کورددا هەن و ئەو گۆڕانانەش لەبیر ناکەم کە بە سەر ئەو پێوەندییانەدا هاتوون. پاشان دەشێ لەوە بگەین کە پێوەندییەکانی ولاّتە یەکگرتووەکان و کورد نەک هەر تەنیا توێکڵەی سیاسەتی ناودەوڵەتییە، بگرە لە سەدەی بیست و یەکەمدا، کاردانەوەشی لە پێوەندییە ناونەتەوەییەکاندا دەبێ و کاریگەریشی لە پێوەندییە هاوبەشەکانی هێزە کاریگەرە دەوڵەت و نادەوڵەتیشدا دەبێ. بەشی دادێت دیتی کورد بەرانبەری سیاسەتی دەرەوەی ولاّتە یەکگرتووەکان ڕوون دەکاتەوە وەک ئەوەی چۆن کارمەندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیبینن و بەشی چوارەمیش ئەو هۆیانە ڕوون دەکەنەوە کە پێوەندیی نێوان سیاسەتی دەرەوەی ولاّتە یەکگرتووەکان و کێشەی کورد دیار دەخات.

کورد نە متمانەیان بە ک.ی.س.س. و نە بە ولاّتە یەکگرتووەکان هەیە[٣٠٨] و ئەمەش تەنیا هەر لەبەر ئەوە نییە ولاّتە یەکگرتووەکان سێ جاران لە دوای یەکتر ئومێدەکانی کوردیان خنکاندووە بگرە لەبەر ئەوەش کە سەرۆکایەتیی ولاّتە

یەکگرتووەکان نکوڵییان لە کێشەی کورد کردووە.[309] هەر وەک پێشتریش باس کرا، کۆماری مەهاباد وەک نموونەیەکی نۆبەرە، وڵاتە یەکگرتووەکان پشتیوانیی لێ نەکرد و بە پرۆژەیەکی کۆمونیستیی ناسی بەڵام تەنانەت سۆڤیەتییەکانیش پشتیوانییان نەکرد. هەرچەندە لە ئازەربایجان لەگەڵ کورددا کۆ دەبوونەوە، بەڵام هەرکە لەبارەی مافەکانی نەوتەوە لەگەڵ ئێرانییاندا ڕێک کەوتن، ئیتر یەکسەر هەموو یارمەتییەکی خۆیان وەستاند.[310] وڵاتە یەکگرتووەکان گومانیان لە مەلا مستەفای بارزانی هەبوو، پێیان دەگوت مەلای سوور و ڕێگەیان پێی نەدا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان بچێ.[311] ڕێ خۆشکردنی کێشەی کورد لەو شوێنانەی پارسەنگ و کاری دەسەڵات ڕۆڵی سەرەکییان لە ناو سیستمی پێوەندییە ناونەتەوەییەکاندا هەیە، ئەوە شرۆڤە دەکات کە بۆ تا ئێستە کورد هەر پشت بە پشتیوانیی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبەستێ.[312] ئەمە هەر تەنیا لەگەڵ حاڵی کێشەی کوردی عێراقدا نییە، بگرە هەموو بزووتنەوەکانی هەر سێ دەوڵەتانی هەرێم هەمان بان و هەوایان هەیە.

سـارد کـێـشـەی کـورد تەنیـا بە بەرژەوەندییـەکـانی وڵاتە یەکگرتووەکـان و خـواسـتـەکانی کـوردەوە بەند بوو. ئەو سـەردەمە پێـوەندییـەکی یەکـلایەنەی وڵاتە یەکگرتووەکـان و کورد ئاشکرا دەکات و ئەو پێـوەندییـەش وڵاتە یەکگرتووەکان بە گوێرەی ڕووداوە هەرێمـییـەکان دیار دەخـات. بەشی پێنجـەمـینیش لەوێوە نیشـان دەدات چۆن کورد ڕۆڵێکی سەرەکییان لە سیاسەتی ناونەتەوەییدا بینی و بوونە ئەو داینامیکە کە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان ڕێزیان لێ بنێ و حیسابیان بۆ بکات. شـرۆڤـەیەکی سێ پۆلی کراوە بۆ ئـەوەی لەو پێوەندییانە تێ بگەن کە لە نێـوان کـێـشـەی کـورد و هـێـزە هـەرێمی و ناودەوڵـەتیـیـەکـاندا هـەیـە و (بشـزانین کاریگەریی کەشی ناوخۆی ئەو هێزانە چییە) و چۆن کار لە بڕیارگەلی سیاسـەتی دەرەوەیاندا دەکـەن. پاش ئـەوەی کـە وردبینی لـە سـیـاسـەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبـەری دەوڵەتە هەرێمییەکان لە بەشی سێیەمدا شـرۆڤە کرا، ئەم بەشـە بایەخ بە گۆڕانکارییە ناوخۆییـەکان لە هەر وڵاتێک بە جودا دەدات کـە دانیـشـتـوانی کوردیان تێدا دەژی و کاردانەوەی کورد و شێوازی سیاسـەتی وڵاتە یەکگرتووەکـان لە بەرانبـەر کـوردی کـوردسـتـان عـێـراق تاووتوێ دەکـات. هـەروا تەمـاشـای پێـوەندیی نێـوان وڵاتە یەکگرتووەکـان و کـورد هـەر لە دروسـتـبـوونی کۆمـاری مـەهـابادەوە کـە کێشـەی کـوردی کـردە کێشـەیەکی ناودەوڵەتی، تا دوای شەڕی سارد دەکات[١].

سـەرباری ئەمـەش، ئەم بەشە زنجیرەیەک لەو ڕووداوە هەرێمـییانە شرۆڤـە دەکات کـە هـانی بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکـانیـان دا بـۆ ئەوەی پێـوەندییـەکـانی لەگـەڵ ئەو هێـزە کاریگەرە نـا دەوڵەتانەی وەک کـورددا سنووردار بکات کـەچی بۆ خـۆی هـەندێ هێزی کـاریگـەری دەوڵەتیی لە هـەرێمـەکەدا پـەسند کـردووە بۆ ئەوەی پێوەندیی لـەگەڵیاندا هـەبێ. ئـەمـە ئەو ڕکەبەرییـەش دەگرێتەوە کە بۆ باڵادەستبوون لە سـیسـتـەمـە بەشکراوەکەی ناودەوڵەتیدا، لـە سـەرەتای شـەڕی ساردەوە لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کۆمـارە یەکگرتووەکانی سـۆشـیـالیسـتی سۆڤیەتیدا دەسـتی پێ کـرد و پـەیابـوونی نەتـەوەپەرسـتـیی عـەرەبی لە ١٩٦٠ەکـانـدا لە بـەرانبـەر ئایدیۆلۆجیـای کۆمـیـونیـزم کە هەڕەشـەی لە بـەرژەوەندییـە هـەرێمـیـیـەکـانی وڵاتە یەکگرتووەکـان دەکـرد و تـەنگژەی پـتـرۆڵـی ١٩٧٠یەکـان و دەرکـەوتنی هزری شـیـعـایەتی کـە هـەڕەشـەی لـە باری ڕەخـسـاوی هـەرێمی کـرد و بـەمـەش زیان بە

ئامانجە هەرێمییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەگەیاند، ئەمانە هەموو باس دەکات. بۆ مسۆگەرکردنی پێداویستییە ناوخۆییەکانیەتی کە وڵاتە یەکگرتووەکان ڕووی خۆی لە سەرچاوەکانی وزە لە هەرێمی ڕۆهەڵاتی ناوین کردووە. بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم سەرچاوانە و لەبەر چەند هۆیەکی جیۆسیاسییە وڵاتە یەکگرتووەکان بەم هەرێمەوە سەرقاڵە و نایەوێ هیچ هێزێکی تر خۆی لێ بڵند بکات و دەشیەوێ بنەما دیموکراسییەکانی خۆی لێرە و ئەوەش کە ئاشتی لە سیستەمی ناونەتەوەییشدا بسەپێنێ.

ئامانجی منە ئەوە نیشان بدەم کە ڕۆڵی کوردی عێراق لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان و شای ئێران لە ١٩٧٠و کارتێکردنیان لە ڕێڕەوی ڕووداوەکانی پاشی شەڕی دووەمی کەنداوی ١٩٩١، فرە گرینگ بووە. ئەمەش بەپێچەوانەی ئەو سیاسەتە بوو کە وڵاتە یەکگرتووەکان، لەکاتی شەڕی یەکەمی کەنداو (١٩٨٠-٨٨)، کوردی تا ئەوپەڕ پەراوێز کرد و بایەخی بە هێزە کاریگەرە دەوڵەتەکان دا. سەرباری کوردە عێراقییەکان، ئەم بەشە پێوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ بزووتنەوەکانی تری کورددا شرۆڤە دەکات. کاربەدەستان و کاریگەریی کوردی عێراق وەک هێزێکی کاریگەری نادەوڵەت لە سیاسەتی ناودەوڵەتیدا دیارە جا با تا دوای شەڕی ساردیش ئەو پێوەندییە لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا دروست نەبووبێ. (لە بەشی پێنجەمدا شی کراوەتەوە).

٢- سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبەری کورددا

٢-١- دروستبوونی کۆماری مەهاباد (١٩٤٥ ١٩٤٦)

ئەم بەشە لە پێوەندیی کێشەی کورد بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆهەڵاتی ناوین دەکۆڵێتەوە و ئەو گۆڕانکارییانەش شرۆڤە دەکات کە بە ڕێکی کاریان لە کورد و لە وڵاتە یەکگرتووەکان کردووە. لە کاتێکدا بەرژەوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کورددا، تا ١٩٥٠یەکان، هەر بەنهێنی و لە ڕێگەی باڵوێزگەکانەوە لەو وڵاتانەی هاوڵاتیی کوردیان[٢] تێدا هەبوو بەڕێوە دەچوو. وڵاتە یەکگرتووەکان هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ کورددا نەبوو، لەبەرئەوە تەنیا یارمەتیی لاوەکی (نەک گرینگ)ی بۆ کورد دەنارد چونکە سۆڤیەتەکان هێشتا مەیلی بالادەستییان لە هەرێمەکەدا مابوو لەبەرئەوەی ناوچەکە سەرچاوە

سرووشتییەکانی لێدا بوو و لایەنی جیۆستراتیجیشی بۆ ئەوان گرینگ بوو.

ولاَتە یەکگرتووەکان لە دوای ١٩٤٥وە لە کێشەی کورد لە ئێران نەگلا لەبەرئەوەی یەکسەر لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە ئەو ئامادەیییەی نەبوو بتوانێ ئەرکێکی سەرەکی بسازێنێ. یەکەم بەرەنجامی شەڕی ساردی نێوان ولاَتە یەکگرتووەکان و یەکەتیی سۆڤیەت پەیابوونی کۆماری مەهاباد بوو، ولاَتە یەکگرتووەکانیش نەیویست خۆی لە کێشەی کورد هەڵسوێ لەبەرئەوەی هیچ بەرژەوەندییەکی تێدا نەبوو و کوردیش بە تەواوەتی پشتیان بە سۆڤیەت بەستابوو. لاوازیی پێوەندیی نێوان ولاَتە یەکگرتووەکان و کورد لەم بەشەی دادێدا بایەخی پێ دەدرێ.

پاش شەڕی دووەمی جیهان گۆڕانکارییەکی گەورە لە سیاسەتی دەرەوەی ولاَتە یەکگرتووەکاندا بەدی هات. سەرقاڵیی ولاَتە یەکگرتووەکان لەگەڵ رۆهەلاَتی ناویندا کە رێککەوتنە ئابوورییەکانی لە جۆری رێککەوتنی هێڵی سوور Red Line Agreement[٣] لێ کەوتەوە و پاشتریش لە ١٩٥٠یەکاندا پتریش پەرەی سەند و گەیشتە ئەو رادەیەی کە سیاسەتی دەرەوەی بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ لە هەرێمەکە وەگلا. بە قسەی بارام و ئێڤریست پلانە کۆنەپەرستەکانی هیتلەر کە دەیانویست باری ئێستەی ناونەتەوەیی بگۆڕن و ئەوەش کە سۆڤیەتییەکان دەیانویست ئایدیۆلۆجیای کۆمیونیزم بلاَو بکەنەوە، هەڕەشەیان لە بەرژەوەندییەکانی ولاَتە یەکگرتووەکان کرد و وایان لێ کرد دەست لە کاروباری دنیای دەرەوە وەربدات.[٤] کەمیی وەبەرهەمهێنانی نەوتی ناوخۆ لە ولاَتە یەکگرتووەکان و مسۆگەرکردنی هاوردەی نەوت، وای لە ولاَتە یەکگرتووەکان کرد بایەخ بە رۆهەلاَتی ناوین بدات[٥].

بەپێی گرفتەکانی لێنینزم، ئەوانەی ستالین لە (١٩٤٧)دا دەستنیشانی کردن، دوژمنداریی نێوان ولاَتە یەکگرتووەکان و سۆڤیەت لەسەر سیاسەتی لە قاف کێشان بوو، واتە ئەوەی کە ولاَتە یەکگرتووەکان پێڕەوی کرد و تەگەرەی لەبەر هەر جۆرە فرەوانترببوونێکی سۆڤیەتیدا دانا و یەکەتیی خاکی ولاَتە نەوت بەرهەمهێنەکانی لە سەرووی ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی ولاَتە یەکگرتووەکانەوە دانا.[٦] بە هەمان شێوە ترس ستالینی لەوەی ولاَتە یەکگرتووەکان دەیویست

سیستەمی کۆمۆنیستی ئازاد بکات و سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانیش کە سۆڤیەتی بە میراتگری دوژمنکاری دەزانی، بناخەی شەڕی ساردی دانا.[٧] برووسکەی درێژی جۆرج کێنان (١٩٤٦) و ئەو گوتارەی لەسەر سەرچاوەکانی پێوەندیی سۆڤییەت بەستەوە، (لە گۆواری کاروباری دەرەوە) و سیاسەتە دژە سۆڤییەتەکەی ئەمەریکا وەک ئەوەی کە لە بەڵگەنامەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی ٦٨دا هەیە، سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی تایبەت بە لە قاف کێشان ڕێک خست و ئەو هەنگاوانەش کە لە سەردەمی سەرۆکایەتیی ئایزینهاوەردا هاوێشتران، لەبەرئەوەی پێویست بوو بەرپەرچی فرەوانبوونی سۆڤیەت لەو شوێنە ستراتیجییانەدا بدەنەوە کە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان گرینگ بوون.[٨] لەو کاتەوە وڵاتە یەکگرتووەکان لە هەموو کونج و کەلێنێکی دنیا دەستی خۆی دەگێڕا و لە ئاسیا و ئەورووپادا ڕێژیمی دۆستی خۆی دادەمەزراندن بۆ ئەوەی نەهێڵن سۆڤیەتەکان پەل بهاوێن و تاوەکو بەرژەوەندییە ئابووری و ئەمنی و سیاسییەکانی خۆیشی بپارێزێ.[٩]

ئەو هزر و بۆچوونە کاریگەرانەی لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە سەردەمی سەرۆکایەتیی دیموکرات هاری ترومەن (١٩٤٥-٥٣) لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا پەیا بوون، فرە گرینگ و پوختە بوون و ئەمانەی دەگرتنەوە: لەقاوغنانی یەکەتیی سۆڤیەت و هێزبەندکردنی بەها لیبرالی و دیموکراسییەکان لە هەموو دنیا و پاراستنی هەناردەی نەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوینەوە بۆ ڕۆژئاوا (ئەمەش ڕێگە خۆش دەکات) تا وڵاتە یەکگرتووەکان بتوانێ هاوپشکیی ڕێکخستنی نرخی نەوت لە بازاڕەکاندا بکات.[١٠] ئەمەش بۆ ئەوە بوو ئازادیی گەلان بپارێزێ و نەهێڵێ تۆتالیتاریزم گەلان بچەوسێنێتەوە.[١١] لەو پرۆگرامەی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوینی دانا دیار بوو دەیویست ڕێژیمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بروخێنێ.[١٢]

لێرەوە وڵاتە یەکگرتووەکان نەیویست خۆی فرە بە کێشەی کەمینە نەتەوەییەکانەوە خەریک بکات. هەرچەندە لە کۆنفرانسی پاریس لە ١٩١٩،[١٣] وڵاتە یەکگرتووەکان بایەخی بە هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان دا، بەڵام ئەو گۆڕانکارییانەی بە سەر کێشەی کوردی ئێراندا هات و گوێ نەدانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەو کاتیدا بە کێشەی کورد دەبێ بە چاکی لەگەڵ شەڕی سارد بەراورد بکرێ تا بزانین پێوەندییان بە یەکەوە چی بوو. دامەزرانی کۆماری

مەهاباد (٢٢ی یەنایری ١٩٤٦ تا ١٤ی دیسێمبەری ١٩٤٦) کە لە دوای دەوڵەتی کۆنفێدراڵی مەروانی (٩٨٥- ١٠٨٧ پ.ز.[١٤])ی کۆندا دووەم دەوڵەتی کوردی بوو، بەرهەمێکی هاوپەیمانیی سۆڤیەت کورد بوو. هەندێ فاکتەر هەبوو وای کرد کە یارمەتیی کورد نەدەن، هەندێکیان ئەمانەن: دوژمنداریی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و ی. ک. س. س. و پێوەندیی نێزیکی نێوان کورد و ی. ک. س. س. لەبەرئەوەی سۆڤیەتەکان بە نهێنی یارمەتیی ڕادیۆیەکی نهێنیی کوردییان لە تاران دەدا[١٥] و سۆڤیەتەکان لە ناوچەکەدا ڕکەبەری سەرەکیی وڵاتە یەکگرتووەکان بوون و وڵاتە یەکگرتووەکان توانای سەربازیی تەواوی نەبوو. پاشتریش بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان کۆماری کوردیی وەک بەرهەمێکی سۆڤیەتی ناساند و باسی هیچ پارتێکی سیاسیی تێدا نەکرد[١٦] و ئەمەش زیاتر هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ڕوون کردەوە.[١٧]

لەبەرئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بزووتنەوەی کوردی بە هاوپەیمانێکی یەکەتیی سۆڤیەت دەناسی بۆیە نە بایەخی بە بزووتنەوەکە دا و نە بەرژەوەندیشی لەگەڵیدا هەبوو و باڵوێزگەی وڵاتە یەکگرتووەکانیش لە تاران ئەو خواستەی پشتگوێ خست کە مەلا مستەفا بارزانی (مەلای سوور) پێشکێشی کردبوو بۆ ئەوەی حەشارگەیەکی لەو وڵاتەدا پێ بدرێ و ئەمەش هەڵوێستی بەڕێوەبەرایەتی ڕوون دەکاتەوە.[١٨]

بەم شێوەیە ئەو سیاسەتە دژە سۆڤیەتییەی کە وڵاتە یەکگرتووەکان پێڕەوی دەکرد و دەست تێوەردانی بە نهێنی لە ناوچەکە و ویستی بۆ هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ دەوڵەتێکی بە متمانەدا، بەرهەڵستیی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەشداری لە هەر چارەسەرێکی کێشەی کورد لە ئێراندا ئاشکرا دەکات.

هەرچەندە سۆڤیەتییەکان پشتیوانیی دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردییان کرد، بەڵام پشتیوانییەکەیان بە مەرج بوو. کە سۆڤیەت و بریتانییەکان لە دوای یەکترییەوە، باشوری ئێرانیان (لە ١٩٤١) داگیر کرد[١٩]، بۆ ئەوە بوو ڕێگەیەک بکەنەوە تا لە کاتی شەڕ لە دژی ئەڵمانیا[٢٠]، تفاق بۆ سۆڤیەت ببەن، بەڵام مەرامی بنەڕەتییان کێڵگەکانی نەوتی باکور بوو[٢١]. سۆڤیەتییەکان کێشەی کوردیان لە ئێران بۆ پارسەنگدانی هاوپەیمانیی وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا (شوباتی

١٩٤٦) بەکار هێنا.[٢٢] جگە لەمەش، سۆڤیەتەکان لە کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ کورددا، ئاشکرایان کرد کە ئەوان پێیان خۆشترە دەوڵەتێکی ئازەربایجانی پێک بێنن نەک کورد و ئەو کۆبوونەوانەش بە زۆری لە ئازەربایجاندا دەکران.[٢٣] کە ی. ک. س. س. بڕیاری دا لە نیسانی ١٩٤٦، کۆنتراکتێک لەگەڵ ئێراندا بکات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کۆمپانیایەکی ئێرانی سۆڤیەتییەوە، پشکداریی کێڵگە نەوتییەکانی باکور بکات، کورد پشتگوێ خرا[٢٤] و لە دوای کشانەوەی سۆڤیەتییەکانیش، لە ٩ی ئاداری ١٩٤٦، کۆماری مەهاباد هەرەسی هێنا و پاشتریش لە ١٧ دیسێمبەری ١٩٤٦ ئێرانییەکان کۆمارەکەیان داگیر کردەوە و بزووتنەوەی کورد لە ئێران پەڕاوێز خرا.

بەم مانایەوە، هەر یارمەتییەکی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ کوردی ئێرانی ناردبێ، لە کەمترین ئاستدا بووە و بە نهێنیش بووە. لە سەرەتادا پشتیوانیی ڕادیۆیەکی نهێنیی کردووە، ڕەنگە بابەتەکە لە هەر سێ بەشەکەی تری کوردستانیشدا هەر بە هەمان شێوە بووبێ. سەبارەت بە کێشەی کوردی عێراقیش، شێوەی خێڵەکیی کۆمەڵی کوردەواری جۆرە سەربەخۆییەکی پێ داوە و ئەو هەوڵەش کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە سەردەمی شا فەیسەڵی دووەمدا دای بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کۆوار و بڵاوکراوەوە، زمانی کوردی بەرەو پێشەوە ببات، هەر بۆ ئەوە بوو لە بەرانبەری پڕوپاگەندەی سۆڤیەتییەکاندا بوەستێتەوە.[٢٥] لەلایەکی ترەوە، هەرەسهێنانی کۆماری مەهاباد و ئاوارەبوونی گەورە سەرکردەی کورد، مەلا مستەفای بارزانی، لە یەکەتیی سۆڤیەت، بێ شک سەرجەمی بزووتنەوەی کوردی بێهێز کرد. لە تورکیاش، لە ئەنجامی ئەو سەرکەوتنە مەزنەی مستەفا کەمال لە شەڕی سەربەخۆییدا War of Independence بەدەستی هێنا و پاشان ئەو پەیمانانەی شکاندی کە بە هەڤاڵانی چەکی خۆی دابوو بۆ ئەوەی خاکی خۆیان هەبێ، وای کرد کورد لە ناو دەوڵەتی فرە ئیتنیدا بتوێتەوە.[٢٦] بە هەمان شێوە، کە عەرەبی سوننە و بازرگانە شارستانەکان لە ١٩٤٦دا، حوکمی سووریایان وەرگرت و پاشان ئەو هەموو کودەتایە سەربازییانەی نەتەوەپەرستەکانی وەک ئەدیب ئەلشیشەکلی، لە ١٩٤٩ و ١٩٥١دا کردیان پاشان لە ١٩٦٣ یاسای عورفی بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشە ئابووری و کەمینەتییەکان، بارەکەی بە دژی نەتەوە غەیری عەرەبەکان شکاندەوە.[٢٧] ئەم هەموو هەلومەرجە، هاودەم لەگەڵ کەمیی

پشتیوانیی دەرەکی، کوردی ملکەچی حوکمڕانیی ئەو دەوڵەتانە کرد کە تێیاندا دەژیان.

٣- کێشەی کورد لە سەردەمی شەڕی سارددا

٣- ١- وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد لە ئێران و تورکیا و سووریا و عێراقدا (١٩٥٢-١٩٦٣)

کە ئایزینهاوەری سەر بە کۆمارییەکان دەسەڵاتی لە ١٩٥٣-١٩٦١دا وەرگرت، نەتەوەپەرستیی عەرەبی لەوپەڕی هێزیدا بوو. وڵاتە یەکگرتووەکان لە باڵاهێزیی ناو سیستەمی ناونەتەوەییدا جێی بەریتانیای گرتەوە و مەبەستی بوو باری ئێستەی هەرێمی بە سەقامگیری بپارێزێ و نەهێڵێ هیچ هێزێکی تر دەسەڵات بەدەست بێنێ و دەیویست لە ڕێگەی دامەزراندنی چەند ڕێژیمێکی دیموکراتی، لاگری ڕۆژئاوا بەرانبەر هەڕەشەی کۆمۆنیستەکان دروست بکات و ئەمەش بنەوای ڕێبازی ئایزینهاوەری لە ١٩٥٧دا پێک دێنا. وڵاتە یەکگرتووەکان پتر خدووی خۆی بە پیادەکردنی سیاسەتێکی دەرەوەی واوە دا کە پشتیوانی لە گەشەکردنی دەوڵەتە هەرێمییەکان دەکرد. بۆیە لە ١٩٥٣، وڵاتە یەکگرتووەکان دووبارە شای ئێرانی گەڕاندەوە عەرشەکەی و محەمەد موسەدەقی ڕووخاند و لە ڕێگەی پەیمانی ناتۆشەوە، پشتیوانیی لە تورکیا کرد و پەیمانی بەغداش لە ١٩٥٥دا هەر لە هەمان چوارچێوەدا کرا.[٢٨]

لەم سەردەمەدا پێوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کورددا چوار لایەنی هەبووە: لایەنی سەرەکی پێوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ وڵاتە هەرێمییەکاندا و پێوەندیی کورد لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە تێیدا نیشتەجێ بوون و بەهێزکردنی دەوڵەتە هەرێمییەکان و گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی هەرێم، ئەو پێوەندییانەیان دیار خستووە. ڕکەبەریی سەردەمی شەڕی سارد وای کرد دەوڵەتە هەرێمییەکان بەهێز بن و ڕۆهەڵاتی ناوینیش بە سەر دوو ئایدیۆلۆجیای چەپ و ڕاستدادا بەش ببێ. هەر چەندە لە ١٩٦٠یەکان و ١٩٧٠یەکاندا چەند سیاسەتێکی نەرمێن هەبوون بەڵێنی ئازادکردنی کوردیان دا، بەڵام هێشتا بایەخ بە کێشەی کورد نەدرا. لە بری ئەوە، هێزە هەرێمی و ناونەتەوەییەکان سوودیان لەو گۆڕانکارییە ناوخۆییانە وەرگرت کە لەگەڵ کورد

لە دەوڵەتە هەرێمـــیـــیـــەکـــاندا بـوون.[٢٩] لەبەرئەوەی لە ١٩٥٣ تا ١٩٦٣ وڵاتە یەکگرتووەکـان خـەریک بوو پێگەی خـۆی لـە هـەرێمـەکـەدا توند دەکـرد، بۆیـە هیچ بایەخێکی بە کێشـەی کورد نـەدا. تێکەوڵێکەی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد بەبەر چەند کاریگەریگەرییەکی سیاسەتی هەرێمی کەوت. ئەو کودەتا سەربازییەی وڵاتە یەکگرتووەکان پشتیوانیی کرد و شای ئێرانی بۆ سەر حوکم گەڕاندەوە و ئەو سـیاسـەتە نەتەوەپەرسـتـەی عـێـراق و تورکە تـوندڕۆیەکان پێڕەوەیان کـرد و ئەو یەکگرتنەی مـیـسـر و سـووریا، هەمـوویان کـاریگەرییـان لەسـەر ئەو تێکەولێکەیە هەبوو کە لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و بزووتنەوەی کورددا هەبوو.

سیـاسـەتی تێکەڵکردنی کـۆمـەڵایەتی[٣٠] بە بیـانووی (ئومـەتی ئیـسـلامـیـیـەوە) کە ئێران پێڕەوی کرد، هاودەم لەگەڵ (شـۆڕشی سپی)ی شـا لە ١٩٦٢ و پیادەکردنی پرۆگـرامی ئاودێری و کـشـتـوکاڵ و نیـشـتـەجێکردن هەمـووی وەک تریاک بوو بۆ بزرکـردنی بـاری خـراپی ئابووری بەکـار هات. سـەرکـردە کـوردەکـانیش ئەو سیاسەتەیان لەبەرئەوە ڕسـوا کرد چونکە دەیویست نەریتی دێنشینیی کوردەواری بشێوێنێ و توانای هۆزگەلی کورد بنبڕ بکا و سەرکردایەتییەکەیشی بکاتە خودان زەویی وا کە هەر پشت بە میری ببەستن.[٣١]

دەسـتـپێکی سـەردەمی ئازادیی تورکیا کـە لەگەڵ هاتنە سـەر حـوکـمی عـەدنان مـەندەرەس و دیموکرات پارتیسی لـە ١٩٥٠دا دەسـتی پێ کرد و کـورد لەوێ چەند پۆسـتـێکی پەرلـەمـانـیـیـان وەرگـرت،[٣٢] ڕووبەڕووی ڕێبـازی بژاردەی سـیـاسـی و عەسـکەری بووە کە پڕوپاگەندەی ئەوەیان دەکرد گوایە کورد و ئیـسـلامـییـەکان دوو گەورەترین هەڕەشـەن دووچاری تورکیا هـاتوون[٣٣] و تا ئێـستەش ئەم پڕوپاگەندەیە هەر نـەبڕاوەتەوە. بـارودۆخی عـێـراق وەک ئەوە نـەبوو، لەبـەرئەوەی عـێـراق لـە بن حـوکـمی مـەلیک فـەیسـەڵی دووەم (١٩٤٥– ١٩٥٨) دەرچوو و لە ١٩٥٨–١٩٦٤دا سەردەمی شـۆڕشگێڕی داکەوت و دەست تێوەردانی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئێرانی لە کـاروباری ناوخـۆی عـێـراق، بزووتنەوەی کـوردی بۆ مـاوەیەکی کـاتی پڕهێـز کردەوە.[٣٤]

سـەبارەت بە کێشـەی کورد لە سووریا، دامـەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد لە ١٩٥٧ لە سـووریا لەلایەن چەند کەسـانێکەوە کە بە مـوهـاجیـری تورکیـایی ناوزەد

دەکران نەیتوانی بەرهەڵستیی نەتەوەپەرستیی توندڕۆ لە کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو (میسر و سووریا)دا بکات.[٣٥] لەم کەشوهەوایەدا پارتە سیاسییە کوردییەکان (پارتیی دیموکراتی کوردستان سووریا) لە سووریا قەدەغە کران و هەڵمەتی دژە کورد دەستی پێ کرد[٣٦] و بڵاوکراوە کوردییەکان قەدەغە کران.[٣٧]

لە عێراق، هەرچەندە لە بنەڕەتدا پێگەی کورد لە شوێنەکانی تر باشتر بوو، بەڵام لە بواری کردەوەییدا هیچ گۆڕانکارییەک نەکرا. ئەو کودەتایەی ئەفسەرە ئازادەکان، بە سەرکردایەتیی عەبدولکەریم قاسم، لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨دا کردیان و سەردەمی پاشایەتی (١٩٤٥–١٩٥٨)ی لە عێراق نەهێشت، مەلا مستەفای بارزانی لە هەندەران گەڕاندەوە و دڵنیایی بە کورددا نا. هەر چەندە قاسم پارتی دیموکراتی کوردستانی بە فەرمی ناسی و دەستپێشخەریشی کرد ئەو زەوییانەی کوردی بۆ خاوەنەکانی گەڕاندەوە کە پێشتر مەلیک لێی زەوت کردبوون،[٣٨] و دڵنیایی بە مافە نەریتی و کولتوورییەکانی کورددا نا و بە گوێرەی بەندی ٣ی دەستووری کاتی بە هاوبەش عەرەبی ناساندن، بەڵام لە ڕاستیدا پیادە نەبوو. قاسم پێویستی بە پشتیوانیی کۆمارەکانی یەکەتیی سۆڤیەتی سۆشیالیست و پارتی کۆمۆنیستی عێراق و کورد هەبوو بۆ ئەوەی پارسەنگی ئەو ئەفسەرە عەرەبە نەتەوەپەرستانەیان پێ بداتەوە کە سووریا پشتیوانیی دەکردن و لە ئاداری ١٩٥٩دا کودەتایەکیان کرد بەڵام سەرنەکەوتن و ئەفسەرەکان لە هەوڵەکەیاندا لە دژی قاسم بیانووی ئەو سیاسەتەیان هەبوو کە لە بەرانبەری کورددا پێڕەوی دەکرد.[٣٩] لەم لایەنەوە ئەو گۆڕانکارییانە پڕ بایەخ بوون لەبەرئەوەی بناخەی بەیانە مێژووییەکەی ١٩٧٠یان دانا.[٤٠]

بەڵام قاسم هەر کە شوێن پێی خۆی توند کرد، سیاسەتی خۆی بە رانبەر کورد گۆڕی.[٤١] ئەو سیاسەتانەی[٤٢] ڕژێم بۆ نەهێشتنی خێڵەکایەتی و بە شارستانیکردنی کۆمەڵ پێڕەوی کردن و دروشمی پاراستنی یەکەتیی عەرەب و پاراستنی یەکەتیی خاکی عێراقی هەڵگرت و گوێ نەدانی قاسم بەو یاداشتەی بارزانی لە ١٩٦١دا بۆی نارد و تێیدا داوای ئۆتۆنۆمیی کردبوو بە بیانووی ئەوەی نەکا شیعەش داوای مافەکانی خۆیان بکەن و ئەو سیاسەتەی بە عەرەبکردنیش کە لە ١٩٦٣ەوە پێڕەو کرا، هەموویان کوردیان ناچار کرد چەک هەڵگرێتەوە.[٤٣] لە هەمان کاتیشدا کورد بوونە دوو بەش، بەشە پارێزگارەکان وەک سەلام عارف و

مەلا مستەفا بارزانی و بەشێکی پێشکەوتووخواز وەک ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی[٤٤] ، ئەمە بۆ قاسمی ڕوون کردەوە کەوا کورد ئامانجێکی تایبەتییان نییە تا چارەسەرێک بۆ پرسی کورد بدۆزنەوە.[٤٥] پاشان عەبدوسەلام عارف کە بە یارمەتیی کورد لە ١٩٦٣، عەبدولکەریمی لە حوکم لادا، ئەو گۆڕانکارییانەی نەکرد کورد پێشبینییان دەکرد.[٤٦] هەرچەندە بە ڕێنوێنیی عارف و بەزاز خەریک بوون کێشەی کورد چارەسەر بکەن، بەڵام کە حزبی بەعس هات و حوکمی عێراقی وەرگرت، ئیتر هەموو پلانەکانی کوردی هەڵوەشاندەوە.

پێوەندییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد تا سەرەتای ١٩٦٠ەکان بندەستی ئەو سیاسەتەی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو کە دەیویست ڕێبەندی هەرێمەکە نەگۆڕێ و تەنیا پشت بە هێزە کاریگەرە دەوڵەتەکان ببەستێ و ئەو دەوڵەتانەش بە گشتی پابەندی ڕێبازی نەتەوەپەرستی بوون و ڕکەبەرییان لەگەڵ کورددا هەبوو و یارییان بە کێشەی کوردەوە دەکرد. بەڵام کێشەی کورد لە عێراق فرە زەق بوو. ڕەنگە ڕێژیمەکان ئەو هەلانەی بۆ باشکردنی باری کوردی عێراق ڕەخسان بۆ خۆیانیان قۆستبێتەوە، بەڵام هێشتا ئەگەر لەگەڵ کوردی ئێران و سووریا و تورکیا بەراوردیان بکەین، دیارە لێیان جودان.

٣-٢- نۆبەرەی پێوەندیکردنەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد

لەبەرئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبوو ڕووبەڕووی کۆمۆنیزم و نەتەوەپەرستیی عەرەب ببێتەوە، لە ماوەی سیاسەتی دەرەوەیاندا سەرۆک جۆون ف. کێنێدی (١٩٦١-١٩٦٣) و سەرۆک لیندن ب. جۆونسن (١٩٦٣- ١٩٦٨)، کە هەردووکیان دیموکرات بوون، بایەخی تەواویان بە سەقامگیریی ڕۆهەڵاتی ناوین دا و لەوان ساڵاندا سیاسەتەکە ئەوە بوو وڵاتە یەکگرتووەکان نەیدەویست ئاژاوە ڕوو لەو هەرێمە بکات و دەیویست نەوت بە ڕێکی و بێ بەربەست بۆ ڕۆئاوا بڕوات و دەشیویست ئێرانێکی بەهێز و دۆستی ڕۆئاوا لەو ناوەدا بمێنێ و لە هەمان کاتیشدا توندوتۆڵکردنی پێوەندییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل بەڕێوە بچێ.[٤٧] ئەو سیاسەتەی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان کە بایەخی بەو ململانێ و هەڕەشە هەرێمییانە دەدا و ئەو بەرژەوەندییەی دەوڵەتە هەرێمییەکان هەیانبوو لەوەی کورد بۆ بێهێزکردنی دراوسێیەکانیان بەکار بێنن، هێشتا دۆخی

کوردەواریی خراپتر کرد و سیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکانیش بۆ پاراستنی هێمنی لە هەرێمەکەدا هێشتا کوردی پتر پەراوێز کرد. دەستپێکی دیدەنیی ولاتە یەکگرتووەکانی لەگەڵ کورددا لە سالانی کۆتاییی ١٩٦٠ەکانەوە بوو. ولاتە یەکگرتووەکان دەیویست بزووتنەوەکانی کورد لە ئێران و سووریا و تورکیا رازی بکات، بەلام مەیدانی کوردی عێراق لەوانی تر جیا بوو. لە تۆقەلانی شەری ساردا بوو کە سیاسەتی دەرەوەی نیکسن و ئەو گۆرانکارییە ناونەتەوەیی و هەرێمییانەی لە ١٩٧٠یەکاندا، ولاتە یەکگرتووەکان و هێزە کاریگەرە هەرێمییەکان کردیان، پێوەندییەکانی نێوان ولاتە یەکگرتووەکانی لەگەڵ کورددا پێک هێنا. رێبازی سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان لە ١٩٦٠ەکاندا ئەوە بوو دەست لە کاروباری ململانێی نێوان کورد و عێراق وەرنەدات و بە کێشەیەکی ناوخۆیی دابنێ،[٤٨] بۆیە لەو سالانەدا هیچ پێوەندییەک لە نێوان ولاتە یەکگرتووەکان و کورددا نەبوو، جگە لەمەش ولاتە یەکگرتووەکان پستیوانیی شای ئێرانی دەکرد بۆ ئەوەی بتوانێ بەر لە سۆڤیەتەکان بگرێ و لە ململانێی هەردووک رێژیمی بەعسی عێراق و دەستگەی سەربازیی تورکیا لەگەڵ کورددا ولاتە یەکگرتووەکان پشتیوانیی ئەو هەردوو رێژیمانەی لە دژی کورددا دەکرد.

چالاکیی بزووتنەوەی کوردی عێراق و خۆ رێکخستنی باشتریان و ئەو هەقیقەتەش کە ئایدیۆلۆجیای بەعسی عێراق لە باڵەکەی سووریا بەرانبەر بە کەمینەکان کراوەتر بوو، وایان کرد کە نۆبەرەی دیدەنییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کورد لە ١٩٦٩دا دەست پێ بگات. ئەو ئامانجانەی ولاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبەری سۆڤیەتەکاندا هەیانبوو و ئەو ترسەش کە لەوانیان هەبوو نەکا عێراق بەکوردستانەوە بەناو خۆیان بگرن، وایان لە ولاتە یەکگرتووەکان کرد بە شێوەیەکی نوێ سەیری کێشەی کورد بکات و دەروازەی پێوەندییان لەگەڵدا والا بکات.

هۆی ئەوەش کە ولاتە یەکگرتووەکان بایەخی بە کێشەی کورد لە ئێران نەدا ئەوە بوو کە لەشکر لە ١٩٦٧ەوە لە باکووری رۆژئاوای ئەو ولاتەدا کۆنترۆڵی هەلوێستی کوردی کردبوو و سیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکانیش ئەوە بوو یاریدەی سەربازیی شا بدات و کەرەستەی شەری لە شێوەی باڵەفرەکەی تەکاندەری شەروانی F4ی بۆ بنێرێ و باییی ١.٣ بلیۆن دۆلار[٤٩] یش یارمەتیی دا بۆ ئەوەی

نەکا پتر بەرەو سەربەخۆیی بڕوات و بیەوێ وڵاتە یەکگرتووەکان تەنگاو بکات.[50]

بەهەمان شێوە، پێوەندییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و تورکیا سێبەری خۆی بە سەر گۆڕانکارییەکانی کورددا کێشا و ئەوە بوو پارتی دیموکراتیی کورستانی تورکیا KDPT لە ١٩٦٥دا دروست بوو و پاڵێوراوانی سەر بە پارتی کرێکارانی تورک لە ١٩٦٥دا هەڵبژێردران و پاشتریش ماڵی نەرێتیی شۆڕشڤانی لە ڕۆژهەڵات DDKD لە ١٩٦٩دا دامەزرا.[51] ئەو پشتیوانییەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دامەزراوی سەربازیی تورکی کرد بەو پێیەی پارێزەری ناسنامەی سێکیولاری تورکییە (وەک ئەوەی لە دەقی دەستووری ١٩٦١دا هاتووە و دەڵێ هەر تاکێکی پێوەندیی هاووڵاتیەتیی بە کۆماری تورکیاوە هەبێ تورکە) و هادەم لەگەڵ بالادەستبوونی کەمالیستەکان کێشەی کوردیان لە شوێنی خۆیدا مەیاند.[52] لەبەرئەوەی حکوومەتەکەی عەدنان مەندەرەس هەرەسی هێنا و ڕێژیمەکەش گەندەڵ بوو، بۆیە لەشکر بۆ یەکەم جار لە ٢٦ی ئایاری ١٩٦٠دا دەستی لە کاروباری وڵات وەردا بۆ ئەوەی کەمالیزم بگەڕێنێتەوە. کەمالیزم دژی ناسینی ئیتنی غەیرە تورکییە. دەستووری ١٩٦١ وەک بنەوایەکی پیرۆزی سوپا بۆ ئەوە هاتە نووسین نەک تەنیا کە دەست تێوەردانی سوپا لە کاروباری سیاسیدا بە شەرعی بداتە قەڵەم، بگرە دەرگەی ددان پێدانانی ناسنامەی ئیتنە غەیری تورکەکانیشی پێوە دا.

لە کۆتاییی ١٩٦٠ەکاندا، لە سەردەمی حوکمی عەدالەت پارتیسی، کە سلێمان دیمیرێل سەرۆک وەزیر بوو، ژیانی سیاسی لە تورکیا پچڕا و بە بیانووی مەترسی لە پێشێلکردنی بنەواکانی کەمالیستییەوە کە پاڵپشتی نەتەوەپەرستیی تورک دەکا، سوپا لە ئاداری ١٩٧١ هەستا کودەتایەکی تری کردەوە. ترسی لەشکر لە هەر جۆرە سیاسەتێکی ئازادی و ئازادکردن کە بالادەستیی پێکهاتەیەکی لێ دەکرێ بتوانێ سۆشیۆپۆلیتیک بگۆڕێ و کۆمەڵگەی تورک بکاتە کۆمەڵێکی فرە ئیتنی، تا ئێستە کێشەی کورد لە تورکیا قەتیس کردووە.

سەبارەت بە عێراقیش، ئەو پشتیوانییەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ١٩٦٣ تا ١٩٦٨ لە باڵی سیڤیلی ناو حزبی بەعسی کرد، بۆ ئەوەی پارسەنگی سووریا و ئێرانی پێ بداتەوە، کێشەی کوردی لە بەردەستی ڕژیمە یەک لە دوا یەکەکانی عەبدوڕەحمان عارف (١٣ی نیسانی ١٩٦٦) و عەبدوڕەحمان بەزاز (٢٩ی

حـــوزەیرانی ١٩٦٦)دا ڕاگــرت.[٥٣] دیاره ئەمــه ڕاســـتـه کــه به فـــەرمی دەڵێن بەعسـییـەکـان به سـواری شـەمـەندەفـەرێکی ئـەمـەریکایی هاتنه سـەر حـوکم.[٥٤] ئەلبەزاز له ١٢ تەمووزی ١٩٦٦دا، پرۆگرامێکی ئاشـتیی ١٢ خاڵیی پێشکێش کرد کـه تێـیـدا هاتبـوو کـورد ئۆتۆنـۆمـیی دەبێ،[٥٥] خـۆی حـوکـمی خـۆی دەکـات و ئەنجوومـەنێکی کوردیش هەڵدەبژێرێ و کـورد پشکداری له هێزەکانی ئاسایشی وڵاتدا دەکـات و زمـانـی کوردی بەکـار دێ. بەڵام کـه نەتەوەپەرسـتـه توندڕۆیەکـان شـوێنی ئەلبـەزازیان گرتەوه و ناجی تالیبیـان دانا، ئەم هەمـوو پلانانه به با دران. هاتنی حوکمی بەعسییـەکان (١٩٦٨– ٢٠٠٣) و ئەو باره ناسکەی کۆمەڵی عێراق کـوردی خـسـتـه ئامـادەسـازی و هەر له تـەمـووزی ١٩٦٨ەوه شـۆڕشـیـان بەرپا کردەوه.[٥٧]

ئەو گۆڕانه ناوخۆیانەی له عێراقدا بەدی هاتن ڕێیان له خەباتی کورد نەگرت، لەبەرئەوەی پارچەبوونی سـەرکردایەتیی کورد وای کـرد کورد له نێوان خـۆیاندا لەسـەر ئەوه ڕێک نەکەون له دانوسـتاندنەکانیـان لەگەڵ بەغدا کێ سـەرکردایەتیی بزووتنەوەی کـورد بکات و جەلال تاڵەبانـی و ئیبراهیم ئەحـمەد خواسـتـی پتریان خسته سەر مێزی دانوستاندن و ویستیان ئۆتۆنۆمی بۆ کورد وەدەست بێنن[٥٨] و له دانوسـتـاندنیـان لەگـەڵ حکوومـەتی عێـراقـدا بەردەوام بن. لەگـەڵ ئەمـەشـدا، ئەو خواستانەی کورد که له مافه مەدەنییەکانی[٥٩] ڕەت دەدا و ئەو پشتیوانییەی ئێران له کوردیـان کـرد ئەگەر لەگـەڵ سـەدامـدا به ڕێککەوتنێک بگەن له بەرانـبەر ئەوەی ڕادیۆیەکی کـوردی له کرمـاشـان دابمەزرێنـێ، ئەوه دەگەیەنێ که پلانـەکانی کورد سـەرنەکەوتن.[٦٠]

ئەو ڕێژیمه ئۆتۆریتـارییه نەتەوەپەرسـته یەک له دوای یەکانەی لـه ١٩٦٠یەکان له سـووریا حـوکمیـان کرد، هێشـتـا باری کوردیان لەو وڵاتـەدا نیگەرانتر کـرد. که کـــۆمـــاری عـــەرەبی یەکگرتوو (له ٢٢ی شـــوباتی ١٩٥٨–١٩٦١ دروست بـوو) دەسـەڵاتی نەتەوەپەرسـتیی عـەرەبی له تۆقـەڵانێدا بوو. پاشـتـر که بەعسـییـەکانی سـووریـا له ١٩٦٣، له ڕێگەی کـودەتایەکی سـەربـازییـەوه، دەسـەڵاتیـان سـەند و پارتەکه دەسـتی به سـەر ویسـتی سیـاسیی ناوخـۆدا گرت[٦١] ئیـتر فره به خراپی کـاری له کـێـشـــەی کـورد لەو وڵاتـەدا کـرد.[٦٢] پێ دەچـێ کـه لـه ١٩٦٠یەکـان و ١٩٧٠یەکانـدا، هەڵوێسـتی کوردی عێراق له هـاونەتەوەکانی خۆیان تریان باشـتـر

بووبێ. ئەمەش ڕەنگە لەبەرئەوە بووبێ کە ڕێبازی ئایدیۆلۆجیای بەعس ڕێزی لە کەمینە ئیتنییەکانی تر گرتبێ. ئایدیۆلۆجیای پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی لەسەر بنەمای تێگەیشتنی مافەکانی کەمینە ئیتنییە جیاوازەکان دروست بووە بۆیە کوردی عێراق، لە کوردی وڵاتانی تر ئازادیی پتریان هەبووە. مایکڵ ئەفلاک وای بۆ دەچێ کە عەرەب ئێستە گەرەکیان نییە نەتەوەپەرستییان ببێتە ڕەگەزپەرستی... (بۆیە) کەس ڕێگە لە کورد ناگرێ زمانی خۆیان فێر بن ئەگەر ملکەچی یاسای دەوڵەت بن و هەڕەشەیان لێ نەکەن.[٦٣]

لە ١٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٣دا ئەنجوومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتیی شۆڕش بە سەرۆکایەتیی عەبدوسەلام عارف دوو پۆستی لە ئەنجوومەنی وەزیران و هەندێ تەنازولی زمانەوانیشی بۆ کورد کرد[٦٤] و لە ٧ی ئاداری ١٩٦٣شدا عارف پێشنیازی ڕێککەوتنێکی لەگەڵیاندا کرد کە لێبووردنی گشتیی جاڕ دا و گەمارۆی ئابووریی لەسەر باکور لادا و سوپای عێراقیشی لە ناوچەکە کشاندەوە و مافە نەتەوەییەکانی لەسەر بنەوای مافی چارەی خۆنووسین[٦٥] بۆ کورد سەپاند. هەر بەهەمان شێوە ئەحمەد حەسەن ئەلبەکری سەرۆکی عێراق لە ٣ی ئابی ١٩٦٨ بڕیاری دا کێشەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتییانە و دیموکراتییانە چارەسەر بکات بەو مانایەی بەرپەرچی هەموو مەیلێکی شۆڤینی و جوداخوازی بداتەوە و نەهێڵێت هێزە ئیمپریالیست و کۆنەپەرستە هەرێمییەکان کێشەکە بقۆزنەوە.[٦٦] ڕۆژنامەی ئەلسەورە ئەلعەرەبییەی ئۆرگانی حزبی بەعس لە ١٩٦٩، سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد، لە گوتارێکیدا نووسی کە پشتیوانی لە خەباتی کوردی عێراق دەکات بۆ ئەوەی کەسایەتیی نیشتمانیی خۆیان لەگەڵ خەباتی یەکگرتووی گەلی عەرەبی عێراقدا یەک بخەن تا یەکەتیی نەتەوەیی بسەپێنن.[٦٧] گرینگ نییە ئاخۆ ئەم پلانە پیادە کرا یان نا، بەڵام دیارە کە سەرکردایەتیی عێراق پتر بە پیری خواستەکانی کوردەوە چووە و بزووتنەوەی کوردی عێراقیش پێ دەچێ باش ڕێک خرابێ. لەگەڵ ئەمەشدا، سیاسەتگەلی دەوڵەتانی هەرێم لەسەر ئەوە بناخە کرابوو کە گەل بە قوربانی مانەوەی دەوڵەتەکان بکەن.

لە ١٩٦٩ەوە، دەستپێکی دیدەنییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کورددا تەنیا لە ڕێگەی عێراقەوە بووە و لە چوارچێوەی گەشەکردنی بەرژەوەندییەکانیاندا بووە و بە ڕووداوە هەرێمییەکانیشەوە بەسترابووەوە نەک بەو گۆڕانکارییانەی کە بە

سەر کێشەی کورددا دەهاتن و لەناو کەشی سیاسی شەڕی ساردیشەوە ڕەها دەبوو. کە شا جاڕی دا ئێران دەبێ کەمتر پشت بە وڵاتە یەکگرتووەکان ببەستێ و پێوەندیی ئابووریی لەگەڵ مۆسکۆدا پەیا کرد و ئێرانییەکان کەرەستەیان لە سۆڤیەتەکان کڕی و ئەو چەکانەی خۆی فرۆشتییە ئێران[٦٨]، هەموو ئەمانە کێچیان لە کەوڵی وڵاتە یەکگرتووەکان خست و ترسان لەوەی نەکا شا، بەو هەموو نەوت و سەرچاوە سروشتییەی هەیەتی، پتر ڕۆهەڵاتی ناوین داگیر بکا، ئەمە وای لە وڵاتە یەکگرتووەکان کرد هاوپەیمانی لەگەڵ ئێرانییان لە دژی نەتەوەپەرستی عەرەبی و کۆمۆنیستی سۆڤییەتیدا بکات.[٦٩] جگە لەو ترسەی وڵاتە یەکگرتووەکان هەیبوو لەوەی ڕێژیمی بەعس بە ئاشکرا ددانی بە ئیسرائیلدا نەدەنا هێشتا پتریشیی هاتە سەر کە ڕێژیم هەندێ جوولەکەی عێراقی بە تاوانی خەفیەییکردن بۆ ئیسرائیل بەئاشکرا لەدار دا، ئەمە نەک هەر هانی وڵاتە یەکگرتووەکانی دا پێوەندی بە کوردەوە بکات، بگرە لە دوای ١٩٦٨ەوە هاوپەیمانییەکی کوردی ئیسرائیلیشی پەیدا کرد.[٧٠] ئینجا پاشتر ئیسرائیل پێناویی لە پێوەندیی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کورددا کرد.

ئەو گومانەی شا لە ئۆکتۆبەری ١٩٦٩دا سەبارەت بە چالاکییەکانی کۆمارەکانی یەکەتیی سۆڤیەتی سۆشیالیست و عەرەبە کرِیارەکانی دەری بڕی و داگیرکردنی هەردوو دووڕگەی ئەبوموسا و تەنب لەلایەن ئێران و ئارەزووبوونی بۆ ئەوەی بە سەرچاوەکانی نەوتی کەنداو بگات و هاریکاریی سۆڤیەتییەکان لەگەڵ عێراقدا و ئەو بۆچوونە نوێیەی شا بەرانبەر بە عێراق کە بە شێتی ناوزەد کرد، فاکتەری پتر بوون بۆ ئەوەی هاوپەیمانییەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئێران توندتر بکەن و لە ئەنجامیشدا هاریکارییەک لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و مەلا مستەفا بارزانیدا دروست ببێ.[٧١] بۆیە پێ دەچێ کە یارمەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ کورد بەرهەمێکی ئامانجگەلی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بێت. وڵاتە یەکگرتووەکان ویستی بە چاکی ڕێگە لە بەرفراوانبوونی سۆڤیەت بگرێ و کۆنترۆڵی ئێرانی شا بکا و بەرپەرچی بەرژەوەندییەکانی سەدام لە کەنداو بداتەوە[٧٢] و لە ڕێی سەپاندنی دەسەڵاتی وڵاتە یەکگرتووەکان بە سەر هێزە کاریگەرە دەوڵەتییە هەرێمییەکانیشەوە سەقامگیری لە ناوچەکە جێگیر بکات نەک لەشکرەکانی ئەمەریکا بێنێ و پاسەوانیی کەنداویان پێ بکات.[٧٣] پاش ئەوەی

بارزانی نامەیەکی لە ٢٢ی نیسانی ١٩٦٩دا ئاراستەی ولیەم ڕۆجەرزی وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان کرد، یەکەم بڕ paymentی ١٤ ملیۆن دۆلاری لە ئابی ١٩٦٩ بۆ کوردی عێراق هات. نیازەکەش هەر ئەوە بوو پێوەندییەکانی نێوان کورد و شای ئێران پێش بخەن لە بەرانبەر ئەمەشدا وڵاتە یەکگرتووەکان پەیمان بدا پشتیوانی لە کورد بکات تا ڕێژیمی عێراق بڕووخێنن،[٧٤] لەگەڵ هەندێشدا ئەم بەشەی دادێ ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە پێوەندیی دوو قۆڵیی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد بە ئامانجەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی تایبەت بە سیاسەتی دەرەوەی شەڕی ساردی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بەند بوو.

لە ئابی ١٩٦٩دا وڵاتە یەکگرتووەکان داوای لە کوردی عێراق کرد خۆشیان لە کاتی دانوستاندنەکەیاندا لەگەڵ ڕێژیمی عێراق داوای ئۆتۆنۆمیی پتر بکەن و پشتیوانی لە کوردی عێراق نەکەن و پێوەندییان بۆ لەگەڵ شار ئێراندا باشتر بکەن و هەر جۆرە یارمەتییەکیش ڕەت بکەنەوە ئەگەر سۆڤیەتەکان بۆیان پێشنیاز بکەن و ئیتر وڵاتە یەکگرتووەکان و هی تریش یارمەتیی سەربازی و دارایی بدەن بۆ ئەوەی بەعس بڕووخێنن.[٧٥] لەم بەشەی دادێ تاووتوێ ئەوە دەکەین چۆن سۆڤیەتەکان ڕێژیمی عێراقیان هان دا بۆ ئەوەی لەگەڵ کورد و کۆمۆنیستەکاندا پێک بێن تاوەکو لەژێر چاودێریی سۆڤیەتدا دەوڵەت باشتر کۆنترۆڵیان بکات و ئەمەش وڵاتە یەکگرتووەکانی لەو کاتەدا وریا کردەوە کە عێراق هەوڵی کۆنترۆڵکردنی کوردستانی دا بۆ ئەوەی بە یەکجارەکی عێراق بگۆڕێ و بیکاتە دەوڵەتێکی چاودێر بەمەش هەڕەشەی لە بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکرد.[٧٦] لەبەر ئەم هۆیانە بوو کە دواتر مەلا مستەفا بارزانی بەیانی ئاداری ١٩٧٤ی ڕەت کردەوە و هەڵوێستی کورد بەو پەیمانەوە بەسترا کە وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ پشتیوانی بە کوردی عێراقی دا و ئەگەر سەیری ئەو قسەیەش بکەین کە مەسعوود بارزانی دەیکا کەوا ئەگەر پشتیوانیی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئارادا نەبووایە، ڕەنگ بوو دانوستاندنەکە بە رووکارێکی تردا بچووایە.[٧٧]

٣-٣- پێوەندیی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد لە سەردەمی سەرۆکایەتیی ڕیچەرد نیکسن (١٩٧٠ - ١٩٧٤)دا

ئەو سەردەمە ماکی دەستپێکی یەکەمین پێوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکانی بە

کوردی عێراقەوە پێوەیە. ئەم پێوەندییە بە زنجیرەیەک گۆڕانکاریدا ڕەت بووە و ڕێبازێکی نوێی لە پێوەندییە ناونەتەوەیییەکاندا کردووەتەوە و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی بەرەو تێوەگلان لەگەڵ هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان نیشان دەدات و بەمەش باشتر لە پرۆسەی سیاسەتسازیی وڵاتە یەکگرتووەکان تێ دەگەین و پاشتر باس دەکرێ. لەگەڵ ئەمەشدا، سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەکانی تری کورددا نەبووە و هەر پێوەندییەکیش ئەگەر هەبوایە، لە نزمترین ئاستدا و بە نهێنی بوو.

بە چڕبوونەوەی دەسەڵات لە دەستی سەرۆک و وەزیری دەرەوەیدا، هینری کیسنجەر (کە هەر خۆی سیاسەتساز و پیادەکاری سیاسەتەکە بوو) لەگەڵ دوو گۆڕانکاریی گرینگ لە پێوەندییەکانی نێوان ستراتیجییەتی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان و کێشەی کورددا هاودەم بوون.[78] ڕێبازی پێکەوەژیانی نیکسن (١٩٦٩– ١٩٧٤) سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان، دووەم گۆڕانی سیاسەتی دەرەوەی ئەو بوو و دووبارە ستراتیجیی لە بەرانبەری ڕۆهەڵاتی ناویندا گۆڕی.[79] دۆگما (بنەوای ئەو ڕێبازانەی باوەڕی کەسێکە کەسانی تر بێ بیر کردنەوە پێی قایل دەبن)ی نیکسنی سەبارەت بە کردەوە سەربازییە نهێنییەکان و بەگەڕخستنی سی ئای ئەی، سیاسەتی لە قاف کێشانی وڵاتە یەکگرتووەکانی لە دژی هەر هێزێکدا پەرە پێ دا کە هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ئەو لە هەرێمەکەدا دەکات. هاوپەیمانیی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ هەندێ لە هێزە کاریگەرە دەوڵەتییەکانی وەک ئێران و سعوودیە (ئیسرائیل نا) و لەگەڵ هەندێ هێزی کاریگەری نادەوڵەتی وەک کوردی عێراق، بۆ یەکەمین جار، خزمەتی ئەو ئامانجەی وڵاتە یەکگرتووەکانی کرد کە دەیویست ناڕاستەوخۆ کۆنترۆڵی ڕۆهەڵاتی ناوین بکات. بەم شێوەیە، وڵاتە یەکگرتووەکان تەنیا هەر پێشی لە پەلهاوێژیی سۆڤیەت نەدەگرت، بگرە ڕێی لە شەڕەنگێزیی ڕێژیمی عێراقیش دەگرت و نەیدەهێشت سامی خۆی لە کەنداوی پڕ نەوت بنیشێنێ.[80]

لەلای بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکاندا ئارامیی کەنداو ڕەنگدانەوەی درێژخایەنی بەرژەوەندییە ستراتیجی و ئابووری و سیاسییەکانیەتی. کەنداو ڕێڕەوێکی زیندووی ئابووری و سیاسییە و گرینگیی تایبەتیی خۆی بۆ هەموو دنیا هەیە. بەرژەوەندیی ستراتیجی ئێمە لەوەدایە دڵنیا بین کە ناهێڵین بکەوێتە بن

دەستی هیچ هێزێکەوە کە دوژمنداری لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ هاوپەیمانەکان و لەگەڵ دۆستەکانمان لە هەرێمەکەدا بکات. ئێمە هەروا پێوەندییەکی سیاسیی بەهێزمان لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییە نەرمڕۆیە دۆستەکانمان لە ناوچەی کەنداودا هەیە.[81]

پێبەندبوونی وڵاتە یەکگرتووەکان بە سەقامگیریی هەرێمەکەوە لە ڕێی ئەو هاوپەیمانە بەهێزە کاریگەرە دەوڵەتییە هەرێمییانەدا بووە هۆی ئەوەی کێشەی کورد پەراوێز بکات. بۆیە وڵاتە یەکگرتووەکان و لە دوای شەڕی ١٩٦٧ لەگەڵ ئیسرائیلدا، پرۆگرامی تایتڵ ٢ Title IIی لە باکوری عێراقدا هەڵوەشاندەوە و بە قسەی ڕۆچەر پ. دێیڤسی چیی تر یارمەتیی کوردە نەدارەکانی نەدا، لەبەرئەوەی کە وڵاتە یەکگرتووەکان پێوەندیی لەگەڵ عێراقدا نەمێنێ، ئیتر ناتوانێ یارمەتیی کەمینە نەتەوەییەکان لەو وڵاتەدا بدات.[82] هەر ئەمەش بووە ئەو هۆیەی لە ١٩٤٠ەکاندا وڵاتە یەکگرتووەکان باری پەنابەری بە مەلا مستەفا بارزانی نەدا و لە ١٩٦٠ەکانیشدا کورد پێیان نەکرا یارمەتی لە وڵاتە یەکگرتووەکان وەربگرن تا لە خەباتەکەیاندا بۆ ئۆتۆنۆمی نەپسێنەوە.[83] لەلایەکی ترەوەش، ئەو هاوپەیمانییەی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ شای ئێران و عەرەبستانی سعوودی و ئیسرائیلدا کردی و کردیانییە ماشەی خۆی لە هەرێمەکە و لە دژی سۆڤییەتەکان و عێراقی سەدامدا بەکاری هێنان بووە هۆی ئەوەی دۆخێکی نوێ بۆ پێوەندییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردی عێراق بسازێنێ.

ئەو گۆڕانکارییەی کەوا لە پێوەندیی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردی عێراق لە دیدەنییەکانی ١٩٦٩ەوە ڕووی دا و بووە پێوەندییەکی نهێنی لە ئاستێکی فەرمیدا، چەند فاکتەرێکیان هەبوو. کاتێ سۆڤیەتییەکان دزەیان بۆ ناو ئێران (کە چوارەم زۆرترین یارمەتیی ئابووریی سۆڤییەتییان بۆی نارد) و عێراق (باییی ١٧٠ بلیۆن دۆلار لە پیشەسازیی نەوتی نیشتمانیی ئەو وڵاتە بە بەرهەم هێنا) کرد، بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان پێی هاتە سەر چۆک.[84] لەو دەمەشدا کە کۆمارەکانی یەکەتیی سۆڤیەتی سۆشیالیست و سەدام لە شوباتی ١٩٧٢دا کۆبوونەوە بۆ ئەوەی ڕێککەوتنێکی سەربازی و ئابووری و سیاسی بکەن و ئەوە بوو لە ٩ی نیسانی ١٩٧٢[85] پەیمانی دۆستایەتی و هاریکارییان مۆر کرد، ئیتر وڵاتە یەکگرتووەکان کێچی کەوتە کەوڵ.

ئەم پەرەسەندنانە هاوکات بوون لەگەڵ ئەوەی کە سەدام کۆمپانیای نەوتی عێراقی لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٢دا خۆماڵی کرد و ئەو ترسەی شای ئێرانیش هەیبوو لەوەی نەکا سەدام هێرشێکی کاولکاری بۆ سەر ئێران و ئوردن بکا، وایان لە ولاتە یەکگرتووەکان کرد هاوپەیمانی لەگەڵ کوردی عێراقدا بکات.[٨٦] ڕەنگە ئەو هەولانەش کە سۆڤیەتەکان دەیاندا بۆ ئەوەی شوێن پێی خۆیان لە ناوچەکەدا بکەنەوە، هۆیەکی تر بووبێ کە نیکسنی هان دا هاوپەیمانی لەگەڵ کورددا بکات. ولاتە یەکگرتووەکان ترسی ئەوەشی هەبوو نەکا ئێران و عێراق پێوەندی بە کۆمارەکانی یەکەتی سۆڤیەتی سۆشیالیستەوە بکەن و ئەو ئارەزووەی ولاتە یەکگرتووەکان دەیکرد کە نەهێڵێ عێراق دەست بە سەر کەنداوی فارسدا بگرێ[٨٧] و ئەو تەبیعەتە کێوییەی بەعسییەکانی عێراق هەیانبوو کە کەوی نەدەبوون و هەڕەشەیان لە ئیسرائیل و لە ئاسایشی هەرێمەکە دەکرد و لە دوای ١٩٦٧یش پێوەندییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان عێراقیان شێواند، ئەمانە هەموو فاکتەر بوون بۆ ئەوەی ولاتە یەکگرتووەکان پێوەندی لەگەڵ کوردی عێراقدا دروست بکات.

تا ١٩٧٢، ولاتە یەکگرتووەکان هیچ بەرژەوەندییەکی بە ڕاستیی لە سیاسەتی کورد لەگەڵ کوردی عێراقدا نەبوو و ئەو نێزیکبوونەوە لابەلایەی ولاتە یەکگرتووەکان لە کورد لەبەر پاڵپەستۆی سیاسەتەکانی سۆڤیەت و پێشنیازی شا بوو، لەبەرئەوەی تا ئەو کات هیچ پێوەیندییەکی ولاتە یەکگرتووەکان و کورد دروست نەبووبوو. لەو کاتیشدا پێ نەدەچوو نە کێشەی کورد نە کوردەکانیش خۆیان لەلایەنی کیسنجەر گرینگ بووبن و ئەو کیسنجەرە لەو کاتیدا ئاماژەی بۆ کوردەکانی عێراق کرد و بە (شتێکی کوردی)[٨٨] ناوی هێنان. لە ١٩٧٢ بە دواوە و لە سەردەمی نیکسنەوە، بۆ یەکەم جار، کورد پێوەندیی فەرمییان لەگەڵ ولاتە یەکگرتووەکاندا دامەزراند. پێشتر ولاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە خواستەکانی کورد بۆ دروستکردنی پێوەندی، سارد بوو.[٨٩] لە ١٩٧٠وەش، سیاسەتەکانی سۆڤیەت ولاتە یەکگرتووەکانی لە کورد بەئاگا هێنا و پێوەندییەکی فەرمیی لەگەڵیاندا دروست کرد. سەدام کۆمۆنیستەکانی قەلاچۆ کرد کەچی کۆمارەکانی یەکگرتووی سۆشیالیستی سۆڤیەت لە سەریان بەدەنگ نەهات، لەبەرئەوەی سەرمایەیەکی زۆری لە عێراقدا وەبەرهەم هێنابوو، بۆیە دەیویست عێراق ئارام بێ و لەوانەیە هەر بۆ ئەمەش بووبێ کە سۆڤیەتەکان لە ١٩٧٠یەکاندا، عێراقیان هان

دابێ تا دانوستاندنی بەیانەکەی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە نێوان عێراق و کوردادا بکات.[٩٠] سۆڤیەتەکان پاڵەپەستۆیان لە سەدام کرد بۆ ئەوەی ئەگەر بیەوێ پەیمانی عێراق سۆڤیەت رێک بکەوێ دەبێ کورد و کۆمۆنیستەکانی ناوخۆ لە بەرەی نیشتمانی لەگەڵ بەعسییان بەشداری پێ بکات (١٨ی ئایاری ١٩٧٢) و ئەمەش هێشتا هۆی ئەوە پتر روون دەکاتەوە کە بۆچی ستراتیجی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان گۆڕا و هاوپەیمانیی لەگەڵ کورددا کرد.[٩١] لەبەرئەوەی ئێران مەترسیی لە دانوستاندنەکەی بارزانی لەگەڵ رژێمی عێراقدا هەبوو، ئیدریس بارزانی بانگێشتنی تاران کرد، تا لەگەڵ سەرۆکی ساڤاک و نوێنەرەکانی ئیسرائیلدا کۆ ببێتەوە.[٩٢]

لەم بارودۆخەدا بوو کە لە حوزەیران و تەمووزی ١٩٧٢دا، یەکەم کۆبوونەوەی بە نهێنی لە نێوان ئیدریس بارزانی و مەحموود عوسمان لەگەڵ ریچەرد هێڵمزی بەڕێوەبەری سی ئای ئەی و کۆڵۆنێل ریچەرد کەنێدیی یاریدەری بریکاری سەرۆکی پلاندانانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا کرا. لەو کۆبوونەوەیەدا، بە پێی ئەو رێککارییانەی شا کردبووی، کورد کێشەی خۆیانی راستەوخۆ لە پێش حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکاندا دانا و لێرەوە ماکی سەرەتای پێوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد دەستی پێ کرد. هەرچەندە کۆبوونەوەکە راستەوخۆ و فەرمی بوو بەڵام هەر بە نهێنی مایەوە، لەبەرئەوەی هەردوو لا ئەوەیان دەزانی کە پێویست بە پاراستنی نهێنییەکە هەبوو. د. کیسنگەر دەسەڵاتی دابووە هێلمز و کەنێدی بۆ ئەوەی هاوسۆزیی حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ بزووتنەوەی کورد بە سەرۆکایەتیی بارزانی دەرببڕن... تێبینیی ئەوەشی دا کە ئامادەبوونی نوێنەری کورد لە ئۆفیسەکەی خۆیدا بەڵگەیە بۆ هەڵوێستی ئێمە کە بایەخ بەو خواستی دەدەین کە یارمەتییان دەوێ.[٩٣] هێڵمز بە راشکاوی نیازی خۆی روون کردەوە بۆ ئەوەی ئەو پێوەندییە فەرمییە لەگەڵ بزووتنەوەی کورددا بهێڵێتەوە کە تازە دەستی پێ کردبوو. بەڵام یارمەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ کورد دەبێ رێگەی بۆ خۆش بکرێ یان لە رێگەی ئێرانەوە یانیش ئیسرائیل. کوردیش لەلای خۆیانەوە داوای ئۆتۆنۆمی و پێوەندیی راستەوخۆ و نهێنییان کرد، باوەڕیان وابوو کوردستان با هەر بچووک بێ، بەڵام دەشێ ببێتە ئامێرێکی کاریگەر و رێگەی بەفرەبوونی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا بگرێ.[٩٤]

ئەو یارمەتییەی ولاتە یەکگرتووەکان بۆ کوردی نارد تا ١٦ ملیۆن دۆلار چوو، ئینجا پاشتر کۆواری ڤلێج ڤۆیس Village Voice (دەنگی گوند)ی سەر بە ڕاپۆرتی کۆمەڵەی ئۆوتس پایکس (Oats Pikes لە ١٦ی شوباتی ١٩٧٦) بە وتارێک بە ناوی ئەو ڕاپۆرتەی لەبارەی سی ئای ئەیە و سەرەک فۆرد نایەوێ تۆ بیخوێنێتەوە The Report on the CIA that President Ford Doesnt Want You to Read درێژەی[٩٥] بابەتەکەی لە هەرا دا. بە قسەی ڕاپۆرتەکە ئەو کۆبوونەوە دە ڕۆژییەی کورد و ولاتە یەکگرتووەکان لە نێوان ئیدریس بارزانی و مەحموود عوسمان و کارمەندانی وەزارەتی کاروباری دەرەوە و نوێنەرەکانی پێنتاگۆن و وەزارەتی دەرەوە و بەڕێوەبەری سی ئای ئەیدا کرا، ئەرکێکی نهێنی بوو بۆ ڕێز لێنان لەو هاوپەیمانەی ئێمە (شا)،[٩٦] لەبەرئەوەی هاریکاریی ئاژانسەکانی هەواڵگریی CIA کردووە و هەستیش دەکا خەریکە دراوسێ هەڕەشەی لێ دەکات.[٩٧] ڕاپۆرتەکە باسی ئەوەشی کردووە کە شا لە ئایاری ١٩٧٢دا داوای لە ولاتە یەکگرتووەکان کردووە ناوبژیوانی لە کێشەی کورددا بکات لەبەرئەوەی کورد متمانەیەکی زۆریان بە ولاتە یەکگرتووەکان هەیە و دەیانەوێ چەکیان بدەنێ.[٩٨] ولاتە یەکگرتووەکان کوردی بەهۆیەکی بەسوود دەزانی تاوەکو عێراقیان پێ بێهێز بکا و نەهێڵێ هیچ سەرشێتییەک لە ناوچەکەدا بکات.[٩٩] ئەو ئاماژەیەی کە کیسنجەر بۆ کێشەی کوردی کردبوو بە شتێکی ناو هێنا ئەوە بەدەر دەخات کە بەڕێوەبەرایەتیی ولاتە یەکگرتووەکان چۆن سەیری کوردی کردووە. کاردانەوەی کوردیش لەوەوە دیارە کە پێویستییان بە یارمەتیی ولاتە یەکگرتووەکان هەبووە و (هیواشیان هەبووە) کە ڕەنگە ئەو پێوەندییە پەرە بسێنێ.[١٠٠]

لەو سەردەمەدا ولاتە یەکگرتووەکان تەنیا پێوەندیی لەگەڵ کورد عێراقدا هەبووە. ئەمەش لە چوارچێوەی سیاسەتێکەدا پەیدا بووە کە لە بنچینەیدا پێوەندیی لەگەڵ هێزە کاریگەرە دەوڵەتییەکدا بووە. ئەمەش تەنیا پێوەندیی بە ئاڵۆزبوونی سیستەمی ناونەتەوەیی و پەیدابوونی هەڕەشە و بزووتنەوەی نوێوە نەبووە، بگرە پێوەندیی بە ولاتە یەکگرتووەکان خۆیەوە هەبووە کە بایەخی بە پاراستنی بەرژەوەندییە هەرێمییەکان داوە. لەبەرئەوەی نۆبەرەی پێوەندییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کورد لە ئەنجامی سەرهەڵدانی شەڕی ساردەوە بوو، بۆیە پێوەندیی ولاتە یەکگرتووەکان و کورد بۆ ئەوە پێویست بوو ئێرانی هاوپەیمانی

ولاّته یەکگرتووەکـان لە سیاسـەتی دژە سـۆڤیـەتیی خـۆی لا نەدا و ئـەمـەش لەگـەڵ سـتراتیـجی پێکەوەژیانی نیکسندا دەگـونجا. ڕاپۆرتـەکـەی پایک دەڵێ پێـوەندیی نێـوان ولاّتە یەکگرتووەکـان کـورد بەرهـەمی پشـتیـوانیی ولاّتە یەکگرتووەکانە کـە چەک و پارەی کـاشی بۆ گرووپێکی ئیتنی ناردووە لە ولاّتێکی دراوسێـی ولاّتێکی هـاوپەیمانێکمـاندا، بۆ ئۆتۆنۆمـی خەبات دەکەن.[١٠١] بەهەمـان شێـوە کێشەی کورد بە گـۆتەی کـیسنجـەر چەند ئەنجـامـێکی پێکاوە کـە دەڵێ: گـرینگیـەتیـەکـەی لە پێوەندیی ئامانجەکان بە هۆیەکانەوەیە... گرینگیەتییەکەی لەگـەڵ یەکتری مانەوەی هـاوپەیمانانە.[١٠٢] لە هـەقیقەتدا، ئێران ئەو هـاوپەیمانەی ولاّتە یەکگرتووەکان بوو کە لەشکری عێراقی لەسـەر سنوورەکانی رۆهـەلاّتیدا دەهێشـتـەوە و ... لە سـووریای دوور دەکردەوە.[١٠٣]

هـاوپەیمانییـە کەمخـایەنەکەی ولاّتە یەکگرتووەکـان و کورد هـۆیەکی تاکتیکی بوو بۆ ئەوەی ڕێی ئامـانجـە هـەرێمییـەکانی سیاسـەتی دەرەوەی ولاّتـە یەکگرتووەکـان خـۆش بکات و لەبەرئـەوەی ولاّتە یەکگرتووەکان دەیویست کۆنـترۆڵی ئێران و عێراق بکات، ئەمـە وەک پرۆژەیەک تـەمـاشـا دەکـرا تا نەهێـڵن کـوردە جیـاییـخـوازەکـان ئامانجەکانیان بەدی بێنن لەبەرئەوەی گومانی ئەوەیان لێ دەکرا ڕێگەی ی. ک. س. س. بدەن گـــرفت بۆ هـاوپەیمـانـانـی ولاّتـە یەکگرتـووەکـــان دروست بکـات.[١٠٤] لەبەرئەوەی کیسنجـەر و شا هـەردووکیـان ئومـێدی ئەوەیان دەخواست کە کوردی مەعمیلیان سـەرنەکەوێ، وایان پێ پەسند بوو یاخییەکان لە پەلامـارەکانی خـۆیان نەکەون تا سـەرچاوەکانی (عێراق) وشک دەکەن.[١٠٥]

لە کـاتێکدا کـە سـیاسـەتی ولاّتە یەکگرتووەکـان لە بەرانبـەری کـوردی عێـراق پرۆسـەی سـیـاسـەتسـازی ڕوون دەکـاتەوە، بابەتی کوردی عێراق ڕێـی توێژینەوەی بابەتی سیاسـەتی هـەرێمیی پێوەندییـەکانی ولاّتە یەکگرتووەکان لـەگـەڵ هێـزێکی کـاریگـەری نادەوڵەتدا خـۆش دەکـات. وا پێ دەچێ کـە ڕێکخـسـتنی سـیـاسـەتی ناوەوەی ولاّتە یەکگرتووەکـان چوار کـوچکەی هـەبێ: دەسـتـوور، ئایدیۆلۆجـیـای سـەرۆکایەتییەکانی ولاّتە یەکگرتووەکان، ئەو سیسـتـەم و سـتافـە تایبەتەش کە بۆ کارکردنی بەڕێوەبەرایەتی تەیار دەکران، کەسـایەتییـە بیرۆکراتەکان. بۆ نموونە، ڕەنگە هـۆی چڕکـردنـی دەسـەلاّت لە نێـزیکی سـەرۆک و ڕاوێژکـارەکـانیـدا، لە سـەردەمی سـەرۆکایەتیی نیکسن، لەبەر بەهێزیی کەسایەتیی کیسنجەرەوە بووبێ.

هەر چەندە وەزارەتی دەرەوە ئەو پێشنیازەی پشتگوێ خست کە کۆشکی سپی بە کاریگەریی ئێران[١٠٦] بۆ یارمەتیدانی کورد کردبووی، بەڵام هێشتا بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان هەر یارمەتیی کوردی دا. تارکت سیلیێ کە پاشتر پۆستی باڵوێزی وڵاتە یەکگرتووەکانی لە تونس وەرگرت، سوور بوو لەسەر ئەوەی کە وڵاتە یەکگرتووەکان پشتیوانیی هیچ ئامانجێکی نە نهێنی و نە ئاشکرای نەدەکرد کە بۆ ئەوە ئامادە نەبووایە پشتیوانی لە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد بکات، (لەبەرئەوەی) ئەوان گەلێک بەرژەوەندییان لەو ناوچەیەدا هەیە.[١٠٧] بیرۆی کاروباری رۆهەڵاتی نێزیک لە وەزارەتی دەرەوە لەبەرئەوە بەرهەڵستیی یارمەتیدانی کوردی عێراقی دەکرد گوایە وڵاتە یەکگرتووەکان سیاسەتی دەست تێوەرنەدان پێڕەو دەکات بۆیە نایەوێ لەم جۆرە پرسە نهێنییەدا پشکداری بکات. ئەمەش تاکە نموونەی نارێکیی بیرۆکراسیی وڵاتە یەکگرتووەکان نەبووە. درزی نێوان ئەو هەموو فەرمانبەرایەتی و فرە بەشانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتیی نیکسندا هەبوون، لەسەر یارمەتیدانی ئێران، تا دەهات بەرینتر دەبوو.[١٠٨]

هەرچەندە کۆنگریس پارەدانی فرۆشتنی دەرەکیی چەکی بۆ ئێران لە ئابی ١٩٧٠ بە درەنگەوە سەلماند، بەڵام هێشتا بڕیارەکانی سەرۆکایەتی باڵەفڕەی شەڕوانی بۆمبهاوێژی ئێف ٤ F4 و باڵەفڕەی گەڕان و تانکی جۆری شیرەدن و باڵەفڕەی گواستنەوەی 130- C و کەرستەی تری سەربازیی فرۆشتنە ئێران بۆ ئەوەی نەهێڵێ چەکی سۆڤیەتی بکڕێ.[١٠٩] ئەو ئازادییە تەواوەی سەرۆکایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان لەو سەردەمدا هەیبوو ئەوەش راپۆرتەکەی پایک دەیڵێ کەوا هیچ هاریکارییەک لە نێوان سەرۆکایەتی لەگەڵ سی ئای ئەی دا، نەبووە هەندێ پرسیار لەبارەی شەرعیەتی فەرمانگەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و پرۆسە نەرێتییەکەی بڕیاردانەوە ورووژاند.[١١٠] ئەمەش جەخت لەوە دەکاتەوە کە کاریگەریی دەرەکی فاکتەرێکە لەوانەی کە سیستەمی سیاسەتسازیی وڵاتە یەکگرتووەکان فەراهەم دەکات. لێرەدا دەردەکەوێ کە کاریگەریی شا هێندە بووە و هێندە خۆی ماندوو نەکردووە تا بە وڵاتە یەکگرتووەکان بڵێ بۆچی پرۆگرامی یارمەتیی (وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ کورد) لە ١٩٧٥دا بڕا.[١١١]

٣-٤- سەیرانی پێوەندیی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد (١٩٧٥- ١٩٧٩)

ئەو یارمەتییەی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ کوردی نارد هیچ سوودی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان نەبوو. لە ١٩٧١ بەریتانیا لە کەنداو کشاوە و لە ١٩٧٩شدا خومەینی پەیدا بوو، بۆیە ١٩٧٠یەکان بۆ کێشەی کورد و بۆ ستراتیجی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان فرە گرینگ بوو. هەرچەندە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان نەگۆڕان، بەڵام نیکسن لە چوارچێوەی نا. بە گوتەی کیسنجەر لە ١٩٧٢دا یان دەبوو ڕێگە بدەین[١١٢] ئێران خۆی پڕچەک بکات، یانیش ڕێگەی بۆشاییەک بدەین کە ڕەنگ بوو سۆڤیەتەکان پڕی بکەنەوە.[١١٣] سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆهەڵاتی ناوین پشتیوانیی لە هاوپەیمانیی ئێران و کورد کرد. ئێرانیش لەلای نیکسن ئەو بەربەستە بوو کە کۆمیونیستەکانی سۆڤیەت و ڕێژیمی بەعسی عێراقی ڕادەگرت. پاشان وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ ئەوە پشتی کوردی گرت تا هێزێکی ئاژاوەگێڕی وا دروست بکەن نەیەڵێ (عێراق) سەقامگیر بێ.[١١٤]

هەر لە کۆتاییەکانی ١٩٦٠ەکانەوە تا ناوەڕاستی ١٩٧٠یەکان، ڕۆڵی کورد لە یارمەتیدانی پیادەکردنی ستراتیجی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆهەڵاتی ناویندا پڕ بایەخ بووە. گەلێک جار کوردی عێراق هاوپەیمانی کاریگەری سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بوون لەوەی کە پارسەنگی بەعسییەکان بدەنەوە و کار لە ئێران بکەن و ورەش بەبەر بزووتنەوەی کوردی ئێراندا بدەنەوە.[١١٥] لەگەڵ ئەمەشدا کە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان چ ئەوەی بەرانبەری کورد بێ یان ئەوەی هەر هێزێکی کاریگەری تری دەوڵەت بێ دیارە کە بە گوێرەی بەرژەوەندە ستراتیجە درێژخایەنەکانی خۆی دایدەڕێژرێ بەمەش پێوەندیی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد لە ١٩٧٠یەکاندا، نهێنی و هەلپەرستانە بووە و لە نێوانی حەفتاکاندا بڕاوەتەوە. ئەو یارمەتییەی وڵاتە یەکگرتووەکان بە نهێنی بۆ کوردی نارد بۆ ئەوە بوو پارسەنگی عێراق و ک. ی. س. س. بداتەوە و بەپێی ئەجێندەی سیاسەتی دەرەوەی خۆی ساز درابوو و شای ئێرانیش سەرە داوەکەی هەڵکردبوو[١١٦] و لە پاشی ڕێککەوتنەکەی ئەلجەزایریش لە ١٩٧٥، کە وڵاتە یەکگرتووەکان و ئێران یارمەتییەکانی خۆیانیان لە کوردی عێراق بڕی،

ئومێدەکانی کورد کە بە پشتیوانیی ولاَتە یەکگرتووەکان گەشەیان کردبوو، دووبارە بۆ ماوەی بیست ساڵ کزییان تێ کەوتەوە.

ڕێککەوتنەکەی ئەلجەزایر لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥، پێوەندیی ولاَتە یەکگرتووەکان و کوردی پچڕاند. هەر لەو دەقیقەیەی شا ڕێککەوتنەکەی لە سەر ناکۆکیی سنووریی نێوانیان، لەگەڵ دوژمنەکەیدا ئیمزا کرد، پشتی خۆی لە کورد کرد و نیکسنیش بە شوێن پێی شادا چوو.[١١٧] ڕێککەوتنەکەی ئەلجەزایر سەرکەوتنی ئەو شایە بوو کە خۆی لە شەڕی چەکداریی کوردی ولاَتی خۆی دوور دەخستەوە و عێراقی تەنگاو کردبوو بۆ ئەوەی ڕکابەرییەکەی لەسەر شەتولعەرەب لەگەڵ ئەودا بۆ بەرژەوەندیی خۆی ببڕێتەوە.[١١٨] لە کاتی کۆبوونەوەیەکی ئۆپیک (ڕێکخراوی ولاَتانی هەناردەی پێترۆڵ)دا شا بڕیاری دا چیی تر پشتیوانیی کورد نەکات بە مەرجێک دەسەلاَتی بە سەر نیوەی ئاوەڕۆی waterway شەتولعەرەبدا بشکێ و عێراقیش دەستبەرداری خواستنی هەرێمی خوزستان بێ کە ناوچەیەکی نەوتاوییە.[١١٩] لە هەمان کاتیشدا عێراق دان بە سەروەریی ئێران بە سەر دوورگەی ئەبوموسا و تونبەکاندا بنێ.[١٢٠] لەلایەکی تریشەوە، لەبەرئەوەی سەدام بێهێزترینی ئەو لایەنانە بوو، هەموو ئەم هەولاَنەی بەو مەبەستە بووە بتوانێ پارسەنگی ئەو یارمەتییانە بدات کە کورد لە ئیسرائیل و ئێران و ولاَتە یەکگرتووەکانەوە بۆیان دەهات.[١٢١] ئەنجامی بەزینی شۆڕشی کورد و ململانێی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (١٩٧٥) کە جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد، بە نوێیی، بە فەرمی لە ١٩٧٦ لە دیمەشق ڕایان گەیاندبوو، لایەنێکی نوێی تری بزووتنەوەی کوردی لە عێراق دەستی پێ کرد.

ئەنجامەکانی بەیانی ئادار هەرچی بووبێت، دەبێ ئەوە بزانین ئەو بەیانە دەستکەوتێکی بێهاوتای کێشەی کوردی عێراق بوو لەبەرئەوەی ناسنامەی دەوڵەتەکەی بە جووت نەتەوەیی ناساند.[١٢٢] بەلاَم لەبەرئەوەی هەردوو لا نەیانتوانی بەڕێککەوتنێک بگەن تا بتوانن بەیانەکە جێبەجێ بکەن، بۆ چوار ساڵیان دوا خست تا ئەو کاتەی کورد ئەگەر ئامادە بوون، هەینێ بتوانن خۆیان حوکمڕانیی خۆیان بکەن.[١٢٣] بەلاَم هەر لەگەڵ ئیمزاکردنییەوە دیار بوو کە ڕێککەوتنەکە هەرەسی هێناوە. مەلا مستەفا بارزانی چەند سەعاتێک لە پێش مۆرکردنی ڕێککەوتنەکە بێزاریی خۆی لەو سیاسەتانە دەربڕی کە بەعیسییەکان لە ١٩٦٣دا

پێرەویان کردبوو[١٢٤] بەڵام ئەندامانی پۆلیتبیورۆی پارتەکەی ناچاریان کردبوو ڕێککەوتنەکە ئیمزا بکات لەبەرئەوەی ئەو بەڵگە مێژووییە بوو مافەکانی کوردی تێدا هاتبوو.[١٢٥]

لە هەمان کاتدا، ئەو ئامانجانەی کورد لە ١٩٦٩وە داوایان دەکرد و دەیانویست ئۆتۆنۆمییان لە چوارچێوەی قەوارەیەکی سیاسیدا هەبێ (لەگەڵ ئەو ستانداردەی ئێستە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیخوازێ)، هیچی لەگەڵ ویستی بەعسییەکاندا یەکی نەدەگرتەوە کە دەیویست دان بە ئۆتۆنۆمییەکی کوردیی سنووردراردا بنێت. وڵاتە یەکگرتووەکان هانی کوردی دا لە ئۆتۆنۆمی پتر بخوازن و لە هەمان کاتیشدا پێ نەدەچوو ئامادە بن هاریکاریی هیچ حکومەتێکی عێراق بکەن ددان بە مافەکانی ئۆتۆنۆمی و کورددا نەنێ کە ئۆتۆنۆمی و کولتوورێکی یەکگرتوویان هەبێ نەک سەربەخۆیی... کورد متمانەیان بە عێراقی عەرەبی نییە و دیاریشە ورده ورده کەمتر مەیلی چارەسەری مامناوەندییان دەمێنێ.

دیارە ئەو پێشنیازانەی کورد لە کاتی سەردانەکەی شاندێک بە سەرۆکایەتیی شەفیق قەزاز لە ١٩٦٩دا کردیان، بەو مەبەستە بوون وڵاتە یەکگرتووەکان هاریکارییان بکا ڕێژیمی عێراق بڕووخێنن و یەکێکی تری بێننە شوێن کەوا پتر هاریکاری کورد بێ،[١٢٧] کەچی سەبارەت بەو سیاسەتەش کە عێراق لە بەرانبەری کورد لە ١٩٦٨ەوە پەیڕەوی دەکرد بە بۆچوونی کورد دیاربوو بەعسییەکان تەنیا ئەوەیان دەوێ کات بە سەر ببەن تا پێگەی ڕێژیمەکەیان توند دەبێ. ئەو هەوڵەی لە دیسێمبەری ١٩٧٠، لە پێش جاڕدانی بەیانەکە، بۆ کوشتنی ئیدریس بارزانی درا،[١٢٨] ئەم بیرۆکانەی پشتڕاست کرد. دوورخستنەوەی کورد لە پێکهاتەی دەسەڵاتی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش[١٢٩] و پشتگوێخستنی خواستی کورد بۆ چارەسەری مامناوەندی لە کەرکووک، پتر نەیانهێشت بەیانەکە جێبەجێ بکرێ.[١٣٠] دەڵێن ئەو دەستپێشخەرییەی بۆ دانوستاندنی بەیانەکە سەدام کردی، بە پاڵپەستۆی سۆڤیەتەکان و بەپێی پەیمانی دۆستایەتی و هاریکاری بووە و لە بەرانبەریشدا باسی ئەو کوشتارە نەکراوە کە سەدام لەناو کۆمۆنیستەکاندا کردبووی.

لە تەمووزی ١٩٧١، مەلا مستەفا بارزانی جاڕی دا کە: بارودۆخ کوردیان ناچار

کرد بۆ ئەوەی ڕێککەوتنێک ئیمزا بکەن هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوون عێراقییەکان ڕێزی لێ بگرن. ئێستەش کورد ئامادەن بۆ ئەوەی لە دژی حکوومەت ڕاپەڕنەوە، پێوەندیمان بە لایەنە ناکوردییەکانەوە کردووە لەبەرئەوەی ترسی فریودانیان لێ دەکەین نەکا پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو ببەن. ئەو حکوومەتەی لەم جۆرە ڕاپەڕینەوە سەر هەڵدەدا، لایەنگری ئەمەریکا دەبێ. بارزانی ئامادەیە ڕاوێژ بە وڵاتە یەکگرتووەکان بکات و سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان پێڕەو بکات و ئەوانەی لە دژی ئەمەریکاشن لە ناوچەکە ڕامالن. بارزانی دەیەوێ پێوەندیی نهێنی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا دروست بکات و ئامادەشە لەبارەی چۆنیەتیی بەردەوامکردنی کردەوە شۆڕشگێڕییەکانی خۆی لە دژی ڕێژیمی عێراقدا ئامۆژگارییان لێ وەربگرێ ... ئێرانیش پەیمانی داوە کە شەڕ دەستی پێ کردەوە، یارمەتیمان بدات.[١٣١]

ئەم جۆرە باوەڕەی کورد هەیبوو لەگەڵ ئەو هەوڵەی لە ٢٩ی سێپتێمبەری ١٩٧١دا بۆ کوشتنی مەلا مستەفا بارزانی درا و ئەو بیرۆکانەی بەعسییەکان هەیانبوو گۆیا جیابوونەوە و تایفەگەری و خێلەکایەتی ... کۆمەڵ پارچە دەکات، هێشتا پێوەندییەکانیانی لەگەڵ کورددا ساردتر کرد. دوا تەگەرەیەک کە دانوستاندنەکانی عێراق کوردی وەستاند ئەو یارمەتییە بوو کە وڵاتە یەکگرتووەکان و ئێرانییەکان و ئیسرائیلییەکان لە هاوینی ١٩٧٢دا بۆ کوردیان نارد.[١٣٢]

لەلایەکی ترەوە، هەرچەندە تاریق عەزیز جاڕی دا کەوا بەیانەکە پروپاگەندە نەبووە،[١٣٣] بەڵام سەدام گەشبین بوو بەوەی چارەسەرکردنی کێشەکە برایەتی مسۆگەر دەکات، لەبەرئەوەی ئەو باوەڕی بە هیچ لێک نێزیکبوونەوەیەکی کورد ئێران نەبوو.[١٣٤] بە قسەی ئەو کوردانەی لەو دانوستاندنانەدا بەشدارییان کردبوو، لەبەرئەوەی لە بەدبەختیی هەموان، هەردوو لایەن لە پیادەکردنی ڕێککەوتنەکەیاندا ڕشت نەبوون، ئەوە هەلەکەی لە دەست دا. کورد وایان بیر دەکردەوە کە هێزە دەرەکییەکان دەیانتوانی لە عێراقییەکان باشتریان بۆ بکەن و لە بەرانبەریشدا، باوەڕیان وابوو کە وا عێراقییەکان بە یارمەتیی سۆڤییەتەکان دەتوانین هەر دەمێکی دەستیان بەر خۆ کورد لە قاف کێشن. ڕێککەوتنەکە کارێکی باش بوو و نیشانەی نهێنی و ئاشکرای واشی پێوە بوو کە پێویستە کورد و

عێراقییەکان نیازی باشیان هەبێ و بیانەوێ بەیانەکە جێبەجێ بکەن.[١٣٥]

لەم بارودۆخەدا زۆر لەگێن نەبوو یاسای حوکمی زاتی لە ١٩٧٤ پیادە ببێ. ئەنجامی قانوونە تازەکە ئاوەژووی بەیانەکەی ١٩٧٠ بوو لە بری ئەوەی خواستەکانی کورد بەجێ بێنێ، بەڕێوەبەرایەتییەکی تەسلیمی کورد کرد کە بە تەواوەتیش لەبن دەستی بەغدایدا هێشتەوە. پەیمانبەستنی سەدام لەگەڵ کۆمارەکانی یەکەتیی سۆڤیەتی سۆشیالیست و تەنگژەی نەوتی ١٩٧٣-١٩٧٤ و خۆماڵیکردنی کێڵگەکانی نەوتی کەرکووک، دەستی سەدامی بەبەرەخۆی هێنایەوە و شۆڕشی کوردی بەرپا کردەوە.[١٣٦]

لە دوای ڕێککەوتنەکەی ئەلجەزایر و کە سەرۆکی دیموکرات جیمی کارتەر (١٩٧٦- ١٩٨٠)یش دەسەلاتی وەرگرت، ئیتر کورد نامۆ بوون و ولاتە یەکگرتووەکان هەموو تەقەلای خۆی بۆ پاراستنی ناوچە نەوتاوییەکەی کەنداو چڕ کردەوە، لەبەرئەوەی بەرژەوەندییەکی سەرەکیی ولاتە یەکگرتووەکان لەوێدا بوو تا بتوانێ ڕێ لە کۆمارە یەکگرتووەکانی سۆشیالیستی سۆڤیەت بگرێ و ئاسایشی ئیسرائیلیش مسۆگەر بکات.[١٣٧] هۆی ئەم سیاسەتە دوو دەمە ئەوە بوو کە ولاتە یەکگرتووەکان پێویستی بە هاوردەی نەوت هەبوو و پاشانیش شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران بەرژەوەندییەکانی لە کەنداو مەترسیدار کرد.[١٣٨] لە شەڕی یەکەمی کەنداو (١٩٨٠ ١٩٨٨) ولاتە یەکگرتووەکان بۆ لە قاف کێشان containmentی شیعایەتی و شیوعییاتی پشتی سەدامی گرت.[١٣٩] سەیرە کە ولاتە یەکگرتووەکان لە لەقاف کێشانی عێراقەوە سیاسەتی خۆی گۆڕی و بە درێژاییی ١٩٨٠یەکان، ویستی عێراق و ئێران و کورد کۆنترۆڵ بکات. سەیرتر ئەوە بوو کە زبگنیێڤ بریجینیسکی چەند ساڵێکی کەم پاش ئەو دوژمنداریيەی ولاتە یەکگرتووەکان لە ئاست عێراقی دەکرد، گوتی پەیابوونی ئایەتوڵڵا خومەینی لەو هەرێمەدا ولاتە یەکگرتووەکان و عێراقی ناچار کرد هاوپەیمانیی یەکتر بکەن لەبەرئەوەی بەرژەوەندییەکانی عێراق لەگەڵ ولاتە یەکگرتووەکاندا هیچ جیاوازییەکی بنچینەییان نەبوو.[١٤٠]

لە سالانی سەرەتای شەڕی ١٩٨٠یەکاندا ولاتە یەکگرتووەکان پشتی ئێران و عێراقی وەک یەک گرت بۆ ئەوەی ڕێ نەدا لایەنێک دەستی بە سەر هەموو

هەرێمەکەی دەرەوەی عێراقدا بگرێ و پاشان سیاسەتی لە قافنانی ئێرانی پێڕەو کرد و ئەمانەش ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی و بەگوێرەی گۆڕانی بارودۆخەکان دادەڕژێ. جۆون دۆیتچ (بەڕێوەبەری سی ئای ئەی تا ١٩٦٠) سەبارەت بە کورد تێبینیی بۆچوونی وڵاتە یەکگرتووەکانی داوە کە ڕەنگە ئۆتۆنۆمیی کورد هەرێمەکە بشڵەژێنێ لەبەرئەوەی بۆ ئازادیی کورد دەبێ خاک لە ئێران و تورکیا و سووریا وەربگیرێ.[١٤١] ئەم سیاسەتەی وڵاتە یەکگرتووەکان تا کۆتاییی شەڕی یەکەمی کەنداو پێڕەو دەکرا.[١٤٢]

ئەو هۆیانەی کوردیان لەناو سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکاندا نامۆ کرد، بەهێزبوونی عێراق بوو، ئەوەش لەوەوە هات کەوا لە دوای تەنگژە ناونەتەوەییەکەی ١٩٧٣-١٩٧٤وە بەرهەمی نەوتی عێراق فرە زێدە بوو[١٤٣] و ڕۆئاوا پتر پێویستییان بە نەوتی عێراق هەبوو[١٤٤] و لەبەرئەوەی پێوەندییەکانی نێوان عێراق و یەکەتیی سۆڤیەتیش لە دوای سەرکوتکردنی کۆمۆنیستەکان لە عێراقدا تێک چوو، عێراق ناچار بوو بۆ ئەوەی سوود لە تەکنۆلۆجیای پێشکەوتووی ڕۆئاوا وەرگرێ، سیاسەتی خۆی لە بەرانبەریاندا گۆڕی.[١٤٥] بەزینی کورد و پارچەبوونیان لە ١٩٧٥ و پاشان دوا کۆچی مەلا مستەفا بارزانی لە ١٩٧٩، وایان کرد کێشەی کورد تا کۆتاییی شەڕی یەکەمی کەنداو (١٩٨٠-١٩٨٨) هەروا بە پەڕاوێزی بمینێتەوە.[١٤٦] لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دایناميکی هەر پێوەندییەکی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ هەر وڵاتێکی ئەم هەرێمەدا کردبێتی کاریگەریی نەرێنیی لە پێوەندییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کورددا کردووە.

بەهەمان شێوە هەستانی ئیسلامی سیاسی لە ١٩٧٠یەکاندا لە تورکیا و هەڵوەشاندنەوەی تورکی چەپ (پارتی کرێکاری تورکی) کە کوردی بە نەتەوەیەکی جیا ناساند و سەرکوتکردنی نیشتمانیی کرد، لە ئەنجامی ئەمانەشەوە لە ١٩٧١ بۆ جاری دووەم سوپا بە پشتیوانی لێکردنی سی ئای ئەی دەستی لە کاروبارەکە وەردا.[١٤٧] ئەوەی لە ١٩٧٠ کورد جاڕیان دا کەوا لە تورکیا گەلی کورد هەیە و ڕووبەڕووی تاواندنەوە هاتووە و تۆقێندراوە، زیاتر ئیلیتەکانی دەوڵەتی تورکیای لە پێشان وشتتر کرد.[١٤٨] هەموو سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورک

له قەدەغەکردنی هەر حیزبێکی چەپڕۆ و بەرەو ڕۆژئاوا چوونی تورکیا و پێوەندییە توندەکانی لەگەڵ عێراق و ئێراندا، هەمووی بە سیاسەتی دژە کورد دەخوێندرێتەوە.[١٤٩] لە ڕاستیشدا پێوەندییە ئابوورییە توندەکەی لەگەڵ ئێران و عێراقدا، هێشتا پتر کوردیان پەراوێز کرد.[١٥٠] بەهەمان شێوە تەشەنەکردنی دەسەڵاتی ڕێژیمی بەعسی حافز ئەسەد (١٩٧٠) سیاسەتە توندەکانی سووریای لە دژی کورد بەرفرەتر کرد، بۆ نموونە: بەکارهێنانی بە ئاشکرای زمانی کوردیی قەدەخە کرد و ناوی گوندە کوردییەکانی کردە عەرەبی و زۆری تریشی کرد. لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییانەدا، دوازدە گرووپی جیاخوازی کوردی و پارتی کرێکارانی کوردستان پ. ک. ک. (لە ٢٧ی نۆڤێمبەری ١٩٧٨) لە تورکیا پەیا بوون و لە خوارەوە شرۆڤە کراون.[١٥١]

لە کۆتاییشدا، باری کوردی ئێران بە هاتنی ئایەتوڵڵا خومەینی لە جاران باشتر نەبوو و ئەوە بوو لە ١٩٧٩ شەڕی لەگەڵ کورددا بەرپا کرد. بەتایبەتیش، ڕاڕابوونی خومەینی لەوەی مافەکانی نەتەوە نافارسەکان بدات و کە کوردیش قایل نەبوون چارەسەرێکی مامناوەندی بدۆزنەوە و بە کەمتر لە فراوانکردنی سنوورەکانی مەهاباد بۆ ئەوەی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و کرمەشان و ئیلامیش بگرێتەوە[١٥٢] (وەک ئەوەی لە نەخشەی ٢دا دیار کراوە) ڕازی نەبوون، ئەمە شەڕی لە نێوان پێشمەرگە و پاسداراندا لە سنە لە (١٨ی ئاداری ١٩٧٩)دا بەرپا کرد.[١٥٣] غەریب هەروەها باسی ئەوەش دەکات کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نامەیەکی لە ٥ی ئابی ١٩٧٩دا بۆ خومەینی نارد تێیدا نووسیبووی کورد ئاواتیان بووە ڕێژیمە گەندەڵەکەی شاهنشاهی بروخێنن و حوکمێکی دیموکراتی لە ئێران دابمەزرێ کە مافی چارەی خۆ نووسین یان فیدراڵی بۆ گەلی کورد فەراهەم بکات[١٥٤]، ئەمەش بە چاوی دەسەڵاتدارانی تاران خواستێکی زۆر بوو و پێیان نەکرا بۆیان بەجێ بێنن. لەمەش پتر ئەوە بوو ئەنجوومەنی شۆڕش هەر شەش خاڵەکانی پلانەکەی کوردی (فبرایری ١٩٨٠)ی ڕەت کردنەوە کە داوای ئۆتۆنۆمییان بۆ کورد لە ئێران دەکرد. ئەمە پارسەنگی دەسەڵاتی باڵای نێوان حکوومەت و سوپای تورکیامان بەبیر دێنێتەوە.[١٥٥]

هەر چەندە بۆچوونی خومەینی بەرانبەری کورد جیا بوو، بەڵام هێشتاکە بازرگانیی سەرەک وەزیران و ئایەتوڵڵا مەحموود تاڵەقانی هاوسۆزیی خۆیان

بەرانبەر بە ئامانجەکانی کورد دەربڕی.[156] مافی خوێندن بە زمانی کوردی و هەبوونی نوێنەری کورد (٢٤ ئاداری ١٩٧٩، ٣ی سێپتێمبەری ١٩٧٩) تەنیا ترسی ئەوەیان نیشان نەدا کە ڕەنگە زۆرینەی ڕادیکاڵ بچنە پاڵ خواستەکانی بزووتنەوەی کوردەوە و داوای مافەکانیان بکەن، بگرە ویستیان دەوڵەتێکی ئیسلامی لە شوێن دەسەڵاتە شاهانەکەیاندا دابمەزرێنن. لە گرتنی بارمتەکانی باڵیۆزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان لەلایەنی ئیسلامییەکانەوە لە نۆڤێمبەری ١٩٧٩ و ئەو ڕێفراندۆمەی لە دیسێمبەری ١٩٧٩دا کرا ئەوە ئاشکرا دەکەن کە ٩٠ لە سەتی کورد دژی حکومەت بوون و خومەینییان ناچار کرد بەرنامەیەکی ١٤ خاڵی بۆ گرووپە ئیتنییە کەمینەکان[157] پێشکێش بکات. بەڵام بە هزری خومەینی، ئۆتۆنۆمیی کورد واتەی جیابوونەوە و سەربەخۆییە[158] و بە قسەی بەنی سەدریش ئێمە بە ئۆتۆنۆمی ڕازی دەبین، بەڵام ئەوەی ئێوە دەتانەوێ سەربەخۆییە، ئەگەر وا نەبێ ئێوە شەڕی بۆ ناکەن،[159] ئەم قسانە بوون دەوامیان بە خەباتی کوردگەل دا.

بەندی ٢ی دەستووری ئیسلامی (نۆڤێمبەری ١٩٧٩) دەڵێ هەموو نەتەوەکانی ناو کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەک فارس و تورک و کورد و عەرەب و بەلوچ و تورکمان و ئەوانی تر مافی یەکسانیان هەیە.[160] پاشتر کە لە (نیسانی ١٩٧٩) بەرنامەی ئۆتۆنۆمیی حیزبی دیموکراتی کوردستان نکوولیی لێ کرا و ڕێگەی خواستەکانی کورد نەدران، شەڕێکی نوێ لە نێوان کورد و پاسدارانی کۆماری ئیسلامیدا هەڵگیرسا.[161] لە ئابی ١٩٧٩، دوای ئەو هەوڵەی کورد بۆ ئازادکردنی پاوە (لە نێزیکی سنووری عێراق) دایان، (خومەینی) جاڕی شەڕێکی پیرۆزی لە دژی کورد دا و ئەندامیەتیی عەبدورەحمان قاسملوی لە مەجلیسی خبرگانی ڕەهبەری هەڵوەشاندەوە و سەرکۆنەی کوردی کرد و حیزبی دیموکراتی کوردستانیشی بە حیزبی شەیتان وەسف کرد.[162] کوردیش لە بری چارەسەرێکی مامناوەندی، چەکیان هەڵگرتەوە[163] و گوتیان چی تر چەک دانانێین تا ئۆتۆنۆمی وەدەست نەهێنن، کەچی تاران گوتی ئەو کاتە دانوستاندن لەگەڵ کورددا دەکات کە چەکەکانیان دانێن.[164]

خومەینی جاڕی دا کەوا دەیەوێ شیعایەتی لە ناوچەکەدا بڵاو بکاتەوە و ئەمەش وڵاتە یەکگرتووەکانی سل کردەوە لەبەرئەوەی ترسا هاوسەنگیی دەسەڵات لە هەرێمەکە بگۆڕێ. حوکمی خومەینی تەنیا سێیەمین گۆڕانکاریی لە سیاسەتی

دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا نەکرد بگرە لەبەر بۆچوونی سەرکردە دینییەکان سەبارەت بە کەمینە نەتەوەییەکانەوە، بارودۆخی کورد خراپتر بوو.

٣-٥- وڵاتە یەکگرتووەکان و پەراوێزکردنی کێشەی کورد (١٩٨٠-٨٣)

هەڵبژاردنی رۆنەڵد ریگنی کۆماری بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان (١٩٨١-٨٩) بە توندکردنی پێوەندییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیلەوە بەند بوو و وەک (کەرەستەیەکی ستراتیجی) هاتە کایەوە و لە عێراقیش نێزیک بووەوە بۆ ئەوەی ببێتە بەدیلی ئێران لەبەرئەوەی لە دوای روخانی شا ئیتر کەنداو بەتاڵ مابووەوە. دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل کە هەموو کات وڵاتە یەکگرتووەکان پشتی گرتووە، بەردەوام لە ناوچەکەدا، لە بەرژەوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکاندابووە، لەبەرئەوەی یەکەتیی سۆڤیەت و نەتەوەپەرستیی عەرەبی لەقاف کێشاوە.[١٦٥] سەبارەت بە عێراقیش، ئەو هەوڵانەی وڵاتە یەکگرتووەکان دای بۆ ئەوەی ئێران لە رێگەی دراوسێیەکانیەوە لە رووی بەدەری messianism ئیسلامی خومەینیدا بشلەژێنێ سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی گۆڕی و بەرەو عێراقی برد[١٦٦] و لە ١٩٨٠یەکاندا، پشتیوانیی ئابووری و تەکنۆلۆجیی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ عێراق تا بتوانێ چەکە بایۆلۆجی و کیمیاییەکانی خۆی پەرە پێ بدات، دەستپێکی سەردەمێکی تری پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و عێراق بوو.[١٦٧] لە پاش ١٩٧٨وە وڵاتە یەکگرتووەکان پشتیوانیی توندی لە عێراق کرد و بۆ ئەم مەبەستەش بەشێکی تایبەت لە باڵوێزگەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێرق کرایەوە تاکو پشتیوانیی سەدام بکات.[١٦٨]

پێوەندییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد لەو گۆشەنیگایەوە تەماشا دەکرێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان پارسەنگی دەسەڵاتی هەرێمیی لە بەرژەوەندیی خۆیدا راگرت و بەمەش توانی هەرێمەکە بە سەقامگیری بهێڵێتەوە. لە رێگەی رشتکردنی سیاسەتی دەرەوەی خۆی لە سەر دەوڵەتە هەرێمییەکان، وڵاتە یەکگرتووەکان بەرژەوەندییە هەرێمییە ستراتیجییەکانی خۆی ئاسانتر کرد و لە سەردەمی خومەینیشدا ئەم سیاسەتە بە هێزتر کرا. ئەو هەوڵانەی دران بۆ ئەوەی پێوەندییەکی نوێ لەگەڵ ئێراندا دروست ببێ، کە کەشێکی دۆستانەی نەبوو، بەو مرازەوە بوو کار لەو رێژیمە بکات بۆ ئەوەی سەقامگیریی هەرێمەکە بسەپێنێ.[١٦٩]

وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بوو ڕەوشتی ئێران نەرم بکاتەوە، لەبەرئەوەی دوژمنداریيەکەیان لەوەوە چوزەرەیان دابوو کە ئێرانییەکان گومانیان وابوو وڵاتە یەکگرتووەکان بە هاریکاریی ئیسرائیلییەکان و شا و سعوودییەکان و عێراقییەکان و کۆمیونیستەکان، پیلان لە دژی ئێران دەگێڕن. هەروەها ئێران هاتبووە سەر ئەو بڕوایە کە عێراق یارمەتیی کورد و عەرەبە شۆڕشوانەکانی ناو ئێران دەدا.[١٧٠]

ئامانجی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دروستکردنی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ زۆربەی ئەو گرووپانەی لەناو حکوومەتی ئێراندا بوون لە کاتێکدا کە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆندا دەهێشتەوە، هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانمان سەبارەت بە ئێران و بە کێشەی کورد بۆ شرۆڤە دەکات.[١٧١] بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان زانی کە پێویستە بەرچاوی خۆی لە بەرانبەر کێشەی کورددا ڕوون بکاتەوە (لەبەرئەوەی) کورد ئەگەر پشتیوانییان لێ بکرێ بۆ ئەوەی ئۆتۆنۆمی وەدەست بێنن، ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی سەرجەم هەرێمەکە دووچاری شێوان ببێ.[١٧٢] سیاسەتی جمکە کۆڵەگە بۆ لەقاف کێشانی ئێران و عێراق لە نیوەی یەکەمی شەڕی کەنداو (٢٢ی سێپتێمبەری ١٩٨٠ ٢٠ ئۆگۆستی ١٩٨٨)دا وڵاتە یەکگرتووەکانی فرە بە پارسەنگکردنی هێزە هەرێمییەکانەوە خەریک کرد.[١٧٣] بۆیە، لەو کاتەی پشتیوانیی عێراقی دەکرد، لە هەمان کاتیشدا چەکی بۆ ئێران دەنارد (یەنایری ١٩٨٦) لەبەرئەوەی لەوە دەترسا نەکا کۆمارەکانی یەکەتیی سۆشیالیستی سۆڤیەت لەو وڵاتەدا جێ پێی خۆی بکاتەوە.[١٧٤]

هەر لە نۆڤێمبەری ١٩٨٤ەوە، پێوەندییە فەرمییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و عێراق و بەردەوامیی وڵاتە یەکگرتووەکان لە سیاسەتی لە قاف کێشانی ئێراندا، هەموو لایەنەکانی بزووتنەوەی کوردی بێهێز کرد و لایەنی سزا ئابوورییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەری کورد هێشتا پتر لەوەوە بەدەر دەکەوێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان ویستی ئایەتوڵڵا خومەینی نەهێڵێ و عێراقی لە شوێندا دابنێ، ئەمەش دووەم کۆڵەگەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو. شەڕی یەکەمی کەنداو و تەشەنەکردنی هێزی ئایەتوڵڵا خومەینی و پارچەبوونی کورد لەناو خۆیاندا، بوونە هۆی ئەوەی کورد لەناو خۆیاندا هاریکاریی یەکتر بکەن. بۆ نموونە، کوردی عێراق و تورکیا، شەڕەکەیان بە هەل زانی بۆ ئەوەی ئاواتی

ئۆتۆنۆمی بۆ خۆیان بەدەست بێنن. ئەو یارمەتییەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەیدایە پارتی کرێکارانی کوردستان، لە دوای ڕێککەوتنی ئاسایشی سنوور و هاریکاریی فبرایری ١٩٨٣وە لە نێوان تورکیا و عێراق، لە جاران پتر بوو. ڕێککەوتنەکە ڕێگەی بە هەردوو وڵات دا لە دژی گرووپە چەکدارەکان لەناو خاکی یەکتردا ئۆپەراسیۆنی سەربازی ڕاپەڕێنن.[١٧٥] لە ئەنجامی ئەو هێرشانەی تورک کردیانە سەر بنکەکانی بارزانی، پێوەندییەکانی نێوان پ.ک.ک. و پ.د.ک. درزیان تێ کەوت. هێرشەکان بۆ ئەوە بوون پاڵەپەستۆ لەسەر پ.د.ک. دابنێن بۆ ئەوەی ئەو چەکدارانەی پ.ک.ک. لەو ناوە وەدەرنێن کە خێوەتگەیان تێدا ساز دابوو.[١٧٦]

پاشتریش، زنجیرەیەک ڕێککەوتن مۆر کران و هاودەم لەگەڵ ڕێککەوتنی ئاسایشی سنوور و هاریکاریی (١٩٨٤) و پرۆتۆکۆلی ئاسایشی نێوان بەغدا و ئەنقەرەدا کە لێ گەڕا پ.ک.ک. لە باکوری عێراقدا جێگیر ببێ بۆ ئەوەی ببێتە سەنگەری هەموو خەباتکارانی کورد.[١٧٧] بە پێی ڕێککەوتنەکە، لایتی کەسک بۆ تورکیا هەڵکرا تا ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیدا، تا قووڵاییی ١٥ کم سنوور ببەزێنێ و لەناو خاکی عێراقدا[١٧٨] پەلاماری شوێنی کۆبوونەوەکانی پ.ک.ک. لە باکوری عێراقدا بدا ئەمەش پێگەیشتەیەکی ئابووریی بۆ هەناردنی نەوتی عێراق پەیا کرد. سەدام ئومێدی لەو پەلامارانە ئەوە بوو هێز لە پ.د.ک. داچۆڕێ لەبەرئەوەی دوژمنێکی دیرۆکیی خۆی بوو.[١٧٩] ئەمە لەو کۆبوونەوانەدا بەدەرکەوت کە بە پاڵەپەستۆی تورکیا، لە نێوان عەبدوڵڵا ئۆجەلان و مەسعوود بارزانی، لە دیمەشق لە ١٩٨٤ و ١٩٨٥دا کران بۆ ئەوەی چارەسەرێک بۆ گرفتەکە بدۆزنەوە.[١٨٠]

نەبوونی هاریکاری لە نێوان بزووتنەوە کوردییە جیاوازەکان هەر یەکێکیان لە پاڵەپەستۆی ڕێژیمێکەوە بوو و دەست تێوەردانی دەرەکیی بزووتنەوەی کوردی کەل کرد و بووە هۆی ئەوەی بزووتنەوەکە بە پەڕاوێز بکرێ.[١٨١] عێراق ڕێگەی بە پ.د.ک.أ. دا بارەگا لەوێ بکاتەوە و پاشانیش یارمەتیی دارایی و چەکی پێی دا،[١٨٢] و پ.د.ک.یش پشتیوانی تارانی لە دژی سەدام دەکرد و ی.ن.ک.یش هاوڕێزیی پ.د.ک.أ.ی کرد و هاوپەیمانیی لەگەڵ سەدامدا کرد و پاشانیش بووبە هاوپەیمانی پ.ک.ک.[١٨٣] وا پێ دەچێ لەو کاتە کورد هیچ دەستکەوتێکیان نەبووبێ لەبەرئەوەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان پێی پەسند بوو دەوڵەتە

هەرێمـییـەکان بـە گژ یەکـترەوە بنێ نەک هاوپەیمانیی ئۆپۆزیسـیۆنی کـوردی لە دەوڵەتە شـەڕکەرەکـاندا بکات. ئەم سـتراتیـجـیـیە ڕووناک بوو، لەبەرئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکـان نەیویست هیچ گـۆڕانکارییـەکی بەرچاو لە پارسـەنگی هێـزی هەرێمـیدا بکات کە لە ئەنجـامـەکـەیدا خـۆی باجـەکـەی بداتەوە. بەپێـچـەوانەوە، کـۆنتـرۆڵکردنی عـێـراق و ئـێـران و نەهێـشـتنی ئەوەی هیـچ لایەنێکیـان بە سـەر ئەوەکـەی تریاندا سـەرکـەوێ، بەرژەوەندییـەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی پاراست. دەسـتگە هەواڵگرییـەکانی وڵاتـە یەکگرتووەکـان، بە وریاییـیـەوە زانیـاریی ئەوەیان دەگەیاندە عێراقییەکان و ئێرانییـەکان کـە پڕ لە داتای هەواڵگری شێـواو و چەوت بوون. بۆ ئـەوەی ئامـانجـەکـانی بـەڕێوەبەرایەتیی ڕێیگن لە هەرێمـەکـەدا هێـشـتـا باشـتر بپێکن.[184] ئەمـەش واتەی ئەوە دەگەیەنێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان دەیتـوانی نەهێڵێ هیچ لایەکیان لە شەڕی کەنداودا ببەنەوە.[185]

بە درێژاییی سـاڵانی شـەڕی یەکەمی کەنداو، ناکۆکیی ناوەخۆی کورد نەیهێشت کـورد سـوود لە لاوازیی دەوڵەتە هەرێمـییـەکـان وەربگرێ. لە ١٩٨٤یش بە دواوە، هەڵوێسـتی کـورد ئـاڵۆزتر بوو لـەبەرئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکـان کـۆشـشـێکی بێ وچانی دەکـرد بۆ ئەوەی نەهـێڵێ چەک بۆ ئێـران بچێ و ئەمـەش براوەی کـۆتاییی شەڕەکەی دیاری کرد. بەهێزبوونی عێراق و سیاسـەتی ئێران لە بەرانبەری کورددا لە سـەردەمی خومـەینی و کـودەتایە سەربازییەکەی تورکیا کە دەسـتـورە ڕەقەکەی ١٩٨٢ی نووسییەوە[186] و لە مێژووی سیاسیی تورکیادا لە هەموو دەسـتوورەکانی تر سـەرکـوتکەرترە و ئاراسـتـەبوونی تورکـیـا بەرەو ڕۆئاوا، وای کـرد وڵاتە یەکگرتووەکان پتر بە لای ئەنقەرەدا بچێ.

پشـتگرتنی وڵاتە یـەکگرتووەکـان لـەو دەست تێـوەردانە سـەربازییـەی لە ١٢ سێپتێمبەری ١٩٨٠دا جەنـەراڵ کەنعان ئێڤرین کردی، هـەڵوێستی کوردی زیاتر لە جاران ناسکتر کرد[187] و ئەمـەش لە دەستـوورەکەدا ڕەنگی دایەوە و جەختی لەوە کردەوە کـە هـەمـوو هاووڵاتییـان تورکن و پێکهـێنانی هـەمـوو پارتێکی قـەدەغـە کرد ئەگـەر بـەپێی بنـەوای ئیـتنی یان نـەرێتی بێـتـە دامـەزراندن و دۆخـی هیـچ کەمینەیەکیشی نەناساند. لە ڕاپۆرتێکی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا لەو سەردەمـەدا، هاتووە کە سیاسـەتی باڵای دەوڵەتی تورک بۆ چەندان سـاڵ ئەوە بووە زەوینەی هەمـوو کـەمـینە نەتەوەییـیـە

ناتورکەکان بسڕێتەوە و فرە کەڕەتیش بە توێز، دیاردە جیاوازە ڕەگەزییەکانی نەهێشتووە.[188] ئەنقەرە ئەم ناسنامە تورکییەی بە سەر هاووڵاتییانی خۆیدا سەپاندووە لەبەرئەوەی هەموویانی بە تورک ناسیوە و زمانی کوردیی قەدەخە کردووە و هەندێ گۆڕانکاریی تریشی کردووە کە پێوەندییان بە بەکارهێنانی کوردییەوە هەبووە. ئامانجی لە پشتیوانیکردنی بنەوای تاکڕەگەزیی کۆمەڵ و بە هاووڵاتیبوون و ناسنامەی هاوبەش بۆ ئەوە بووە یەکەتیی خاکی دەوڵەت بپارێزێ. بەهەمان شێوەش هەڵسوکەوت لەگەڵ باڵی ئیسلامیی وڵاتدا کراوە و بۆ ئەمەش سەرکردایەتیی سوپا لایەنی تێک هەڵکێشانی نەریتیی ئاین و عیلمانیی گرتووە بۆ ئەوەی هەر کەسێکی ئیسلامی لەو بەینەدا هەبێت بیتوێنێتەوە.[189]

لە ١٩٨٤دا وڵاتە یەکگرتووەکان لای ئەنقەرەی لە دژی هاووڵاتییە کوردەکانیدا گرت و نیوەی ئەو چەکانەی لە ئامبارەکانی ئەنقەرەدا هەبوو لەوێوە بۆی هات[190] ئەو توندوتیژییە سیاسی و بەستەڵەکە ئابوورییەی ١٩٨٠یەکان و ئەو حکوومەتە ناسەقامگیرە سەرکوتکەرە یەک لە دوای یەکانە، هەستی نەتەوەپەروەریی کوردییان بووژاندەوە و لە هەمووشیان کاریگەرتر دەستووورە نوێیەکەی ١٩٨٠یەکان (یاسای ٢٩٣٢) بوو کە نکوڵیی لە هەموو مافە نەریتی و نەتەوەییەکانی ئەوانەوە کرد کە بە ڕەگەز تورک نەبوون.[191] ئەو سیاسەتەی تورکیا بەرانبەر بە کێشەی کورد پێڕەوی کرد، بووە هۆی ئەوەی پ.ک.ک. پەیدا ببێ و پاشان لە ترسی ئەوەی نەکا کورد ڕاپەڕن، ئەحکامی عورفی لە ولایەتە کوردییەکاندا پێڕەو کرا و ئینجا جەندرمەی تورک (هێزە تایبەتەکانی ئاسایش) ڕۆڵیان لە سزادانی هەر بزووتنەوەیەکی چەپڕۆدا بینی کە لە باشووری ڕۆهەڵاتی وڵاتدا چالاکیی دەکرد. لەلایەکی تریشەوە، لە ڕاپۆرتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان ئاشکرایە کە سووریا چەندان گوندی نوێی لە ناوچە کوردییەکاندا بۆ جووتیارانی عەرەب دروست کرد بۆ ئەوەی چڕیی دانیشتوانی کورد لە باکوری ڕۆهەڵاتی سووریادا نەهێڵێ و ئەمەش لەگەڵ هەڵوێستی سووریادا یەک دەگرێتەوە کە پەنابەری کورد قبووڵ ناکات.[192]

ڕووداوە هەرێمییەکان پێوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردیان نەهێشت، لەبەرئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان خەریک بوو پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ عێراق و ئێراندا ساز بداتەوە، خۆ تەنانەت وڵاتە یەکگرتووەکان بایەخی بە جینۆسایدی کوردیش نەدا کە بەبەر (شاڵاوەکانی ئەنفال) کەوتن.

٣-٦- ڕۆڵی پ.ک.ک. و جینۆسایدی کورد (١٩٨٤-٨٩)

تەنانەت لە نیوەی دووەمی ١٩٨٠یەکانیشدا ولاتە یەکگرتووەکان کێشەی کوردگەلی هەر پشتگوێ خستبوو. چەند ڕووداوێکی گرینگ هاتنە پێش و لە هەموویان گرینگتر شالاوی ئەنفالی ١٩٨٨ بوو کە ڕێژیمی سەدام حوسێن هێنایە سەر کورد لەبەرئەوەی هاوپەیمانیەتیی ئێرانیان کردبوو. ڕووداوەگەلی تر پشتیوانیکردنی ولاتە یەکگرتووەکان لە عێراق و لە ئێران بوو[١٩٣] و هەرەسهێنانی دانوستاندنی ئۆتۆنۆمی لە ١٩٨٤ لە نێوان ی.ن.ک. و بەغدا، ئەمەش لەئەنجامی پێوەندییەکانی نێوان ولاتە یەکگرتووەکان و عێراقەوە بوو هەروەها ناکۆکیی نێوان کورد و عێراق لەسەر کەرکووک کە ئەمەش لە ١٩٧٠یەکانەوە دووەم جار بوو ڕووی دەدا.[١٩٤] پاشتریش لە ١٩٨٦، ئێران لە دژی بەغدا، پشتیوانیی ی.ن.ک. و پ.د.ک.ی کرد.[١٩٥] هاوپەیمانیی ئابووریی نێوان ولاتە یەکگرتووەکان و عێراق[١٩٦] و پێوەندییە نێزیکەکانی ولاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ تورکیادا کە ئەندامێکی ناتۆ بوو، دووبارە ئاراستەکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبەری ئێراندا، گرینگایەتیی خۆیان هەبوو و. پێوەندیی نێوان ولاتە یەکگرتووەکان و کورد لە عێراق، گەشەی کردەوە.

هەرەسهێنانی دانوستاندنی نێوان عێراق و ی.ن.ک. و ئەو چەکانەی ئێران لە سالانی شەڕی یەکەمی کەنداودا بۆ کوردی نارد، بە خراپی کاریان لە بزووتنەوەی کورد کرد.[١٩٧] ئەو هەولانەی ئێران بۆ داگیرکردنی هەڵەبجە دای، کێچی لە کەوڵی بەعسییەکان خست و هەستان سێ هێرشیان بۆ کرد و ناویان لێ نان (شالاوەکانی ئەنفال واتە پاتاڵی شەڕ). لە شوباتی ١٩٨٨، عێراق پەلاماری بنکەکانی ی.ن.ک.ی لە سەرگەڵو و بەرگەڵوی دۆڵی جافایەتی دا و لە ئاداری ١٩٨٨یش چەکی کیمیایی لە دژی هێزە ئێرانی و هێزەکانی کورد لە هەڵەبجە و چەند شوێنێکی تردا بەکار هێنا. لە ئابی ١٩٨٨یش بنکەکانی پ.د.ک. لە بادینان وەبەر پەلامارەکانی چەکە ژاراوییەکان کەوتن.[١٩٨] لە ئەنجامی ئەوەی عێراق چەکی ژاراویی لە دژی دانیشتووانی کورد لە باکوردا[١٩٩] بەکار هێنا، ٦٣,٠٠٠ کوردی عێراق ناچار بوون خۆیان بگەیەننە سنوورەکانی تورکیا و لەوێ وەک کەسانێکی بێ شوێن[٢٠٠] وەربگیرێن. دەشێ ئەو ڕووداوانەی لە ١٩٨٨دا قەومان، بە یەکەم

تەنگژەی مرۆیی بژمێردرێن کە دووچاری کێشەی کوردی عێراق هاتن. لە ترسی ئەوەی نەکا شالاوەکەی پەنابەرانی ئەنفال دووبارە بێتەوە و هەرێمەکە دووچاری تەنگژەیەک بکات، ولاتە یەکگرتووەکان لە نیسانی ۱۹۹۱ەوە دەستی پێ کرد لە کاتی پرۆسەی ناوچەی ئارام Operation Save Heaven دا کوردی عێراق بپارێزێ.

ئەو گوێ نەدانەی سیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکان بە کوردی عێراق لەو سەردەمەدا لە بۆچوونی ولاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبەر بارودۆخی کورد و ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەوە هەڵقوڵیوە. جگە لەوەی کە بەڕێوەبەرایەتی زانیاریی کەمی لەبارەی کوردەوە هەبوو، ولاتە یەکگرتووەکان کوردی بە هاوپەیمانی ئێران لە قەڵەم دەدا و ئێرانیش دوژمنداریەتیی ولاتە یەکگرتووەکانی دەکرد و سەرباری ئەمەش، ولاتە یەکگرتووەکان سوودی ئابووری و جیۆپۆلیتیکیی زۆرتری لە هاوپەیمانیەتی لەگەڵ عێراقدا بەدەست دەکەوت لەوەی کە لە بەدواداچوونی کێشەی کورددا پێی دەبڕا.[٢٠١] هەرچەندە ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان لە ۱۹۸۷دا باسی خاپوورکردنی گوندی کورد و نەهامەتی خەڵکەکەی دەکرد، بەلام دیاربوو سیاسەتی باڵوێزگەی ولاتە یەکگرتووەکان فرە خراپ بوو.[٢٠٢] بەپێی زانیاریی باڵوێزگەی ولاتە یەکگرتووەکان لە بەغدا، هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ کورددا بەشێوەیەکی ئاسایی routine بووە لەبەرئەوەی سەرکردایەتیی عێراق ئەوەندە عەقڵەی هەیە نەکا سەرچاوەکانی بۆ ئازاردانی هاوولاتییانی خۆی بەکار بێنێ.[٢٠٣]

هەرچەندە وەزارەتی دەرەوە سەرکۆنەی بەکارهێنانی گازە کیمیاییەکانی کرد، بەلام خۆ هیچ کردەوەیەکی تایبەتیی لەپاشتردا نەکرد. بەپێچەوانەوە، پێ دەچێ ولاتە یەکگرتووەکان بایەخی زۆری بە تەنگژەی پەنابەرانی کورد و چوونیان بۆ ناو تورکیا لە سێپتێمبەری ۱۹۸۸دا نەدابێ لەبەرئەوەی ولاتە یەکگرتووەکان پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ عێراقدا بەپێش هەموو ئەرکەکانی تری دەخست لەبەرئەوەی ئەگەر تەماشای داکراوی نەوتی عێراق بکەین کە لە دوای عەرەبستانی سعوودیەوە بە دووەم دێت، ئامانجە ئابووری و سیاسییە دوورخایەنەکانمان لە کەنداو و دەوروبەریدا لە هەمووان گرینگترن.[٢٠٤] هەرچەندە وەزارەتی دەرەوە نیگەرانیی خۆی لەئاست بەردەوامبوونی ئەو هەڵسوکەوتە تیژەدا دەربڕی کە عێراق لە بەرانبەری کەمینە کوردییەکەیدا پێڕەوی دەکرد، ئەو سەرکۆنەکردنە پێوەندیی

ولاتە یەکگرتووەکان و عێراقی هەژاند. وەزارەتی دەرەوە هەستی کرد کە پێویستە ولاتە یەکگرتووەکان خێرا کارێک لە دژی چەکی کیمیاییدا بکات، نەک لە دژی عێراق یان بەلای ئێراندا بچێ.[٢٠٥] ولاتە یەکگرتووەکان سیاسەتی خۆی بەرانبەر بە کورد لە جاران نەرمتر کرد لەبەرئەوەی بە بۆچوونی ئەو گەمارۆی ئابووری بێ سوود دەبێ و هیچ کار لە ڕێژیمی عێراق ناکات. ولاتە یەکگرتووەکان دەکرێ پشتیوانییەکی پتری چەکی کیمیاییی عێراق بکات بۆ ئەوەی نموونەیەک بۆ عێراقییان نیشان بدات، بەلام دیار بوو ئەمە لەگەڵ بەغدادا هیچ ئەنجامێکی نەبوو.[٢٠٦] بەم جۆرە، سیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکان بەرانبەری کوردی عێراق هەر ڕەشنووسەکانی ئەنجوومەنی پیران و ئەنجوومەنی نوێنەرەکان بوون. هەرچەندە ئەنجوومەنی نوێنەرەکان گوێی لە بابەتی سەپاندنی سزای ئابووری بەسەر عێراقدا گرت لەبەرئەوەی لە ١٩٨٨دا چەکی کیمیایی بەکار هێنابوو، بەلام سەرۆکایەتی هیچ کردەوەیەکی نەکرد و ئەمەش وای کرد بڵێین سیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکان لەو سەردەمەدا گوێی بە نەهامەتیی کورد نەدا.[٢٠٧] لە سالانی شەڕی یەکەمی کەنداو (١٩٨٠–١٩٨٨)دا، دیار بوو کە ولاتە یەکگرتووەکان هەلپەرستانە کوردی پشتگوێ خست و خۆی بە عێراق و ئێرانەوە خەریک کرد تا (شالاوەکانی ئەنفال) لە ١٩٨٨ لە دژی کورد هاتن، ئینجا بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی کورد، لاپەڕەیەکی نوێی لە پێوەندییەکانی نێوان ولاتە یەکگرتووەکان و کوردیدا کردەوە و ڕەشنووسی کۆنگرێس داوای سەپاندنی سزای لەسەر عێراق کرد.[٢٠٨]

ئەو دەسپێشخەرییەی کۆنگرێس کردی بۆ جاری یەکەم بوو ولاتە یەکگرتووەکان بایەخ بە کێشەی کورد بدات و لایەنی کورد بگرێ، بەلام بەڕێوەبەرایەتی بەرهەڵستیی کرد. ئەو بایەخەی ولاتە یەکگرتووەکان لە دوای شەڕی ساردەوە بە پێوەندیی ئابووری و بازرگانیی لەگەڵ عێراقدا دا، بەڕێوەبەرایەتیی ولاتە یەکگرتووەکانی لە کێشەی کورد نامۆ کرد. ئەو سیاسەتەش کە ولاتە یەکگرتووەکان بۆ بە فاق گرتنی ئێران دای و پشتیوانیکردنی سەدام لە عێراق زۆری نەخایاند.

ئەو گۆڕانکارییانەی لەناو ولاتانی هەرێمەکەشدا قەومان کە کوردیان تێدا هەیە ئەم نەتەوەیەیان تووشی بارێکی تا ئەوپەڕی نالەباری کرد. لەبەرئەوەی ولاتە یەکگرتووەکان و ولاتانی ناوچەکەش بە گرفتە هەرێمییەکانەوە خەریک بوون بۆیە

کێشەی کوردیان پەراوێز کرد. گرفتەکان ئەمانە بوون: عێراق کوردی هاوێر کرد لەبەرئەوەی هاوپەیمانیی ئێرانیان کرد[٢٠٩] و سووریایی و تورکەکان لە سەر ئەوەی سووریا پشتیوانیی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرکردەی پ.ک.ک.ی دەکرد و تورکیاش رووباری هاتای و فراتی دەگرتنەوە، رکەبەری یەکتریان دەکرد و باری ئابووریی سووریا پەشۆکابوو و ئۆپۆزیسیۆنی ئیسلامی لە سەر رووداوەکانی حەما (٦ی فبرایری ١٩٨٢) تەشەنەی کردبوو. لەگەڵ ئەمەشدا، دوور لە قڕکردنی کورد لە عێراق، گۆڕینی ستراتیجییەتی پ.ک.ک. لە تورکیا یەکێک لە دیارترین گۆڕانکارییەکان بوون کە پێوەندیی بە بزووتنەوەی کوردی لە تورکیاوە هەبوو و ئەمەش سیاسەتی هەرێمی و ناونەتەوەیی دووچاری جۆرە پەشێوییەک کرد.

ئەو سیاسەتی سەرکوتکردنەی تورکیا بەرانبەری کەمینە نەتەوەییەکانی خۆی، کە کوردیش یەک لەوانە، پێرەوی دەکات، هۆی هەرە سەرەکیی سەرهەڵدانی پ.ک.ک. بوو. ئەو بەربەستانەی تورکیا لە پێش دانیشتوانە غەیرە تورکەکانی خۆی دانا، زۆر بە راشکاوی و بە روونی لە دەستورەکەی ١٩٨٢ دا شرۆڤە کراوە و بەپێی یاسای ٢٩٣٢ رێگەی نەداوە لە زمانی تورک بترازێ، هیچ نەرێت و زمانێکی تر گەشە بکات.[٢١٠] هێشتا لەمەش پتر چووە و سیاسەتی تورکیای تایبەت بە کوردی عەسکەرساز کردووە.[٢١١] جا هەر لە سەرەتای ١٩٨٠یەکانەوە، دۆخی کورد تەنگژا و کودەتایەکەی لە ناوەراستی ١٩٨٠یەکان کەنعان ئەڤرین کردی، پ.ک.ک.ی لە بەشێکی شۆرشەوە گۆری و کردییە بزووتنەوەیەکی رادیکاڵ.

هاتنە سەر حوکمی تورگۆت ئۆزال و پارتی دایک لە ١٩٨٣ خاڵێکی وەرچەرخانی کێشەی کورد بوو لە تورکیا لەبەرئەوەی رێی لەو سیاسەتەی دەستەی عەسکەری گرت کە تا ئەو کاتە پیادە دەکرا.[٢١٢] ئەو سیاسەتە توندانەی دەوڵەتی تورک لە ١٩٨٤ بە دواوە لە جاران خراپتریان بوون لەبەرئەوەی تورک پاسەوانانی گوندی کورد (جەندرمە)یان دامەرزراندن و کردیاننە هێزەکانی ئاسایش و بەرفەرمانی وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئەوەی لە دژی پ.ک.ک.دا شەڕ بکەن و ئەمەش چالاکییەکانی گەریلاکانی پ.ک.ک.ی لە یورو و شەمدینلی لە (١٥ ئابی ١٩٨٤)ەوە چوستتر و چرتر کرد.[٢١٣] جیاوازیی بنەرەتی لە نێوان پ.ک.ک. و بزووتنەوە کوردییەکان بە لایەنی کەم لە دەسپێکی خەباتی چەکداریدا ئەوە بوو کە پ.ک.ک. ئومێدی بوو هەر چوار پارچەی کوردستان لە کۆفیدراسیۆنێکدا یەک

بخـا.[٢١٤] ئەو ئامـانجـەی سـەرکـردایەتیی پ.ک.ک. هەیبـوو بۆ ئەوەی ڕێکخـراوە سـیـاسـیـیـە کـوردییـەکـان لە بن چەترێکدا کـۆ بکاتـەوە، گـرفـتی دامـەزراندنی نەتەوەیەکی بۆ دەرخـست.[٢١٥] تێـبـینیش کـرا کـە لە ١٩٨٢دا، پ.د.ک و ی.ن.ک. پشتیوانیی پ.ک.ک.یان کرد.[٢١٦]

پێشـتر باسی ئەو دەسـتێوەردانە هەرێمی و ناونەتەوەییەم کرد کە بەربەست بۆ کێشەی کورد دروست دەکەن، کێشەی پ.ک.ک.شم بەگەڵ دا. لەبەرئەوەی لە کاتی کـۆنگرەی یەکـەمی پ.ک.ک. (١٥ ٢٦ی تەمـووزی/یۆلیـۆی ١٩٨١)دا لە چادرگـەی ئەلحلوە لە بیـقـاعی لبنـان کـە لە بن دەسـتی سـووریادا بوو، شـوێنی بۆ پ.ک.ک. فـەراهەم کرد بەڵام هاودەم ڕاسـتییەکە ئەوە بوو سووریا کارتی پ.ک.ک.ی بۆ پتر لە دەیە سـاڵێک لە دژی تورکـیـادا بەکـار هێنا و ئەمـەش واتەی خـۆی هەبوو.[٢١٧] بایەخدانی بزووتنەوە کوردییـەکان، هەر یەکە و بە کـێشـەی تایبـەتی خـۆی و ئەو پاڵەپەستۆیەی حکوومەتان لە دانیشتوانە کوردەکانی خۆیانیان دەکرد، نەیهێشت بزووتنەوە کوردییـەکان نیشـانیـان بپێکن. لە ١٩٨٠یەکاندا، کوردە عێراقییـەکان بەرەیەکی یەکگرتوویان دامـەزراند کـە هاریکاریی نێـوان پ.ک.ک. و پ.د.ک. لێی دیار بوو،[٢١٨] بەڵام پاشـتـر نەگـەیشـتـنـە یەکـتـر و بزووتنەوەی کـوردی کـەل بوو. دەگـوترێ لە ١٩٨٨دا بەغدا لـەگـەڵ پ.ک.ک. گـەیشـتـنە ڕێککەوتنێکی نهێنی بۆ ئەوەی پ.د.ک. لە باکوری عێراقدا بنبڕ بکەن.[٢١٩] بەتایبەتیش بەرپرسە سەربازییە عـێـراقـیـیـەکـان لە ئۆردووگـەکـانی سـەر سنوور ڕازی بـوون گـوێ بە هـاتوچۆی شـۆڕشوانانی پ.ک.ک. نەدەن و ئەگەر زانیارییان سـەبارەت بە هێزەکانی پ.د.ک. زانی پێیـان بدەن.[٢٢٠] لە هەمـان کاتیشدا عێراق زانیـاریی بە لەشکرەکانی تورک دەدا.[٢٢١]

سـووریاش لـەلای خـۆیەوە، لە دژی ئەنقـەرە، یاریی بە کـارتی پ.ک.ک.ی دەکرد، لەبەرئەوەی، لە لایەکەوە، تورکـیا پێوەندیی نێزیکی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەبوو و لە لایەکی تریشەوە سووریا و تورکیا لە سەر ئاوی ڕووباری فرات ناکۆک بوون.[٢٢٢] لە سـەر ئەم بنەوایەدا بوو سـووریا بنکەی بۆ پ.ک.ک. خۆش کردبوو تا مەشـقی تێدا بکەن و شـوێنی حـەوانەوەشی بۆ سـەرکـردەی پ.ک.ک. سـاز دابوو و بە یارمـەتیی ئێران و پ.د.ک. بە چەندان شێوە یارمـەتیی پ.ک.ک.یان دەدا.[٢٢٣] جگە لە بە فـاق گرتنی تورکیا، سووریا دەیویست دوو کێل بە بەردێک پەل دا و کێل و وێلی لێ بکا،

بۆ ئەوەش کوردەکانی خۆی لە ١٩٨٦دا ئاشت بکاتەوە، هانی پ.ک.ک.ی دا کوردە سووریيەکان لە ڕیزەکانی خۆیاندا وەربگرێ.[٢٢٤] تورکیا لە بەرانبەری هاوپەیمانەتیی نێوان پ.ک.ک. و پ.د.ک. (١٩٨٧ – ٨٩)،[٢٢٥] پرۆتۆکۆلی ئەمنیی سووریا تورکیای بۆ ئەوە مۆر کرد تا زانیاریی نهێنی وەربگرێ و ڕێگە نەدا چیی تر چەکدارانی پ.ک.ک. لەناو خاکی سووریاوە پەلاماری تورکیا بدەن و لە بەرانبەریشیدا، تورکیا برە ئاوێکی پتری بۆ سووریا بەردایەوە.[٢٢٦]

شەڕی یەکەمی کەنداو و هێزە هەرێمییە دەرەکییەکانی ڕکەبەریی ناوەخۆی کوردیان تەشەنە پێ دەکرد و ئەو پاڵپەستۆیەی دەوڵەتە هەرێمییەکان لە سەر بزووتنەوە کوردییەکانیان دانا، بەرەی کوردستانیی کەرت کرد. هەر بۆیە بوو پ.د.ک. لە ئایاری ١٩٨٧، لە دوای قەسابخانەی پینەرجیک لە هاوپەیمانەتییەکەی لەگەڵ پ.ک.ک.دا پەشیمان بووەوە و ی.ن.ک.یش بە هەمان ڕێدا چوو و پاشتریش بۆردمانەکانی تورکیا لە ١٥ی ئابی ١٩٨٦–٨٧ هەر بە هەمان هۆوە بوون.[٢٢٧] خەباتی چەکداریی پ.ک.ک. و کۆچکردنی تورگوت ئۆزال کە ئاواتەکانی کوردی لەگەڵ خۆیدا ئاودیو کرد، کێشەی کوردان لە تورکیا کردە کێشەی پ.ک.ک. پێشاندانی کێشەی کورد لە تورکیا بەو لایەنەی کە چارەسەری کێشەی کوردی بە دوا خستووە، ڕەنگە زنجیرەیەک هۆی هەبووبێ، لەمانە ئەوەی خەباتی چەکداریی پ.ک.ک. لە ئەنجامی ئەو سەرکوتکارییە بووە کە دەوڵەتی تورک لە دژی کوردی ئەنجام دەدا و ئامانجەکی بزووتنەوەکە ئەوە بوو مەترسیی بۆ یەکەتیی خاکی تورکیا هەبوو و دواییشیان ئەوە بوو کە بەهۆی باڵادەستیی سەرکردایەتییەکەیەوە، لە دژی بزووتنەوەکانی تری ناو تورکیا وەستا. تورکیا بە هەڵە لە خواستەکانی کورد گەیشت و بە جیابوونەوەی ناساند، ئەمەش وای کرد دەوڵەت نەیەوێ ململانێ لەسەر بنەوایەکی سیاسی لەگەڵ گرووپە کوردییەکاندا خاو بکاتەوە (تورکەکانی وا لێ کرد دان بە کەمینە نەتەوەییەکانیشیاندا نەنێن) ئەمەش کاکڵەی کێشەی کوردی تورکیا پێک دێنێ.[٢٢٨]

بەم جۆرە، ڕووخانی سۆڤیەت و خۆگرتنەوەی عێراق لە دوای شەڕی یەکەمی کەنداو و دەرچوونی بڕیاری ٥٩٨ (٢٠ی ئابی ١٩٨٨) کە داوای ئاگربەستی کرد و کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، هەموویان پێکڕا کێشەی کوردیان دووچاری مەترسی کرد. وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بوو یەکێک لە شوێنی خومەینی بدۆزێتەوە بۆ

ئەوەی بەرژەوەندییە هەرێمییەکانی بۆ ئاسان بکات. ئەمەش وای لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان کرد گوێ بە کوردی عێراق و هەرسێ وڵاتە هەرێمییەکەی تر نەدا. سیاسەتە نەتەوەپەرستییەکانی حافز ئەسەد و کودەتایەکەی تورکیا لە ١٩٨٠یەکان و ئاراستەکردنەوەی سیاسەتی پ.ک.ک. و کوشتنی سەرکردە کوردەکان (دیارترینیان عەبدوڕەحمان قاسملوی سکرتێری گشتی پ.د.ک.أ. و سەرکردەی ئاینی شێخ عیزەدین حوسەینی*) لە ئێران (١٩٨٩) لەو کاتانەی کە لە ڤیەنا دانوستاندنیان لەگەڵ حکوومەتی ئێرانیدا دەکرد، ئەمانە پێکرا کێشەی کوردیان پەراوێز کرد. لە کۆتاییشدا ئەوە هەیە کە پابەندبوونی وڵاتە یەکگرتووەکان بە شەتەککردنی ئێران و عێراق بەو ئومێدەی ڕۆهەڵاتی ناوین لە ڕێژیمە دەسدرێژیکارەکەی خومەینی و سەدام حوسێن[٢٢٩] ڕزگار بکات، بەڵام وڵاتە یەکگرتووەکان دەیویست باری ڕەخسیو بهێڵێتەوە و لە هەمان کاتیشدا بزووتنەوەی کورد پارچە پارچە دەبوو، ئەمانە رووی کوردیان لە دنیا شێواند و نەیانهێشت کێشەی کورد وەک پێویست گەشە بکات.

٤- گۆڕانی فاکتەری کورد لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ١٩٩٠ەکاندا

کە سەرۆکی کۆماری جۆرج هـ. و. بوش (٢٠ یەنایری ١٩٨٩-٢٠ یەنایری ١٩٩٣) هاتە سەر حوکم و لە ٢٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٩ ڕێنوێنییەکان ئاسایشی نەتەوەیی National Security Directive دەرچواند، دیاربوو سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان هیچ بایەخێک بە کێشەی کورد نادا. لە ڕاستیدا، ئەو هەڵوێستەی سەرۆک بوش دەری بڕی و گوتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دژی ئەو چالاکییە سەربازییانەی عێراقە کە لە ئاست هاووڵاتییە سیڤیلەکاندا دەیکات و بەرهەڵستیی، رووخاندنی سەدان گوندی کوردستانیش دەکات. ئەمە مانای ئەوە

* ئەمە هەڵەیەکە دانەر تێی کەوتووە، لەبەرئەوەی مامۆستا عیزەدین حوسێنی نەکوژراوە و لە ٢٠١١ لە سوێد چووە بەر دلۆڤانیی خوا و تەرمەکەی بەشکۆمەندییەوە بۆ کوردستان هاتەوە و ئێستەش گڵکۆی لە شاری سلێمانییە. ڕەنگە مەبەست لێرەدا د. سادق شەرەفکەندی بێ کە ئەویش سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو. (مامکاک)

نەبوو کە وڵاتە یەکگرتووەکان دەیویست خۆی لەو یاخیبوونە شێست ساڵییەی کورد لە عێراق بگلێنێ، یان بەرپەرچی ئەو هەوڵە شەرعییانەی عێراق بداتەوە تا سەرکوتی بکات،[٢٣٠] لەبەرئەوەی ڕەنگە پێوەندییە ئاسایییەکان لەگەڵ عێراقدا، لە بەرژەوەندی دوورخایەنی وڵاتە یەکگرتووەکاندا بێت و سەقامگیری لە کەنداو و لە هەموو ڕۆهەڵاتی ناویندا توندتر بکات و کاریگەریی ئابووری وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێراقدا پتر بکات.[٢٣١] جگە لەمەش، بەیانەکەی بوش سەبارەت تەرتیبی نوێی دنیا New World Order لەسەر بنەوای گرینگییەتیی پارسەنگی دەسەڵات balance of the power لە کەنداودا ساز درا بوو.[٢٣٢] کە وڵاتە یەکگرتووەکانیش خەریک بوو لە دوای شەڕی سارد چەند دەوڵەتێک هەڵبژێرێ بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی لە ڕۆهەڵاتی ناویندا بپارێزن، هیچ شوێنێکی بۆ کورد لەم سیاسەتی هەرێمەدا نەدەکردەوە. کۆتاییی شەڕی سارد و مانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان وەک تاکە زلهێزی باڵادەست لەناو سستەمی ناونەتەوەییدا، وەرچەرخانێکی لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا هێنا و سیاسەتی لە قافنانی دووانەی ئێران و عێراقی نەهێشت و پشتی گۆڕینی ڕێژیمی لە عێراق گرت. ئەم وەرچەرخانەی کە پێویستی بە پەنابردنە بەر چەک هەبوو، هێمای چوارەمین گۆڕانکاریی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو.

بە قسەی جەیمز بێیکەری وەزیری پێشووی دەرەوە، لە سەرەتای ١٩٩٠ەکانەوەو دواوە، کە سەدام لە ئەدەبییاتی خۆیدا گوتی گڕ لە ئیسرائیل بەردەدەم بەڕێوەبەرایەتیی وشت کرد و کە زانراش عێراقییەکان چەکە کیمیاوییە جەمکانەکەیان dual chemical weapons پەرە پێ داوەو (١٩٩٠/٠٤/٠١) و هاوشێوەی ئەوانەی وڵاتە یەکگرتووەکان و یەکەتیی سۆڤیەتە و دەشکرا لە دژی هەر کەسێکدا بەکار بێ کە هەڕەشە لە عێراق دەکات[٢٣٣] و ئەمە ئیسرائیلیشی دەگرتەوە ئەگەر بهاتایە هەوڵی بدایە شتێک لە دژی عێراقدا بکات،[٢٣٤] ئەمانە وڵاتە یەکگرتووەکانیان لەو هەڕەشەیە وریا کردەوە کە سەدام لە ئیسرائیلی دەکرد و تێشیان گەیاند کە عێراق دەیویست دەسەڵاتی بەسەر هەموو ڕۆهەڵاتی ناویندا بڕوێنێ، ئەمانە وایان لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان کرد سەدام لغاو بکات. بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان گەیشتە ئەو باوەڕەی کە سەدام خەریک بووە کردەوەی قێزەون بکا و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لە ناوەخۆدا

مشتومڕ لەبارەی گۆڕینی سیاسەتی خۆمانەوە بکرێ بۆ ئەوەی وا بکەین عێراق نەرم بێ، ئەوەم ئێمە لەگەڵیدا توندتر بووین، سیاسەتێکمان پێڕەو کرد تا کردەوەکانی نەرم بکەینەوە. نیاز وابوو پشکداریی سیاسی و ئابووریی پێ بکەین و لە ئەنجامدا عێراق بێنینە ڕیزی ئەو وڵاتانەی هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکەن.[٢٣٥] لەگەڵ ئەمەشدا پێ دەچێ وڵاتە یەکگرتووەکان تا دوایین کاتی پێش دەسپێکی شەڕی دووەمی کەنداو پێوەندییە ئابوورییەکانی خۆی لەگەڵ عێراقدا هەر بەڕێوە بردبێ. دەشڵێن تا کاتی داگیرکردنی کوێت لە ٢ی ئابی ١٩٩٠، بەڕێوەبەرایەتیی بوش سەلماندبووی پێشینە بڕی ٨ . ٤ ملیۆن دۆلاری بۆ بەرهەمی تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوو و بایی٠٠٠ . ٦٩٥ دۆلاریش ئامێری پێشکەوتووی گواستنەی داتا بۆ عێراق بنێرێ.[٢٣٦] لەو کاتدا پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەتە هەرێمییەکان بەربەستی پتریان لە پێش بزووتنەوەی کورددا دروست کرد، هاوپەیمانیەتیی ئیسرائیل تورکیا و پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و تورکیا لەو بابەتە ڕێگرانە بوون.[٢٣٧]

هەر لەبەرئەوەش بوو کوردانی بن دەستی ڕێژیمی سووریا هەر بەبێدەنگی مانەوە و ئێرانیش لە دوای هاتنە سەر حوکمی خومەینی، سیاسەتگەلی لە سەردەمی سەرۆک عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانیدا (١٩٨٩–١٩٩٧)، هێشتا توندتر بوون. لەو کاتەی کە بوار بە پ.د.ک. و پ.ک.ک. درا بنکەکانیان لە سەر خاکی ئێراندا دابمەزرێنن،[٢٣٨] هەموو شێوە نوێنەرایەتییەکی سیاسیی کوردی لە سیاسەتی ئێران قەدەغە کرابوو لەبەرئەوەی ئێرانییەکان دەترسان کورد شۆڕش هەڵگیرسێنن.[٢٣٩]

سیاسەتە نوێخوازەکەی تورگوت ئۆزالی تایبەت بە کورد، لە کۆتاییی ١٩٨٠کان و سەرەتای ١٩٩٠ەکاندا ڕێگەی بۆ ئەو پرۆسەی ئازادکرنە خۆش کرد کە ئێستە پارتی داد و گەشەپێدان (ئـ.ک.پ.) ئێستە لە تورکیا خەریکە بەڕێوەی دەبات. قسەکانی ئەحمەد داود ئۆغلوی وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیا کە ئاماژەی بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان (باکوری عێراق) کرد و بە کوردستان ناوی هێنا و پاشانیش کە زاراوەی سەرۆکی کوردستانی عێراقی بۆ مەسعوود بارزانی بەکار هێنا، گەورەترین پێشکەوتنی مێژوویی بوو لە سیاسەتی تورکیدا.[٢٤٠] ئوزال تەنیا دانی بە بوونی کێشەی کورددا[٢٤١] نەنا، بگرە زنجیرەیەک کاری ئەوتۆی ئەنجام دا نیشانەی ئەوە بوون تورکیا لە دەوڵەتێکی پارێزگارەوە (کۆنزێرڤتیڤەوە) ڕووەو

وڵاتێکی لیبرال مل دەنێ.[٢٤٢] هەر لەو چوارچێوەیەدا بێ، پەردەی یاسایی لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی لە (١٩٨٧)دا هەڵماڵی و یاسای ژمارە ٢٩٣٢ی هەڵوەشاندەوە و بڵاو کراوە کوردییەکانی بە شەرعی کردن. ئۆزال لە سەرەتای ١٩٩٠ەکاندا، سیاسەتی ئێستەی تورکیای تاووتوێ کرد و باسی چارەسەری فیدراڵی و وەشاندنی پرۆگرامی کوردیی بۆ ماوەی ٦٠ تا ٩٠ دەقیقە (ئابی ١٩٩٢) و خوێندنی بە زمانی کوردی وەک زمانی دووەم کرد.[٢٤٣] لە بواری خواستی بوونە ئەندامی تورکیا لە یەکەتیی ئەوروپادا، ئۆزال لە ١٩٨٧ هەنگاوی بەرینتریشی هاویشت.

دیارترین گۆڕانکاری کە لە ئەنجامی سیاسەتەکەی ئۆزال کەوتەوە ئەوە بوو کاری لە ئەدەبیاتی سەرکردایەتی پ.ک.ک.ی بەرفەرمانی عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا کرد. سەرکردایەتی ڕێبازەکەی خۆی لە سەربەخۆییەوە گۆڕی و پشتیوانیی لە چارەسەرێکی دیموکراسی کرد کە کارێکی فرە گرینگ بوو.[٢٤٤] لەگەڵ ئەمەشدا لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئۆزال لە ١٩٨٩، سەرپێکی سیاسەتی تورکیای تایبەت بە کورد خۆش کرا و بەرەو چارەسەرێکی لیبرالی[٢٤٥] چوو، بەڵام بەرەو ئەوروپا بوونەوەی دەوڵەت و ئەو بڕیارەی پەرلەمانی ئەوروپا (حوزەیرانی ١٩٨٧) کە داوای لە تورکیا کرد نکووڵی لە بوونی کورد وەک نەتەوەیەکی جیا لە وڵات نەکەن،[٢٤٦] لەگەڵ ئەو شەڕە گرانەی لە دژی پ.ک.ک. بوو، ئۆزالیان ناچار کرد ملکەچ بێ و دان بە کێشەی کورددا بنێ.

لە کۆتاییی شەڕی سارددا، بۆ یەکەم جار، سەرۆکایەتیی ئۆزال بووە قەڵاتی سیاسەتی کوردی لە تورکیا و کورد لە ١٩٩٠دا خۆیان لەناو ڕیزەکانی پارتێکی سیاسیدا ڕێک خست کە ناوی پارتی کریکارانی گەلی کورد بوو. ئەگەر ئۆزال لە نیسانی ١٩٩٣دا نەمردایە، ئەو پارتە دەیتوانی لە بنچینەوە کێشەی کورد بگۆڕێ، بەڵام ماڵاوایيکردنی ئۆزال هەموو ئەو پلانانەی هەڵوەشاندنەوە کە بۆ بە فەرمی ناسینی کورد لە تورکیا ڕێک خرابوون. پاشتر لەبەرئەوەی سوپا لە ناو ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی (کە باڵاترین دەستەی سیاسەتسازیی تورکیایە) و لە بواری سیاسیشدا باڵادەست بوو (بەڵگەش کودەتایە نهێنییەکەی ١٩٩٧ە کە لە بەشی داهاتوودا شرۆڤە دەکرێ) هیچ بوارێکی پێشەوەچوونیان نەهێشتەوە. دروشمە فەرمییەکەی تورک کە دەڵێ کێشەیەک نییە ناوی کێشەی کوردی بێت

(لەبەرئەوەی کورد لقێکی ئەو تورکانەن کە لە ناوەڕاستی ئاسیاوە کۆچیان کردووە)، بە سەر چاکسازییەکەی ئۆزالدا زاڵ بوو.[٢٤٧]

لە سەردەمی دنیای پاش مۆدێرنیزمەوە و لەم بارودۆخانەدا، بزووتنەوەی کوردی عێراق ژیایەوە و قەوارەیەکی دەوڵەتی دیفاکتۆی کوردی لە ئایاری ١٩٩٢دا دامەزرا. هەرچەندە تا ئێستە گۆڕانکاریی گەورە لە کێشەی کوردی تورکیادا نەبووە، بەڵام دەبێ پێشبینی بکرێ.

٥- بەرەنجام

ئەم توێژینەوەیە تا ئێرە گرینگیی کێشەی کوردی وا نیشان داوە کە هەر لە دوای شەڕی دووەمی جیهانەوە تا سەردەمی پاش دەسپێکی شەڕی سارد، ئەو هێزەیە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوینی لێ خوڕیوە. هەرچەندە لە دوای کێشەی فەڵەستینەوە، کێشەی کورد گەورەترین گرفتی ڕۆژهەڵاتی ناوینە، بەڵام تا ئێستەش نە وڵاتە یەکگرتووەکان و نە دەوڵەتانی هەرێم، وەک پێویست بایەخیان پێ نەداوە. بۆیە شیمانەی ئەوە دەکرێ لە داهاتوویێکی نێزیکدا، پشێویی لێ بکەوێتەوە. لە ١٩٧٢ بە دواوە، دیارە کە پێوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کوردی عێراقدا بووەتە هۆی سەقامگیریی هەرێمەکە.

ستراتیجی سیاسەتی واقیعییانەی Realpolitik وڵاتە یەکگرتووەکان وای کرد سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکە پێوەندی لەگەڵ هێزە کاریگەرە نادەوڵەتەکاندا بکات و بەم شێوەیەش پێوەندی لەگەڵ کورددا پەیدا بوو. بەرژەوەندییە نەتەوەیییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و ڕاگرتنی پارسەنگی دەسەڵات بووە بابەتی هەرە سەرەوەی ئەجێندای وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەو ڕووداو و گۆڕانکارییە ناوەخۆییانەش کە لە نێوان دەسەڵاتە هەرێمییەکاندا قەومان بوونە چەند فاکتەرێک ئاراستەی پێوەندییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردی عێراق کران.

دوو ڕووی ئەم پێوەندییە تەنیا بە کوردی عێراقەوە بەندن. لە لایەکەوە، سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان کاردانەوەی ئەو پێوەندییانە بوو کە وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ئەو وڵاتە هەرێمییانە هەیبوو، کوردیان تێدا دەژیا، بەڵام ئەوەش هەیە کە بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان خۆی بۆ خۆی بەم ئاراستەیەدا چوو. لە لایەکەی ترەوە بیرۆکراتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆچوونی

جیاوازیان سەبارەت بەچۆنیەتیی چارەسەریی کێشەی کوردی عێراقەوە هەیە و دەبێ ڕەچاوی فاکتەرە دەرەکییە پێشبین نەکراوەکانیش بکەن، چ هەرێمی بن چ ناوخۆیی، کە ڕەنگە لە کاتی چێکردنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا ڕەچاو نەکرابن.[٢٤٨] لەو دەمدا، سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بایەخی بە دەوڵەتە هەرێمییەکان و هێزە کاریگەرە نادەوڵەتەکان دا و پێوەندییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد تا ئاستی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان هەڵکشا و خۆی بە سەر ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا سەپاند.

ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخا کە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان تا دوای شەڕی سارد هەر کوردی پشتگوێ خستبوو، بەڵام لەگەڵ بەکۆتا هاتنی شەڕی سارددا ئەم پێوەندییە گەیشتە ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بایەخی پێ بدا. کورد لایەنە بێهێزەکەی پێوەندیی هاوبەشی وڵاتە یەکگرتووەکان بوون و وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕێگەی شاوە پێوەندییان لەگەڵ کورددا پەیدا کرد دەنا بەرژەوەندییەکی زۆر کەمیان لە هاوپەیمانیەتی لەگەڵ کوردی عێراقدا هەبوو. وەک ئەوەی بەشی پێنجەم ڕوونی دەکاتەوە پێوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کوردی عێراقدا هەر چەندە تاکتیکی بوو، بەڵام گرینگییەکیی ستراتیجیی هەبوو. ڕاوێژکارە سیاسییەکان و سی ئای ئەی و هۆکارە هەرێمییەکان بوون کاریان لە بڕیارەکانی سەرۆکایەتی کرد بۆ ئەوەی سیاسەتێکی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان ساز بکەن پێوەندیی بە کوردەوە هەبێ. بیرۆکراسییە ناوەخۆییەکانی تر هێندە کاریگەریان لەم بوارەدا نەبووە. ئەم گۆڕانکارییانەش ڕووی چوارەمی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان پێک دێنێ.

بەشی پێنجەم لە شەڕی دووەمی کەنداوی ١٩٩١ەوە تا ڕوخانی سەدام لە ٢٠٠٣دا دادەپۆشێ. کەچی بەشی شەشەمین بایەخ بە پێشبینییەکانی کێشەی کورد و پێوەندییەکانی بە وڵاتە یەکگرتووەکان و سیاسەتی هەرێمی دوای سەدام دەدات. ئەو ماوەیەی لە دوای سەردەمی شەڕی سارد و بووژانەوەی کورد لە پاشی دروستبوونی دەوڵەتی دیفاکتۆیان لە باکوری عێراقدا، تا پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (لە ئایاری ١٩٩٢) لێرەدا شرۆڤە کراوە و تایبەتمەندییەکیش بە گۆڕانی پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کوردی عێراق دراوە

لەبەرئەوەی لە جۆرە هاوپەیمانییەکی هەلپەرستانەوە opportunistic بۆ پێوەندییەکی تێک هەڵکێشی دامەزراوەیی گۆڕاوە و ئەمەش سێیەمین ڕووی پێوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد نیشان دەدا و کاریگەرییەکەی ئەو پێوەندییانەش لێرەدا باس دەکرێ. جگە لەوەی باس کرا، ئەم بەشە بایەخ بەو چوارەمین گۆڕانەش دەدات کە لە پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورددا بەدی هاتووە و بەهێزبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش لە پاشی سەدام و چەسپینی پێوەندییەکە لەگەڵ کوردی عێراق بە هەند دادەنرێ. بەم جۆرە چوارچێوەی پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان کوردی لە بنەوای هەندێ ڕاستیدا هاتووەتە سازدان کە بەشی حەوتەمین وەک بەرەنجامێک تاووتوێی دەکات.

پەڕاوێز:

1- ttp://www.kurdishmedia.com/news.asp?id=11528 (last accessed 2007).

10 American Enterprise Institute for Public Policy Research, Special Analysis, United States interests in the Middle East: Political–Strategic Interests (Washington, October 1968), p. 29; and Michael Tanzer, ‘Oil and the Gulf Crisis: Beyond a US$50 Billion Solution’, Christian Science Monitor (6 August 1997).

11 Harry S. Truman, ‘Speech to the US Senate Foreign Relations Committee, 89th Congress, A Select Chronology and Background Documents Relating to the Middle East (Washington 1967), p. 29.

12 US Department of State, Department of State Bulletin (4 June 1951), p. 867; Lock K. Johnson, America’s Secret Power: The CIA in a Democratic Society (Oxford University Press, 1989), p. 26; and Naseer H. Aruri, in Amirahmadi Hooshang, The United States and the Middle East: A Search for New Perspectives (USA: New York Press, 1993), pp. 91–92.

2- The US gave attention to what the Kurds were doing from 1915’, Interview with US State Department Official (Telephone Interview, 30 August 2008).

3- Philip J. Baram, The Department of State in the Middle East: 1919–1945 (Philadelphia PA: University of Pennsylvania Press, 1978), pp. 52–53. See the ‘Red Line Agreement’ concerned an accord among American, British, French, German and

Russian oil companies for the distribution of Middle Eastern oil. The companies, known as the 'Seven Sisters', were represented by the American giants, Exxon, Texaco, Mobil, Standard Oil of California and Gulf Oil – and the British by Royal Dutch Shell and British Petroleum. See Larry Everest, Oil, Power and Empire: Iraq and the US Global Agenda (4th edn) (Canada: Common Courage Press, 2004), p. 51.

4- Baram, ibid.; Everest, ibid.

5- 'The US turned to the Middle East's oil resources vis-a-vis the rise in oil demand after World War II [and the region's] strategic position, the size of its population and of the markets'; cf. Abbas Alnasrawi, 'US foreign policy in the Middle East', Arab Studies Quarterly, 11(1) (Winter 1989): 61–62.

6- Joseph Stalin cited in Christopher Coker, Refl ections on American Foreign Policy since 1945 (London: Pinter Publishers, 1989), p. 48.

7- Ibid.

8- Ted Galen Carpenter, 'That was then, this is now: toward a New NSC-68', SAIS Review 19(1) (1999): 72–84.

9- Franklin D. Roosevelt, 'The '1941 State of the Union Address'; Inaugural Addresses of the American Presidents 1961'', in Jeffrey W. Legro, 'Whence American Internationalism', International Organization, 54(2) (Spring 2000): pp. 261, 263, 268; also Middle East Economic Survey (17 January 1983).

10- American Enterprise Institute for Public Policy Research, Special Analysis, United States interests in the Middle East: Political–Strategic Interests (Washington, October 1968), p. 29; and Michael Tanzer, 'Oil and the Gulf Crisis: Beyond a US$50 Billion Solution', Christian Science Monitor (6 August 1997).

11- Harry S. Truman, 'Speech to the US Senate Foreign Relations Committee, 89th Congress, A Select Chronology and Background Documents Relating to the Middle East (Washington 1967), p. 29.

12- US Department of State, Department of State Bulletin (4 June 1951), p. 867; Lock K. Johnson, America's Secret Power: The CIA in a Democratic Society (Oxford University Press, 1989), p. 26; and Naseer H. Aruri, in Amirahmadi Hooshang, The United States and the Middle East: A Search for New Perspectives (USA: New York Press, 1993), pp. 91–92.

13- 'On the basis of a Memorandum that preceded the Conference, President Woodrow Wilson backed an Armenian–Kurdish coalition for the creation of an independent State' whilst Wilson in his project to the League of Nations stated that 'Armenia, Kurdistan and Arabia should become independent states'; see Duncan Hall, Mandates, Dependencies, and Trusteeships (London, Stevens & Sons for the Carnegie

Endowment for International Peace, 1948), p. 37.

14- 'The history of Kurdistan', Vol. 50 (Voice of Kurdistan, Magazine of the National Liberation Front of Kurdistan, February–March 1996), p. 9.

15- The Iranian Government would allow 'Kurdish broadcasts, in order to counteract Soviet broadcasts in Kurdish from clandestine stations', From Tehran to the US Secretary of State Telegram, No 509 (Department of State, 6 August 1951).

16- Interview by the researcher with Mahmoud Othman, President of the Kurdistan Socialist Party, Member of Iraqi Parliament and member of the Iraqi delegation during the 1970s (Manifesto) negotiations (Erbil, 15 April 2007).

17- United States Foreign Relations, Vol. 6 (1946), p. 460.

18- Interview by the researcher with Dr Najmaldine O. Karim, President of the Kurdish Institute in Washington and private physician to Mullah Mustafa Barzani (Washington DC, 8 March 2008).

19- David McDowall, The Kurds in Minority Rights Group International (MRGI), A Minority Rights Group Report (6th edn) (September, 1991), p. 22. Bullard, the British ambassador in Tehran gave the Iranian government a draft from the British Foreign Offi ce 'demanding a Treaty that would legitimize the occupation of the British and Soviet troops in Iran'; see William Eagleton Jr., 'The Kurdish Republic of 1946', Middle Eastern Monographs, no. 5 (Oxford University Press, 1963), p. 45.

20- Farideh Koohi-Kamali, The Political Development of the Kurds in Iran: Pastoral Nationalism (London: Palgrave Macmillan, 2003), p. 95.

21- David McDowall and Gerard Chaliand, eds., A People Without a Country: The Kurds and Kurdistan (London: Zed Books, 1993), p. 105.

22- David McDowall, 'The Kurds', MRG Report, op. cit., p. 22. Eagleton comments that 'The Soviets provided the Kurds with 5,000 Soviet weapons, pistols, play marches and anthem', ibid, p. 74; also The Times (London, 23 March 1946).

23- Interview with Dr. Najmaldine O. Karim, op. cit.

24- Nader Entessar, Kurdish Ethno-Nationalism (London: Lynne Rienner Publishers, 1992), p. 22; McDowall, The Kurds', MRG report, op. cit.; and Koohi-Kamali, Political Development of the Kurds in Iran: Pastoral Nationalism, op. cit., p. 178.

25- From Edward S. Crocker to Department of State, Declassifi ed document, No. 852914 (Baghdad, 27 April 1950).

26- According to a CIA report, 'The process of Turkifi cation is likely to continue'; US Government, Central Intelligence Agency, The Kurdish Minority Problem, Report, Copy No 41, Central Intelligence Agency (Washington DC: 8 December 1948).

27- Kerim Yildiz, The Kurds in Syria: The Forgotten People (London: Pluto Press, 2005), pp. 30–31.

28- US Department of State, ‘Military Facilities Agreements (23 June 1954) and the Treaty of Cooperation (1959)’, series on Treaties and Other International Acts, Document No. 4191 (5 April 1959). The Baghdad Pact was renamed CENTO (the Central Treaty Organization) in September 1959.

29- Between 1960 and 1964, the Kurds were supported internationally against the Ba’thists by a series of powerful states, including USSR, Iran, Turkey, Egypt and Israel; see Alexis Heraclides, The Self-Determination of Minorities in International Politics (UK: Frank Cass, 1991), p. 137.

30- Eagleton, ‘The Kurdish Republic of 1946’, op. cit., p. 22.

31- Entessar, Kurdish Ethno Nationalism, op. cit., pp. 27–28; and ‘US Government of Iran policy controlling the Kurds’, National Defense Intelligence Report, No. 846 0498 78 (September 1962).

32- McDowall, ‘The Kurds’, MRG Report, op. cit., p. 17.

33- Omer Ta_pinar, Kurdish Nationalism and Political Islam in Turkey: Kemalist Identity in Transition (New York and London: Routledge, 2005), p. 4.

34- ‘On 14th July 1958 Brigadier Abd Al-Karim Qasim overthrew Nuri Al-Sa’id, King Faisal II, Crown Prince ‘Abd Al-Allah’; see William Hale, Turkey, the US and Iraq (UK: London Middle East Institute, 2007), pp. 21–22.

35- McDowall, ‘The Kurds’, MRG Report, op. cit., p. 36.

36- Yildiz, The Kurds in Syria, op. cit., p. 31.

37- Michael Rubin, ‘Are Kurds a pariah minority?’, Social Research (Spring 2003), pp. 11–12.

38- Ibid, p. 62.

39- Entessar, Kurdish Ethno-Nationalism, op. cit., p. 60.

دەستپێکی پێوەندیی دایرێکت (ڕاستەوخۆ)ی ولاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کوردی عـێراق و دامـەزراندنی دەوڵەتی دیفاکـتـۆی کـوردی لە باکـور بەرهـەمی لەخـۆوەی یارمەتییە مرۆیییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان بوو. لە هەمان کاتدا، وا پێ دەچێ کە بەردەوامیی پێوەندیی ولاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کوردی عێراق لەوەوە هاتبێ کە پلانەکـانی ولاتە یەکگرتـووەکـان بۆ بە فـاق گـرتنی سـەدام بنبـڕ بووبێ و ئەو تێبینییـەش کە جێیمز بێیکەر کردی و گوتی کە ولاتە یەکگرتووەکان نەیویست بەرپرسـیـیـەتیی دامـەزراندنی ناوچەی ئارام لە ئەسـتـۆ بگرێ، ئەم ڕاسـتـیـیـە دەسەلمێنێ. لەگەڵ ئەمەشدا کارمەندانی ولاتە یەکگرتووەکان زانییان قەوارەی ئەو شـەوەزمـە (کـابوس) مـرۆیـیـە چەندە کـە خـەریک بوو لەوێ دروست دەبـوو، بۆیە هەرچەندە وەزارەتی بەرگریش لە دژی پرۆسـەی ئارامـدەردا وەسـتـا... بەلام ئێمـە بڕیارمان دا ناوچەی ئارام بپارێزین[٣٠]. هەرچەندە پێوەندیی ولاتە یەکگرتووەکان

لەگەڵ کوردی عێراق لە دوای ٢٠٠٠ەوە پێی نایە قۆناغێکی نوێوە، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەو پێوەندییە بە پێی پلانێکی داڕێژراو نەبووە، بگرە پرسی کورد پتر لە کێشەی کوردی عێراق ئەم پێوەندییانەی توند کردووە. ئەم بەشە ئەوەش نیشان دەدا کە گۆڕانی چوارەمی پێوەندییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان کورد و بوونی بە پێوەندییەکی دامەزراوەیی وای کرد سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان بە کێشەی کوردەوە ببەستێتەوە. ئێستەش دیارە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە تەنیا چالاکییەکانی خۆی بەڕێوە دەبات و ئەمەش لە دوای ٢٠٠٥ەوە باشتر دیارە لەبەرئەوەی ئەوکات لە پێشووتر بەهێزتر بوو[٣١].

پێ دەچێ بڕیاری یارمەتی نەدانی کورد لە دوودڵیی ولاتە یەکگرتووەکانەوە سەرچاوەی گرتبێ، لەبەرئەوەی بەڕێوەبەرایەتیی ولاتە یەکگرتووەکان نەیویستووە خۆی بە هەموو ئەو کێشانەی رۆژهەلاتی ناوین سەرقاڵ بکات و وا لە سوپاکەی بکات تەنیا بە عێراقەوە خەریک بێ و نەتوانێ چالاکانە لە شوێنەکانی تری دنیادا کار بکات[٣٢]. بۆیە، هەرچەندە سەرۆک بوش بە پەرۆش بوو بۆ ئەوەی سەدام لەوێ نەهێڵێ ... تا ئێران و عێراق ئارام بکاتەوە[٣٣]، بەڵام ولاتە یەکگرتووەکان پشتیوانیی ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ی نەکرد[٣٤]. ڕەنگە ململانێی نێوان ئەدەبیاتی ولاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ پراکتیزەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان ترسی بەڕێوەبەرایەتیی لە ئەگەری پەشێویی ناوخۆی عێراق پتر کردبێ و دەشبێ ئەمە کاریگەریی لە سەر ئاسایشی ناوچەی کەنداوی تژە نەوتدا هەبێ، بەڵام ئەگەر ئەو ڕووداوانەی ناوەوەی عێراق لە دوای بڕیاری داگیرکردنی ئەو ولاتە لە ٢٠٠٣دا شرۆڤە بکەین پێ ناچێ تا ئێستە ئەو ئامانجانەی ولاتە یەکگرتووەکان بۆ پارسەنگدانی هەرێمەکە بەدی هاتبن.

لە لایەکەوە، ئەو ئامانجەی سەرۆکایەتی هەیبوو بۆ ئەوەی هەرێمەکە لە بەرژەوەندیی ولاتە یەکگرتووەکان ئارام بکاتەوە و ئەو بۆچوونەی بەڕێوەبەرایەتیش هەبوو کە سەدام حوسێن کۆتاییی شەڕی ساردی بە هەلێک زانی بۆ ئەوەی بۆچوونە تایبەتەکەی خۆی سەبارەت بە بەرفرەوانکردنی ولاتەکەی پیادە بکات، ئەم دوو بۆچوونە پێکڕا سیاسەتی ئەمەریکایان بۆ لادانی سەدام حوسێن لە عێراق سازدا[٣٥]. گۆبەندەکانی سەدام لە لکاندنی کوێت بە عێراقەوە و توورەیی لە سیاسەتی دەرەوەی ئیسرائیل[٣٦] و چەکە کۆکوژەکانی[٣٧]، ئامۆژکارەکانی بوشیان

بەو بڕوایە گەیاند کە چیتر ناکرێ سەدام بۆ سەقامگیریی هەرێمەکە لە بەرژەوەندیی ئەمەریکادا بەکار بێ[٣٨]. ئەو گومانەی ولاتە یەکگرتووەکان لە سەدامی هەبوو نەکا دەست بە سەر کەنداودا بگرێ و نەکا عێراق پەلاماری عەرەبستانی سعودییە بدا و ئەو ترسەش کە عەرەب لە هێزی سەدامیان هەبوو، وایان لە باڵە پارێزگارەکەی ناو بەڕێوەبەرایەتی کرد بەردەوام باسی ئەوە بکەن کە دەبێ هەڕەشە ناوکییەکانی هەرێمەکە نەهێڵن. ئەو بڕوایەی بوش سەبارەت بە دەوڵەتە لارێ Rogue Statesیەکان هەیبوو کە دەیانویست چەکی کۆمەڵکوژ پەیا بکەن و پشتیوانیی تیرۆریزمیان دەکرد و مافەکانی مرۆڤیان پێشێل دەکرد ڕەنگە لە سیاسەتی دەرەوەی عێراقی سەدامییەوە لەکنی پەیا بووبێ، ولاتە یەکگرتووەکان بڕیاری دا ئەو خواستەی عێراق دوا بخا کە داوای کردبوو بایی ٥٠٠ ملیۆن دۆلار قەردی کشتوکاڵیی بداتێ و پێنتاگۆنیش لەلای خۆیەوە نەیهێشت چیتر ئەو پارچانە بفرۆشرێتە عێراق کە دەکرا بۆ دروستکردنی مووشەک بەکار بێن[٣٩].

هەرچەندە بوش پێی لە سەر ئەوە داگرت کە ئەستەمە پێوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ عێراقدا هەبێ، بگرە تا سەدام حوسێن لە سەر حوکم مابێ مەحاڵە ئەم پێوەندییە ببێ، جا بۆیە دەشێ ڕێژیمێکی ئاڵتەرنێتیف ببێ کە بتوانێ لەگەڵ دەسەلاتی ڕۆئاوا و سیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکان بۆ سەقامگیری نەک ئاژاوە بلوێ بۆ ئەمەش دەبێ بە دوای کەسێکدا بگەڕێین کە ئاگای لە سەرچاوە زۆرەکان بێ و پابەندی ئیلتزاماتی لەگەڵ لایەنەکانی تر بێ و بتوانێ باری ژیانی خەڵکەکەش بەرز بکاتەوە، ئەمانە هەموویان وایان کرد ولاتە یەکگرتووەکان سنوورێک بۆ پشتیوانیکردنی کورد دابنێ[٤٠]. بنەوای ڕەسەنی ولاتە یەکگرتووەکان ئەوەبوو کە بە هیچ جۆرێک خۆی نە تێکەڵی شۆڕشە ٦٠ ساڵییەکەی کوردی عێراق بکات و نە بەرهەڵستیی هەوڵە شەرعییەکانی عێراق بکات و دای بمرکێنێتەوە[٤١]. جگە لەمەش، سی ئای ئەی ڕێنوێنیی بیرۆکراتەکانی بۆ ئەوە کرد کە ولاتە یەکگرتووەکان بۆ شەش مانگ چاوەڕێ بکات تا سەدام دەڕووخێ[٤٢]. هەرچەندە لە سەرەتادا بەڕێوەبەرایەتیی ولاتە یەکگرتووەکان پشتیوانیی لە شوێنگرتنەوەی سەدام دەکرد، بەلام پاشتر هەنگاوبەهەنگاو وای لە کورد کرد لە سیاسەتی گۆڕینی ڕژیم لە عێراقدا، فاکتەرێکی گرینگ پێک بێنێ[٤٣]. پاشتریش سی ئای ئەی ڕۆڵێکی گرینگی لە سیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکان لە عێراقدا هەبوو و بە پێی

بۆچوونەکانی خۆی ئاراستەی بیرۆکراسیی وڵاتە یەکگرتووەکانی کرد.

پێ دەچێ هەرسەهێنانی هەموو ئەو هەوڵانەی بەڕێوەبەرایەتی بۆ لادانی سەدام لە دەسەڵات بێ خوێن ڕژان و لە ڕێگەی سی ئای ئەیەوە و بە ڕەزامەندیی کۆنگریسەوە دای، بوو بە هۆی ئەوەی بڕوا بە سی ئای ئەی بکات کە گۆڕینی ڕژیم لە دەرەوەڕا باشترین چارەسەر بێ[٤٤].

لە تەمووزی ١٩٩٢، کۆنگریسی وڵاتە یەکگرتووەکان قایل بوو ٤٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی بۆ کورد بنێرێ بۆ ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق[٤٥] بەهێز بکات تا بتوانی پێوەندی لەگەڵ سوپای عێراق و کارمەندە ئەمنییەکانیدا[٤٦] ڕێک بخات و چەند ڕادیۆیەکی دژی سەدامیش بخەنە کار[٤٧]. هەر لەو ساڵە بوو کە سەرۆک بوش ئەو زانیارییانەی بە کۆنگریس گەیاند کە هەواڵگری لە نێوان ١٥ تا ٢٠ ملیۆن دۆلاری[٤٨] لە هەوڵی کودەتایەکی سەرنەکەوتوودا خەرج کردووە لە دژی سەدام حوسێندا بۆ ئەوەی مافەکانی مرۆڤ و حوکمی یاسا لە عێراقێکی دەستووری و دیموکراتی و فرەلایەنەدا بسەپێنێ و یەکەتیی خاکی عێراق بپارێزێ و پابەندی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی عێراق بێ[٤٩]. بە پێی ئەم بنەوایانە بوو کە وڵاتە یەکگرتووەکان لایەنەکانی تری ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بۆ ناو گەمەکە هێنا تاکو شوێنی سزا ئابوورییەکان بگرنەوە (کە بە ڕاستی کاریگەر بوو) و چەکی عێراق دامالن و پاشان ڕێژیمەکەیش بگۆڕن[٥٠].

## ٢- ١- ٢ دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان

سیاسەتسازانی وڵاتە یەکگرتووەکان و تورک، لەو هەڵبژاردنەی لە ١٩ی ئایاری ١٩٩٢ کورد لە باکوری عێراقدا کردیان، واقیان وڕما و پێوەندیی فەرمیی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردی عێراق لەوێوە دروست بوو. ئەو دەوڵەتە کوردییە عێراقییە سەربەخۆیەی ئەمری واقیع نەک هەر تەنیا تورکیای لە ئاواتەکانی کوردەکانی خۆی بەئاگا نەهێنا، بگرە وای لە بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکانیش کرد ڕاڕایی لە پاراستن و هێشتنەوەی ئەو ئەزموونە بکا نەکا پشێوی لە هەرێمەکە پەیدا بکات و لە کۆتاییدا هانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بدات دەوڵەتی کوردی ڕابگەیەنێ. لە دوای دامەزراندنی حکوومەتی

هەرێمی کوردستان، سەرۆک مەسعود بارزانی باسی ئەوەی کرد کە پێویستییان بە فیدراسیۆنێکی سیاسی و بە عێراقێکی پەرلەمانی و دیموکراتی و فرەلایەنەی دوای سەدام هەیە، ئەمانەش ئەمڕۆ هەموویان بەرجەستە کراون[٥١]. بە هەمان شێوە، لە نێوانی ئادار و حوزەیرانی ١٩٩١دا، جەلال تاڵەبانی و موحسین دزەیی بە نوێنەرایەتیی کوردی عێراق لەگەڵ کاربەدەستانی تورکدا کۆبوونەوە و دڵنیایان کردنەوە کە ئاواتیان ئەوەیە فیدراسیۆنێک بۆ عەرەب و یەکێک بۆ تورکمان و یەکێکیش بۆ کورد پێک بێنن و سەربەخۆییشیان هیچ هەڕەشەیەکی بۆ تورکیا نەبێ[٥٢].

یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردی لە کەشێکی وادا کرا کە تورکیا و سەرجەم دەوڵەتە هەرێمییەکان ترسی ئەوەیان هەبوو نەکا ئەمە کاریگەریی پوولی دۆمینەی ببێ و کوردی ناوەخۆیان پاشتر بەشوێن ئەم نموونەیەی باکوری عێراق بکەون و لە وڵاتانی خۆیاندا سەر هەڵبدەن[٥٣]. وەزارەتی دەرەوەش دوودڵییەکی لە هەناردنی چاودێران بۆ هەڵبژاردنەکان هەبوو ئەمەش بە پێچەوانەی ویستی بەڕێوەبەرایەتییەوە بوو لەبەرئەوەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوەبوو نەهێڵێ هیچ تەنگژەیەک لە ڕێی پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕژێمە هەرێمییەکاندا قیت ببێتەوە[٥٤]. ئەو دەنگانەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر یەکە و بە جودا بە دەستی هێنا لە یەکتری نزیک بوون و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی حکوومەتێکی هاوپەیمانی پێک بێن و تا ١٩٩٤ ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی بەڕێوەی برد و ئینجا ململانێیەک لە نێوانیاندا دروست بوو کە هەرێمەکەی پارچە کرد[٥٥].

ڕاستە ئەم گۆڕانکارییانە دیمەنی سەپاندنی بناخەی پێوەندییەکی دامەزراوی لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کورددا نیشان دا، بەڵام تۆوی سەردەمی پاش سەدامیشی ناشت و سەرەتای سەردەمێکی خوێناویشی لە نێوان ئانقەرە و کوردەکانی خۆیدا دانا و ئەمە دواتر باسی دەکرێ. هەرچەندە ناکرێ ئەمە بە هەموو کوردێک بڵێین بەڵام سەردەمێکی نوێی بووژانەوەی کوردی عێراق دەستی پێ کرد. دامەزراندنی دەوڵەتی دیفاکتۆی کوردی عێراق، هەموو کوردەکانی وڵاتانی تریشی لە داهاتووی بوونی خۆیان لە وڵاتە هەرێمییەکاندا ئاگادار کردەوە. لەبەرئەوەی دۆخی کورد لە هەموو ئەو وڵاتانەی تێیاندانە وەک یەکتری نییە، پێ

دەچێ کە چالاککردنی بزووتنەوە کوردییەکان یەکەم جار لە تورکیا و پاشانیش لە ئێران تا ڕادەیەک پێویستی بە پشتگرتنی ولاتە یەکگرتووەکان هەبێ، وەک ئەوەی بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرا. هی سوریا بە پێچەوانەی ئەمەیە، لەبەرئەوەی ئەوان عەودالّی وەدەستهێنانی ڕەگەزنامەیانن و چالاکییەکانیشیان لە سەدەی بیست و یەکەمدا بەدەر کەوتووە، پێ دەچێ هێشتا زۆریان مابێ بۆ ئەوەی ئۆتۆنۆمی وەدەست بێنن و ئەمەش دواتر تەتەڵە دەکرێ.

لە دوای شەڕی دووەمی کەنداوەوە یەکسەر ولاتە یەکگرتووەکان ویستی باشترین ڕێگە بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی سەدام بگۆڕێ و ئەمەشی لە ڕێگەی هاوپەیمانییەتیی ولاتە یەکگرتووەکان و کوردەوە بۆ سەپا و دەستی کرد مێژووی هەموو ئەو کارەساتانەی (فظائع) نووسییەوە کە ڕژیمی سەدام حوسێن لە دژی گەلانی عێراقدا ئەنجام دابوون[٥٦]. پێنتاگۆن لە ڕێی تورکیاوە، 30 تۆن بەڵگەنامەی ... تایبەت بە کارەساتەکانی سەدام و زانیاریی لەبارەی سوپا و ڕێکخراوە هەواڵگرییەکانییەوە بۆ واشنتۆن گواستەوە. ولاتە یەکگرتووەکان پاشتر ئەم دۆکیومێنتانەی بۆ بە شەرعیکردنی پلانەکانی خۆی بۆ گۆڕینی باری عێراق و لادانی سەدام[٥٧] بەکار هێنا. پاش ئەمە پێوەندییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کورد تا ١٩٩٠ەکان یەک لایەنە مانەوە و ئیتر لەوێوە دەستی پێ کرد هەڵکشێ. بە قسەی دکتۆر نەجمەدین، یەکەم کۆبوونەوەی وەزارەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان و کورد لە ٢٥ی نیسانی ١٩٩١دا کرا و پاشان لە ئایاری ١٩٩١یشدا شاندە کوردییەکان لەگەڵ یاریدەری وەزیر بۆ بەشی ڕۆهەڵاتی ناوین بە یەک گەیشتنەوە[٥٨]. لە دوای کۆنفرانسی یەکەمی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڤیەنا (حوزەیرانی ١٩٩٢) کە بە پشتیوانیی عەرەبستانی سعوودییەوە لەگەڵ ولاتە یەکگرتووەکاندا کرا، کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقی دامەزرا بۆ ئەوەی هەموو ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی تێیدا لە دژی سەدام کار بکەن. ئەمەیان تاکە کۆنفرانسێک نەبوو کە ولاتە یەکگرتووەکان و سوننە و کورد لە یەکدی نزیک بکاتەوە. لە ٢٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢ یەکەم کۆبوونەوەی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی لە سەلاحەدین لە باکوری عێراق هەموو گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق بە کەسایەتییە سیاسییە شیعەکانیشەوە ئامادەی بوون[٥٩]. کۆنفرانسەکەی سەلاحەدین بڕیارەکانی ڤیەنای چەسپاند و ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیی

ڕێک خست و دۆخی کوردی لە دوای سەدامدا سەلماند... ئەو بڕیارەی یاسای فیدراڵی کە پەرلەمانی کوردستان دەری چواندبوو، ئەویشی چەسپاند[٦٠].

بە پێی ڕاپۆرتی سی ئای ئەی، ئەو پیلانەی سەدام بۆ کوشتنی سەرۆک جۆرج هـ. و. بوش لە کاتی سەردانی بۆ کوێت[٦١] دانیابوو، هاودەم لەگەڵ پابەندبوونی بەڕێوەبەرایەتی بە تەپاندنی سەدام، هۆی ئەوە بوون کە ولاتە یەکگرتووەکان لە نێوان ١٥–٢٠ ملیۆن دۆلار بۆ کۆنگرەی نیشتمانی عێراق تەرخان بکا بۆ ئەوەی کودەتایەک لە دژی ڕژیمی سەدام (تەموزی ١٩٩٢)دا بکات و کۆنگریسیش بە نهێنی بڕی ٤٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکیی لە ١٩٩٣دا بۆ یارمەتیدانی کۆنگرەی نیشتمانی عێراق بڕییەوە[٦٢]. کاربەدەستانی ولاتە یەکگرتووەکان لە سەر ئەو هەوڵانەی بۆ لادانی سەدام دەدران دابەش بوون و کۆنگریس و پێنتاگۆن وەزارەتی بەرگری، لە دژی وەزارەتی دەرەوە، لای کۆنگرەی نیشتمانی عێراقییان گرت و وەزارەتی دەرەوەش نەیهێشت ئەو ٨ ملیۆن دۆلارەی بۆ کۆنگرەی نیشتمانی عێراق تەرخان کرابوو، بۆی بچێت[٦٣]. ستراتیجیی جۆرج هـ. و. بوش ئەوەبوو نەهێڵێ سوپای ئەمەریکا بە یەک ململانێوە ببەسترێتەوە، لەگەڵ هەندێشدا، لە ناوەوە پشتیوانیی گۆڕینی ڕژیمی عێراق دەکرد. ڕەنگە سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان پێشتر ئامانجی خۆی نەپێکابێ، بۆیە لە شەڕی سێیەمی کەنداودا (ئاداری ٢٠٠٣) ئەو هەموو خەرجییەی دا[٦٤].

ئەو سیاسەتەی ولاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبەر کوردی عێراقدا دای ڕشت و سی ئای ئەی پیادەی کرد، بە گوێرەی دەقی هزرێنەی dogma ڕێکبەندیی جیهانی نوێ New World Orderی بوش بوو، کە پارسەنگی بەهایەکانی ئازادییە دیموکراتییە ڕۆئاواییەکان و مافەکانی تاکە کەسیی دەکرد و مەبەستیشی بوو ناوچەی کەنداوی تژە نەوت لە مەترسییەکانی سەدام بپارێزێ. کە ولاتە یەکگرتووەکان نەیەوێ هاوپەیمانەکانی وەک تورکیای سڵ بکات، کردەوەکان بە نهێنی ئەنجام دەدات و بۆ ئەمەش سی ئای ئەی دەخاتە گەڕ[٦٥].

هەڵوێستە ئەرێنییەکەی ولاتە یەکگرتووەکان کە لای کێشەی کوردی عێراقی گرت لەگەڵ دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئایاری ١٩٩٢دا دەستی پێ کرد و ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو یارمەتییە کەمانەیە کە ولاتە یەکگرتووەکان بە نهێنی بۆ گرووپە کوردییەکانی هەر سێ دەوڵەتە هەرێمییەکانی

تر دەیکات. ولاتە یەکگرتووەکان تا ئێستەش پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کوردی تورکیا و ئێران و سوریادا گەشە پێ نەداوە، لەبەرئەوەی هێشتا ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی لە ئەدەبیاتە مرۆڤایەتییەکەی زاڵترە و وای لێ نەهاتووە وەک ئامانجێکی هەرێمی پیادەی بکات. هەر دەمێکی سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان پێویستی بەوە هەبوو کوردی سوریا و تورکیا و ئێران بۆ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی پاشەڕۆژێکی نزیک بەکار بێنێ جا چ بە مەبەستی پیادەکردنی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی بێ، یان لەبەر گۆڕانکاری هەرێمی بێت ڕەنگە هەینێ پێوەندییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان و کورد ببێتە هەقیقەت. ولاتە یەکگرتووەکان بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەگەڕێ، بۆیە هاوپەیمانییەتی لەگەڵ هێزە کاریگەرەکاندا، دەوڵەت یان نا دەوڵەت بن، بە پلەی دووەم دێت. ولاتە یەکگرتووەکان بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی هاوپەیمانەکانی هەڵبژاردووە و هەر بەم شێوەیەش هەڵیاندەبژێرێ. بۆیەش ولاتە یەکگرتووەکان بە شێوەیەکی پڕ بایەخ پێوەندی لەگەڵ کوردی دەوڵەتەکانی تردا ناکات. پێوەندییەکانی نێوان ولاتە یەکگرتووەکان و کوردی ئێران و تورکیا و سوریا لە دوای شەڕی ساردا، بە پێی هەمان ئەو مەرجانە بووە. بە هۆی لایەنە ناونەتەوەییەکانی کێشەی کوردییەوە، واتەگەلی تەوەرەیی نموونە model بۆ گرتنی capture کێشەی کورد لە نێوانی سیاسەتەکانی ولاتە یەکگرتووەکان و دەوڵەتە هەرێمییەکاندا دەسەلمێنێ (سەیری بەشی دوو بکە). نموونەی پێوەندییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ دەوڵەتە هەرێمییەکاندا بە پێچەوانەی پێوەندییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کوردانە، لەبەرئەوەی کورد وا نیشان دەدرێن کەوتوونەتە ناو داوی ئایدیۆلۆجیا نەتەوەپەرستییەکان و بەرژەوەندییەکانی هێزە هەرێمی و ناونەتەوەییەکان و هەر ئەوانەش سیاسەتی کوردی داژۆن. لەبەرئەوەی ولاتە یەکگرتووەکان نایەوێ پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتەکانی هەرێمدا بشێوێ (بۆ ئەوەی بتوانێ پارسەنگەکە ڕابگرێ)، بۆیە بە نهێنی پێوەندی بە کوردی ئێران و سوریا و تورکیاوە دەکات.

لەبەر ئەوە ولاتە یەکگرتووەکان بە کەمی و بە نهێنی پێوەندیی بە کوردی ئێرانەوە دەکات لەبەرئەوەی ڕەنگە لەوێ کورد هیچ هەڕەشەیەک لە هەرێمەکە نەکەن و کاریگەرییەکی کەمیشیان لە تێکدانی باری ناوخۆی ئێراندا هەبێ. لە دوای کوشتنی سەرکردە کوردە ئێرانییەکان لە ١٩٨٩ و ١٩٩٢ بزووتنەوەی کوردی

ئێـران بێ هێـز بوو و ئەو پەرت و بڵاوییـەی ئێسـتـەی بزووتنەوە کـوردییـەکـانیش هێشتا ئاوەکەی شێلوێتر کردووە[٦٦]. لە سەرتاسەری ئێران بەرهەڵستیی مەحموود ئەحمەدی نەژاد هەیە نەک هەر لە کوردستان[٦٧]. بۆیە ولاتە یەکگرتووەکان دەتوانێ هاوپـەیمانیی هـەر گـرووپێکی ئێـرانی بکات کـە خـۆی بیـەوێ بۆ ئـەوەی نەهێـڵێ مـەترسی، بـەرژەوەندییـەکـانی ئەو بگرێتـەوە. لەبەرئـەوەی قـەوارەی دانیـشـتـوانی کوردی سـوریاش کەمـە بۆیە دەبینین حکوومەتەکە کۆنترۆڵی تەواوی دۆخی کوردی کـردووە و لـەبەر دەسـتی عـەرەبی هێـشـتـوونـەتەوە. لەبەر ئـەوەش کـە ئاسـتی پێوەندییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ سوریادا زۆر نزمـە، هیچ کاریگەرییـەکی لە کاروباری ناوەخۆی ئەو ولاتەدا نییە[٦٨]. سەبارەت بە کوردی سوریا و ئێرانیش، سیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکان بەرانبەری کورد لەبەر کاریگەریی ئەو سیاسـەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکانە کە دەیەوێ پارسەنگی دەسەلات ڕابگرێ و بایەخ بە پێوەندییە دیارکراوەکانی ولاتە یەکگرتووەکان بە ڕژیمە هەرێمـییەکانەوە بدات. سـەبارەت بـە کێشـەکە لە تورکیـا، پێ دەچێ هەڵسـوکەوتی ولاتە یەکگرتووەکان لەگـەڵ کـوردی ئەوێ ئـاخندرابێتـە ناو پێوەندییـەکانی لەگـەڵ تورکیـا و بـە پێی سـیاسـەتی فـەرمـیی ولاتە یەکگرتووەکـان لە بەرانبـەر تورکـیـا و بە گـوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا هەڵبسووڕێ.

٢-١-٣ ڕۆڵی تورکیا و فرەنسا

هەرچەنده تورکیا لەبەر پاڵپەستۆی سوپا سیاسـەتگـەلی بەتـورککردن Turkification پەیڕەو دەکات[٦٩]، بەڵام ئەمە ڕێی لەو ولاتە نەگرت لە دوای شەڕی دووەمی کەنداودا (٢ی فبرایری ١٩٩٠ ٢٨ی فبرایری ١٩٩١)[٧٠] یارمەتیی کورد بدات. هەرچەندە تورکیا لە سـەردەمی ئەردۆغان دانی بـە بوونی گرفتی کوردیدا ناوە، بەڵام ئەو کۆششانەی دەوڵەت بە مەبەستی سەپاندنی ناسنامەیەکی هاوبەش بە سەر هەموو هاولاتییەکانیدا، بە بیانووی هاولاتیبوونی تورکی و ئیسلامییەوە، تا ئێستە ڕێگەی نەداوە و پێوەندییـەکانی نێوان کورد و تورکی هەر بە دەڵەمەیی هێـشـتـووەتەوە[٧١]. بە پێی سی ئای ئەی، سـیـاسـەتەکـانی تورک نەیاتوانیـوە کۆمەڵێکی فرە ئیتنی لیبراڵی دروست بکەن لەبەرئەوەی تورک لە بەرانبەر بە جودا ناسینی نەریتی و سیاسیی کورددا کەمتر لە پێویست نەرمی دەنوێنن. بەڵام

هێشتا ئومێدی ئەوە هەیە تورکیا بتوانێ لەبەر پاڵەپەستۆی ڕۆئاوا و لە ڕێگەی چاکسازییەکی سیاسییەوە، کورد بە ئۆتۆنۆمییەکی فەرمی قایل بکات[٧٢].

لەبەرئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستییەکی زۆری بە تورکیا هەیە بۆ ئەوەی هاریکارییەکی گشتی لە ئاسایشی کەنداودا بکات[٧٣] و کێشەی پ.ک.ک.یش نەبڕاوەتەوە، بۆیە پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد زۆر ئاڵۆزتر بووە[٧٤]. لەبەرئەوە دەبێ پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کورددا لەم گۆشەنیگای بەرژەوەندیی هێزە هەرێمی و ناونەتەوەییەکانەوە سەیر بکرێ، سەبارەت بەوەی هەر هێزێکی هەرێمی هەڵدەستێتەوە دێ و گرووپێکی کوردی لە دژی یەکێکی تر بەکار دێنێ، خۆ وڵاتە یەکگرتووەکانیش هەمیشە هەر وای کردووە.

دامەزراندنی ناوچەی ئارام کە تورکیا یارمەتیی دا، بە پێی سیاسەتی تورکت ئۆزال بوو. سەرۆکی تورکیا بۆ یەکەمین جار تورکیای لە گۆشەگیری دەرهێنا و بەشداریی لە کاروباری ناونەتەوەییدا پێ کرد و سیستمی سیاسی و ئابووریی وڵاتی پێش خست، بەڵام هێشتا بە کەمی کاری لە دانیشتووانە کوردەکەی خۆیدا کرد. دانپێدانان بە هەقیقەتی کورد لە ١٩٨٩دا، دوو دەمی هەبوو[٧٥]. لەلایەکیدا پێویست بوو بۆ ئەوەی دڵی کورد بداتەوە لەبەرئەوەی ئەو دەستوورەی لەشکر لە ١٩٨٠کاندا نووسییەوە، هێندە توند بوو وای کرد لە ١٩٨٤ پ.ک.ک. بە ڕادیکاڵی دروست ببێ. لایەنەکەی تری ئەوە بوو هەر گرژییەک خاو بکاتەوە کە لە ئەنجامی خواستنی مافە نەریتی و ئیتنییەکانی کورد ڕەنگ بوو لە وڵاتدا ببێ و هەڕەشە لە یەکەتیی خاک و کۆمەڵی تورکیا بکات.

کە تورکیا لە سەرەتای ١٩٩٠ەکاندا یارمەتیی کورد دا و ڕێی بە باڵەفڕکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دا لە بنکەی ئاسمانیی ئینچەرلیکەوە پەلاماری سەدام بدەن (١٨ی یەنایری ١٩٩١) و نزیکیی هێڵی نەوتی کەرکوک یومورتالیک (٨ی ئابی ١٩٩٠) و ئەو گەمارۆیەی تورک لە سەر بازرگانیی لەگەڵ عێراقدا دانا هەمووی بۆ ئەوە بوو نەهێڵن خواستەکانی کوردی عێراق کار لە کێشەی کوردی تورکیا بکەن[٧٦]. بە هەمان شێوە لە بەرانبەری ئەو دانوستاندنەی ئۆزال لەبارەی عێراق و عەبوڵڵا ئۆجەلانەوە لەگەڵ سەرکردەکانی کوردی عێراقدا کردی و ئەو قسانەی لەبارەی وەڵامدانەوەی خواستەکانی کوردەوە دەکرا ئەگەر هات و بناخەی عیلمانییەت و یەکەتیی خاکی دەوڵەتی تورکی دەستیان لێ نەدرێ زیاتر باری

کتوپڕی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا چڕتر کردەوە. باری نائاسایی لە دوای کودەتا سەربازییەکەی ١٩٨٠ جاڕ درابوو (لە دوای ئینقلابەکانی ١٩٦١ و ١٩٧٠یەکان ئەمەیان سێیەمین بوو). ئەم بارە کتوپڕە بۆیە چڕتر کرا، دەوڵەت ترسی لەباریەکتری چوونی خاکی وڵاتەکەی هەبوو (بە تایبەتیش کە کورد ئومێدیان بوو کێشەی ئەوانیش وەک کێشەکەی کوردی عێراق بەرەو پێشەوە بچێ)[٧٧].

ئەو سیاسەتەی ئوزال لە بەرانبەری کورددا پەیڕەوی کرد، هانی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی دا داوا لە حکومەتی تورکیا بکات کێشەی کوردی تورکیا بە ڕێگەچارەی سیاسی چارەسەر بکا[٧٨]. دەڵێن ئۆزال بە تەمای ئەوەش بوو، ئەگەر گۆڕانکارییەکی گەورە لە هەرێمەکەدا بقەومێ، بچێ، بە بیانووی پاراستنی سنوورەکانی، لەشکری تورک بنێرێ و سەرچاوەکانی نەوت داگیر بکات. ئۆزال دەشیویست ڕۆڵی وڵاتەکەی لە هەرێمەکەدا کاریگەرتر بکات. بۆیە یەکسەر لە دوای شەڕی دووەمی کەنداوەوە، تورکیا خۆی هاوێشتە نێو سیاسەتی هەرێمییەوە و دەستی بە ناوبژیوانی کرد تا چارەسەرێک بۆ کێشەی پەنابەرانی کوردی عێراق بدۆزێتەوە. ئەو ناوبژیوانییەشی لەوەوە بوو کە گرینگییەتی جیۆستراتیجیی وڵاتەکەی پڕ هێزە (کەوتووەتە سەر ڕێی نێوانی ئاسیا و قۆقاز و ئەوروپا) و ئەمە بۆ سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان زۆر گرینگ بوو، لەبەرئەوەی سیستەمی تاکە جەوسەریی دوای شەڕی سارد تازە داهات بوو[٧٩].

لە ١٩٩٠ بە دواوە، دەرکەوت تورکیا هاوپەیمانی نەگۆڕی وڵاتە یەکگرتووەکانە ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو قسانە بوو کە شارەزایان دەیانکرد و بە گۆتەی ئەوان پێوەندییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و تورکیا مەییبوون لەبەرئەوەی بایەخی تورکیا بۆ بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە هەرێمەکەدا لە هەڵکێش و داکێشدا بوو. کاریگەریی شەڕی سێیەمی کەنداو (ئاداری ٢٠٠٣) لە پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان تورکیادا هەرچییەک بووبێ، وڵاتە یەکگرتووەکان هەر بایەخی بە گرینگیی تورکیا دەدا لەبەرئەوەی تورکیا ڕۆڵێکی گرینگی لە سیاسەتی ناتۆدا هەیە[٨٠]. گرینگیی تورکیا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان لە هەرێمەکەدا[٨١] لەوەوە دیارە کە ئەمیان تورکیا بە نموونەی ئاشتی و گەشەکردن و هێزی سەدەی بیست و یەکەمین دەناسێ ... و پێویستە وڵاتە یەکگرتووەکان

یارمـــەتیی بدات بۆ ئەوەی وڵاتانی هەرێمـــەکـــە شـــوێنی هەڵگرن و وا بکەن هەرێمەکەیان سەقامگیر بێ[82].

ئەو هەڕەشانەی لە دوای سەردەمی شەڕی ساردیشەوە پەیا بوون، پێویستیی وڵاتە یەکگرتووەکـانیـان پتـر کـردووە بۆ ئەوەی هاوپەیمانی وەک تورکیـای لە هەرێمەکەدا هەبێت لەبەرئەوەی دەوڵەتێکی گرینگی نەرمڕۆی لایەنگری ڕۆئاوایە ... بەربەستێکە ناهێڵێ ڕووسیا دەستدرێژی بۆ سەر ناوچەکە بکات ... دەروازەی هێنانی وزەی ناوچەی دەریاچەی قـەزوینە ...و... لە بەرانبەری هەڕەشـەکـانی ڕووسـیـا و ئێرانیـشـدا ڕاوەسـتـاوە[83]. بۆیە نیکۆڵەس بێرنزی بریکاری وەزیری دەرەوە بۆ کـاروباری سـیـاسـی تێبینیی داوە کە وڵاتە یەکگرتووەکـان لایەنگریی ئۆتۆنۆمـیی کوردی ناو تورکـیا ناکـات لەبەرئەوەی ناشێ لەگـەڵ کوردی عێـراقدا بەراورد بکرێن، ئاخر ئەمانە لە بارودۆخێکی ئەوپەڕی نائاساییدا بوون[84].

بەم پێیە وڵاتە یەکگرتووەکـان یارمـەتیی ئـابووری و سـەربازیی تورکـیای دا[85]، پشـتـیـوانیـشی لێ کـرد بۆ ئەوەی لە یەکـەتیی ئەورووپادا وەربگیـرێ و گلۆپی سـەوزیشی بۆ سوپای تورک هەڵکرد تا هەر لە ئۆکتۆبەری ١٩٩١ەوە تا ١٩٩٢ و تا ئێستەش، پەلاماری شۆڕشوانە کوردەکانی تورکیا لە باکوری عێراقدا بدات (لە بەڵگەکـانی دەوڵەتدا ئاشکرا بووە) بۆ ئەوەی پ.ک.ک. لە ناو ببـات (ئەم کـردەوە سـەربازییانە سـاڵانە بایی ١٠ بلیۆن دۆلار زیان بە دەوڵەتی تورک دەگەیەنێ)[86]. لە دوای سـەدامیش، هەرچەندە وڵاتە یەکگرتووەکـان لە ترسی ئەوەی نەکا پشـێـوی هەرێمەکە بگرێتەوە، ئاگەداریی تورکیای کرد نەبادا لەشکر ڕەوانی باکوری عێراق بکات و پەلاماری پ.ک.ک. بدات بەڵام[87] پاش ئەوەی پەرلەمـان پلانەکەی سەلماند، بۆ یەکەم جار تورکیا لە ٢ی دیسێمبەری ٢٠٠٧ هێرشی برد. ئەمەش ئەمە دیار دەخات کە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان دان بە گرینگیی دەوڵەتی تورک لە پیادەکردنی سیاسەتەکانی هەرێمیی وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەنێ[88].

هەرچەندە فرەنسا بە تەواوەتی هاریکاریی چەسپاندنی باری سیاسیی کوردی عێراقی نەکرد، بەڵام هێشتا هەر پڕ بایەخ بوو. دۆستایەتیکردن و پشتیوانیکردنی فرەنسییەکان لە دۆزی کورد بابەتێکی دیرۆکییە و هی سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانە. پێوەندییەکانی نێوان پارتی سۆشیالیستی فرەنسی بە سەرۆکایەتیی فـرانسـوا میـتـران لە ١٩٦٧–٦٨ لەگـەڵ کـورددا بناخـەی لێ درا، لەو کـاتی مـەلا

مـستـەفـا بارزانی چەندین شـانـدی کـوردیی ڕەوانی فـرەنسـا کـرد بۆ ئەوەی یارمەتییان لێ بخوازێ[٨٩]، بەڵام لەگەڵ داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە (٢ی ئابی ١٩٩٠) ئینجا سیاسەتی ئابووری میتران گۆڕا و بۆ لای ڕۆژئاوا چوو و فرەنسای لە هاریکاریکردنی سەدامی عێراق وەلا نا. ئەو پشتیوانییەی فرەنسا لەو سـزا ئابوورییـانـەی کـرد کـە وڵاتە یەکگرتووەکـان بە پێی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بە سەر عێراقیدا سەپاند و ئەو هەوڵە توندانەش کە خێزانی میتران وەک نێوبژیوان بۆ پشتیوانی لە کێشەی کورد دای، هێمای پێوەندیی دۆستانەی کورد و فرەنسییەکان[٩٠] بوو. سەرباری ئەمەش، لە ١٣ی یەنایری ١٩٩٣، فرەنسا هاوشـان لەگـەڵ وڵاتە یەکگرتووەکـان و بەریتـانیـادا، پەلامـاری دەسـتگە سەربازییەکانی عێراقیان لە ناوچەی دژە فڕین دا[٩١].

فـرەنسـا ڕۆڵێکی سـەرەکیـشی لە پیادەکـردنی بڕیاری ٦٨٨ و دروسـتکردنی ناوچەی ئارامدا گێڕا[٩٢]. باشترین ڕۆڵ لە پشتیوانیکردنی کورد دانیال مێتران خۆی گێڕای، کە دەڵێن هۆیەکەشی پێوەندیی بە خۆیەوە هەبووە[٩٣]. مادام مێتران ئامادەی یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی کوردی لە عێراق (٤ی ئۆکتربەری ١٩٩٢) بوو و گوتەی ئەوەش هەبوو کە مادام مێتران دەیزانی کێشەی مافەکانی مرۆڤ چەند هەستدارە لەبەرئەوەی خۆی کچی بنەماڵەیەکی جوولەکەیە بۆیە دەیزانی سیاسەتی نازییەکان چۆن بووە و سیاسەتی سەدامیش لە بەرانبەری کورد چی لەو سیاسەتە توندە کـەمـتـر نەبوو کـە نازییـەکـان لە دژی جـوولەکـانـدا کـردیان. ڕەنگە دەستپێشخەرییەکەی لە باوەڕی تایبەتی خۆیەوە بووبێ کە ویستبێتی لەو گەلە نزیک بێ کە بەدوای ئازادیدا عەوداڵە[٩٤]. ڕەنگە ئەو کوردانەی لێی نێزیک بوون کاریان تێ کردبێ[٩٥]. ئەو کۆششانەی مادام مێتران لە پێناوی پرسی کورد[٩٦] بە پشتیوانی ئنستیتۆی کوردی لە پاریس و ئەو سەردانانەی لە ١٩٨٩ و ١٩٩٢ بۆ کوردستـانی کرد، لە بەر چاوی کوردیان گەورە کـردەوە و ناویان لێ نـا دایکی کوردستان[٩٧].

لە کـاتێکدا کـە شـەڕی دووەمی کـەنداو کـاریگـەریی زۆری بۆ کـورد هەبوو، بەڵام سیاسەتە پارێزگارەکانی ڕژیمەکانی سوریا و ئێران لە بەرانبەری کورددا و نزمیی ئاستی پێوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا نەیهێشت هیچ پێوەندییەک لە نێوانی وڵاتە یەکگرتووەکـان و کوردی ئەوێدا پەیا ببێ. تەنیا لە دوای سـەدامـەوە

ولاتە یەکگرتووەکـان ناوەناوە پێـوەندیی بـە کوردی ئێـران و سـوریاوە کـردووە[98].
هاوکردەی interaction فـەرمیی ولاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کوردی عێراقدا، لە پاش ڕووخانی سـەدام (ئاداری ٢٠٠٣)، نەمامی سیاسەتێکی کوردیی دیاری ولاتە یەکگرتـووەکــانـی چاند و ئەمـــەش چوارەمـین قـــۆناغی پێـــوەندیی نێـــوان ولاتە یەکگرتووەکان و کوردی بەرجەستە کرد.

ڕۆڵی فــرەنســا و تـورکـیـا، لە دوای شـــەڕی دووەمی کـەنداو، ڕێی گـەلەک بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ولاتە یەکگرتـووەکان و کوردی عێراق خـۆش کرد. لێرەدا پێویسـتە سـەرباری ئەو پێشوەچوونانـەی کێشـەی کوردی عێـراق، باسی پەیابوونی پ.ک.ک.ش لە ١٩٨٤دا، بکەین کە وەک بزووتنەوەیەکی خودان سـتراتیـجییـەتێکی سەربازی سـەری هەڵدا. ڕێباز و چالاکییەکانی پ.ک.ک.[99]، با هەر ڕادیکاڵی بن، خۆ وایان لێ کرد بتوانێ گرفتی کوردی لە ناو ئەجێندای تورکیدا جێگیر بکا[100] و لە ناوەڕاستی ١٩٨٠کانەوە تا ئێستەش کاری زانستییانە لەبارەی پرسی کوردی تورکیاوە بکرێ. بەشیدا دێ شرۆڤەی ڕۆڵی پارتی کارێکارانی کوردستـان دەکا کە چۆن وەک پێکهاتەی یاریزانێکی هەرێمی ڕۆڵێکی دیاری لە سیاسـەتی هەرێمی و ناونەتەوەیی و کوردی و پێوەندییە ناوەخـۆییەکانی کورد خـۆشیدا هەبووە و یەک لەو هۆیـانەش بێنێـتـە پێـشـەوە کـە ئاخـۆ بۆچی بایەخ بە دەس تێـوەردانی ولاتە یەکگرتووەکان و دەس تێوەردانی هەرێمیش لە کێشـەی کوردی و هاوکردەی ولاتە یەکگرتووەکان و کورددا دراوە.

### ٢ –١– ٤ کێشەی کوردی تورکیا

بۆچوونە لیبراڵەکانی ئوزاڵ کە پێویستە ئێمە لەگەڵ (کورد) دۆست بین ... ئەگەر دوژمنداری یەکتری بکەین، خەڵکی تر هەیە لە دژی ئێمـەدا بەکـاریان دێنێ[101] و لادانی بەربەست لە ڕێی بەکارهێنانی زمانی کوردی (١٩٩١) و ڕێبـازی سـەبارەت بە چۆنیەتیی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ پ.ک.ک. هانی ئۆجەلانی دا بۆ ئەوەی بارەکە بەلای ئارامکردنـەوەدا ببـــات. ئەوەبوو جـــەلال تالەبانیی هـانی دا بۆ ئەوەی ئاگربەستی یەکلایەنە ڕابگەیەنێ و ئەویش لە ٢٠ی ئاداری ٢٠٠٣دا ئاگربەسـتـە تاکلایەنەکـەی خـۆی جـاڕ دا و ڕاشی گـەیاند کە پ.ک.ک. نایەوێ لەم قـۆناغـەدا یەکسەر جودا ببێتەوە[102]. هەرچەندە ئۆجەلان لە ١٦ی ئابی ١٩٩٣ بۆ ماوەیەکی

بێ سنوور ئاگربەستەکەی درێژ کردەوە، بەڵام تورک هەر لێیان دەخواست کورد خۆیان بەدەستەوە بدەن و هیچ چارەیەکی سیاسییان بۆ کێشەی کوردی ناوخۆ پێڕۆ نەکرد[١٠٣]. لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٢وەوە تا ئێستە حکوومەت خۆی تووشی شەڕێکی بێ کۆتایی لەگەڵ پ.ک.ک.دا کردووە[١٠٤]. دەڵێن سەدام لە کاتێکدا کە چەکی بۆ پ.ک.ک. دەنارد لە هەمان کاتیشدا هانی تورکانی دا تا لە ١٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢ پەلاماری بنکەکانی پ.ک.ک. بدەن و پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش کە دوو پارتی سەرەکیی کوردی عێراقن، لای هێرشبەرەکان بوون لەبەرئەوەی ترسیان هەبوو ئۆجەلان کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستانی عێراق بکات[١٠٥]. تورکیا پاڵەپەستۆی لە پارتی دێمۆکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرد نەوەکا پ.ک.ک. بحەوێننەوە و جێ نەدەن خۆی لێ حەشار بدا بۆیە بە قسەی جەنراڵ دۆغان گیۆرس پێشمەرگەکانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ویستیان توندی لە دژی پ.ک.ک.دا پەیڕەو بکەن[١٠٦]. ڕەنگە تەنیا مردنی ئۆزال لە نیسانی ١٩٩٣دا گرژیی لە نێوانی تورک و کورددا پتر کردبێ، لەبەرئەوەی پارتە سیاسییەکانی تورکیا لە ئاداری ١٩٩٣، لای ئازادییە نەرێتی و سیاسییەکانیان گرت[١٠٧].

جگە لەو قسانەی ئۆزال کردی و گوتی کەوا پ.ک.ک. بۆ چارەسەر ئامادەن و دەیانەوێ دانوستاندن لەگەڵ ئەو هێز و پارتانەدا بکەن کە گەرەکیانە ... ئێمەش ئامادەین[١٠٨]، بەڵام تورکیا لە ئاداری ١٩٩٥ و لە ١٩٩٧ و ٢٠٠٤دا پەلاماری دان و تا ئێستەش بەردەوام پەلاماریان دەدات و پەیڕەوی هەمان ستراتیجییەتی لەناوبردنی پ.ک.ک. دەکات و لە دوای هەڕەشەی ئیسلامییەکان، بە دووەم گەورەترین هەڕەشەی لە دژی پێکهاتەی کۆمۆسیاسیی وڵاتیان دەزانێ[١٠٩]. ئۆجەلان لای وابوو لەبەرئەوەی دەوڵەتی تورک نکووڵی لە بوونی پرسی کورد دەکا و بۆ ئەوەش ڕەوایییەک بەم ئینکارکردنە بدات چوو هەموو ڕاستییە مێژووییەکانی نکووڵی کرد و[١١٠] هەرچی ئاگربەستێک و بانگەوازێکی کە پ.ک.ک. بۆ دانوستاندن ڕای دەگەیاند هەموویانی پشتگوێ خست. لە ١٩٩٤ و ١٩٩٥دا، سەرکردەی پ.ک.ک. ئامادە بوو دانیشێ و کێشەکان لەگەڵ حکوومەتی تورکدا تاووتوێ بکات ئەگەر دانوستاندنەکان لە چوارچێوەیەکی دیموکراتیدا بەڕێوە بچن

و بتوانن خواستە ڕەوایەکانی گەلەکەمان دەربڕن. ئێمە هیچ کاتێک لە دژی پێشنیازەکانی چارەسەر نەبووین. ئامادەشین هەر بەدیلێکیش قەبووڵ بکەین با فیدراڵیش بێ. تەنانەت گوتی ئەگەر بنەوایەک بۆ چارەسەرێکی سیاسی و چالاکیی سیاسیی ئازاد هاتە ڕێکخستن، هەینێش ئێمە پرۆسەی بە کۆتاهێنانی تەواوی ململانێی چەکداری دەست پێ دەکەین[١١١].

دووەمین ئاگربەستی یەکلایەنەی پ.ک.ک. لە ١٥ی دیسێمبەری ، ١٩٩٥، لە بەشی دادێت پوختە کراوە. ئەم ئاگربەستە گرینگییەکی زۆری هەبوو لەبەرئەوەی باسی ئەوەی کردووە کەوا بزووتنەوەکە بە دوای چارەسەرێکی سیاسیی کێشەی کورد دەگەڕێ و پ.ک.ک.، پێش کۆنگرەی حەوتەمی، سیاسەتی خۆی گۆڕی و لە ڕێبازێکی چەکدارییەوە بەرەو خەباتی سیاسیی برد[١١٢]. بە گوێرەی ئۆجەلان، پ.ک.ک. لە نێو دەقی ململانێیەکەدا، بە تەنیا بە شوێن چارەسەرێکی ڕەق و ڕووتدا نەدەگەڕا. «ئێمە ئەم شەڕەمان هەڵنەبژاردووە. دەوڵەتی تورک ناچاری کردین بەرگری لە بوونی نەتەوەییمان بکەین. وای دەزانی بەو شەڕە پیسەی لە دژی گەلەکەمانی دەکرد دەتوانێ چارەیەکی سەربازی لە ڕێگەی تیرۆری دەوڵەتەوە بسەپێنێ»[١١٣]. مردنی ئوزال لە نیسانی ١٩٩٣ و شەڕی تورک لەگەڵ پ.ک.ک.دا و دوودڵیی کاربەدەستانی تورک لەوەی کە کێشەی کورد سیاسییانە خاو بکاتەوە وایان کرد کە تا ئێستەش کێشەی کورد لە تورکیا نەیەتە چارەسەرکرن. مکوڕیی ئەنقەرە لە سەر تاکناسنامەی تورکی بۆ ئەوەی هاوڵاتی مافەکانی هەبێ و ئەو ترسەی کە لە ئەگەری ئۆتۆنۆمیی کوردی هەیەتی و مەزەندەی لێ دەکا ڕەنگە کار لە یەکەتیی خاکی تورکیادا بکات، وایان کرد دەوڵەت گومانی لە هەر پێشوەچوونێکی کوردی بکات و بە جودابوونەوەی بناسێ.

هەرچەندە ئوزال سیاسەتێکی لیبرالیی پەیڕەو کرد، بەڵام پێکهاتەی سوپای تورک کە دەوڵەتی لە سەر ڕاوەستاوە، نایەوێ نە لەگەڵ پارتە کوردییەکاندا دانیشێ و نە بشهێڵێ چاکسازیی گەورە بکرێ. لە ڕاستیدا هەر لە سەرەتای ١٩٩٠ەکانەوە تا ئێستە چەندین پارتی سیاسیی کوردی داخراون. پارتی کرێکارانی گەل (هەڵکن ئەمەک پارتیسی) کە لە ١٩٨٩دا پێک هات لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩١دا بردیەوە، کەچی دادگەی ئەمنی دەوڵەت لە ١٥ی تەمووزی ١٩٩٣ بە گرووپێکی جوداخوازی دانا و یاساغی کرد و ئەندامەکانیشی تاوانی

دژی دەوڵەتیان بەسەردا سەپا (گوتاری ١٢٥)[١١٤]. لە دوای ئەو پارتی دیموکراسی (دەپ، ٥/١٩٩٣-١٦/٦/١٩٩٤) کە ئەندامانی هەپ پێکیان هێنا، پشتیوانیی مافە سیاسی و نەریتییەکانی کوردی دەکرد، بەڵام چونکە ئەندامانی پارتی دیموکراتی گەل (هادەپ)، کە لە ١٩٩٤دا شوێنی (دەپ)ی گرتەوە، سوێندی پارلەمانییان بە کوردی خوارد، هادەپیش تووشی هەمان چارەنووسی لق و پۆپەکانی پ.ک.ک. هات[١١٥]. لە کۆتاییشدا، پارتێکی تری کوردی کە پارتی گەلی دیموکراتی (دەهاپ، ٢٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٧) بوو لەگەڵ پارتی کۆمەڵی دیموکراتی (د.ت.پ.، ١٧ی ئابی ٢٠٠٥) کە لەیلا زانا دایمەزراند، لێکیان دا و پاشان لە ١١ی دیسێمبەری ٢٠٠٩ دادگەی دەستووری وڵات بە تۆمەتی پێوەندی لەگەڵ پ.ک.ک.دا قەدەغەی کرد و پارتی ئاشتی و دیموکراسی (ب.د.پ.) شوێنی گرتەوە[١١٦].

ئەو هۆیانەی تریش کە کێشەی کوردیان هەندە لێک کێشاوە ئەوانەن کە تورکیا تەنیا بایەخی بە پ.ک.ک. داوە و سەرجەم لایەنە کوردییەکانی تری بەلا ناوە و دەوڵەت دەیەوێ ناسنامەی تورکی بە سەر هەموو هاوڵاتیانی تورکیادا بسەپێنی گوێ بە جیاوازی ئیتنیی ئەو وڵاتە نادات و هاوپشکیی ستراتیجیی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان تورکیا ڕێک نییە و سیاسەتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەو هەرێمەدا پ.ک.ک. بۆ پاڵەپەستۆی سەر تورکیا[١١٧] بەکار دێنێ یانیش گرووپێکی کوردی لە دژی ئەوانی تر بەکار دێنێ. لە سەردەمی حوکمڕانیی تانسۆ چیلەر (١٩٩٣-١٩٩٥)دا پێوەندییەکانی کورد تورکیا، لە ئەنجامی ئەو شەڕە ناوەخۆیییەی دەوڵەت لە دژی شۆڕشوانانی پ.ک.ک.دا دەیکرد، هێشتا خراپتر بوو. کە چیلەر دەسەڵاتی تەواوی بە لەشکر دا بۆ ئەوەی بە دڵی خۆی کێشەی پ.ک.ک. چارەسەر بکات، درزی نێوان تورکیا و کورد فرەوانتر بوو. ڕووداوەکەی سوسورلوک زەقترین بەڵگەی گەندەڵیی سوپا بوو، ڕوونی کردەوە دەوڵەت تا چ قووڵاییەک دەستی لە سیاسەتدا هەیە و ئەو ڕاستییەشی چەسپاند کە ناکرێ کێشەی سیاسی لە ڕێی سەربازییەوە چارە سەربکرێ[١١٨]. سیاسەتەکانی پ.ک.ک.ش تووشی هەر هەمان مشتومڕ هاتنەوە. لەبەرئەوەی تورکیا هەمیشە کێشەی کوردی بە کێشەی پ.ک.ک. لێک دەداتەوە و مکوڕیشە لە سەر ئەوەی کە شەڕی لە دژیدا بکرێ، بۆیە ڕێی لە کاربەدەستانی تورک گرتووە و نایانهێڵێ لە ڕێگە سیاسی و دیپلۆماسییەکاندا مشتومڕ modus vivendiی خۆیان بکەن.

٢- ١- ٥ ڕۆڵی پ.ک.ک.

هەرچەندە پ.ک.ک. کێشەی کوردی تورکیای ژیاندەوە و ئاواتەکانی بەدەستهێنانی مافە سیاسی و نەریتییەکانی بووژاندەوە، بەڵام لە لایەکی تریەوە لە ١٩٨٤ بە دواوە بە هۆی ستراتیجییەتە سەربازییەکەیەوە کاریگەرییەکی بکوژی لە سیاسەتی تورکیا لە بەرانبەری کورددا کرد. ئاخر لە هەینێوە تورکیا کێشەی پ.ک.ک.ی «لە پێناوی پشتگوێخستنی کێشەی کورد و بەربەستکردنی ئەو پێشکەوتنانەدا وەگەڕ خستووە کە لە باکوری عێراقدا وەدی دێن و پ.ک.ک.یش لەوێ خۆی حەواندووەتەوە. هەر لە هەمان بابەتەدا، باسی ئەوەش دەکرێ کە میتی تورکی دەستی لە دامەزراندنی پ.ک.ک.دا هەبووە و پێوەندیشی بە ئەندامەکانیەوە هەیە و دەشڵێن پ.ک.ک. پێوەندیی لەگەڵ قووڵاییی دەوڵەت»[١١٩]دا هەیە و ئەمەش هێشتا ئەو کەسانە زماندرێژتر دەکات کە دەڵێن پ.ک.ک. ڕێگە لە بەرێوەچوونی ڕووداوەکانی تورکیا دەگرێ[١٢٠].

پ.ک.ک. لە سەر بنەوای هەموو کوردستان دامەزرا، بەڵام لە ١٩٩٣ وە نەیتوانی باوەڕ بە کاربەدەستانی تورک بێنێ کە نیازی خراپی نەماوە. بەرانبەری ئەم هەموو ئاگربەستە یەک لە دوای یەکانەی لە ١٩٩٠وە پ.ک.ک. ڕایانی دەگەیاند و ئەو بانگەوازەی کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە بیقاعی لبنانییەوە بڵاوی کردەوە گوتی کە پ.ک.ک. ئامادەبوو بۆ ئەوەی پەیرەوی ڕێبازی سیاسی بکات ... لەگەڵ لە تورکیا جودابوونەوە نییە لەبەرئەوەی کارێکی ڕیالیستی نییە، ئەنقەرە بە نیازەوە بێ یان نا، هەمووی بە تاکتیک وەرگرتووە[١٢١]. هەروەها پێ دەچێ کە والی هاشمی گوتبێتی کەوا گەل و پارتە کوردییەکان گەرەکیانە لەگەڵ برا تورکەکانیاندا پێکرا بژین و بە دوای دەوڵەتێکی سەربەخۆدا ناچن ئەگەر مافە بنچینەییەکانیان بۆ فەراهەم ببێ[١٢٢]. لە ١٩٩٤، ئۆجەلان موکوڕ بوو لە سەر ئەوەی بڵێ کە خەباتی چەکداری بژارەی پ.ک.ک. نەبووە بگرە تاکە ڕێگەیەک بووە بۆ ئەوەی لێی دەرچن و ئانقەرە بە تۆبزی بە سەریانیدا سەپاندووە بۆیە بزووتنەوەکە نایەوێ تەنیا لە ڕێی شەڕەوە چاسەرێک بکات، وەک ئەوەی کە ئانقەرە و کۆمەڵی ناونەتەوەیی بۆی چوون.

پەرلەمانی کوردی لە هەندەران لە ١٢ی نیسانی ١٩٩٥ بەو ئومێدە دامەزرا

بتــوانێ چارەی کـێــشـــەی کــورد لە هـەر چوار بەشی کــوردســتـــان بکات و بۆ چارەسـەرێکی سـیاسیی کێشەی کورد دەگەڕا[١٢٣]. کۆنگرەی نیشتمانیی کورد لە ١٩٩٩ دامـەزرا کـە دەربڕی بۆچوونی زۆرینەی کـوردی تورکـیـا نییــە و دیار بوو زۆرینە لای فێدرالیزمن[١٢٤].

بە بۆچوونی ئۆجـەلان بـەرژەوەندییــەکـانی تورک ڕێیـان لـە چالاکـیی نەرێتی و سـیاسـیی کورد و دانوسـتـاندنی سیاسی بۆ چارەی کێشـەی کورد گرتووە[١٢٥]. بە گوێرەی ئەو نـووسـینە زانسـتـیـیـە تازانە و بە پێی چوونی تورکیا بۆ ناو یەکەتیی ئەوروپا، تورکیا لە پاشی سـەردەمی نەتەوەپەرستیدا تەنیا یەک ڕێگەی لە پێشدایە بۆ ئەوەی گۆڕانکارییە لیبراڵییەکان جێبەجێ بکات بێ ئەوەی بناخە ناوەندییەکانی دەوڵەت لەبنـەوە هـەڵتـەکـێنێ[١٢٦] ئەویش بەوەی کـە پێکهـاتـەی عـیلمـانییــەتی وڵات بپـارێزێ و ئەمەش بـەوە کە سـوپا وەک هێزێکی سـەربەخـۆی سیاسـیی کـاریگەر لە سیستمی سیاسیدا بهێڵێتەوە[١٢٧].

ئەمـە هۆیەکی ترە وای کردووە کێشـەی کوردی تورکـیا هێندە درێژە بکێشـێ و تورک و کـورد لێک دوور بکاتەوە و واش پێ دەچێ کـێـشـەی کـورد هـەردوو لایەکـە بەرەو هـەڵدێر ببات. لە لایەکی تریشـەوە پێ دەچێ تورک ڕاڕا بن و هیچ خواستێکی کورد جێبـەجێ نەکەن وەک هـاولاتییـانی تورکـیـا هیچ ئیمـتـیـازێکیـان نەبێ. خـۆ کوردی تورکیـاش نایانەوێ ملکەچی ئەو پاڵەپەستۆیانە بن کە دەوڵەت لێیان دەکا و دەیـەوێ ناسـنامـــەی خـــۆیان بـە تورک دابـنێن و دەڵێن حکوومـــەت بە خـــراپی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکات و بە هـاولاتیی دووەمیان دەزانێ و ناوچەیەکەیانی لە باشـووری ڕۆژهـەلات فرە بە دواکەوتوویی بەجێ هێشـتووە بۆیە وڵاتە یەکگرتـووەکان لە کـاربەدەسـتـە تورکـە نەرمڕۆیەکـان- بە شـێـوەیـەکی سـەرەکی لایەنی سـەربازی- دەخوازێ چارەسـەرێکی سـیاسیی کێشەکە بکەن و ئەنقەرە بەولایەدا ببەن[١٢٨]. ئەو شـرۆڤـەکـردنەی لە پاشـدا دێت، ڕوونی دەکـاتەوە کـەوا گـرتنی عـەبدوڵڵا ئۆجـەلان (١٩٩٩) بە سـەرەتای تێوەگـلانی ڕاسـتـەوخـۆی وڵاتە یـەکگرتووەکان لـە کـێـشـەی کوردی تورکیا دەزانـدرێ و ئەمەش لە پاشتردا شرۆڤە کراوە.

٢- ٢ سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبەری کورددا

بە درێژاییی ساڵانی ١٩٩٠ەکان پێوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کوردی عێراق لە ئاستێکی دیاردا نەبوو. ئەگەر تورکیا و فەرەنسا نەبوونایە رەنگ بوو حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق دروست نەبێ، بۆیە ڕۆڵی ئەوان لە دوای شەڕی دووەمی کەنداو گرینگ بوو و پێوەندیی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردیان بەهێزتر کرد. جێی سەرسوڕمانە کە تورکیا لەلایەکەوە هاریکاریی بووژانەوەی کوردی عێراقی کرد، کەچی کوردی خۆی لە بن باری سیاسەتێکی توندا هەراسان کردبوو. لەبەرئەوەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بە پێوەندییەکی نزیک هەبوو لەگەڵ کوردی عێراقیدا، بۆیە وڵاتە یەکگرتووەکان سیاسەتێکی کوردیی گونجاوی لە چوارچێوەی عێراق بۆ سەدەی بیست و یەکەمین دارشت.

جگە لەو بنەوا دیارانەی کە لە دوای شەڕی دووەمی کەنداو، سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانیان بەرانبەری کورد دارشت، لێرەدا باسی لایەنی پێنجەمی پێوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کوردی عێراقدا دەکەم کە بووەتە پێوەندییەکی پڕ لە تێکەوڵێکەی هاوبەش و لە ئاستی پێوەندییەکی ئاشکراشی ڕەت داوە و لە ١١/٩ بە دواوە سیاسەتێکی ڕاشکاوی کوردیی وڵاتە یەکگرتووەکان ئیجاد بووە[١٢٩].

٢ -٢ -١ ڕکەبەریی ناوەخۆی کورد

گرینگترین ئەو ڕاستییانەی ماکیان بە بەڕێوەبەرایەتیی کلینتۆن (٢٠ی یەنایری ١٩٩٣-٢٠ یەنایری ٢٠٠١)ەوە ماوە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە کێشەی کوردەوە هەیە. شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان فاکتەری هەرە سەرەکی بوو کە وڵاتە یەکگرتووەکانی بە چڕی بۆ ناو کێشەی کوردی عێراق هێنا. لێک ترازانی کوردی عێراق سەرنجی وڵاتە یەکگرتووەکانی بۆ کێشەی کورد ڕاکێشا و ڕەگی دووبارە دارشتنەوەی ئەو سیاسەتانەی پێک هێنا کە وڵاتە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کوردی عێراق گرتیەبەر ڕشتنەوە، لەبەرئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بە پەرۆشەوە بوو نەهێڵێ تەنگژەیەکی تریش سەر هەڵبدا کە ڕەنگە کاردانەوەی نا پەسندی لە هەموو

هەرێمەکەدا ببێ[١٣٠]. تێوەگلانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە کێشەی کوردی عێراق لەناو ئەو ڕووداوانەدا بوو کە بۆ جاری چوارەم سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی گۆڕی. دەبێ ئەمانەی خوارەوەش زەقترین نموونەی ئەو ڕووداوە ڕادیکاڵانە بن: تەقینەوەی ئۆتۆمۆبیل لە تاوەری یەکەمی ناوەندی بازرگانیی جیهانی (٢٦ی شوباتی ١٩٩٣)[١٣١] و سەرنەکەوتنی ئەو هەوڵەی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ گۆڕینی ڕژێم لە عێراق (١٩٩٦) دای و ئەو بەربەستانەی سەدام لە پێش تیمی پشکنەرانی کۆمسیۆنی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق UNSCOM دانان و نەیهێشت بچن دامەزراوەکانی عێراق بپشکنن و ڕێکەوتنەکەی واشنتۆن ١٩٩٨یش نموونەی چاکن.

تا ئێستە لادانی سەدام و پێوەندیی ئاشکرای وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کوردی عێراقدا، کە یەکەم هاوپەیمانی نا دەوڵەتی بوون و گۆڕینەوەی سیاسەتی لە فاقنانی وڵاتە یەکگرتووەکان (بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دەستکرد هەرێمەکە سەقامگیر بکات) بە سیاسەتی دیموکراتیزەکردنی هەرێمەکە سەرەتای دەستێوەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی لە ڕۆهەڵاتی ناویندا قووچەک کرد. کە وڵاتە یەکگرتووەکان دڵنیا بوو لەوەی پارسەنگی هێزی هەرێم تەنیا لە ڕێی دیموکراتییەوە دەبێ، بۆ جاری پێنجەم، لە سەدەی بیست و یەکەمیندا، سیاسەتی دەرەوەی خۆی گۆڕی و لە بواری توندکردنی سیاسەتی تێوەگلانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆهەڵاتی ناویندا شوێن پێی کلینتۆن کەوت (لە بەشی دێدا شرۆڤە دەکرێ)[١٣٢]. لەم گۆشەنیگایەوەیە کورد بە بەردی بناخەی گۆڕینی ڕۆهەڵاتی ناوین دادەندرێ و لە چەرخی دوای هاوچەرخی postmodernism شدا کوردی عێراق نموونەی ئەم گۆڕانەدەبن.

چەند فاکتەرێک ڕکەبەرییان لە ناو کورددا پەیا کرد. لەبەرئەوەی کوردی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا پەیڕەوی ئایدیۆلۆجیای جودا دەکەن، بۆیە زۆر جاران ناکۆک دەبن و دەستێوەردانی هەرێمی و ناونەتەوەییش قوڕەکە هێشتا تیرتر بۆ کورد دەگرێتەوە. ئەوەتە لە ١٩٨٠یەکاندا، ڕژێمی سوریا بۆ ماوەیەکی درێژ عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرکردەی پ.ک.ک.ی لە تورکیا دەپاراست، کەچی کوردی خۆی دەچەوساندەوە. لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٨ تورکیا هەڕەشەی پەلاماردانی سوریای کرد ئەگەربێو چی تر عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرکردەی پ.ک.ک. لەوێ بحەوێنێتەوە.

پاش ماوەیەکی کورت ئۆجەلان لە ١٩٩٩ گیرا. سوریا ناچار ملکەچی هەڕەشەکانی تورکیا بوو لەبەرئەوەی تورکیا هاوپەیمانی ئیسرائیل بوو و لە ١٩٩٦ زنجیرەیەک ڕێکەوتنیان لە نێوان خۆیاندا مۆر کردبوو و کۆنترۆڵی ئاوی ڕووباری فوراتی دەکرد. ملکەچبوونەکەی سوریا لە ٢١ ئۆکتۆبەری ١٩٩٨، ڕێکەوتنێکی جیهانیی بەرهەم دا[١٣٣]، بە پێی ئەو ڕێکەوتنە سوریا چیتر پشتی پ.ک.ک. ناگرێ و بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دادەنێ و ناشهێڵێ ئەندامەکانی دەربازی نێو خاکی تورکیا ببن بۆ ئەوەی لە دژی تورکیا چالاکی بکەن[١٣٤]. لەگەڵ ئەوەشدا کە سوریا خۆی لە سەرێشەی پ.ک.ک. و تورک دوور خستەوە و بە قازانجی خۆی کۆتاییی پێ هێنا، بەڵام هێشتا گرفتی لەگەڵ کوردەکانی خۆیدا بۆ ماوە[١٣٥].

توندوتیژترین سەردەمی ڕکەبەریی ناوەخۆی کورد کە بە زۆری لە نێوان پ.ک.ک. و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پ.د.ک. دا بوو، لە ١٩٨٠یەکان و ١٩٩٠کاندا قەوما (ئەگەر ئەمەش لەگەڵ ڕۆڵی گرووپە کوردییەکانی تر بەراورد بکرێ، ئەوە بەدەردەخا کە ئەمانە لە ناوچەکانی خۆیاندا چەند کاریگەرییان هەبووە) و تێوەگلانی وڵاتە یەکگرتووەکانیش لە ١٩٩٠ەکان لە کێشەی کوردی خەریک بوو خاو دەبووەوە. لە دوای ئەو گەمارۆ ئابوورییانەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە سەر عێراقیدا سەپاند و کۆنگریس بڕیاری پاراستنی کوردی دا، پ.د.ک. و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ١٩٩٤ تا ١٩٩٨ شەڕی یەکتریان کرد بەڵام لە ١٩٩٨ ناوبژیوانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە نێوانیاندا گەیشتە ترۆپک و سەرکەوت[١٣٦]. تێوەگلانی وڵاتە یەکگرتووەکان فرەلایەنە بوو. ئەو هەوڵە «سەرنەکەوتووەی بۆ تەقاندنەوەی سەنتەری بازرگانی جیهان لە ٢٦ی شوباتی ١٩٩٣دا کرا، بۆچوونەکەی کلینتۆن کە دەیگوت لە دوای ڕژیمە دیکتاتۆرییەکاندا، تیرۆریزم ترسناکترین دوژمنی مافەکانی مرۆڤە»[١٣٧] گڕ و تینێکی پتری وەرگرت. ئەو قسەیە و ئەو زێدەڕۆیییەی سەدام هەیبوو هاودەم لەگەڵ ئەو هەوڵەی بۆ کوشتنی سەرۆک جۆرج هـ. و. بوش دای و خەملاندنەکەی سی ئای ئەی سەبارەت بەوەی سەدام خەریکە دووبارە پرۆگرامی چەکی کۆمەڵکوژ[١٣٨] بژیێنێتەوە، وای لە بەڕێوەبەرایەتی کرد سەدام لەگەڵ تیرۆریستاندا دابنێ. بە قسەی مادڵین ک. ئۆڵبرایت «هەر لە دوای شەڕی دووەمی کەنداوەوە وڵاتە یەکگرتووەکان مکوڕ بوو لەوەی نەهێڵێ عێراق چەکە کۆمەڵکوژەکانی خۆی پەرە پێ بدات نەشهێڵێ چیتر

هەڕەشە لە ئاسایشی هەرێمەکە بکات و کۆنگریسیش بە چڕی پشتیوانیی ئەم ڕێبازەی کرد»[139].

بە پشتیوانیی کۆنگرەی نیشتمانی عێراق و لە ١٩٩٦ و بە پارەی کۆنگریس و ئەو ڕاپۆرتە کاریگەرانەی سی ئای ئەی بوو کە کلینتۆن بڕیاری دا ڕێی سی ئای ئەی بدات سەدام دەرپەڕێنێ. لەبەرئەوەی ولاتە یەکگرتووەکان نەیتوانی سەدام بکاتە کەسێکی نەرمڕۆ، ناچار بوو ڕاستەوخۆ بێتە ناو گەمەکە و هەرێمەکە سەقامگیر بکاتەوە و دووبارە ڕێشمەکێشی بکاتەوە. لە پاش ئەوەی کە نە کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق و نە ویفاقی نیشتمانیی عێراق بە سەرکردایەتیی ئەیاد عەللاوی نەیانتوانی بە پێی پیلانەکەی کە سی ئای ئەی ڕێکی خستبوو سەدام بڕووخێنن، بارەکە هێشتا گرینگتر بوو، لەبەرئەوەی موخابەراتی سەدام بە پیلانەکەی زانی و پووچی کردەوە. ئەو هەموو پەلامارانەی ولاتە یەکگرتووەکان لە کاتی ئۆپەراسیۆنی حەسانەوەدا کردی سەدامی نەڕەواندەوە. تا بۆ جاری دووەم ولاتە یەکگرتووەکان لە ١٩٩٠ەکان و لە ئۆپەراسیۆنی گورزی بیاباندا سەدامی لە باکور وەدەر ناو و (سێپتێمبەری ١٩٩٦) ناوچەی دژە فڕینی باشووریشی لە هێڵی تەریبی ٣٢ەوەوە بۆ ٣٣ هەڵکشاند.

کە ولاتە یەکگرتووەکان نەیتوانی لە ڕێی پلانە نهێنییەکانیەوە سەدام برمێنێ، هەستا هاوپەیمانیی لەگەڵ کورد و گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیدا کرد[140]. لە ڕاستیدا لەبەرئەوەی نە کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق و نە ویفاقی نیشتمانیی عێراق هیچیان بۆ گۆڕینی ڕژیم پێ نەکرا و دوژمنداریش کەوتە نێوان پ.د.ک. و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، بۆیە ولاتە یەکگرتووەکان ناچار بوو ناوبژیوانی لە کێشەی کورددا بکات.

٢ -٢ -٢ فاکتەرەکانی ناو ڕێکەوتنەکەی واشنتۆن (١٩٩٨)

ترسی ئەمەریکا لە ئەدەبیاتە تیژەکەی سەدام و بلاوبوونەوەی چەکی کۆکوژ و تیرۆریزم هەڕەشەی نوێ نەبوون کە تووشی سەرۆک جۆرج هـ. و. بوش بوونەوە، لە ڕاستیدا گومانی ولاتە یەکگرتووەکان لە عیراقی سەدام و پێوەندیی بە تیرۆریزمەوە لە دوای شەڕی دووەمی کەنداو دەستی پێ کرد. بەڕێوەبەرایەتی لە ٢١ی حوزەیرانی ١٩٩٥ ڕێنوێنیی سەرۆکایەتیی ١ ژمارە PDD-39ی دەرچوواند و

بۆ جـاری یەکـەمین «ئەو ڕێنوێنیـانەی ڕێک خـست کـە چۆن لە ناو وڵاتە یەکگرتووەکاندا، بەرەنگاری پەلامارە تیرۆریستـیـیەکـان بە چەکـە کـۆمـەڵکوژە کیمیایی و بایۆلۆجییەکان دەبنەوە»[١٤١]. ئەو ڕاپۆرتانەی سی ئای ئەی لە ١٩٩٣ بە دواوە ناردی کاریگەرییـان هەبوو، لەبەرئەوەی باسـی ئەوەی دەکرد سـەدام هەرگیـز بە تەواوەتی پابەندی بڕیارەکانی نەتـەوە یەکگرتووەکان نابێ و ئامانجی سیاسەتی ناوەخـۆیی و دەرەکـیی تایبـەت بەوەی کـە عـێـراق بکات بـەهـێـزێکی باڵادەسـتی هەرێمـەکە، ناگۆڕێ و هەوڵیش دەداتەوە دیسان هێزی سـەربازی عێراق دروست بکاتەوە و لە دەسەڵاتیشدا بمێنێ»[١٤٢]. هەرچەندە لە ڕاستیدا ڕکەبەریی ناو کورد لە سـەر داهات و دەسـەڵات و زەوی و هێزی جـودایان سـەبارەت بە چۆنیـەتیی هەڵسـوکـەوتکردن لەگـەڵ سـەدامـدا، پاشی سـاڵێک لە ئایاری ١٩٩٤دا شـەڕی ناوەخۆی لێ کەوتەوەو تا وڵاتە یەکگرتووەکان ناوبژیوانیی نەکردن و ڕێکەوتنەکەی واشنتۆن لە ١٩٩٨دا مۆر نەکرا ئەم شەڕە نەبڕاوە، بەڵام بەرگریی کورد مەترسیی پاراسـتنی یەکـێتیی خاکی عـێراقی هەر هەبوو[١٤٣] و بۆ ئەوەش بەربەسـتێک بۆ سـەدام دابنێن[١٤٤]، جگە لە هێـشـتنەوەی گـەمـارۆ ئابوورییـەکـەی نەتەوە یەکگرتووەکانی سەر عێراق، هیچ ڕێگەچارەی تر نەبوو.

نەبوونی ئامانجێکی هاوبەش فاکتەری سەرەکیی بەرپابوونی شەڕی ناوەخۆی ١٩٩٠ەکانی نێوان کورد بوو. بە قسەی سـەرۆکی ک.ن.أ.ی ناکۆکییەکی زۆر لە نێوانی پ.د.ک. و ی.ن.ک. و پارتی سـۆشـیالیـسـتدا هەبوو. پ.د.ک. پێی وابوو سـەدام بێهێز بووە و وا باشە دانوستاندنی لەگەڵدا بکرێ و سەدام ئامادە بوو بۆ ئەوەی بە دیموکراسی قـایل ببێ و ئۆتۆنۆمـی و دەسـەڵاتیش بۆ کـورد مـسـۆگـەر بکات، ی.ن.ک. و سـۆشیالیستەکان لە دژی ئەو پێوەندیکردنە بوون و لەو باوەڕەدا بوون هیچ نەگۆڕاوە و سـەدام هەر وەکو خـۆی ماوە. مـوفتی گـوتی تاریق عـەزیز گـوتبـووی شـەڕەکـەمـان بردەوە لەبـەرئەوەی ئامـانجی هێـزەکـانی هاوپەیمانان ڕووخانی سەدام بوو بەڵام پێیان نەکرا. حکوومەتی عێراق لای وابوو مادام وڵاتە یەکگرتووەکان نەیتوانی ئامانجەکەی بپێکێ، کەواتە عێراق بردیەوە[١٤٥].

هەردوو پارتە کوردییەکە لە ئاداردا بە ڕاستی لێک ترازان و بارزانی هێزەکانی خۆی لەو هەڵمەتانە کشاندەوە کە کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق بۆ سەر پێگەکانی سـوپای عـێـراقی برد و پاشـانیش داوای یارمـەتیی لە سـەدام کـرد بۆ ئەوەی

ڕووبەڕووی ی.ن.ک. ببێتەوە و هەولێری لێ وەرگرێتەوە (ئابی ١٩٩٦)[١٤٦]، سەدام ئەو هەلەی هەڵقۆستەوە و تەواوی بنکەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقی لە باکوردا تەفر و توونا کرد. وڵاتە یەکگرتووەکان زۆر لە تێکچوونی باری هەرێم نیگەران بوو و نەیدەویست لەمە پتر پچڕ پچڕ ببێ و لە دوای نەمانی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق و بزووتنەوەی ویفاقی نیشتمانی لەو مەیدانەدا، وڵاتە یەکگرتووەکان ناچار بوو هاوپەیمانیی کورد بکات بۆ ئەوەی سەردەمی پاشی سەدامیان لەگەڵدا ڕێک بخات. وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بوو ڕێکەوتنەکەی واشنتۆن ڕێک بخات بۆ ئەوەی نەهێڵێ نە عێراق و نە وڵاتانی هەرێمەکەش تووشی شێوان بن. پاشان کە پێوەندییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و عێراق تێک چوون، وڵاتە یەکگرتووەکان ترسی ئەوەی لێ نیشت نەکا هێزە هەرێمییەکانی وەک تورکیا پێشەنگەکە وەربگرن و ناوبژیوانی بۆ هێورکردنەوەی ڕکەبەرییەکە بکەن و پاشان کۆنترۆڵی باکور بکەن.

لەبەرئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان پاڵەپەستۆی بۆ گۆڕینی ڕژیم دەکرد، بۆیە نزار حەمدونی باڵیۆزی عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٩٨دا جاڕی دا ئەگەری ئەوە هەبوو دوو شت ڕوو بدەن: ... تا ئۆکتۆبەر و نۆڤێمبەر، یان سزایەکان هەڵدەگیرێن یانیش ئەگەر هەڵنەگیران، تەنگژەیەک ڕوو دەدات. ئەمەشیان دوا تەنگژە دەبێ. لە ١٩ی تەمووزیش، سەرۆکی عێراق لە تەلەڤزیۆنی عێراقییەوە ڕای گەیاند کە هەرچەندە فرە خۆبەختکارییان کردووە و هاریکاریی یۆنسکۆم و کۆمسیۆنی تایبەتییان کردووە، ئەگەر سزاکان لە سەر گەلی عێراق لا نەدرێ ئەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە، ئەگەر عەدالەت پەیڕەو نەکرێ و گەمارۆیەکە لانەدرێ، بە لایەنی کەمەوە کاری تر دەکرێ. ئەم کردەوەیە مەسەلەیەکی تایبەتە و تەنیا عێراق دەیزانێ و لە داهاتووشدا خۆی بڕیار دەدات چ دەکات[١٤٧].

ئەو دوژمنکارییانەی سەدام لە بەرانبەری هەڕەشەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و گەمارۆی ئابووریدا دەیکرد و ئەو بڕیارەی دای کە ڕێی لە پشکنەرانی چەکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان گرت (ئابی ١٩٩٨) و ئەو بەیانەی نەتەوە یەکگرتووەکان UNSCR 1205,5 November 1998 کە جاڕی دا عێراق ڕێکەوتنەی ٢٣ی شوباتی ١٩٩٨ پێشێل کردووە، وای کرد ئەمەریکا بە ئاشکرا سیاسەتی گۆڕینی ڕژیم لە

عـێـراقی سـەدام لە ١٤ی نۆڤـێـمـبـەری ١٩٩٨ ڕابگەینێ[١٤٨]. پاشـان وڵاتە یەکگرتووەکـان یاسـای ئازادکـردنی عـێـراقی Iaraq Libration Act لە ٣١ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٨دا دەرکرد. ئەمەش یەکەم جار بوو بە فەرمی سیاسەتی (گۆڕینی ڕژیم) لە عێراق جاڕیدا. لە ١٩٩٢دا کە حکوومـەتی هەرێمی کوردسـتان دروست بوو، پێشتر بە شێوەیەکی نافەرمی کاری بۆ کرابوو. وا پێ دەچێ یاسای ئازادیی عێراق پتر لە ترسی تیرۆریستە نا دەوڵەتەکان و لە ترسی ئەگەری بڵاو بوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکان دەرچووبێ نەک لە ترسی سەدام خۆی [١٤٩]، لەبەرئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکـان بە چاکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەلامـاری چەکـە کـۆمـەڵکوژەکـان ئامادە نەبوو و کەسـانی ئامێر بەدەسـتی ڕێکوپێکیشی نەبوو[١٥٠]. ڕەنگە ڕێبازی سـیـاسـەتی دەرەوەی جـۆرج هـ. و. بوش بۆ گـۆڕینی ڕژیم هی ١٩٩٠ەکـان بێ، لەبەرئەوەی لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتیدا نـە دەگونجا، ئەم یاسایە ناهێڵێ دەست لە کاروباری ناوەخۆی وڵاتانی تر وەربدرێ.

سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بەوە هەبوو نەهێڵێ ملمـلانێ لە ناو کـورددا بمێنێ، لەبەرئـەوەی دیار بوو کـورد تاقـە هاوپەیمانی نەگـۆڕ و دژی ڕژیم بوون و لـە پرۆسـەی ڕووخـانـی سـەدامـیـشـدا کـاریگەر دەبـوون. وڵاتە یەکگرتووەکـان ڕۆڵی سـەرەکیی لە کوژاندنەوەی شـەڕی نـاوەخـۆی کورددا گێڕا و نەیهـێـشـت هیچ لایەنێک سـوود لـە دەس تێـوەردانی ئەم شـەڕە وەربگرێ، ئەمـە بۆ ئەوەی نەبادا سـیـاسـەتـەکـەی لە هـەرێم تووشی مـەترسی بکەن. لە دوای هەرەسـهـێنانی ئەو هەوڵانەی لە ٢ تـا ١١ی ئابی ١٩٩٥ لە پاریس دران و ئەوانەی لە ئیـرلاندیش لە ١٢ – ١٥ی سێپتێمبەری ١٩٩٥دا دران، پرۆسـەی ئەنقـەرە لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٦، نیشانی دا کەوا چۆن هێزێکی هەرێمی، بە تایبەتیش تورکیا دەتوانێ خـۆی لە کێشەی کوردی عێراق بگلێنێ و بۆ بەرژەوەندی خـۆی سـووردی لێ وەربگرێ. ئەو پەلامارە یەک لە دوا یەک و بکوژانەی تورکیا لە ١٩٩٢ و ١٩٩٥دا هێنایە سەر پ.ک.ک. کە سوریا پشتی گرتبوون، هاریکاریی نێوان سوریا و ئێران و ی.ن.ک. و پ.ک.ک.[١٥١]ی بەهێزتر کرد و هانی پ.د.ک.یشـی دا هـاوپەیمانییـەتی خـۆی لـەگەڵ تورکـیا[١٥٢] و سـەدامیـش (ئابی ١٩٩٦) بکات[١٥٣]. ئەمـەش بواری بۆ تورکیا ڕەخسـاند تا ٥٠٠٠٠ سـەربازی خـۆی بۆ نـاو خـاکی عێراق بێنێ و لەوێ پەلاماری پ.ک.ک. بدات (١٤ی ئایاری ١٩٩٧)[١٥٤].

لە ٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢، حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاگادارییەکی بۆ پ.ک.ک. دەرکرد یان دەبێ لە پێگە سنوورییەکان بکشێتەوە یانیش دەردەکرێ. لە ٢٧ی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا، تورکیا هێرشی ئاسمانیی بۆ سەر پ.ک.ک. دەست پێ کرد و پارتەکەی ناچار کرد یەکەم گۆڕانکاری بکات[١٥٥]. لەو دەمەی پ.ک.ک. دانوستاندنی ئاگربەستی لەگەڵ تاڵەبانی و بارزانیدا تاووتوێ دەکرد، تورکیا شەڕەکەی توندتر کرد و سەدامیش هاتەوە و کادیرەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقی بنبڕ کرد[١٥٦]. بارە هەرێمییەکان لاملییان لێ کەوتەوە و پارسەنگی هێز لە هەرێم مەترسیی دروست کرد و بووە پێویست کە ولاتە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێ، ناوبژیوانی بکات. لە ١٩٩٥ وەزیری دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان مادلین ئۆڵبرایت و سەرۆک کلینتۆن، لە پێستی خۆیان دەرچوون و گوتیان ئەگەر شەڕەکان بەردەوام بن، ولاتە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی ئاسایشی هەرێمەکە، چیتر هاریکاریی هیچ ولاتێک ناکات[١٥٧]... هەرچەندە لە کاتی دانوستاندنەکاندا ولاتە یەکگرتووەکان لە پەنای پەردەوە رۆڵی گرینگی هەبوو، بەلام بەڕێوەبەرایەتی هێشتا گومانی لە تاکتیکی تورکیا هەر هەبوو بۆ ئەوەی دوژمنارییەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆی پاڵ بدات[١٥٨].

(ڕێکەوتنەکەی واشنتۆن) لە نێوان مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانیدا پشتیوانیی نیازەکەی ولاتە یەکگرتووەکانی بۆ گۆڕینی رژێم دەکرد بۆیە دەیویست حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەقامگیر بێ و ئەگەر پێویستیش بێ هێز بۆ گۆڕینی رژێم بەکار بێنێ بۆ ئەوەی عێراق ولاتێکی لێ دەربچێ. وزیری دەرەوە ئۆڵبرایت کە ئاماژەی بۆ ڕێکەوتنەکە کرد گوتی ولاتە یەکگرتووەکان هەوڵی چڕ دەدا کە عێراقێکی دیموکراتیی فرەلایەن دامەزرێنێ[١٥٩]. کلینتۆنیش لەو نامەیەی بە وەزیری بەرگری ولیەم کۆهێن بۆ سەرۆکی تورکیا سلێمان دێمرێلی نارد گوتی «ئەگەر سەدام هەر مل نەهێنێتە بەر بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕەنگە ڕێژیمەکەی بە هێزی سەربازی بگۆڕین»[١٦٠]. پاشان ولاتە یەکگرتووەکان و شانشینی یەکگرتوو بۆردمانی لەشکرەکانی عێراق و دامەزراوە گومان لێکراوەکانی چەکە کۆمەڵکوژەکانی عێراقیان کرد (١٦-١٩ دیسێمبەری ١٩٩٨)[١٦١]، لێرەوە کاردانەوەی ولاتە یەکگرتووەکان لە سەر ئەوەی سەدام نەیهێشت پشکنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان بچنە عێراقەوە دەستی پێ کرد[١٦٢].

٣- سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبەری کورددا هەر لە ١٩٩٨ەوە تا شەڕی سێیەمی کەنداو

وەزارەتی دەرەوە لە سەردەمی سەرۆکایەتیی کلینتۆندا[١٦٣] ڕێکەوتنەکەی واشنتۆنی (ئایاری ١٩٩٤ - سێپتێمبەری ١٩٩٨) گەڵاڵە کرد و شەڕی نێوان پ.د.ک. و ی.ن.ک.ی ڕاگرت و بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان دەیویست یارمەتیی دانیشتووانی باکور بدات تا بارەکەیان جێگیر بکەن لەبەرئەوەی شایانن و بۆ ئەوەش تا نەهێڵن نە بەغدا و نە تاران خۆیان لەو ململانێیە وەربدەن و هەڕەشە لە هاوڵاتییانی عێراق لەم هەرێمە بکەن[١٦٤]. ئەو ناوبژیوانییەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە سەردەمی سەرۆک کلینتۆندا لە کێشەی کورد کردی و دپلۆماسیی ئازادی ئابووری و ئاشتی بۆ توندترکردنی پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ئیسرائیل و عەرەبستانی سعوودی و تورکیادا کارێکی بێ هاوتا بوو[١٦٥].

سەبارەت بە کێشەی کوردی تورکیا، لەبەرئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی هەرێمەکە سەقامگیر و شەڕی دژەتیرۆریش بکا[١٦٦]، پێویستی بە هاریکاریی تورکیاوە هەبوو، بۆیە وڵاتە یەکگرتووەکان ٥٠٠ ملیۆن دۆلاری دا بە تورکیا بەو ئومێدەی «هێشتا پێوەندییەکانیان لە ساڵانی داهێدا باشتر بکەن»[١٦٧]. لە بەرانبەریشدا وڵاتە یەکگرتووەکان پاڵەپەستۆی توند لە تورکیا نەکات بۆ ئەوەی چاکسازیی گەورە لە کێشەی کورد بکات. وڵاتە یەکگرتووەکان سوپاسی تورکیای کرد بۆ ئەو ڕۆڵەی لە دوای شەڕی دووەمی کەنداوەوە هەیبوو. بەردەوامبوونی پرۆسەی حەسانەوەی دابووە پەرلەمانی تورکیا کە هەر جار ڕەزامەندی خۆی نیشان بدا. تورکیا بۆ سەردەمی دوای سەدام و بۆ دیموکراتیزەکردنی ڕۆهەڵاتی ناوین پێویست بوو، بۆیە وڵاتە یەکگرتووەکان ناچار بوو لە سیاسەتی کوردیدا لای تورکیا بگرێ و شەڕی پ.ک.ک.یش بکات. بۆ ئەوەش کە پارسەنگی هەرێمەکە ڕابگرێ، وڵاتە یەکگرتووەکان نەک هەر ئامادەبوو ڕووبەڕووی سوریا و ئێران ببێتەوە، بگرە ئامادەیە لە بەرانبەری کوردەکانیان و پ.ک.ک.ش بوەستێتەوە. ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە بۆچی وڵاتە یەکگرتووەکان گوێی بە خواستەکانی کوردی سوریا و ئێران نەدا و مەیلەو خدووی خۆی بە سیاسەتی کوردیی تورکیا دا

و به ڕاشکاویش پشتیوانیی کوردی عێراقی کرد.

ئەو ماوەیەی لە نێوان ڕاگرتنی شەڕی نێوان پ.د.ک. و ی.ن.ک. تا ئەو کاتەی جۆرج هـ. و. بوش هەڵبژێردرا، بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان و بۆ کوردیش زۆر گرینگ بوو و لەم ماوەیەدا نەخشەڕێی شەڕی سێیەمی کەنداو ڕێک خرا. لە دوو توێی گوێگرتنی کۆنگریس لە بابەتی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە ١٩٩٨، سەرۆک کلینتۆن تێی گەیاندن کە وڵاتە یەکگرتووەکان ئامادە نەبووە بۆ ئەوەی بەرەنگاری مەترسیی تیرۆر ببێتەوە[١٦٨]. یاسای ئازادیی عێراق پشتیوانیی کۆنگریسی بە راشکاوی لە لادانی سەدام و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراسی لە عێراق نیشان دا. لە ١٩٩٨ وڵاتە یەکگرتووەکان بە چاکی ناوبژیوانیی لە کێشەی کورددا کرد و پاشتریش ڕاشکاوانە لە ١٩٩٩ ویستی دەست لە کێشەی کوردی تورکیا وەربدات. گرتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و دانەوەی بە دەسەڵاتدارانی تورکیا، دەستپێکی چەرخێکی نوێی کێشەی کوردی بوو لە تورکیا لەبەرئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان پشتیوانیی لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادیی نەرێتی کورددا کرد کە ڕەگەزێکی جیاوازن و ناسنامەی تایبەتی خۆیانیان هەیە[١٦٩]. دوای ٩/١١ سەردەمێکی نوێی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی نیشان دا. ئەمە وای کرد پێوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کوردی عێراقدا لە پێوەندییەکی مرۆییەوە بچێتە خانەی پێوەندیی دامەزراوی و لەوێوە کورد سەربەخۆتر کارگێڕیی خۆیانیان کرد و تا گەیشتە ئەوەی یاسای نەوتی خۆیانیان داڕشت (ئابی ٢٠٠٧) و کۆنتراکتی نەوتییان مۆر کرد و وڵاتە یەکگرتووەکانیش سیاسەتێکی کوردیی بۆ خۆی پەیڕەو کرد کە پێشتر نەیبوو. ئەم شرۆڤەکارییە گەرەکیەتی ئەو پێشکەوتنانە دەر بخات کە پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد کردوویانە و چ گرینگییەکیان لە سیاسەتی هەرێمی و دەوڵەتاندا هەیە. پاشان بەشی شەشەم کۆتایی بەو پێشەوەچوونانەی ئێستە و پێشبینییەکانی داهاتووی پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد دێنێ.

٣ –١ یاسای ئازادیی عێراق (لە سەردەمی کلینتۆنەوە بۆ سەردەمی بوش)

لە دوای شەڕی دووەمی کەنداو، یاسای ئازادیی عێراق (٣١ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٨) کە بە تێکڕای دەنگ لە کۆنگریس دەرچوو – بە دیارترین لایەنی سیاسەتی

دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکـان لە بەرانبـەری عـێـراق دادەندرێ. یاسـایەکـەی کـۆنگریس وڵاتـە یەکگرتووەکـان و کـوردی لە یەکـتـری نـزیکتـر کـردەوە و لە دوای ١٩٩٢شـەوە، توندترین سـیـاسـەتی دژی سـەدام بوو و ٩٧ ملـیـۆن دۆلاریشـی بۆ ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی[١٧٠] ڕەها کرد و چوارەمین گۆڕینی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانیشی نیشـان دا. ئەو درێژکردنەوەیـەی بەکارهێنانی هێزێکی کەم و کات بە سـەر بردنە گرانبەهایەی سـەرۆک جۆرج هـ. و. بوش بە پێی یاسـایەکەی ٢٠٠٢ کردی بە بڕیاری دەسەڵات پێدانی کە هێز لە دژی عێراق بەکار بێنێ، (١٦ی ئوکتـوبەری ٢٠٠٢) زۆر زەق بوو. ئەو سـەرکوتکردنەی سـەدامیش بە پێـچـەوانەی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەیکرد و ئەو هەڕەشە بەردەوامـەی کە عێـراق لە ئاسـایشی کەنداوی دەکرد بنەوای بڕیارەکەی ٢٠٠٣ی شـەڕی دژی عـێـراق بـوو. کەچی ئەو دەسـەڵاتەی کـۆنگریس بۆ بەکـارهێنانی هـێـز دای، هەر بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو[١٧١].

ڕەنگە کلینتۆن لە ترسی ئەوەی نەکا چەکی کۆمەڵکوژ بڵاو ببێتەوە، پشتیوانیی لە بڕیاری وڵاتە یەکگرتووەکان کرد بۆ ئەوەی سەدام بڕووخێنێ. ئۆڵبرایت گوتی کە وڵاتە یەکگرتووەکـان ناهـێـڵێ سـەدام چەکی کـۆمـەڵکوژ وەبەرهەم بێنـێ ... ئەمـە هەڕەشـەی سـەدەی بیـست و یەکـەمـینە[١٧٢]. بۆیە ئامـانجی سـیـاسـەتی دەرەوەی کلینتـۆن ئەوەبوو بـەرەنگاری ئەو مـەترسـیـیـە ببێـتـەوە کە ئەو هـێـزە کـاریگەرە نا دەوڵەتانـەی پێـوەندییـان بە تیـرۆریسـتـان و چەکی کـۆمـەڵکوژەوە هەیە، دروسـتـی دەکا[١٧٣]. بە بۆچوونـی کۆنە پشکنەری چەکەکانی نەتەوە یەکگرتووەکـان، سکەت ڕیتـەر، ئەوەی وڵاتـە یەکگرتووەکان دەیکرد ڕاست نەبوو[١٧٤]. ڕاپۆرتەکەی ١٩٨٨ی ئاژانسـی وزەی ئەتۆمـیـی ناونەتەوەییش بە قـسـەی پشکێنەرانی یونسکۆم، توانا ئەتۆمـیـیـەکـەی عـێـراق هـەڵوەشـابووەوە ... لە سـەتا ٩٥ی چەکـە کـیـمـیـایی و بایـۆلـۆجـیـیـەکـانـیـشـی کـەوتبـووە بەردەست و تـێ شکابوون، کـەچی وڵاتە یەکگرتووەکان بەردەوام جەختی دەکردەوە کە عێراق چەکی کۆمەڵکوژیی هەر ماوە و ئەمـەش شـەڕی سـێـیـەمی کـەنداوی بەرپا کـرد[١٧٥]. ڕیتـەر پێی لە سـەر ئەوە دادەگرت کـە لە ١٩٩٧ عێراق چەکی کۆمەڵکوژی نەمـابوو، عێراق هـەڕەشـەی بۆ کەس نەمابوو «لەبەرئەوەی عێراقییەکان پێشتر تێکیان شکاندبوو. لە ١٩٩٢ عێراق جاڕی دا کەوا هەمـووی تێک شکاوە... لە ١٩٩٥ هیچ چەکێک لە عێراق نەمـابوو و

هیچ توانستی بەرهەمهێنانیشی نەبوو، لەبەرئەوەی ئێمە چاودێریی بنخانی عێراقمان دەکرد و چەکی ڕێژیمان کۆنترۆڵ دەکرد». ولاتە یەکگرتووەکان دەیویست ڕێژیم بگۆڕی و سی ئای ئەیش نەیدەتوانی هیچی لێ بکات لەبەرئەوەی سەدام ئاسایشەکی بەکاری هەبوو. بۆیە لە هاوینی ۱۹۹٦، کلینتۆن داوای لە سی ئای ئەی کرد سەدام لابدا. سی ئای ئەیش ئەیاد عەللاویی بۆ مەیدان هێنا ... بۆ ئەوەی کودەتایەک بکا و سەدام دەربکا... بەڵام دیسان هەرەسی هێنا[١٧٦].

مکوڕبوونی ولاتە یەکگرتووەکان لە سەر (گۆڕینی ڕژیم) تەنیا ئەو زیانانەی پێشانی قەرەبوو کردەوە کە لە کاتی هەوڵەکانی بۆ ڕووخانی سەدام دابووی، بگرە هاوپەیمانییەتیشی لەگەڵ کورددا بەهێزتر کرد لەبەرئەوەی تاکە هۆیەک بوو بۆ ئەوەی بتوانێ سیاسەتی دەرەوەی خۆی پیادە بکات. ئەمەش پێویستی بە ئاراستەیەکی نوێی سیاسەتی کوردیی ولاتە یەکگرتووەکان هەبوو تاوەکو سیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکان تایبەت بە عێراق ڕێک بخات[١٧٧]. ئەوەی لە ۱۹۹۰یەکاندا، پێوەندیی ولاتە یەکگرتووەکان و کوردی بەهێز کرد ئەوە نەبوو کە کلینتۆن دەیویست چەکە کۆمەڵکوژەکان نەهێڵێ و ترسی تیرۆریزم ببڕێنێتەوە، بگرە کورد ڕووخانی سەدامیان لەلا گرینگتر بوو.

ئەو ڕاپۆرتانەی سی ئای ئەی کە باسی «عێراقیان بە سەرچاوەیەکی مەترسی بۆ ولاتە یەکگرتووەکان و بەرژەوەندییە دوورخایەنەکانی لە کەنداو»[١٧٨] دەکرد و ئەوەش کە سەدام بە پێچەوانەی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی ژمارە ١١٥٤ لە ٢ی ئاداری (١٩٩٧)[١٧٩] بەردەوام ناوچەی دژەفڕینی دەبەزاند، بەڵگەی باش بوون بۆ ئەوەی ولاتە یەکگرتووەکان سیاسەتی (گۆڕینی ڕژیم) لە عێراق پەیڕەو بکات و لە ناوەڕاستی نۆڤێمبەری ١٩٩٧، کلینتۆن بە پێچەوانەی وەزارەتی دەرەوە و بە ئاشکرا بڕیاری دا گۆڕینی ڕێژیم سیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبەر عێراقدا پێک دێنێ[١٨٠]. لە بەر ئەم بنەوایە بوو کە لە کۆنفرانسی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی لە نیویۆرک (ئۆکتۆبەری ١٩٩٩) بڕیار درا عێراقی دوای سەدام دەوڵەتێکی فیدراڵی بێ. واتە سیاسەتی جۆرج هـ. و. بوش لە سەر بناخەی پرۆگرامی سیاسەتی دەرەوەی کلینتۆن سەپا.

ڕێبازی سیاسەتی دەرەوەی سەدام تووشی ترس و دڵەڕاوکێ و ئاژاوە هات. سەدام دەترسا ولاتە یەکگرتووەکان بیکوژێ. ڕێژیمی عێراق ترسی ئەوەشی هەبوو

نەکا سیخورانی سی ئای ئەی خزەیان بۆ ناو یونسکۆم کردبێ و لەو ڕێگەیەوە سیخوری لە دژی حکوومەتی عێرقدا بکەن و لاملیی سەدامیش هێشتا پێوەندییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان و عێراقی ئالۆزتر کرد[١٨١]. سیاسەتە دوودەمەکەی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان کە لە لایەکەوە پشتیوانیی ئۆپۆزیسیۆنی دەکرد و لە لایەکەی تریشیەوە، کە سەرۆک لە ٣ی نیسانی ١٩٩٨دا نامەیەکی ئاراستەی سەرانی کۆنگریس کرد و نووسیبووی ولاتە یەکگرتووەکان چاوەڕێی ئەو ڕۆژەیە عێراق پێوەندی بە کۆمەڵی ناونەتەوەیی بکاتەوە و ببێتە ئەندامێک ئەرکی خۆی بزانێ و ملکەچی یاسا ببێ. ئەمە هێشتا پتر لە سەدامی شێواند و وای لێ کرد هەڵوێستی توندتری هەبێ[١٨٢]. ڕەنگە ولاتە یەکگرتووەکان چاوەڕێی ئەو ڕۆژە بووبێ کە سەدام بڕوا و عێراقێکی نوێ دابمەزرێ.

٣ –٢ سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبەری کوردی عێراقدا

ئەو سیاسەتەی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان تایبەت بە گۆڕینی ڕژیم کە لە کۆتای سەدەی بیستەمدا پەیڕەوی کرد، پێوەندییەکانی لەگەڵ کورد، لە سەدەی بیست و یەکەمیندا گۆڕی و کردییە پێوەندییەکی توند و دامەزراوەیی و لە لایەنی ستراتیجییەوەش گرینگ، بەتایبەتیش لەبەرئەوەی بەڕێوەبەرایەتیی ولاتە یەکگرتووەکان و زۆرینەی کەسایەتییەکانی ناو کۆنگریس و کاربەدەستانی ولاتە یەکگرتووەکانیش پشتیوانییان کرد. سەرۆکی کورد مەسعوود بارزانی فەرمووی، ڕۆڵی سەرەکیی کورد لە ئازادکردنی عێراق و لە شەڕی دژە تیرۆر و لە بنیاتنانەوەی ولات لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی و لە پێکهاتەی سیاسیدا، لە دوای ٩/١١ ، سەرەتای گەشەکردنێکی نوێی پێوەندیی ولاتە یەکگرتووەکان و کورد بوو[١٨٣]. ئێرە سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان بەرانبەری عێراق، پێوەندیی ولاتە یەکگرتووەکان و کوردی چنی. لە هەمان کاتدا کە ولاتە یەکگرتووەکان پێوەندییەکی لاوازی لەگەڵ سوریا و ئێراندا هەبوو، دەبینین ولاتە یەکگرتووەکان و تورکیا هاوپەیمان بوون و ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە بۆچی پێوەندییەکی توند لە نێوان ولاتە یەکگرتووەکان و کورددا نەبووە.

کردەوە ڕاستەوخۆیەکانی ولاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ سەرکردایەتیی کوردی عێراق بە تایبەتیش لە سەردەمی شەڕی ناوخۆ لە ١٩٩٤ تا ١٩٩٨ و دامەزراندنی

ڕێکخـەرێکی تایبـەت لە وەزارەتی دەرەوە بۆ ئەوەی ڕکـەبەریی ناو کـورد نەهێڵێ، ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بوو سیاسەتێکی کوردیی تایبەت بە کوردی عێراق ساز بدا[١٨٤]. زۆریش گرینگ بوو بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان پێـوەندیی نێـوان کـورد و ئۆپۆزیسـیـۆنی عـێـراق ڕێک بخـات، لەبەرئەوەی بارە گرانەکەی ڕووخـانی سـەدام لە ئەسـتـۆی کوردداا بـوو. قوباد تاڵەبانیی نوێنەری حکوومـەتی هەرێمی کوردسـتـان لە وڵاتە یەکگرتووەکـان لە توانجێکیـدا گوتی، لە ١٩٩٤ەوە، وەزارەتی دەرەوە چالاکتر لە پێشـان لەگەڵ کوردی عێراقدا کاری کرد لەبەرئەوەی کـورد پێکهـاتەیەکی بەهاداری ئۆپۆزیسـیـۆنی عـێـراقی بوون[١٨٥]. لەبەرئەوەی کورد ڕۆڵی سەرەکیی لە پیادەکردنی پلانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ گۆڕینی ڕژیم لە عێراقدا گێڕا و بەرژەوەندەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ هی کـورد لێکیـان دا بۆیە پەیتـا پەیتـا سـەرەتای سـیـاسـەتێکی تایبـەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەری کوردی عێراق بە بەشێکی سیاسەتی دەرەوە دەستی پێ کرد[١٨٦].

هەرچەندە بریکاری بەڕێوەبەری عـێـراق لە وەزارەتی دەرەوە، کـاتی ئالیگنۆر و دێیڤد لایم، کە شوێنی گرتەوە، بەرپرسی فـەرمیی دەسـتـەی کارمـەندانی کوردی Kurdish Desk Officers نەبوون، بەڵام کە لە ١٩٩٦ سەدام پەلاماری کوردستانی دایەوە، بە چڕی کـاریان لەگـەڵ باڵیـۆزخـانەی وڵاتە یەکگرتووەکـان لە ئەنقـەرە و حکوومـەتی تورکیادا کرد تا ئەو ٤٠٠٠ کارمەندانەی لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییە ئەمـەریکییـەکـانیـان کـاریان دەکـرد بۆ وڵاتە یەکگرتووەکـان ببـەن[١٨٧]. لە دێیـڤد شـوارتز و پاشـی ئەویش، بەردەوام کـارمـەندێک لە بەشی عـێـراق لە ئۆفـیـسـی کاروباری باکوری کەنداودا هەبووە کە بەرپرسی سەرجەم پۆرتفۆلیۆی ناوەخۆی عـــێـــراق لە بیـــرۆی ڕۆژهـەڵاتی نزیکی وەزارەتی دەرەوەدا هـەبووە و فـــایلی کوردستـانیش لەناو ئەو پۆرتفۆلیۆیەدا بووە[١٨٨]. کە لە ١٩٩٧یش ئاندرۆ مۆریسن لە شوێنی لایم دامـەزرا، دوو ئەرکی هەبوو، هەردووکیشیـان بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان گرینگ بوون. هەرچەندە پرۆسەی ئاشتکردنەوەی ی.ن.ک. و پ.د.ک. و ڕێکخستنی ئۆپۆزیسـیـۆنی عـێـراق بە یەکـەوە لکابوون، بەڵام وەک دوو بابەتی جــودا ڕێک دەخـران. لەبەرئەوەی مـۆریسن تا ڕێکەوتنەکەی واشنتۆن، فرە بە کێشەی کورد و کێشـەکانی پارتـە کوردییەکان و کێشـە ئابوورییـەکانی کوردییەوە خـەریک بوو،

یەکەم کەس بوو بە شێوەی نافەرمی پۆستی کارمەندی دەستەی کوردی Kurdish Desk Officer لە وەزارەتی دەرەوە وەرگرت.

لە ١٩٩٩ چەندین کارمەند لە دەستەی عێراق دامەزران، یەکێکیان بۆ کارکردن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان تەرخان بوو. لە ٢٠٠٨، میشێل سایدەرز پێوەندیی نێوان حکومەتی ولاتە یەکگرتووەکان و کوردی عێراق بوو[١٨٩]. تێوەگلانی کورد لەگەڵ بیوروٚکراسیی ولاتە یەکگرتووەکان پەرەی سەند و چەندین کەس لە وەزارەتی دەرەوە و پێنج تا شەش بیرۆ و وەزارەتی تر سەرقاڵی ئەمە بوون ... ژمارەی ئەندامەکانیان لە سێ کەسەوە بۆ سی کەس هەڵکشا و کاروباری عێراقیان بەڕێوە برد[١٩٠]. ئێستە سەتان کەس هەنە لەبارەی کێشەی کوردەوە کار دەکەن و سەبارەت بە سەرجەم کوردەکانی تریش، پێ دەچێ گرووپی نافەرمی لە ناو کۆنگریسدا هەبن کە پاڵپەستۆ بۆ لاگرتنی کێشەی کورد دەکەن[١٩١]. بۆ نموونە لە دوای ٢٠٠٦، ولاتە یەکگرتووەکان جەنراڵی پێشوو جۆزف ڕاڵستنی کردە ڕێکخەری تایبەت بۆ ئەوەی لە دژی پ.ک.ک.دا[١٩٢] کار بکات، کەچی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە، سین ماککۆرمەک، کە ئەنقەرە باشی نەدەناسی، ڕاستەوخۆ داوای لە پ.ک.ک.ی کرد کۆتایی بە توندوتیژی بێنێ و چیتر چەک هەڵنەگرێ[١٩٣].

جێی ئەوپەڕی سەر سوڕمانە کە هێزێکی زەبەلاحی وەک ولاتە یەکگرتووەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆی هاوپەیمانی و هاوکردەیی لەگەڵ هێزێکی کاریگەری نا دەوڵەتی وەک کوردی عێراقدا کرد. ئەمەش ڕەگی لە پشکداریکردنی کورد لە سیاسەتی گۆڕینی ڕێژیمدا هاتووە، لە دوای سەدامیش پێوەندییەکە هاتە سەر ئاستێکی ناونەتەوەیی تایبەت. بەشێکی تایبەت بە کورد لە بیروٚکراسیی ولاتە یەکگرتووەکاندا نییە لەبەرئەوەی نیازی ئەوە نییە هەموو دنیا دان بە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیدا بنێ. ولاتە یەکگرتووەکان پێوەندییەکی چاکی لەگەڵ تورکیا و ولاتانی عەرەبیدا هەیە و دەشیەوێ پارسەنگی هێز لە هەرێمەکەدا بپارێزێ و کێشەی پ.ک.ک.یشی لە ملە، بۆیە ئەستەمە بتوانێ بە ئاشکرا دان بە پێوەندیی نێوان خۆی و کوردی عێراقدا بنێ. ولاتە یەکگرتووەکان بە وریاییەوە ئەو پێوەندییەی ڕاگرتووە و نایەوێ لەگەڵ دەوڵەتە کاریگەرەکانی هەرێمەکەدا، بە تایبەتی هاوپەیمانەکانی، ڕووبەڕوو ببێتەوە[١٩٤]. لەبەر ئەوەشە ولاتە یەکگرتووەکان بە فەرمی باسی ئەوە دەکا کە سیاسەتێکی کوردیی نییە و تەنیا هەڵسوکەوت

لەگـەڵ دەوڵەتاندا دەکـات و بۆیـەش هـاوکـردەی لەگـەڵ حکوومـەتـی هـەرێمی کوردستاندا هـەیە بەڵام نەک پێوەندییەکی فەرمی[١٩٥].

بە قـسـەی دیپلۆمـاتکاری وڵاتە یەکگرتووەکـان فـرانسـیس ج. ڕیکسـیـاردۆنی «نەبوونی سـیـاسـەتێکی تایبـەت بـە کـورد، ڕێگە لەوە ناگـرێ حکوومـەتی وڵاتە یەکگرتووەکان پێوەندیی بە سوود و ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەو تاکە کەس و ڕێکخراوە کوردییـانەدا هـەبێ کـە لە ناو کـۆمـەڵ و وڵاتـەکانی خـۆیاندا ڕۆڵی سـوودگـەیـەنیان هـەیـە». هـەر بـەرژەوەندییـەکی هـاوبەش پێـویسـتـی بە ڕاوێژکـردن هـەبـێ، وڵاتە یەکگرتووەکـان پێـوەندی بە کـوردەوە دەکـات، جـا بـا هـەر بـە فـەرمـی نەڵێن سیاسـەتێکی تایبـەت بە کوردیان هـەیە، کە ڕەنگە زیان لە بەرژەوەندییـەکانی وڵاتە یەکگرتووەکـان لە هـەرێمـەکـەدا بگـەیـنێ. (کـورد کـاریگـەریی ڕاسـتـەوخـۆیان لە ئاراستە ستراتیجییەکانی عێراقدا هـەیە.)[١٩٦].

پێوەندییـەکی توند لە نێوان کوردی عێـراق و وڵاتە یەکگرتووەکاندا هـەیە و وڵاتە یەکگرتووەکـان سـیـاسـەتێکی سـەبارەت بە کـورد هـەیە با ئاشکراش نەکـرابێ. سەرۆک جۆرج هـ. و. بوش بە فەرمی بانگێشتنی سەرۆکی کورد مەسعود بارزانیی کرد و لە کـۆشکی سـپـیدا پێشـوازیی کرد (٢٠٠٥): یەکـەم جار کۆبوونەوەیەکی ئاست بەرز لە نێوانی سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی هـەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانـی و گـەورە ڕاوێژکـاری سـەرۆک وەزیرانی تورکـیـا ئەحـمـەد داودۆغلو و ڕێکخەری تایبەتی کاروباری عێراق لە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، موراد ئۆزچەلیک و باڵیۆزی تورکیا لە بەغدا دەریا کانبای (نیسان ئایار ٢٠٠٨) کرا[١٩٧]: سەرۆکی کورد بوونی «پێشکەوتنێکی نوێی لە پێوەندیی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد لە سـەدەی بیست و یەکەمین و لە دوای ٩/١١ دا پشتڕاست کردەوە»[١٩٨]. ئەمەش پێشکەوتنێکی گەورەیە و نیشانەی ئەوەیە کورد لە ئاستی ناونەتەوەییدا جێی خۆی کـردووەتەوە و دانی پێدا نراوە و ئەجیندایەکی سـیـاسـەتی دەرەوەش هـەیە پیادە دەکرێ.

سـیـاسـەتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبـەری کـورددا، زنجیـرەیەک هۆی هەبووە. بـەڵام لەبەرئەوەی وڵاتـە یەکگرتووەکـان بایەخـێکی ئەوپەڕ بە سـیـاسـەتی ڕۆژهـەڵاتی ناوین دەدا و کـاریگـەریی هێـزە هـەرێمی و ناونەتـەوەیـیـەکـان لە ئامـانجـەکـانی کـێشـەی کـورد و زۆریی ئەو گـرووپە کـوردییـانەی ناتوانن

ئامانجەکانیان یەک بخەن و کاریگەرتر بن، پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردی بە چەند لایەکی جیاوازدا بردووە. سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبەری کوردی عێراقدا، تا ئێستە بە زۆری هەر چالاک بووە. بەڵام بۆچی کوردی بەشەکانی تری پشتگوێ خستووە، دەبێ بتوێژێتەوەی هەر یەکیان بە تەنیا بکرێ و لە یەکتری جەلە بکرێن.

پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد، بەلای کەمەوە تا سەردەمی پاش سەدام، لە ڕێگەی پێوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان بە دەوڵەتانی هەرێمەکەوە پەیا بووە. گەلەک جار کێشەی کوردی تورکیا بەم جۆرە بووە. لەگەڵ ئەمەشدا کە وڵاتە یەکگرتووەکان هێشتا پێوەندیی تایبەتی لەگەڵ ڕێژیمی ئەو دەوڵەتانەدا نەبووە کە کێشەی هاوشێوەیان هەیە وەک ئێران و سوریا، بەڵام هێشتا ڕەنگە پێوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد تەنیا لە پارە ناردنی بە نهێنی تێ پەڕی نەدابێ. وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانێ بۆ بەرژەوەندیی خۆی لە هەرێمەکەدا، هاوپەیمانیەتیی کورد بکات، وەک ئەوەی لە دوای سەدامدا کرا. سیاسەتی ئەمەریکای تایبەت بە عێراق بە پێوەندییەکی تێکەڵ جێبەجێ دەکرێ لەبەرئەوەی وڵاتەکە لە ناو خۆیدا دووانەیە و وڵاتە یەکگرتووەکانیش بۆ سەقامگیرکردنی باکور پشت بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبەستێ و بەمەش یەکەتیی خاکی عێراق دەپارێزێ. لەبەرئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان نەیدەزانی دوای ئازادکردنی عێراق لە سەدام چ لەو وڵاتەدا دەقەومێ، بە تەواوەتی پشتی بەم هاوپەیمانییە بەستا.

سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە سەدەی بیستەمدا پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردی لەگەڵ ڕژیمی ئەو وڵاتانەدا پارسەنگ کردووە کە کوردیان تێدا هەیە، وەک ئەو سیاسەتەی لە بەرانبەری کوردی تورکیا و عێراق پەیڕەوی دەکات. بەم جۆرە، ڕاستە کە وڵاتە یەکگرتووەکان حەزی لێیە پێوەندییەکی باشی لەگەڵ تورکیادا هەبێ، لە هەمان کاتیشدا پشتیوانیی مافە مرۆیی و نەریتییەکانی کوردی ئەوێ دەکات و تورکیا باسی ئەوەش دەکا کە وڵاتە یەکگرتووەکان بە نهێنی یارمەتیی پ.ک.ک. دەدات[١٩٩]. بەم جۆرە ناسەقامگیریی عێراق و شەڕی سێیەمی کەنداو، ئەوە نیشان دەدەن کە کورد هێشتا پشت بە ڕووداوەکانی ناوەوەی دەوڵەتانی هەرێم و گۆڕانکارییە ناونەتەوەییەکان دەبەستێ[٢٠٠].

٣-٣ سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبەری پ.ک.ک.دا

کێشەی پ.ک.ک. لە سەرجەم بزووتنەوەکانی کورد جودا بووە. کاریگەریی جیاوازیشی هەبووە و هەر بە تەنیا بۆ کوردیش نەبووە، بگرە کاریگەرییەکەی لە ئاستی سیاسەتی هەرێمی و ناونەتەوەییشدا بووە. خواستە کوردییە سەرتاسەرییەکانی پ.ک.ک. دیارترین جیاوازیی ئەو بزووتنەوەیەیە لەگەڵ ئەوانی تردا[٢٠١]. بەڵام ئێستە هەموو بزووتنەوە کوردییەکانی تورکیا و وڵاتانی تریش دەبێ لەو ڕاستییە تێ گەیشتبن کە لە فێدرالیزم پتر داوا بکەن، لە چەتری ڕاستەقینەدا دەردەچنە دەرەوە و سوخەتێکی خەیاڵی وەردەگرن.

١٩٩٠یەکان گرینگییەکی تایبەتی بۆ بزووتنەوەی کوردی تورکیا هەبووە. لەبەرئەوەی تورکیا سیاسەتێکی فرە توندی لە ١٩٨٠یەکان لە دژی کورد پەیڕەو کرد و سوپای تورکیش کوردی بە دوژمنی دەوڵەت و ئیسلام ناساند و هەر پێشکەوتنێکیش کورد بیکردبایە، بە جودابوونەوەی دادەنا، بە هۆی ئەو ڕادیکالیزمییەی پ.ک.ک. لە دوای ١٩٩٢وەوە پەیڕەوی کرد تورکیا بە ئاشکرا سیاسەتی بەکارهێنانی هێزی پەسند کرد. پێوەندییەکانی تورک و کورد بە شێوەیەکی کاریگەر گۆڕا و باری نائاساییی لێ پەیا بوو و شەڕێکی نەپساوەی لێ کەوتەوە کە تا ئێستەش هەر بەردەوامە. جگە لەو هەموو هێرشە یەک لە دوا یەکانەی تورک بۆ سەر شۆڕشوانانی پ.ک.ک.ی لە ناو خاکی باکوری عێراقدا، لە ١٩٩٢ و ١٩٩٥ و ١٩٩٧ و ٢٠٠٧ و ٢٠١٠ کردی (کە پێشێلکردنی یاسای دەوڵەتی و دەست تێوەردانی کاروباری ناوخۆی دەوڵەتانی تر بوو) بە دەسەڵات وەرگرتنی پارتی ئیسلامی ڕەفای نەجمەدین ئەربەکان (٢٦ی حوزەیرانی ١٩٩٦ تا ١٨ی حوزەیرانی ١٩٩٧) بارودۆخەکە خراپتر بوو. ئیئتیلافی نێوان پارتی ڕێگەی ڕاستی تاسۆ چیلەر و پارتی خاکی دایکی مەسعود یەڵمازی تەنیا سێ مانگ تەمەنی بوو (دیسێمبەری ١٩٩٥) لەبەرئەوەی گەندەڵی و بێ دەسەڵاتیی حکوومەت هاوپەیمانییەکی لە نێوان چیلەر و ئەربەکاندا دروست کرد[٢٠٢].

ئەو مەیلە ئیسلامییەی ئەربەکان هەیبوو و بەرهەڵستیکردنی پرۆسەی حەساندنەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکان دەیویست هەبێ و ئامادەییی ئەربەکان بۆ ئەوەی ئاراستەی سیاسەتی وڵاتەکەی بگۆڕێ و بەرەو ڕێژیمە ئیسلامییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینی وەرچەرخێنێتەوە، وڵاتە یەکگرتووەکان و هێزی چەکداری بەئاگا

هێنا. ولاَتە یەکگرتووەکان لێی بەئاگا هات لەبەرئەوەی نەدەکرا سیاسەتەکانی بێ تورکیا جێبەجێ بىن[٢٠٣] و هێزە چەکدارەکانی تورکیاش پێشتر چوار جار بۆ پاراستنی عیلمانییەت و ناسنامەی کەمالیزمی دەوڵەتی تورکی دەستیان لە سیاسەتی ولاَت وەرداوە. کودێتە مەخمەڵییەکەی لەشکر بە ناڕاستەوخۆ ئەربەکانی ناچار کرد، لە دوای یازدە مانگ، دەست لە پۆستەکەی بکێشێتەوە. پاشتریش دادگەی دەستووری، بە برگەی ٢٤ و بە تۆمەتی دژایەتیکردنی سێکلاریزم پارتی ڕەفاهی لە ١٦ی یەنایری ١٩٩٨دا داخست. ئەو برگەیە ڕێ نادات سوود لە هەستی ئاینی وەربگری»[٢٠٤]. واتە تێوەگلانی لەشکر لە دژی بە ئیسلامیکردن و لە ٢٨ی شوباتی ١٩٩٧دا بۆ ئەوە بوو کەسایەتیی سێکۆلاری دەوڵەت بە هێزتر بکات[٢٠٥].

دامەزراندنی مەد تیڤی (١٩٩٥) لە لەندەن و دەرکردنی نۆ ڕۆژنامە و کۆواری کوردی شکی لەکن سوپای تورکدا پەیا کرد. حەڤدە وێستگەی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی تریش لە تورکیا وەشانیان هەبوو کە سوپایان سەغڵەت کردبوو[٢٠٦]. ڕێبازی سیاسەتی تورکی هەر توند مایەوە لەبەرئەوەی لەوە ترسا بەردەوامیی ئەم پێشکەوتنانە چاکسازی بێنێ و حوکمی کەمالیزمی عیلمانی هەڵوەشێنێتەوە و بناخەی سۆسیۆ پۆلیتیکی دەوڵەت بەرفرە بکات. لە دیسێمبەری ١٩٩٧ کە ئەندامانی پارتی ڕەفا حیزبی ڕەفایان دامەزراند و لە ناو ئەوانیشەوە ئەندامە چاکخوازەکان. پارتی داد و گەشەکردن AKPیان هەستاند و نەیانهێشت ئەرەبەکان کۆنترۆڵی بکات[٢٠٧].

لە بواری بایەخدان بە کاروباری ناوخۆی تورکیا، کلینتۆن گوتی تورکیا «هەرێمەکەی سەقامگیر کردووە» بۆیە پێویستە پێوەندییە ئەمنیەکان توند بمێننەوە لەبەرئەوەی پێوەندییەکانی ولاَتە یەکگرتووەکان و تورکیا گۆڕاوە و لە سەردەمی شەڕی ساردا پێویستیمان بە یارمەتیی سەربازی هەبوو، ئێستە بەهای هاوبەش و هاریکاریی ئابووریمان هەیە[٢٠٨]. کلینتۆن ویستی پشتیوانیی سیاسەتی دەوڵەت بکات بۆ ئەوەی پشکداربوونی تورکیا لە ئۆپەراسیۆنی حەساندنەوە و گەمارۆی ئابووری و دەستنیشانکردنی چیلەر بە سەرۆک وەزیرانی تورکیا بەردەوام بێ لەبەرئەوەی چیلەر گوتی بەها بەرزەکانی ولاَتە یەکگرتووەکان بەها بڵندەکانی ئێمەشن[٢٠٩].

ئەو ڕۆڵە سەرەکییەی ولاتە یەکگرتووەکان لە گرتنی عەبدوڵلا ئۆجەلاندا گێڕای ڕوونی دەکاتەوە کە کێشەی کوردی تورکیا بۆ ولاتە یەکگرتووەکان فرە گرینگە. چەند هاندەرێک هەن وایان لە ولاتە یەکگرتووەکان کردووە پ.ک.ک. لە کرۆکی سیاسەتی تورکیا نەهێڵێ. ولاتە یەکگرتووەکان مکوڕە ڕکەبەریی کوردی تورکیا بنبڕ بکات بۆ ئەوەی تورکیا لە یەکەتیی ئەورووپا بە ئەندام وەربگیرێ. لەو دەمەی ئەگەری شەڕی سێیەمی کەنداو (٢٠ ئاداری ٢٠٠٣) لە ئارادا بوو، ولاتە یەکگرتووەکان دەیویست هاوپەیمانێکی سەقامگیری هەبێ. بۆیە ولاتە یەکگرتووەکان کە ئەو چاکەیەی لەگەڵ تورکیادا کرد، چاوەڕێ بوو ئەویش وەک ١٩٩١ پشکداری پلانەکانی بکات. هۆیەکی تریش هەبوو وای لە ولاتە یەکگرتووەکان کرد ئۆجەلان ڕاپێچی دەستی تورک بکات ئەویش ئەوە بوو ترسی بڵند ئەجەوید بڕەوێنێتەوە کە ڕووخانی سەدام وا نەکات حکومەتی مەیلەو سەربەخۆی هەرێمی کوردستان مەترسیی بۆیان هەبێ. تورکیا ترسی لەوە هەبوو گۆڕانکارییەکانی پاش ڕێکەوتنەکەی واشنتۆن ڕەنگە لە ناو کوردی تورکیادا کاردانەوەیان ببێ. هەرچەندە گرتنی ئۆجەلان بۆ ئەوە بوو ترسی ئەنقەرە بڕەوێنێتەوە، بەڵام هێشتا تورک لەوە دەترسان نەکا ڕێکەوتنەکەی واشنتۆن هەلێک بۆ پ.ک.ک. بڕەخسێنێ و پێی بکرێ لە ناو خاکی عێراقدا چالاکتر بێ و هەلی پتریشی هەبێ بۆ ناو تورکیا دزە بکات[٢١٠].

گرتنی عەبدوڵلا ئۆجەلان تای تەرازووی دژەتیرۆری جیهانی بە سەرۆکایەتیی ولاتە یەکگرتووەکان پڕ هێزتر کرد. گرتنەکەی ئۆجەلان بەهای پتری بۆ ولاتە یەکگرتووەکان هەبوو، لەبەرئەوەی تورکیای ناچار کرد ملکەچی ئەو بێ ئەگەر نا ولاتە یەکگرتووەکان دەیتوانی دووبارە گەمە بە کارتە دڕاوەکەی پ.ک.ک. بکاتەوە ئەگەر تورکیا هاوکاریی پلانە هەرێمییەکانی تایبەت بە داگیرکردنی عێراق نەکا. لەبەرئەوەی ئاستی پێوەندییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ سووریادا زۆر نزم بوو، تورکیا کارتی پ.ک.ک.ی لە دەستی سووریا وەرگرتەوە بۆ ئەوەی نەکا لە ململانێیەکەی لەگەڵ تورکیادا بەکاری بێنێ. ولاتە یەکگرتووەکان دەیویست لە ماوەیەکی کورتدا بتوانێ بزووتنەوەی کورد لە تورکیا نەرم بکاتەوە بۆ ئەوەی تورکیا ناچار بکات هەندێ لە مافەکانی کورد دابین بکات (لە بەشی داهاتوودا شرۆڤە دەکرێ). پێ دەچێ ولاتە یەکگرتووەکان وەک ئەنقەرە نەبووبێ، بگرە باشتر

تێ گەیشتبێ کە نە کێشەی کوردی لە تورکیا و نە کێشەی پ.ک.ک.ی بە گرتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان کۆتاییان نایێ. ئەندامانی پ.ک.ک. هەمیشە بە پێی ئەو ڕێنوێنییانە دەڕۆن کە ئۆجەلان لە نێو گرتیگەوە بۆیان دەنێرێ. پێش دەچێ کە گرتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە کن وڵاتە یەکگرتووەکاندا وەک تاکتیکی کش و مرد بێ. ئەستەمە لێرە لەوە بکۆڵینەوە و ئاشکرای بکەین گرتنەکەی ئۆجەلان لە ١٩٩٠یەکان، کەوا گەورەترین ڕووداوی کێشەی کورد بوو، نیشانەی ئەوەیە وڵاتە یەکگرتووەکان ڕۆڵی لە کێشەی کوردی تورکیادا هەبووە.

کۆمەڵێک یۆنانیی پاسداری ئاپۆ، کە دیارترین پاڵەوانی ئەم ڕووداوە بوون، دایان کرد و تا کینیەیان برد. سەرۆکی تیمە پاسەوانە یۆنانییەکە تێبینیی کردووە کە دەرپەڕاندنی لە یۆنان بۆ ئەوەبوو هەل بەدەست بێنن و شوێنێک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی ئۆجەلانی لێ بژی و بردنیشی بۆ نایرۆبی هەر لە سەرەتاوە دیار بوو هەرەس دێنێ. کاتێ یۆنان ملکەچی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو و ئۆجەلانی وڵاتبەدەر کرد، هەموو شتێک، لە بنج و بنەوانەوە، هەڵوەشاوە و هیچ وڵاتێکی ئەوروپایی نەیتوانی ئیدی میوانداریی سەرکردەی پ.ک.ک. بکات. پاشتر ئاشکرا کرا کە حکوومەتی یۆنان، بە سەرۆکایەتیی سی ئای ئەی ڕای گەیاند کە بە نایرۆبییدا دەبەن و لەوێشەوە بە ئاسانی، لە ١٥ی شوباتی ١٩٩٩، سەرکردەی پ.ک.ک. بۆ تورکیا بردرایەوە[٢١١].

کە یۆنان بڕیاری دا کێشەکە لەبەر دەستی هەواڵگریدا دابنێ، دۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد لەبەرئەوەی ڕێی بە سی ئای ئەی و میت دا پتر دەست لە بارودۆخەکە وەربدەن[٢١٢].

لێرەشەوە، خۆشە سەیری ئەو ناوبژیوانییە گرینگە بکەین کە لە دوای کێشەی عێراقەوە، وڵاتە یەکگرتووەکان لە نێوانی تورکیا و کورددا کردی. پێ دەچێ وڵاتە یەکگرتووەکان پرۆتۆکۆلیکی لەگەڵ حکوومەتی تورکیادا مۆر کردبێ (٤ی شوباتی ١٩٩٩) بۆ ئەوەی ئۆجەلان بە ساغ و سەلامەتی بدەنەوە دەسەڵاتدارانی تورک و ئەوانیش بە قسەی بکەن. وڵاتە یەکگرتووەکان ویستی ئەنقەرە پابەندی ئەوە بێ ئۆجەلان لە دار نەدا و مافەکانی کوردیش بدات[٢١٣]. ئەگەر بە ڕاستی ئەمە کێشەکە بووایە، دەبوو وڵاتە یەکگرتووەکان پتر خۆی بە کێشەی کوردەوە خەریک بکردایە، لەبەرئەوەی لەگینە هەر پێشکەوتنێک لە پێوەندییەکانی نێوان وڵاتە

یەکگرتووەکان و کوردی تورکیادا ببێ دوور لە ئەنقەرەوە دەبێ، کە تورکیاش بەو لایەنەوە کە دەوڵەتێکی یەکگرتووە، ڕەنگە بیەوێ هەندێ لایەنی دەرەکی دەست لە کێشەکەی وەربدەن بەڵام هێندەی ئەوەی عێراق نەبێ.

لایەنگرتنی ناڕاستەوخۆی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دادگاییکردنی ئۆجەلان و لە دارنەدانی، وەک ئەوەی لەگەڵ سەدامدا کرا، نیشانەی ئەوەیە وڵاتە یەکگرتووەکان دەیەوێ بە پێی بنەواکەی جۆرج ه. و. بوش کە لای دیموکراتیزەکردن دەگرێ، کێشەی کوردی تورکیا خاو بکاتەوە. کێشەی کوردی عێراق بەرئەنجامی زنجیرەیەک ڕووداوی بچووک بوو و پێویستی بە هاتنی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو، بەڵام سەبارەت بە کێشەی کوردی تورکیا، بەڕێوەبەرایەتی دەستی بە ناوبژیوانی کرد و سی ئای ئەیش جێی تێدا دیار بوو. بۆیە دیارە وڵاتە یەکگرتووەکان سیاسەتێکی بۆ کوردی تورکیا هەیە.

دیارە دەستگیرکردنی ئۆجەلان بە پێی پلانێکی توکمە بووە و هەر لە ٦ی شوباتەوە تورکیا دەستی پێ کرد گرتیگەی لە ئیمراڵی بۆ ئامادە کرد و لە ڕۆژانی ٧ و ٨ی شوباتیش هەشت ئەندامی ڕێکخراوی هەواڵگریی نەتەوەیی (میللی ئیستیخبارات تەشکیلاتی) و هێزی ئۆپەراسیۆنەکانی تایبەتی تورکی بە باڵەفرکەیەکی تەکاندەر ڕەوانی باڵەفرگەی عێنتیبی لە ئۆگەندا کران و لەوێوە فڕین و چوونە نایرۆبی و ئاپۆیان گرت[٢١٤]. لەو ڕۆژەی ئۆجەلان گیرا (١٥ی شوباتی ١٩٩٩) و لەو دەمی کە گرووپە تورکەکە لە عێنتابەوە بۆ نایرۆبی دەفڕین، وەزیری دەرەوەی کێنیا خەبەری باڵوێزگەی یۆنانی دا کە حکوومەت ئامادەیە یارمەتیی ئاپۆ بدا و کوێی بوێ بۆ ئەوێی بنێرێ. لە هەمان کاتدا باڵوێزگە ئاگەدارییەکی وەرگرت کە ئەگەر تا سەعات ٣٠, ٥ ی پ.ن. لە باڵوێزگە نەڕوا، دەبێ یۆنان بەرپرسیارییەتی هەرچی ئەو شەوە ڕوو دەدات، هەڵبگرێ. باڵوێزی یۆنان بژارەی بڕیارەکەی بۆ ئۆجەلان هێشتەوە، ئیتر سەرکردە گوێی بە بەرئەنجامەکانی نەدا و وەک ئەوەی ئیتالیای نەکرد و بۆ ئەوەی «گرفت بۆ دۆستەکانی دروست نەکات»،[٢١٥] بڕیاری دا لەوێ دەرچێ. ئۆجەلان گەلێک جار ڕێز و یەسنی خۆی ئاراستەی شارستانییەت و مێژووی گریک کردووە.

سەربردەکە لەوێ کۆتایی هات کە بەرپرسە کێنییەکان نەیانهێشت ستافی باڵوێزگەکە سەرکردە کوردەکە بگەیەننە باڵەفرکەکەی و تێیان گەیاندن کە بە

ئۆتۆمۆبیلێکی تر گەشت دەکا. باڵیۆزی یۆنان سەبارەت چەند هۆیەک نەیتوانی بە قسەی کاربەدەستانی کێنی نەکات، لەبەرئەوەی ئەرکەکە لە بن دەسەڵاتی حکومەتی کێنیا دابوو. دوا جار ئەو ئۆتۆمۆبیلەی ئۆجەلانی دەگواستەوە، لە کاروانەکە دابڕا و کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان و کێنیا سەرکردە کوردەکەیان دایە دەستی ئەو تورکانەی کە لە نێو باڵەفڕکەکە چاوەڕێیان دەکرد[٢١٦].

پاشتر ئۆجەلان گوتی کە دەرچوونی لە سوریا و گرتنیشی بەشێک بووە لە پیلانێکی نێیتۆ کە بە چاکی لەگەڵ ڕوسیادا گەڵاڵە کرابوو بۆ ئەوەی سندووقی دراوی ناونەتەوەیی قەردی پێ بدات و ئۆپەراسیۆنەکەش لە لەندەن پشتڕاست کرایەوە. هەروەها گوتی یاریدەری سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئاسایش، ساندی بێرگەر، بە هاوکاریی بەڕێوەبەری مۆسادی ئیسرائیلی، دێیڤد ئایرڤن، پیلانەکەی داڕشتووە. لێرە ئەوە دەر دەکەوێ کە ڕۆڵی یۆنان و هی تورکیاش لاوەکی بووە لەبەرئەوەی سەرجەلەی ڕاپەڕاندنی پیلان و ئەرکەکە وڵاتە یەکگرتووەکان خۆی کردوویەتی. هەر بۆیەش کەنعان ئیڤرین گوتی، «ئۆجەلانیان بۆ ناردین»[٢١٧].

گرتنی ئۆجەلانی دەروازەیەکی نوێی لە کێشەی کورد لە تورکیا و لە سیاسەتی هەرێمیدا کردەوە. ڕێبازی نوێی لەمەڕ پێویستیی دیموکراتیزەکردنی ڕۆهەڵاتی ناوین لە ڕێی کێشەی کوردییەوە والاتر کرد لەبەرئەوەی ئەو خۆی دیموکراتیزەکردنە و ڕێگەش بە کورد دەدات بێ ئەوەی سنوورە هەرێمییەکان بگۆڕێن ڕۆڵی گرینگ لە وڵاتەکانیاندا ببینن[٢١٨]. لەبەرئەوەی کێشەی کورد کار لە گەل و دەوڵەتەکانی ڕۆهەڵاتی ناوین دەکات[٢١٩]، ئەندامانی پ.ک.ک.ش هاتنە سەر ئەوەی پێویستە سیاسەتە دوژمنکارییەکەی تورکیا ببڕێتەوە و وا بکرێ پێشنیازەکەی کۆنگرەی پ.ک.ک. (٢٠ی یەنایری ٢٠٠٠) قەبووڵ بکات بۆ ئەوەی هەر دوو نەتەوە پێکەوە لە وڵاتێکدا پێکەوە بژین[٢٢٠].

لە ١٩٩١ تا ١٩٩٨، پ.ک.ک. گەلەک جاران خواستی کە کێشەی کورد ئاشتییانە چارەسەر بکرێ. بەڵام هێشتا تورکیا دوودڵە و نایەوێ کورد بە هاوڵاتیی تورکیا بناسێ و بە ئیتنێکی جودایان دابنێ. ئەم سیاسەتەش ناتەبای پێکهاتەی تورکیای کەمالیستە، لەبەرئەوەی یەکەتی تورکیا بە پێی بنەوای

(کەمالیزمییە) و سوپا پارێزگاریی لێ دەکات و لای سیاسەتە توندەکانی بەرانبەری کورد دەگرێ. یەکەتیی ئەوروپا لە ١٩٩٨ تورکیای بە ئەندام وەرنەگرت لەبەرئەوەی نکوولّیی لە کێشەی کورد دەکرد، ئەمەش فرە کۆسپی لە ڕێی بوونە ئەندامی تورکیا لەو کۆمەڵە دادەنا[٢٢١]. لە ١٩٩٨ کە ئەردۆغان والی ئیستانبول بوو، بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی ڕق و قینە بە ناو گەنجاندا، بۆ ماوەی دە ساڵ حوکم درا، شیعرێکی گۆکالپی بڵاو کردبووەوە[٢٢٢]. لە بارودۆخی ئەو کاتیدا بژاردە تورک ئامادە نەبوو گوێ لە خواستەکانی کورد بگرێ. تورکیا وەک وڵاتە یەکگرتووەکان بیری لە گرتنی ئۆجەلان نەدەکردەوە، بگرە دەیویست لە پەنای گرتنیەوە کێشەی کورد بنبڕتر بکات. هەرچەندە پ.ک.ک. جارێ دا کە چەک دادەنێ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە نەبووە و ستراتیجی بە سیاسیکردنی هەر پەیڕەو نەکردووە وەک لە کۆنگرەی ٧ەمیدا هاتووە[٢٢٣]. ئۆجەلانیش کە گوتی سەدەی بیست و یەکەمین سەدەی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسییە، لە ناو حکوومەتی تورکیادا دەنگی نەدایەوە.

تورکیا لەبەرئەوەی دوودڵە نەیتوانیوە کێشەی کورد چارە بکات. پاڵاوتنی تورکیا بۆ ئەوەی پلەی ئەندامییەتی لە یەکەتیی ئەوروپادا وەربگرێ و گرتنی ئۆجەلان و بانگەوازە بەردەوامەکانی پ.ک.ک. بۆ ئەوەی بگۆڕێ و هاتنە دەسەڵاتی پارتی داد و گەشەپێدان، (نۆڤێمبەری ٢٠٠٢)[٢٢٤] گەلەک زانایانی هان دا بۆ ئەوەی باسی گۆڕینی تورکیا و چوونە ناو سەردەمی دوای نەتەوەپەرستی بکەن[٢٢٥] و نەشهێڵن بنەواکانی دەوڵەت و کولتوور و نەتەوە و خاکی تورکی تێک بچن[٢٢٦]. ئەم بۆچوونەیان لە دەوڵەتی عوسمانییەوە بۆ ماوەتەوە لەبەرئەوەی ئەو خۆی بە گەورەی خەڵکی لە قەڵەم دەدا[٢٢٧]. بۆچوونی زۆر هەیە کە کێشەی کوردی تورکیا بەم جۆرە گۆڕانکارییە لاوەکییانەوە چارە ناکرێ.

ڕێبازی سەرەکی ئایدیۆلۆجیای تورک پێی وایە ناسینی کورد یان هەر نەتەوەیەکی غەیرە تورک، وەک جوودابوونەوەیە و ئەمەش بە پێی برگەی ٣٠١ی یاسای سزادانی تورکیا سزا دەدرێ[٢٢٨]. لەشکری تورکیش کە خۆی بە پارێزەری کەمالیزم دەزانێ، قایل نییە ئەم بنەوایە نەمێنێ. پێ دەچێ هەر گۆڕینێک دەست لە پێکهاتەی کەمالیستیی دەوڵەت بدات یان ڕۆڵی سوپا لە سیاسەت کەم بکاتەوە، نەکرێ. سیاسەتی شەڕاوی و توندوتیژی تورک لە بەرانبەری کورددا هێشتا پتر

بناخەی دیموکراتیزەکردن هەڵدەتەکێنێ و کورد و تورک لە شەڕێکی بێ کۆتاییدا دەئاڵێنێ.

گوێ نەدانی تورک بەو هەموو بانگەوازانەی کە پ.ک.ک. لە ١٩٩٩وە بۆ ئاشتی دەیانکا، ململانێی نێوان تورک و کورد درێژ دەکاتەوە[٢٢٩]. دیاریشە تورک نایانەوێ کورد بێنە مەیدانی سیاسەت و کاری سیاسیی خۆیان بکەن، هەر لەبەر ئەمەش بوو کە لە ١٩٩١ (هەپ)ی قەدەغە کرد و لە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٩٥ (دەپ)ی قەدەغە کرد و پاشتریش هادەپی هێنا ڕیز و ئینجا هەر بەردەوامیشە.

سەرۆکی دادگەی بالای تێ هەڵچوونەوەی تورکیا سامی سەلجوق باسی ئەوەی کرد کە سیستمی سیاسیی تورک پێویستی بە گۆڕین هەیە و گوتی لە تورکیا دیموکراسی نییە[٢٣٠]. هەروەها گوتی، نەنگییەکە لە دەوڵەتی تورکیا خۆیدا نییە، بگرە لەوەدایە کە دەستوورەکەی هیچ ڕەوایی (شەرعییەت)ێکی نییە[٢٣١]. ئۆجەلانیش لە ١٩٩٩ بە هەمان شێوە گوتی، کێشەی کورد لە تورکیا بێ هاوئاهەنگیی تورک چارە ناکرێ و دەوڵەتی تورکیاش بێ پ.ک.ک. و بێ چارەکردنی کێشەی کورد، ناتوانێ یەک هەنگاویش پێش کەوێ[٢٣٢]. بۆیە پ.ک.ک. دوو تیمی بۆ تەتەڵەکردنی کێشەکە پێک هێناوە تا دیموکراتییانە چارەی بکەن[٢٣٣]. ئامانجەکە ئەوەیە دان بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا بندرێ و نەتەوەی تورک و کورد یەک بخرێن و چاکسازی سەبارەت بە ئازادیی هزر بکرێ و جەندرمەی تورک هەڵوەشێتەوە و لێبوردنی گشتی دەربکرێ و پلانێکیش ڕێک بخرێ بۆ ئەوەی گوندنشینەکانی باشووری ڕۆهەلات بۆ سەر زێدی خۆیان بچنەوە[٢٣٤]. پ.ک.ک.یش لەلای خۆیەوە چەک دادەنێ، بەلام هەر بۆ دڵنیابوون هەندێک هێز دەهێڵێتەوە. مەرجی پیادەکردنی هەموو ئەم کێشانە ئەوەیە تورکیا واز لە سیاسەتی شەڕ بێنێ. بەلام تورکیا لە وەلامی ئاشتییانەی پ.ک.ک.دا هێرشی پتری بۆ سەر شۆڕشوانانی بزووتنەوەکە برد[٢٣٥].

لە ١٩٩٠ەکانەوە ولاتە یەکگرتووەکان پێوەندییەکی توندی لەگەڵ کوردی عێراقدا هەیە و لە ٢٠٠٠ەوە پەرەی سەندووە و سیاسەتێکی ڕاستەوخۆی ولاتە یەکگرتووەکانی لە بەرانبەری کورد گەلاڵە کردووە کە لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان تێکەڵییەکی دامەزراوی لێ پەیا بێ[٢٣٦]، کەچی مادلین ئۆڵبرایت دەروازەی پێوەندیی لەگەڵ ئێراندا والا کرد تا متمانەی هاوبەش لە نێوانیاندا پەیا

بکات و ناتێکەیشتنی نێوانیان نەهێڵێ و لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا رێک بکەون ... ئەم نەخشەرێییەی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکان (١٧ی تەموزی ١٩٩٨) هێشتا پتر کێشەی کوردی ئێرانی پەراوێز کرد[٢٣٧]. دوای ساڵێک ئەو تۆمەتانەی وڵاتە یەکگرتووەکان ئاراستەی پ.ک.ک.ی کرد گۆیا پشتیوانیی ئێران دەکات، کێشەی کوردی ئێرانی فەرامۆشتر کرد[٢٣٨]. وڵاتە یەکگرتووەکان لەبەرئەوەی دوژمنداریی سووریای دەکرد و بە هەرەشەیەکی هەرێمیی لە قەڵەم دەدا سەبارەت بەوەی کۆنترۆڵی کۆمەڵی کوردی دەکرد و مافە شارستانییەکانیانی پێشێل دەکرد، وڵاتە یەکگرتووەکان هیچ سەنگێکی لە کێشەی کوردی لە ناو سوریادا نەبوو. لە دوای ١٩٩٨، کە تورکیا هەڕەشەی شەڕی لە سوریا کرد ئەگەر واز لە پ.ک.ک. نەهێنێ، پ.ک.ک. چیتر پاڵپەستۆی لە چالاکە کوردەکانی ئەوێ نەکرد تا ڕەخنە لە سەرکوتکاریی ڕژیمی بەعس بگرن و ئەمەش گرژیی نێوان کوردەکانی سوریا و ڕژیم نەهێشت[٢٣٩]. لەبەر ئەمە بووە کوردەکانی سووریا تا سەدەی بیست و یەکەم چالاکییان نەبووە.

لە تورکیاش زنجیرەک ڕووداو بۆ ماوەیەکی کاتی کێشەی کوردی کز کرد و تەوژمی بزووتنەوەکەشی خاو کردەوە. گەشەکردنی پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و تورکیا ڕێی لە بەڕێوەبەرایەتی گرت پاڵپەستۆی لێ بکا تا چاکسازی لە سیاسەتی کوردیی خۆیدا بکات. دەرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە سوریا لە ٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٨ لەبەر ئەو هەڕەشانەی تورکیا لە سوریای کرد و پاشانیش کە سیخوڕەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان گرتیان و بە پشتیوانیی دەسەڵاتدارانی کێنیا لە ١٦ی شوباتی ١٩٩٩ دایانەوە دەسەڵاتی تورکیا، نیشانەیەکی دیار و خاڵێکی وەرگەڕانی مێژوویی خەباتی گەریلا کوردەکانی تورکیایە. هەرچەندە پ.ک.ک. لە کۆنگرەی حەوتەمینی خۆیدا بڕیاری گرینگی دا، بەڵام هێشتا تورکیا لە سیاسەتە دوژمنکارانەکانی خۆی نەکەوتووە[٢٤٠]، چوارەم گەورەترین هێرشی لەشکریی بۆ سەر بنکەکانی پ.ک.ک.ی لە باکوری عێراق لە ٥ی ئایاری ٢٠٠٠دا هێنا[٢٤١].

لە لایەنی سیاسیی تورکەوەش، ئەوە بوو پارتی ڕەفا لە حوزەیرانی ٢٠٠١دا داخرا و حیزبی سەعادە هەستا و پاشانیش پارتی ڕیفۆرمیستی ئەردۆغان کە داد و گەشەکردنە مەیدانی گرت. تەنگژە داراییەکەی سەردەمی حکوومەتەکەی

ئەجەوید ولاّتی گرتەوە، لە هەڵبژاردنەکانی ٣ی نۆڤێمبەری ٢٠٠٢دا دەسەڵاتی بە پارتی ئا.ک.پ. ڕاسپارد. هەرچەندە ئەم پارتە سیاسەتێکی لیبراڵ پەیڕەو دەکات و قامکێک چاکسازیی لە ئابی ٢٠٠٢دا[٢٤٢] دیار خستووە و هەوڵی داوە (وەک دەوڵەتی عوسمانی) زاووزێ بە عیلمانییەت و نەریتە ئاینییەکانی بکات، بەڵام بۆچوونە ئیسلامییەکانی ئەردۆغان وا دەخوێندرێتەوە کە هەموو هاولاّتیان بە ئیسلام دەناسێ و ڕێگەی هەر هەوڵێک دەگرێ ئەگەر بۆ جودابوونەوە لە سەر بناخەی ئیتنیدا بدرێ. هەرچەندە دۆخی کورد لە تورکیا لە سەدەی بیست و یەکەمیندا، لە جاران باشتر بووە بەڵام سوپا ترسی ئەوەی هەیە ئەم پارتەی ئەردۆغان ببێتە ئەسپی تەروادەی کاربەدەستانی تورکیا و بێن چاکسازیی پێوە بۆ تورکیا بێنن، ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەردۆغان ئازادیی تەواوی نییە بۆ ئەوەی پڕ بە پێستی خۆی کار بکا. جگە لەمەش، کاربەدەستانی تورک هێشتا ئەو چاکسازییانەیان لە بیرە کە لە سەدەکانی هەژدەمین و نۆزدەمیندا کران و دەوڵەتی عورسمانییان تێیدا ڕووخا. هێشتا بە هزری کاربەدەستان، ناسینی مافەکانی کەمینە هەڕەشە لە دەسەڵاتی زۆرینە و یەکێتیی دەوڵەت دەکات[٢٤٣] و لەبەرئەوەی لە دوای شەڕی ساردیشەوە دەوڵەت پڕ هێزتر بووە، ئەمە هێشتا ئاشتبوونەوەی تورکیای لەگەڵ کورددا ئەستەمتر کردووە[٢٤٤]. گوربەی دەڵێ، لە تورکیا ئەگەر ڕێبازی کەمالیستی بە پێی بەهایەکانی دیموکراسی شرۆڤە بکرێن و دیموکراسییەکی لیبراڵ بە گوێرەی حوکمی یاسا لە شوێنی ئەو بەهایانەدا دابندرێن، ئەو کات بناخەی کۆمەڵێکی کراوە لە تورکیا دەچەسپێ[٢٤٥].

٣ –٤ سیاسەتی دەرەوەی ولاّتە یەکگرتووەکان لە سەدەی بیست و یەکەمیندا

لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمەوە سەرۆکی ولاّتە یەکگرتووەکان جۆرج هـ. و. بەش (٢٠ یەنایری ٢٠٠١ ٢٠ یەنایری ٢٠٠٩) بۆ پێنجەمین جار سیاسەتی دەرەوەی ولاّتە یەکگرتووەکانی گۆڕی و بە ئاشکرا خۆی لە ڕۆهەڵاتی ناوین وەردا و لەبری ئەوەی ناوەناوە و لێرەو لەوێ پەلامار بدات، هێزی سەرتاسەریی بەکار برد. پەلامارە تیرۆریستییەکەی ٩/١١ سەراوی سیاسەتێکی نوێی هێنا و هەندێ لایەنی لە جاران کاریگەرتر کرد و سیستمی ناونەتەوەیی دووبارە ڕێک خستەوە. شەڕی تیرۆریزم کەوتە تۆقەڵانی ئەجێندای سەرۆک بوش و بووە هۆی ئەوەی دووبارە و بە

جۆرێکی بنەڕەتی بە ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا بچنەوە. بوش پێی وابوو ئەگەر ئازادی و دیموکراسی لە هەرێمەکەدا بەرپا بێ وادەکا سەقامگیریش ببێ و ئەمەش ئێستە بووەتە هزرێکی نوێ [٢٤٦].

شەڕی ئازادکردنی عێراق لە ئۆتۆکراسیی سەدام، لە ئاداری ٢٠٠٣دا، تۆقەڵانی سیاسەتی تێوەگلانی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو کە بە بیانووی چەکە کۆمەڵکوژەکانەوە کرا و بەکارهێنانی هێزی ڕەوا کرد و سەردەمێکی نوێی لە پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کوردی عێراقدا دەست پێ کرد. لە کاردانەوە، بەرانبەر بە کردەوە تیرۆریستییەکانی پێوەندییان بە چەکی کۆمەڵکوژییەوە هەبوو، وڵاتە یەکگرتووەکان گوێی بە هیچ مەترسییەکی نوێ نەدا. بەڕێوەبەرایەتیی کلینتۆن پێشتر لە ١٩٩٣، تووشی پەلامارە سەرنەکەوتووەکانی تیرۆریستان لە نیویۆرکدا بووەوە و لە کۆبوونەوەیەکی ٢ی دیسێمبەری ٢٠٠٠، کلینتۆن بە جۆرج هـ. و. بوشی گوت، «... تێ دەگەی کە بن لادن و ئەلقاعیدە گەورەترین هەڕەشەن کە ڕووبەڕووت دەبنەوە. لە سەردەمی سەرۆکایەتیی خۆمدا داخی ئەوەم هەیە کە هەرچەندە هەوڵم دا، نەمتوانی بۆتی بگرم» [٢٤٧]. بەم پێیە تەنیا یەک حەوتوو لە دوای ڕووداوی ٩/١١ وەزیری بەرگری دۆنەڵد ڕەمسفیڵد، یەکەم بەڕێوەبەری ئاسایشی نەتەوەیی (بەڕێوەبەرایەتیی سەرۆکایەتیی ژمارە ٩، لە ٤ی سێپتێمبەری ٢٠٠١) ڕاگەیاند ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بوو «بە هەموو هێزێکی وڵاتەکەوە هەوڵ بدات ئەلقاعیدە و تۆڕە تیرۆریستە هاوپێوەندەکانی نەهێڵێ» [٢٤٨]. لە دوای ٩/١١ش جاڕی دا کەوا «ئازادی و دیموکراسی پەلاماریان دراوە... ئەمە شەڕێکی گەورەیە لە نێوانی چاکە و خراپەدا بەرپا بووە... بەڵام چاکەی تێدا زاڵ دەبێ» [٢٤٩]. تا سەرۆک بوش لە سەرۆکایەتیدا مابوو، ترسی تیرۆریستان لە ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەیدا هەر هەبوو.

لەبەرئەوەی بوش نەیتوانی نەیارە توندەکانی و ئەو پارێزەرە نوێیانەی لای بەرانبەریان گرتبوو و لۆبیی ئسرائیلیش، ڕیچەرد پێرڵ و هارۆوڵد ڕۆود [٢٥٠]، قایل بکا، بۆیە نەیتوانی سیاسەتێکی درێژخایەن ساز بدات. بەیانی بنەوای ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی لە (٢ی سێپتێمبەری ٢٠٠٢) بە زۆری باسی شەڕی دژە تیرۆری تێدا بوو، کەچی لە گوتاری فەرمیی یەنایری ٢٠٠٢دا، باسی

تەوەری شــەیتــان Axis of Evilی کـرد کــە بە شـێـوەیەکی نا فــەرمی دەوڵەتە لاملەکانی دەسـتنیشـان کـرد و ئەمـەیشی پێـوەندیی بە چەکی کۆمـەڵکوژییـەوە هەبوو[٢٥١]. ئینجا بەڕێوەبەرایەتیی بوش تیـرۆریزمی بە چەکە کۆمـەڵکوژەکـانەوە لکاند و بۆ ئەوەی عێـراقی غـەزو کـرد. لەبەرئەوەی سـیاسـەتەکانی سـەدام و هی کـوردیش پتـر هانی ئەم گـۆڕانکارییـانەیان دا، بایەخـیـان پێ درا. پێ دەچێ کـە ئەجێندای سیاسـەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی تایبـەت بە ڕۆهەڵاتی ناوین لە سـەردەمی سـەرۆک بوشـدا، بە پێی گـۆڕانەکـان شـێـوەی بۆ سـاز دەکـرا. ئەوەی هێشـتا پتر سـەرنج بۆ خـۆی دەبا، ئەوەیە کە کورد، وەک بزوێنـەرێکی بێ دەوڵەتی گۆڕینی دیمـوکراتی، بوونەتە یەکێک لەو هێزە کاریگەرانەی لە سیاسـەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکـاندا فـرە ڕەنگیـان داوەتەوە و بەم جۆرەش کـاریان لە سـیاسـەتی ناونەتەوەییـشـدا کـردووە. ئەو بەشـانەی لەمـەو دواوە دێن، زەین لە پێـوەندییـەکانی نێــوان وڵاتە یەکگرتووەکــان و کــورد دەدەن و ژێگە ناوەخــۆییــــەکــان و پێشـەوەچوونەکانی کورد لە هەر یەک لە وڵاتە هـەرێمییـەکاندا شرۆڤە دەکەن باسی ئەوەش دەکەن چۆن لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان کار لە یەکتریدا دەکەن.

لە ســـەردەمی ســـەرۆک جـۆرج هـ. و. بوشــدا، شـەڕی دژە تیــرۆر ڕەنگـی لە سـیاسـەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی تایبـەت بە عێراق دابووەوە و وڵاتە یەکگرتووەکان دەیویست بەهـایەکانی خـۆی و ئازادییەکان بەو شـێوەی کـە خـۆی لە دیموکـراسی دەگا بڵاو بکاتەوە و دنیا بە پێی مـانەویەتی بە سەر چاک و خـراپدا دابەش بکات و بە گــوێرەی ئـایدیۆلـۆجـیــای پارێزگــارە تـوندڕۆیەکــانیش ئەوە بکـات. ئەم بـنەوا ئایدیۆلۆجییـانە لۆبیی جـوولەکـە بە هاریکاریی سـەرۆکی کـۆنگرەی نیـشـتـمـانیی عێـراق، ئەحـمـەد چەلەبی هاتنە گـۆڕێ، بیـانووشـیـان ئەوە بوو «سـەدام هەڕەشـە لە مـانی ئیسـرائیل دەکـات»[٢٥٢]. بەم جـۆرە ئەو کـۆمـارییـانەی بە لای شـەڕەوە دەچوون کە لە دژی سـەدامدا بکرێ و پشـتیـوانیی کوردیان دەکـرد، بە سـەر دیموکـراتەکاندا زاڵ بوون[٢٥٣]. بۆ ئـەم مـــەبەســـتـــەش کــۆنگریـسی وڵاتـە یەکگـرتووەکـــان لە ٢٩ سێپتێمبـەری ٢٠٠٠دا بەهـای ٤ ملیۆن دۆلار و لە ٦ی نۆڤێمبـەری ٢٠٠٠یشدا، ١٨ ملیۆن دۆلاری تری بۆ کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق مسۆگەر کرد بۆ ئەوەی زانیاری سـەبارەت بەو کارەسـاتانە کۆ بکاتەوە کە سەدام کـردبوونی[٢٥٤]. سـاڵی پاشـتریش کۆنگریس ٢.٧ ملیۆن دۆلاری تری پێی دا بۆ ئەوەی سـاتێلایتێک بکاتەوە لە لەندەن

وەشانی دەکرد[٢٥٥]. هەرچەندە کۆنگریسیش وەک بەڕێوەبەرایەتی پشتیوانییەکی چڕی لە ڕووخاندنی سەدام کرد، بەڵام مشتومڕێکی زۆر لە بارەی ئەوە هەبوو ئاخۆ کێ ئەم کارە ڕاپەڕێنێ[٢٥٦].

هەرچەندە وەزارەتی دەرەوە پێوەندیی بە کۆنگرەی نیشتمانی عێراقەوە دەکرد و کۆنگریسیش لای دەگرت، بەڵام سی ئای ئەی هەر هاریکاریی ویفاقی وەتەنیی عێراقیی عەلاویی دەکرد[٢٥٧]. بۆیە لە ٣١ی تەمووزی ٢٠٠٢ و ١ی ئابی هەمان ساڵدا، کۆمیتەی پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی پیران گوێگری سیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکان سەبارەت بە عێراق بوو[٢٥٨]. کە کۆنگریس بڕیاری دا هێزی ولاتە یەکگرتووەکان لە دژی عێراق بەکار بێنێ (١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢) و بوشیش، بە هاندانی سی ئای ئەیەوە، جاڕی دا کەوا عێراق ڕێکەوتنەکەی لەگەڵ ئەنجوومەنی ئاسایشی ناونەتەوەییدا پێشێل کردووە (١٨ی نۆڤێمبەری ٢٠٠٢)، سەرەتای سیاسەتی گۆڕینی ڕێژیمی بە هێزی دەرەکی نیشان دا و دەستپێکی سەردەمی دوای سەدامیش هات[٢٥٩]. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە بوش گوتی، (گۆڕینی ڕژیم) بە هێز ... تاکە ڕێگەیە بۆ ئەوەی نەهێڵین عێراق چەکە کۆکوژەکانی دابکات[٢٦٠]. کورد تاکە هاوپەیمانی بەکەڵک بوون بۆ ئەوەی بەشداریی گۆڕینەکە بکەن. بە قسەی سەرۆکی کورد، مەسعوود بارزانی، کورد ناتوانن، نەهێڵن ئەمەریکاییەکان پلانەکەیان جێبەجێ بکەن[٢٦١]. کە ولاتە یەکگرتووەکان گەیشتە ئەو ڕاستییەی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقیی ئەحمەد چەلەبی ناتوانێ ڕێژیم بگۆڕی، بڕیاری دا خۆی دەستوەکەریی لێ بکات و ولاتەکە داگیر بکا[٢٦٢]. ئەم هەموو هەلومەرجانە بوون کە لە دوای ٩/١١ەوە پێوەندییەکانی نێوان ولاتە یەکگرتووەکان و کوردیان بە پلەی چوارەم گەیاند[٢٦٣].

لە ناوەڕاستی ٢٠٠٢، بەڕێوەبەری پرۆگرامی دژە تیرۆر و ئەندامی ئەنجوومەنی پێوەندییەکانی دەرەوە، وارن باس، لە توانجێکدا گوتی، «ئێمە ئاگامان لێیە (سەدام) گەرەکییەتی بۆمبەکە وەدەست بێنێ و دەشزانین چەکی کیمیاییی لە دژی سەربازانی ئێران و سیڤیلەکانی خۆیشیدا بە کار هێناوە». بە بۆچوونی ئەو، «سیاسەتی عەرەبی بێ سەدام فرە باشتر دەردەکەوێ ئەگەر بە ڕێکی بکرێ». پێنتاگۆن و بەڕێوەبەرایەتی و وەزارەتی دەرەوە بە تەواوەتی لە سەر ئەوە ڕێک بوون کە سەدام لە عێراق نەهێڵن[٢٦٤].

هەرچەندە دەڵێن کە ٩/١١ هۆی پەیدابوونی هەڵوێستێکی توندتری سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو، بەڵام بڕیاری بەڕێوەبەرایەتی بۆ گۆڕینی سەدام نوێ نەبوو، بگرە هەر لە دوای شەڕی دووەمی کەنداوییەوە ئەمە لە ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بووە. هەرچەندە ٩/١١ سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی لە بەرانبەری سەدامدا ڕشتتر کرد، بەڵام خۆ دیارە کە هەر کردیانە بیانوویێک بۆ لادانی ئەگینا هۆی گۆڕینی سیاسەتی دەرەوە نەبوو. لە سەردەمی بوش سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوە بوو بارەکەی لێ گرژتر بکات بۆ ئەوەی بەرژەوەندە هەرێمییەکانی خۆی بپارێزێ. بۆ نموونە، بەکارهێنانی هێز لە کاتی پێویست و پەلاماردان بۆ لە ناوبردنی چەکی کۆمەڵکوژ لە سەردەمی ئێزنهاوەرەوە هەر هەبووە [٢٦٥]، کەچی بەڵگەنامەی ڕێنوێنی پلاندانانی بەرگریی ١٩٩٢ بۆ لەناوبردنی هەر ڕکەبەرێک دەکارهێنا[٢٦٦]. سیاسەتی بوش ئەوە بوو ڕاستەوخۆ هێز بۆ بنیاتنانی دیموکراسی لە هەرێمەکە و لادانی سەرتاسەری بەکار بێنێ. بۆیە لێرە دەکرێ بگوترێ کەوا سیاسەتی ئەمەریکای تایبەت بە عێراق بە قوربانیی ئەو شەڕە بوو کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە دژی تیرۆریزمدا دەیکرد[٢٦٧].

ئەگەر شەڕی دژە تیرۆر سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان تایبەت بە عێراقی دارشتبێ، ئەوە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبەری سەدامدا پێوەندیی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردی عێراقی پرهێز کرد. لە نیسانی ٢٠٠٢، سەرکردەکانی کورد بە نهێنی بانگێشتنی وڵاتە یەکگرتووەکان کران بۆ ئەوەی لەوێ بابەتی ڕووخانی سەدام تەتەڵە بکەن و ئەمەش ڕێگەی «گۆڕینی ڕژیمی» خۆش کرد[٢٦٨]. یەکەم گردەوەبوونی فەرمیی بزووتنەوەی نیشتمانیی عێراق و بریکاری ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و لایەنگری پێشووی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق، وێین داونینگ[٢٦٩] لە شوباتی ٢٠٠٢ کرا و پاشتریش وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد[٢٧٠] بە نهێنی لە ئەڵمانیادا کۆبوونەوە و بابەتی سەربازیی کورد و توانستە هەواڵگرییەکانیان باس کرد[٢٧١]. لەبەر ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەو یارمەتییە لۆجستییانەی پێشکێش نەکرد کە پێشتر پەیمانی دابوو، بارزانی متمانەی بە وڵاتە یەکگرتووەکان نەبوو و بۆ ئەو گردبوونەوانەش نەهات لەبەرئەوەی نەیدەویست دیسان وڵاتە یەکگرتووەکان

نە وەک پێشان خیانەتیان لێ بکاتەوە نە خۆیشی تووشی کردەوەیەکی سەربازی بکات[٢٧٢]. بەڵام جەلال تاڵەبانی لە بەرانبەری وڵاتە یەکگرتووەکاندا پلانەکانی زۆر ئەرێنیتر بوو[٢٧٣].

لە دوای کۆنفرانسی سێیەمی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقەوە، تیمێکی پێنتاگۆن، بە مەبەستی تێگەیشتن لە بارودۆخی مێلیشیای کوردی، لە تەمووزی ٢٠٠٢دا، سەردانێکی باکوری عێراقیان کرد[٢٧٤]. دانیشتنی یەکەمی پەرلەمانی کوردی لە ٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢، کە کۆلن پاوڵ و دانیێل میتران ئامادەی بوون، پلەی کوردی لە سەرتاسەری دنیادا بەرز کردەوە[٢٧٥]. کورد و وڵاتە یەکگرتووەکان کۆبوونەوەیەکیان لە دیسێمبەری ٢٠٠١دا کرد. کورد (چەلەبی* و زێباری نوێنەریان بوون) و لە لایەنی وڵاتە یەکگرتووەکانیشەوە (نیگرۆپۆنتی و بریکاری وەزیری دەرەوە گرۆسمەن) ئامادە بوون. کۆنفرانسی ئۆپۆزیسیۆنی نیشتمانیی عێراق، ئەندامی باڵای کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق بوو لە لەندەن لە دیسێمبەری ٢٠٠٢دا کرا و کۆبوونەوەی دواتر لە سەلاحەدین لە شوباتی ٢٠٠٣دا، بە شێوەیەکی کاریگەر نەخشەڕێی ئازادکردنی عێراقیان لە سەدام دانا. کۆنفرانسەکەی لەندەن کە لە هەموویان گرینگتر بوو، بناخەی ئامادەکارییەکانی شەڕی ٢٠٠٣ و پێناسەی عێراقێکی دیموکراسی[٢٧٦] و بنەواکانی فیدرالیزمی دانا، ئەمانەش هەموویان، بە قسەی سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە دوای شەڕەکە لە لایەنی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە پشتگوێ خران[٢٧٧]. بڕیاری پەلاماردانی عێراق فرە لە هەموو هێزە کاریگەرە دەوڵەت و نادەوڵەتەکانیش هێزدارتر بوو.

٤- بەرەنجام

شرۆڤە کردنەکانم بە پێی بەڵگەی ئەزموونی و کاریگەرییان لە پێکهاتەی ناونەتەوەیی و هەرێمی و نیشتمانی و ڕێبازی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەنجام داون. بۆ هەڵدانەوەی پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد، سوودم لە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبەری وڵاتە هەرێمییەکان و

---

* چەلەبی نوێنەرانی کورد نەبووە ڕەنگە ئەمەش هەڵەیەکی تر بێ کە دانەر تێی کەوتووە. (مامکاک)

سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان تایبەت بە ڕۆهەڵاتی ناوین وەرگرتووە. ئەوەشم شرۆڤە کردووە چۆن سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبەری کورد بە گوێرەی کات و شوێنەکەیەوە گۆڕاوە و پلەیەکی تایبەتیشم بە کورد، وەک هێزێکی کاریگەری نا دەوڵەت داوە و بە دیاریشم خستووە چۆن هاریکاریی وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردی عێراق لە یارمەتیی مرۆییەوە دەستی پێ کردووە و پاشان لە دوای داگیرکردنی کوێت لە لایەنی سەدامەوە، بنچینەی پێوەندییەکان پێک هاتوون.

باسی ئەوەشم کردووە کە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دوای شەڕی دووەمی کەنداو گۆڕاوە و بنەوای پێوەندییەکی دامەزراوەیی لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد لەو کاتەدا ساز بووە و ئاماژەشم بۆ تەنگژەی پەنابەرانی کورد و ناوچەی ئارام و یارمەتیی تورکیا و فەرەنسا کردووە و ئەوەشم بەیان کردووە چۆن پاشتر حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دامەزراون و چۆنیش تێکەولێکەی فەرمی لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردی عێراقدا لە ئەنجامی دروستبوونی ئەم دوو دامەزراوەدا پەیدا بووە. ئەوەشم گوتووە کە وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بە هاوپەیمان هەبووە بۆ ئەوەی ڕژیم لە بەغدادا بگۆڕێ و بۆ ئەمەش ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیی هان داوە تا زنجیرەک کۆنفراس لە ١٩٩٠ەکاندا ڕێک بخات و کوردیش لەو کۆنفرانسانەدا هەمیشە لایەنی هەرە باڵا بوونە. ئەو پشتیوانییە چاکەی کورد لە سیاسەتی گۆڕینی ڕژیمدا کردیان و ئەوەش کە لە دوای شەڕی سێیەمی کەنداودا، بە چاکی پارسەنگی دەسەڵاتیان دا، وایان کرد وڵاتە یەکگرتووەکان سیاسەتێکی کوردیی ڕێکوپێک بۆ سەدەی بیست و یەکەمین ساز بدات. بۆ ئەوەش ڕێشمەی ئەو گێرەشێوێنییەی لە دوای ڕووخانی سەدام لە عێراق ڕووی دا، بگرێتەوە، وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بوو سیاسەتێکی کوردی پەرە پێ بدات.

پەیامی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ دیموکراتیزە و ئارامکردنی هەرێمەکە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ناچار کرد سیاسەتی کوردی لە سەدەی بیست و یەکەمیندا ساز بدات. لە ١٩٩٠ەکاندا وڵاتە یەکگرتووەکان دوو جار ڕاستەوخۆ دەستی لە کێشەی کورد وەردا، یەکەمیان بۆ ڕاگرتنی شەڕی ١٩٩٤–١٩٩٨، ناوبژیوانیی پ.د.ک. و ی.ن.ک.ی کرد و دووەمینیشیان ئەوە بوو لە ١٩٩٩

سەرۆکی پ.ک.ک.ی گرت. ئەم هەردوو کردەوانە سەرچاوەی پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی لەگەڵ کوردی عێراقدا هەڵداوە و ئاشکراشی کرد کە وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ یەکەم جار خۆی دەست لە کاروباری کێشەی کوردی تورکیا وەردەدا.

ڕووداوەکانی ٩/١١ و سیاسەتەکانی دەرەوەی جۆرج هـ. و. بوش کە لە پاشی کلینتۆن هات، ڕوونی کردەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکان نەک هەر سیاسەتێکی ڕاشکاوی بۆ کوردی عێراق ساز داوە، بگرە لە ئاستی تیۆریشدا کاریگەرییەکی زەقی هەیە. ناشێ بڵێین وڵاتە یەکگرتووەکان سیاسەتی بۆ سەرجەم کورد ساز داوە لەبەرئەوەی هەر کێشە و شێوە سیاسەتێکی تایبەتی بۆ پەیڕەو دەکات و لە چوارچێوەی ڕۆهەڵاتی ناوینیشدا دەخولێتەوە.

کاریگەریی کێشەی کورد لە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی تایبەت بە ڕۆهەڵاتی ناویندا چاک دیارە و پێوەندییەکە ژیرانە ڕێک خراوە. لە ١٩٩٧، مایکڵ گەنتەر پێشبینیی کرد کە کێشەی کورد داهاتوویێکی زۆر ڕوونی دەبێ و پێشکەوتنی گەورە لە هەرێمەکە دەبن و باسی سەرچاوە سروشتییەکانی هەرێمەکەی کرد و ئەم ڕۆڵەش هێشتا گرینگتر دەبێ کاتێ کێشەی عەرەب و ئیسرائیل دەبڕێتەوە.

193- 'Ankara displeased with US statement addressed to PKK', Hurriyet (18 August 2006).

194- Interview by the researcher with Qubad Talabani, KRG Representative in Washington DC (Washington DC, 9 March 2008).

195- Interview by the researcher with Michele Siders, Deputy Director Office of Iraq Political Affairs, Bureau of NEA (Washington DC, 6 March 2008).

196- Francis J. Ricciardone, 'An American Diplomat's Perspectives on Kurds in the global arena', remarks presented at Conference on The Kurds: Search for Identity,

17–18 April 2000, American University: Centre for Global Peace, Washington DC.

197- Official talks between the KRG and Turkey were backed by 19 British Members of Parliament from all three main political parties who signed a motion; see 'British MPs welcome recent KRG–Turkey talks' (13 May 2008), http://www.krg.org/articles/detail.asp?smap=02010100&lngnr=12&asnr=&anr=24187&rnr=223

198- Interview by the researcher with Massoud Barzani, President of KRG and KDP Iraq (Salahaddin, 23 June 2007).

199- An official inspector – former General Claude Kicklighter – has been sent by the Pentagon to Turkey to investigate charges that US-owned weapons have been making their way into PKK hands in Northern Iraq'; see 'US officials on trail of missing weapons in Ankara', Hurriyet (28 September 2007). Another article stated that, 'Erdo_an, who noted that PKK forces using American weapons have been captured, said that he was very worried that no advances on this subject had been made recently'; quoted in 'Erdo_an: Method and timing of Saddam's execution were wrong', Hurriyet (4 January 2007). In addition, representatives from the PKK-affi liated Democratic Solution Party (KDCP) told an American magazine that, 'The PKK has steered away from Marxist ideology, and has now become heavily pro-American'; cited in 'The PKK is pro-America', Hurriyet (24/June/2007).

200- Characteristically the KRG's PM has declared that the 'Kurdish policy is in the hands of the US and UK', Interview by the researcher with Nechirvan Barzani, Prime Minister of KRG (Erbil, 23 April 2007).

201- (Voice of Kurdistan, Magazine of the National Liberation Front of Kurdistan) (Athens, February–March 1996), p. 24.

202- Hakan M. Yavuz, 'Search for a New Social Contract in Turkey: Fethullah Gulen, the Virtue Party and the Kurds', SAIS Review, Vol. 19, No. 1 (The Johns Hopkins University Press, 1999), pp. 127–28.

203- Washington Institute for Near East Policy, 'Oral Testimony of Alan O. Makovsky in House of Representatives Committee on IR' (Washington DC, 28 March 1996)

204- Yavuz, 'Search for a New Social Contract ... ', op. cit., pp. 157–58.

205- Ebru Bulut, 'The social grammar of populist nationalism', Turkey beyond Nationalism: Towards Post-Nationalist Identities (London: I.B. Tauris, 2006), p. 133.

206- Yavuz, 'Search for a New Social Contract ... ', op. cit., p. 136.

207- Ibid, p. 158

208- Clinton, William J., 'The President's News Conference with Prime Minister Tansu Ciller of Turkey', Public Papers of the Presidents (US Government Printing Office, 15 October 1993), http://frwebgate5.access.gpo.gov/cgi-bin/

waisgate.cgi?WAISdocID=66950614869+2+0+0&W.

209- Ibid.

210- Aykan, Mahmut Bali, 'The Turkish–Syrian Crisis of October 1998: a Turkish View', Middle East Policy, 6(4) (June 1999): p. 180.

211- 'The submissive policies of Simitis to the US date back to the crisis of Imia between Greece and Turkey and US interference in order to resolve the dispute between the two states. However, according to military experts such a stance was considered on the Greek side as quite unnecessary at a time when the country's defensive position

and its preparation to confront any dangers were by any means problematic. Therefore, the crisis was considered by the experts as mismanagement on the part of the Greek government which tarnished the country's status and resulted in political stagnation'; Savvas Kalederidis, ('How Apo was captured', The capture of Ocalan: the time of the truth) (Athens: Infognomon, 2007), pp. 210–12.

212- Ibid.

213- Ibid, p. 212

214- Ibid.

215- Ibid, pp. 210–12.

216- Ibid.

217- Ocalan's diary, Imrali, (Voice of Kurdistan, Magazine of the National Liberation Front of Kurdistan) (Athens, 25 November 1999), pp. 26–27.

218- (Voice of Kurdistan, Magazine of the National Liberation Front of Kurdistan) (Athens, March–May 2000), pp. 8–11.

219- Ibid, pp. 12–15.

220- Douran Kalkan, member of the PKK Presidential Council, quoted by DEM News Agency, in (Voice of Kurdistan, Magazine of the National Liberation Front of Kurdistan) (Athens, 5 August 1999),p. 6.

221-Taspinar, Kurdish Nationalism and Political Islam in Turkey ... ', op. cit., p. 186.

222- Ibid, p. 159.

223- Having set the ideological framework and pursued a programme of armed struggle as a means of defence, the PKK's founders have now moved on to the third phase of democratization.

224- Turkey was recognized as a candidate for full EU membership at the Helsinki Summit of the European Council.

225- Kieser, Turkey beyond Nationalism, op. cit., p. 7.

226- Gurbey, 'The urgency of post-nationalist perspectives ... ', op. cit., p. 157.

227- ‘The Turkish state as one where politics serve the state resembles the authoritarian European states of the 20th century’, in ibid., p. 158.

228- The code that makes the insulting of Turkishness a criminal offence was amended on 30 April 2008 but in my view the minor revisions that were introduced have not made any real change. See, ‘Turkish parliament passes bill on Article 301’, Hurriyet (1 May 2008).

229- Declaration by Abdullah Ocalan, Imrali,(Voice of Kurdistan, Magazine of the National Liberation Front of Kurdistan), 2 August 1999), p. 5.

230- Milliyet cited in (Voice of Kurdistan, Magazine of the National Liberation Front of Kurdistan) (Athens, August–October, 1999), p. 2

231- Speech by Sami Selcuk, (Voice of Kurdistan, Magazine of the National Liberation Front of Kurdistan) (Athens, 6 September 1999), pp. 16–17.

232- Abdullah Ocalan, (Voice of Kurdistan, Magazine of the National Liberation Front of Kurdistan) (Athens, August–October, 1999), p. 9.

233- Ibid, p. 11.

234- Ibid, pp. 16–18

235- (Voice of Kurdistan, Magazine of the National Liberation Front of Kurdistan) (Athens, 5 May 2000), p. 4.

236- ‘In February 1999 Clinton supported the designation of seven groups – INA, INC, KDP, PUK, Islamic Movement of Iraqi Kurdistan, Movement for Constitutional Monarchy, and SCIRI – to assist change through broadcasting, military and humanitarian assistance’; Kenneth Katzman, ‘Iraq’s opposition movements’, CRS Report for Congress, Order Code 98–179F (The Library of Congress, 27 June 2000), p. 5.

237- Klare, ‘The Rise and Fall of the "Rogue Doctrine"’, op. cit., pp. 14–19.

238- ‘Iran provides a safe haven to elements of the Kurdistan Workers Party (PKK)’, in US Department of State, ‘US: Iran does support PKK’, Turkish Press Review (28 February 1999). Turkey also warned NATO that new PKK bases were being built in Northern Iran; specifi cally there were three such camps disguised as medical facilities and located in the Iranian city of Umriye; see Mark Burgess, Center for Defense Information (21 May 2002), http://www.cdi.org/terrorism/pkk-pr.cfm

239- Gary C. Gambill, ‘The Kurdish reawakening in Syria’, Middle East Intelligence Bulletin, Vol. 6, No. 4 (United States Committee for a free Lebanon & Middle East Forum, April 2004).

240- ‘The organization decided to give up its aim for an autonomous Kurdish state, having already, since 1993, given up its idea about an independent Kurdish state ... Oc-

alan called for reconciliation with the Turkish state and its Kemalist ideology', Justus Leicht, 'Kurdish nationalists seek supporting role in Turkish state', International Committee of the Fourth International (ICFI) (9 March 2000), http://www.wsws.org/articles/2000/mar2000/pkk-m09.shtml (accessed 10 January 2009)

241- (Voice of Kurdistan, Magazine of the National Liberation Front of Kurdistan) (Athens, June–July 2000), p. 4.

242- It concerns the abolition of the death penalty, the authorization of broadcast of different native languages and dialects including Kurdish, the right to education in one'sown native language, the right of having immovable for the clubs of minority and the right of saving over their own immovable, Republic of Turkey Secretariat General for EU Affairs (2007).

243- Verkuyten and Yildiz, 'The endorsement of minority rights ... ', op. cit.

244- According to Ocalan 'the collapse of the Soviet Union and the fi ght for control of the resources in the Caucasus, Middle East and Central Asia' in the midst of which Turkey is to be found, has 'increased Turkey's geo-strategic importance as a bulwark of the US and EU'; see Leicht, 'Kurdish nationalists seek supporting role ... ', op. cit.

245- Gurbey, Turkey beyond Nationalism ... , op. cit., p. 163.

246- Rice, 'Rethinking the national interest ... ', op. cit., pp. 3, 10.

247- Chapter 6: 'From threat to threat', The 9/11 Commission Report, op. cit, p. 199.

248- http://www.fas.org/irp/offdocs/nspd/nspd-9.htm

249-http://www.whitehouse.gov/news/releases/2001/09/20010912–14.html (2/10/1991).

250- Robert Olson, 'Views from Turkey: reasons for the US war against Iraq', Journal of Third World Studies (Fall 2005).

251- McCartney, 'American nationalism and US foreign policy ... ', op. cit., p. 414

252- Interview by the researcher with Qubad Talabani, KRG Representative in Washington DC (Washington DC, 9 March 2008).

253- Interview by the researcher with a US State Department official (Telephone interview, 30 August 2008).

254- Kenneth Katzman, 'Iraq: US efforts to change the regime', Report for Congress, Order Code RL31339 (The Library of Congress, 16 August 2002).

255- Kenneth Katzman, 'Iraq: weapons, threat, compliance, sanctions and US policy', Issue Brief for Congress, Order Code IB92117 (The Library of Congress, 10 March 2003), p. 8.

256- On the subject of Saddam's withdrawal, Paul Wolfowitz, Deputy Secretary of Defence, noted; 'I would think it was worthwhile but did not yet see any plausible

plan'. Those favouring economic sanctions included the State Department and Secretary of State Colin Powell; see ibid, pp. 7, 8, 12.

257- Alan Sipress, 'Talks with Iraqi opposition intensify', Washington Post (13 May 2002), p. A01.

258- Ibid, p. 12.

259- 'On 28 January 2003 Bush declared that Iraq was not disarming voluntarily and thus would be disarmed by force with or without UN authorization'; see Katzman, 'Iraq: weapons, threat, compliance ... ', op. cit., pp. 1, 3, 4.

260- Ibid.

261- Hiwa Osman, 'Kurdish leader wary of US plans', Report on BBC (London 18 June 2002).

262- Jalal Talabani, 'Interview: no grounds for a relationship with Baghdad', Middle East Quarterly (Winter 2002), http://www.meforum.org/pf.php?id=126.

263- Interview by the researcher with Massoud Barzani, President of KRG and KDP Iraq (Salahaddin, 23 June 2007).

264- Washington Post, 'The War on Terror, six months later' (11 March 2002), http://discuss.washingtonpsot.com/wp-srv/zforum/02/news_bass031102.htm

265- David Hastings Dunn, 'A doctrine worthy of name?' Diplomacy and Statecraft, No. 17 (2006), pp. 4–5.

266- Robert Haas, The Reluctant Sheriff: The United States after the Cold War (New York: Council on Foreign Relations, 1997), p. 53.

267- Michael Howard, 'Kurdish leader shuns US move to oust Saddam', The Guardian (19 June 2002).

268- Interview by the researcher with Qubad Talabani, KRG Representative in Washington DC (Washington DC, 9 March 2008).

269- See Sipress, 'Talks with Iraqi opposition ... ', op. cit., p. A01.

270- Reported by Patrick E. Tyler, 'Anti-Baghdad talks shunned by top Kurd', The New York Times (15 August 2002).

271- See Amberin Zaman, 'Iraq's wary Kurds wonder what Washington has in mind', Los Angeles Times (3 June 2002).

272- According to Massoud Barzani 'the Iraqi issue in general and the Kurdish issue in particular won't be solved by a military or a covert action. It is a political question.

We do not support any covert military action. We would like transparency and clarity ... If a US effort to oust Saddam went ahead without meeting these conditions the Kurds would remain on the sidelines'; see Howard, 'Kurdish leader shuns US move ... ', op. cit.

273- See The Guardian (15 August 2002).

274-Katzman, 'Iraq: US efforts to change the regime', op. cit., p. 9; Already reference to those meetings since May 2002 see also Guy Dinmore, 'Iraqi Kurds treat Bush plans with suspicion', Financial Times (14 May 2002).

275- 'If you are united and you act like democrats, you will have the sympathy and support of international public opinion', comment by Mme Danielle Mitterand quoted in, Institut Kurde de Paris (Kurdish Institute of Paris), 'The Kurdish Parliament, meeting in plenary session, ratifi es the Washington Agreement', Bulletin, No 211, October 2002. It is surprising that no more than six months later the US was waging war against Iraq (2003).

276- Interview by the researcher with Massoud Barzani, President of KRG and KDP Iraq (Salahaddin, 23 June 2007).

277- Interview by the researcher with Nechirvan Barzani, Prime Minister of KRG (Erbil, 23 April 2007).

278- Michael M. Gunter, 'The foreign policy of the Iraqi Kurds', Journal of South Asian and Middle Eastern Studies, XX(3) (Spring 1997): p. 19.

## ٦- وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد

## لە سەردەمی دوای سەدامدا (٢٠٠٣-٩)

١- بەرکوڵ

سەردەمی سەدام لەو ڕۆژەدا بەکۆتا هات کە سەدام لە (نۆڤێمبەر/ دیسێمبەری ٢٠٠٣)دا گیرا و لە (٣٠ دیسێمبەری ٢٠٠٦)دا لەدار درا. هەرچەندە وڵاتە یەکگرتووەکان و تورکیا لە ٨ی دیسێمبەری ٢٠٠٣ دا، یاداشتنامەی لێک تێگەیشتنیان مۆر کردبوو و وڵاتە یەکگرتووەکان هەستی دەکرد تورکیا پشتی پلانەکانی لە دژی سەدام دەگرێ[1]، بەڵام ئەنجوومەنی نیشتمانیی تورک لێی دەرچوو و لە ١ی ئاياری ٢٠٠٣دا، سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی پشتەوشار کردەوە و نەیهێشت وڵاتە یەکگرتووەکان خاکی تورکیا بۆ پەلاماردانی عێراق بەکار بێنێ[2]. ئەم وەرچەرخانەی سیاسەتی تورک، وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردی لە یەکتر نزیکتر کردەوە و چوارەم پلەی پێوەندییەکانیانی ڕێک خست. جگە لەوەی کورد ڕایان لەو سیاسەتەی جۆرج ھ. و. بوش هەبوو کە لە ٢٠٠٠ داوای دیمۆکراتیزەکردنی ڕۆهەڵاتی ناوینی کرد، ئەم بەشە ئەوەش نیشان دەدات کە چۆن ئەو گۆڕانکارییە سیاسییە نوێیانە پێوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکانی لەگەڵ هەموو کورددا بەرەو پێشەوە بردووە. پێوەندیی تاکوێنە uniqueی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کوردی عێراقدا هەیەتی، وەک ئەو پێوەندییانە نییە کە وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کوردی سووریا و ئێران و تورکیادا هەیتی. دپلۆماتێکی وڵاتە یەکگرتووەکان پێی وایە کە وڵاتە یەکگرتووەکان حەزی لێیە لە کورد نزیک بێتەوە، بەڵام پێوەندییەکانی نێوانیان هێشتا گەڵاڵ نەبووە و دیلی دەستی بیورۆکراسیی وڵاتە یەکگرتووەکانە[3]، کەچی نێچیرڤان بارزانی پێی وایە ئەمە بۆیە وایە، لەبەرئەوەی بیرۆکراسیی وڵاتە یەکگرتووەکان چەند بۆچوونی جودایان لەبارەی کوردە هەیە و ئەو جیاوازییانەش بە پێی ئەجێندەکانیان دەگۆڕێن و وڵاتە یەکگرتووەکان

سیاسەتێکی یەکپۆشی لەبارەی دەوڵەتەکانی هەرێمەوە نییە[٤]. سەرباری ئەمەش، وڵاتە یەکگرتووەکان هەمیشە ترسی ئەوەی هەبووە ناسەقامگیریی وڵاتانی هەرێمەکە مەترسی بۆ بەرژەوەندییەکانی هەبێ ئەگەر هاتو دەوڵەتێکی جودا بۆ کورد یان هەر دەوڵەتێکی ئیتنی یان تایفەیی لە عێراق دروست ببێ[٥].

نابێ پێوەندییە دیپلۆماتییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ئەو وڵاتانەشدا پشتگوێ بخەین کە کوردیان تێدایە[٦]. ڕاستیی دوای سەدامیش ئەوەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکان سیاسەتێکی تایبەتی بەرانبەر بە کوردی عێراق هەیە. کەواتە دەشێ وڵاتە یەکگرتووەکان سیاسەتێکی کوردی هەبێ جا چ ئەرێنی بێ یان بێلایەن بێ یانیش نەرێنی، ئەمەش وەک بەشێکە لە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان کە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوینی سازداوە. سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی تایبەت بە وڵاتانی هەرێم بندەستەی سیاسەتی دەرەوەی هەرێمییانە و ئەجێندا گەورەکەی وڵاتە یەکگرتووەکان کار لەم سیاسەتە دەکات. لەبەرئەوەی پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کوردی ئێران و سوریا و تورکیادا، هەموو لەم بەردەوامە، بۆیە ئەوانیش پشتی پێ دەبەستن بەو ئومێدەی وڵاتە یەکگرتووەکان پرۆژەی دیموکراتیزەکردن پیادە بکات و ڕۆژێکیش بێ کوردی ئێران و سوریا و تورکیاش بتوانن هاوپەیمانییەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان لە هەرێمەکەدا بکەن[٧]. بۆیە پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کورددا لە گۆشەنیگای گۆڕینی دیموکراتی لە تورکیا و گۆڕینی پ.ک.ک. و هاتنە سەر حوکمی بەشار ئەسەدی سوریا و ئەحمەدی نەژادی ئێرانەوە سەیر دەکرێ.

ئەم پەرەسەندنانەی پێوەندییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد لە ٢٠٠٣وە وەک ئەو نموونانەن کە لە بەشەکانی پێشەوەدا شرۆڤە کراون. لە کۆتاییی بەشی حەوتەمیندا، بە هێمایەکانی ئەم بەڵگانەدا دەچمەوە و پێشنیازی ئەوەش دەکەم کە پێویستە پەرە بە ڕێبازە ڕاستەکانی پێوەندییە ناونەتەوەییەکان بدرێ و دەیانخەمە ناو چوارچێوەی ئەو ڕێبازانەی لە بەردەستا هەن.

٢- پەرەسەندنەکان لە ٢٠٠٣وە

٢-١ شەڕی عێراق و پاشینەی ڕووخانی سەدام

داگیرکردنی عێراق لە باکوریەوە لە ئۆپەراسیۆنی ئازادیی عێراق لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣دا، ڕەزامەندیی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەگەڵدا نەبوو، بەڵام سەرۆک بە پێی ئەو دەسەڵاتە کارەکەی کرد کە کۆنگرێس پێی دابوو بۆ ئەوەی بە پێی بڕیاری ١١٤ی (١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢) هێز لە دژی عێراقدا بەکار بێنێ[8]. لە ناوەڕاستی حوزەیرانی ٢٠٠٢، باڵیۆزی تورکیا لە وڵاتە یەکگرتووەکان بە ئەنقەرەی ڕاگەیاند کە وڵاتە یەکگرتووەکان ڕەزامەندیی نەتەوە یەکگرتووەکانی هەبێت یان نەبێت، پەلاماری عێراق هەر دەدات[9]. ئەوەی لە شەڕی دووەمی کەنداودا باو بوو ئەوە بوو کە ئامانجی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوە بوو کورد و سەرجەم هاوڵاتیانی عێراق لە دەستی ڕژیمە ستەمکارەکەی سەدام ڕزگار بکات. جگە لە لایەنە مرۆییەکەی شەڕەکە، کورد و هاوپەیمانەکانی تری وڵاتە یەکگرتووەکان ناچار بوون ملکەچی بۆ بەڕێوەبرایەتی داگیرکەر (دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان تەمووزی ٢٠٠٣) بن و تا ئەو کاتەش حکوومەتێکی کاتی لە ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٤دا پێک هات، بە پێی دەستوورێکی کاتی (یاسای کاتیی بەڕێوەبردن ٨ی ئاداری ٢٠٠٤)[10] کار بکەن. بە بۆچوونی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، جگە لەو هەڵانەی کە ستراتیجیی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دوای سەدامدا کردی، ئەنجوومەنی ئاسایشی ناونەتەوەییش هەڵەی کرد کە لە ٢٢ ئایاری ٢٠٠٣دا، بڕیاری ١٤٨٣ی دەرکرد و هێزە ڕزگارکەرەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی گۆڕی و کردنی بە داگیرکەر[11]. بڕیاری ١٨٤٣ ڕەوایی بە دەسەڵاتی هاوپەیمانان دا و ددانی بە پێکهێنانی ئەنجوومەنی حکومڕانیی کاتیی عێراقدا نا و گەمارۆ ئابوورییەکەیشی هەڵگرت کە پێشتر لە سەر ڕژێمی سەدامدا هەبوو.

ئەو حکوومەتە کاتییەی دەسەڵاتی عێراقی وەرگرتەوە، لە ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥دا، دەستووری هەمیشەیی خستە دەنگدانەوە. ڕۆڵی کوردی عێراقیش لێرەدا سەرەکی بوو. هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی لە ٢٠٠٥ و هەڵبژاردنەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی تایبەت بە دەستوورێکی نوێ لە

٣٠ یەنایری ٢٠٠٥ بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی بەردەوام لە ١٥ی دیسێمبەری ٢٠٠٥، هاوپەیمانیی نیشتمانیی دیموکراسیی بەرز کردەوە، بەڵام لەبەرئەوەی سوننەکان پشکداریی هەڵبژاردنەکانیان نەکرد، کاریگەرییان نەختێک لە جاران کەمتر بووەوە. بوونی مەسعوود بارزانی بە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان* (١٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٥) و پاشانیش کە جەلال تاڵەبانی (کوردە) بووە سەرۆکی عێراق (٧ی نیسانی ٢٠٠٥) گرینگیەتیی ڕۆڵی کورد لە دوای ڕووخانی سەدام (٩-١٠ نیسانی ٢٠٠٣) دیار دەخات.

سەرۆکی دەستەی پلاندانانی سیاسی لە وەزارەتی دەرەوە، ڕیچەرد هاس، دەڵێ لە تەمووزی ٢٠٠١ەوە داگیرکردنی عێراق لە ناو سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا هەبوو[١٢].

دک چێنیی جێگری سەرۆک و دۆناڵد ڕامسفیلدی وەزیری بەرگری لە ١٠ سێپتێمبەری ٢٠٠٢دا، بابەتی پابەندبوونی وڵاتە یەکگرتووەکانی بە لادانی سەدام و پشتیوانیکردنی حکوومەتێکی دیموکراسیی فرە ئیتنییان تەتەڵە کرد[١٣] و لە ٢٩ی حوزەیرانی ٢٠٠٢ش ڕۆیتەرز گوتی بوش حەزی لێیە ئەگەر پێویست بکات بە زەبری هێز، سەدام لە دەسەلات لادا[١٤]. لە (٩ی ئابی ٢٠٠٢) و بە هەمان مەبەست ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی (ویفاقی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی مەلەکیی دەستووری شەریف عەلی بن حوسەین و ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی عێراق و کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق) لەگەڵ کارمەندانی وڵاتە یەکگرتووەکان (مێرک گرۆسمەنی بریکاری وەزیری دەرەوە و دۆگلەس فێیتی بریکاری وەزیری بەرگری و سی ئای ئەی و کۆڵن پاوڵ و چینیی جێگری سەرۆک) کۆ بوونەوە[١٥]. لە ٢٦ی ئابی ٢٠٠٢، چێنیی جێگری سەرۆک لە توێی کۆبوونەوەی لەگەڵ شەڕوانە دێرینەکانی شەڕەکانی دەرەوەدا پلانەکانی لە دژی سەدام درکاندن و بوش تا ئەو ڕادەیەش چوو کە لە دوای ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢وە، ڕژیمی سەدام بە پەلامارەکانی ١١/٩وە لکاند[١٦]. شەڕی عێراق کێشەی دەست بەسەردا ڕۆیشتنی سەرۆکی ورووژاند و بە دیاری خست کە بەڕێوەبەرایەتی و وەزارەتی دەرەوە لە سەر ئەوە ناکۆک بوون کەوا زۆر کەڕەت لە دوای شەڕەکە، بڕیارەکانی سەرۆکایەتی وەپێش ئەوانە دەخران کە

* مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە. (مامکاک).

کۆنگریس دەریان دەچواندن. بەڵام کۆنگریس لە پێش شەڕی سێیەمی کەنداو و لە دوای شەڕەکەش گەلەک لە پێشان چالاکتر بوو[١٧].

یەکەم دەنگدانی پێکەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان (ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢) و پاشان ڕێککەوتنی یەکگرتنەوەی پ.د.ک. و ی.ن.ک. (٢١ی یەنایری ٢٠٠٦)[١٨]و یاسای گۆنگریس بۆ دەسەڵاتدانی وەزارەتی بەرگری (ف ی ٢٠٠٨، هـ ر ١٥٨٥، سێپتێمبەری ٢٠٠٧) کە ددانی بە فێدرالیزمیی عێراقدا هێنا و هەرێمە کوردییەکانی ڕەوا کرد، گەواییی پێشکەوتنی سەقامگیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق دەدەن[١٩]. کوردی عێراق و کێشەی کوردی عێراق لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمیندا، سەرنجی هەموو دنیایان ڕاکێشا و بووژانەوە. یەکسەر لە دوای شەڕی دووەمی کەنداودا، ڕۆڵی کورد لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان و لە ڕووخانی سەدام لە کاتی شەڕی سێیەمی کەنداو لە ئاداری ٢٠٠٣دا، زۆر گرینگ بوو. بە قسەی مەسعوود بارزانی، پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد لە دوای ٩/١١ زۆر بەرەوپێش چوو لەبەرئەوەی کورد لە ئازادکردنی عێراق و لە بەرەی شەڕی دژە تیرۆردا، گەورە هاوبەشی وڵاتە یەکگرتووەکان بوون لەپێناو دروستکردنەوەی عێراقێکی دیموکرات و پێشوەبردنی پرۆسەی سیاسی لە عێراق، ڕۆڵیان پڕ بایەخ بوو[٢٠]. ئەو ناڕازیبوونەی تورکیا بۆ ئەوەی پشتیوانیی وڵاتە یەکگرتووەکان لە پرۆسەی ئازادکرنی عێراقدا بکات، ڕۆڵی کوردی لە شەڕی سێیەمی کەنداودا هێندە گرینگ کرد کە چوارەم پلەی پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردی دامەزراند.

لە توێی ڕۆڵی کوردیش لە پرۆژەکەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا بۆ ڕووخانی سەدام، هاوکردەییی فەرمیی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد بووە پێوەندییەکی دامەزراوەیی وا کە گرینگییەکی ستراتیجیی هەبێ. ئەو بانگێشتنەی سەرۆکایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥دا، لە سەرۆک مەسعوود بارزانیی کرد، جاڕدانێکی فەرمیی سیاسەتی کوردیی وڵاتە یەکگرتووەکانە بوو. سەقامگیربوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پیادەکردنی سیاسەتە کوردییەکان و سەربەخۆبوونی لە یاسای نەوتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (١٩ی حوزەیرانی ٢٠٠٧) و ئەو کۆنتراکتانەی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان (بە ئەمەریکییەکانیشیانەوە) و ڕۆڵی چالاکی لە سیاسەتی هەرێمی و ناونەتەوەییدا،

پلەی پێنجەمینی پێوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد نیشان دەکەن. هەرچەندە کورد هێزێکی کاریگەری نا دەوڵەتە و لە هەرێمەکەدا ددانی پێدا نەندراوە، بەڵام لە کاتی سەردانەکەی بارزانیدا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان، تورکیا داوای لێ کرد بۆ ئەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ پرسی کوردی تورکیا بدۆزێتەوە، ناوبژیوانی لەگەڵ پ.ک.ک. بکات و ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی گەمەزانێکی گرینگ دەگێڕێ[21]. یەکەم کۆبوونەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا لە ١ی ئایاری ٢٠٠٨دا بوو[22] پاشتریش شا عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولعەزیزی عەرەبستانی سعوودیش بە فەرمی مەسعوود بارزانیی، لە ١٢ی ئاداری ٢٠٠٧دا، بانگێشتنی ڕیاز کرد[23]. کۆبوونەوەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە ٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٤دا مێژوویی بوو. وەزیری دەرەوەی تورکیا ئەحمەد داودۆغلۆ پێوەندیی وڵاتەکەی لەگەڵ عێراق بە گشتی و لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بە تایبەتی بە گرینگ باس کرد و دەشیەوێ لە بواری ئابووریدا پتر لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بجمێ[24]. کورد ڕاستیی عێراقن[25] و وڵاتە یەکگرتووەکان ناتوانێ کورد پشتگوێ بخات و کوردیش پێویستییان بە وڵاتە یەکگرتووەکان هەیە[26].

گەشەکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەک هەر تەنیا سوودی بۆ کێشەی کورد و پێوەندییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان -کورد هەبووە، بگرە لە مێژووی کورددا هاوشێوەی نەبووە. جێی سەرنجیشە کە لە ١٩٩٠ەکانەوە، کورد ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە و لە سەدەی بیست و یەکەمدا کاریان لە گەلێک سیاسەتسازانانی دەرەوەدا کردووە. کارمەندەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆڵی کورد گەیشتوون و دەزانن هێزێکی نا دەوڵەتیی زۆر کاریگەرە[27]. ڕۆڵی کورد لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا وای لەوەی دوایی کردووە ئاراستەی سیاسەتەکانی خۆی بگۆڕێ و چیتر هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان لە بیر نەکا، ئەمەش بایەخی خۆی هەیە. پێوەندییە ناونەتەوەییەکان وای لە ڕۆڵی کورد ڕەچاو نەدەکرد، لەبەرئەوەی هاتنی کورد بۆ ناو گەمەکە سیستەمە کۆنەکەی گۆڕی و ئیتر هەر دەوڵەتان بە تەنیا لە مەیداندا نابن و هێزە نا دەوڵەتەکانیش جێی خۆیان دەبێ. پێوەندیی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردی ئێران و تورکیا و سوریا لە پاش ڕووخانی سەدام، هێشتا پێداچوونەوەی پتری تێدا دەبێ.

٢- ٢ وڵاته یەکگرتووەکان و کوردی تورکیا

لەبەرئەوەی بیرۆکراسیی تورکیا لە بن پاڵەپەستۆی لەشکردا، نەیتوانیوە لەو ڕووداوانەی ئێستە بگات و بزانێ بڕیاری یەکەتیی ئەوروپا (٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥) سەبارەت بە مشتومڕی وەرگرتنی تورکیا - کە تا ئێستەش هەر بەردەوامە[٢٨] بە ئەندام لەو یەکێتییەدا چ دەگەیێنێ و مانای ئەوەش بقۆزێتەوە کە پ.ک.ک. گۆڕاوە، بۆیە هێشتا هەر سیاسەتێکی دوژمنکارانە لە بەرانبەری کێشەی کورد داپەیڕەو دەکات. لەوەتی لە ئایاری ١٩٩٢وەوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی وەرگرتووە تورکیا خراپتریش بووە.

هاتنی پارتی داد و گەشەپێدان دووەم گۆڕانکاریی لە سیاسەتی تورکیدا کرد و گۆڕینی ڕاستەقینەش لە سەردەمی ئۆزالدا کرا و سەردەمی لیبرالیزەکردنی نوێ دەستی پێ کرد و زنجیرەیەک چاکسازی بە پشتیوانیی وڵاتە یەکگرتووەکان لەوێ دەستیان پێ کرا[٢٩]. پاشان لە هەردوو کەناڵی تەلەڤزیۆنی ڕۆژ و سۆزدا پرۆگرامی کوردی هاتنە وەشاندن[٣٠] و ئەو بەیانەی ئەردۆغانیش دای و گوتی، «ئێمە کێشەی کورد لەگەڵ کورددا چارەسەر دەکەین»[٣١] و ئەو سەردانەی والیی دیاربەکر، عوسمان بایدەمیر، بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی کرد و لەوێ لە ٦ی شوباتی (٢٠٠٦)[٣٢] دا چاوی بە کارمەندانی وەزارەتی دەرەوە کەوت و ئەوەش کە پارتی داد و گەشەپێدان پابەندە بە چاکسازیی یاسایی و هەموارکردنی دەستوور (ئاداری ٢٠١٠)، هەموو ئەمانە گۆڕانکاریی فرە بەرچاون.

ئەو قسانەی لە ٢٠٠٧دا ئەردۆغان کردی و گوتی «گۆڕین لە تورکیا بە دەستی خۆمان نییە، بگرە تاکە چارەنووسە... (لەبەرئەوەی) تورکیا پێویستی بە گۆڕینە پێویستی بە ستێتەس کو نییە»، ئەوانە لەگەڵ بۆچوونی لەشکردا پێک کەوتنی، لەبەرئەوەی سوپا نایەوێ هیچ گۆڕینێک بکرێ کە پێکهاتەی سیاسیی کەمالیستیی وەبەر مەترسی بدات[٣٣]. کە پارتی داد و گەشەپێدان لە ٢٢ی تەمووزی ٢٠٠٧دا، دیسان بردیەوە، بیرۆکراسیی سەربازی هاتە سەر چۆک و هەڕەشەی داخستنی پارتەکەی ئەردۆغانی کرد (٢٠٠٨) ئەگەربێو لە کەمالیستی لابدا. لە ٢٠٠٨دا، ئەردۆغان ڕێبازی فەرمیی پارتەکەی گۆڕی بۆ ئەوەی تاووتوێی بەرهەڵستیکردنی «نەتەوەپەروەریی ئیتنی و نەتەوەپەروەریی هەرێمی و شۆڤینیستی دینی» بکات

لەبەرئەوەی «تورکیا هاوسەنگیی نێوان ئیسلام و دیموکراسی و سێکولاریزم و نوێسازیی ڕاگرتووە»[٣٤]. دیسانەکە هێزی عەسکەر و حکوومەت سەرکەوتنەوە و هەموو شێوە لیبرالیزمییەکی سیاسییان بنبڕ کردەوە[٣٥]. لەم لایەنەوەش، ئەردۆغان یەکەم کەسە لە دوای ئۆزالەوە بیەوێ بە پێی هەوڵەکانی وەرگرتنیان لە یەکەتیی ئەورووپادا، دان بە کێشەی کورددا بنێ. لەلایەکەوە کورد داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن[٣٦] و لەلایەکی تریشەوە تورک دەیەوێ یەکەتیی خاکەکەی بپارێزێ و دەوڵەتیان بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە، ئەمەش کرۆکی کێشەی کوردی ئەو وڵاتە دروست دەکات و سەرکردایەتیی لەشکر لە دژیەتی[٣٧]. دەس تێوەردانی لەشکر لە کاروباری سیاسیی تورکیادا، کارێکی نوێ نییە. پرۆتۆکۆلی ئاسایش و ڕێکی و هاریکاری

EMASYA(٧ی تەمووزی ١٩٩٧)ی نێوانی وەزارەتی ناوەخۆ و دەستەی ئەرکانی سوپادا مۆرکراوە، ڕەوایەتیی ئەم ڕۆڵەی ئاشکرا کردووە بەم پێیە لەشکر دەسەڵاتی ئەوەی هەیە بێ ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتی سیڤیل، هەر کردەوەیەکی سەربازیی ناوەخۆ ئەنجام بدات بۆ ئەوەی ئاسایش بپارێزێ[٣٨]. شایانی باسە کە ئەم پرۆتۆکۆلە – چەند یەکەیەکی سەربازیشی تێدایە – ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەییی تورک بۆ ئەوە ڕێکی خستووە تا بەرنگاری تەشەنەکردنی ئیسلامییەکان لە وڵات ببێتەوە[٣٩]. هەرچەندە سەرکۆماری تورک عەبدوڵڵا گوڵ جاری دا کە تورکیا چیتر پێویستی بەو پرۆتۆکۆلە نەماوە[٤٠] و نایەوێ چیتر لەشکر بێ پرس و ڕا کارەکانی بکات، بەڵام تا ئێستەش سەرباز دژوارتر لە جاران ئۆپەراسیۆنەکانیان ڕادەپەڕێنن، بە تایبەتیش لە باشووری ڕۆهەڵاتی وڵاتدا چالاکییەکانیان دەکەن کە لەوێ کورد زۆرینەیە[٤١].

ئێستەش تۆمەت ئاراستەی ئەرگەنەکۆن دەکەن کە ڕێکخراوێکی نهێنی بوو و بە گشتی لە کاربەدەستانی لەشکر پێک هاتبوو بۆ ئەوەی حکوومەت بڕووخێنن و زنجیرەیەکیش ئابڕووچوون لە جۆری کودەتاکەی ٢٠٠٤ هەیە کە جەنراڵانی تورک ویستوویانە کودەتایەک بکەن و کۆواری (نوکتە) ئاشکرای کرد[٤٢]. ئەمانە ئەوە ئاشکرا دەکەن کە حکوومەتێکی (قووڵایی) هەیە بژاردەی عەسکەریی تورکیش هێشتا جەرگەی سیستمی سیاسیی تورکیایان لە جڵەودایە[٤٣]. ڕۆڵی سەرەکیی سوپا لە سیاسەتی تورکیا بۆ سەردەمی ڕۆژانی سەربەخۆیی ١٩٢٣ دەچێتەوە، لەبەرئەوەی لەشکری تورک بە سەرکردایەتیی مستەفا کەمال، سەربەخۆییان

بەدەست هێنا. لەشکر دەستێکی باڵای لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا هەیە، ئەو ئەنجوومەنەش گەورە سیاسەتسازی وڵاتە، لەبەرئەمەیە کە سیاسەتی تورکیا لە بەرانبەری کورددا هێندە توندڕۆیە و ئەردۆغانیش ناچارە ملکەچی سیاسەتی کەمالیستەکان بێ.

هەرچەندە خەباتی پارتی داد و گەشەپێدان، چاکسازییە دەستوورییەکانی لە سەر خواستی یەکەتیی ئەورووپا و بە پشتیوانیی وڵاتە یەکگرتووەکان سازداوە، بەڵام هێشتا هیچ پێشکەوتنێک سەبارەت بە کێشەی کورد نەکراوە[٤٤]. هەرچەندە گۆڕینکاری کراوە...(لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠١)ەوە قەدەغە نییە زمانی کوردی بەکار بێ و ڕێگە دراوە وەشان بە کوردی هەبێ (دەستەی دیموکراتیزەکردنی سێیەم، ئابی ٢٠٠٢)[٤٥] و بە کوردی بخوێندرێ (دەستەی سێیەم ئابی ٢٠٠٢)[٤٥] و خەڵکی ئازادن هەرناوێکی بیانەوێ لە منداڵەکانیان بنێن و قەدەغە نییە بە هەر زمان و شێوەزارێک باخێون بەڵام هێشتا ئەمانە پیادە نەکراون[٤٦]. بەڵگەی ئەمەش ئەوە بوو کە دادگەی ئاشتیی میدیات لە ٣ی حوزەیرانی ٢٠١٠دا پاڵێوراوی بۆ والیی میدیات یوکسەڵ ئەسلان ئەجەر و عەبدولعەزیز بیلگنی سەرۆکی لقی پارتەکەی، بە تاوانی پێشێلکردنی یاسای هەڵبژاردن، هەر یەکە و شەش مانگ گرت، لەبەرئەوەی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی ٢٩ی ئاداری ٢٠٠٩ لە میدیاتی سەر بە مێردیندا، بە زمانی کوردی قسەیان کردبوو[٤٧]. لە ئابی ٢٠٠٣شدا، لێبووردنی بە مەرج بۆ ئەندامانی پ.ک.ک. دەرچوو و پرۆژەی گەڕانەوە بۆ گوندەکان لە حوزەیرانی ٢٠٠٠ەوە بۆ ئایاری ٢٠٠٤ کەوتبووە کار بەڵام تا ئێستاش هەر چاوەڕێی جێبەجێکردنە[٤٨].

کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤی هلسنکیی نەرویجی لە ڕاپۆرتی ٢٠٠٧یدا دەڵێ پارتی داد و گەشەپێدان نەیتوانیوە سیستمی حوکمی کەمالیستی هەڵوەشێنێتەوە و سیاسەتی دەوڵەی تایبەت بە کورد بگۆڕێ، ئەمەش نیشانەی ئەوە نییە کە چاکسازی شلیی تێ کەوتووە، بگرە ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کەوا چاکسازی بەرانبەری کورد نەکراوە. بە بۆچوونی کۆمیتەکە هەرچەندە لە ٢٠٠٦دا پرۆگرامی تەلیڤزیۆنی کوردی هاتنە وەشاندن، بەڵام تورکیا تا ئێستاش ڕێکەوتنی چوارچێوەی ئەورووپاییی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤی مۆر نەکردووە[٤٩]. ڕاگرتنی ئەو ٥٧,٦٠١ پاسەوانانەی گوندان لەلایەنی دەوڵەتەوە بۆ ئەوەی لە ویلایەتەکانی

باشووری ڕۆهەڵاتدا خراپەکاری بکەن، سیاسەتە جیاوازەکانی نێوان یاسا و کردەوەگەل بەدەر دەخات[٥٠]. ئەو ڕووداوەی ٩ی نۆڤێمبەری ٢٠٠٥، کە لە شەمدینانی سەر بە ویلایەتی هەکاری قەوما و لەوێ سێ جەندرمەی سیخوڕ لەو کاتەدا گیران کە بۆمبیان بە ناو کتێبخانەیەکدا تەقاندەوە بەڵگەی زیندووی ئەم سیاسەتەیە[٥١].

پاشتر (ڕووداوەکەی دیاربەکر) لە ٢٨ی ئاداری ٢٠٠٦دا قەوما کە هێزەکانی میری زۆر دڕندانە ١٤ ئەندامی پ.ک.ک.یان کوشت و ئیتر دیاربەکر و شارەکانی تر پرۆتستۆی ئەم ڕووداوەیان کرد. ئەمەش دوو شت دەگەیەنێ، یەکەمیان تورک هێشتا توندوتیژی لە دژی هاوڵاتییە سیڤیلەکان بەکار دێنێ و دووەمیشیان ئەوەیە کە هەرچەندە پێشوەچوونی باش وەدەست هاتووە، بەڵام هێشتا مێنتالیتی (واتا، شێوەی بیرکردنەوەی)ی دەسەڵاتدارانی تورک نەگۆڕاوە[٥٢]. ئەو داخوازییەی یەکەتیی ئەوروپا لە تورکیای کرد بۆ ئەوەی یاسایەکی دژە تیرۆر ساز بکات، توندوتیژیی لە باشووری ڕۆهەڵاتدا پتر کرد لەبەرئەوەی بەربەستی یاساییی لە پێش ئازادی ڕادەربڕین و چاپەمەنی و میدیادا دروست کرد[٥٣]. کۆمیتەکە پرسی (چارەسەرنەکردنی کێشەی کوردی) لە تورکیا ورووژاند و پێی وابوو کێشەکە لەوەوە پەیدایە کە بە فەرمی گرووپە ئیتنییەکان نەناسراون و ڕێگەی میدیایان لێ داخراوە و پشکداریی سیاسییان سنووری بۆ داندراوە و مافە زمانەوانییەکانیان بەربەستە و ناشهێڵن بە ئازادی دینداریی خۆیان بکەن و ئازادییەکی کەمیش بۆ بزووتنەوە هەیە و جوداکردنەوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆش لە دژی هاوڵاتییاندا دەکرێ. ئەمانەش ئەو ڕێگرییانە ڕوون دەکەنەوە کە لە پێش کورد و کەمینەکانی تردا هەیە ناهێڵن سوود لە مافی نەرێتی و زمانەوانی خۆیان وەربگرن[٥٤].

جەنراڵ ئۆزگوک لە ٢٠٠٥دا گوتی، «ئەگەر تورکیا لە یەکەتیی ئەوروپا وەرنەگیرا، مانای ئەوە نییە ئیتر قیامەت ڕابووە»[٥٥]. سوپا خۆی بە پارێزەری کەمالیزم دەزانێ بۆیە دەیەوێ یەکەتیی خاک و نەتەوەی تورکیا بپارێزێ و لەبەر ئەمەشە ناهێڵێ هیچ جۆرە ئازادییەک بێتە کایەوە. هێشتنەوەی بڕگەی ٤٢ (ناهێڵێ لە زمانی تورکی بترازێ هیچ زمانێکی تر لە قوتابخانە و ناوەندەکانی مەشقکردندا، فێری هاوڵاتییان بکرێ و بە زمانی دایک پێناسە ببێ)[٥٦] و داخستنی کۆرسەکانی زمانی کوردی لە ٢٠٠٤، لە قوتابخانە تایبەتەکاندا (هەموو

پرۆگرامەکانی تایبەت بە خوێندنی کوردی قەدەغە کراون)، نیشانەن کە هێشتا پاڵەپەستۆی پتر لە حکوومەتەکەی ئەردۆغان دەکرێ و سیاسەتی ڕێ نەدانی زمانی کوردیش هەر بەردەوامە و کاری پێ دەکرێ. ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی یەکەتیی ئەورووپا لە (٢٠٠٦)[٥٧] و ڕاپۆرتی وڵاتە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤی تورکیا لە (٢٠٠٧)[٥٨] ئەوە ئاشکرا دەکەن کە هێشتاکە وشەی کورد لە تورکیا یقەدەغەیە[٥٩]. لە ڕاپۆرتەکەی یەکەتیی ئەورووپا لە ٢٠٠٩دا دەردەکەوێ کە ئەمساڵیش هیچی لە ساڵی ٢٠٠٨ هەڵنەبواردووە، لەبەرئەوەی ڕاپۆرتەکە دەڵێ، هێشتا پێکهاتەی هاریکارییەکی کاریگەر و توانستێکی بەڕێوەبردن و پیادەکردنی یاساکان ... پێویستییان بە دامەزراندن هەیە و ئەو ئامادەکارییانەی بۆیان کراون هێشتا هەر لە سەرەتادان[٦٠].

ڕێنوێنییەکانی یەکەتیی ئەورووپا و ئەو ناسینە کەمەی کورد لە لایەنی تورکیا و بڕیارەکەی تورکیا دای و فەرمانی لەداردانی (حوزەیرانی ١٩٩٩) عەبدوڵڵا ئۆجەلانی بە هەموو ژیانی گرتنی (مدى الحياه) گۆڕی (٢٠٠٢) لەگەڵ خواستی وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەگونجێ و خواستی پێشینەشن بۆ ئەوەی تورکیا خۆی لەگەڵ بەندەکانی کۆپنهاگندا یەک بخات و ئینجا بتوانێ مشتومڕی چوونە ناو یەکەتیی ئەورووپاوە دەست پێ بکات (٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥). لەم چوارچێوەیەدا بوو کە تورکیا لە یەنایری ٢٠٠٤دا پەیمانی مافەکانی مرۆڤی ئەورووپایی مۆر کرد کە فەرمانی کوشتنی هەڵگرت. کێشەی کوردی تورکیا دوو بنچینەی هەیە، یەکێکیان ئەوەیە تورکیا دوودڵە لەوەی پێشنیازەکانی کورد قبووڵ بکات و کێشەی کورد[٦١] لە ڕێگەی سیاسییەوە چارەسەر بکات و ئەوەی تریش ئەوەیە بزووتنەوە کوردییەکان نایانەوێ دەستبەرداری ئەو ئازادییە سیاسی و نەریتییانەیان بن کە ڕەگەزەکەیان جودا دەکاتەوە.

پ.ک.ک. بزووتنەوەی هەرە گرینگی تورکیایە کە ڕکەبەریی لەگەڵ تورکیادا هەیە و لە ٢٠٠٠ەوەش ستراتیجییەتی خۆی گۆڕیوە، بەڵام ئەنقەرە تا ئێستە نەیتوانیوە سوود لە دەستپێشخەرییەکانی ئەو وەربگرێ. کۆنگرەی حەوتەمی پ.ک.ک. لە ٢٠ یەنایری ٢٠٠٠، گرینگییەگی تایبەتی هەبوو، لەبەرئەوەی زۆربەی پێشنیازەکانی لە چاکسازییەکەی ٢٠٠٤ی تورکیادا هەن. بەڵام تورکیا لە ١٩٧٠یەکان و ١٩٨٠یەکاندا چۆن سەیری بزووتنەوەی کوردی دەکرد تا ئێستەش هیچی لێ

نەگۆڕیوە. کە لە نیسانی ٢٠٠٢دا، پ.ک.ک. ناوی خۆی کردە کادیک (کۆنگرەیا ئازادی و دیموکراسییا کوردستان) و ساڵی پاشتریش کردییە ک.گ.ک. (کۆنگرەی گەل، ٢٠٠٣) بۆ ئەوەی کۆمیتەیەکی سیاسەت سازدانی هەبێ، تەنیا بۆ ئەوە نەبوو ڕێبازی خۆی بگۆڕێ و هۆیەکانی خەباتی ڕەوا بەگەڕ بخات، بگرە ئەمە ڕاستکردنەوەیەکی سەرەکی بوو لە ڕێباز و پەیڕەوی ئایدیۆلۆجیای پ.ک.ک.دا کرا. بەڵام ئەنقەرە ئەم گۆڕینەی وا وەرگرت کە پ.ک.ک. بۆ بەردەوابوونی خۆی کردوویەتی لەبەرئەوەی یەکەتیی ئەوروپا (٢٠٠٢) و وڵاتە یەکگرتووەکان بە تیرۆریست ناسیویانە (یەنایری ٢٠٠٤)[٦٢]. بە هەمان شێوە تورکیا ئەو ئاگربەستانەی پشتگوێ خست کە کۆنگرەی گەل یەکلایەنانە لە حوزەیرانی ٢٠٠٤ و لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦دا ڕای گەیاندن و کۆنگرەی گەلیشی بە ڕێکخراوی تیرۆریستیی پ.ک.ک. دانا و قایلیش نەبوو هیچ جۆرە مشتومڕێکی سیاسی لەگەڵ هیچ گرووپێکی کوردیی تورکیادا بکات.

نا تێگەیشتنی تورکیا لەوەوە دیارە کە تا ئێستەش بە نیازێکی خراپەوە هەموو ئەو هاوارانەی کورد پشتگوێ دەخا کە بۆ وەدەستهێنانی مافە نەریتی و شارستانی و سیاسییەکانی خۆیان دەیکەن و سیاسەتێکی بەربەستیشی تا کۆتاییە شەڕی سارد پەیڕەو دەکرد و ئەمەش لە کۆتاییدا بەرگریی کوردیی بەهێزتر کرد و پ.ک.ک.یشی وەک دیاردەیەک پەیا کرد. ئەگەر وای نەکردبا، ڕەنگ بوو خواستەکان وا نەبوونایەو ئەو هەموو خوێنە نەڕژایە، بەڵام کورد بندەستەیەی ئیتنیکی ڕەگەز جیاوازن و خواستی خۆیانیان هەیە.

نەخشەڕێیەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان (سێپتێمبری ٢٠٠٣ سێپتێمبەری ٢٠٠٤) ڕای گەیاند بۆ ئەوەی کێشەی کورد لە ڕێی سیاسییەوە چارە بکرێ، باش بوو. بەمەش کێشەی کوردی بەرەو سیاسەتسازی برد و داواشی کرد لەبری ئەوەی ستراتیجی عەسکەری بێتە پەیڕەو کردن، داوای مافەکانی مرۆڤ و ئۆتۆنۆمیی لە چوارچێوەی کۆماری تورکیایەکی دیموکراتیکدا کرد و ئەمەش بە پێی بنەوای سیاسیی «هەموو یان هیچ» بوو[٦٣]. ئۆجەلان پێی وایە دیموکراتیزەکردنی ڕۆهەڵاتی ناوین لە دەروازەی دیموکراتیزەکرنی کوردەوە ڕەت دەبێ[٦٤]. لەم ڕوانگەیەوە بوو کۆما کۆمەلێن کوردستان (٢٠ی ئاداری ٢٠٠٥) دامەزرا و پاشان لە ٢٠٠٧دا، ناوی گۆڕا و بە کۆما جڤاکێن کوردستان ناسرا[٦٥]. بۆیە کورد گوتیان «...

دەمانـەوێ لەگەڵ ئەو هێز و لایەنانەدا دانوسـتـاندن بکەین کە حـەزیان لێیە... ئێمە چاومان لە چارەسـەرە»[٦٦]. لەگەڵ ئەمەشدا لەبەرئەوەی تورکیا هێشتا کورد هـەر بە جوداخـواز دەزانێ و لـە سـەر حسـێبی سـەرجـەم بزووتنەوەکانی کـوردی تورکیـا، جـەخت لـە سـەر پ.ک.ک. دەکـاتەوە و لەبـەرئەوەی پ.ک.ک.ەش هێـزی بـەرگـریی نەتەوەیی هێشتووەتەوە بۆ ئەوەی بەرگری پێی لە خۆی بکات، هیچ لە ئارادا نییە کە بەم زووانە ڕێباز و ڕەوشتی تورکیا بگۆڕێ.

لە ٢٠٠٤ەوە تورکیا خەریکە هەستی نەتەوەیی کورد کز بکاتەوە و بەگشـتیش بە هێز ڕێ لە کێشـەی کورد دەگرێ. ئەو پرۆتسـتۆیە گـەورەیەی لە ئادار و نیسـانی ٢٠٠٦ لە دیاربەکر لە دژی کـوشـتنی چوارده گـەریلای هێزی بەرگریی نەتەوەییدا کرا، سـەنگی پ.ک.ک.ی لە ناو کۆمـەڵ نیـشـان دا. ئەمە ئەوەش ڕوون دەکاتەوە تا چەند ڕێبازە توندەکەی پ.ک.ک. بۆ بەدەسـتـهێنانی خـواسـتـەکانی لەو سـیاسـەتە دوژمنداریيە دوورە کە دەوڵەتی تورکیا لە بەرانبەری کورد بە کـاری دێنێ بۆ ئەوەی کێشـەی کوردی تورکیا چارەسـەر بکات، بۆیە بووەتە پێویست کە ئەم کێـشـەیە هەنووکە چارەسەر بکرێ[٦٧].

هـەرچەندە لە دوای سـەرکەوتنی پارتی داد و گەشـە پێدانەوە، کە بەرەو ئەوروپا دەچێ، سـوپای تورکـیـا کـاریگەریی لە سـیـاسـەتدا کـەم بـووەتەوە، کـۆمـەڵگەی ناونەتەوەییش کوردی ناسـیـوە و حـکوومـەتی هـەرێمی کوردسـتـانیـش دامـەزراوە، بەڵام نە تورکیـا و نە وڵاتە یەکگرتووەکان نەیاتوانیوە لەو گۆڕینە بگەن کە ئۆجەلان کردوویەتی و ئەو هەلە هەڵبقۆزنەوە کە وا بۆ چارەسەری سیاسیی کێشەی کورد ڕێک کـەوتووە. بە پێـچـەوانەوە، وڵاتـە یەکگرتووەکـان پ.ک.ک. و بزووتنەوەکـانی لە دوای ئەویشـدا هـاتوون، هەمـووی بە تیرۆریست ناسـیـون، کەچی تورکـیـا هـەمـوو توانسـتـی خـۆی بۆ ئەوە خسـتـووەتە گەڕ تا بزووتـنەوەکەی ئۆجـەلان بنبـڕ بکات. ڕەنگە هەڵوێسـتی وڵاتـە یەکگرتووەکـان لە بەرانبـەر تورکیـا لەو ڕێبـازەوە دروست بووبێ کـە لە دوای ١١/٩وە لە دژی تیـرۆر پەیڕەوی کـردووە. ڕاسـتـە وڵاتـە یەکگرتووەکـان گـەرەکیـەتی پشـتـیـوانی لە خـوسـاتەکانی کـورد بکات تا مـافـە مـرۆییـیـەکـانیـان بەدەست دێنن، لەبـەرئەوەی لـە ١٩٩٩، ناوبژیوانیی کـردوون پاشـتـریش لەگـەڵ سـەرکرده کـوردەکـاندا کـۆبووەتـەوە، بەڵام نایەوێ تورکـیـای هاوپەیمانی تەنگاو بکات و ڕووبەڕووی ئەنقەرە ببێتەوە. جا لەبری ئەوە، سیاسەتی

ولآته یەکگرتووەکان لە شەڕی دژەتیرۆر پشتیوانیی مافەکانی تورکیا دەکات بۆ ئەوەی بەرەنگاری ئەو گرفتە ترسناکەی تیرۆر ببێتەوە کە لە باشووری ڕۆهەلآتی ولآتدا بە دەستیەوە دەنالێنێ[٦٨].

لە هەمان کاتیشدا پرۆژەی دیموکراتیزەکردنی بوش ڕشتیی لە ولآتە یەکگرتووەکان دەکرد تا لە سەرەتادا پ.ک.ک. لە کێشەی کوردی ناودەوڵەتیی تورکیادا، جودا بکاتەوە. ئەو تۆمەتانەی چاپەمەنییەکانی تورکیا، ئەوانەی لای سوپانە، ئاراستەی پ.ک.ک. دەکەن و دەنووسن کە پ.ک.ک. لە بەرژەوەندیی ولآتە یەکگرتووەکاندا شەڕ دەکات بۆ ئەوەی سوپای تورکیا لاواز بکات دەسەلآتی بە سەر سیاسەتدا کەم ببێتەوە، ئەمەش لە بەرژەوەندیی ولآتە یەکگرتووەکان و کێشەی کورددایە و تورکیاش لە مانەوەی لەشکرەکەی دەترسێنێ کە ڕەنگە لە سەردەمی دیموکراتیدا وەک خۆی نەمینێ و ئەمەش سیاسەتی کوردی پڕ مەترسی تر دەکات٦٩. لە ٢٠٠٧ و لە کاتی کۆبوونەوەی سەرۆکی پۆلیسی ئەنقەرە، ئۆغوز کاغان کۆکسەڵ، لەگەڵ باڵیۆزی ولآتە یەکگرتووەکان لە تورکیدا، ڕۆس ویڵسن، گلەییی ئەوەی کرد کە چەکی ولآتە یەکگرتووەکان لە سنووری عێراقەوە بۆ دەستی پ.ک.ک. دێ٧٠.

تورکیا لەوە دەترسێ ئەگەر سیاسەتی کوردیی خۆی بگۆڕێ و هەر پێشوەچوونێک بەدەست بێ، ناچاری دەکات تەنازولی پتر بۆ کورد بکات بۆیە پ.ک.ک. و کادیک و کۆنگرەی گەلی وەک یەک دانا و هەموو ئەو خواستانەی پ.ک.ک.یشی پشتگوێ خست کە دەیانگوت «داوای گۆڕان دەکەین ... هێشتا نەهاتووە»[٧١]. لەلایەکی ترەوە، دامەزراندنی ئەو پارتانەی وەک پارتییا ولآتپاریزێن دیمۆکراتێن کوردستان پێویستیی ئەوە پتر دەکات کە تورکیا تێ بگا کێشەی کورد کێشەی تیرۆریزم نییە کە بە پ.ک.ک.وە بەستراوەتەوە. بگرە بە پێچەوانەوە پارتییا ولاتپاریزێن دیمۆکراتێن کوردستان بۆ ئەوە دامەزرا دەنگی ئەو کوردانە بەرز بکاتەوە کە لە بن باڵی ئۆجەلاندا ناژین. کەلبوونی پارتییا ولاتپاریزێن دیمۆکراتێن کوردستان لە پ.ک.ک. بۆ ئەوە بوو یەکەتیی نیشتمانیی دیموکراتی لە تورکیا دابمەزرێنێ بۆ ئەوەی بە تەنیا نوێنەرایەتیی باکوری کوردستان لە یەکەتیی ئەوروپادا بکات و نەهێڵێ دەست لە کاروباری کوردی ولآتانی تر وەربدەن و تورک و کورد لە نێو دەوڵەتێکی فێدراڵیدا گردەوە بکات. سەرکردایەتییەکەی لە دژی

تیرۆری جیهانییه، بەڵام لای دیموکراتیزەکردنەوە پێی وایە پ.ک.ک. کێشە گەورەکە نییە، کێشەکە کوردە[٧٢].

ئەو ڕاڕاییەی تورکیا هەیەتی و نایەوێ دان بە توخمی کورددا بنێ، بۆ ئەوەی یەکەتیی خاکەکەی بپارێزێ، بە قسەی کارمەندانی تورک، وڵاتی لە سیاسەتی شەڕ یان لە هی بەرگرییەوە گلاندووە و بۆیە ٦٠٠, ٥٧ پاسەوانی گوندی هێشتووەتەوە. لە ٢٠٠٤ەوە هەموو ئەو بانگەوازانەی پشتگوێ خستووە کە پ.ک.ک. بۆ ئاگربەست دەیکات، خواستەکانی کوردیشی بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی مرۆڤ و فیدرالیزم پشتگوێ خستووە و بەردەوامیش بۆ ڕاوەدوونانی گەریلاکانی پ.ک.ک. سنووری عێراقی بەزاندووە. کە پەرلەمانی تورکیا لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧دا، ڕێی بە سوپای وڵاتەکەی دا، بە پێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتییەوە، سنووری باکوری عێراق ببەزێنێ و هەردووک حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هی بەغدایش نا ڕەزامەندی ئەمە بوون، گرژیی لە نێوانی کورد و تورکدا پتر کرد[٧٣].

ڕەنگە دروستبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە باکوری عێراق وای لە تورک کردبێ ترسی ئەوەی لێ بنیشێ کەوا هەر پێشکەوتنێکی کورد، مەترسیی بۆ بوونی دەوڵەتی تورکی دەبێ. ئەمەش لەوەوە دیارە کە کورد دەڵێن یەکسانیی تورک و کورد ناسەپێ بێ فیدرالیزم و ئەمەش دابەشبوون نییە بگرە پشکداریکردنە لە دەسەڵاتدا[٧٤]. باسی ئەوەش دەکەن کە کورد دەخوازن کەرکووکیش وەدەست بێنن و ئەمەش سەرچاوەی ئەوتۆیان بۆ دەڕەخسێنێ ڕەنگە وا لە کوردی تورکیا بکات ئەوانیش داوای مافەکانی خۆیان بکەن. ئەو ڕووداوەی سولەیمانی (٤ی تەموزی ٢٠٠٣)، نیشانەی ئەوەیە تورک دەیانەوێ ئاژاوە لە نێو دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا چێ بکەن[٧٥]. بە قسەی جەنراڵ حیلمی ئۆزکوک ڕووداوەکەی سلێمانی خراپترین تەنگژەی متمانە بوو[٧٦]. ئەمە ئەوە دیار دەخا کە حکوومەتی تورکیا دەیەوێ ڕیشەی کێشەی کوردی لە تورکیا لە دەستی خۆیدا بێڵێتەوە، بۆیە حکوومەت بووەتە گرتیگەیەکی کێشەی کورد و نازاندرێ ئایا ئەمەش لە بەرژەوەندی وڵاتەکەیە یان لە بەرژەوەندیی کورددایە[٧٧].

هەر گۆڕانکارییەکی لە باکوری عێراقدا بێتە دی، هەڵوێستی تورکیا سەبارەت بە کێشەی کورد دەگۆڕێ و سوپاش لەوەتی پارتی داد و گەشەکردن هاتووەتە سەر حوکم، هانی گۆڕانکاریی سیاسی لە وڵاتدا دەدا. ئەم ڕکەبەرییەی لە نێوانی سوپا

و پارتی داد و گەشەکردن (ئاکاپە)دا هەیە و کێشەی کوردی تێدا بە قوربانی کێشەی پ.ک.ک. کراوە، دوو پاکانەی هەیە. لایەنەکی ئەوەیە کە حوکمڕانیی لایەنێکی ئاینی دەسەڵاتی عیلمانیی لە مەترسی ناوە و ململانێی سیاسیی چڕتر کردووەتەوە و نایەوێ چیی تر سوپا حوکمڕانی بکات، هەرچەندە لە ١٩٢٣وەیە سوپا لە وڵات باڵادەستە و سیستمی سیاسیی وڵاتیش کەوتووەتە بەر مەترسیی پرۆسەی چاکسازیی ئاکەپەوە کە خەریکە دەیکات. سوپا لەوە دەترسێن نەکا پرۆسەی لیبرالیزەکردنی ئاکاپەوە خەریکیەتی، کورد بەهێزتر بکات و جودایان بکاتەوە و ئەم بارودۆخەی ئێستە هەیە بگۆڕێ، بۆیە لە ٢٠٠٨دا داواکاری گشتی ئاکاپەی وا گومانبار کرد کە خەریک بووە بنەوای عیلمانیی وڵات هەڵوەشێنێتەوە و بۆ ئەوەی چالاکییەکانی ڕابگرێ، هەڕەشەی داخستن و قەدەغەکردنی پێنج ساڵەی چالاکی سیاسیی لێ کرد[٧٨]. وڵاتە یەکگرتووەکان تورکیای بە قەردار دەزانی لەبەرئەوەی لە ٢٠٠١دا یارمەتیی دا و لە تەنگژەی ئابووریی قورتار کرد، بۆیە کە تورکیا نەیویست لە شەڕی سێیەمی کەنداودا بەشداری بکات، وڵاتە یەکگرتووەکان سەری لەم هەڵوەستەی سوڕ ما[٧٩]. تورکیا لە شۆڕەی (تەداعیات)ی لادانی سەدام دەترسا، بۆیە جەنراڵ ئۆزکوک (سوپاسالاری تورکیا) گوتی، نە ئەمە شەڕی ئێمەیە و نە ئێمەیش لێی بەرپرسیارین[٨٠]. بەهێزبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە حکومەتێکی ئەمری واقیعەوە وای لێ هات دنیا دانی پێدا بنێ و بە قەوارەیەکی یاساییی ئۆتۆنۆمیی قەبووڵ بکەن، مەترسیی تورکی لە کێشەی کوردی خۆی پتر کرد[٨١]. سوپا هەرگیز بەوە قایل نابێ کوردی تورکیا چاو لە نموونەکەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەن.

بەم پێیە ئانقەرە وەڵامی بانگەوازەکەی پ.ک.ک.ی نەداوە و لە نۆڤێمبەری ٢٠٠٧دا ئاگربەستی قەبووڵ نەکرد[٨٢] و حکوومەتی تورکیاش وەڵامی خواستی سوپایەکەی داوە و هێشتی لەشکرەکانی لە نێو خاکی باکوری عێراقدا ڕاوەدووی شۆڕشوانانی پ.ک.ک. بنێن (دیسێمبەری ٢٠٠٧) و قایل نییە هیچ وتووێژێک لە لەبارەی کێشەی کوردەوە بکات[٨٣]. تورکیا بۆ ئەوەش هاریکاریی شەڕی سێیەمی کەنداوی نەکرد لەوە دوودڵ بوو نەکا ئازادیی نەرێتی و سیاسی بۆ کورد مسۆگەر بکات. هەرچەندە پۆوڵ وۆڵفووتزی بریکاری وەزیری بەرگریی وڵاتە یەکگرتووەکان (٢٠٠٣) ڕەخنەی لە سوپای تورکیا گرت کە سەرکردایەتییەکی بەهێزی نییە و

وەک پێویست نەجوولاوەتەوە»[٨٤] و «نە حکوومەتی تورک و نە نەتەوەکەش نازانن چ لە دەست دەدەن[٨٥]، بەڵام بە پێـچـەوانـەی ئەوەی لـە مـیـدیاکـانـدا باس کـراوە، پێوەندییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و تورکیا بە هیچ شێوەیەک لەق نەبووە[٨٦].

بەڵام پێ دەچێ وڵاتە یەکگرتووەکان ویستبێتی دوو کێل بە یەک بەرد بپەڕێنێ. لە لایەکەوە ویستبێتیی پێوەندییەکی باش لەگەڵ تورکدا بێڵێتەوە و لەلایەکی تریشەوە ویستبێتی چاکسازییەکی وا لە تورکیادا بکات کە بۆ دیموکراتیزەکردنی وڵاتەکە پێویستێ. سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان، بەرانبەری تورکیا، نەرمە تا «ئەگەر ویستی هاوپشکییە ستراتیجییەتەکەی خۆی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا بێڵێتەوە، ئەو هەڵای دەیانکات قەبووڵیان دەکات و بیریش بکاتەوە لەمەودوا چۆن دەبێ یارمەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان بدات»[٨٧]، بەڕێوەبەرایەتیش (هەرچەندە ئامانجی خۆی هەیە) بەڵام بۆ ئەو سیاسەتە شەڕاوییەی تورکیا لە بەرانبەری کورد نەرمی دەنوێنێ تا تورکیا بە هاوپەیمانێکی هەرێمی بۆ خۆی بێڵێتەوە.

ئەنقەرە ویستی دوور لە وڵاتە یەکگرتووەکان کارەکانی خۆی بکات بۆیەش بەشداریی شەڕی سێیەمی کەنداوی نەکرد و یەکلایەنەش لە باکوری عێراقدا ڕاوەدووی گەریلاکانی پ.ک.ک.ی دەنا تا نەهێڵێ ناوچەکە پشێویی تێ بکەوێ. هەرچەندە وڵاتە یەکگرتووەکان ناقایل بوو، بەڵام لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧دا، پەرلەمانی تورکیا دەسەڵاتی بەئەردۆغان دا فەرمان بە هێزە چەکدارەکانی وڵاتەکەی بدا ڕاوەدووی شۆڕشوانانی پ.ک.ک. بنێن[٨٨] و لە هەمان مانگدا کرا. هەرچەندە پاشتر ئەردۆغان بە قسەی سەربازەکانی کرد و گوتی، «تورکیا ڕێ لە کەس ناگرێ»، بەڵام هێشتا وڵاتە یەکگرتووەکان یارمەتیی تورکیای دەدا. لێرەشدا بەدەردەکەوێ کە سیاسەتی کورد لە بەرانبەر سیاسەتی تورکدا، دۆڕاندی[٨٩].

تورکیا ترسی ئەوەی هەبوو ئەگەر کەرکووکی پڕ نەوت بێتە ناو هەرێمی کوردستانەوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەهێز دەبێ، بۆیە بەردەوام پەلاماری سەربازیی دەدا تا بەبێهێزی بیهێڵێتەوە و کۆنترۆڵی هەرێمەکەش بکات. چەند لایەنێک ڕێک خران بۆ ئەوەی سیستمی سیاسیی تورکیا بکرێتەوە: وڵاتە یەکگرتووەکان بە فەرمی کوردی بە «چینێکی ئیتنیی جیاوازی وڵاتەکە ناساند» و وڵاتە یەکگرتووەکان پشتیوانیی کوردی تورکیای کرد و بە بەشێکی دیاری دیموکراتیزەی تورکیای قبووڵ کرد و وڵاتە یەکگرتووەکان باوەڕی وایە کە ئەم

بەکارهێنانە درێژخایەنەی هێز بۆ چارەسەری کێشەی کورد هیچ چارەسەرێکی درێژخایەن یان بەردەوام بۆ کێشەکە ڕەها ناکات[٩٠]. دەبێ داهاتووی پێوەندییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان و کورد و ئەگەری چارەکردنی کێشەی کورد وەک ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە گرینگ هەڵبگیرێ[٩١] و دەشبێ سیاسەتی کوردی تورکیا و پ.ک.ک.ی و هەڵوێستی لە شەڕی سێیەمی کەنداودا (ئاداری ٢٠٠٣) لەم گۆشەنیگایەوە سەیر بکرێ.

کۆتاییی شەڕی سێیەمی کەنداو بزووتنەوەی کوردی فرە چالاک کرد. کوردی عێراق ڕۆڵی سەرەکییان لە پیادەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان لە عێراقدا گێڕا و وای کرد بلێین سیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبەری کوردی عێراق لەو ئەنجامەدا گۆڕا و پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی فەرمیی لێ پەیا بوو. هاکان یاڤوز پێی وایە، کورد توانییان وا بکەن ولاتە یەکگرتووەکان «حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە دەوڵەتێک لە ناو دەوڵەتێکدا بناسێ» و ڕەنگە شەڕی ٢٠٠٣ش بە یەکەم سیاسەتی کوردی بناسرێ[٩٢].

سیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکان بەرانبەری سەرجەم بزووتنەوەی کورد پێویستی بە ڕوونکردنەوەی پتر هەیە. هەرچەندە ولاتە یەکگرتووەکان حەزی لێیە لەگەڵ کوردی سوریا و ئێراندا پێوەندیی هەبێ، بەلام هێشتا هەر ئاستەمە. لە دوای ئەو سەرکەوتنانەی ئاکاپە لە بەرانبەری سوپادا بەدەستی هێنا، (بە یارمەتیی ولاتە یەکگرتووەکان بێت یان نا) ڕەنگە پێشوەچوونی هاوشێوەی ئەوەی کێشەی کوردی عێراق لە چەند ساڵی داهاتوودا بەدەست بێ. لە ١ی یەنایری ٢٠٠٩، کەناڵی تێ ڕێ تێ ٦، بە کوردی هاتە وەشاندن و دروشمی ئەوە بوو ئێمە هەموو لە بن یەک ئاسماندا دەژین. یەکەتیی ئەوروپا پاڵەپەستۆی ئەوەی کرد کە پرۆگرامەکان لە ٣٠ دەقیقەوە بکرێن بە ٢٤ سەعات، لەبەرئەوەی لە ٢٠٠٤ و ٢٠٠٦ هەر سی دەقیقەیی بوون[٩٣]. سەرۆک وەزیرانی تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، گوتی «ڕەنگە باش بێ تێ ڕێ تێ ٦ بە کوردی بدوێ». ئەردۆغان هەروەها گوتی، «ئەم کەناڵە کوردییە یەکەتی و دیموکراسی بەهێز دەکات و هەموو هاولاتییان مافی یەکسانیان هەیە و هەلی یەکسانیشیان دەبێ بۆ ئەوەی بۆچوونەکانی خۆیان دەرببڕن». ئەمەش ئەو پێشکەوتنانەن کە کێشەی کوردی لە تورکیا بەدەستی هێناون و دووەمیشەن لە دوای ئەو سەرکەوتنەی کوردی عێراق بوویانە[٩٤].

٣-٢ وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردی سوریا

ڕەنگە دەستپێکی سەدەی بیست و یەکەمین بۆ کوردی سوریا و ئێران زۆر گرینگ نەبێ. بەڵام ڕەنگە کردەوەی دیموکراتیزەی ڕۆژهەڵاتی ناوین کێشەی کوردیش بگرێتەوە ئەگەر بێو وەزارەتی دەرەوە دارایی بۆ چاکسازانی سوریا فەراهەم بکات[٩٥]. ئەمە بۆ کوردی سووریا فرە بایەخدارە، چونکە تا مردنی حافز ئەسەد لە حوزەیرانی ٢٠٠٠دا، هیچ پێشوەچوونێک لە کێشەکەیاندا بەدی نەکرا[٩٦]. لەبەرئەوەی ڕێژیمی عەلەوییەکانی سوریا ئازادی و مافەکانیان لە دانیشتووان زەوت کردووە و دەسەڵات کێی بوێ بەوی دەدات، بۆیە کوردی سوریای سەرکوت کردووە و ملکەچی سیاسەتەکانی ڕێژیمی کردوون[٩٧].

لە ٢٠٠١، ڕێگە بە کورد درا ڕێکخراوەکانیان کارا بکەن و دەرسی کوردیی تایبەتی بخوێنن و لەگەڵ حکومەتە عەلەوییەکەی حیزبی بەعسدا[٩٨] کۆ ببنەوە، پارتی یەکەتی لە دیسێمبەری ٢٠٠٢دا، داوای کرد ئەو بەربەستانە لاچن کە لە پێش زمان و نەریتی کورددا داندراون و کوردیش بە نەتەوەیەکی ناو سوریایەکی یەکگرتوو بناسرێ[٩٩]. لە پاش ٢٠٠٣، کێشەکە ئاوەها نەماوە، لەبەرئەوەی چالاکان بە کۆمەڵ گیران و ڕێکخراوەکانیش داخران[١٠٠]. لەو ماوەیەدا کورد خۆیان لە لایەنی سیاسییەوە ساز دا و چەندین خۆپیشاندانی ڕێکوپێکی یەک لە دوای یەکیان کرد و پاشان ئۆپۆزیسیۆنیان لە هەندەران ساز کرد و ئەمەش لەگەڵ ئەوەدا هات کە وڵاتە یەکگرتووەکان دارایی بۆ چاکسازیی ناوخۆی سوریا مسۆگەر کرد[١٠١]. بۆ نموونە: کورد جلی بێدەنگییەکەی خۆیانیان دڕی و لە ٢٥ی حوزەیرانی ٢٠٠٣دا، هاتنە پێش تەلاری یونیسێف و خواستیان مافەکانی منداڵەکانیان پارێزراو بێت و بتوانن بە پێی بنەواکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر کەسە و ڕەگەزنامەی خۆی هەبێت و مافی ئەوەشی هەبێ بە زمانی زگماکی خۆی فێر بێ[١٠٢].

لە سەرەتادا بەشار نەرمیی لە بەرانبەری ڕابوونی کورددا نواند و وڵاتە یەکگرتووەکانیش کۆنفرانسی واشنتۆنی بۆ کوردی هەندەران لە نۆڤێمبەری ٢٠٠٣دا ساز دا و ڕادیۆی سوریای ئازادیشی دامەزراند و ئەمانەش لە ئەنجامی سێ ڕووداوەوە هاتنە کایەوە[١٠٣]، کە ئەمانەن (أ) زۆر نەمابوو شەڕی سێیەمی

لەم بەشە کۆتاییەدا، باسی هێمای ئەو ئەزموونانە دەکەم کە پێشتر تەتەڵەمان کرد تا بزانین پێوەندییە ناونەتەوەیییەکان چ لەم نموونە دیاردەییانەوە فێر دەبن. پاشان هەوڵ دەدەم هەموو ئەو هزرانە کورت بکەمەوە کە لە توێژینەوە ئەزموونییەکەمدا فێریان بووە.

١- پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد و پێوەندییە ناونەتەوەیییەکان

ئەم نامەیە، لە ڕێی کێشەی کورد لە تورکیا و سوریا و ئێران و عێراق و ڕەوشتی سیاسیی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبەری کورددا، پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد، لە دوای شەڕی دووەمی جیهانەوە تا ئێستە، وەک ئەوەی کە چەند هۆیەک گەیاندوویانە، تەتەڵە دەکات. ئەو هەموو پێشوەچوونانەی لە سیاسەتی کوردی و پێوەندییە ناوخۆیی و بەرژەوەندییە ناونەتەوەیییەکان و ئەجێندا سیاسییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەدی هاتوون، بە ڕووداوی ناونەتەوەیی و هەرێمی دەژمێردرێن. ڕێبازی ئایدیۆلۆجیای سەرۆکایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەدەبیاتی بزووتنەوەی کورد لەو چوار دەوڵەتە دیارە و کاردانەوەی وڵاتانی هەرێم و پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد و کێشەی کوردیشی ڕوون کردووەتەوە. دەبێ بزانین (لە کاتی نووسینەوەی ئەم نامەیە لە ٢٠٠٩دا) بە دەگمەن سەرچاوەی ئەزموونی و تیۆری هەبوون باسی پێوەندییە ناوخۆیییەکانی نێوان دەوڵەت و هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتان بکەن. ئەم سەرچاوانە لە ئەنجامی شرۆڤەکردنی کارتێکردنیی هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان، یان لە ڕێی ئاماژە پێکردنی ئەو بەیەکگەیشتنە کاتییانەدا پەیدا بوونە (لە بەشی یەکەمدا باس کراوە)، ئەم بەشە کۆشش دەکات ئەو بەتاڵییە پڕ بکاتەوە.

«تیۆریی هزرگاری» لەو ڕێنوێنی و بنەمایانە پێک دێ کە بناخەی هەر شرۆڤەکارییەکی سەربەخۆ پێک دێنن. بۆیە ئەم بەشە پێشنیاز دەکات لەناو

پێوەندییە ناونەتەوەییەکاندا با پێوەندییەکی ناوخۆ هەبێ کە لە چەند لایەکەوە تاقی کرابێتەوە و ئەم نامەیە هیچ بەرئەنجامێکی پێشوەختە پێشنیاز ناکات، بەڵام ڕێگەی زانایان خۆش دەکات بۆ ئەوەی چەند بەرەنجامێکی دیار بەدەست بێنن ب. ن. (بۆ نموونە): توێژینەوە لە کێشەیەکی دیاریکراودا بکەن بۆ ئەمەش ئامێری ڕێبازسازیی پێویست بۆ ئەو بەتاڵی و ئەو ماوەیەی دووچاری نەهامەتی دێ، بەکار بێنن[1]. پێشنیازی ئەم بەشە ئەوەیە پێوەندییە ناودەوڵەتییەکان بگۆڕێن و بکرێنە (فرە لایەنە) و «کار لە یەکتری بکەن» و (پێوەندیی ناوخۆ)ش بن. لەبەرئەوەی جێی نیگەرانییە ئەگەر پێوەندیی هاوکردەی نێوان سیاسەت و پێوەندییە ناونەتەوەییەکان و سیاسەتی دەرەوە هاوبەش بن، لە لایەکی تریشەوە هاوکردەی نێوان هێزە کاریگەرە دەوڵەت و نا دەوڵەت هەر بە تەنیا پێکهاتە و سیاسەت نەبێ. ئەم ڕێبازە تا ئێستە ڕیک نەخراوە تا چاو بە بەشەکانی پێشووی کێشەی کورد و پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورددا بگێڕینەوە[2].

١-١ کەلێنی ناو نووسینەکان

لەو چەند دە ساڵانەی دواییدا، ئەدەبی هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان گەلەک زۆر بووە، زۆربەی ئەو کارانەش لەبری ئەوەی باسی پێوەندییەکانیان بکەن، چوون باسی بارودۆخی خۆیان کردووە. نە ئەو نووسینانەی ئێستە و نە قوتابخانە سەرەکییەکانی هزر، ئەوانەی لە بواری پێوەندییە ناونەتەوەییەکاندا ڕەوانن هێندە ڕۆیشتوون بتوانن پێوەندییەکانی نێوان هێزە کاریگەرە دەوڵەتییەکان (وەک وڵاتە یەکگرتووەکان) و نا دەوڵەتەکانی سیاسەتیان هەیە (وەک کوردی عێراق) تەتەڵە بکەن، جا چ بە تاقیکردنەوە یان تەنانەت بە قسەش بێ. بە بۆچوونی زانایان، ئەو کاتەی واش بکەن دەبێ تەنیا باسی ڕۆڵی هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان بکەن و بایەخ بە گرینگێتییان لە پێوەندییە ناونەتەوەییەکاندا بدەن[3].

هەردوو نووسەر هینیبوخ و ئیحتیشامی، لە کتێبی (سیاسەتەکانی دەرەوەی ڕۆهەڵاتی ناوین)[4]دا بایەخ بە ڕۆڵی گرینگی هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان دەدەن کە چۆن لە ڕۆهەڵاتی ناویندا سیاسەتی دەرەوە سازدەکەن و دەیکەنە پاڵەپەستۆیەکی ناوەخۆیی وا ڕێ لە سەقامگیریی ئەو دەوڵەتانە بگرێ، شرۆڤەکانیان بایەخ بە قەوارە بندەوڵەتەکانی وەک کورد دەدات و وەک ئامانج

باسیان دەکا نەک ئەوەی  بابەت بن. دانەرەکان لەم کتێبەیاندا یان بۆ شرۆڤەی ململانێی ناو دەوڵەتە هەرێمییەکان و یانیش بۆ ئەوە بزانن چۆن سیاسەتی دەرەوە لە رۆهەڵاتی ناویندا ساز دەکرێت، وایان کردووە و خۆیشیان هێند ماندوو نەکردووە بچن بەرەنجامی سەرچاوەی رۆڵ و تێک هەڵکێشەکانی هێزە سەرەکییە نا دەوڵەتەکان دیار بکەن[٥]. هەرچەندە قسەکانمان لەگەڵ بۆچوونەکانی هینیبوخ و ئیحتیشامیدا کە دەڵێن سیاسەتی دەرەوەی رۆهەڵاتی ناوین بەرەنجامی کارتێکردەییی نێوان ئاستەکانی دەوڵەت و بندەوڵەت و سیستمی دەوڵەت هاوتەریبن (وەک ئەوەی لە بەشەکانی پێشتردا روون کرانەوە)، بەڵام ئەم بەشە دەیەوێ هەنگاوێک پتر بڕوا و بە شرۆڤەکردنی سیاسەتی دەرەوە نەوەستێ و بابەتی زۆرتری پێوەندییە ناونەتەوەیییەکان رەچاو بکات، رۆڵی سیاسەتیشی بەگەڵ بدات[٦].

تا ئێستە، شرۆڤەکردنی هاوکردەییی نێوان دەوڵەت و هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان کە بوونیان هەیە، یان لە ئاستێکی گشتیدا ماونەتەوە، یانیش خۆیان هەر بەوەوە خەریک کردووە ئاخۆ دەوڵەت چۆن سەیریان دەکات و چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتاندا دەکات، ناوەناوەش پاشوپێشیان پێ کردووە[٧]. چاکیی ئەم جۆرە شرۆڤەکردنەی پێوەندییە ناونەتەوەیییەکان بە شێوەیەکی بەرفرەوانتر لەوەدایە هێشتا جەخت لە سەر ئاژانسێک دەکاتەوە و گوێ بە پرۆسەیی هاوکردەی دوو لایەن نادات.

فرێد هالیدەی لەم دواییانەدا هەندێ کاری پڕ بایەخی لە بواری پێوەندییە ناونەتەوەیییەکانی تایبەت بە رۆهەڵاتی ناویندا کردووە. هەرچەندە کۆششی ئەوە دەکات بچێتە ناو پێوەندی ناوەوەی دەوڵەت و نێوان دەوڵەتانی رۆهەڵاتی ناوین٨، بەڵام پیادەکردنی سۆسیۆلۆجیا مێژووییەکەی نەیتوانیوە پێوەندییە هاوکردەیییەکانی نێوان دەوڵەت و هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان، بەو شێوەیەی من پێشنیاری دەکەم، شرۆڤە بکات. لەبری ئەوەی دەوڵەتانی رۆهەڵاتی ناوین بکاتە ناوەندی شرۆڤەکردنەکەی، هەستاوە ناودەوڵەتی٩ و transnationalism و گرفتەکانی و سنووردارییەتی دەسەڵاتی دەوڵەت و سیاسەتی وەرگرتووە. جا لە کاتێکدا باسی هاوکردەییی دەوڵەت لەگەڵ هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکاندا١٠، دەکات، دەوڵەت بەپێش دەخات و جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئامانجی سەرەکیی

ڕێکخستن دەوڵەتە و دەوڵەتیش پارسەنگی خۆی هەیە و پێکهاتەی دەسەڵاتی جیهانی و کاریگەریی هێزە نا دەوڵەت و کۆمەڵ و هێزە نا دەوڵەتەکان و فرەدەوڵەتان ئاراستەی دەکات وەک ئەوەی کار لە سیاسەتی دەوڵەتان و بەرەنجامەکانیان بکات١١. دانەر لە سەرەتا دەڵێ کەوا دەیەوێ بە دیار بخات چۆن لە مێژوودا بۆچوونی سۆسیۆلۆجیی مێژوویی – دامەزراوەکانی (وەک دەوڵەت و کۆمەڵ)ی دروست کردوون و پاراستوونی١٢.

ئەو کۆششەی هاڵیدەی داویەتی تا سیاسەتی هەرێمی و ناونەتەوەیی لەگەڵ کارلێکردەی پێکهاتەی جیهانیی دەسەڵات و دەوڵەتانی هەرێم و بزووتنەوە نا دەوڵەتەکان و باوەڕی سیستمەکان ببەستێتەوە و بڵێ ئەمە جۆرە دیاردەیەکە دەبێ پێوەندیی بە بەرژەوەندی دەوڵەتانەوە هەبێ، پێشینەیەکە دەوڵەت بە سەر قەوارە نا دەوڵەتەکاندا زاڵ دەکات و هەموو ئەزموونەکانیش پشتگوێ دەخات[١٣]. بەم جۆرە، بە درێژاییی نووسینەکەی لە بارەی کورد و ئاماژە بۆ کردنیان وەک بزووتنەوەی سیاسیی بەرهەڵستکار کە لەگەڵ دەوڵەتانی هەرێمدا هاورکردەیی دەکەن[١٤]، تاکلایەنە ناوەخۆیی تەماشای کێشەی کوردی ناکا، بگرە بە شێوەیەکی سەرەکی، بۆ شرۆڤەکردنی ململانێیە هەرێمییەکان و کاریگەرییان بەسەر سیاسەتی ناوەخۆیی و دەرەکیی دەوڵەتانی هەرێمەوە، جەخت لە ڕۆڵیان دەکاتەوە. گەیشتنی بەو باوەڕەش کە ئەمانە هەموو فرە دەوڵەتین و زۆر نوێ نین (یان) زۆر لە دەوڵەت دوورن ئەوە ئاشکرا دەکات کە پێویستە ئەم جۆرە کارلێکردەییەی نێوان دەوڵەت و قەوارە نا دەوڵەتەکان تاقی بکەینەوە، تاقیکردنەوەکەش تەنیا لە سەر بناخەی ئەوە بێ کە چۆن قەوارە دەوڵەتەکان سیاسەتی هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان دەبینن، بگرە دەشبێ بزانین ئاخۆ چۆن ئەوەی پێشەوە کار لە سیاسەتەکانی ئەوەی دوایی دەکات[١٥]. هەرچەندە هاڵیدەی بە کورتی باسی پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەتە جیاوازەکان و هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان دەکات، بەڵام نە هەقیقەتەکە هەمووی و نە داینامیکیی ئەم جۆرە کار لێکردنە، بێجگە لە تاک ئاراستەیی، تاقی ناکاتەوە.

بە هەمان شێوە، شرۆڤەکارییە هزرییەکانی بۆ پێوەندییە ناونەتەوەیییەکان کراون و گرفتی بناخەی پێکهاتەکەی پێ ناچێ بایەخێکی زۆر بە پێوەندییە هاوبەشەکانی نێوان دەوڵەت و هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان بدات[١٦]. بە پێچەوانەوە، زۆربەی ئەو زانایانەی بایەخ بە پێوەندییە ناونەتەوەیییەکان دەدەن، بە

تەنیا ئاماژە بەوە دەکەن کەوا پێویستە بایەخێکی زۆر بە پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان بدرێ، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی ئەزموونی نیشان نادەن و هەر قسە لە سەر قسەکراوەکان دادەنێن. پێوەندیی نێوان دەوڵەت و هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان لەم دواییەدا سەرنجی زانایانی ڕاکێشاوە، بۆیە خەریکن توێژینەوەی بەراوردکاریی comparative لە چەند گۆشەیەکی جوداوە بۆ دەکەن[١٧].

لە پاشی شرۆڤەکردنی پێوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کورد و سروشتی جووت لایەنەی کێشەی کورد لە بەشی دووەم و چوارەم و پێنجەمدا، گەیشتینە ئەو بەرەنجامەی نەک هەر ژمارەی ئەو کتێبانە کەمن کە باسی پێوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکاندا دەکەن، بگرە لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە پێوەندییە ناونەتەوەییەکانیش بە چاکی ئەم بابەتەیان تاووتوێ نەکردووە. ئەم کەمتەرخەمییەش لەوەوە هاتووە کە گرووپە ڕکەبەرەکانی هەوڵیان داوە کۆنترۆڵی دەسەڵات بکەن نەیانهێشتووە کەسانی تر جێیان بگرنەوە یان جێگرەوەیان بۆ پەیا ببێ[١٨]. ئەم بەشە کۆششی ئەوە دەکات بتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، ئاخۆ بۆچی پێوەندیی ناونەتەوەیی نەیانتوانیوە بە چاکی هاوکردەییی نێوان دەوڵەت و هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان شرۆڤە بکەن و هەوڵیش دەدات سروشتی پێوەندیی نێوان پێوەندیی ناونەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتیش لەگەڵ دەوڵەت و هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان شرۆڤە بکات تا بتوانێ هەندێ بەرهەمی هزریی ئاڵتەرناتیڤ پێشنیاز بکات[١٩].

لە دوای ئەو توێژینەوە تەسەلەی لە بەشی دووەمدا (هێڵکاریی ١ و ٢)دا کردم و نەشتەرکاریی پێوەندییەکانی نێوان کورد و وڵاتە یەکگرتووەکان و دەوڵەتە هەرێمییەکانم کرد، بۆم دەرکەوت پێویستە پێوەندییەکی ناودەوڵەتی وا هەبێ ڕێبازێکی فرە لایەنە لە پێوەندییە ناوخۆییەکاندا پەیڕەو بکات. لەبەرئەوەی توێژینەوە و نووسینیش لەم بارەوە کەمن، نموونەیەکی پێوەندییە ناوخۆییەکانی فرە لایەن نیشان دەدەم، بۆ ئەوەی ئەو کەلێنە تەسک بکەمەوە کە لە نێوان توخم و پێکهاتە و کات و بۆشایی و بیردۆزەی زانستی و زانیارییبوون و بابەتی و خۆیەتیدا هەیە[٢٠].

١-٢ پێوەندییە ناونەتەوەییەکان وەک پێوەندیی ناوەخۆی فرەلایەن

پەیابوونی ئەو هەموو لقانەی پێوەندیی ناونەتەوەیی و بیردۆزەی زەبەلاحی فرە جۆر لە سەردەمە جیاوازەکاندا، گرینگیەتیی ئەو قوتابخانە هزرییانە دەردەخا کە ئامێری سوودگەیەن بوون بۆ ئەوەی دیاردەی ناونەتەوەیی خۆی و کاریگەریی لە سیستمی ناونەتەوەییدا شرۆڤە بکات. ئەوانە لەبەرئەوە گرینگن کە هەر یەکەیان لە سەردەمی خۆیدا، گرفتی جودایان خاو کردووەتەوە. ئێستەش لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی خۆیان هەڵبواردووە و بە شێوەیەکی کاریگەر هاوکردەیی نێوان دەوڵەت و هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان شرۆڤە دەکەن و تەنیا شێوەی سیاسەتە خۆماڵی و دەرەکییەکان ناگۆڕن، بگرە کار لە سیستمی ناونەتەوەیی و هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتییەکان خۆیانیشدا دەکەن.

لە بەشەکانی پێشوودا دەرکەوت کە پێوەندییە ناونەتەوەییەکان چیتر، بە تەنیا بایەخ بە پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان نادەن و ئەگەر شرۆڤەی جیهانگەری و بازاڕی ئابووریی یەکگرتوو و پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و بە ئازادی گەشتکردن و بە ئاسانی گۆڕینەوەی بۆچوونەکان و دابەشبوونی دەسەڵات بە سەر فرە لایەندا بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کەمترین جیاوازی لە نێوان ناوەخۆ و دەرەوەدا ماوە.

هەروەها، ئەگەر پەیابوونی ئەو مەیلەو دەوڵەوت و هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتە سیاسییانە دوور لە ئاراستەی ئابوورییان، بە بایەخەوە ببینین، دەزانین کە دەوڵەتی خودان سەروەری ناتوانێ چیتر دەسەڵات پاوان بکات. ئەگەر بەرفرەبوونی دەسەڵاتیش بخەینە بەر چاو دەبینین نەک هەر سیاسەتی دەرەوە لەبەر دەستی تاکی دەوڵەتدا نەماوە، بگرە فرە سەرچاوەی هەیە و تێگەیشتنی دەسەڵات خۆشی بەرفرەوان بووە. سەبارەت بە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە ١٩٩٢ەوە خەریکە لە ئاستی هەرێمی و ناونەتەوەییشدا، لەگەڵ قەوارە دەوڵەتەکان هەڵسوکەوت دەکات و ئەمەش هێزیکی کاریگەری نا دەوڵەت نیشان دەدات کە بە دوای ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا وێڵە[٢١]. دەکرێ بە هەمان شێوە باسی پ.ک.ک.ش بکرێ. دەسەڵات پێویستی بەو فرە لایەنییەوە هەیە کە واتەی ئەو هێزە ئابووری و سەربازییە، یانیش دەسەڵاتی هزر و نەرێت و ئایدیۆلۆجیایەکی ئاوا دەدا کە ناسنامەی هێزە کاریگەرەکان دروست دەکات و بەم جۆرە دەتوانێ لە نێو

زۆر هێزی کاریگەردا ڕەگ داکوتێ، بۆ نموونە سەبارەت بە ڕووداوەکانی ٩/١١ و ڕۆڵی گرووپە تیرۆریستییەکان و هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتە سیاسییەکانیش دەشێ تێیەوە گلابن، جا چ نەتەوەپەرستەکان یان گرووپە ئاینییەکان بن.

تا ئێستە هەوڵم داوە پێوەندییە ناونەتەوەییەکان ڕوون بکەمەوە و وەک قووچەکیان لێ بکەم. لەم ڕیزبەندەدا دەسەڵاتە بەهێزترەکان گەرەکیانە لە سەر حسێبی بێهێزترەکاندا سەرکەون و بەم شێوەیە تا ئێستەش دەوڵەتان بەردەوامن لەوەی کە سیستمی ناونەتەوەیی قۆرخ بکەن. لە هێلکاریی نموونەی تەوەر (بەشی دووەم)دا ڕوون کراوەتەوە. هاوکردەیی ئاڵوگۆڕ mutual interactionی ناودەوڵەتی و هەرێمی و دەرەکی لەگەڵ ناوەخۆییدا زۆر ڕوونە. دیارە ڕووداو و فاکتەرە دەرەکییەکان و دینامیک و گۆڕانکارییە خۆماڵی – ناوەخۆییەکان، لە ئاستی دەوڵەت و مەیلەودەوڵەت و سەرتاسەری دەوڵەتدا، کار لە سیاسەتەکانی دەرەوەی هێزەکان دەکەن. ئەو فاکتەرە دەرەکی و ناوەخۆییانە کەرەستەیی و هزرین (مادی و فکری). گرینگتریش ئەوەیە کە تیرۆکەی کاریگەری بۆ هەردووک (یان وردتر بڵێین، بۆ هەموو) لایەکان دەڕوا، لە تاکەکەسی و خۆماڵی (محەلی)یەوە بۆ نەتەوەیی و هەرێمی و ناونەتەوەیی و بە پێچەوانەشەوە.

ئەمە ڕۆڵی هاوکات و کارلێکەری لە پێکهاتە (کەرەستەیی و هزرینە) و ئاژانسیشدا هەیە. تا ئێستە ئەو ڕاستییەمان بەدەست کەوتووە کە هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان ڕۆڵی زۆر گرینگتر و ڕاستەوخۆتریان لە دینامیکیی پێوەندییە ناونەتەوەییەکاندا هەیە (نەک تەنیا لە سیاسەتەکانی دەرەوەی دەوڵەت) کە پێشتر لە نووسینەکانی تایبەت بە پێوەندییە ناونەتەوەییەکاندا باس کراوە. ئەوەی لێرە زۆر گرینگە ئەوەیە هەر شرۆڤەیەکی کرابێ، بە پێی کات و شوێن و پێکهاتەکەی خۆی تەماشا بکەین[٢٢]. ئەمەش لەگەڵ لایەنەکانی ڕاستیی هزریدا دەگونجێ بە تایبەتیش لە لایەنی فرەجۆریی کلاسیکی نوێ و هزرگەلی دروستساز -con structivist و مارکسیی نوێوە بە بایەخەوە وەردەگرێ[٢٣]. لەگەڵ هەندێش، نە ڕاستەوخۆ نە لابەلا، جەخت لە ڕۆڵی هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان و لە پێوەندییە ناوەخۆییەکەیان لەگەڵ قەوارە دەوڵەتییەکاندا ناکاتەوە[٢٤].

لە ڕاستیدا، لەبەرئەوەی هێشتا پێویستە ئیشێکی زۆر لە سەر چۆنیەتیی

کارلێکردنی هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتییەکان لەگەڵ سیستمی ناونەتەوەییی دەوڵەتە ناوەندییە نەریتییەکاندا بکرێ، بۆیە بنەواکانی پێوەندییە ناونەتەوەییەکان، بۆ ئەوەی لە شێوەی ڕێکخستنی نوێی جیهانی تێ بگەن، پێویستە لەو نموونانەی ئێستە هەن ڕەت بدەن. ئەمەش لەگەڵ بانگەوازەکەی مەکلیلاند ڕێکە کە دەیەوێ نەزەرییەیەکی پێوەندیی ناونەتەوەییی ئەوتۆ هەبێ کە بشێ لە ئاستی پێوەندییە کارلێکردەییەکاندا توێژینەوەی لەبارەوە بکرێ[٢٥]. کۆڵن وایت بەو شێوەیەی داڕشتوە، کە پێویستە ئەوانەی نەزەرییاتی پێوەندیی ناودەوڵەتی دادەنێن، بیر لە نوێنەر و پێکهاتە و کارلێکردەییشیان بکەنەوە[٢٦].

ڕیالست و لیبراڵەکان بایەخ بە کاریگەریی پێکهاتە و بەرژەوەندی نەتەوەیی دەدەن، کەچی دروستسازان جەخت لە ڕۆڵی هزر و چۆن هێزە کاریگەرەکان لە ناو دەوڵەتدا کار لە پێکهاتە دەکەن و چۆنیش پێکهاتە کاریان تێ دەکات[٢٧]. بەم جۆرە زۆربەی بیردۆزەکان بە فاق گیران، لەبەرئەوەی هزری خۆیانیان جێبەجێ دەکرد و بایەخیان بە ناواخن و کات و شوێنەکانیان نەدەدا و خۆیان یان بەبەر نەشتەری ڕەخنەگران دەدا، یانیش ئاگایان لە ئاڵۆزیی کارلێکردەییی ئاستە جیاوازەکانی هێزە کاریگەر و پێکهاتەکانیان نەبوو بە تایبەتیش هی نا دەوڵەتەکان و لەبری ئەمە هەر بایەخیان بە دەوڵەتان دەدا. بۆیە پێوەندیی ناودەوڵەتی پێویستی بە شرۆڤەکارییەکی پوختە و چڕ هەیە بۆ ئەوەی لە هەموو ئەو ئاڵۆزکارییانە بکۆڵێتەوە.

لێرەوە ڕوون دەبێتەوە کە پێوەندیی ناودەوڵەتی پێویستییەتی بایەخ بە سێکوچکەیەک بدات کە لە پێوەندییێکی ناودەوڵەتی و سیاسەتی دەرەوە و سیاسەت پێک بێ و وەک یەکەیەکی یەکگرتووش هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکات. هەرچەندە نووسەرەکان جەخت لە سەر فرەلایەنی دەکەنەوە، بەڵام تا ئێستە هەر قسەیە و قسەش بۆ ناو گیرفان ناچێ. ڕەنگە لەبەر ئەمە لەبەرئەوە بێ کە ڕەخنەکان ئاڵتەرناتیڤی هزرییان نەبووە یان ئەوانەی داوای ڕێبازی فرە لایەنی دەکەن هەندێ پێشنیازیان کردووە کە سەرسوڕهێنەرن و بیردۆزەیان نییە[٢٨].

ڕەنگە تەنیا لە ڕێگەی پێوەندییەکی ڕووتی ناونەتەوەییەوە، چوارچێوەی گشتیی پێوەندیی ناونەتەوەیی کە هەندێ ڕێنوێنی پێشکێش بکات، بگەین سوودێک لەوەی کە شوێنی تایبەتی وا دەستنیشان بکات کە نە بە کات و نە بە شوێن و نە بە دۆخ

نەگۆڕێن. بەو پێیە تێک هەڵکێشکردنی ئۆنتۆلۆجی (ناسینی سروشتی بوون) و ئێپیستێمۆلۆجی (بیردۆزەی زانیاری) پێویستە[29] . گوتراوە بیردۆزە لە پێوەندییە ناونەتەوەیییەکاندا دەستەیەک گریمانەی پێوەستن و بەڵگەی پشتگیریشیان بۆ ئەوە هەیە تا شرۆڤە و پێشبینی بکەن و زانیاری ڕێک بخەن و بوارە زانستییەکان بە یەکەوە ببەستنەوە[30].

سمیت و هادفیلد و دەن لە (سیاسەتی دەرەوە: بیردۆزەکان و هێزە کاریگەرەکان)دا ویستوویانە هەندێ لەو ئیشانەی تایبەت بەم بابەتانە بە یەک بگەیەنن کە پێوەندییان بەم بابەتەوە هەیە بۆ ئەوەی لەو کەلێنە دەرباز بن کە لە نێوان شرۆڤەی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و شرۆڤەی سیاسەتی دەرەوەدا هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەینی کە ڕەهەندێکی سیاسیی بەرفرەتر لەگەڵ کارلیکردنە خۆماڵی- نەتەوەیی- هەرێمی- جیهانیدا، بە هەموو ئاڵۆزییە فرە ڕەهەندەکانیەوە نەهێڵێ[31] . ڕەنگە لەبەر هەر هۆیەک بێ، توژینەوەی ئەو بابەتە لاوەکییانەی وەک سیاسەتی ناوەخۆیی و سیاسەتی دەرەوە و پێوەندییە ناونەتەوەیییەکان بەهای خۆیانیان هەبێ، بەڵام هێشتا هەر شرۆڤەیەکی کارا دەبێ بە تەواوەتی هەر سێ ڕەهەندە تێک چەقیوەکان تەتەڵە بکات.

بۆ ئەوەی بگەینە ئامانجی توێژینەوەکە، پێویستە شرۆڤەیەکی وا لە ناو پێوەندییە ناونەتەوەیییەکاندا بکەین کە بایەخ بە توێژینەوەی ڕاستیی کێشەکە و یاریی نێوان پێکهاتە و توخمەکان و ڕۆڵی هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان (بێجگە لە ڕێکخراوە ئابوورییە نا حکومییەکان) و کاریگەریی هزر و باوەڕەکانیش بدات. هەروەها پێویستیشە لایەنی کات و باری ناوەخۆی دەوڵەت و کارلێکردەییی دەوڵەت و هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان (ئەوەی دوایی نەک هەر ببێتە دەروازەیەک بۆ سیاسەتەکانی دەرەوەی وڵاتان) و کاریگەریی ڕووداوە لەنەکاوە ناوەخۆیی و دەرەکییەکانی وەک ۹/۱۱ و کردەوە تیرۆریستییەکانیش بە بایەخەوە وەربگیرێن.

لەبەرئەوەی هیچ تیۆرییەک نییە بتوانێ پێوەندیی نێوان سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردی عێراق، پڕ بە پێست، باس بکات، سەبارەت بەوەی کە ڕۆڵی کێشەی کورد لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا کۆسپێکی هزرییە لە پێش پێوەندیی ناونەتەوەییدا وەستاوە، بۆیە پێشنیازی نموونەیەک دەکەم لەو نموونەیە وەربگیرێ کە وۆڵتەر کارلسنایس بۆ بەهزرکردنی کردەوەکانی

سیاسەتی دەرەوە دایناوە. هەرچەندە کارڵسنایس باسی ڕۆڵی پێکهاتە و ویست/ بەرژەوەندی کردووە کە چۆن کردەوەکانی سیاسەتی دەرەوە پێک دێن، بەڵام نموونەکەی ئەو نەیتوانیوە کارلێکردەییەکانیان نیشان بدات و تەنیا دەشێ بۆ شرۆڤەکردنی کردەوەکانی تاکە سیاسەتێکی دەرەوە بەکار بێت نەک بۆ زنجیرەیەک کاری لەو جۆرە کە لە ماوەیەکی زۆردا دەکرێن دانەرەکە خۆیشی دانی پێدا دەنێ[٣٢]. جا بۆیە، من نموونەیەکی پێوەندیی ناونەتەوەیی پێشنیاز دەکەم کە ڕەچاوی پێوەندیی ناوەخۆی فرە ڕەهەندی سیاسەتی دەرەوە و پێوەندیی ناونەتەوەیی و سیاسەتی بەرفرەتر بکات، کە پێوەندیی ناوەخۆی پتر و کارلێکردەییی پتری تێدا بکرێ.

بە گوێرەی ئەم نموونەیە هەر شرۆڤەیەکی لە چوارچێوەی پێوەندییە ناونەتەوەییەکان، پێویستە لە سەر ئەو بنەوایە بکرێ ئاخۆ گۆڕانکارییە خۆماڵییەکانی دەوڵەت و هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان چ ڕەنگدانەوەیان لە بارودۆخی کاروباری ناودەوڵەتیدا دەبێ و کاریگەریی پێوەندییە ناودەوڵەتییەکانیش چۆن لە سیاسەتی ناوەوەدا ڕەنگ دەداتەوە و بەم جۆرە کار لە دروستبوونی سیاسەتەکانی دەرەوەدا دەکات[٣٣]. دەبێ بە هەمان شێوە بایەخ بە کارلێکردنی دەزگاکانی دەوڵەت و بارودۆخی نا دەوڵەت بدرێ و بەرژەوەندی و ئامانجە سیاسییەکانیشیان لەبەر چاو بگیرێ. نابێ لەبیریش بچێ کە هۆی پراکتیک و پێ قایل بوون هەیە وا دەکەن بەرژەوەندییەکانی دەزگاکان لەگەڵ بنەوا ئایدیۆلۆجییەکانیاندا کارلەیەکتر بکەن و تێکیش بئاڵێن (وەک ئەوەی چۆن بەشی دووەم و سێیەمدا لە کێشەکانی کورد و وڵاتە یەکگرتووەکاندا نیشان دراون) ، ئەم ڕێکخستنە توێکڵەی پێکهاتەی زۆر و فرەلایەنەی پێوەندییە ناوەخۆییەکانی نێوان دەزگاکان و پێکهاتەکان کە بەرجەڵەوی بەرژەوەند و هزرەکانن، نیشان دەدا. واتا، تەنیا بە هۆی پراکتیکییەکی رووتە وە پێکهاتە لە هزرەکان جودا کراونەتەوە، ب. ن.: تا گەمەی هاوبەشیان باشتر نیشان بدات و کاریگەریی هەموو بەرژەوەندەکانیش لە خۆ بگرێ[٣٤].

ئەو هێڵکارییە سێکوچکەیە نیشانمان دەدا کە پێوەندییە ناونەتەوەییەکان وەک زنجیرەیەک پێوەندی تێک هەڵکێش لە نێوانی دەزگاکانی دەوڵەت و ئەوانەی نا دەوڵەت و پێکهاتەکان و بنەوای بەرژەوەندییەکانیان، پێویستی بە شرۆڤەکاری




هەیە (وەک ئەوەی بەشی سێیەم جەختی لەسەر کردووە و شرۆڤەی دروستبوونی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی کردووە) بۆ ئەمەش پشتی بە کارلێکردنی تێکەڵی گۆڕانگارییە ناوخۆیی و کارلێکردنی – ڕووداوە ناونەتەوەییەکان بەستووە. لەلایەنی دەرەکییەوە، بەربڵاویی پێوەندییە ناوەخۆییەکان و پێوەندییە ناونەتەوەییەکان و سیاسەتی دەرەوە، هەر سێکیان، وەکو سێ پارچەی یەکەیەکی تەواو گرینگن، لەبەرئەوەی هەر گۆڕینێک لە ناودەوڵەتی و خۆماڵی و بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوەدا، بەرهەمی ئەو تۆژینەوانەن کە لە بارەیانەوە کراون. لە لایەنی ناوەخۆییشەوە، هێڵکارییەکە سروشتی سیستمی ناونەتەوەیی ناوەندایەتیی دەوڵەت نیشان دەدات لەبەرئەوەی هێزە کاریگەرە دەوڵەتییەکانی لە چەقی سێگۆشەکەدا داناوە. بۆیە پێویستە ڕووداوە ناونەتەوەییەکان نەک لە ڕێی گەمەی هاوبەشی نێوان ناوەخۆ و دەرەوە بخوێندرێنەوە، بگرە هەر کێشەیەک لە قالبی تایبەتی خۆیدا شرۆڤە بکرێ و ڕۆڵی هزریش لە ڕێکخستنی ناسنامەی هێزە کاریگەرەکاندا لە بیر نەکرێ و کاریگەریی بەرژەوەندییەکانیشیان لێک بدرێنەوە، لەبەرئەوەی ڕەوشتی سیاسییان لەوەوە پەیا دەبێ.

له ڕاستیدا دەوڵەتان ناوکی سیستمی ناونەتەوەیی پێک دێنن و گەورە هێزی کاریگەری ئەو مەیدانەشن، ئەوەی لە ناوەندی سێکوچکەکەدا داندراون. ئەم نموونەیە بایەخی بە هەندێ لایەنی کاریگەری تریش داوە بە شێوەیەک کە بە دروستیزم constructivism دەچێ. جا پێکهاتەکان ناوەخۆیی بن یان دەرەکی یان کەرستە بن یان هەر هزر بن کار لە شێوەگریی پێوەندیی ناونەتەوەییدا دەکەن.

نموونە سێکوچکەکە باسی هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکانیشی درووژاندووە، ئەوانەی ئاراستەی ئابووری یان سیاسییان هەیە (ب.ن.: حیزبوڵڵای لبنانی و حەماسی فەلەستینی و بەرەی ڕزگاریی جەزائیری) و جموجۆڵی وایان هەیە کار لە سیستمی دەوڵەت دەکەن و بە دەوڵەتەکانی خۆیانیش ڕاناوەستن. دەشێ پێوەندیی نێوان ئەو هێزە کاریگەرانە، وەک هی دەوڵەتان فرەجۆر بێ و لە لیبراڵییەوە بۆ فرەلایەنی هەڵدەکشێ و ئەوەش دەخاتە ڕوو کە تاکە هێزێک پێوەندیی فرەلایەنەی هەیە.

ئەمە شرۆڤەیەکی دەقکراو و دیاری پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان – کوردمان بۆ دێنێ. ئەم نامەیە لە لایەک ئەو کارتێکردنە نیشان دەدا کە هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکانی وەک کوردی عێراق لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانیاندا هەیە و لە لایەکەی تریشەوە ئەوە دێنێتە بەر چاو کە دەشێ سیاسەتی دەرەوە بکەوێتە بەر کاریگەریی قەوارە نا دەوڵەتەکانەوە و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکات. کەچی بەشی یەکەم بە پێچەوانەوە، مشتومڕی ئەوەی بوو کە زۆربەی نموونەکانی پێوەندییە ناودەوڵەتییەکان بە هەر شێوەیەک بێ، جەخت لە دەوڵەت و ڕۆڵی دەوڵەت و دەسەڵات و بەرژەوەندییەکان[٣٥] و ڕۆڵی پێکهاتەکان دەکەنەوە (جا بە کەرەستە بێ یان هەر بە ئایدیۆلۆجیا بێ[٣٦].) دیارە گەمەی نێوان دەوڵەت و قەوارە نا دەوڵەتەکان تا ڕادەیەک پەراوێز کراون. فۆکسیش لە لای خۆیەوە بینەوبەردەیەکی توند لە سەر ئەوە دەکات کە تیۆرییە جیاوازەکانی پێوەندیی ناونەتەوەیی لایەنگیرن بۆیە ناتوانن، وەک یەک، وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە ناوە ناوە سەرهەڵدەدەن[٣٧]. ئەم توێژینەوەیە بایەخی بە تایبەتمەندییەکانی شرۆڤەکردنی بابەتەکە داوە. ئەمەش نابێ ئەوە بگەیەنێ کە هەموو بابەتەکان بابەتی بێهاوتان، لەبەرئەوە دەبێ ڕەچاوی کات و شوێنیان بکرێ و ڕۆڵی ئەو فاکتەرە زۆرانەش پەراوێز بکرێ کە کار لە پێوەندییە

ناونەتەوەیییەکان دەکەن. بگرە بە پێچەوانەوە، ئەم نامەیەش وەکو فۆکس، پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ کە پێویستە ڕێبازی پێوەندیی ناونەتەوەیی ئامانجی تێگەیشتنێکی هەموو سیاسەتی دنیا بێ، نەک هەر بە تەنیا لە چەند بەشێکی بزانێ[٣٨]، ئەمەش نە پێوەستی کاتە و نە خۆی بە سنوورەکانەوە دەبەستێتەوە. لەبەرئەوەی بابەتی کارلێکردەنیی نێوان دەوڵەت و هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان، بە گشتی لە لایەنی پێوەندییە ناونەتەوەیییەکانەوە باش شرۆڤە نەکراوە، بۆیە من باسی ئەوەم ورووژاندووە کە پێویستە شرۆڤەی ئەم بابەتە بە چڕی بکرێ و پێشنیازیشم کردووە ببێتە نموونە. ئەمە پێوەندییە ناونەتەوەیییەکانی کردووەتە مەیدانێکی ئاڵۆزی پڕ لە پێوەندیی تێک هەڵکێشی فرەڕەهەند کە لە ئاستی هەرێمی و جیهانیدا، لە نێوان هێزە کاریگەرە خۆماڵی و مەیلەو دەوڵەت و دەوڵەتدا دەبیندرێ. ئەمەش بە شێوەیەکی تایبەتی سەرنج بۆ ئەو ڕۆڵە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیە دەبا کە هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان دەیگێڕن بێ ئەوەی هیچ جۆرە هێزێکیان لە ئەوانی تریان پێش بخات. لە نێو ئەم دەسکە دینامیکە فرە ڕەهەندەی کارلێکردندا، ئەم نموونەیە دەزانێ کەوا کەرەستە و ئەندێشە کارلێکردەیی گرینگیان هەیە.

لە (نەخشە) تیۆرییەکەی خۆمدا، هەستاوم (نموونەیەکی) ئەندێشەیی وام بەکارهێناوە کە پێوەندییە ناونەتەوەیییەکان بە پێوەندییە ناوەخۆیییە فرە ڕەهەندەکان، دەزانێ و پێشم لە سەر ئەوە داگرتووە کە نابێ پێوەندییە ناونەتەوەیییەکاندا تەنیا بایەخ بە شرۆڤەکانی ناو دەوڵەت بدات. ڕۆڵی پێکهاتەکان (خەیاڵ یان ڕاستی) گرینگن بۆ گەمەکاریی نێوان دەوڵەت ئەو قەوارە نا دەوڵەتانەی (بێجگە لەو هێزە ئابوورییانەی کە لە ئەدەبیاتی ئێستەدا لە هەقی خۆیانیان پتر پێ دراوە) بە دوای بەرژەوەندی خۆیاندا دەگەڕێن. ئەو تیۆرییە ڕەخنەئامێز و تیۆرە بالایانەی کران، تەنگژەی سەختی لە ڕێبازی گشتیی پێوەندییە ناونەتەوەیییەکاندا دانا، بەڵام ئەو کۆششە زۆرانەی بۆ لاملیکردن لەگەڵ بۆچوونە گشتییەکانی پێوەندە ناونەتەوەیییەکان و پێکهاتە و شرۆڤەکارییەکانی ناوەندییەتی دەوڵەت دەکران، ئەوەیان گەیاند کە نەیانتوانی پێوەندە ناونەتەوەیییەکان بگۆڕن و تیۆرییەکی یەکگرتووی وایان لێ بەدی بێنن شایانی جێبەجێکردن بێ. ئەو وێنە فرە ئاست و فرە ڕەهەندەی پێوەندییەکانی نێوان وڵاتە

یەکگرتووەکان و کورد کە لە بەشەکانی پێشوودا دەرکەوت، ئەوە نیشان دەدەن کە وا گرنگە ڕێبازێکی وردتر و گردەوەتر سەبارەت بە پێوەندییە ناونەتەوەییەکان پەیڕەو بکرێ لەوەی من خواستوومە.

٢- بەرەنجام

لەبەرئەوەی ئەو نووسینانەی لەبارەی ئەم بابەتەوە نووسراون یەکجار کەمن، بۆ ئەو شرۆڤەکارییانەی کردوومن هەر سەرچاوەی کاڵم بەکارهێناون. ئەو دیدەنییانەی لە وڵاتە یەکگرتووەکان و لە باکوری عێراق (هەرێمی سەربەخۆی کورد)دا کران و ئەو بەڵگەنامە فەرمییانەی وڵاتە یەکگرتووەکان کە مەیلەو بەم دواییانە بڵاو کرانەوە (٢٠٠٣ و ٢٠٠٥)، بە چڕی بەکار هێندراون. کەمیی ئەو کەرەستانەی لەبارەی کورد و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆهەڵاتی ناویندا نووسراون بە چڕی لە بەشی سێیەمیشدا شرۆڤە کراوە، تەنیا لەبەر ئەوەیە شرۆڤەی زانستیی بۆ نەکراوە.

حیکمەتی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە پێوەندیی بە پێویستی ئەکادیمیەوە هەبوو، نەک تەنیا بۆ ئەوەی لە ڕێی شرۆڤەکردنی بابەتە قورسەکانی لەم شێوەیە، ئاسۆیەکانیان فرەوانتر بکەن و لە کێشە ڕەمەکییەکان دوور بکەونەوە –لە جۆری ڕکەبەرییە هەرێمییەکانی نێوان دەوڵەتان و ناوەخۆی دەوڵەتێک –بگرە کۆششیش بکەن بۆ ئەوەی کونج و کەلێنی تیۆری نوێی زانستی ببیننەوە. بە پێی ئەم مەرجانە، شرۆڤەی سیاسیی ڕووداوە هەرێمی و ناونەتەوەییەکان و ڕێبازی فرە پسپۆری ئەم بابەتە لە چوارچێوەی پێوەندییە ناودەوڵەتییەکانی لە بەشەکانی پێشتردا تاووتوێ کراون، پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد و جێبەجێکردنی تیۆرییان بە دەر دەخات.

لە سەرەتادا نامەکە وا بۆ کێشەی کوردی چوو وەک ئەوەی کێشەیەکی دووجار ئاڵۆز بێ و ڕەگی لەو کاردانەوەیەدا بێ کە لە تێک هەڵکێشە لەمێژینەکەی نێوان کورد خۆیان و نێو کوردان و هێزە هەرێمی و ناونەتەوەییەکاندا هەیە و وای کردووە کورد بخوازێ باری کۆمەڵایەتی – سیاسی و نەریتی لە ناو ئەو دەوڵەتە هەرێمییانە (ئێران و عێراق و تورکیا و سوریا)دا بناسرێ کە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیدا پێیاندا پەرت کران. داواکردنەکانی کورد بۆ مافی چارەی خۆ

نووسین لە ناو ئەو خاکەی پێی دەڵێن کوردستان تا ئەم زووانەش هەر لە چوارچێوەی سەربەخۆییدا بووە. ئێستە زۆرینەی بزووتنەوە کوردییەکان ئەم داخوازییانەیان بە شێوەیەکی دیار گۆڕیوە و لە چاوگی فێدراڵییان داناوە تەنانەت پ.ک.ک.ش لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٢ خواستنەکەی خۆی گۆڕی. لە پاش شەڕی دووەمی جیهان و پاشتریش، خواستی بوونە دەوڵەت کێشەی کوردی وەک کێشەیەکی ناودەوڵەتی نیشان دا و پاشان کێشەی تری لێ کەوتنەوە. ئەم کێشانەش، بە گوێرەی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان تێدا دەژین و بە بۆچوونی پێکهاتەی هەر گرووپێکی کوردی و بە پێی تێوەگلانی هێزە هەرێمی و ناودەوڵەتییەکان لە کێشەکەدا، گرفت و پرسی فرەجۆری خوڵقاند. کێشەی کورد و بزووتنەوە کوردییەجۆربەجۆرەکان نیشانەی تاکی و کۆگەلییان پێوە دیارە.

بۆ ئەوەی لە کێشەی کورد بگەین، بە هۆی (نموونە)ی هزری (ستوونی ئاسۆیی)، بەشی دووەم ئەوەی بە باشی ڕوون کردووەتەوە. (نموونە)ی دووەمی بەشی دووەم، هێلکاریی (تەوەر) باری نا دەوڵەتی کوردی شرۆڤە کردووە، کەچی بنەوا مێژووییەکانی ئەم دۆخە لە چەند فاکتەرێکەوە سەرچاوە دەگرن. هۆیە ئابووری و جیۆگرافی و پاکانە سیاسییە مێژووییەکان لەو فاکتەرە سەرەکییە ناوەخۆییانە بوون کێشەی کوردیان پەیدا کرد. لەوانەش پێکهاتەی سەربەخۆی کۆمەڵایەتی سیاسی کورد کە لە سەر بناخەی خێڵەکی دروست بووبوو، هاو کات لەگەڵ فرەجۆریی سروشتی کولتووری کۆمەڵایەتی و واتەی هۆز لە ناو کوردەواریدا، ئەمانە فاکتەری ناوەخۆیی بوون. لەبەرئەوەی کورد پارچە کراون و کەم هێزییان لەوەدایە قەوارەی بێ دەوڵەتن و (لە کوردی عێراق بترازێ) پشتیوانیی تەواویان نییە بۆیە بۆ لادانی ئەو کۆسپانەی دێتە ڕێیان پشت بە لایەنی تر دەبەستن و هەر ئەوەشە هۆی ئەوەی سەرکردایەتیی کورد (چ لە ئێران یان لە عێراق لە سوریا یان لە تورکیا بێ) بێهێزە. ئەو نسکۆیانە یان لە ئەنجامی ڕکەبەریی ناوەخۆی کوردییە یانیش بە هۆی کورتبینی و هێزی پێویستە بۆ ئەوەی سڵ لە بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیجییەکان نەکەن. ئەگەر کێشەی کورد چارەسەر بوو، ئینجا دەبێ کورد هاریکاریی ناوەخۆی خۆیان و یەکێتییان بەپێش هەموو خواستەکانی تریان بخەن.

یەک لەو هۆیانەی تر کە کێشەی کوردی زیندوو هێشتووەتەوە، ئەو ڕاستییەیە

کە کورد ٤٫٠٠٠ ساڵە لەسەر هەمان خاکدا دەژین (تا ئەو کاتەی کە هێزە ئەوروپاییەکان لە ١٩١٦ ڕۆهەڵاتی ناوینیان داتاشی و ئەو دەوڵەتە دەستکردانەیان لێ پەیا کردن)، جگە لەمە کورد هەمیشە ئاگاداری ئەوە بوونە کە خاکی نەتەوەیی خۆیانیان هەیە و بێ ماندووبوون و پسانەوە خەباتیان لە دژی تواندنەوە کردووە، جا با ئەو خەباتەشیان لە هەموو کاتەکاندا وەک یەک نەبووبێ. لە لایەکی تریشەوە، نەپسانەوەی خەباتی کورد قەرداری فاکتەرە دەرەکییەکانە. سەرەتای ئەمەش بۆ سەردەمی عوسمانییەکان و سەفەوییەکان دەچێتەوە، کە ئەوان یەکەم دوو لایەنی دەرەکی بوون خۆیان لە کاروباری کوردی گلاند. کورد بە هۆی هێزی خۆیان لە ١٨٧٩دا نیشتمانپەروەرییان لە ناودا پەیا بوو.

لەبەرئەوەی لەوەتەی دەوڵەتی عوسمانی ڕووخاوە ئایدیۆلۆجیای جیاواز لە ناو کورد پەیدا بووە و بە هۆی شوێنی جیۆگرافییان لە هەموو مێژوودا کە بووەتە هۆی دابەشکردنی کوردستان و لەبەر بە ڕۆژاوایی بوون و سیاسەتە نەتەوەییەکانی ئەو دەوڵەتە هەرێمییانەی کوردیان تێدا هەیە، کێشەی کوردی وەک دیاردەیەکی فرەجۆرە polymorphic phenomenon ناسراوە. قەبووڵکردنی کورد وەک بەردەست (ڕەعییە) و بەم دواییەش وەک هاوڵاتی هێشتا کێشەکەی پتر کەل کردووە و ئەو کێشانەی ڕۆڵی دەسەڵات و پارسەنگدان و بایەخی ئەو هۆیانەی کەسێک بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی بە کاریان دێنێ، هەموویان بوونە هۆی ئەوەی ڕێگەیەک لە نێوان بابەتی ئەم توێژینەوەیە و پێوەندییە ناونەتەوەییەکاندا دروست بکات، ئەمەش ڕێبازی ئەم نامەیەیە. بەم شێوەیە کارلێکردەنیی کێشەی کورد لە پێوەندییە ناونەتەوەییەکان، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەیکاتە کێشەیەکی سیاسی، کەچی دەبێ لایەنە کۆمەڵایەتییە مێژووییەکەی، بە مەبەستی شرۆڤەکاریی سیاسی، پشتی پێ ببەسترێ.

بێجگە لە بواری ئابووری، لە ١٩٤٥ تا ١٩٦٩ سەرەتای دەستێوەردانی سیاسیی ناڕاستەوخۆی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو لە کاروباری ڕۆهەڵاتی ناویندا. سەردەمی سەرۆک ڕیچەر نیکسن دووەم گۆڕینی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو، ئەوە بوو بنەوای جمکە جەوسەری پەیرەو کرد (ڕۆڵی ئێران و سعودییەی بەرز نرخاند) و هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکانی وەک کوردی عێراقیشی لە خانەی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکاندا دانا. پاشی ئەوە سێیەم گۆڕین

هات، كە لە سەردەمی جۆرج ھ. و. بوشدا بوو، لێرە بۆ یەكەم جار پێوەندییەكە بووە ڕاستەوخۆ، بەڵام كورت بوو. وڵاتە یەكگرتووەكان لە كاتی شەڕی دووەمی كەنداودا، دەس تێوەردانێكی سیاسیی كرد. لێرە سەدام بووە جەوسەری دووەم بۆ ئەوەی خومەینی بوەستێنێ.

لە سەردەمی بیل كلینتۆندا، كاتێكە بڕیار درا شەڕی سێیەمی كەنداو ببێ و سیاسەتی لە فاق نانی چەند دەوڵەتێك پێڕەو كرا، كە ئێران و عێراقیشیان تێدا بوون، سێیەم قۆناغی گۆڕیندا هات. هێزە كاریگەرە نا دەوڵەتەكانیش، ئەو دەم كە تیرۆریستەكان بوون، دەبوو بە فاق بگیرێن. ڕەنگە لە ئەنجامی ئەو گۆڕانكارییانەی لە عێراقدا قەومان و ئەو ڕێبازە شەڕاوییەی ئێران و ئەو پێوەندییە دوژمنارییەی وڵاتە یەكگرتووەكان لە دژی ئێراندا پەیڕەوی كردووە، هێشتا مشتومڕی ئەوە بكرێ ئاخۆ سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەكگرتووەكان توانیویەتی هەرێمی ڕۆهەڵاتی ناوین بە ڕاستی لە قاف بكێشێ یان نەیتوانیوە. لە سەردەمی حوكمڕانیی جۆرج ھ. و. بوش، سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەكگرتووەكان بە چڕی سەربازیتار كرا و ڕادیكالیزەكردنیشی بە لووتكە گەیشت. كە بەیانی ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەیی (٢٠٠٢) وەك زۆربەی سەرۆكەكانی وڵاتە یەكگرتووەكان، سیاسەتی توندی وڵاتە یەكگرتووەكان بۆ دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆ و بەكارهێنانی هێزی ڕێك خست و داگیركردنیش ئەوپەڕی ئاست بوو كە سیاسەتەكە پێی گەیشت، هەمووی بەناوی (دێمۆكراتیزەكردن) و (شەڕی دژە تیرۆر) و (تەوەری شەیتان) و بەرپەرچدانەوەی (دەوڵەتە لاملەكان)ەوە ڕاپەڕێندرا. ڕێبازە مرۆییە هەڵپەرستەكانی سەرۆكی وڵاتە یەكگرتووەكان لەگەڵ هەقیقەتی تاكێنیی خۆیاندا تێكەڵن- وەك ئەوەی ناویان لێ دەنێم- و هەمووشیان بە یەك ڕێچكۆڵەدا دەڕۆن. ئاشكراكردنی ئەو ڕووداوانەی لە هەردووك بەشی چوار و پێنجدا هاتوون، كە پەردەیان لە سەر سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەكگرتووەكان و بوونی پێوەندییەكانی نێوان وڵاتە یەكگرتووەكان و كورددا لادا، گرینگیەتیی هەندێ شوێنی تایبەت و كاتیان بەدەرخست كە پێویستە شرۆڤە بكرێن.

پاش ئەوەی دەستپێكی تێكەولێكەی وڵاتە یەكگرتووەكان لەگەڵ كوردی عێراقدا لە سەر بنەوای پرسی كورد نەك كێشەی كورد، نیشان درا، سەرەتای پێوەندیی وڵاتە یەكگرتووەكان لەگەڵ كێشەی كوردی عێراق خۆی و كۆتاییی شەڕی دووەمی

کەنداوێشدا بەدەرکەوت. ئەو پێوەندییە ئاڵۆز و ڕکەبەرییەکەی نێوان پ.د.ک. و ی.ن.ک. کە لە ١٩٩٠ەکاندا درێژەی هەبوو، دیارترین هۆ بوو نەیهێشت لەو کاتیدا وڵاتە یەکگرتووەکان بە چڕی لە کێشەی کوردی عێراق (جیاواز لە "پرسی کورد")، تێکەڵ ببێ. ئەوەشمان لە بیر بێ، کە تا ئەو سەردەم پێوەندیی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و شای ئێران بە سەر پێوەندیی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان کورددا زاڵ بوو.

ئەوەشم ڕوون کردووەتەوە کە سیاسەتگەلی وڵاتە یەکگرتووەکان تایبەت بە دەوڵەتان و هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان لە ژێر چەتری ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی تایبەت بۆ ڕۆهەڵاتی ناویندا دەخولێنەوە و ئەویشیان لە بن دەستی بەرژەوەندە نەتەوەیییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا کار دەکات. بەرژەوەندی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکان سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە دادەڕێژێ. دەریش کەوت کە سیاسەتی نەگۆڕی وڵاتە یەکگرتووەکان سی ئای ئەی دای دەڕێژی و جێدەستی سەرۆک و بەڕێوەبەرایەتیشی پێوە دیارە. جگە لەمە، سیاسەتی داڕشتنی بڕیاری ناوەخۆ بە پێی دەستووری وڵاتەکە و سیستمێکی تایبەت و ستافێکە کە بۆ کاراکردنی بەڕێوەبەرایەتی سازدراون. بەم شێوەیە، پراکتیزەکردنی ئەو سیاسەتەی دەرەوەی ئەمەریکا کە گوتارەکانیان و هەموو سەرۆکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانیش بێ جیاوازی حوکمیان پێ دەکرد و پشتیوانییان لێ دەکرد، سەلما کە یەکێک بووە لە هەلپەرستترین سیاسەتی مرۆیی و لەگەڵ ڕاستیی تاکەکەسێتیشدا تێک هەڵکێشراوە.

لەمەش زێتر ئەوە بوو، دەرکەوت تا ئێستە پێوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کوردی عێراقدا تاکە تێکەولێکەی هاوپشکی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد بووە. ئەو پێوەندییە پچڕپچڕ و نهێنییانەی پێشتر وڵاتە یەکگرتووەکان بە بزووتنەوەی کوردی ئێران و سوریا و تورکیاوەی کردووە، هەموو لەو ترسەوە هاتووە نەکا پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتانی هەرێمەکە بشێوێن و کار لە بەرەی هەرێمایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان بکەن. دەستپێکی پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردی عێراق لە ئابی ١٩٦٩، لە شێوەی یارمەتیی ئابووری دەستی پێ کرد و پاشان لە تەموزی ١٩٧٢دا بووە پێوەندییەکی فەرمی بەڵام هەر بە نهێنی بوو و ئەمەشیان لە ١٩٩٢ گۆڕا و پێوەندییەکی فەرمیی چڕ و ئاشکرا

جێی گرتەوە. ئەم پێوەندییانە لە دوای ئەوەی تورکیا پشکداریی شەڕی عێراقی ۲۰۰۳ی نەکرد، هەڵکشان و گەیشتنە ئەوەی پێوەندییەکی دامەزراوی ستراتیجی لە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان تایبەت بەعێراقی لێ پەیا بێ.

دواتر پێوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کوردی عێراق هێشتا توندتر بوو، لە ۲۰۰٥، وڵاتە یەکگرتووەکان سیاسەتێکی تایبەت بە کوردی داڕشت هەرچەندە ئەو سیاسەتە لە لایەنی پراکتیکەوە، بە هۆی لیخنیی ستراتیجی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبەری هەرێمەکەدا بە گشتی و بەرانبەر بە کوردیش بە تایبەتی، ڕوون نییە. ئەو پێنج پەیژە پێوەندییەی وڵاتە یەکگرتووەکان و کورد کە هاوتەریبی پێنج پەیژەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بوون تا جۆرج هـ. و. بوش حوکمی وەرگرت، ڕۆڵی کاریگەری کورد– وەک قەوارەی نا دەوڵەت– لە ئامادەکردنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ سەردەمی پاشی سەدام ڕوون کردەوە. هەر سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان ئاراستەی گۆڕینکارییەکانی کوردی نەکرد، بگرە کوردیش سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئاراستە کرد.

ئەگەر شەڕی دژە تیرۆر سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمیندا تۆکمە کردبێ، سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی تایبەت بە عێراق بۆ لادانی سەدامی لە ئەنجامی شەڕی دووەمی کەنداو پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی لەگەڵ کورددا بەهێزتر کرد. سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان خۆشی، ئەوەی لێ ئاشکرایە بە پێ چەوانەی هەموو ئەو نووسینانە بووە کە لەبارەیەوە نووسرابوون، ئەوە بوو لە ۱۹۹۱دا نەک هەر تەنیا کوردی پەراوێز کردبوو، بگرە پلانگەلی پەرەپێدانیش لە سەدەی بیستەمیندا، لە سەردەمی جۆرج هـ. و. بوشدا ڕێک نەخرابوون. ئەو پلانەی بناخەی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی تایبەت بە عێراق و بە کوردی سازدابوو، سیاسەتە نەرمەکەی سەرۆک کلینتۆن بوو. جۆرج هـ. و. بوش سیاسەتی دیموکراتیزەکردنی ڕۆهەڵاتی ناوینی ساز دا، ئەمەش پێ دەچێ گەشە بە پێوەندیی نێوان ئەنقەرە و کێشەی کورد لە تورکیادا بکات.

تورگۆت ئۆزال و لە پاش ئەویش ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، وەک سیاسییەکانی پێش خۆیان نەبوون و بوونی کوردییان لە باشووری ڕۆهەڵاتی وڵاتدا قەبووڵ کرد. بەڵام لەبەرئەوەی هێشتا کورد مکوڕن لە سەر وەرگرتنی مافە شارستانی و

سیاسییەکانی تێکەڵ بە مافە کولتوورییەکان و دوودڵیی کارمەندانی تورک لە گەڕان بە دوای چارەسەرێکی سیاسییانەدا، لە ترسی ئەوەی نەکا ئەوەی لە عێراقدا بووە، تورکیاش بگرێتەوە، ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە بۆچی کێشەی کورد لە تورکیا نابڕێتەوە. سوپاسالاری تورک، ئیلکەر باشبوغ، دەیەوێ «پێوەندیی باش لە نێوانی سەرکردەکانی سوپا و سیڤیل»[٣٩]دا بهێڵێتەوە کەچی لە یەنایری ٢٠١٠ کودەتا سەربازییەکەی «باڵیۆز ئۆپەراسیۆن» لە دژی پارتی داد و گەشەپێدان ئاشکرا کرا، بۆیە چاوەڕێ دەکرێ بزاندرێ ئاخۆ پێوەندییەکانی نێوان لەشکر و باڵی سیاسی چۆن کار لە کێشەی کوردی تورکیادا دەکات.

هەرچەندە تا ئێستە هەر تێکەولێکەی نێوان ولاتە یەکگرتووەکان و کوردی عێراق دیارە، بەڵام گۆڕینی گەورەش لە نێوانی ولاتە یەکگرتووەکان هەموو گرووپە کوردییەکانی سوریا و ئێران و تورکیادا بووە. بە تێوەگلانێکی چڕی ولاتە یەکگرتووەکان لە ١٩٩٩دا بوو عەبدوڵڵا ئۆجەلان گیرا و پاشانیش ولاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ناسراوە سیاسییە کوردییەکانی ئێران و سوریادا دانیشت، ئەمانەش هیچیان بە ڕێکەوت نەبوون. هاوتەریب لەگەڵ دارایی ڕەهاکردنی ئۆپۆزیسیۆن لە سوریا و ئێران و دەنگ هەڵبڕینی کوردی سوریا پاش ئەو هەموو بێدەنگییەیان، لە خۆڕا نەبووە.

پێوەندییەکانی نێوان ولاتە یەکگرتووەکان و کوردی سوریا و ئێران و عێراق و تورکیا تاقی کراونەتەوە و دوو بەرەنجامیان بووە. یەکەم: پێوەندییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان کورد لە هیچ قالبێکدا جێیان نابێتەوە. کەچی پێوەندییەکانی نێوان ولاتە یەکگرتووەکان کوردی عێراق لە ئەنجامی دوژمنکاریی ولاتە یەکگرتووەکان بۆ عێراق پەیا بووە، ئەمە بۆ پرسی سوریا نابێ، هەرچەندە ولاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ڕێژیمی عەلەویی سووریاشدا زۆر سارد بووە. هەرچەندە پێوەندیی ولاتە یەکگرتووەکان و ئێران دوژمنداریيە، بەڵام کێشەی کوردی ئێران بۆ پێشەوە نەچووە. کەچی پێوەندیی دۆستانەی ولاتە یەکگرتووەکان و تورکیا ڕێی لە گەشەکردنی کێشەی کوردی ئەوێ نەگرتووە. لەم بەراوردەدا دەردەکەوێ کە دەشێ پێوەندییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان و کورد پێش بکەوێ یان پاش بکەوێ بە پێی پێوەندیی ولاتە یەکگرتووەکان بە ولاتە هەرێمییەکانەوە، هەر نا لەگەڵیاندا بە تەریبی دڕوا.

دەشێ، تەنانەت لە ناو پێوەندییەکانی وڵاتە یەککگرتووەکان و کوردەوە، پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ وڵاتانی هەرێمدا بەردەوام بێ، وەک ئەو ڕۆڵە گرینگەی کوردی عێراق گێڕایان و پارسەنگی پەرەسەندنەکانی ناوەخۆی عێراق (بەشی دووەم، هێڵکاریی «تەوەر») و پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و عێراقیشیان دایەوە پاش ئەوەی سەدام لە دوای شەڕی عێراق (٢٠٠٣)دا ڕووخا. شرۆڤەکردنی ئەو نموونەی سەرەوە نیشان دەدا کە بڕیاری وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ شەڕکردن لەگەڵ عێراقدا، کوردی لەگەڵ بێ یان نا، ئەوە دەسەلمێنێ هێزە کاریگەرە دەوڵەتەکان بالادەستن و لە ناوەڕاستی هێڵکارییەکەی پێوەندییەکانی دەرەوەی ناو بەشی حەوتدایە. تێبینییەکانی بەشی دووەم لەبارەی هێڵکارییەکەی (تەوەر) نیشان دەدات کورد بە تەڵەی ئایدیۆلۆجییایی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی دەسەلاتە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان گیراوە و سیاسەتی کورد بەو پێیە دەسازێ. پێوەندییەکانی وڵاتە یەککگرتووەکان و کورد لە سەر چوار کوچکە ڕاوەستاوە (هەمووشیان چارەسەر نین): پێوەندییەکانی هاونیشتمانییانی کورد لەگەڵ دەسەلاتی ئەو وڵاتانەی تێیاندا هەن، بەهێزیی دەوڵەتانی هەرێم، گۆڕانکارییە ناوەخۆییەکانی ناو وڵاتە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی هەرێمەکە، کاروباری کوردی خۆی. کێشەی کوردی عێراق بۆ شرۆڤەکردنی پێوەندییەکانی وڵاتە یەککگرتووەکان و هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان زۆر بە کەڵکە.

بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەککگرتووەکان لەگەڵ هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکاندا کە بەشی یەکەم ڕوونی کردووەتەوە - نوێ نییە، لە ١٩٦٠ گرووپە ئاینی و ڕادیکاڵەکان پەیا بوون و هەڕەشەی نوێ بوون و ڕەگیان لە ناو قەوارە نا دەوڵەتەکاندا بوو. بۆیە وڵاتە یەککگرتووەکان سیاسەتی دەرەوەی خۆی بە ئاراستەی دەوڵەتان و هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان ڕێک خست بەو مەرجەی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بگونجێ. بەم پێیە ئەوەی پێشان کە سیاسەتی دەرەوە هەر لە لایەنی دەوڵەتەوە قۆرغ کرابوو، پێیدا چوونەوە لەبەرئەوەی سەرچاوەکانی دەسەلات ئەو هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتانە بەڕێوە دەبات.

پەرتیی سەرچاوەی دەسەلات و زۆریی بیرۆکراسی، وایان لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەککگرتووەکان کردووە بە چاکی پابەندی دەوڵەتان و هێزە کاریگەرە نا دەوڵەتەکان نەبێ. ئەمە دەبێتە پێکهاتەیەکی زەبەلاح کە هەر هێزێک دێت بەردێکی

تێ دەهاوێژێ و ئەمەش گێرەشێوێنیی لێ دەکەوێتەوە و ئەو پرۆسە پچڕپچڕەش کە بۆ ڕێکخستنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکرێ بە هۆی بوونی چەند بۆچوونی جوداوەیە، کە هەر یەکیان دەیەوێ خۆی سەرکەوێ. نەبوونی هەڵوێستێکی یەکگرتووی وڵاتە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کێشەی ڕۆهەڵاتی ناوینەوە بە گشتی و کاروباری کورد بە تایبەتی، تەنیا لەبەر کەمزانیاریی کارمەندانی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە نییە. لە دیمانەکانی لەگەڵ کارمەندانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا کراون، دەرکەوتووە کە هەر بەشێکی ئەو وڵاتە هەڵوێستی تایبەتی خۆی بەرانبەری گرووپە کوردییە جودایەکان هەیە. وڵاتە یەکگرتووەکان زانیاریی پارچەپارچەی لەبارەی کوردەوە هەیە و ئەمەش تەنیا ئەجێندا جودایەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەری دەوڵەتانی هەرێم دیاریان ناخات، بگرە لەبەرئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان سیاسەتێکی یەکگرتووی لە بەرانبەری ڕۆهەڵاتی ناویندا نییە. بڕیارەکانی سەرۆک لە کۆنگریس و سەرجەم فەرمانگەکانی دیکە، باڵاتر دیارە.

سەدەی بیست و یەکەم پێ دەچێ دەروازەی بیری بۆ کێشەی کوردی کردبێتەوە ڕەنگە ڕووی ڕۆهەڵاتی ناوین بگۆڕێ* بەڵام هێشتا دیار نییە کە پێشوەچوونێکی هەمان شێوە لە کێشەی کوردی سوریا و ئێران و تورکیادا ببێ ب.ن.: لە دەرەوە یەکێک بێ و بە هێز بیکا وەک ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان چۆن عێراقی گرت: یاخۆ وڵاتە یەکگرتووەکان یانیش کورد بیانەوێ دووبارەی بکەنەوە، ڕەنگە ئەم جۆرە سیاسەتانەش پەشێوی لە پێوەندییە ناونەتەوەییەکاندا دروست بکات. لەبری ئەمە دەبێ هەر چارەسەرێکی خواست و پێداویستەکانی گەمەزانە ناونەتەوەییەکان هەرێمی بن یان ناونەتەوەیی بە بایەخەوە وەربگیرێن و هەر یەکەو بە پێی پێویست لە چوارچێوەی پێوەندییە ناونەتەوەییەکاندا هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێ.

ئەگەر سەیری ئەو گۆڕانکارییانە بکەین لە کێشەی کوردی سوریا و ئێران و بە تایبەتیش لە هی تورکیادا بە ڕێکی کراون: سەیری ئامانجی جۆرج هـ. و. بوش بۆ

* نووسەر دەستەواژەی (پێستەی گای ئایۆلۆس)ی بەکارهێناوە، کە ئایالۆس، لە میتۆلۆجیای گریکەکاندا، خواوەندی (با)یە و دەقەکە دەنووسێ « وا پێ دەچێ پێشوەچوونەکانی کێشەی کورد لە سەدەی بیستەمین، هەگبەی پێستەی گای ئایۆلۆسی پڕ بای بۆ کرابێتەوە، بۆ ئەوەی ڕووی ڕۆهەڵاتی ناوین دابڕێژێتەوە. مامکاک.

دیموکراتیزەکردنی ڕۆهەڵاتی ناوین، بۆ ئەوەی بەو شێوەیەی وڵاتە یەکگرتووەکان گەرەکیەتی پێش بکەوێ، ڕەنگە باراک ئۆباماش بە هەمان ڕێچکۆڵەی سەرانی پێشی خۆیدا بچێتەوە، ئەوە ئەوکات کێشەی کورد پشتیوانێکی گەورەی بۆ پەیدا دەبێ. دەبێ وڵاتە یەکگرتووەکان بەشی جیهان لە پێوەندییە ناونەتەوەییەکاندا بدۆزێتەوە و دەستیشی پێ بکا. ئەم پێشوەچوونانەش، بێ گومان، کار لە کوردی تورکیادا دەکەن. لەو ناوبژیزانییەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە نێوان کورد و تورکیادا دەیکات و ئەو بایەخەی ناوە ناوە بە کوردی ئێران و سوریای دەدات، ئەوە دەسەلمێنن کە وڵاتە یەکگرتووەکان بایەخ بە کێشەی کورد دەدا. هەرچەندە لەو دواییەدا سەلما کە پێوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردی عێراق تێکەڵییە و ڕاستەوخۆیە، بەڵام هێشتا پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کوردی تورکیادا پێویستی بە شرۆڤەی سەربەخۆ هەیە.

گومان لەوەدا نییە کە سیاسەتەکانی ئۆزال و سیاسەتی عەسکەریتاریای تورکیا بەرانبەری کورد (کە بووە هۆی ئەوەی پ.ک.ک. چالاکیی ڕادیکالی بکات) و پاشان ددان پێدانان بە کێشەی کورد و ئینجا کە ئەردۆغان هاتە سەر حوکم، هەموو ئەم هۆیانە کێشەی کوردیان لە بن بەرەوە هێنایە سەر بەر. پارچەییی بزووتنەوەی کوردی ئێران لە ئەنجامی زۆریی ژمارە پارتە سیاسییەکانیان و کەمیی هاریکاریی نێوانیان بووە. کەچی کوردی سوریا لەبەر کەمیی ژمارەیان و کەمیی یارمەتی دەرەکییەکانەوە ئاوەها ملکەچی حکومەتی بوونە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی پ.ک.ک. داوایان لێ بکا یەک بگرن. لەبەرئەوەی کێشەی کورد جۆرە دینامیکییەکی کاریگەری ناوخۆیی و دەرەکیی هەیە، بۆیە ئەم جۆرە ڕێبازە پێوەندیی بەوەوە نییە کورد ناسنامەی خۆی دەناسێ و داوا دەکا هەیبێ.

لەبەرئەوەی مێژووی سیاسیی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوە دیار دەخات کە هیچ کام لە تێوەگلانەکانی ئەو درێژەی نەکێشاوە لەبەرئەوەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی لە سەرووی هەموو پێشینییەکانیەتی و تێوەگلانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ هێزە کاریگەرە نادەوڵەتییەکاندا یان بە نهێنی بووە یان ئاشکرا بووە بەڵام ڕانەگەیەندراوە، لەبەرئەوە پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بە کێشەی کورد لە تورکیا جێی سەرنجە. ئەمە زۆر کەڕەت دووبارە دەبێتەوە، لەبەرئەوەی من پێوەندیی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردی تورکیا وا دەبینم کە فەریک بێ و بۆ

ئەمەبێ ئەگەر ئەنقەرە نەرمی تێیدا بنوێنێ، لە دە ساڵی داهاتوودا، بەرەو فیدراڵی لێ خورێ. ئەنجا، ئەو خواستانەی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەو پاڵەپەستۆیەی یەکەتیی ئەوروپا دەیکات بۆ ئەوەی مافە مرۆیی و نەریتییەکانی کەمینەکانی تورکیا مسۆگەر ببێ و تەواوبوونی پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی تورکیا و بالآبوونی باڵی سیاسی بە سەر کەمالیستەکانی سوپادا، ڕەنگە ئەمانە هەموویان پێکڕا چارەسەرێکی سیاسیی گونجاو بۆ کێشەی کورد دابنێن.

پێ دەچێ سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی تایبەت بە کورد پشت بە پرۆژەی (دیموکراتیزەکردنی) وڵاتە یەکگرتووەکان ببەستێ و سوودی بۆ بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان ببێ و ڕۆڵی بۆ دەوڵەتە هەرێمییەکان لە پرۆژەکەدا هەبێ و بیانکاتە هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکان. سیاسەتی کوردیی وڵاتە یەکگرتووەکان نەریتی – پێ دەچێ لە ماوەی درێژخایەندا پشت بە گۆڕینکارییەکانی ناونەتەوەیی و هەرێمی ببەستێ. هەر لەم کاتەشدا، پێویستە بە گژ یاسای ناودەوڵەتیدا بچینەوە و برگەی دەست تێوەرنەدان non-interferenceی لە کاروباری ناوەخۆی دەوڵەتانی تر و پاراستنی یەکەتیی خاکی وڵاتی لێ لادەین و پەنا بەبەر یاسا مرۆییەکان ببەین بۆ ئەوەی مافەکانی تاکە کەس و کۆمەڵ بپارێزین (سەبارەت بە کورد، مافە نەتەوەییەکان و نیشتمانییەکانیش دەگرێتەوە). ئەم ئاڵۆزییە ماکێک بە سیمای کێشەی کوردییەوە دەنێ و وەک دیاردەیەکی ئاڵۆزی ناو پێوەندییە ناونەتەوەییەکانی لێ دەکات کە دیارە چارەسەرەکە تژی گرفتە و هەر جۆرە چارەسەرییەکی سیاسیی ئەم کێشە لە تەرازووی پرسیار دەدرێ.

پەراوێزەکان:

1- ‘I don’t think anybody under the sun would deny the statement that if you could have a single theory that would comprehend both international and domestic, both political and economic matters, all in one theory, hey, that would be a lot better than a simple theory of international politics. However, nobody’s thought of how to do it. Theories do explain, but not all explanations are theories; and interpretations surely are not’, Kenneth Waltz in Fred Halliday and Justin Rosenberg, ‘Interview with Ken Waltz’ (London School of Economics, 7 May 1993), Review of International Studies 24 (British International Studies Association, 1998), pp. 379, 386.

2- Internal and external structures, economic, religious, ethnic and nationalist ideologies of a political nature expressed by state and non-state actors, are all taken into con-

sideration for the understanding and interpretation of events expressed into actual policies – both domestic and foreign.

3- Daphne Josselin, 'Back to the front line; trade unions in a global age', in Daphne Josselin and William Wallace, eds, Non-State Actors in World Politics (London and New York: Palgrave Macmillan, 2001).

4- Raymond Hinnebusch and Anoushiravan Ehteshami, eds., The Foreign Policies of Middle East States (UK: Lynne Rienner Publishers, 2002).

5- 'Pressures on foreign policy-makers emanating from the global capitalist core and from confl icting domestic identities ... ' The obstructing of the consolidation of nation-states by the poor fi t 'between states and national identities means that loyalty to the individual states is contested by sub-state and supra-state identities [...] One proof of the poor fi t of state and nation [is] irredentism rooted in the way sub-state communities – religious, ethnic – infrequently spilling across state borders, stimulate territorial confl icts [...] In consequence states contest each other's borders or interfere in each other's domestic affairs by supporting dissident trans-state communities [and this can] escalate into military confrontation between states'. (The Kurds are an example of this.) Hence, Irredentism is one of the determinants of foreign policy-making in the Middle East. See Raymond

Hinnebusch, 'Introduction', in Hinnebusch and Ehteshami, eds., The Foreign Policies of Middle East States, ibid, pp. 2,7, 23.

6- Hinnebusch and Ehteshami, 'Conclusion', in ibid.

7- Josselin, Daphne, 'Back to the front line; trade unions in a global age', op. cit., pp. 4–5.

8- Fred Halliday, The Middle East in International Relations: Power, Politics and Ideology (Cambridge: Cambridge University Press, 2005), p. 256.

9- According to Halliday, transnational/non-state actors are 'forces which cross frontiers – apart from states – and impact on the politics and societies of other countries'. Specifi cally they can be 'movements of protest and rebellion that operate across frontiers and which challenge the legitimacy not only of established states, but in some cases, the very boundaries between them'. Such movements may be opposition political movements, movements of national revolt, transnational tribal or ethnic groups, religious sects, [or] groups engaged with terrorism'. However, the author's explanation not only reveals the absence of any indication about the interrelation between state and non-state actors, but also offers an explanation of the non-state actors that are to be pursued from a national/state-centric perceptive, while omitting the mutual impact, whether positive or negative, of such a relationship upon the non-state actors. See in ibid, pp. 231, 236.

10- 'For the Middle East, as for the rest of the world, it is here, in the interaction of state with non-state actors, but within a context shaped by broader structural processes ... that the impact of the transnational ... is decided'. See in ibid p. 260.

11- See Part III: 'Challenges to the state: transnational movements', in ibid, p. 72; and Part I: 'International Relations theory and the Middle East', also in ibid, p. 229.

12- Ibid, p. 37.

13- See Part IV: 'Conclusion', in ibid, p. 303.

14- Cf. Part III: 'Challenges to the state', in ibid, p. 237.

15- Ibid, p. 256.

16- The 'agent-structure problem focuses on the way social context shapes social activity and vice versa'. Wight, Agents, Structures and International Relations, op. cit., p. 291.

